غەمڕەوێن

بەرگی یەکەم و دووەم







مەلا محەمەدی عەلیاوەیی

غەمڕەوێن

بەرگی یەکەم و دووەم

ئامادەکردن و ڕێکخستنی:
د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

د. فوئاد مەعسوم
پێشەکیی بۆ نووسیوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەلا محەمەدی عەلیاوەیی
غەمڕەوێن – بەرگی یەکەم و دووەم
ئامادەکردن و ڕێکخستنی: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٢٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، بۆکان نووری

وتەیەک

د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

پاش ئەوەی بەرگی یەکەمی (غەمرەوێن)، کەوتە ناو کتێبخانەی کوردی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا، دەستم کرد بە پاک نووسی بەرگی دووەم، بۆ ئەویش بە چاپ بگەیەنم.

بەڵام برای بەڕێز کاک بەدران حەبیب، بەڵێنی پێ دام کە ئەوان وەکو دەزگای چاپەمەنی ئاراس، ئامادەن بۆ بە چاپ گەیاندنی هەموو بەرگەکان، وە پێشنیازیشی کرد کە بەرگی یەکەمیش چاپ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو بەرگەکان بە ڕێکوپێکی و بەیەک شێواز چاپ بکرێن.

غەمرەوێن ئەو ڕووداوانە لە خۆی دەگرێ کە زۆربەی هەرە زۆری ڕاستەقینەن، نووسەر خۆی لەگەڵیاندا ژیاوە، وە یاخۆ پاڵەوانەکان خۆیان بۆیان گێڕاوەتەوە، لەبەر هەندێ هۆی کۆمەلایەتی هاتنی ناوی زۆربەی کەسایەتییەکان و لادێییەکان خوازراون، پاڵەوانەکانی غەمرەوێن چ مامۆستای ئاینی، سەید، شێخ، ئاغا، میر، کوێخا، سۆفی، یان هەر کەسایەتییەکی تر بێت، لە بەهاو پێگەیان کەم ناکاتەوە لەناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، بەتایبەتیش کە حوجرە و تەکیە و خانەقا ، دیوەخان... شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانن وە نووسەریش سەردەمی فەقێیایەتی و مەلایەتی لەناویاندا بەسەر بردووە، ڕووداوەکانی (غەمرەوێن)یش زادە و هەرقووڵاویی ئەم شێوەندە کۆمەڵایەتییەن.

وە بەمەبەستی ئێمەش لە بڵاوکردنەوەی (غەمرەوێن) تەنیا بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵی کوردەواری هەردەم دەمی بەزەردەخەنە بێت و کاتی غەمەکانی سەیری ئەم بەرهەمە بکات و چێژ و پەندی لێ وەربگرێت. باوکی ڕەحمەتیم ڕووداوەکانی بە

شێوازی زاراوەی دەشتی هەولێر نووسیوەتەوە. گۆڕانکاری کەمم تێدا کردووە، بۆ ئەوەی چێژی خۆی هەر بمێنێ.

ڕووداوەکانی (غەمڕەوێن) لەنێو میللەتانی تریشدا هەن و نووسەران و دەیانخەنە چوارچێوەی جۆرێک لە ئەدەبیاتەوە، ڕەنگە رەحمەتی باوکم (مەلا محەمەدی عەلیاوەیی)یش تەنیا تاکە کەس نەبێت کە بایەخی بەم جۆرە نووسینانە دابێ، بەڵام یەکێکە لەوانەی کە هەموو ڕووداوەکانی تۆمار کردوون.

هیوادارم خوێنەری بەڕێز تام و چێژی لێ وەربگرێ.

پێشەکی

د. فوئاد مەعسوم

مامۆستا مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، مەلایەکی دوازدە عیلم بوو، رەند و ژیر و هوشیار و قسەخۆش و خۆش مەعشەر بوو، هەموو کات وەڵامی حازر و بزر و بەپێستی لە توورەگەدا بوو، بۆ هەر پرسیارێک کە لێی کرابایە، بێ سێ و دوو وەڵامی لابوو. مەلا محەمەدی عەلیاوەیی پیاوێکی خۆشەویست و رێزدار بوو، مەلاکانیش سەد حسێبیان بۆ دەکرد، مەلا عەلیاوەیی بەوە ناسراو بوو کە قافیەی قسەکانی تێک نەدەدا و نەیدەگێڕایەوە، پیاوێکی نوکتەباز بوو، زۆر لە نوکتە و قسە خۆشەکانی زادەی هەوێنی روحسووکی و نوکتەبازی و داهێنانی خۆی بوون.

رەنگە هەندێ کەسی ساویلکە بڵێن، ئەوە چ مەلایەکە ئەو قسانەی نووسیوەتەوە، یان دای هێناون؟ لە راستیدا ئەوەی شارەزایی لە مێژووی حوجرە و خوێندنگا دینییەکاندا هەبێ و لە نێزیکەوە ئاگای لە ژیانی فەقێیاتی و مەلایەتی هەبێ لە کوردستان، باش دەزانێ کە مەلا و زاناکانی کوردستان تەنیا لە زانستە دینییەکان و شەریعەتدا ئەسپی توانا و بەهرەمەندی خۆیان تاو نەداوە، بگرە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا قسەیان کردووە و نووسینی بەهرەدار و بەپێزیان بۆ نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بەجێ هێشتووە، ئەدیب و شاعیرەکانی دوێنێی جیهانی رووناکبیرانی کوردستان زۆربەیان مەلاو زانا ناودارەکانی کوردستان بوون.

مەلاو زانا ئاینییەکانی کوردستان، لە بوارەکانی سێکس و ژن و مێردایەتی و مەسەلە وردەکانی تردا نووسین و قسەی کەموێنەیان هەیە. تەنانەت دیاردە سلبییەکانی کۆمەڵی کوردەواریشیان دەستنیشان کردووە، وەکو هەتیوبازی و هەتیوبازەکانی سەردەمی خۆیان. ئەمە لە مێژووی تۆمارکردنی دیاردەکاندا بە بوێر و ئازایی بۆ مەلاکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە توانیویانە خۆیان لە قەرەی ئەو مەسەلە بڤانە بدەن. (ابو فرج الاصفهاني......– ٩٦٧ز)، (ابو نواس.... ٨١٤ز)


لەو بلیمەتانە بوون کە خۆیان لەو جۆرە باسانە نەپاراستووە. (تذکرة الالباب فيما لايذكر في الكتاب) لە نووسینی (اليتفاشي المغربي........– ١٢٥٣ز" ئەوەی ژێر بەرەی هێناوەتە سەر بەرە و بەکوردی خۆمان (پەرۆی لەبن دەرهێناوە) بەتایبەتی کە قازیی شەرع بووە و چەندان کتێب و نووسینی بەنرخی هەیە لە بوارەکانی تردا. "سیوطی (.....– ١٥٠٥ز) کە خاوەنی سەدان کتێبە لە تەفسیری قورئان و حەدیس و شەریعەت و مێژوو و زمانناسی ئەدەبیاتی عەرەبیدا، لە مەیدانی باسکردنی سێکسبازی و پێوەندییە ژناشوییەکاندا نووسینی بەرچاوی هەیە. نووسینەکانی مەلا و زانایەکانی کوردەواری ئەوانی تر لەو بوارەدا سەرچاوەیان لە کتێبەکانی شەریعەت و ئیسلام وەرگرتووە، کە لەسەر بنەوای (لا حياء في الدين) باسی پێوەندییەکانی ژێر لێفە دەکەن.

ئیسلام ئاینێکی وشک نییە و دەتوانرێ لەگەڵ هەموو سەردەمێک بیگونجێنی و نوێکاری تێ بکرێ بێ ئەوەی دەست لە بنەواکانی بدرێ. بۆیە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ئیسلام وەک دینێکی وشک و برینگ پێشکێش بکەن، دەیانەوێ ژیانی ئەمڕۆ لە ئاوێنەی ژیانی هەزار ساڵ پێش ئێستا ببینن. کەچی زانای بەناوبانگ و شێخی تەریقەت مستەفا نەقشبەندی کە باس لە کەرستە سێکسییەکانی شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکا دەڵێ: (شێخ رەزا بێ ئەدەبی کردووەتە ئەدەب). رشتەی مرواری زانا و ناودار (عەلائەدین سوجادی) پڕیەتی لەو بابەتانە، بۆیە هەندێک مێشک وشک هەوڵیان دەدا کتێبەکانی لە بازاڕدا بکڕن و بیسووتێنن، بێ ئەوەی ئاگایان لە مێژووی زانا و بلیمەتیی میللەتانی تر بێت لە بواری کۆکردنەوەی کەرستەکانی خووڕەوشت و دیاردەکانی کۆمەڵگاکانیاندا.

ئەو کتێبەی مامۆستا مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، یەکێکە لەو کتێبانەی کە پڕە لە قسەی نەستەق و خۆشی کوردەواری، لەمەلا و ئەولای نووسینەکانیدا قسەی سێکسی تێ کەوتووە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێ پەردە و بێ رازاندنەوە و مکیاج، بۆیە کتێبەکەی مەلا محەمەدی عەلیاوەیی دەکەوێتە ڕیز ئەو کتێبانەی کە لەو بوارەدا نووسراون و وەک نموونە ئاماژەمان پێ دان.

هیوادارم دوکتۆر عەبدوڵڵای کوڕی بە ئەمەکی مامۆستا دەستنووسی کتێبەکانی تریشی بەچاپ بگەیەنێ و چیی تر لە پەنا و پەسێو نەمێنێتەوە و مۆرانەیان تێ نەکەوێ، بەڕاستی مخابنە ئەو قسە خۆشانە بزربن.

بەرگی یەکەم




ئەفەندی کڵاوسۆر

لە چەرخی عوسمانییەکان، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهاندا، ئەفەندییەکی بەساڵاچوو کچێکی تەڕ و بەڕی خنجیلانەی کوردەواریی هێنا مەیلەو بەتۆبزی (بەزۆرەملێ).

ئەفەندی دوولنگ و چاکەتی لەبەرە، عەینەک لە چاو، فێسێکی سووری بە گوڵینگ لە سەریتی، شیرێکی لە ماڵێ بەدارێوە کردووە.

دڵی زۆر لە ژنەکە پیسە و ناوێری دەستوور و حورییەتی بداتێ نەبادا حەز لە یەکی تر بکا و بیباتێ.

ژنەکەش کە چاوی بە ئەفەندی دەکەوێ لەلای لە عزرایل ناشیرینترە، جگە لەمەش کەوا لە کارکردندا بێ کارە و بەناو ساڵا چووە.

جا ئەفەندی کە بەیانیان بۆ دائیرە دەچوو، پێویستی لە ماڵێ ئامادە دەکرد و قاپی حەوشەی لەسەر ژنە کلیل دەدا و کلیلەکەی لەگەڵ خۆیا دەبرد، تاکو هێواری دەهاتەوە، کە دەهاتەوە ژوورێ بەر لە هەموو شت دەستی دەدا شیرەکەی ماڵێ و هەری دەکێشا و بای دەدا و دەیوت: ئەوەی من نەیکوژم نامرێ، سەری چەندەها کەسم پەلداوە. حکوومەت بە واسیتەی من حکوومەتە، ئەگەر من نەبم چ حەدیتی ئیشوکاری پێ بکرێ و سەرکێشان لەناوبەرێ... هتد، ماوەیەک بەم حاڵە لەناو ماڵ گڕی دەخوارد، ژنەی لە ترسان لە قولینچکەک خۆی وێک دێنا و دەلەرزی و بڕوای دەکرد، مەبەستی ئەفەندیش لێرەدا ئەمە بوو بەس ژنەکە بترسێ و نەوێری حەز حەزۆکێ بکا و دڵی بەس باوێتە سەر ئەفەندی.

تا جارێک دزێک بەهەر جۆرێ بێت خۆی هاوێشتە حەوشەکە و ژنە غافر (غافڵ) بوو خۆی کوتا ژوورێ، چاوەنواڕی هەلی دەکرد کەوا دەستێک بە ماڵەکەدا بێنی و بیبات، ئەس قەزا ئەفەندی تەقەی دەرگەی هات و کردییەوە و هاتە ژوورێ، کابرای دزەش خۆی حەشاردا لە پەنای شتێک، تاکو دەرفەتی دەبی و هەڵێ، لەبەرئەوەی

مەئیوس بوو بە هاتنەوەی ئەفەندی لەماڵ بردن، نە ئەفەندی و نە ژنە ئاگایان لە دزە نییە، ئەفەندی بەوێنەی جاران دەستی دا شیرەکە و دەستی کرد بە درۆودەلەسەکە و هەڕ و گیڤ بۆ لای شوێن دزە چوو بەشیری روتییەوە، دزەش وتی نەخێر ئەمە شکی منی کردییە و هات بمکوژی و سەرم پەلدا، دەستی بەچاوی وەنا و وتی: هولولولو، راپەڕییە دەرێ، ئەفەندی لە ترسان کەوت و بێ هۆش بوو شیرەکەی لەدەست پەڕی و بووە دوو پارچە و فێسەکەی کەوتە عەردی و بیلامانێ پڕ بنە خۆشی ریت.

پاش ماوەیەک ژنە هاتە لای ئەفەندی راستی کردەوە و وتی:

ئەفەندی
وەقەی تڕت بەچەندی
تۆ بەیەک هولولولو
پانتۆڕت پڕ کرد لە گوو
فێسی سۆرت کەوتە خوار
شیرت شکا بە یەکجار
وام زانی ئەسکەندەری
نەمزانی کە قووندەری

منداره (...) چەند بێ حەشر و نەشرن

شاری کۆیێ شارێکی ماقووڵ و پیاوی زەریفی لێ بووە زۆر رقیان هەڵدەستا ئەگەر یەکی بێگانە دەستی لەگەڵ ژنە کۆییەک تێکەڵ بکا، لە ساڵی (١٩٤٧)دا کاتی تەموین بوو شەکر و چایە و کوتاڵ زۆر کەم و گران بوون، حکوومەت بە بیتاقە شەکر و چایی و کوتاڵی دەدا.

مەئمور بیتاقەیەک لەوێ بوو پێیان دەگوت: (ع. ف). ژنێکی تەڕ و بەڕ و نەرمونۆڵ و قنجیلانەش هەبوو پێیان دەگۆت: (ن).

بەهۆی بیتاقە (ع. ف) بە (ن) فێر بووبوو بیلامانێ، کۆیی موراقەبەیان لەسەر دانان و گرتیانن، جا (ع. ف)یان مارکوژ کرد و هەرات (هەڵات)، (ن)یان هێنا

سـەریان تراشـی پاش و پێش سـواری کـەرێکیـان کـرد لاقیـان لەبن زگـی کـەرەکـە بەست، هـەردوو دەسـتیـشیـان لە پشتـەوەی بەست، جـوامێرە پیاو بە پێش کـەوتن و جاحێر لە دواوە و منداڵیش دەستیـان کرد بە تەنەکە لێدان و مـقام وتن، لە دەورەی شـاری دەیانگێڕا، کە بەمـەیان دەوت شـاربەدەر، جا لە پاشـان (ن) هـەڵات و کـۆیێی بەجێ هـێـشت، بەڵام لـە سـواری کـەرێ رووی دەکـردە مـنداڵەکـان و دەیگـۆت: ئەی سـەرو بە (...) داکـتـان منداره (...) چەند بێ حـەشـر و نـەشـرن، ئەمـەش مـقـامی منداڵەکان بوو لەگەڵ تەنەکە لێدان دەیانوت:

(ع. ف)م بـــەهێــزە (ن)ی کـرد لە هامـێـزە
بەدوو نەفـەر بیـتـاقـە (ن) بۆی فش کـرد لاقـە
وایـــو وایـــو وای واللە گـایو گـایو گـای

لێخوڕە ناو کوڕی لەعنەت لە بابێ میسلی

کـابرایەکی گلـم بۆر لە ناوچـەی دەشـتـی مـووسڵ، ژنێکی قنجـیـلانـە و چڕ و پڕی دەبێ.

جارێک کابرا دەیەوێ بچێتە شاری: موسر (مووسڵ)، ژنەکەی دەڵێ: منیش دێم. چەندی کـابرا پێـچـوپەنا و بەری هێناوە، نەخـێـر ژنە هـەر وتی: دێم مـوسـر ببـینم، بزانم چۆنە.

جـا خۆشی و نـاخۆشی کـابرا بردی، لە خـانە مـێوان بوو، هۆدەکی گرت، ژنەتیـو چاوی بە زەلامی موسری کەوت. خاوێن و باوێن، جوان و لێهاتوو، ژنە فکری گۆڕا و گوتییە کـابرا، تۆ خوا حـافیز و من نایەمـەوە لەگەڵت، چیی تر نابمە ژنت، بۆ خۆم دەبمە ژنی مـوسـرییەک. خـاوێن و باوێن، جـوان و لێـهـاتوو، چەندی کـابرا هـەوڵی دا بێ سوود بوو، ژنەتیو غەزری وتی نایەمەوە لەگەڵت.

کابرا زانی کە چارەی نەما وتییە ژنە: ئێمە هـەق و حقوقمـان لەگەڵ یەکتر هـەیە، سێ رۆژی تر نـاچمـەوە منیش خـۆم دەکـەمـە مـوسـری، تۆ لەم سـێ رۆژە بـێ دڵیم مـەکە، ژنـە وتی: باشـە، کـابرا جـوان خـۆی شووشت، کـراسـێکی درێژی لەبەر کـرد، چەفیـە و عـەگـالێک، جـوتێ ئێـمـەنی سۆر، وەکو مـوسـری، کـە شـەو دادەهـات ژنەی

دێخستە سەر پشت و دەچووە ناو لاقی، دەعباکەی رەق دەکرد و جارێ لە ناوکی، جارێ لە رانی، جارێ لەناو گەری، جارێ وەجارێ، تا رەحەت دەبوو، ژنەش تەماشای دەکرد و دەنگی نەدەکرد، شەوی دووەمیش هەروا، شەوی سێیەم ژنەش گەرمایی هەستا و خۆی حەزی چووێ، وتیە کابرا: تە چما لەناو چشتەکە نانێی؟ کابراش وتی: من بیمە میسلی شۆلێ میسلی وەتۆیە.

ژنە وتی: چما شۆلێ میسلی وەتۆیە؟ کابرا وتی: هەرێ- هەرێ ژنەتیو قیژاندی و وتی: لێخوڕە ناو کوڕی لەعنەت لە بابێ میسلی.

جا کابرا حەوارەی کردێ و دڵی ژنە داکەوت و بەیانی بەگەری کەوتەوە بۆ ماڵێ.

لەبەرئەوەی وای زانی کە ئیشەکەی موسری هەر سەرچیغە و بێ سوودە. جا بە ئیشەکەی خۆیان مەمنوون بوو.

ئا کابرا بەم فێڵە ژنەی ئیخفال کرد و هێنایەوە، جارێ تر نەیبردەوە موسر (مووسڵ).

جا لەو رۆژەڕا ئەمە بووە پەند: لێخوڕە ناو کوڕی لەعنەت لە بابێ میسلی.

عەفوم بکە غەڵەتم کرد

لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەم عێراقە لەدەست دەوڵەتی عوسمانیی تورک بوو، زمانی فەرمی زمانی تورکی بوو.

کاربەدەستی میری هەرچی هەبوو تورکمان بوون. لە جیاتی پۆلیسی ئێستاکە: جەندرمە بوو، واتە بە شورتەیان دەگۆت جەندرمە.

خورشیدی - عالم- خورشید ئاغا لە گوندی ماجیداوە ئاغا بوو. ئەم خورشید ئاغایە لە بنەڕەتی خۆشناو بوو، خەڵکی گوندی زیارەتی بن چیای سەفین، لە تیرەی گورگەشینەیی بوو، بەڵام پیاوێکی لێهاتوو و ئاقر (ئاقڵ) بوو، دۆستاتی و خزماتی بەهۆی تێکەڵاوی ژنان لەگەڵ عەرەب و ئاغەواتی دزەیی پتەو بووە، جا توانیشی گوندەکەی بەڕێوە ببات و گەورەیی گوندەکە بکا.

ئەم خورشید ئاغایە ئیشێکی بەسەرهات لەلایەن دەوڵەت، حکوومەت لێی دڵگیر و تووڕە بوو.

سـەر لەشکرەکی نارده لای بۆ سزادانی و راکێشانی لەگەڵ ١٠٠ جەندرمـەی بە چەک، بە سـەرۆکەکـەیان دەوت: یوزباشـی، واتە سـەرۆکی سـەت کـەسی بوو، سـەت کـەس لە شـەڕدا بوو، خـەڵکی لای ئەسـتـەمبـۆڵ بوو، قلە قلەی کوردی زانـیوە، ئەو کاتیش خـەڵک کەم وا بووە جگە لە زمـانی خۆی زمـانی تر بزانـێ، لە گوندەکە تەنیا کـابرایـەکی قـوتیلـە و عـەنتـیکە هەبووە تورکی دەزانی، بەهۆی کـردنـی سـەربازی عوسمـانی کە ئەودەم سەربازی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبووە، بەم کابرایەیان دەگۆت: حوسێنە قوت.

لە دیوەخـان تەنیـا ئەو خـزمـەتی یوزباشـی دەکـرد و لە بەردەسـتی وەسـتـابوو بەهۆی تورکی زانین.

خورشـید ئاغا لە دوای ئاغەواتی گەورە گەورەکانی دزەیی ناردبوو، وەکو حاجی پیرداود ئاغا و لە دوای شێخی عەرەبە گەورەکانی ناردبوو، وەکو: مـحـەمەد فارس، جـا دیوەخـان شـەتا بوو لە پیـاوی گەورە، یوزباشـی لەلای سـەرەوە دانیـشـتبـوو. حـوسـێنە قـوت لە بەردەمی، جـەنـدرمـە لە دەرەوە سـونگی تاق و حـەراسـەت، چەلاو پەلاو زۆرە، برنج و شـێخ مـەعـشی، مـەبەسـتی خـورشـید ئاغـا لە کۆکردنەوەی ئەم پیاوە مەزنانە تەنیا خۆپێشاندان بوو، ئەگەر کرا تکا و رجایەکیش.

یوزباشـە فەندی مـاڵی لە ئەستـەمبـۆڵە، دەمـێکە لە ژن دێمە، ئەو کـاتیش گڵـۆپ و فـانـۆس و لەمـپـا نـەبوو، بۆ رووناکی پیـاوی گـەورە: فـەنـەری بەکـار دێنا، فـەنەریش خوای بە قوربانی چرا رەشەکە بکا، بەس ئەوەندە هەبوو دووکەڵ و شتی نەبوو.

شـەو ڕاشکا، دیوەخـان کـەوتە خـەو، تاقو لۆق نەبێ کـە خـۆیان لـەبن نوێنی ناوە، بەڵام خەویان لێ نەکـەوتووە، یەک لەمانە مـحـەمـەد فارس بوو لە شـێخە عـەرەبەکان، یوزباشییە فەندی داڵغەی زۆرە، خەوی نایێ، حـوسێنە قوت لە بەردەمیتی، لە ناکاو گاسـی (بانگی) حوسـێنە قوتی کـرد و گوتـی: گیا- گیا ئۆغلم حوسـێنە، بە تورکی گۆتیـە حوسـێنی: من پەرە وێرم- من پارە دەدەم، بزانـە ژنێکم بۆ ناینی بەم شـەوە، نەختـێ خڕ و خۆڵ و خنـجیلانە بێت، وای گوت و هەشت نۆ مـەجیدی فـڕێ دا پێش حـوسـێنە قـوت، کـە ئەوسـا هەشت نۆ مـەجـیدی زۆر بووە، حـوسـێنە قـوت وتی: بال ئەفـەندم وار، هەیـە، بەڵام گـا.. ژنی کـوردەواری و گـا.. ژنی تورک جـیـایە، ئەگـەر کـەسـێک زۆر چـازان نەبێ ناتوانی وایـان لێ بکا، ئەفـەندی وتی: جـا لەسـەر پشت

راناکشێن؟ حوسێنە قوت وتی: ئەفەندی لەسەر پشتی چی؟ ئەوانە بە چوار چەنگانی دادێنەوە، وەکو سوجدەی نوێژ، چشتەکەیان هەند عاسییە دۆزینەوەی زۆر زەحمەتە مەگەر یەکجار شارەزابی.

ئەفەندی وتی: دە جارێ فێرم بکە ئەوجا هەڕو ژنەکە بێنە، لەبەرئەوەی لەو کات نەزانم عەیبە و ئابڕووم دەچێ، حوسێنە قوت وتی: مادام وایە بیلامانێ پانتۆڕ و دەرپێت داکەنە و لەسەر چەنگ خۆت ئامادە بکە تا من تەعلیماتەکەت فێر بکەم. لەم کەین و بەینە شێخ محمد فارس بە ئاگایە. ئەفەندی خۆی داکەند و ئامادە بوو، مەلاکە رۆنێکیش لە دەلاقەی دیوەخان بوو، نازانم کەینێ هاتبوو، بۆ چ هاتبوو.

حوسێنە قوت دنیایەکی روون لە کابراکەی خۆی دا و بیلامانێ دەرکی قوونی یوزباشییە ئەفەندیشی چەور کرد. ناوی شەیتانی لێ هێنا و لە قوونڕا ئەفەندی گرت و پێی داهێنا، لە ناکاو بەری دا کونەکە و کاتێ ئەفەندی زانی کەوا هەتا بن سکی رۆییە، جا حوسێن قوت وتیە ویزباشییە فەندی: عاف ئێلەمان قورعان حەقی چن غەڵەت ئێتم. عەفووم بکە بە قورعان (قورئان) غەڵەتم کرد.

ئەفەندی تومەز بەم حاڵە فێرە، جا وتی: ئۆغلم حوسێنە قایدۆخت، ئیشو بترا وازگێج.

کوڕم قەیدی ناکات– ئیشی خۆت تەواو بکە و واز بێنە.

کە لێ بووەوە حوسێنە قوت چوو بۆ هێنانی ژن، چ چوو؟ نەهاتەوە سوبیانێش خۆی بزر کرد. یوزباشییە فەندیش هەتا بەیانی بەتەمای ژن بوو، هەر پێیەکی لە ژۆرێ بوو، پایەکی لە دەرەوە، بەیانی نانیشی نەخوارد، لە چاوشۆڕی سوار بوو بەبێ دوعاخوازی رۆیشت، بەڵام تا لە گوندیش بزر بوو هەر دەیگوت: نەناوو سکم حوسێنە: داکت بگێم حوسێنە، جا ئیشەکەش لەسەر خورشید ئاغا لاکەوت و حوسێنەیان خەڵات کرد.

کە بەبێ هەموو سزا و ماندووبوون و پارە ئەم سزایە بە سەهلی لەسەر خورشید ئاغا لاکەوت.

مام خدری موقاوەمەی شەعبی

مــام خــدرەک هەبوو لە گــوندێکی ناوچەی هــەولێــر باری کــرد و چووە شـــاری کەرکووک، لەوێ کەسابەت بکا خزم و شتی لە کەرکووک هەبوو لە تیرەی.... بوو، دوو کــوڕی پارچەلەی هەبوو ژنێکی جــوان و جــاحــێــڵــیــشی هــەبوو، خــڕ و پڕ و قنجیلانە، مام خدر لە تەمەنی (٥٠) ساڵیدا دەبوو، تومەز ئەمە ژنی دواینەی بووە، ژنەتیو بە مام خدر تێر نەدەبوو چەندی مام خدر حەولی دا سوودی نەبوو، ژنەتیو بووە موقاوەمە شەعبی، لەبەرئەوەی ژن و پیاو جیاوازی نەبوو لە بوونە موقاوەمە شەعبی، لە چەرخی کەریم قاسم لە ساڵی (١٩٥٨ و ١٩٥٩ز) جا تەدریبیان دەکرد و سیلاحیان هەڵدەگرت، (عاش الزعیم عبدالکریم)، چونکە لە پاش ئەمە کە عێراق بووە کۆماری ساڵی ١٩٥٨ز خەڵک و حکوومەت بەجارێک ئازاد بوون، جا بووە هەرا لە هەموو لا هێزی موقاوەمە شەعبی دامەزرا لە ژن و لە پیاو، تەدریب و سیلاح و بەرگێکی تایبەتی.

بەکورتی چەندی مام خدر حەولی لەگەڵ ژنەکە دا بەرێ سوودی نەبوو، ژنە دەچووە تەدریب و نیوەڕۆیان دەهاتەوە بەرگی خۆی دادەکەند بەڵام لە ماڵێ جۆرەکی تر بوو لە ئەمر و نەهی و سەربەستی و قسەی زڕت لە مێردی، لەگەڵ ئەمەش زۆر مەتحی کابرایەکی دەکرد لە موقاوەمە شەعبی کەوا گۆیا ئامیریتی بەڵام زۆری ئاگا لە ژنەیە و خۆشی دەوێ و موساعەدەی دەکات، لەلای مام خدر زۆر مەتحی ئەم کابرایەی دەکرد، ڕۆژێک ژنە وتیە مام خدر من دەعوەتی ئەم پیاوە چاکە دەکەم، هەر لە قسەکان مام خدر دڵی خەبەری دا بەڵام سەبریشی گرت.

ژنە ڕۆژێک کابرای دەعوەت کرد و هێنایەوە ماڵ، تفەنگەکی لە شانی، کابرایەکی زەبەلاح و خۆڕی و سەرسەری لووتبەرز، نانەکە خورا، لەم دانیشتنە و حەرەکە و سەکەنەیە مام خدر بە تەواوی دڵی پیس بوو لە ژنەکە، پاش ماوەیەک هێواری مام خدر گوتیە ژنە: من سوبیانی بۆ لای خزمەکان دەچم لە دەشتی هەولێر، شەش حەوت ڕۆژم پێ دەچێ ئاگات لە ماڵەکە و منداڵەکان بێ ژنەش وتی: خوا حافیز و خەمت نەبێ.

دەرگەی حەوشە دوو کلیلی هەبوو مام خدر یەکی لە کلیلەکان برد و سوبیانێ

دوعاخوازی کرد و ڕۆیی، لە شار خۆی مات کرد و تا کاتی دەوام و شت کۆتا بوو، لە ناکاو وردە وردە بەرەو ماڵ هاتەوە دیتی قاپی حەوشە کلیل دراوە، قاپییەکەی کردەوە دیتی دەرگەی ماڵ ئاچووغە لە ناکاو چووە ژوورێ و دیتی: کابرای برادەری ژنە ئەمەی لەو موقاوەمە شەعبییە و ژنە مەتحی دەکات ئەوا دەرپێی فڕێ دایە و ژنەش کۆشی هەرمارییە و لەسەر پشت بۆی ڕاکشاوە، کابراش بیلامانێ وا لەناو لاقیتی و سەری لە ئاخوڕ ناوە و دەستی خستیتە پشت سەری و خڕی کردوویتە پاڵ یەک و دەمی لەسەر ڕوومەتی، ئەوا خەریکە، منداڵەکانی تریش لە هۆدەکەی تر دەرگەیان لەسەر کلیل دراوە نووزە نووزیتیان، تفەنگی کابراش ئینگلیزییە هەرپەساردرایە لە ژوورەوە ئەوانیش وا خەریکن و غافڵن، لایان وایە مام خدر بۆ سەفەر ڕۆییە و تا حەوت ڕۆژی تر نایەتەوە، خۆشی سەت خۆشی.

لەناکاو مام خدر بەژوورێ کەوت و دەستی دا تفەنگی کابراو فیشەکی لێ خوڕییە بەر و مام خدر، وتییە ژنەکە: ژنێ چەندم وت موقاوەمە شەعبی بۆ ژنان دەست نادا دەت.. بەگێت نەکردم، ئەمە پیاوە باشەکەیە و مەدحت دەکرد، ئەوا سواری خۆت کردووە، جا کێوە ڕوحت قوتار دەکەی؟

ئەوانیش لە خەرمانی خۆشی کەوتنە تەندووری ناخۆشی، کاتی حاسیلات هەرگرتن بوو، بەڵام بەداخەوە تیای سەر نەکەوتن، ئامان دەخیل، تۆبە، بەڵێ سوودی نەبوو تفەنگەکی لەسەر هەناوی دانا و ئاگری دا، ڕوحی پیسی ڕەوانەی جەهەننەم کرد، کابراش تورکمانێکی خۆڕی بوو دەستی کرد بەگریان و خاڵە چیم لێ دەکەی؟

مام خدر وتی: کوڕم چیت لێ ناکەم تۆ عەیبت نییە و خەتای قوندەرەکەی ژنم بووە، جا بیلامانێ دەڵێن لەپشترا یەکێکی بردە کابرا، کابرا زۆری پێ خۆش بوو چەند پارەیەکیشی لەلا بوو لە خۆشییان پێشکێشی مام خدری کرد، مام خدر دەستی بەست و دایە پێش خۆی، تفەنگەکەشی دەست دایێ و هاتە قشلە و حیکایەتەکەی بە سەروبەر بۆ حکوومەت گێڕاوە و کابرای گایراویش هەر دەیگۆت: ئەرێ وەڵڵا قسەی خاڵمە، جا میری سێ ساڵ حوکمی دایێ و بەندی کرد، زۆربەی کات منداڵەکانیشی لەکن بوون لە حەپسخانە، ئەمەش لە نێزیک کۆتایی ساڵی (١٩٥٩) بوو.

عەبدولکەریم قارەمان

کە سەرەتای زستان داهات لەم دەشتە ژنان سوبیانان بە کۆمەڵ دەچنە دەشت بۆ دار و پنچک، جا بەکۆمەڵ دەڕۆن، هەریەکە گوریسێک و داسووکێکی پێیە، زۆر بەهەوەس و کەیف دەڕۆن تا دەگەنە ئەم شوێنەی کە دار و پنچکەکەی لێ دەکەن لەوێ بڵاوەی لێ دەکەن و خەریکی ئیشی خۆیان دەبن، بۆ نیوەڕۆ ئیش تەواو دەکەن و بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە.

لە ساڵی (١٩٥٨)ز عێراق لە پاشایەتی بووە کۆماری، بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم، ئەم خەڵکە ئازاد بوو هیتاف و چەپڵە هەر بۆ عەبدولکەریم قاسم بوو، خەڵک بەجارێ بوونە سەر بە شیوعی و (اتحاد الشعب) مەگەر چۆنها یەکێک نەبێ، برادەرێکی بڕوا پێکراو گێڕایەوە و وتی: من بە ڕێدا دەهاتم سوبیانە زوو بوو دنیا نەختێ تەمومژ بوو، ژنانی گوندی ج......، کە گوندێکە لە ناوچەی کەندێناوە دەچوونە دار و پنچک، بووبوونە دوو تاخمە بە ڕێدا دەڕۆیشتن و بەدەنگەکی نازک و خۆش مقامیان دەگۆت و چەپڵەیان لێ دەدا،.

تاخمەیەک دەیانگۆت عەبدولکەریم قارەمان،

تاخمەکەی تر دەیانگێڕاوە دەیانگۆت: هینت بەهینی هەموومان،

چەپڵەیان لێ دەدا و جاروباریش هەلهەلەیان لێ دەدا،

هەروەکو وتم: دنیا نەختێ تەمومژ بوو خەڵک لە دوور یەکتری نەدەدی، لە ناکاو تێک هەڵنگفتین و زانییان کە ئێمە گێمان لە مقامەکانیان بووە، جا دەستیان کرد بە پێکەنین.

سوێند خواردن لەسەر زەوی

لە دەوروبەری (١٩٤٥)ز لە وڵاتی هەولێر (خ)ێک و ئاغایەک کێشەیان بوو لەسەر پارچە زەوییەکی گەورە و تخووبی نێوانی گوندی (خ) و گوندی ئاغا.

حکومەت و تەسویە کەوتە نێوانیان، داوای شایەد و سبوت کرا، (خ) چەند پیاوێکی خۆی هێنا لە گوندی دوور دوور، لەبەرئەوەی خەڵکی گوندەکەی خۆی شایەدیان بۆ (خ) نەدا، دەیانزانی عەردەکە و تخووبەکە هی ئاغایەکەیە.

جا ئەم شایەدانە بۆ خاتری ئەمە کەوا سوێند و قورئانیان لێ نەکەوێ چییان کرد؟

گۆریەی پێیان خۆریان تێ کرد لە خاکی گوندەکەی (خ)، جا گۆریەکەیان لە پێ کرد و قۆندەرەیان لە پێ کرد، چوونە سەر تخووبەکە و سوێندیان بە قورئان خوارد کەوا، ئەم خاکەی لەسەر راوەستاوین خاکی گوندی (خ)یە، مەبەستیان ئەم خاکە بوو کەوا لەبن گۆریەیان کردبوو لەسەری راوەستابوون، جا میری رووی لە ئاغایەکە کرد و وتی: ئیحترازت چییە لەم شایەددانە؟

ئاغەکەش چازان و زۆرزان بوو، دەیزانی کەوا فڕوفێری (خ) زۆرە، وتی: من یەک ئیحترازم هەیە لەم شایەددانە: پێیان لە پێڵاو بیننە دەرێ و گۆرەویەکەیان لە دیار ئێوە دابکەنن، وا دەزانم خۆری گوندی (خ)یان تێ کردووە، تاکو سوێندیان لێ نەکەوێ، کەوا سوێندیان خوارد. جا پۆلیس و شورتە پێڵاوەکانیان پێ داکەناندن و گۆرەویەکەیان داتەکاندن و دیتیان پڕی خۆرە، میری وتیە ئاغاکە: چۆنت ئەم فێڵە دۆزییەوە؟

وتی: ئەم کابرایانە پیاوی (خ) نە، هەریەکە ماریان لە گوندێکە، گوندەکانیشیان زۆر دوورە لێرە، لەم ناوچەیە نییە، جا دەزانم فێرێکیان دۆزیتەوە بۆ سوێند لێ نەکەوتن.

جا میری پیاوەکانی دا بەر مەترەق و جنێو و لێدان تا لە ئەنجاما ئیقراریان کرد بە فێرەکە، (خ) سەری شۆڕ کرد و بە مەئیوسی گەڕایەوە، پیاوەکانیش لێدان و جوندانیان خوارد لە باتیی خەڵات و بەخشیش، عەرد و بانەکەش درایەوە ئاغاکە.

بەشوودانی کچی بێوەژنێکی ئۆینباز

بێوەژنێک، زۆر ئۆینباز و ساختەچی، کچێکی قنجیلانەی هەبوو، چەند کەس داوای دەکرد دەیگۆت: من ئەم کچەم بەشەرت و شرووت بەشوو دەدەم ئەمەش شەرتەکانە:

١– نابێ ئەم ماڵەی کچی من دەچیتێ جگە لە خۆی و مێردی کەسی تری تیابێ.

٢– نابێت ئەم کچەی من ئیشوکاری ماڵێ بکا و دەبێ کێرکەری هەبێ و خزمەتی بکات.

٣- نابێ ئەم کچەی من عەزیەت بخوات نیهائی.

کوڕێکیش لە گوندەکە پیرە دایکەکی هەبوو دەستی کرد بە لێدانی دایکەی و لە ئەنجاما دەری کرد و لە قونجە خانووێک کەوت، خەڵک زۆر لۆمەیان کرد. جا چووە داخوازی کچی بێوەژنەکە و شەرتەکانی هەموو قبووڵ کرد، مارەی کرد و گواستییەوە ئەو شەوەی کە گواستییەوە هاتە دەرێ لە نیوەشەودا و کردیە هاوارو هەرا و هۆریا، خەڵکی گوندەکەی لێ کۆبووەوە خەسووەکەش هات، کوڕە چ بووە و چییە؟

بە دەنگەکی بەرز وتی: من کچی ئەم ژنەم هێناوە بەچەند شەرت و شرووت، یەک لە شەرتەکان ئەمەیە: نابێ عەزیەتی بدەم جا کە بەبووکی بۆم هات و دەرپێی فڕێ دا و کەوتە سەر پشت منیش وتم: "استغفر الله"، من نایەمە سەرت لەبەرئەوەی عەزیەت دەخۆی و شەرتەکە وایە عەزیەتت نەدەم، جا من دەرپێم فڕێ دا و کابرام رەق کرد و وتم تۆ تەشریفت وەرە سەرێ تاکو عەزیەتت نەبێ ئەویش نەهات، جا منیش کردمە ئەم هەرایە تاکو خەڵک هەموو شایەد بن کەوا من نامەوێ عەزیەتی بدەم، جا بووە بەزم و پێکەنین و لۆمەی پیرێژنیان کرد و ژنەش وتی: باوکم من شەرتەکانم بەتاڵ کرد و کەیفی خۆتە، جا کوڕە بەکەیفی خۆی کرد و دایکی هێناوە ماڵەوە...

خارە کووی؟

کابرایەکی دەوڵەمەند هەبوو وچاخکۆر، ژنێکی قوونەستووری هەبوو، ئەم کابرایە لە دارەتی دنیا یەک خوارزای هەبوو، ئەویشی دەرکردبوو هاموشۆیان نەبوو نەبادا خوارزا بێ و نان بخوا، ئەس قەزا کابرا نەخۆش کەوت و خوارزا هاتە لای، خاڵی چاوی بڵند کرد و دەستی کرد بە جنێودان بە خوارزاکەی و وتیە خەڵکەکە ئێوە شایەد بن من بشمرم ئەم کابرایە میراتم نەگرێ.

خوارزاش وتی: خارە من هاتیمە لات بۆ ئەوە نییە کە بزانم حاڵت چۆنە، بۆیە هاتیمە کە بزانم کەی دەمری و پاش تۆ خارۆژن مارە بکەم و هەر جارێکی سواری بم چەندم پارە دەداتێ، جا کابرا کە بیستی و چاوی نووقاند و لە خەفەتان حەیاتی لێ بڕا و مرد، خوارزاش خارۆژنی مارە کردەوە و چۆنی وت وا بوو، جا خارۆژن

هەمـوو جـارێ پـێی دەوت: لێـخـورە لە خـارۆژنت كـەوی هەر دەرێن كـورە مـنداڵە، خۆزيا خاڵت چوار ساڵ لەمەوبەر بمردايە.

پیاو لە کردنی سێ شت پەشیمانە

شـاخـەپيسكە گوندێكە لە دەشـتی كۆيێ نێزيكەی ٨٠ ماڵ دەبێ، كوێخا حـەوێز، لە شـاخـەپيسكە دادەنيشت پيـاوێكی رەشيد و سـەخـی و عـاقـر بوو، دەيگۆت: پيـاو لە سێ شت لـە پاش كـردنی زۆر پـەشـيـمـان دەبێـتـەوە و هەست بە شـەرمـەزاری و سەرشۆڕی دەكات.

١- لە هێنانی قـەرد بۆ سـەرفـياتی بـەفيـڕۆ و هەوا، جـا لە پاشـان دڵگز دەبێ و زۆر عاجز دەبێ.

٢- كە لە بووك هێنان زۆر فيشەك داوێ، يا خۆ لە گرتنی نيشانە.

٣- بيـلامـانێ كـە هـەوەسـی هـەردەسـتـێ و نەفـەس تەنگاوی دەكـات و دەچێ كـەرێك دەگێ، لە پاشـان تف لە خـۆی دەكـا و هـەرخـۆی بەخـۆی دەرێ! قـەت شـەرمت نەكرد كەرت گا. هەی كەرگێ.

ئەنجامی درۆژنی

لە دەوروبەری ١٩٥١ز (م. س) لە گوندێك لە دەشتی هەولێر بوو.

ئەم (م. س)ە بەناو ساڵ كەوتبوو ئەوسـا عومری لە دەوروبەری ٥٠ سـاڵيدا بووە. (م. س) ژنێكی هەبوو، چەند مـنداڵی لێی هەبوو، نزوەی بزفت هەڵسـتـا ژنێكی تری هێنا- جاحێڵ و قنجيلانە.

تەبعـەن مێرد ژنی دواييی خـۆشـتـر دەوێ و پتر هامـوشـۆی دەكـات، ژنی گەورەش هەوێدارییە و توورەیە و قـەبزە. هەموو كات كاتی خوايە و سـەرەتای بەهارە، خەڵك هێشتان متۆی سۆبە و ئاگرە، ئاگری ئەولاش داربەڕووە و پشكۆيە.

(م. س) زۆر تەقـيـەی دەكرد كەوا بـچێتـە لای ژنی گچكەی ئەوی گەورە ئاگەدار نەبێ، ئەوسـاش كوردەواری بۆ خـەو و خـواردن و نووسـتن هـەريەك خـانيـی گـەورەی هەبوو، هۆدەكی دوور و درێژ.

هەر هەندێک لەلایەک، (م. س) شەوێ دنیا کڕ بوو، شەو زرینگاوە، هەڵسا پەنا دزەی کرد و چووە لای ژنە گچکەکە، بە ئاگای هێنا و خۆیان ئامادە کرد و چووە ناو لاقی و دەستی کرد بە ئیشی خۆی.

وایان زانی دنیا کشوماتە و کەس خەبەری نییە.

تومەز ژنە گەورەکە سایەد بوو، ئاگەدار بوو.

هەرستا لە ئاگردان سەر سێرەکەی پڕ کرد لە پشکۆیە ئاگر.

لە کاتی خەریکی وان و ئیشکردنیان، ژنەتیو ناوی خوای لێ هێنا و لەپشتڕا سەرسێرە ئاگرەکەی لە نێوان هەردووکیان بەتاڵ کرد.

جا لە کاتی خۆشی و شادی لێیان بووە ناخۆشی و ماتەم و سووتان.

(م. س) کەمی زیان پێ گەیشت، بەڵام ژنەکە هەر لە سنگ و مەمکی را، زگیشی لەگەڵ لە تەقەڵۆ هاتە دەرێ و لە هۆش خۆی چوو.

ئەوی گەورەش زەڕی خۆی کرد و هەڵات، بەو شەوە بووە هاوار و هەیهاو، تاکو سێ چوار مانگ بە هەزار ناری (نالی) عەلی و تەبیب و شت ژنە چاک بووەوە، بەڵام چی؟ خەڵک بێزی نەدەهات تەماشای بکا. ناچار (م. س) ژنە گەورەکەی دەرکرد و تەراقی دا و بەرەڵای کرد.

جەنابی شێخ رەشیدی لۆلان خۆی ئەمەی گێڕاوە، لە مەجلیسێک کە من لەوێ ئامادە بووم.

ئەمن دەناسی سەید ساڵح سەید ساڵح دەناسی خوا

لە ساڵی (١٩٤٦)ز فەقێیەک وتی: مەلای مانگی رەمەزان بووم لە گوندی سماق شیرینی دەشتی کۆیێ گوندی حاجی سەید کاکل کە پیاوێکی زەریف و بەدین بوو، رەمەزان لە مانگی تەمووز بوو، دیتمان پاش نیوەڕۆیەک کابرایەکی تەنگ ئەستووری چوارشانە پەیدا بوو بەسواری ماینەکی شێ، تەمەنی لە دەوری (٦٠) ساڵی دابوو گەیشتە جێ، ماندووبوونیان لێ کرد، کەوایەک و سەڵتەکی بە خەرجە و قەیتانی لەبەر بوو دیاربوو حاجی سەید کاکل و خەڵکەکە دەیانناسی ناوی سەید ساڵح بوو خەڵکی شاری مووسڵ بوو، لە دوای ویش جەرەبێک گەیشتە جێ،

یەکێکیـان عـەرەب بوو بەڵام کوردییـەکی خـراپی دەزانی. منیش پرسـیم ئەم سـەید ساڵحە چییە وتیان مووسرییە (مووسـڵاوی)یە، دەمێکە هـاتوچۆی بێرە دایە، دەچی لە مـەرگـە و پشـدەر و بیـتـوێن و عـەجـەم جـەرەب (مـەڕ و بزن) دەکـڕی زۆربەی جەرەبەکەشی ماری دزیارییە دەیبا بۆ وڵاتی سووریا ساغی دەکاتەوە.

عەسرێ نوێژ کرا و مەغریب فـتار کراوە چا لێندرا و نوێژی عیشـا جەمـاعەت و تەراویح کرا، جا دانیشـتین دەستمان بە قسە کرد. سەید سـاڵح خۆی وا پێشـان دا کەوا نوێژ دەکا و بەڕۆژووە جا مـەلایەکە وتی: رووم لـە شوانە جـەرەبەکەی عـەرەب کـرد و لێـم پرسـی خــەڵکی کـێندەری وتـی: هـی دەوراوپشــتی مــووســر، وتم نـوێژ دەکەی؟ وتی: لا واللە. بەڕۆژوو دەبی وتی: لا واللە.

خوا چەندە و پێغەمبەر کێیە و مەزهەب چەندە وتی ئەمن نازانی ئەم شتانە.

وتم: ئەدی کــە مـردی و حــەشـر و حـیـســابیــان لەگــەڵ کـردی ئەتو دەچـی لە جەهەندەم، (مـەجریسـەکە هەمووی لەم گـفـتوگۆیە ئاگەدار بوون)، کـابرا وەڵامی دایەوە و وتی، ئەمن نازانی ئەم چشـتانە ئەمن دەچی لە بەحشت لەبەرئەوەی ئەمن دەناسی سـەید ساڵح سـەید سـاڵح دەناسی خـوا ئـەمـەندە بەسـە لەبـۆ من، بێ دین هەیە لەکن مە هەم ناناسی هی وەکی سەید ساڵح. جا بووە پێکەنین و بەزم.

ئەم قـسـەیە بووە پەند ئـەمن دەناسی سـەید سـاڵح سـەید سـاڵح دەناسی خـوا، ئەمەندە بەسە لەبۆ من بێ دین هەیە لەکنی مە هەم ناناسی هی وەکی سەید ساڵح، لەم وتووێژەش سـەید سـاڵح خـۆی مات کـردبوو وەکی بڵـێی ئەم جـەوابەی پێ خـۆش بوو؟.

مەلای زۆرزان

لە دەوروبەری ١٩٥٠ز مـەلایەک لە گوندێکی کوردەواری مەلا بوو لە دەشـتی قـەراج – وڵاتی هـەولێر، مەلایەکی باش و خاوەن فەقێ و مەدرەسە.

رۆژێک کـەمـێک پێش نـیوەڕۆ، کـاتی پـایز، ژنە عـەرەبەک و زەلامـێکی عـەرەب و کـەرێک، دوو منداری (منداڵی) سـوار کردبوو، هاتنە مـاڵی مـەلا و سـەلامکردن و دابەزین و بەخێرهـاتن، ژنە و منداڵەکان و زەلامەکە هـاتنە ژووری و دانیشـتن.

عەرەبەکە وتی: مولا – ئەمن بیستییە ئەتو مولا چاک.

ئێمە هاتینە لەکونی تۆ هێنایە لە بۆ تو هەشت درهەم، ئەتۆ چاک دەکەی ئیشی مە، ئەمن مەشوور ناوێ من: شحادە، ئەو ژن ناوێ وی: هەدلە، ئەو مندالآنە هەردووک مندالّی من، داکی ئەو مندالآنە ناوی وی دلێ، ژنی من ئەو هەدلە داکی دلێ، خەسوو لەبۆ من، داپیر لەبۆ ئەو مندالآنە، ئەو مندالآنە بێ داک، کەس نییە ئاگەداربی لەوان، ئەتو مارە بکە هەدلە لە بۆ من، هەتا ببی بەداک لۆ ئەو مندالآنە، هەتا ئەمن دینی ژنەکی تر، هەینێ ئەو هەر خەسووی من.

مەلا وتی: تۆ موسلّمانی، ئەوە نابی، ئەو ژنە داکێ تۆیە، داپیرە لەبۆ ئەو مندالآنە، عەرەب گۆتی: یا مولا ئەمن دەزانی نابی، بەلآم ئەمن ناچار: مندالّەکان بێ داک، خۆ ئەمن ناوێ هەتا مردن.

ئەمن دەرێی: هەتا دێنی ژنێک هەینێ ئەو هەر خەسووی من، ئەمن هێنا هەشت درهەم هەموو دەدەی لەبۆ توو، مەلا هەم سا وتی نابی.

عەرەب وتی: دەزانی یا مولا نابی، بەلآم ئەتو مارە بکە بە غەستی هەتا خەرک (خەلّک) نەکەن قوصە.

مامۆستا وتی: با فێلّێکیان لێ بکەم، دەستی دا کتێبێک وتی: ئەگەر ئەتو یا شحادە چ جار وەکردبێ لە هەدلە یمکن یجوز ئەگەرنا، نابی.

عەرەب وتی: یاوێل واللە ئەمن گایە دوو جار ئەو هەدلە.

هەدلە وەجواب هات وتی: لا– لا یا مولاتی واللە وتاللە وباللە وە قورعان گایە، پتر لە ٢٠ جار ئەمن، ئەو شحادە درۆ دەکەی، مەلا پێکەنی و وتی: یابە بە کورتی مایجوز، مایصیر، یاللە گوم و روح.

هەدلە هەرستا و توورە بوو وتی: گوم یا شحادە گوم، اذا ما یجوز شلۆن عێری تو رەق دەبی و دەچی لە من، وەکو مەترەق.

یاللە گوم ئانی مرتک، یجوز یجوز، مولا مایعرف شی، جا هەلّسان و رۆیشتن، مەلاش گەلێ پێکەنی.

مندالّە هوورتکەی گوندی تێ بەردان..

شێخی پێ بەزەنگوڵ

لە چەرخی یەک لە پاشای عوسمانییەکان لە شاری: ئەستەمبوڵ شێخێک پەیدا بوو – خاوەن: تەکیە و دەروێش و موریدێکی یەکجار زۆر، ئەم شێخە لێهاتوو بوو: چوار شانە چوار پەلەستوور، ڕیشێکی درێژ و جوان و ڕێک، بووبووە مەرجەع بۆ: ئەرشاد و دوعا و شت و کەرامات، بەڵام ئەم زاتە چل موریدی خاسەی خۆی هەبوو، شەو و ڕۆژ لە خزمەتی بوون لە یەکتر دابڕانیان نەبوو، ئەم شێخەی ناوبراو هەڵستا چی کرد: زەنگوڵۆکەی بچوکی لە پێی خۆی قایم کرد کە دەڕۆیی زرە زری لێ دەهات، ڕۆینەکەش دەمێک و هەنگاوێک بوو، ئەمەش بۆیە بوو: گۆیا تاکو مێرولەو شت هەستی زەرە زەرەکە بکەن و لە پێش پاشێخ لابدەن، نەکو شێخ خوا نەخواستە پێیان لێ بنێ و گوناحبار ببێ، ئەمە ئەعمالێ زاهیری بوو، جگە لە زیکر و تەهلیلە و یاهوو، زەرگ و شیر و ڕمبازی و ئاگر خواردن، ئەم خەڵکە بەیەکجار تەسخیر بووبوون، تا شا و شاژن، عەمەلێ باتینیشی ئەوها بوو: لە ئارەق و ساز و سەنتور و زینا و حەرام کۆکردن و خواردن بەدەر نەبوو، بەڵام جگە لەم چل کەسە خاسەی خۆی کەسی تر لەم ناپەسەندییە بەشدار نەبوون، لە شاری ئەستەمبوڵ چ شەو نەبوو کچێک، یا دوو کچ، جوان و لایەق، یا ژنێکی لایەق بزر نەبێ، سوڕگوم نەکرێ، بەبێ سەروشوێن، ئەم ژن و کچانەش لە هی پیاوی گەورە و ماقول و وەزیر و نایاب و ئەعیان و تاجیران بوون، جا ئەم ژنانە چۆن دەبران و دەڕفانران،؟ چ جۆرە کەسێک وای دەکرد؟ چۆن دەدۆزرانەوە؟ ئەمە هەر شێخ دەیزانی، جا چەندی جەندرمە و حەرەس و عەسکەر و خەفیە و جاسوس هەولێیان دا سۆراغیان نەدۆزراوە و نەزاندران چیان بەسەر هاتووەو لە کوێنە و بۆ چ، پاشا لە دوای شێخی نارد و داوای چارەسەری ئەم ئیشەی لێ کرد کەوا بە: کەرامەت و شێخاتی بیدۆزێتەوە، هەر چارە نەکرا، جا کەوتنە حالەتی مەئیوس، بەس شارەکە شلەژابوو، تازیە بوو، کەیف و سەیران و بەزم و کۆبوونەوە و ئاهەنگ لەم شارە قەدەخەبوو سەبارەت بەم ئیشە گەورەیە و بێچارەیە.

(ئەمە با لێرە بێت)

لە شارێکی تر توجارێک هەبوو زۆر دەوڵەمەند، یەک کچی هەبوو، برازایەکیشی هەبوو کوڕە توجار، زۆر دەوڵەمەند، بەڕاستی کوڕە و کچەی ئامۆزا زۆر نایاب و

چالاک و جوان و بێ عەیب بوون، مامە کچەی دا برازای، برازا لە خۆشییان دەمی یەکتر نەدەگرت کچەی گواستەوە، لە قەسرێکی دانا، کراسێکی زەرکەشی بۆ دروست کرد نێزیکەی چارەگە ملیۆن لیرەی تێدا سەرف کرد، تۆقێکی ئاڵتوونی دروست کرد، لە بیست هەزار لیرەی پتر تیا سەرف کرد، کە شەو دادەهات کوڕە و کچە دەچوونە ناو ئەم کراسە زەرکەشە و ئەم تۆقە ئاڵتوونەیان لەبن کراسەکە دەخستە پشت بێنێ هەردووکیان، بەڕوتی، تاکو لە یەکتر جیا نەبنەوە، خۆش سەت خۆش، ڕۆژێک کوڕە هاتەوە ماڵ و دیتی خاتوون دڵکزە و فرمێسک دەبارێنی و نەختێک لە کراسە زەرکەشییەکە بەستووە، کوڕە پرسی: چاوەکەم ئەم دڵکزییەت بۆ چییە؟ ئەم فرمێسکە بۆ دەبارێنێ؟ بەسەدەقەتبم، ژنە وتی: ئیمڕۆ پشیلەیەکی نێرە خۆی لە دامێنی کراسەکەدا کەوا بەدارەوە کرابوو، جا منیش ئەوپەڕی عاجزیم لەبەرئەوەی نابێ جگە لەتۆ چ نێر خۆی لە دامێنم بدات، دەبێ ئەم نەختە دامێنە لە کراسەکە ببڕێ، هەی داکت چاک، هەی بابت چاک، کراسەکە زۆر گرانبەهایە و عەدم دەبێ، پشیلە قیمەتی نییە، بەرێ سوودی نەبوو، تا لە ئەنجاما ناچار بە مقەسی ئاڵتوونی ئەم کراسە قوتکرا و عەدم کرا، کوڕە دەها خۆشەویستی پتر بوو لە ڕاست ژنە، ساڵ سوڕایەوە دنیا سارد بوو، ئەم دووانە شەو بەڕووتی تۆق داوێنە خۆیان دەبێ ئارەقە بکەن لە گەرمی، کەچی کوڕە سبیانان کە هەڵدەسا لە رزەی بوو، قەلبی ڕەق دەبوو، بەهەزار یاالله تاکو گەرم دادەهات، کوڕە ئەمەی لە دڵ بووە گرێ شەوێک بەقەستی لە بن کراسەکە و ناو تۆقەکە خۆی نواند، بەڵام هەشیار بوو، کاتی بەر لە نیوەشەو ژنەتیو دیتی کوڕە وا لە پرخەی خەو دایە، بە هێواشی لەناو تۆق و کراسەکە هاتە دەرێو جلێکی تری لەبەر کردوو دەرگەی کردەوە و دەستی کرد بە ڕۆیین، کوڕەش لە دوای ئەو کە دەرگەکانی کلیل دا، بەمەزبوتی بە کلیلێکی تر دەرگەکانی کردەوە و جلێکی بۆرکەی لەبەر کرد و کلیلەکەی خستە باخەڵی و قاپییەکانی کلیل داوە و کەوتە شوێنی ئامۆزای، شەو درەنگە، شار خەوتووە، کارەبا و شت لەم کات نەبوو، کۆڵانە تاریک بووە، ها لێرە، ها لەوێ ژنەی بزرنەکرد، تاکو ئاگرێک دیار بوو، دمبەڵەک و هەڵپەڕکێ و مقام و سەیران بوو، ژنە تەشریفی ڕووی کردە ئاگرەکە و خانوو بوو چووە ژوورێ، کوڕە لە دەلاقە و پەنجەرە تەماشای کرد، دیتی: تاخمەیەک لە لۆتی و خۆڕی و سەرسەری ئەوا دانیشتوون و ئارەق و مەزەیان لە پێشە، چەپڵە و هەرایە،

ژنەکە چووە ژووری یەکی پیسکەی سەگانی هەڵستا و بەرەو ژنە، دوو تفی لە چاوی کرد و وتی: قوندەرێ قەحپەی بێناموس، ئیمشۆ نۆبەتە یاری من بوو، تۆش یاری منی، تاخیر هاتی و منت شەرمەزار کرد لە برادەران، ژنە بەناسکی و دڵگزی عوزری هێناوە و وتی: سەگەکەی مێردم درەنگ خەوی لێ کەوت، بۆیە تاخیر بووم، نەییسە: دەس کرا بە ئارەق خواردنەوە، چەپڵە ڕێزان، هەموو کۆشیان ڕووت کرد، ژنەتیو پاش ئەمە کەوا گەمەی کرد و لەناوەندیان هەڵپەڕی و قوونی بادا، جا لە پاشان ژنەتیو لەسەر پشت ڕاکشا ئەم هەموو لۆتیە یەکە یەکە سواری بوون، لە دوای هەمووان دۆستەکەی خۆی. ئەمە ڕاستە کوردەواری دەڵێن: چەرمی خاوە نەدەدڕێ و نەدەپسێ، جا بەرەی بەیانی کەبەخۆیان هاتنەوە، دەس کرا بەپەرتەکردن و بڵاوەکردن، کوڕە زوو بەغار هاتەوە و دەرگەکانی کردەوە و کلیلێ دانەوە و چووەوە ناو تۆقەکە و کراسەکە، ژنەش لەبەرئەوەی هەندیان سوار بووبوون، تێر شەڕاب بوو، یاغر یاغر هاتەوە و دەرگەکانی کردەوە و کلیلی دانەوە و خۆی ڕووت کردەوە و چووەوە تەک ئامۆزای، ئامۆزا هەستی کرد کەوا تەڕاتی لە پێش و لە پاش تکە دەکات لەبەر زۆر والێکردن، ئەوجا کوڕە بیری کردەوە کەوا: ئەم فێڵەی کردی لەبرینی کراسەکەی بەهۆی پشیلەی نێرە، بۆ فریودانی کوڕە بووە، لێوەلەرزەی کوڕەش لەبەر ئەمە بووە کە شەو بەڕووتی بەجێهێشترایە، بەیانی چووە لای دایک و باوکی ژنە و ئیشەکەی بۆ گێڕانەوە، چۆنی دیتبوو، کوڕەیان سیاسەت کرد و جنێو دان و هەرا، تۆ دەتەوێ حەیامان ببەی، جا ئەم ژنە چۆن فێری ئەم ئیشە بوو ؟ ئەمە لە ئێمە مەعلوم نییە، وا دیارە ئەو ڕەسەنی دایکە بە میرات دایتیانە ئەم کچە، لەبەرئەوەی کچ ڕەوشتی دایک هەڵدەگری و کوڕ هی بابی، بەزۆری وایە، کوڕە لە داخان ماڵەکەی خۆی هەمووی فرۆشت بەس قەسرەکە نەبێ، کچەی ناردەوە ماڵی باوکی، بە خۆشی لە داخان شارەکەی بەجێ هێشت و هاتە شاری ئەستەمبۆڵ و لێی دانیشت، پارەی زۆرە، چاوەنوارە کە خوا چ دەکات، دڵێ بریندارە، بە خەم و بە ئەفکارە، دەستی چ ناگری، کوڕە ڕۆژێک لە جادەیەک شەقامێک دیتی بووە هەرا، ئەم خەڵکە هەمووی هەرستاوە سەر پا، دەست لەسەر دەست، ڕاوەستا، کڕ و بێدەنگ، کوڕەش چاوی لەوان کرد و وەکو ئەوانی کرد، هاتوچۆ لە شەقامەکە بڕا، وەکو لە کاتی سەلامکردن بۆ عەلەم و ئالای وڵات، دیتی لە ناکاو بووە: یاهو- یا من هو، لا اله الا هو، الله، های، هووی، تاخمەیەک بەشیر

سەما دەکەن، تاخمەیەک بەزەرگ لێدان، تاخمەیەک دمبەڵەک لێ دەدەن، تاخمەیەک ئاگـر دەخـۆن، تاخـمـەیەک مـاریان لە مل و ناوقـەدیان ئاراندووە، هـەرایە، قەرەبارغیەکی زۆرە، جا یەکێک ئەوا دێت، بە دەمێک شەقاوێک، ئەم خەڵکەش لە دوایەوە دەس لەسەر دەس چاو لەبەر پێ، بێدەنگ و بێ هەست، زرەی زەنگوڵۆکەی دێت، ریشێکی پان و رەش و جوان و درێژ، مەندیلێکی سپی و چەفیەیەکی سپی لە ملی، چاو رەشی بە کل، عەبای شان بەسورمە لەسەر خەرقەدا هاتویتە خوارێ، ماشاء الله، کابرا پرسی: ئەمە چییە؟ وتیان: ئەمە شێخی پێ بە زەنگوڵە، ئاگای لە عەرش و قورشە، هەستی مار و مور دەکات، شتی وانە بووە و نییە و نابێ، چی ناوی بەخراپە بێنێ دەمی خوار دەبێ، مەرجەعی دوعا و مرازە، کابرا وتی: ئەدی ئەم زەنگوڵۆکانەی پای بۆ چییە؟ وتیان: تاکو مێرووله خۆی لەبەر لابدات نەبادا شێخ تووشی گوناح بێت، کابرا لێوی خۆی گەست و لە دڵا وتی: واللەی مەکری ئەم سەگە و مەکری ژنەکەی من لە یەک دەچن، ئەمەش شتێکی گەورەی لەبن باڵێ دا هەیە، شەرت بێ لە دوای نەبمەوە تاکو ساغی دەکەمەوە، جا بەهەر جۆرێ بێت، بەکورتی کورە کلکی شێخی بەر نەدا، تاکو هێوارێ شێخ چووەوە تەکیەی خۆی کورەش چووە ناو تەکیە، دۆلابێکی دیت و بەتاڵ و دەرگەشی هەبوو، لە قەرەبارغی چووە ناو دۆلابەکە و دەرگەکەی پێوەدا، بەلام کوناو قەلەزی تێدابوو، ئاگای لە ئیش و کاری مەجریسەکە هەبوو، نان خورا نوێژ کرا، زیکر و تەهلیلە و شیر لێدان هەرا و حایوحوی، شەو راکشا، بەس ماوە جەنابێ شێخ و ئەو (٤٠) موریدە خاسەی خۆی، جا دانیشتن دەمێک بێ هەست، لە ناکاو شێخ رووی لە یەکێک کرد لەموریدەکان و وتی: (تابدان بدر انجا کس نیست) ئەمە فارسییە یانی: بزانە لە دەرێ تاماشا بکە بزانە کەس نییە؟ کابرا چووە دەرێ و هاتەوە و وتی: (قوربان کس نیست) واتە: کەس نییە، شێخ فەرمووی (بیا) واتە: بینە، ساز و سەنتور و رەبابە و دمبەرەک هات، تا سڵ بوون لێیان دا، لە پاشان دووبارە شێخ وتی: بزانە کەس نییە؟ کابرا چوو و هاتەوە وتی: کەس نی، شێخ وتی: بینە، شەراب و مەزە هاتە گۆرێ، هەتا بوونە جەنتک خواردیانەوە، دیسان شێخ وتی: بزانە کەس نییە؟ کابرا چووە دەرێ و هاتەوە وتی: کەس نییە، شێخ وتی: (بیا دختر رابیا) بینە کچەکان بینە، لەبن قونی شێخ پۆستێک هەبوو، لەبن پۆستەکە حەسیر، لەبن حەسیر تەختە دار، تەختە داریان هەڵگرت و ژنەکانیان هێنا، هەمووی دەتگۆت

چرایه، جا هەر یەک سواری یەکێک بوو، تاکو سفت و سۆیان دامراند، ژنەکانیان دەژۆرێ کردنەوە و شوێنەکە چاک کراوە، کەوتنە خەو، بەیانی هەڵستان: الف صلاو الله اکبر و الصلاه خیر من النوم، دەس پێ کرا، بەبێ دەسنوێژ، بە لەش پیسی، خەڵک کۆ بوونەوە، نوێژ کرا تەهلیلە کرا،... هتد.

کابراش لە قەرەبارغی لە دۆلابەکە هاتە دەرێ ڕۆیی، تومەز ئەم ژنانە ئەم سەگانە فڕاندیتیان، جا هەر شەوێک چینێک دێن و سواریان دەبن، بەداخەوە.

کورە بە هەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە یەکێک لە موقەڕەبانی پاشا وتی: پاشا گاسم بکا من ئەم ژنانە دەدۆزمەوە انشاء الله، بەپاشا گۆترا و کابرا گاس کرا پاشا وتی: سەگباب نەیاندۆزییەوە لە سەرت ئەدەم وە بیاندۆزییەوەش خەلاتت دەکەم بەلام زەحمەتە، لەبەرئەوەی بە شێخی پێ بە زەنگوڵ نەدۆزراوە بەتۆ چۆن ئەدۆزرێتەوە؟ کابرا وتی: شاهم من چم وت بە گێم بکە شەرت شەرت، باشە، کابرا وتی: بنێرە ئەو شەو من و جەنابت و چەند وەزیر مێوانی شێخی پێ بەزەنگوڵ دەبین، عەسکەریش دەورەی تەکیە و خانەقای بگرن، باشە وا کرا، کابرا وەزیرێکی تەعلیم دا بە قسەکانی کە شێخ بە دەروێشەکەی دەگوت و دەچووە دەرێ و دە هاتەوە ژووری، وەزیرەکەی فێری ئەم چەند ڕستەیە کرد، لەبەر ئەمە کە پاشا مێوانە خەڵک زوو لای شێخیان چۆڵ کرد، هەر وەخۆی:

جا کابرا ڕووی کردە وەزیر و وتی: تا بوان بوو ئینجا کەس نیست

شێخ قوراغ بوو، وەزیر چووە دەرێو هاتەوە وتی: قوربان کەس نیست کابرا وتی:

یا شێخ بیا ساس سەنتور بیا

نییە هەیە بینە نابێ، کابرا وتی پاشا هەیە برێ بینی، جا کە پاشا ئەمری کرد و ناچار دەروێش هێنایان و دایان نا.

پاش دەمێک کابرا وتیە وەزیر: بزانە کەس نییە، هاتەوە وتی: کەس نییە، کابرا وتی: یا شێخ بیا، دختر رابیا، کچەکان بینە، نییە هەیە، ناچار ئەمر درا عەسکەر هاتنە ژووری بە شیر و چەکەوە، جا قونی شێخیان بڵند کرد و تەختە داریان لابرد و بانگی ژنەکان کران هاتنە دەرێ، لایان وابوو بەزمی شەوانی پێشووە، جا هەر کە گاس کران و هەر هاتنە دەرێ، هەندێکیان ناسین و خاوەنیان لەوێ بوو، سەر و سەربردەیان گێڕاوە کچەکان، ئێمە نازانین چۆن ڕفاندراین و هەموو شەو فەساد

دەکرێین، لەلایەن ئەم کافرانە، جا پاشا ئەمری دا و هەمووانی لەسەر دان و سەری برین، بەداخەوە لەبەر ئەمە کە عەیبەکە نەچێتە دەرێ ژنە کانیش کوژران، جا پاشا زۆر تەقدیری کوڕەی کرد و وتی: چۆنت ئەم ئیشە زانی؟ چونکە ئەمە لە عەقر زۆر دوور بوو، ئێمەش زۆر هەوڵ و کۆششمان کرد نەماندۆزییەوە، زۆریشمان پەرۆشی ئەم ئیشە بوو، کابراش حال و حکایەتی خۆی و ئامۆزای بۆ پاشا گێڕاوە، جا وتی: ئەم حیلەیەم لە حیلەی ژنەکەم هەرگرت و زانیم، پاشا چەندی هەولی دا: دەت کەمە وەزیر، والێ،... هتد.

کابرا نەیکرد، تەنیا وتیە پاشا دەستووری موکەڕەمم بدێ لەگەڵ چەند عەسکەرێک دەچمەوە شارەکەی خۆم، چم کرد کەس نەڵێ: مەیکە، پاشا فەرمانی دایێ و لەگەڵ چەند عەسکەرێک، جا هاتەوە و بەسەر قاوە خانەکەی دادا و لۆتییەکانی کوشت و ژنەکەی خۆی و مامەکەی و مامۆژنی کوشتن، هەموو ماڵەکەی تێکەڵ کردنەوە، جا ژنێکی تری هێنا و بە ئاسودەیی و خۆشی لێی دانیشت، تا مرد ژیان و گوزەرانی بەمەردی بەسەربرد.

بۆ زانین: مەبەس لەم چیرۆکە:

١- بەداخەوە زۆر کەس هەن ناوی شێخ و مەلا بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە مرازە گڵاوەکانیان کەچی شێخ و مەلا دورن لەم جۆرە شتانە، لەبەرئەوەی هەر ئەمانەن بەشاهێدی مێژوو پێشەنگی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شۆڕشەکانی کورد بوون لە کۆنەوە تا ئەمرۆ.

٢- قەت لە خۆت بایی مەبە، لەبەرئەوەی زەمانە هەموو شت بەسەر پیاو دێنێ.

٣- بەڕیش و سیواک و پرچ و زیکر و فکر قەت مەخەڵەتی تاکو چاکت بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئایشەخان و حاکمی خێلەی ئینگلیز

مام عەرەب هەبوو لە تیرەی گەردی، لە تەمەنی (٩٠) ساڵی دا، لە ساڵی (١٩٦٥)ز گێڕایەوە وتی: کە ئینگلیز هاتە عێراق من بوومە جاندار، حاکمی خێلە هاتە هەولێر ماڵی لە خانوێک بوو لە نێزیک خانەی سپی، کەوا لە مزگەوتی حاجی قادر

دوور نەبوو (تەک باتا)، من جاندار بووم لە ماڵی حاکمی خێڵە بووم ئیش و کارم بۆ دەکردن، بەرگیشم بەرگێ جانداری بوو.

ژنێکی هەبوو حاکمی خێڵە، کوڕێکی هەبوو، زۆربەی کات من کوڕەکەم لە باوەش دەکرد و خزمەتم دەکرد، بەڵام چ ژنی هەبوو؟ نەبکەی نەبخۆی تەماشای ئەم ژنە بکەی لە: جوانی لە لێهاتوویی، مێوژی بخواردایە لە گەردەنی دیاربوو، واتە: ژنی حاکمی خێڵە، ڕۆژێک شێخی چۆلی، شێخ محمد، کە مەشور بوو، پیاوێکی زەریف و خاوەن تەریقەت و کەرامەت و شت، لە دووی ناردم، چوومە خزمەتی، دیتم تەشریفی لە هۆدەک دانیشتووە، کابرایەکی لەلایە: خاوێن و باوێن، کەڵەگەت، کەوا و سەڵتەی بە خەرجە و قەیتانی لەبەرە، سەوزێکی بە پانی لەسەر بەستووە، کابرایەکی جوان و زەریف، تازە داوی سپی پەیدا دەبوو لە ڕیشی، واتە: سەید بوو، خەرکی شاری مووسڵ بوو، شێخی چۆلی فەرمووی: مام عارەب تۆ خزمەتچی ماری حاکمی خێلەی؟ وتم: بەرێ قوربان، فەرمووی: چ ژنی هەیە؟ وتم: بەرێ قوربان ژنێکی هەیە شتی وا جوان نییە، کوڕێکی بچووکیشی هەیە، وتی: ژنە ناوی چییە؟ وتم: نازانم بەس من دەرێم: خانم، کە بانگی دەکەم، وتی کوردی دەزانێ؟ وتم: بەرێ کوردی و عەرەبی دەزانێ جا نازانم چ زمانی تریش دەزانێ یان نا، حاکمی خێلەش کوردیەکی چاکی دەزانی، کە ئەم قسانەمان کرد دیاربوو مام سەید فرمێسکی لە چاوی دەهات، زانیم کە شتێک هەیە، مام سەید هاتە جەواب و وتی: عارەب ئەم ژنە کچی منە، سەیدە موسڵمانە، بووە ژنی ئەم کافرە سەگە، دەمێکە من لە دوای دەگەڕێم سۆراغم بزر کردووە، تازەم زانی کەوا ئەم ژنە لەلای ئەو حاکمەیە دەگونچی کچی من بی، جا کە تۆش وات وت: گومانم نەما کەوا هەوە، ناوی (ئایشەخان)ە، منیش ناوم (س. عەبدوڵڵا)یە، جا مام سەید و شێخی چۆلی هەوڵیان دا کەوا من وا بکەم ئەم ژنە ئەم ئینگلیزە بەجێ بێلێ و بێتەوە لای باوکی بە ئامان و زەمان، زۆریان نەزیرۆکەی دین بۆ خوێندمەوە و دەچیتە بەهەشت، ئەم سەیدە ڕزگار بکەی لە دەست ئەم کافرە سەگە، منیش وتم: ئینگلیز بەسامە و ئەم کافرەش زۆری متمانە بەمن هەیە، بەڵام شەرت بێ منیش قسوری نەکەم، با بکوژرێم و دەبمە شەهید و دەچمە بەهەشت، هاتمەوە ماری حاکم، ڕۆژی دوایی حاکم چووە قشلە، تاکو پاش نیوەڕۆ نەدەهاتەوە، من بەلای ژنەوە چوم و وتم: ئایشەخان، تەماشای کردم و وتی: چۆن دەزانی ناوی من ئایشەخانە؟ منیش

نەزیرۆکەم بۆ خوێندەوە و بەڵێنم لێ وەرگرت کەوا سزام نەدات لەلای حاکم، جا سەر و سەربردەی باوکی و شێخی چۆلیم بۆ خوێندەوە، ژنە وتی: مام عەرەب وەرە دانیشە، چووم لە تەکی دانیشتم و دەرگەی حەوشەی داخست و دەستی کرد بە قسەو وتی: ڕاستە ئەمە باوکمە و ناوی (س) عەولایە، منیش کچی ئەوم و ناوم ئایشەخانە، من سەیدم و موسڵمانم، حاکمی خێلەش کافرە و ئینگلیزە، بەڵام باوکم گەوادە، خۆی منی وا لێ کرد، حەزی لەو گەوادییە بوو، باوکم لە گوندەکی لای..... بوو، خۆی و دایکم بوو، دوو کچیشی هەبوو،، چ برامان نەبوو، باوکم باری کرد و چووە شاری موسر، دەستی کرد بە کشتەک و نووشتە و، خەرک زۆری حورمەت دەگرت و مارێکی زۆری پەیدا کردوو خانوو بەرەیەکی باش، خەرک دەیانگۆت: باوکم وەلییە و کەشف و کەرامەتی هەیە، بەڵام باوکم فاسقەو بەس تەماعکارە و چاوی قەت تێر نابێ ئەگەر نا بە مەنجەران لیرەی هەیە هەمووی خەرک بۆی هێنایە، ئێمە دوو خوشکی جاحێرو زەبەلاح بووین، برای خۆمان عەشقمان دەبوو لە جوانی، بەرەلای شاری موسری کردین، وەکو کارەکۆڕپە دەگەڕاین و ئەسوڕاینەوە، لە خۆشی و جوانی و غروری و دەورەمەندی دابووین، لە چمان کەم نەبوو بەس حەزمان لە مێردکردن بوو، هەر کەس داوای دەکردین بە پارەیەکی ئێجگار زۆر، باوکم توڕە دەبوو دەیگۆت: کەس نەرێ ئەمانە جۆتە کچن من جۆتە کوڕم هەیە، باسی مێردم لەگەڵا مەکەن، مەبەستی باوکیشم ئەمە بوو کەوا، ماڵ بە ئێمە پەیدا بکا، چونکە زۆربەی خەرک کە دەهاتنە زیارەتی باوکم مەبەسیان دیدەنی ئێمە بوو، ناومان لە جوانی دەرکردبوو، باوکیشم هەر بۆیە پەردە و قەدەغەی بەکار نەدەهێنا بۆ ئێمە، حەزی دەکرد خەرک بمان بینی، تاکو هەدیە و دیاری بۆ باوکم بێنن، لەبەرئەوەی ئەویش دەیزانی زۆربەی هەدیە و دیارییەکان لەبەر خاتری دیدەنی ئێمەیە، مام عەرەب ئەم جۆرە ڕەوشتە وانەبی هەر باوکم وابێ بگرە زۆربەی.... و.... و..... وانە، تا لە ئەنجاما گەوادییان بۆ دەمێنێتەوە، لە تەماعی چاوچنۆکی هەدیەکی کەم، جا کە ئینگلیز هاتە موسر و ئەم حاکمە هاتە موسر، بەس ئەم حاکمە سەیارەی هەبوو لە موسر، سەیارە شتەکی زۆر عەنتیکە و نایاب بوو لەلای خەرک، باوکم ناو و دەنگەکی خۆشی هەبوو، خەرک زۆر موتیعی بوون، ئەم ئینگلیزانەش سەگن بزانن کێ خەرکی لەگەرە، دۆستایەتی لەگەر پەیدا دەکەن و تا لە ئەنجاما لەناوی دەبەن و کۆرەی

دەکەن بە پارە، تەبعەن جاسوس و شت زۆرە، حاکم زانی کەوا باوکم خەرکی دەورەی دەدا و لێی کۆ دەبنەوە، خاوەن تەریقەت و تەکیە و پیاوی خوایە، حاکم ڕۆژێ بە پیاوی خۆی (١٠٠) ڕوپیەی بۆ باوکم نارد بۆ مەسرەفی تەکیە و تەریقەت، باوکم چاوی بەپارە کەت و شێت بوو، عەقری نەما هەروەکو دینی هەر نەبووە، پاش چەند ڕۆژێکی تر حاکم (٥٠٠) ڕوپیە و چەند هەدیە و دیاریی بۆ باوکم نارد، جەوابیشی ناردبوو: ئەگەر ڕێگە هەیە دێمە خزمەتی، باوکم وەخت بوو بفڕی لە خۆشییان، وتی: با بێت، ئینگلیز عەسرێک پەیدا بوو، بە سواری سەیارە، چەند جاندارێک بە چەکەوە لەگەری بوون، حاکم هاتە ژورری و جاندارەکانیش لە دەرەوە لەدیار سەیارەکە و دەرکی (دەرگای) ماری بوون، بەلام حاکم لە جەوابەکەی وت بوونی بەس من و س عەولا بین و کەسی ترمان لەلا نەبی، جا باوکم لە ژووری ماری دانیشتبوو، بەلام حاکم چۆن هاتە ژووری سەری قوت کرد، پای خواس کرد، بەر دەرگەکەی ماچ کرد، دەستی باوکمی ماچ کرد و لەسەر سەر و چاوی دانا، جۆرکەکیش پارە لە ڕوپیە و باقەنۆت لە بەردەمی باوکم دانا، باوکم فڕی لە خۆشییان، لەلایێ حاکم هاتە لای کەوا گەورەی ئەو وڵاتەیە، لەلایێ جۆرکە پارە، لەلایێ ئەم عەزەمەت و دەست ماچکردن و دیوار و پێراو ماچکردن، جا حاکم دانیشت و باوکم قسەی دەکرد و ئێمەش جووتە کۆتر خزمەتمان دەکرد و چایە و قاوە و شت، حاکم چاوی بڕیبووە ئێمە، کوردی زانێکی باشیش بوو، وتیە باوکم ئەم دوو ژنە چی جەنابتن؟ وتی: کچمن و شویان نەکردووە، کەوای وت حاکم دەستی بردە گیرفانی و هەریەکو چەنگێ پارەی داینێ، دەستی لە ملێ کردین و ئەمەلا و ئەولای ڕوومەتی ماچ کردین، بەلام من وام هەست کرد کە ماچکردنەکەی من بەتام و بۆ بوو، ناشزانم هی خوشکە گچکەکەم چۆن بوو، کەناوی ناجیەخان بوو، خوشکە گچکەکەم چوو ڕوومەتی خۆی شوشت واتە: حاکم گلاوی کرد، باوکم گاسی کرد و زۆری جنێو پێ دا، بەلام من نەمشۆری لە ترسی باوکم، حاکم ڕۆیی و وتیە باوکم دەبێ تۆش بێیە لای من، ئەم کۆرپانەش بێنێ لەگەڵ خۆتا، من سەیارەت بەدوادا دەنێرم، باوکم وتی: باشە، ئەمەش هەر لە تەماعی پارە بوو، لەبەرئەوەی تێر خواردنی قەت بۆ نییە تۆ مام عەرەب بە بەرگی بڕوا مەکە، بووە دەنگ کەوا لە شاری موسر کە حاکم هاتی تە لای باوکم بەدزی موسڵمان بووە، جا ئەو خەرکە بەسەر باوکم دا قڕقڕا، دەیانوت: کەرامەتی باوکم ئەم کافرەی

ئیسـلام کرد، بەڵام نـاوێرێ خـۆی بـەدیار بخـات نەکـو حـوکـمـەتی خـۆی بـیکوژن، چاوەنواڕی فـرسـەت دەکـات، باوکـیـشـم تومـەز بـەهـۆی ئەم هـاتنـی حـاکـم هـەدیە و دیاری خەرکی پتر بۆ دەهات، دەنگێ نەدەکرد و دەیگۆت: دەنگ مەکەن ئەم گاورانە زۆربەیان لە دڵا مـوسڵمـانن، بۆیە پێغـەمبـەر فەرموویتـی: لە یەکەو جار مـەیانکوژن، جـا بەمـە یەکجـاری دڵی خـەرکـەکە جەلب بوو، قاتیل با، گرتو بایە، هـەر سـزایەک بایـە بەس باوکـم بیناردبـایە لای حـاکـم، دەمـودەس بەری دەدا، بەمـە یـەکـجـاری خەرکەکە ڕووی لە باوکم کرد و هـەدیە و دیاری و پارە وەکو خۆر بوو بۆمان لەلایێ: گـۆیا حـاکـم مـوسـڵـمـان بووە بە دزی، لەلایێ گـۆیا دەروێشـی بـاوکـمـە، لـەلایێ لە تەنگانـەوە باوکم چارەیان دەکـات حـوکمی ئینگلیـزیش تیـژ بوو، خـەرک زۆری لێ دەترسـا، بـەڵام لەبەر باوکـم خـەڵکی مـوسـر ترسـیـان نەمـا، بەتـایبـەتی چینی دەورەمـەندان، مـام عـارەب ئێمـە ئەم جـۆتە خـوشکە بووینە جـۆتە گـورگ، چاومـان سۆر بوو، چی سندووق و بوخچە نەما قوماشی هـەدیە و دیاری تێ نەکەین، ئەوا بۆ مێرد شێت دەبین، عەیبی تێدا نییە، جوان و جـاعێرین خڕ و پڕین، تێرین، سـەیارە هـاتە دوای باوکـم و تەشـریفی سـوار بوو، ئێمـەی هـەردووک لە تەکی خـۆی بردین، دایکم لەبەرئەوەی پیر بوو نـەیبرد، چوینە مێوانـی حاکم، باوکم لەڕێی پێی گۆتین: ئەوا پێـتـان دەرێم ئەگـەر حـاکم مـاچی کـردن دەنگ نەکـەن وەکـو برای ئێـوەیە، دەروێشی خۆمانە، ئەمەش هەر بۆ پارە بوو، گەیشتینە لای حاکم و دابەزین، حاکم بە پیرمانەوە هات و عەردی ماچ کرد و دەستی باوکمی ماچ کرد و لە دوایش جوان و ڕێک ئەولا و ئەولای ڕوومـەتی ئێـمـەشی مـاچ کـرد، مـاچەکـەی بە حـەرامی بوو، لەگەڵ مـاچەکە من هەوەسم بزفت، جا قسە و پێکەنین، تا مـاندوو بووین، لە پاشان جـۆڕکـەک پارە بۆ بـاوکم، یەکو جـۆڕکیش بۆ ئێمـە، کە هـاتینەوە باوکم پارەکـەی ئێمـەشـی لێ سـتـاندین، شـەو دانیـشـتین: من و خـوشکم و دایکم و باوکم، ڕووم لە باوکم کرد و وتم: بابە گیان چیی تر وا مەکە ئەم کافرە ئێمە ببینێ، لەبەرئەوەی در خـەبەرداره ئەم سـەگە تەمـاعی لە ئێمـەیە، تۆش دەچی ناچی کـەیفی خـۆتە، باوکم نەیکردە سێ و دوو دەسـتی دا دارەکی کەوتە گیانم، بەجنێودان، حـەزت لە مێردە، واللە تا دەتـۆپی چاوت بە مـێرد ناکـەوێ، وا دەکەی دری حـاکم لە من بێـشـی، ئەم هەموو پارە و گەنج و خەزێنەیەم لە کیس بدەی، بەجنێودان... هتد.

بەهـەزار حـاڵ و تۆبـە گـوم خـوارد لـە دەسـتـی ڕزگـارم بـوو، جـاری تر ئەم گـوانە

ناخۆم، بە کەیفی تۆ دەکەم، ئەم ئیشە و ئەم هامووشۆیە (تولی= درێژی) دایە، زۆر جــار بە تەنیــا ســـەیارەی دەنارد و ئێـــمـــەی دەبردە لای خـــۆی، لە ترسی باوکم نەدەوێـرایـن دەنگ بکەین، جـــاری وا هـەبوو لـە دیار باوکم ئەم کـــافـــرە دەیگۆت: نەخۆشم و لەشم دێشی، باوکم دوعای بەسەردا دەخوێند و دوایش دەیگۆتە ئێمە: ئێوە بێ گوناحن بی شێلن دەشقەم چاک دەبێ، وردە وردە دەمانشێلا، ئەس قەزا جارێک لە شێلان دەستم بە هینەکەی کەوت و دیتم ڕەقە وەکو مەترەق، منیش گرتم و ڕامکوشی، وتی: ئاخ – ئاخ، ئەوجا چاک بووم، هەرسـتـاوە و وتی لە هیـمـەتی ئایشەخان دەم و دەس چاک بووم، دەسبەجێ (٥٠٠) ڕوپیەی دامێ سەر قەرەمانە، واتە لە باتیی قەرەم گرتنی حاکم، هاتمەوە بەدزی ئەم قسەیەم بۆ دایکم گێڕاوە وتم: ئەم سەگە فکری خراپە لەگەڵمان، ئەم دۆستایەتی و پارە دانەش هەر بۆ خاتری ئێمەیە، تومەز دایکم لە باوکم پتر ئاگری گرتبوو بۆ ماری دنیا مستێکی لە دەمی دام و وتی: ووس جاری تر ئەم قسەیە نەکەی ئەگەر نا بە باوکت دەرێم بتکوژێ، ئەمە براتانە، باشە برامانە، مام عارەب ئینگلیز کە خەرکی لە قنارە دەدا لە دووری شاری لەدەو زێ سێ پێکی دادەنا و خەرکی پێوە دەکرد، حاکم فێرێکی دامەزراند، فێرەکەشی ئەمە بوو: جارێک من و خوشکم و باوکم چووینە ماری حاکم، حاکم سەڵت و ڕەبەن، کاتی کێشتانە، کابرایەک و ژنێک بە گریان و قوڕ پێوان هاتنە ماری حاکم و نەماندەناسی، حاکم کە دەچووەوە ماری یەک سەدە وڵاغ کەس تخونی ماری حاکم نەدەکەت، ئەم پیاو و ژنە بەبێ ترس و بەبێ پەردە و ئیزن هاتنە ماری حاکم بەگریان و قوڕ پێوان، پێراوی باوکمیان ماچ کرد و وتیان دەخیل، باوکم وتی: ها چییە؟ وتیان ئێمە لە دنیا تاقە کوڕێکمان هەیە ئەویش ئەوا ملێ بە قنارەوە کرایە، سەعاتێکە مۆرەتەی، دەیخنکێنن، ئێمەش هاتینە خزمەت جەنابت، چووینە ماری وتیان لەلای حاکمە، پارەیەکی زۆریشمان برد و لە ماری لەلای شێخ ژن بەجێمان هێشت، ئێمە تاجیر و لۆرتین، مارەکەی خۆمان هەموو کردویتە خێری جەنابت بەس کوڕەکەمان ڕزگار بکەی، مارمان ناوێ، کە باسی مار کرا باوکم عەقرو هۆشی نەما، وتییە حاکم بیبەخشە بەمن ئەم تاقە کوڕە، حاکم وتی: ئەمە یاسایە و من ناتوانم لێی لابدەم مەگەر بەخۆت بچی بە دەستی خۆت پەتەکە ببڕێ و کابرا ئیزن بدەی، کەس تاقەتی جەنابتی نییە، منیش ئەوسا دەنگ ناکەم و دەرێم: دەستی شێخ ناتوانم بگێڕمەوە، جاندار و عەسکەرەکەش

دەتناسـن دەست ناگـێڕنەوە، باوکم ئەمـری کـرد و سـەیارە حـازر بوو، سـوار بوو لەگـەر ژنە و پیـاوە، وا دەزانم شـوفێـرەکەش دەرس درابوو لەبـەرئەوەی تا چوون و هاتنـەوە لە سێ سـەعـاتی پتـر خـایاند، کـە باوکم هاتـەوە وتیـە ئێـمـە خـۆ عـاجـز نەبوون؟ سـەیارەکـە چەند جار لـە ڕێگە وەسـتـا، خـۆ منیش بە پا نـایەمـەوە، بەمـە زانیم کە ئەمـەش فـێرە لەبەرئەوەی سـەیارەی حـاکم وەسـتـانی نـییـە، باوکم ڕۆیی، مـاینەوە لـەم قـەسـرە چۆلوهـۆلە من و خـوشـکم و حـاکم، کـە باوکم ڕۆیی حـاکم هەرسـتا سێ بەرداغـی پڕی هێنا وتی: ئەمـە شـەربەتە با هـەر یەکو یەک بخـۆینەوە، خـۆی لە پێش ئێـمە بەبێ گـرێ بەرداغـەکـەی خواردەوە، منیش یەکو خـوشکم یەک، تومـەز ئەمـە ئارەق بوو، ئێـمـە بەس ناومـان بیسـتـووە، کـە خـواردمـانەوە پاش برێک نەمـانـزانی نـەڕۆژە نەشـەوە، ئاگـامـان لەخـۆ برا حـاکم پوخـتـە و تـەمـیس هەردووکمـانی..... کچێتی نـەهێشـتین، پاش دەمـێک بەخـۆمـان هاتینـەوە دەبینین حاکم لەوێ نییە و بەس ئێمە لە ژوورێکین، تەمـاشـامان کرد ناو لاقمان.....، گوتمە خـوشکم من..... ئەدی تۆ؟ وتـی: منیش وەکـو تۆ، جـا چـارەمـان نەمـا بنمـان چوو، تەبعـەن پـاش چەند مـانگێک ئاوس دەبـین ئەولا لەولا خـراتر، پاش دەمـێک حـاکم بە پێکەنـین هاتەوە لامـان و ئێـمـەش بووینـە.....،..... یش چاوی شـۆڕە، چاومـان لەبەر ناو هـەسـتـمـان نەکـرد، حـاکم زانی کـەوا نـەی کردە نـامـەردی منی لە عـەرد دا و دووپاتی کردەوە بەبێ گیروگرفت و مـەکە و بکە، کەمنی وا لێ کرد و بەلای خوشکم وەچوو، خـەریک بوو بیکا بەهەرا، منیش نەم هێشت و بەهـەردووکمـان لە عەردمـان دا و بیـلامـانێ ئەویشـی.....، منیش بۆیـە وام کـرد تاکو لە مـاڵێ نەرێ لە دیارە من ئایشـەخـانی.....، پاش چەند سـەعـاتێک باوکم هاتـەوە بە تەنیـا، کابرای بەر دابوو، بەخـێر نێتـەوە، هـەرسێکمـان سواری سـەیارە بووین و هـاتینەوە، خـوایە چ بکەین، ئەگـەر دەنگ دەکـەین باوکم دەمـان کـوژێ دەرێ درۆیە، ئـەگـەر دەنگ ناکـەین ئاوس دەبین، ناچار دەنـگمـان نەکـرد، ووتمان با بزانـین خـوا چـی دەکات، جـا حـاکم بووە کارەکۆرپە لە مـاڵمان و لە ماڵیان، ئێمـەش فێر بووین، کە چاومان بەیەکتر دەکەوت دەعـەبـاکـەی ئەو ڕەق دەبـوو، حـەمـامـەکـەی ئێـمـەش ئاگـری دەگـرت، ڕۆژ نەبوو جـارێکمـان.....، وای لێ هات لە دیار بـاوکم گـەمـەی لەگـەڵا دەکـردین، بـاوکم پارە کۆرەی کردبـوو، تا ڕۆژێک باوکم لە مـاڵ نـەبوو نازانم لە کێ بوو؟ سـەیـارەی حـاکم هاتە بەرقـاپی وتی: باوکت وا لەلای حـاکمـە لە مـاڵێ، وتی: ئایشـەخـان و خـوشکم

کتێبەکەی دوعا بێنن و حاکم نەخۆشە و دوعای بۆ بنووسم، دەستمان دا کتێبی باوکم و سواری سەیارە بووین لە چاوەی پشتەوە بەبێ عەبا و شت، لەبەرئەوەی وەکو بۆ ماری خۆمان بچین وایە، من پێشان سواربووم خوشکم کە سوار بوو لنگە پێڵاوەکەی لەپێ کەوت و هاتە خوارێ کە پێراوەکە لەپێ بکا، تا دەستی گەیاندە پێراو و خەریکی سوار بوون بوو، سەیارەی گێڕ دا و ڕۆیی، خوشکم بەجێ ما و من چووم، کە گەیشتمە بەردەرگەی ماری حاکم دیتم حاکم بەغار هات و لەگەڵ شۆفێرەکە، دەستمیان بەست و چاویان بەستمەوە و سوار بوون و ڕۆین، دەرگای سەیارەکەشیان کلیل دا، شوفێر لە پێشەوە و من و حاکم لە پشتەوە، بڕۆ، باژۆ، نازانم لە کێ بۆ کێ، شەوە ڕۆژە نازانم، تا منیان لەشوێنێک دابەزاند و لەناو خانوویێک بەڵام پاش ئەمە کە زانیم ماوەی چەند سەعاتێک ڕۆیشتین، دابەزاندرام و چاوم کراوە و دەستم کراوە، بەس من و حاکم لە ژوورین، ئێمەش بەیەکتر فێرین، جا دەستی کرد بە ئیشو کاری خۆی لەگەڵم، چەندی دەڵێم: کوا باوکم، کوا خوشکم، هەر دەڵێت هەنووکە دێن، من موسڵمان بوویمە و باوکت تۆی دا بە من وتی لەبەر خەرکی بە دزی بیرفێنە تاکو ماوەیەک، ئیتر حاکم جار جار بزر دەبوو، جار جار دەهاتەوە لام، واتە لە ماوەی چەند شەوێک نێزیکەی ساڵێکمان بەو حاڵە ڕابوارد، ئەم کوڕەمان بوو، ئەو جا زانیم شارەکە کەرکووکە، تا لە ئەنجامدا حاکم نەقڵی ئێرە بوو، منیش کەلکی کەسم پێوە نەما، ئەوا ژنی حاکمم، مام عارەب بڕۆ ئەوها بە سەروبەر بۆ باوکم بگێڕەوە و لە جیاتی من دوو تفی لێ بکە و برێ جاری تر ئەم باسە بکا بە حاکم دەرێم تاقیان لێ ببڕێ، تۆش جاری تر ئەم باسە بکەی دەفەوتێی وە بشزانم لەلای کەس دەنگت کردووە خۆت و عەشیرەت و ماڵ و منداڵت بە سەربڕین دەدەم، وتم: تۆبە ئایشەخان، جا هاتمەوە لای شێخی چۆڵی و (س. عەبدوڵڵا)، لە ئەوەل هەتا ئاخیر گێڕامەوە، بەڵام تفەکانم نەکرد، تا لێ بوومەوە (س. عەبدوڵڵا) هەر گریا، کە لە گریان بووەوە وتی: مام عارەب چۆنی وتووە هیچی درۆ نەکردووە، خەتای خۆم بوو، پارە منی کۆرە کرد، جا شێخی چۆلیش زۆری سەر کۆنە کرد و دەری کرد و وتی: جاری تر مەیەرەوە ئێرە، تۆ کابرایەکی بێ دین و خراپی خۆت وات لەم کچە کرد خەتای کچە نەبووە خەتای تۆیە، وتی: ڕاستە، جا مام عەرەب وتی: چەندی من وتم: ئەدی ناجیەخان چی لێ هات؟ دەنگێ نەکرد، (س. عەولا) ڕۆیشت منیش هاتمەوە لای ئایشەخان، وتی پێت گۆت؟ گۆتم ئەرێ

وەڵڵا، بەس تفەکانم لێ نەکرد، بەڵام باسم کرد، وتی: چیت وت؟ وتم: وتی هەموو قسەی ئەو ڕاستە و من خەتابارم، وتی: ئەدی ناجیەخان؟ وتم: چەندی هەوڵم دا باسی نەکرد، جا پاش ئەم گفتوگۆیە ماری حاکم لەوێ گواستیەوە، منیشیان لە خزمەتچی ماری یێخست و نەقڵی شوێنێکی دوور کرام، تا حاکمی خێلە لێرە بوو ئەم قسەیەم دەنگ نەکرد، جا لە پاش ئەو بۆ زۆر کەسم نەقڵ کرد.

بۆ زانین:

١-بەداخەوە بۆ ئەو باوکانەی لە پێناوی پلە و پارە ئیشی نابەجێ بە ماڵ و منداڵیان دەکەن کەچی ئەم ماڵ و منداڵە بێ تاوانن و بێ دەسەڵاتن لە ڕاست باوکەکانیان.

٢- ئەنجامی تەماعی و شت ئەمەی بەدواوەیە بەداخەوە، زۆر لە یەختیاران ئەم باسەیان زانیوە لە هەولێر.

ئەڵماس خان

ئەڵماس خان ژنێکی نازک و نازەنین و جوان بووە لە شاری کەرکووک، مێردێکی سەرسەری و خۆڕی هەبووە، شەرابخۆر بوو. لە چەند مانگ جارێ نەدەچووە لای ئەڵماس خان، ئەڵماس خانیش جاحێرە، نازکە، حەزی لێیە، چارەش نییە. ڕۆژێک کاتی عەسر مێردی ئەڵماس خان لەبەر دووکان چاوی بە ژنە کوردێک دەکەوێ، ژنێکی جوان و جاحێر دەبێ. دڵی دەچیتێ. کابرا لە ژنە دەپرسی: تۆ چی؟ دەڵێ ژنە کوردم؟ کابرا دەڕێ: کێوە دەچی؟ ژنە دەڕێ: دەچمە ماڵە خزمێکم لە نێزیک شۆریجەیە. کابرا دەڕێ: ماڵی کێیە؟ ژنە دەڕێ ماڵی فلانە کەسە. کابرا دەڕێ: ئەمە برای منە و روحمان لەلای یەکترە. فەرموو دانیشە هەنوکە بەعارەبانە لەگەڵت دێم بۆ ئەوێ، بە تەنیا مەڕۆ، کەرکووک شارێکی پیسە و پیاوی خراپی زۆرە و تۆش زەعیفەی، ژنە ئیخفال دەکات. دایدەنێ و خزمەتی دەکات و چای دەداتێ و ئاوی دەداتێ و تاوەکو نێزیک خۆرئاوا دەیخافرێنێ. سواری عارەبانەی دەکا و بەرەو ماڵی خۆی دەچێتەوە. دەرێتە ژنە: شەو داهات، ڕێگەکەش دوورە، ئیمشە و خزمەتت دەکەم، بەیانی دەچینە ماڵی فلان. ژنە ئیخفال دەکا و دەمێنێتەوە. دەرێتە ئەڵماس خان ئەم ژنە لە هۆدەی لای دەرگە جێی بۆ داخە، با بەتەنیا بخەوێ

نەوەکو دزییەکمان لێ بکا تاوەکو بەیانی وەدەری دەنێین. ئەڵماس خانیش مێردی خۆی دەناسێ چ ماڵێکە دەزانی ئیمشۆ فیکری لەگەڵ ژنە خراپە و سواری دەبێ. هەردەستێ ژنەکە لە ماڵێ جێی بۆ چا دەکات و لەناو منداڵان جێگەی خۆشی لەم هۆدەیە چاک دەکات کەوا مێردەکەی دای ناوە بۆ ژنەکە، کابراش دەچێتە چاخانە و دەس دەکا بەشەراب خواردن و دوو برادەری خۆی تێ دەگەینی کەوا ژنێکی جوانم لە ماڵ داناوە، وەرن بچین ئیمشۆ لەگەڵی ڕابوێرین. ئەوانیش دەرێن: مەمنوون، ماڵ خەوتنان هەرسێکیان دێنەوە ماڵێ و بەبێ هەستی روو دەکەنە ژوورەکە ئەڵماس خانیش وا لەوێیە. چرا و شت قەدەغەیە تاکو ژنە نەزانێ. جا دەرپێ فڕێ دەدەن، بەهەرسێکیان دەکەونە سەر ئەڵماس خان وا دەزانن ژنە کوردەکەیە، ئەڵماس خانیش لە مێژە دێمە و حەزی لێیە خۆیان بۆ دادێخی، تا بەیانی بە نۆبەت سواری دەبن، کابرا دەرێتە دوو برادەرەکەی: وەڵڵا بزانن چتۆ.... هەیە؟ ئەوانیش دەرێن (چوخ ئام دی) واتە چاکترین...، پێش بەیانی دەکەون و لە هەرا دەچن، سەرخۆشن زۆریشیان کردووە، دەکەونە سەر عەرد و دەخەون، دنیا ڕۆن دەبێ و ژنە کوردە بۆی دەردەچێ و دەڕوات. کابراش سەری بڵند دەکا و دەبینێ هەر ئەڵماس خانە. دوو برادەرەکە هەڵدەستێنێ و دەرێ، کۆپەک ئۆغلی کۆپەک – بو ئەلماس دی، کوردە هانی دایک و خوشکتان بگێم هەڵستن ئێمە لە جیاتی کوردە ئەڵماسمان گاوە. ئەوانیش دەرێن: مانم نەحەق وار، بو ئەڵماس د ئەو غێر ئەڵماس، ئێمە لەسەر شەرەفی تۆ هاتووین و گانمان کردووە، حەقمان چییە ئەڵماسە وەیاخۆ یەکێکی ترە. کابراش دەرێ: مادام وایە دەنگ مەکەن، دەرێتە ئەڵماس بۆچ دەنگت نەکرد؟ ئەویش دەرێ لەبەر خاتری جەنابت من دەنگم نەکرد، ئەدی بۆچ کوردە لێرە نەخەوت؟ دەرێ چەندم کرد نە هاتە ئێرە، من هاتم وتم با پیاوەکەم بچی لە جیاتی من لە ماڵێ سواری بێ، من وام زانی تۆ دەچییەوە ماڵێ. بۆیە ئەوێم بۆ تۆ چۆڵ کرد، ئەڵماس هەموو تۆڵەی کردەوە ئۆقرەی دامرکا، کابراش گەوادی بۆ مایەوە. کوردەش قوتار بوو. ئا پیاوی خۆڕی ئەمە مەسیریەتی بەداخەوە.

مام وسووی برباس

له دەوروبەری ١٩١١ز پارە زۆر کەم بوو، شت زۆر هەرزان بوو، کابرایەک هەبوو، لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا پتر بوو کەمتر نەبوو، چەند کوڕێکی هەبوو، لە تیرەی برباس بوو، پیاوێکی زۆر هوورد و باریک نەبوو، زۆر پڕ عەقڵیش نەبوو.

شوانکارەی شێخێک بوو لە گوندێک، پیاوێکی زەریف، خاوەن تەکیە و قۆناخ.

ساڵ کۆتاییی هاوینە، پاش هەڵاتنی گەلاوێژە، گورگ هەبوو ئەو ساڵە چ شەو نەبوو روو لە مێگەلێک نەنێ، حەیوان ئەوسا یەکجار زۆر بوو، کەمێک بەر ساڵ قڕانە مەڕ بوو.

بە شەوان جاروبار شێخ سەری لەناو مەڕ و هەوێزی ئەستەویر و شوان دەدا تا بزانی بە خەبەرن، خەویان سووکە، ئاگەدارن. یاخۆ خەوگران و تەمبەڵن، ئەو عادەتە هەبوو جاران.

شەوێکی تاریکە شەوە، بەبێ هەستی، شێخ دێتە ناو هەوێز و حەیوان. دەبینێ: مام وسوو پرخەی خەویەتی، شێخ بە هێواشی گۆپاڵەکەی لێ دەدزی و دەگەڕێتەوە.

بەیانیان مام وسوو بە ئاگا دێ و دەبینی گۆچانەکەی نەمایە، لەگەڵ گەزەنگی رۆژ قاوە حازر دەکرا لە تەکیە، خەڵک کۆ دەبوونەوە، دیتیان: مام وسوو لەسەر قاوە پەیدابوو، لەدووڕا گاسی کرد وتی: یاشێخ گۆچانەکەم بدەوە دەبەر حەمرێت مرم، ئەتوو بردوویتە.

شێخ فەرمووی: مام وسوو بە چ دەزانی گۆچانەکەی تۆ من بردوومە؟ دیارە تۆ بە شەوان وریانیت بۆیە گورگ مل لە حەیوان دەنێ، مام وسووش وتی: قوربان دەبەر حەمرێت مرم دەزانم ئەو سەگاتییە ئیشی تۆ نەبێ، ئیشی کەسی تر نییە، لەبەرئەوەی هەر ئەز دەزانم دەمێکە جەنابت فێری ئەو سەگایەتییانە بووی! بە شەوان دزی لە شوانان دەکەی.

یا شێخ دەبەر حەمرێت مرم بەخوای من ئی دەوریامە، بەڵام سەگی دز شوان و کابان هەستی پێ ناکەن و لە کونێیان دەبا.

جا بۆ پێکەنین شێخ فەرمووی: گۆچانەکەی بدەنەوە، دایانەوە، بەڵام جارێکی تر یا شێخ ئەو ئیشەی نەکردەوە و تەرکی کرد لە ترسی قسەی مام وسوو.

دیسان هەر مام وسوو

هەر ئەم مام وسـووە سوبیانەک هاتە سـەر قاوە داوای چوار عانەی لە کابرایەک کرد بە قـەرد، بۆ جغـارە کڕین، کابراش وتی: تۆ شـوانی شێخـی بۆ داوا لەو ناکەی بتداتێ؟

مـام وسـوو گوتی: دەبەر حـەمرێت مرم شـێخـی فـەقیر پارەی لە کوێ بوو وا بە حانەکی ئەحەپی.

جـا بووە پێکەنین و پـارەکـەیان دایێ، مـام وسـوو چی لەبەر دڵی نـەبوو، ورد و باریک نەبوو.

ئەرێ باشی چۆنە؟

لە دەوروبەری ١٩٥٥ز لە مەجریسێکی زۆر گەورە لە تازیەکی ئاغا دێیەک، هەموو جۆرە کەسی تێدا بوو لە: ئاغا، لە شارستانی، لە کێخوا، لە ئەفەندی و مەئمووری میری، لە فەلاح و کرمانج، لە میر و بەگلەر، لە شێخ و سەید لە مەلاچاک و خراپ.

هەر کـەس لە راستـەخـۆی وتی: ئەم زەمـانە باش نەمـاوە، هەمـوو لـە یەکتـریان گێڕاوە، تاکو ئاغایەکی یەختیار وتیە مەلایەکی تێگەیشتوو: ناوی (م. م) ئەتۆ چۆن تێ دەگەی، بۆ دەنگێک ناکەی؟

مەلاکەش وتی: من لە مانای باشە ناگەم، جا لە شتێک نەگەم چۆن قسـەی لێ بکەم، هەموو سەرسام مان: چۆن باشە ئاشکرایە تۆ چۆنی تێ ناگەی.

وتی: باوکم من وا باشـە ئاشکرا دەکەم ئێوە گوێ بدەنێ تاکو من بزانم کە ئێوە دەرێن (دەڵێن) لەم زەمانە باشە نەماوە کام جۆرە باشەتان مەبەستە؟

وتیـان فـەرمـوو، وتی: باش لەلای ئاغا ئەمـەیە: بە جـغـارەیەک بـرای خـۆ بکوژێ، شـایەدی بێ دینیی بۆ بـدات، دزی بۆ بکا، خـراپەی بۆ بکا. باشـە لای مـەئمـووران ئەمەیە: بەرتیل بدات لەگەڵیان قومار بکا، لەسەر مێزی ئارەق دابنیشێ.

باش لەلای مەلایان ئەمـەیە: زەکات بدا بە مەلا، قوڕ و سوخرەی بۆ بکا، جا نوێژ دەکات، ناکات کەیفی خۆیەتی. باشە لای شـێخان ئەمـەیە: کەری تـەکیـە و خانەقا بێت. هەدیـە و دیارییـان بـۆ ببـات، کـوڕێکی ببێ بڵێ: شـێخ دایمێ. کوڕێکی مـرد،

بڵێ: لەقەی مەشایخان بوو،.. هتد.

باشە لەلای خوا وەکو چشتاقتان نییە لەم باشانە، جا نازانم، ئێوە کە دەڵێن: لەم زەمانە باشە نەماوە، کام باشەتان مەبەستە؟

دامان و وتیان: وەڵڵا هەرکەس لەسەر نیازی خۆمان بوو.

کەواتە وەک تۆ دەڵێی وایە، کە مانای باشە نازانی ناهەق نی.

جا هەموویان کپ بوون، زۆریان مەلا پەسند کرد.

هۆپ حەمەد ئەوە چ بوو؟

کابرایەک لەم دەشتی هەولێرە هەبوو ناوی مام حەمەد بوو، بەساڵا چووبوو، ژنێکی هەبوو ناوی گوستان. هەموو جارێ ئەگەر گوستان حەزی لە ئیشەکە بایە دەیگۆت: حەمەد فیشەکەکی ناتەقێنی؟ حەمەدیش دەیگۆت: دەی.

گوستان دەرپێی فڕێ دەدا و دەکەوتە سەر پشت و خۆی هەردەماری، حەمەدیش دەکەوتە سەری.

تا جارێک گوستان وای گۆت و حەمەد وتی دەی، گوستان خۆی ئامادە کرد، حەمەد چووە سەر کۆشی گوستان و قوونی لەسەر دانا، هەتا قوونی گرتی شینە ترەکی گەورەی کرد.

گوستان گۆتی: هۆپ حەمەد ئەوە چ بووە؟

حەمەد وتی: فیشەک خلاس ئەوجا کەوتە کاری گوللە تۆپ.

دایکەکەت بگێم ئەوە سەری چەند ساڵە هەر تێم نایی و پڕ نەبووی، شەرتبێ لێرە بەدواوە بە تۆپان لە بن و بۆتکەوەت ببەم.

جا کردیانە پێکەنین و ئەو قسەیەش بڵاو بووەوە.

کێخوا....

گوندی... لە کەندێناوەیە، لە دەشتی هەولێر، نێزیکەی ٦٠ ماڵ دەبوو، تیرەی سیان تیرەکی گەورەنە لە دەشتی هەولێر، چەند گوندێک دەبن، نێزیکەی چوار هەزار ماڵ دەبن، تیرەکی رەشید و چاوبڵندن، پیاوی بەوەجیان هەبووە.

کێخوا.... بوو، خاوەنی ئەو گوندە بوو، پیاوێکی تەرخان و عەنتیکە دەبێ، کەس قسەی ئەوی پێ ناخۆش نابێ، تا بلێی سەخی و رەشید دەبێ، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٥ز لە ژیاندا بووە.

ژنێکی تەرخانیشی لە گوندەکەی ئەو هەبووە مەشوور بووە بە خونچە قوز روبە- بێ پیاو بووە، خاوەن کوڕ و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر بووە، وا دەزانم هەر کێخوا... ئەو ناوەی لێ ناوە، جا بەیەکەوە گەمەی نۆ رێزکانێیان کردووە.

جا دەیگۆت: خونچە قوز روبە - رێزم سوارە، بەو رێزە نەتگێم بەو رێزە دەتگێم، بەوە نا بەوە.

گەمەی نۆ رێزکانێ، گەمەیەکە وەکو گەمەی دامە.

دیسان کێخوا...

هەر ئەو کێخوا... جارێک جووتیارێکی خۆی حەز لە کچێکی دەکات، پێی دەزانی و جووتیارەکە دەگرێ: سنگەکی لە قوون دەبڕی و بەری دەدا و پێی دەڵێ: کوڕم ناهەقییان مەکە هەردوو قسە بگێڕەوە، تەنیا نەرێی: حەزم لە کچی کێخوا... کرد و دەری کردم، برێ حەزم لە کچی کرد و ئەویش سنگەکی لە قوونی بڕیم و دەریشی کردم.

دیسان کێخوا...

هەر ئەو کێخوا... لەگەڵ ئاغەوات و پیاوی گەورە دێتە شاری هەولێر، دەبینن لە جادە بووە هەرا، وتیان ئەمە چییە؟

وتیان: موتەسەریفی کەرکووکە هاتیتە لای قایمقامی ئێرە و شوعبە رەئیس هەنووکە دێن بە جادە رادەبوورن و کەشفی شار دەکەن، جا عەسکەر و زەفتییە و جەندرمە سونگی تاق رادەوەستن، ئەوبەر و ئەوبەری جادە دەگرن. ئەوانیش بە عەزەمەت دێن و تێ دەپەڕن، خەرک سەرسام دەبن، کێخوا... دەرێ: حەزبکەم دەچم پەنجەک لە قوونی موتەسەریف رادەکەم و قوونی دەتەزێنم؟

ئاغاکانیش دەرێن: ناوێری، ئەگەر وابکەیت دەتکوژن.

کێخوا.... (١٠) لیرە لەناو دەستی دەنێ و دەچێ بەهەرحاڵ خۆیان دەگەینیتێ و

تا هێـزی هـەیە پەنجــەیەک لـە قــوونـی مــوتـەســەریف رادەکـات، ئـەویش قــوونـی دەزووریێتــەوە پێــشـی شــتــێکی گــەورە دەبێ و ئـەویش گــورج رادەوەســتـێ و ئـاوڕ دەداتەوە، کێخوا دە لیرەکەی لەناو دەستی دەنێ و ئەویش دەنگ ناکات و پارەکە وەردەگـرێ و بەدزی دەیخـاتە گـیـرفـانی، جـا باش بـەخـێـرهـاتنـی دەکـات و نـاوی دەپرسێ و دەرێتـە پیـاوە گەورەکـانی تر: ئەم پیـاوە هـاتووە دۆقـەی لەگەڵ کـردم و ناوی ئەو پیاوەم بیستووە، دەمێکی لەگەڵ رادەوەستی. ئەوجا دەڕۆن، جا کێخوا گەڕاوە گۆتیە ئاغاکان، پارە قوون دەبینیتەوە و تیماریشی دەکات.

بۆ زانین: هەر شارێک کاربەدەستی مەدەنیی لێ بووە و هی عەسکەری لێ بووە جا بە کاربەدەستی عەسکەرییان وتووە: شوعبە رەئیس.

جارێک ئەو کێخوا... لە رۆخ برایماغەی بایز دادەنیشی لە دیوەخانی برایماغە لە مەخموور، برایماغە قوتی جغارەی لە پێش دادەنێ، کێخوا... دەست دەکات بە جغارەکێشان لە قوتی برایماغە، نایکوژێنێتەوە، نە یەک نە دوو، تاکو ١٢ جغارەی لە دوای یەکتر پێ دەکات، برایماغە قوتووەکەی لە پێش لادەبا، کێخوا.... (١٢) لیرە لەناو قوتیەکە دادەنێ، دەرێتە برایماغە: نەتزانی بەخوا بەتەما بووم جغارە و لیرەیەک دابنێم، جا چەندی برایماغە دەڵێ: فەرموو، فەرموو، کێخوا... دەرێ: چوو دۆڕاندت، پارەکەت لەدەس خۆ دا، بە کورتی شتی زۆر عەنتیکە و سەیر لەم پیاوە دەگێڕنەوە، حەیفە قسە و کردەوەی ئەو جۆرە پیاوە بزربێ، من کە نووسیمەوە، مەبەستم هەر ئەمە بوو، کوڕێکی زۆر رەندی لە پاش بەجێ ما، کێخوا فەقێ، بەداخەوە عومری زۆر درێژ نەبوو، پیاوی وەک کێخوا زۆر کەم بوو لەو چەرخەدا.

مەلا عەبدوڕەحمانی سۆربەشی

سۆربەش= گوندێکە لە دەشتی هەولێر، زۆر گوند هەیە بەناوی سۆربەش، بەڵام لێرە مەبەست لە سۆربەشی خدری پاشایە لە ١٠٠ ماڵ پترە، جۆگەی ئاوی بەناودا دەڕوا.

مەلا عەبدوڕەحمان خەڵکی گوندی سۆربەش دەبێ، دەستی شاعیری هەبووە، کوڕێکی باش و چاک بووە، لە دەوروبەری ١٩٤٥ز بە جاحێڵی وەفاتی کرد لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا.

ئەم مەلا عەبدوڕەحمانە فەقێ دەبێ، موستەعید بووە لەلای مامۆستا مەلا

شـەریف، مـەشـوور بوو بە صـائم زادە. مـەلایـەكی زۆر باش بوو، زانایـەكی كـوردی بەرز بوو، لە گوندی (گردمـەلا) مـەلا دەبێ، گردمـەلا گوندێكە لە دەشتی هـەولێر، لە نێزیک ناحیەی قوشتەپە. دوو گەڕەک بوو:

١- گردمەلای صابر. ٢- گردمەلای شێخ محەمەد.

جـا مـامـۆسـتـا بەنـاو مـەلای گـەڕەكی شـێخ مـحـەمـەد بوو، بـەڵام فـەقێ و مەدرەسەكەی بۆ هەردوو گەڕەک جیاوازی نەبوو، فەقێیەكی تریش لەلای مامۆستا مـەلا شـەریف دەخـوێنێ، بەڵام بەسـاڵاچوو بوو، ناوی مـەلا قـادر دەبێ، وردە وردە خەیاتیش دەكات لەگەڵ خوێندنەكەیدا.

مامۆستا مەلا شەریف جاری وا هەبوو مانگانە دوو سێ جار سەفەری دەكرد بۆ هەولێر، خەیاتەكیش لە هەولێر هەبوو زۆر مەشوور بوو، ناوی حەمە سوڵتان بوو.

جا لەبەر بێ دەرسی و لەبەر خـەیاتی مەلا قادر لە مـەدرەسـەی گردمـەلا. ئەم مەلا عـەبدوڕەحـمـانـی وتمان ئەم چەند دێرە شـیـعـرە دادەنـێ و بەجـێی دێڵـێ و لە مەدرەسەكە دەڕوات، تاكو مامۆستا دێتەوە.

ئەمەش شیعرەكانە:

بـا كـــاغـــەزێک رەقـــەم كـــەین
لـە بۆ جـــەمـــعـی فـــەقـــێـــیـــان
گـــــەر تـالـیـــــبـی خـــــواردنن
هەم سـوحـبـەت و هـەم سـەیران
هـەمـــــوو بێنـە گـــــرد مـــــەلا
دانـیـــــــشـن وەكـــــــو یـاران
مـــەدرەســـەیەكی زۆر خـــۆشـــە
تـازانـــە دامـــــــــــــــەزراوە
ئـــــەممـــا لـــــەبـــۆ بـــێ دەرس
وەک ئـــــاشـــــی ئـــــاوبـــــڕاوە
مـــــەلا قـــــادر رەئـیـــــســـــە
عومری پەنجا و پێنج سارە (ساڵە)

شـــــەرحــــەقــــاید دەخــــوێنــێ
لای وایــە چــواردە ســـــــــــــارە
وەک باپیــــری فــــەقــــێــــیــــان
دانیـــــشــــــتــــــووە بــێ چارە
داپیــــــری بــۆ عــــــەلاج کــــــەن
صـــــاحـــــبــی ئیش و کــــــارە
لــە عــــــــەینــەگ و دورمــــــــانــی
دەڵێی ئەحــــمــــەد ســــوڵتــــانە
بــەخــــۆ و بــە عــــەبای ســــۆری
دەڵێــی پیــــــری مـــــوغــــــانــە

تێبینی: بەداخەوە شیعرەکانی هەر هێندە دەسکەوت.

های کووتاڵ

کووتاڵفرۆشێک چووە ناو هۆبەیەک بۆ کووتاڵفرۆشتن، لەلای نێزیکەوە گەیشتە ژنێک رووتوقووت، هەموو گەر و گوانی دیار بوو، کابرا خەنی خۆشی بوو، وتی: دیارە ئەم هۆبەیە کووتاڵیان نەهاتیتە ناو هەمووم بۆ دەفرۆشێ بە زوویی، بە قازانجەکی زۆر.

جا زۆر بە گەرمی لە ژنەکەی پرسی! خوشکە رەنگە کووتاڵ باش بفرۆشرێ لەم زۆمە (هۆبە).

ژنە وتی: زا برا ئەز پەخۆ پڕ شمەکم و هاییشم لە زۆمێ نییە.

جا کابرا وتی: بە گونمەوە ئەوە کەلەزی لەشی و دەربەندی لەشی دیارە لە روتییان دەشرێ: ئەز پەخۆ پڕ شمەکم.

ئەبێ ژنەکانی تر لەم هۆبەیە چۆن بن؟

جا هەناسەی سارد بوو، بە هەناسەی ساردیش گەڕاوە، چی بۆ نەفرۆشا و هەمووشیان رووت بوون.

کۆلکه مەلای کەرگێ

لە دەوروبەری ١٩٥٥ز یەک لە ئاغـــەواتی دزەیی تازیەی هەبوو، لە گـــوندێک لە گوندەکانی دەشتی هەولێر.

تازیەکی زۆر قەرەبارغ (قەڵەباڵغ) بوو: لە هەمەجۆرە کەسی تێدابوو، لە مەلای چاک، لە کـۆڵکە مـەلا، لە فـەلاح، لە هەژار، لە شـێخ، لە سـەید، لە مـەئمـوری حکوومەت، لە ئاغەوات، لە بەگزادە و میری خۆشناو.

شەوە، پاش عیشایە، لەسەر سەکۆی (شوێنێکی بەرزە) دیوەخان مەجریس بەسترایە، مەلا رەسور هەیە، مەلایە لە گەڕەکەکی گوندی دووگردکان، مەشوورە بە حاجی رەسور، حەجیشی نەکردبوو هەر مەشوور بوو بە حاجی رەسور، چی وای نەخوێندووە کە باس بکرێ، بەڵام پیاوێکی تەرخانە، هەمەجۆرە قسە دەکات لە هەمە مەجریس (مەجلیس)، سوحبەتچییە، کەم کەس لە قسەی ئەو تووڕە دەبێ. ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری ٥٠ ساڵیدا دەبوو، یەک لە کـۆڵکە مـەلاکـان لەوێ دانیشتیە، شان و عەبای بە موستەعیدی مەلا فەندی دەچێ، کەوا و سەڵتەی بە فەقێی جەنابی مەلای کۆیێ دەچێ، ویقار و هەیبەت و سامی بە سەید شەریفی جورجانی رەسوری زەکی دەچێ، لەسەری مەجریس دانیشتووە، لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا دەبوو.

جا مەجریسەکی گەورەیە پرسیاری شەرعی هاتە گۆڕێ، چەند پرسیار کران، مەلایەکی چاک لە مەجریسەکە حازر بوو، مامۆستا مەلا ئەبوبەکری کۆیی، مەشوور بوو، چەند ئیجازەی دابوو، زۆر عالم و زەکی بوو، وەڵامەکان ئەو دەیداوە بەبێ راوەستان، کە پرسیار و وەڵامەکان کۆتا بوون، ئەم حاجی رەسورەی باسمان کرد هەرستا دەستی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری کۆیی ماچ کرد و بە دەنگێکی بڵند وتی: دەک دایکم بە قوربانت بێت، یاڕەبی سەت کۆلکە مەلای کەرگێت بەقوربان بێت.

مەلایەکەی وتمان بەشان و عەبا، دەستی بە جنێودان کرد لە مەلا رەسور وتی: پیسی خۆڕی کەری بێ عەقر (عەقڵ)، هێشتان نازانی قسە بکەی.

لە هەموو مەجریسەکی دابنیشی پیسی دەکەی، مامۆستای عەبادار هەرستا کە

بڕوات، واته تووڕەبوو له قسەی حاجی ڕەسور به مامۆستا ئەبوبەکر.

حاجی ڕەسور بایداوه و چوو دەستی مەلاکەی بەشان و عەبای ماچ کرد و وتی: قوربان تووڕه مەبه، ئەگەر بمزانیبایه ئەتو داخیلی من ئەو ناماقووڵییەم نەدەکرد و قەیده کەرگێم له جوملەکه زیاد نەدەکرد، هەر دەمگۆت: سەت کۆلکه مەلات بەقوربان بێت، بەخوا نەمزانی جەنابت به قەیدی: کەرگێ داخیل دەبی، مەلا هەندەی تر تووڕه بوو، چەندی حەولیان دا بێ سوود بوو، هەرستا و ڕۆیی به قاڵدرمەی سەکۆدا نەهاته خوارێ، له پشترا لەسەر سەکۆ خۆی شۆڕ کردەوه و چووه خوارێ و ڕۆیی و مەجریسەکەی بەجێ هێشت. جا لەبەر پێکەنین نه تازیه ما و نه خەم ما و نەشت ما.

قوربان ناوم گۆڕاوه

ئەم ناو کێوانه ئیش و کاریان هەر کانییه له دەستنوێژ، خۆشوشتن، کۆر و کانی. گوندی (هیران) له خۆشناوەتی، نێزیکەی ١٥٠ ماڵ دەبوو، کاک مستەفا هیرانی مەشووره، شێخ بووه و شێخزاده بووه.

خاوەن تەکیه و دەروێش و قۆناخ بووه، کەس له قسەی لای نەداوه، کابرایەک هەبووه لەوێ، ناوی مام حەمەد بووه، ڕۆژێک کاک مستەفا دەرێ: مام حەمەد کووی لەگەڵ دایکی منداڵان؟

مام حەمەد وتی: قوربان باش نیمه و ناوم گۆڕاوه، شێخ فەرمووی: چۆن؟

وتی قوربان جاران کە سوبەینان له کانی دەهاتمەوه مارێ (ماڵێ) دایکی منداران (منداڵان) لەسەره من خۆی له مندارەکان تووڕه دەکرد و دەیگۆت: جێی بابتان بکەن لەبەر ئاگردان، بابتان سەرمایتی، جا منداڵەکان شوێنیان بۆ چۆل دەکردم، دەچوومه بەر ئاگردانەکه دادەنیشتم و خۆم گەرم دەکردەوه، ئەمەش لەبەر ئەمه بوو له ئیشی داکی منداران بەکار بووم.

ئێستا وەجم نەماوه و کارم نەماوه، به کەیفی دایکی منداران دڵی ئەوم پێ ڕازی ناکرێ، جا که له کانی دێمەوه و منداڵەکان جێگەم ناکەنەوه لەبەر ئاگر، به هەر جۆرێک بێت خۆم له کەلێنێک دەپەستم، دایکی منداڵان به لالووتییەک و تووڕەیی دەرێت: گوو گەوره دیسان جێگەت له مندارەکان تەنگ کرد.

قوربان جاران ناوم باوکی منداڵان بوو، ئێستا ناوم بوویته: گوو گەورە.

شێخ سەری بادا و وتی: خوا روویان رەش کات، دامەنیان تێر بێت خزمن، ئەگەر تێر نەبێ خزمیش بێت دەبێتە دوژمن.

عەقڵی جەنابی مەلا

جارێک کابرایەک بە سواری کەر دێتە حەوشی مزگەوت، مێر منداڵەکیشی لەگەڵ دەبێ، فەقێ و خەرک لێی دەکەنە هەرا و جنێودان.

جەنابی مەلای گەورەش دەفەرمووێ: لێی گەرێن تەراقی خواردووە لەسەر کەرەکە نەیێتە خوارێ، جا دەیبەنە بن چنارەکە و دەچێتە سەر چنارەکە لەسەر فەرمانی ئەو، ئەوجا دێتە خوارێ.

جا کابرا وتی: حەفت شەو و حەفت رۆژە لەسەر پشتی ئەو کەرە نەهاتیمە خوارێ لە دەستم بەربوو منیش تەراقم خوارد بمرم لەسەر پشتت نایەمە خوارێ.

جا گرتم و سواری بووم، مەلا وتیان: بێیە خوارێ تەراقت دەکەوێ، بۆ لای تۆ هاتم تۆش وات فەرموو.

وتی: بابە تۆ تەراقت خواردووە لە سەر پشتی کەر نایە خوارێ، تەراقت نەخواردووە هەر نایەمە خوارێ، ئەوا تۆ لەسەر چنار هاتیە خوارێ، ئەمانە مەلا نینە، دین بەرن.

تێبینی: لە سلێمانی لە ۱۹۹۹/۷/۲۱ چاوم بە مامۆستا مەسعوود محەمەد کەوت بۆ یەکەم جار، ئەوەم بۆ گێراوە، وتی ئەمە باپیرم بوو، نەک باوکم. (د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی).

مقامی دەروێشان

لە ساڵی ۱۹۳۷ز، مشیری برایم ئاغای دزەیی ئاغا بوو.

گردی گۆم: گوندێکە لە کەندێناوە، دەشتی هەولێر، ۳۰ ماڵێک دەبوو گوندی موشیراغە بوو.

مەولوود کۆیی: پیاوێکی سەربڵند و سەخی و مەرد بوو سەرکاری گوندەکە بوو،

قـەڵات و دیوەخـانـی لەسـەر گـردێک بوو، زۆرجـار مـوشـیـراغـە لێـی مـیـوان دەبوو، لەبەرئەوەی مـوشـیـراغـە بەردەوام مـاڵێکـی لە مـەخـمـور بوو، یەکی لە گـوندی سـیـاو بوو.

مـام جـەعـفـەر لە گـردی گـۆم یەکـەم دەوڵەمـەند بوو، جـووت گـایەکی زۆر، مـەڕومـاڵێکـی زۆر، پیـاوێکـی دەوڵەمـەند، چاو بڵند، سـەخـی، خـاوەن قـۆناخ، هەمـوو کەس خۆشـی دەویست، جەعفەری عەولاّ خرە مەشوور بوو، دوو کوڕی خوێندەوار و قابیلی هەبوو: مەلا عوسمان و مەلا سالّح، دوو کوڕی تریشـی هەبوو کاسب: حەمە عەلی و عومـەر، مـەلا سـەعید هەبوو یەکەم خـزمـەتکاری مـوشـیـراغـە بوو، پێیـان دەگۆت: مـەلا سەعیدی کۆنە رەمەزان، پیـاوێکـی کەمێک خـوێندەواریی دینی هەبوو، زەلامێکی لێهاتی، رەشید و ئازا.

ئەس قـەزا مـوشـیـراغـە و مـەلا سـەعـید لەلای مـەولوود کـۆیی مـێـوان دەبن. پڕی مـاری کـچـی دەست بـە بازن و مل بە قـەتارە و گـوێ بە گـوارە و دەست بە خـەنە بوون، جیرانەکانیش هەروا.

لەو چـەرخـانەش دەروێش و شـێـخ رەزایی دەگـەڕان بە بەهاران، رۆن و کـەرە و شتی تریشیان خڕ دەکردەوە، هەمووی بە دەرۆزە و دزی و شت.

مقامیان دەگۆت، دەنگیان خۆش بوو، دەفەیان لێ دەدا.

ماڵی جەعفـەری لەم ڕۆژە پیاویان لە ماڵ نەبوو، دوو سێ دەروێش بە ولاّغەوە لەم شتانە دەگەڕان.

ئەمـەیان بەهەل زانی و خۆیان کوتایە ماڵی جـەعفـەری دەسـتـیان کـرد بە مقـام و دەفە لێدان.

ژنە جوانەکـان لەوێ و لە جیرانان کـۆبوونەوە و دەورەیان لە دەروێشـان دا، ئەوان بەنازێکەوە پێ دەکەنن و دەروێشـانیش دەف لێ دەدەن و مقام دەڵێن، مەلا سـەعیدی خـزمــەتکاریش بـەدزی لە پشت دیـواری حـەوشــەکـە خــۆی مـات کـردووە و گــوێی راگـرتووە و لە کـونـە دیوارەکـانـیش هەمـوویـان دەبینێ ئەمـە نەخـتـێ لە مــقـام و بەستەکانی دەروێشەکانە:

١- یا ئەحەد- یا سەمەد، درێژت کەم بە بەرگەد- صلوا علی محمد.

قاقا ژنەکان پێ دەکەنن و تێ ناگەن.

٢- شێت بووم بۆ قەلەزی تۆ- دەرزی من دە دەلەزی تۆ- یاالله هی من بە تۆ.
قاقا ژنەکان پێ دەکەنن و تێ ناگەن.
٣- قەلەزت تەسکو تریسکە تاریک و بێ چریسکە سپییە و لووسە و خلیسکە.
قاقا ژنەکان پێ دەکەنن و تێ ناگەن.
٤- مەمکۆلانت شەمامە ماچانت زۆر بە تامە لە دیار تۆ کردم کاما.
قاقا ژنەکان پێ دەکەنن و تێ ناگەن.

لە ناکاو مەلا سەعید دەستی دا خوترمەیەک (دارێکی گەورە) و لێیان بە حەوشە کەوت و ژنەکان قیژاندیان هەلاتن. زۆر جنێوی بە ژنەکان دا و وتی: ماکەرینە ئەو سەگبابانە بە ئاشکرا دەڵێن: لە (....) بەین، کەچی ئێوە تێ ناگەن، جا مەلا سەعید ژنەکانی کۆ کردەوە و بە وردی بەستەکانی بۆ مانا کردن.

کە ژنەکان تێگەیشتن دەستیان کرد بە پەکو پەکو، روومان رەش بێ، جا مەلا سەعید کەوتە گیان دەروێشەکان - کێندەرێ و دێشی، لێدە و بکوتە، تاکو کۆری پێ دارشتن.

جا دەروێشەکانی بە کەرە و بە کودیلە روونەوە و بەجاغە ساوارەوە بۆ دیوەخانی هێنان و قسەکانی بۆ موشیراغا گێرایەوە و لەو کاتەشدا ئاغاتی و خزمەتکاری و سەرکاری زۆر لەباو بوون و بە حکوومەت حسێب بوون، جا شاپێکیان لە دەروێشەکان هەڵدا و دەریان کردن، روون و ساوارەکەشی لێ گێرانەوە.

دوو رۆژان بۆ موشیراغە کرا بە پلاو ساوار، گۆشتی مەولوود کۆیی و مام جەعفەر روون و ساواری دەروێشان، مەلا سەعید و ئاغەش تێبەر بن و بخۆن، دەروێشیش لێدران و دەرکران و هەلاتن.

بۆ زانین: مەلا سەعید بەخۆی ئەم چیرۆکەی هەموو گێراوە لەناو فەقێیان لە مەدرەسەی چەغەمیرە. خۆم لە مەجریسەکە حازر بووم.

میرن میری خۆ

له پاش هاتنی ئینگلیز له وڵاتی هەولێر حکوومەت ئیعتیمادی زۆری لەسەر مەلا فەندیی هەولێر دا، پیاوێکی زۆر مەلا و دەوڵەمەند و ئاقڵ بوو.

جا ئەو پیاوەی مەلا فەندی خۆشی بویستبایە حکوومەتیش خۆشی دەویست، میرانی قادر بەگی شەقلاوە لە تیرەی میر محەمەدی، پیاوەکی گەورە و ماقووڵ و خانەدان بوو، مەلا فەندی خۆشی دەویست، کرا بە نایب، جاران بە نایبیان دەگوت: مەبعوس.

یەختیارەکانی قەدیم نەیان دەزانی برێن: مەبعوس دەیانگوت: حەسعوس، جا میر بووە مەبعوس و چووە بەغدا، ماوەیەک گیر بوو، سەیارەکی کڕی یا حکوومەت خەڵاتی کرد، هاتەوە شەقلاوە بە سەردان.

خۆشناوە یەختیارەکان وتیان: میرن گۆڕایە لە بەغدا، جا هاتنە زیارەتی و دیدەنی، میریش گفتولفتێکی خۆشی لەگەڵیاندا هەبوو.

جا کە ڕۆیشتن هی تر لێیان پرسین: میرن گۆڕاوە؟

وتیان: کوڕە ناوەڵڵا میرن هەر میری خۆیە، حەسحوسیشن زیاد.

جا لەوێ ڕۆژی ئەمە بوو بە پەند و دەگێڕرێتەوە.

جا مانای ئەمەیە: میر نەگۆڕاوە، هەر میری خۆمانە، مەبحوسیشن زیاد لەسەر میراتی میری.

تەها مامەر

تەها مامەر، کابرایەک بوو لە زۆر گوند دانیشتبوو، لەمانە گوندی –پەرکانە–، لە گوندی باشتەپە ناوچەی قوشتەپە، تا برێی پیاوێکی شایەر و قسەخۆش و مەرد بوو، تاکو ساڵی ١٩٧٠ لە ژیانا بوو، تەمەنی لە دەوروبەری ٧٠ ساڵیدا بوو.

پیاوی وا شایەر نەبووە لە کوردەواری، تا بڵێی مقام و شیعری زۆر بوو، بەڵام بە داخەوە کوردەواری دوژمنی زیندووە و بووندەی مردووە، قەدر و ڕێزی ئەم جۆرە پیاوانە نازانێ، شوێنەواری بزر بوو.

جارێک لە گوندی پەرکانە دەبێ مەئمور دێ حەیوانی دەنووسی مەڕانە، ئەویش

چەندێکی بۆ دەرێ، تاکو مەڕانەکە رەش دەکاتەوە، ئەمەش نموونەیەکە:

مـــــەعــــمـــــور هـات لـە دوبـزی
جـــــــاشـکـی لـە کـــــــەری دزی
هـور هـورد کــــــــوتـایـە لـەشـی
یـا اللـە یـا هات و مـــــعـــــمـــــورۆ
مـــــەعــــمـــــور هـاتیـــــە لەو لایە
دەرێ کــــــــــــانـی تـەهـایـە
جـــــــاشـکـەکـی ئـەوم گـــــــایـە
مـــــــــــــــــەڕانـەی لـۆ نـەدایـە
یـا اللـە یـاهـات و مــــــەعــــمـــــورۆ

***

جارێک شورتە مرووڕێک دەگاتە مام تەها، پێی دەڵێ مام تەها بۆ کوێ دەچی؟ ئەمیش یەکسەر دەڵێ:

دەچمــــــە گــــــەڕەکی کـــــوران
هینم بە هینی شـورتە مـرووران

کیر کە تاوی گرت خاوەنی ئەقڵی نامینێ

لە کاتی پێشوو خەرک تەقییەی زۆر لە دین دەکرد، جا کەسانێ تەراقی بخواردبایە وازی لە ژنەکەی دەهێنا یان مارەبەجاشی دەکرد. مارەبەجاش ئەوەیە: لە زەلامێک مارەی دەکەن و دەبێ ئیلاقەشی بکا، بەبێ شەرت و پەیمان.

جا لە پاشان بەخواستی خۆی بە هەندێ پارە تەراقی ئەداوە، جا لە پاش عیدەی دووبارە لە مێردە کۆنەکەی مارە دەکراوە، واش دەبوو جاشە و ژنە تفاق دەبوون ژنەی تەراق نەدەدا، ئاو و ئاو دەچوو. جا مارەبەجاش لە گوندان دەبایە زۆر بەدزی بایە، لەبەرئەوەی بڵاوبوونەوەی بۆ خاوەن ژنەکە زۆر عەیب بوو، بەڵام بەزۆری مارەبەجاش لە شاران دەکرا، چونکە شار هەموو شتی تێدا بزر دەبێ.

لە شاری هەولێر مەلا (ع. د) ئەم مارە بەجاشەی زۆر دەکرد، لەبەرئەوەی تاکو

مـامـۆسـتـا مـەلا مـحـەمـەدئەمـینی کـونـەفلوسـەیی نەهاتـبـووە هەولێـر، شـەرع و شـەرعکاری هـەر لەلای مـەلا (ع. د) دەکرا و دەبڕاوە، بەڵام کـە ئەو هـات لەبەر مـەلا چاکی و شەرعزانی مەلایانی تر لە هەولێر باویان نەما.

مـەلا (ع. د) هـەر ژنەکی مـارەبەجـاشـی دەکرد لە فـەقێ عـەزیزەکی خـۆی هەبوو مـارەی دەکـرد، دوایی تـەراقی دەدا هـەم پـارەی چەنگ دەکـەوت و هـەم گـان، ئەم مەلای (ع. د) تاکو دەوروبەری ١٩٣٣ز هەر لە ژیان مابوو.

ئەم فەقێ عـەزیزەش چار پەلی ستوور و ملـهوڕ بوو، زەبەلاح، چاوی بە مامۆسـتا دەکـەوت کە دەهاتە حـوجـرە، هەر پێ دەکـەنـی نە جـارێک نـە دوو، نە سێ، مێـوان هەبایە یان نەبایە هەر وابوو.

ڕۆژێک مامۆستا وتی: هەتیم نە دەمت هەیە نە جەم، ئەم پێکەنینەت لە چی؟

وتی: مـامۆسـتـا ڕاسـتـییـەکەت دەوێ کـە چاوم بـە تۆ دەکەوێ کـابـرام ڕەپ دەبـێ وا دەزانم مـارەبـەجـاشت بۆم حـازر کـردووە، هـەر چەندەکـیش کـە تۆش ئافـرەت نی و جێگەی ئەمـە نییـە، بەڵام چی بکەم سـەگبـاب خـێـوەی لێی بوویـتـە خـوو و عـادەت، ئەگەر بڕواش ناکەی بەخوا درۆ ناکەم فەرموو تەماشاکە نەکو برێی درۆ دەکات.

جا مامۆستاش وتی: تفو سەگە ڕووت ڕەش بێ، جارێ تر وا نەکەی و پێنەکەنی.

وەرە سەر گردیلەی جۆخینی

پیـرێژنێک هـەبووە لە گـوندی (ش) – ناوچەی دەشـتی هەولێـر، حـەزی لە کـابرایەک دەکرد، وەخـتـێک چرپە لە گـوندی پەیدا بوو، کە فـلان بێـوەژن حـەز لە فـلان کـەس دەکـات، ڕۆژێک کاتی عـەسـر بوو ژنەکە وردە وردە بەلای دۆسـتـەکەی دەچوو لەسـەر جـۆخین، پێـی وت: فـلان کـەس گـوند پڕ بـووە لەمـەی کـە من و تۆ حـەز لـە یەکـتـر دەکەین و تۆ بەمن فێربووی، بیلامانێ وام لێ دەکەی، کابراش شەنەی لەدەست بوو لەسەر جۆخین وتی: فلانە کەس خـەڵک بۆ لای ژنی خۆی دەچێ بە ماتەماتە و دزی، ئەمـەی من و تۆ زۆر بە نـهـێنی تریشـە، چۆن ئەم خـەڵکە زانی و خـوا ئەم ئیـشـەی پەرت کرد، جا شـەنـەکەی فڕێ دا و گـاسی کرد وتی: توخـوا وەرە سـەر گردیلەی جۆخین لە بەرامبەری ئەم خەڵکە سوارت بم و با زەریف تێ بگەن و بڵێن، بەزەنمان وایە ئەم ئیـشـە وایە، با یەکـجاری خـوا پەرتی بکا، جـا لەسـەر گـردیلەی جـۆخین

دەرپێی داکەند و لنگی کردە لامەلفەلایێ سواری بوو، بانگەوازی خەڵکەکەی سەر جۆخینی کرد و وتی: براینە زەریف بزانن کەوا من سواری فلانە کەس بووم، جا با یەکجاری خوا پەرتی بکا.

کوردەواری گوتوویانە: نە شێت بگێ و نە شێت بتگێ

مامۆستا مەلا محەمەدی شێروانی، کە مەلایەکی چاک و پیاوێکی عاقڵ بوو، ئێمە فەقێ بووین لە خزمەتی دەوروبەری ١٩٤٦ز، دەیفەرموو: زەلامێک هەبوو، لە دەوروبەری شاری سەقز ناویشی دەهێنا.

ئەم زەلامە هەر کات لە دوو ناموسی خەڵک دەگەڕا، دەچووە شاران لە دوای ئیشی خراپ و شت دەگەڕا. ژنەکەی خۆشی لێرە دەس بەتاڵ مابووەوە، نێزیک بوو بۆ یەکێک هاربێ، بیری کردەوە وتی: مێردەکەم قسوور ناکات، منیش بەهەر کەسێ بڕێم کە سوارم ببێ یان ناوێرێ لە ترسی کابرا. یان شەرمی بەخۆیە، جا شێتێک لە گوندەکە هەبوو زەبەلاح. ژنەکە فیکری کرد! ئەم شێتە بەخۆم فێر بکەم! هەم نازانێ، هەم ئیشی منیش پێک دێنێ.

جا بیلامانێ بەخۆی فێر کرد، شێتەکە دەمی پێ فێر بوو، لە ناکاو لەناو ژنان بووایە، ماری ژنە بایە، قەرەباڵغ بایە غاری دەدا و دەهاتە لای ژنەکە و پێدەکەنی و دەستی دەهاویشتە سەر شانی و دەیگوت (فلان) نەکەین وەکی جاران؟

جا ژنەکە پێدەکەنی و لەسەرخۆی لادەبرد و دەیکردە پێچوپەنا، نە جارێک و نە دوو نە سێ، جار لە جاریش ڕۆنتر دەبوو، تاکو ئاشکرا بوو، کەوا: خاتوون شێتەی بەخۆ فێر کردییە.

جا ژنان لۆمەیان کرد و ئەویش لەسەر ڕووی خۆی هەراویشت و وتی: مێردەکەم وا دەکات و منیش حەزم لێیە. جا منیش وتم ئەمە شێتە و نەزانە وتم کەس نازانێ.

بەڵام ئەمە راستە: نە شێت بگێ و نەشێت بتگێ.

ئەوە بوو دایکمانی بەگان دا

مەلایەکانی ئاین کران بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی میری لە ساڵی ١٩٥٩ز، بەڵام بەڕێوەبەرانی تەربیـیـە و مـامـۆسـتـاکـانی تـر کـەوا لە دەورەی ئاین نەبـووینە زۆر رکابەری ئەم مامـۆستا ئاینییـانەیان دەکرد بە هەمەجۆرە بەتایبـەتی لەگەڵ هەندێک لەم مامۆستایانە کەوا مێزەر و جوبە و شتیان نەگۆڕیبوو لە کاتی دەوامدا.

جا پاش ١٦ سـاڵ ١٩٧٥ پشکێنەرێک (موفەتیش) لەناو کۆمەڵێ مامۆسـتا رووی کردە مـامـۆسـتـایەک لەم مـەلایانە کەوا مـێـزەری سـپی و جـوبەی لـەبەرا بوو، وتی: مامـۆستـا ئەم بەرگەی تۆ مـولائیم نییـە قوتابی شـەرمت لێ ناکەن و دەڵێن: ئـا ئەمە هەر مامۆستاکەی مزگەوتە کەوا دایکمانی مارە کرد و مارەیی لە باوکمان بڕی.

مامـۆستاش گورج وەڵامـی دایەوە وتی: قوربان ئەو منداڵانە چاویان لە راستـمان شۆڕە، نەک منداڵ بەرکو هەموو جۆرە کەسێک، چاویان پێمان دەکەوێ دەڵێن کوڕە سـەرتان شـۆڕ کەن ئەوە بوو دایکمانـی بەگان دا، مامـۆستای پشکنەر سـەری شۆڕ کرد و سکوت بوو...

جا ببڕا ببڕا جارێ تر پێی لەم سوسانە نەناوە.

جاحێڵی بێریات

بێـریات گوندێکە لە دەشـتـی هەولێـر، گوندێکی ناسـاز و ئاو نـاخـۆش، ئەم گـوندە چەند مـاڵێکی تێدابوو، ئەس قـەزا یەک جاحـێڵی تێدابوو ئەویش گرگنە و نابووت، ئەم گونـدە کـیـژوکـاری زۆر تێدابوو، کـیـژۆڵان کونە مـشکیـان هەڵی دەهاویشت و ئاگری دەگـرت، بەڵام چ کوڕوکاڵ نـەبوونە خـۆیان پێ دابمـرکێنن، تەنیـا ئەم کوڕە گـرگنـە و پیـسـە نەبـێ، ناچار دەورەیان لـێ دەدا و دەسـبـازییـان لـەگـەڵ دەکـرد و فتراقی خۆیانیان پێ دادەمرکاند.

ئەوسـا حـەیوان و شت زۆر بووە خـەڵک بەهاران چـوویتـە دەشـتـی قـەراج بۆ حـەیوان لـەوەڕاندن و کـەیف، گـوندەکـە دەچوونە بـەهارە هەوار لـە قـەراج، لەوێ کوڕوکاڵی تازە و جوان و قیت و قۆز زۆر بووە، جا هەر کچێک لە کچەکانی بێریات جاحێڵێکی بۆ خـۆی دەکردە دۆست. لـە شایی و کەیف و سـەفا و گورز گـورزانێ،

کەس پێکی جاحێڵەکەی بێریاتیان نەدەکرد.

ئەویش رادەوەستا لە دیاریان، ئاخیر هەناسەی هەڵدەکێشا و دەیگوت: لە.... تان بەم ناچینەوە بێریات، حەوجەی من هەر دەبنەوە شەرت بێ دەست بە... تان دا نەنێم.

ئا ئەمەیە جاحێڵی بێریات و سەر و سەربردەی.

خۆخێ فش دەرچوو

لە چەرخی عوسمانییەکان لەم دەشتی هەولێرە کچێکی زۆر نایاب دەبێ، ناوی خۆخێ دەبێ لە جوانی و ناز و ناسکی ناو دەردەکات، زۆر کەس دێنە خوازبێنی لەبەر گرانی کەس ناوێرێ خۆی لێ بدات.

تا لە ئەنجامدا خۆخێ درا بە ٣٠٠ قران، کە ئەوسا پارەیەکی زۆر بوو، وەژن ئەوپەڕی گرانبایە ٧٠ قران تاکو ١٠٠ قران تێ نەدەپەڕاند، (هەر چوار قران مەجیدیەک بوو، هەر پێنج مەجیدی لیرەیەک بوو).

جارانیش لەناو زۆربەی عەشایر ئەگەر کچێک بە مێرد بدرابایە و ئەو کچە خوانەخواستە خۆی بدۆڕاندبایە کچ نەبایە، بەیانی ئەم کچەیان بەسواری دەهێنایەوە و بەسەر ماری باوکیان دادەداوە، جا خاوەنی کچە سەرشۆڕ دەبوو، هتد... واش دەبوو بە دزی دەیانهێنایەوە چارەسەریان دەکرد.

جا خۆخێیان گواستەوە بە هەرایەکی زۆر گەورە و قەرەباڵغی و شایی و رەشبەڵەک، بەڵام شەو زاوا چووە لای خۆخێ دیتی کەوا خۆخێ بیلامانێ کچ نییە و ژنە، جا هەر خوا دەزانی کەوا چەندی پیاچووە.

بەیانی خۆخێیان سواری کەرێک کرد و لێفێکی سۆریان بەسەر پشتی دادا و گوند بە گوند هێنایانەوە ماڵی باوکی دەگەیشتنە هەر گوندێک هەر شوانێک هەر جووتیارێک... بە دەنگی بەرز دەیانگۆت: خۆخێ فش دەرچوو؟

چونکە خۆخێ ناوی دەرکردبوو- هەموو کەس لەم ناوە ناوبانگی بیستبوو.

جا خۆخێ فش دەرچوو بووە پەند.

درێشەکی گەیاندە قوونی

دوو فـەقـێی زۆر نـاسک و جـوان و لاوچاک هـەبوون لە شـوێـنێک دەیـانخـوێند لە مـەدرەسـەیەکی گـەورە، هـەردوو فـەقێ خـزمی یەکتـر بوون، بەلام بـە ئەشـقی خـوا نازیرەک بوون.

زۆربەی ژنانـی ئەو دێیـە چاویان بڕیبـووە ئەم دوو فـەقـێـیـە لاوچاک و جـوانە. بێـوەژنێکی تەڕ هەبوو لە دێیەکە، کە چاوی بەم دوو فەقێیە دەکەوت لە تاوان ئاوی فڕێ دەدا. زۆری مـوحاوەلە کرد بێوەژنەکە فەقێیـەکی هەڵخەڵەتاند– لەگەڵ ئەمەش بێـوەژنێکی تەڕ و پڕ بـوو، بەهەر جۆرێ بوو بێوەژن بە مـەکر و حـیلە فـەقـێیـەکی خەڵەتاند کە سواری خۆی بکا و کفتایی خۆی پێ دابمرکێنێ.

جا فەقێ چووە لایی و دەرپێی فڕێدا و بێوەژنیش دەمێکە کردیتیە سـاماڵ، فەقێ چووە ناو لاقی بێوەژن و لەسـەری دانا، لەو کات فەقێیەکە بیری خـوا و مردنی کرد و ئارەزووەکـەی نەمـا و دەسـتی کـرد بە گـریان، وازی هـێنا لە ئیـشـەکـە، خـواش رەحمی پێ کرد و زەکاوەتی دەربوو.

فەقێیەکەی تر هەستی بە زیرەکی ئەو کرد و پرسیاری لێ کرد و ئەویش سەر و سەربردەکەی گێڕاوە، فـەقێیـەکەی تریش وتی: دەنا زۆری لەگەڵ منیش حەولدایە و من نەمسـەلماندییە، مادام وابێ منیش وا دەکەم، چووە ناو لاقی بێـوەژن، بێوەژنیش لە سـەگاتی لەو لای هاتیـتەوە، دەیزانی ئەمـەش نەکو وا بـکا زوو درێشـەیەکی لە دەسـتی گرت و فـەقـێ نەیزانی نەیدیتـبوو، جـا کـە فـەقـێ لەسـەری دانا بێـوەژن لە پشـتـڕا درێشـەیەکی گـەیاندە قـوونـی و نەخـتـێکی تێن دایێ، فـەقێ لـەبەر ئێـشی درێشـەکـە ئاگای لەخۆ بڕا و کـاتێکی زانی هینەکـەی لە مـاخـۆمـردەکـە نقـوم بوو، بێـوەژنیش دەمێکە ئاو فڕێ دەدا، ناوەکەی خلیسک بوو، جـا هینەکەی فەقێ گـیر نەبوو تاکو سەری لە بەردی ئەلحەد دا.

کاتێک بەخۆ هاتەوە هینەکەی لەئیشدایە، جا وتی: قوڕم بەسەری مارم کاول بوو تازە گەیشتە گەرمایی و ئاگای لە گەرماتی جحەندەم نەما، ئەی هاوار های بە مارم.

بە کورتی خـوا زیرەکییـەکەی بە نسیب نەکرد جا چیرۆکەکەی بۆ فـەقێیـەکەی تر گێڕایەوە، ئەویش وتی: مادام هـەروایە... باش باشی...

مەلای گوندی (گ) و تەحیات

(گ)- گوندێکە لە ناوچەی کۆیە، گوندێکی گەورەیە، دوو بەشی سەیدە و بەشێکی کرمانجن. بەڵام لە بابەت دیانەت و چاکە و ئەخلاق کرمانجەکان....ن، مەلایەکی باش و بەدینیان هەبوو لە دەوروبەری ۱۹۳۰ز. مەلا قادر، پیاوێکی یەختیار.

بەڵام سەیدەکان هەروەکو عادەتیان وا بوو لاملەکیان هەر لەمڕ بوو، هەردەم دژی مەلا.....؟

لە مەلا قادر دڵگیر بوون، ویستیان دەری بکەن.

مزگەوتی (گ)ش گۆمێکی لە تەک مزگەوتەکە هەیە و بوویتە حەوز بۆ مزگەوتەکە، بۆ تارەت و دەستنوێژ.

بەڵام ئاوی ناخورێتەوە. جا سەیدەکان تەگبیر دەکەن، کە مەلا قادر دەرکەن و هەتکی بکەن، جارێک لە نوێژی عیشا مەلا قادر ئیمامە و جەماعەت دەکات، لە تەحیات خوێندن بە دوو سەید دووگردی مەلا بڵند دەکەن بەمەلاوە، دەرێن: نووری پاک حەبیب سەڵاوات. هەری دەگرن و فڕێی دەدەنە ناو حەوزەکە، کەوا بەژنە زەلامێک قۆر دەبێ، مەلا کەوتە ناو ئاو دەستی کرد بە خنکە خنک، سەیدەکانیش هەڵاتن و خەڵکەکەش نوێژەکەیان بڕی و مەلایان دەرهێنا. مەلا قادر باری کرد و ڕۆیی، سەیدەکان چوونەوە کن سەیدەکانی تر وتیان: چیتان لە مەلا کرد؟ وتیان: وەڵڵا داکمان گا.. و بە تەحیاتەوە فڕێمان دا ناو حەوزەکەی ئاو.

دەشی خورێ و دەشی هێشی

عەبدی هەبوو، خەڵکی گوندی دووسەرەی فەتاحاغا، لە دەشتی هەولێر لە دەوروبەری ۱۹٤۱ز گێڕایەوە وتی: لە گوندی گامرد لەبن کەندەڵانێک نەختێک سێبەری لێ بوو.

دنیا مەیلەو پایزە، ژنێکی قنجیلانە لەبن کەندەڵانەکە دەرپێی لە پێ کردوویتەوە، کۆشی هەرمارییە، چ ئاگای لە من نییە، منیش باشم ئاگا لە هەموو شتەکەی ئەوە.

ئەوا ژنەکە خەریکە بیلامانێ مووی بەری هەڵبکێشێ، هەرجارەی دوو کەل و

سێ کـەل، چاوی دەچووقـاند و رای دەتەکـاند و هەڵی دەتـەقـاند، بـەری نێـزیکەی بسـتـێک درێژ بوو، جـا مـووەکـەی دەگـرت و رای دەتەکانـد و چاوی دەچووقـاند و ئەیگوت: یا شێخ (ج) هاوارە.

لەگەڵ راتەکاندن لە ئێشـان قوونی دوو بست لە عـەردی بڵند دەکرد و دەیگوت: دەک هینە کـەرێکت تێـوە، ئۆخـەی، یانی پێم خـۆشـە بە هینی کـەرەکە. ئەم جـارە دەیگۆت: یا پیر داودی گۆچان کەسک، دەک هینە کەرەکت تێوە.

ئۆخەی، ئەوجارە دەیگۆت: یا قەرە حەسەن، دەک هینە کەرەکت تێوە.

ئۆخەی، ئەمەش بزانە بەرۆکەی خۆی هەمووی بەخوێن هێنابوو، جا عەبدی وتی: هێشتا ئیشـەکەی مابوو من لەپشترا دەستم کرد بە کۆخـەکۆخ، کە ژنەکە سـەری بڵند کرد و منی دیت، گورج دەرپێیـەکەی لە پێ کرد و ئاوڕی نەداوە و کـەند و کەند کووزەکەی کرد و هەڵات.

مەلا عیسا هەرتەلی

ئەم مەلا عیسایە لە قەڕنی سێزدەمی کۆچی لە ژیانا بووە، نەوەی ئەم مـەلا عیسایە مـایە و بەناوی ئـەو کراوە لە تەمـەنی ٥٠ سـاڵیـدایە، لێم پرسـی وتی: باوکـیشم کە کـوڕی مـەلا عـیسـا بووە، بـاوکی خـۆی بەفـیکر نەهاتووە، بەڵام ١٠٠ سـاڵ بەر لە ئێسـتـا بە تەعـریفـات لە ژیانا بووە، لە چەرخی مـوفـتی زەهـاوی و حـاجی مـەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە لە ژیانا بووە.

جا ئەو مـەلا عیسـایە پیاوی وا قـابیل و مـەلا و زیرەک لـە چەرخی ئەودا نەبووە، ئەم زاتە مەیلەو دێوانە مـەشرەب بووە، زۆر هوورد و باریک نەبووە، زۆر ئیهتیمامی بەدنیا نەکردووە، جگە لە عیلم و شـەرع و دین نەبێ، خـاوەن مەدرەسـەیەکی گەورە بووە، بە کەسابەت و مورکی (موڵکی)خۆی ژیاوە، چاوچنۆکی نەکردووە.

هەر لە هـەرتەل کـە گوندێکە لە خـۆشناوەتی لە نێـزیک قـەزای رانیـە مـەلایەتی کردووە و مـەدرەسـەی راگـرتووە، هەرتەل لە ٢٠٠ مـاڵ پـتر بووە، چ کـات ئـەم مـەلا عیسـایە لە حـەوت هەشت موسـتـەعیدی کەمـتر نەبووە. مەدرەسـەی ئەو سـوختـە و موتوعەلیق و موستەعید لە ٣٠ فەقێ کەمتری نەبووە.

گوندی هـەرتەل نێزیکـەی رۆژە رێیـەک لە شـاری کۆیێ دوورە، جـاران خـەڵک بە

سواری ولاغ یان بە پێیان سەفەریان دەکرد، مەلا عیساش نەختێ لەشی بەخۆوە بووە، تەبەش پان بووە، زەلامێکی بە جەوهەر و سوور و سپی بووە، ردێنێکی درێژ و جوانی بەردایەتەوە، بە سواری گوێدرێژ سەفەری دەکرد.

کە سواری گوێدرێژ دەبوو عادەتی وا بوو، دووگردەکی (بەرماڵ) بەسەر خۆی دادەدا، بە زستانانیش کەپەنکەکی لەبەر دەکرد لە جیاتی ساقۆ و جوببە و شت. مەندیلیشی قەت لەسەر نەناوە، جەمەدانی یان چەفیەی لەسەر دەنا.

جارێک بۆ کۆیێ دێت، بە سواری گوێدرێژ، دووگردی بەسەر سەری خۆی داداوە، شەش حەوت موستەعیدی لە خزمەتە بە پێیان، لە پێش و لە پاش و لە قەراغی دەڕۆن. لە ڕێگە دەگەیشتنە هەر کاروانێک، هەر زەلامێک، یا لە راست هەر گوندێک ئەم خەڵکە دەستیان بە سنگەوە دەنا و دەهاتن دەستی مەلا عیسایان ماچ دەکرد و پشتاوپشت دەکشانەوە، بە ئیحترامێکی زۆر ئەم حاڵەتە وابوو تاکو لە گوندی سکتان تێپەڕین.

جا مەلا عیسا هەروەستەی کرد و رووی لە فەقێکان کرد و وتی: ئەرێ فەقێینە ئەز عیسای هەرتەلیمە، پیاوێکی زەریف نیمە، ما ئەو خەڵکە لە ولاغان دادەبەزن و یاخۆ لە گوندی بە پیلمەوە دێن، دەستێم ماچ دەکەن و دەست بە سینگیان وەدەنێن و دەرێن: قوربان؟

فەقێکانیش وتیان: مامۆستا ئەو خەڵکە بە شێخت تێ دەگەن.

مەلا عیسا وتی: ما بەشێخم تێ دەگەن؟

وتیان: ردێنەکەت و دووگردەکەی سەرت بە شێخان دەچێ.

جا مەلا عیسا ریشەکەی هەوراز کرد و سێ چوار تفی لێ کرد و وتی: عیسای هەرتەلی ٣٠ ساڵت عیلم و شەرع و حەدیس و تەفسیر خوێند ئەوە ٢٠ ساریشە (ساڵیشە) تەدریس دەکەی! رێگەی دین و دنیا بەراو دەکەیەوە تازە ئەو خەڵکە بە....... تێ دەگەن، یاخوا عەمرت نەمینێ، ئەگەر لەسەر ئەو حارە برۆی خاتیمەت باش دەبێ، سەرت دەچێتە ریشی بابت، هەموو کردەوەکەت بە خەسار دەچێت.

فەقێینە کێ تیخێک، مەقەسێک، شتێکی پێیە؟

یەکێک خەنجەری لابوو دایە دەستی، جا بە دەستێک ریشەکەی خۆی گرت و بە دەستەکەی تر خەنجەرەکەی لەبەرنا.

بەهەرچۆنێ بێت بەشـرومـڕی قـوتی کـرد، دووگـردەکـەیشی تیـتـر بە تیـتـری (دڕاندی) کرد و هەر پارچەیەکی بۆ لایەک فڕێ دا ئەوجا وتی: عیسا خۆ تازە چیی تر ئەم خەڵکە بە....... تێ ناگات.

جا دەست ماچکردنەکە نەما و دەگەیشتە هەر کەسێ بە مەلا عیسا پێ دەکەنین، لەبەر ریش قوتکردنەکەی بە شێتی دەچوو، تا گەیشتە سەر کێوی هەیبەسوڵتان، لەوێ شادە و ئیمانێکی هێنا و وتی: الحمد لله عیسا لە........ دەرچووی، ردێن و دووگرد هەرگرتن لە من حەرام بێ، لێرە بەدواوە. (واتە ریشی درێژ).

ژن هێنان سێ قاڵدرمەیە

دەڵێن: پیرێژنێک کچی خۆی بەشوو دا کوڕێک، بڕیاربوو بەیانی کچە بگوازنەوە بۆ زاوا، جا شەوێ کە چۆڵ بوو دایکە ئامۆژگاری کچەی کرد و زاواش بەدزی لە پشت خانوو خۆی گرتبوو لە کولانەیەک سەرنجی دەدا تاکو بزانی دایکی کچە چی دەڵێ.

دەیگۆت: کچم دایکان زۆر ئامۆژگاری کچیان دەکەن کە بە شوویان دەدەن، بەڵام من درێژەی پێ نادەم، مێردکردن سێ قاڵدرمەیە، جا ئەگەر لە هەرسێ قاڵدرمە سەرکەوتی ئەوا مێردەکە دەبێتە کەری تۆ، قەڕاسەی بکە و کێوەی دەبەی ببە، چی لێ دەکەی بیکە.

ئەگەر خوانەخواستە مێردەکەت لە هەرسێ قاڵدرمە سەرکەوت ئەوا بەخت رەشی و هەرچی وتی و کردی نابێ دەنگ بکەی.

ئەگەر لە یەکێک تۆ سەرکەوتی و لە دووان ئەو سەرکەوت ئەوا لە سێ قسە قسەکی تۆیە، ئەگەر لە دووان سەرکەوتی و لە یەکێ ئەو سەرکەوت هەینێ لە سێ قسە دووانی هی تۆیە، ئەویش یەک.

ئەمەش قاڵدرمەکانن:

شەوی یەکەم کە هاتە لات بڵێ: دەستت بۆن گووی لێ دێ هەستە بیشۆ، ئەوجا وەرەوە، چەندی وتی: وا نییە، تۆ بڵێ: تۆ بۆن ناکەی و من بۆن دەکەم.

شەوی دوایی بڵێ: قاچت بۆن گووی لێ دێ، شەوی سێیەم برێ دەمت بۆن گووی لێ دێ، جا ئەگەر هەرسێ جار بەگێی کردی ئەوا تۆ سەرکەوتی، ئەگەر

جارێ بەگێی کردی ئەوا جارێک تۆ سەرکەوتی ئەو دوو جار، ئەگەر دوو جار سەرکەوتی ئەوا تۆ دوو جار سەرکەوتی و ئەو جارێک، ئەگەر چ جار سەرنەکەوتی ئەوا بەختت رەشە. زاواش جوان گێی دایتە ئەم قسانە.

کورە هاتەوە، دارێکی ئەستووری خۆش کرد و لەبن لباد و رایەخی نا، بووک گوازراوە، کابرا بۆ لای چوو بووکە وتی: هەستە دەستت بشۆ، بۆن گووی لێ دێ ئەوجا وەرەوە، ئەمن هەر هی تۆمە، من بۆن دەکەم تۆ بۆن ناکەی، کابرا وتی چی؟ ئەویش قسەکەی دووبارە کردەوە.

کابرا دارەکەی دەرهێنا و رای وەشاند و لە شلکەی رانی دا و رانی شکاند، بووە قیژە قیژ و هەرا و گریان لە جیاتی خۆشی و گەمە و سەیران. خەڵک کۆبوونەوە و دایکە بەغار هات. وتی: من کچم دا بە تۆ بۆ ژن و مێردایەتی، نەمدا بە تۆ بیکوژی.

کورەش وتی: تۆ دایکی منی گوێ بگرە یەک قسەت بۆ دەکەم: کچەکەت ویستی بە نەسیحەتی تۆ بەسەر قاڵدرمان بکەوێ، بەڵام لە قاڵدرمەی یەکەم کەوتە خوارێ و رانی شکا، ئەگەر لە سێیەم بایە ملی دەشکا و دەمرد.

ژنە قسەی خۆی ناسییەوە و وتی: کورم حەقی تۆیە، کچم بەختی رەش بوو، دەیبەم بۆت چاک دەکەمەوە و بۆت دێنمەوە، جا بۆی چاک کردەوە و بۆی هێنایەوە، بەخت رەش بوو؟

کەر و جاشکی کێ بەسەر خانی میر کەوتووە؟

دەرێن (دەڵێن): پیاوێکی سەرۆک عەشیرەت دەچێتە شاری مووسڵ لە چەرخی کۆن بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان، لەوێ بۆ خۆی و بۆ کورێکی پارچەڵەی یەک و جووت پێڵاو دێنێ. کە ئەوسا قۆندەرە زۆر کەم بووە، کەم کەس هەر دیتبووی، جا خانووی بەناو ئەم کێوانەش جاران پشتی بە عەردی وەنووسابوو، جا خۆی و کورەکەی نەختێ دنیاش تەڕ دەبێ قۆندەرەکان لە پێ دەکەن، لە سەربانی دێن و دەچن بە کەشخە پیاسە دەکەن.

بۆ رۆژی دوایی گەورەکە دەبینێ شوێنی پا لەسەر بانەکەیان دیارە وەکو بڵێی شوێنی پای کەرێک و جاشکێکە.

یانی شـوێن نارچەی قـۆندەرە و چەکـمـەکـانیـان دیار دەبێ، پاش پانیـی پایان، شوێنی ناڵچەکانیان وا دەزانێ وڵاغەک و جاشکەک بە سەربانی ماڵیان کەوتووە.

جا پیاوی خۆی لە گوندەکە جاڕ دەدا و خەڵک کۆ دەکاتەوە، دەڕێ: من لێتان عـاجزم، وام لێ هات کـەر و جـاشک بچـێتـە سـەربانـی خـانووم، ئـەمـەش شـوێنی پایتـیـان، تەمـاشـا دەکەن راسـتـە، جـا دەڵێت سـزایەکی گەورەتـان دەدەم، من لێی خۆش نابم، کابرایەک زۆر دیقەت دەدا و دەرێ: میران ئەز هەرم هێنا.

کورە چییە؟ ئەرێ میران کەری گەورە میرە، کەری گچکەش کوڕەکەتە.

ئەمە شـوێنی پای چەکمە و قۆندەرەکانتانـە لە سەربان هاتوچۆتان کردووە، مـیر زانێ راستـە، زۆر بەسـەر خۆی دادەشکێتـەوە، جا بە تێکڕایی دەرێن: ئەلحەمـدولیلا کەوا کەرێ گەورە میر بوو، کەری گچکەش کوڕەکە بوو.

میران خێرەکت لەسەرە کەوا کەر و جاشکەکە بە جەنابتان و کوڕەکەت دەرچوو، ئەگەرنـا ئەمـە هەمـوو سـیـاسـەت دەکـراین و جـەزاش دەدراین و هـەر چـاوشـۆڕیش دەبووین، دەبووایە هەموومان کەرێ خۆ بکوژین.

یەکی یـەخـتـیـاریش لەوێ دەبێ و دەرێ: وەڵڵا هـەقـە کـە مـیـریش خـۆی بکوژی، لەبەرئەوەی بە کەر دەرچوو.

بەردەباز

کــە لـە شــاری هـەولێــر بـەرەو شــاری کــۆیێ دەڕۆی بە رێگەی ســـەیارە، لەناو زوورگەکانی پشت گوندی کانی (شاوێردی) بەردێکی گەورە لەسەر رێگەیەکە و لە قـەد هەورازێک، پێی دەرێن (بەردەباز)، شـوێنی دوو چـۆکی ئادەمـیـزادی لێـیـە قـۆر (قـووڵ) بووە، شـوێنـی دوو لەپ، گـوایا لـە کـاتی خـۆی ئەسـحـابەک زامـدار کـراوە و چۆک و لەپی لەسەر ئەو بەردە داناوە، قووڵ بووە بە موعجیزە.

هەندەکیش دەڵێن شوێنی ئیمامی عەلییە کە بۆ غەزا هاتییە و چۆکی لەسەر ئەو بەردە داوە بۆ حـەسـانـەوە. جـا هـەر کـەسێ شـتێکی بـۆ دروست کردووە، خـەرک بە پیرۆزی دەزانی، ئەم رێگەیەش رێبازی خۆشناوەتی دەشتی کۆییە بۆ هاتوچۆ.

سـاڵێک دەغـر (دەغڵ) شـیـرین دەبێ، واتە گران دەبێ، بە کـەمـی چنگ دەکـەوێ، تەبعـەن دەشتیش جێگەی دەغرە، خـەرکی ناو چیا مێوەجات و شت دێنن لە دەشت

بە دەغری دەدەن و دەیبەنەوە پێی دەژین.

خۆشناو کاروانێک رێک دەکەون، توورەق دەبەنە دەشتی هەولێر بە گەنم دەگۆڕنەوە، کە دێنەوە بۆ ماڵ لە رێگە هەر ئاوڕ دەدەنەوە، دەڵێن: نەوەکو دەشتەکییەکان بێن بە دوامان و گەنمەکانمان لێ بسەننەوە و توورەقمان بدەنەوە، لەبەرئەوەی توورەق شتێکی بێ هەمیەتە لەلای خۆشناو، چونکە بەخۆی دەوەری لەبن دار توو، خڕی دەکەنەوە، جا خێرا دەڕۆن لە ترسان، تا دەگەنە ئەم هەرەت و پەرەتە: درۆپە (دڵۆپە) و کانی شاوێرد و مام جۆغانان و تا دەگەنە بەردەباز، واتە لە (دۆڵی خانی) رەت دەبن و ترسیان دەشکێ و نامینێ کە دەشتەکی بێنە دوایان و دەغرەکەیان لێ بسەننەوە و توورەقەیان بدەنەوە.

جا کە دەگەنە ئەو بەردە گەورەیە: بەردەباز، ولاغەکان رادەگرن و لەسەر بەردەکە باز دەدەن و باز بازانێ دەکەن و دەڵێن: وەڵڵاهی داکێ دەشتەکیانمان گا و توورەقمان دانێ بە گەنمی سۆر و زەرد، جا هەر کاروان و رێ و بارێ کە دێت رادەوەستن و سەرنجیان دەدەن، ئەوانیش لە خۆشییان هەر لەسەر بەردەکە باز بازانێ دەکەن و وا دەڵێن: تاکو یەک دووانێکیان لە بازدان سەقەت دەبن و لاق و رانیان دەشکێ. ئەوجا ئەوانی تر دەڕۆن و دەڵێن: وەڵڵاهی خوای دەشتەکییان داکێی لێ بەگاندایین.

جا زۆرکەس دەڵێن: لەم رۆژەوە ئەو بەردە ئەو ناوەی لێ نراوە (بەردەباز).

پیاوی برسی هەموو شت دەکات

لە دەورووبەری ١٩٢٣ز، پیاوێک هەبوو لەو دەشتی هەولێرە، رەنگ پیاوانە، بەڵام ئیرادە وابوو لێکەوت و برسی بوو، چەند کچی بەشووی هەبوو، یەک لەم کچانە زۆر لەمێژ نەبوو بەشوو درابوو، نێوان ماڵی باوکی و خەزوورانی نێزیکەی ٨ سەعاتە رێ دەبوو، بە کەر و کاروان. جاران سەیارە و شت نەبووە، یاخۆ زۆر کەم بووە و وەبەردەست نەدەکەوت، ساڵەکە کورت بوو، کچەکەش قنجیلانە بوو، هاتبووەوە باوەخوند.

زۆر پوختە باوکی بەشووی دا بە ١٠ لیرە، دایە گوندێکی سێ سەعات دوور لە گوندەکەی خۆی، بەڵام چۆنی بەشوو دا؟ بەدزی بە شووی دا، بەدزی مارەی کرد،

لەلایەک وتی ناحەزم هەیە، لەلایەکیش وتی: تازیەمان هەیە، جا هەر بەدزی جلوبەرگیان بۆ کرد و لەبەر ناحەز و تازیەش پاش مەغریبێک دوو سێ کەس و ژنێک سواری هێستریان کرد و بردیان، شەوێ زاوا دەچێتە لای، ژنە دەس دەکا بە گریان، ناچار باوکی زاوا و دایکی زاوا دەوری دەدەن، ئەویش هەر بەجۆش دەگریێ، ئەوانیش جاروبار بسم الله دەرێن، نەکو شێت بێ، جاروبار شادە دێن نەکو جەزبە و حاری گرتبێ تا لە ئەنجاما تەنگاویان کرد و ژنە وتی: من بەشوودارم، لە فلان گوند، مێردەکەم ناوی فلانی کوڕی فلانە، باوکم لە برسان منی فرۆشت و سوێندی خوارد لێم کە دەنگ نەکەم تاکو ئەو ساتە. ئەوانیش پیاوانە بوون بەبێ ئەوەی ئیلاقەی بکەن، پێش بەیانی سواری ولاغیان کرد و هێنایانەوە، لەبن ماران بەرەلایان کرد و وتیان گوو بەریشی باوکت بێت لەگەڵ کردەوەی، برۆ نە پارەکە و نە جلوبەرگەکە و نە شتەکانمان ناوێنەوە، شاپەکیان لێدا و بەرەلایان کرد.

ژنە هاتەوە کابراش ١٠ لیرەکەی خوارد، پاش دوو سێ ساڵ لەلای خەزوورانی ئەمە ئاشکرا بوو، یەک دوو منداڵیشی هەبوو، ئەوانیش لێی کەوتنە گومان و وتیان لە بووکێنی دواییت گایراویت تۆ دەستی ئێمە نادەیت، ژنەیان بەرەلا کرد و بووە عەداوەت لە نێوانیان، ژنە لەم ناوەندە لەناوچوو، گۆتیان لە خەفەتان مرد.

حەزلێکردن لەگەڵ بێ عەقلان حەیاچوونە و لەناوچوونە

کابرایەک دڵی چووە ژنێک، زۆر بووە مەرەقی، پیرێژنێکی ئۆین بازی تێ گەیاند و پارەی دایێ کە بچی ژنەکەی بۆ ئیخفال بکا.

پیرێژن چووە ماڵی ژنە و قسەی لەگەڵ کرد و زۆر بە بەژنوبالای کابرای هەرگوت، ژنەکە کە لە قسەی پیرێژن حاڵی بوو هەڵستا چی کرد: لایەکی سەری پیرێژنی تراشی، لایەکی رووی رەش کرد بە تەنی و روون.

دەرگەی حەوشەی لەسەر داخست، کونێکی ئاو پیا چوونە دەرێ لە حەوشەکە هەبوو، پیرێژنی تەنگاو کرد و وتی: دەبێ بەم کونەدا بچیە دەرێ، ئەگەرنا مێردم بێتەوە بە هیلاک دەچی و منیش سوێند درایمە دەرگەی حەوشە ناکەمەوە، بێگومان بەو شیرەی لە مارێیە سەرت دەبڕێ.

پیـرێژن خـۆش و نـاخـۆش بەزەحـمـەت و بـە تۆبزی خـۆی وا لێ کـرد، کـەوا بە کونایەکەدا بچێتە دەرێ، چووە دەرێ و هەرات و هاتەوە لای کوڕەکە.

بە کوڕەی وت: رۆڵە نەکەی ژنێکی زۆر تووش و دڵڕەقـە، مێردی خۆی زۆر خـۆش دەوێ و حـەز لە کـەس ناکـات، لایەکی سـەری تراشـیم لایـەکی رووی رەش کـردم. دەرگەی لەسەر داخستم، بـە تۆبزی و پاڵ پێوەنان بە کونی چڵکاو هاتمە دەرێ، جا ئامان نەکەی کوڕم.

کوڕە پێکەنی و وتی: داپیـرە ژنە زۆر عـاقـڵـە، زۆر حـەزی لە حـەزلێکردنە، بەڵام تووشی پیاوی خۆی نەبووە لە عـاقڵی، حەز لێکردنیش لەگەر بێ عـەقڵان حەیاچوون و لەناوچوونـە ئەنجامـی، نیـوەی سـەری تراشی مـانای ئەمـەیە نیـوەی شـەو بابێ، لەبەرئەوەی مووی سەرت تەشبیهە کراوە بەشەو.

نیوەی رووی رەش کردی مانای ئەمەیە: مانگ ئاوابوو وەرە.

دەرگەی داخست و بەکونایەکە هاتیـە دەرێ مانای ئەمـەیە: دیواری حـەوشـەمـان بڵندە دەرگە دادەخرێ چ رێ نییە پێیدا بێی مەگەر ئەو کونایە نەبێ.

جـا مـن ئەو شـەو دەچم، چەندی پیـرێژن رووی پچـڕییـەوە سـوودی نەبوو لە نیـوەشـەو پاش مـانگ ئاوابوون، بە کـونایـەکـە چووە ژوورێ، دیتـی ژنە حـازر و ئامادەیە، چاوەنوارە.

جا گەیین بەیەک و مەعلومیان کرد کەوا هەردووکیان زۆر عاقڵن، بوونە دۆستی یەکتری، ژنە وتـی: من دراومـە بە کەرێک، من و ئەویان نـەوتووە، جـا من ئارەزووی حـەز لێکردنم هەیە، بەڵام لـەگەڵ یەکێکی عاقـڵ. لەبەرئەوەی حـەزلێکردن لەگەڵ بێ عەقڵان حەیاچوون و لەناوچوونە ئەنجامی، دیارە تۆش زۆر عاقڵی.

من ژنێکـی زۆر جـوانم زۆر کـەس لە دوام گـەڕاینـە، بەڵام تووشـی پیـاوێکی عـاقڵ نەبوویمە، بۆیە تا ئێستا حەزم لە کەس نەکردووە.

ئەوە بوو بوومـە دۆسـتی تۆ فـەرمـوو، کوڕەش بەیانی پیـرێژن لای وابوو کوژرایە کەچی بۆی گێڕاوە، کەوا لە ئیشـەکەی ناجیح بوو، سـەرکـەوت و خـەڵاتەکی باشـی پیرێژنی کرد.

کچە کورد راکێشن

لە پاش ساڵی ١٩٧٥ لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی نەختێ لە کورد لەناو عەرەب جێنشین بوون، دوو عەرەب تەماعیان کرد لە کچە کوردێک، کچەش دڵی ئەوانی نەدەویست، جا عەرەبەکان بڕیاریان دا کەوا شەو بێن و کچە راکێشن، کچەش باوکی ئاگەدار کرد لەم هەموو کەین و بەینە، باوکیشی میری ئاگەدار کرد، بەڵام کەس گوێی نەدایێ، شەو داهات باوکە بەساڵاچوو بوو دەستی دا کولە خەنجەرێک و لە پەنای قاپی ژوورەکە راوەستا، کچەش دەرگەی دانەخست و چاوەڕوانی هاتنی کوڕە عەرەبەکان بوو، لە کاتێک دوو چەکداری گەنجی عەرەب بەرەو ماڵەکە هاتن، کچە وتیە باوکی: وریا بە ئەوان هاتن، کابراش خۆی مشتومال کرد و کولە خەنجەری بە دەستەوە، گەنجە عەرەبەکانیش بێ باکانە هەڵیان کوتا بەرەو دەرکەوە، ئەمەی بەراییان پای خستە ژوورەکەوە، تەبعەن عەرەب جلوبەرگیان تەنکە و کەمە، کابراش بەهێز و تاقەتی کولە خەنجەری وەشاندە عەرەبەکەی بەرایی، لە هوورگی دا و، ریخەڵۆکی کەوتە خوارێ و کەوتە پەل کوتان، ئینجا ئازایانە دەستی گەیاندە چەکەکەی عەرەبی کەوتوو رووی کردە عەرەبی زیندوو.

گەنجە عەرەبەکەی دواوەش زانی برادەرەکەی پاڵ کەوت بایداوە هەڵات و قوچاندی، کوردەش تومەز نیشانە شکێن بوو، گوللەکی حەواڵە کردێ لە دواوە، گوللەی ماخۆمردیش بەسەری کابرای عەرەب کەوت و مێشکی برژاند و کەوتە سەر عەردی... ئینجا هەردوو عارەب دوعاخوازییان کرد لە دنیا و بەزستانی سارد بەرەو گەرمەسێری.

کوردەش هەردوو سیلاحی تەسلیمی میری کرد و ئیشەکەی تێ گەیاندن و میری هات و کەشفی کرد... چابوو ئەمانەی لەپێشڕا کە جاری یەکەم باوکە خەبەری دابوونێ وەکو مەردان شایەدییان بۆ دا. میریش ٦ مانگ کابرای حوکم کرد ئابۆ ئەم شتانە وتراوە:

غـــــیـــــــرەت و عـــــــەزیمەت
چـاتـرە لـە مـــــــــــار و دەورەت
غـــــیـــــرەتداری نـامـــــووسێ
نـابـێ لە کـــــــەس بتـــــــرسێ

کوێخا تورشی

لە ساڵی ١٩٤٧ز تاخمە فەقێیەکی دزەیی لە کۆیسنجاقیان دەخوێند، لەلای مامۆستا مەلا مەعسومی هەورامی، کە پیاوێکی زۆر مەلا و ئاقڵ و سەخی بوو، فەقێیەکان هەمووی لەسەر ئیجازە بوون و زۆریان خوێندبوو. سەرەتای بەهارە، تەموین لە گۆڕێیە، کیلۆی شەکر بە ١٢٥٠ فلسە، هۆقەی چایە دە پاکەت بە ٥ دینارە. عەلبەی گەنم نێزیکەی ٣٠ دینارە. نان و شەکر و چایە و مەسرەف زۆر کەمە بەتایبەتی بۆ فەقێیان. شەکر و چایە و کووتار (کووتاڵ) بە بیتاقە و کۆبۆن دەدرا. دنیا تەنگە، نێزیکەی ٢٠ فەقێ لەلای مامۆستا مەلا مەعسوم دەخوێنێ، رۆژێ هەر فەقێ دوو نانی هەیە، برسینە و تێر ناخۆن، بەڵام خوێندن و دەرسیان زۆرچاکە بۆیە دانیشتوونە.

خەڵک خۆی بێزارە، چ جا مێوان، بۆ ئەم رۆژەیە وتراوە: ماڵ لە خۆی نەبوو مێوانیشی هات.

رۆژێک فەقێ دیتیان کابرایەک بەژۆرێ کەوت لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا دەبوو، کورتەکەکی فش و فۆری لەبەر بوو، دەرپێیەکی سپی چاوپان کەوشێکی رەشی بەکلک، بنی نارچە (ناڵچە) کرابوو.

سەلام و عەلێک، عەلێکە سەلام، ماندوونەبی خارە، خوا عافوتان کات. ناوت چییە؟ کێخوا تورشی، خەڵکی کوێندەری؟ گوندی بەردبڕ لەناو مەنتکانی، خێرە هاتوویە کۆیێ؟ بیتاقەم هەیە و بۆ شەکر و چایە و کووتار هاتوویمە. بەخێر بێی.

هێوارێ سێ چوار قاپ شیو هات و کەمێک نان، دەست کرا بە خواردن مام کێخوا دەتگۆت لە دوێنێوە چی نەخواردووە. پاش شیو چایەی دیشلەمە لێندرا، مام کێخوا نازانی دیشلەمە بخوات، بۆی شیرین کرا لەم بێ شەکرییە، جا مام کێخوا دەستی کرد بە مەتحی خۆی کەوا: خانەدان و گەورەی عەشیرەتی مەنتک بووە.

ئەحمەد ئاغای بالەبان کەوا رەئیسی مەنتکانە و پیاوێکی گەورەیە، مام کێخوا وتی: ئەحمەد ئاغا ئێمە کردمانە ئاغا و گەورە، ئێستاش تڕ و تۆپی گەورە بووە و نامانناسێ، حەز بکەم هەنووکەش لێی دێخم.

جا دەستی کرد بە مەتحی خۆی، بەسووکی ئەحمەد ئاغا و مەجید ئاغای مەنتک و رەئوفاغەی مەنتک، بە کورتی نەیبڕییەوە. فەقێیەکان بێزار بوون، سوبیانێش نان و چای خـوارد و چووە شـار و نیـوەڕۆ هـاتەوە نانـی خـوارد و هێـوارەش هـاتەوە هەروا، رۆژی سـێیـەم هـەر بەم حـاڵە، بۆ هێـوارەی سـێیـەم فـەقێیـەکان وتیان: ئەمـە ئەوسـاڵ شـەریکمـانە، وا چاکە فـێرێکی (فـێڵێکی) لێ بکەین، نوێژی مەغریب چووە مزگەوت بۆ جەماعەت، سـوختەیەک کـەوشـەکانی دزی و شـاردییـەوە، پاش نوێژ مام کێخوا گەلێکی وت: کوا کەوشـەکەم، گەڕا و سووڕا چارەی نەبوو، قاپقـاپەیەکی لە پا کرد و هـاتەوە حـوجرەی فـەقێـیـان و وتی: کـەوشـەکەمـیـان دزی. فـەقێـیـەکانیش وتیان: کۆیی فێرن کەوش و پێراو لە خەڵکی بێگانە دەدزن، تۆ پیـاوەکی گەورەیی و ئەحـمـەداغـەی بەلـەبان هەتیـوەی ئێـوە بووە، عـەیبـە باسـی کـەوش بکەی، بەیانی کەوشێکی نوێ بکڕە، وتی: ناوەڵڵا باسی ناکەم. بەیانی با فەقێیەک بچی کەوشێکم بۆ بێنی، بەیانی بـە بەنێک قەدەری پێیـان گـرت و دوو دیناری دا سوخـتـەیەک، چوو کـەوشـێکی بۆ بینـی، چونکە کەوش بە دوو دینار بوو، فـەقێـیـەکە هـەر کـەوشـەکەی خۆی برد و ناڵچەکەی لێ کردەوە و بۆیاغی کرد و بۆی هێناوە، مام کێخوا لە پێی کرد و جـووتەیەکی لە عـەردی دا و وتی: ئـەم کـەوشـە دەرێی بۆ پای من کراوە، هـەر لە کەوشەکەی من دەچی، فەقێیەکەش وتی: مام کێخوا هـەر کـەوشەکەی خۆتە. مام کێخـواش وتـی: نـا – نـا– فـەقێ، هێندە کـەر نیمـە و دەزانم کـەوشـەکەی مـن نییـە، چونکە هینەکەی من نارچەی پێـوە بوو، ئەمـە نارچەی نییـە، هینەکـەی من پیس و پۆخـــر بوو، ئەمـــە رەش و جـــوانە، هـەر ئەوەتە نـوێ نیــیــە، جــا لە پێی کــرد و دوعاخـوازیی کرد و رۆیی، بەڵام وتییە فـەقێیەکـان: تاقیبی کەوشەکەی من بکەن و بۆم بسـەننەوە، لەلای خـۆتان داینێن. تـا من یەکـێک هـات و خــەبـەر دەنێـرم بۆم بنێـرنەوە، وتیـان: بەسـەر چاوان، بەڵام دەرێی ئەمـە هـەر کـەوشـەکەی خـۆتە لەپات کـردووە، وا دەزانین ئـەمــەی دزیتـی لەلای دووکـانداری دانـاوە، فــەقـێکەش چووە تەسـادوف هـەر ئـەوی بۆ هێنایەوە، بەس پارەکـەت زەرەر لێ کەوتووە، مـام کـێخـوا وتی: نا– نا فـەقێ، من هێندە گێل نیمـە و هـینەکەی خـۆم دەناسـمـەوە سـەت سـاڵی تریش بێت. جا رۆیی و خواحافیز پارەکەشیان کردە مەسرەفی حوجرە..

خوا لەسەر هەقانە

لە چەرخی یازدەمینی کۆچی، سەید سەلمانێک هەبووە لە دەشتی هەولێر، لە گوندی چارداغ، دانیشتووە لە بن زوورگەزراو، ئێستاش شوێنی ئەم گوندە هەر ماوە، کانی ئاوەکیش هەیە لەناو زوورگەکە پێی دەڵێن: کانی چارداغ، ئاوێکی خۆش و شیرینی هەیە.

ئەم سەید سەلمانە داوای شێخایەتی کردووە، خەڵک زۆر موتیعی بووە، گوایا کەشف و کەرامەتی هەبووە، خەریکی پەیداکردنی سەروەت و سامان بوو. لە ناکاو پیاوێک لە گوندی هێلەوە لە دەشتی هەولێر، نێزیک لە گوندی چارداغ پەیدا بوو، پێیان وتووە: دەروێش عەولای ئەندەلووس، کوردەواری دەڵێن: دەروێش عەولای عەندەڕوس.

پیاوێکی موسڵمان و بەدین بووە، وردە وردە خەڵک لێی کۆبوویتەوە، پێیان وتووە شێخی بەرمار (بەرماڵ)، واتە سەید نییە، بەس بە بەرمار و دووگرد پێگەیشتووە.

سەید سەلمان کە ئەمەی زانی لە دڵی گران بوو، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا خۆی رەجەب بووە، ئێستا شەریکی بۆ پەیدا ببێ ئەمەی زۆر لە دڵا گران بوو، بڵاوی کردەوە، کەوا: ئەم دەروێش عەولایەی هێلەوە شێخ نییە و دەس بەتاڵە، جەوابی بۆ نارد کە لەو ناوە نەمینێ، ئەگەر نا تیرەنگێوی دەکەم، ئەویش گوێی نەدایێ و بەردەوام بوو تا هات و خەڵک پتر دەوری دەدا، تا گەیشتە ئەم رادە کەوا، کەشف و کەرامەت بنوێنی، بە کورتی خەڵکەکەش هەردوو لای هاندان، رۆژێکیان دانا بە میعاد.

لەم رۆژە خەڵک هەمووی خڕبوونەوە، بڕیار درا کەوا دووگردێک (بەرماڵێک) لەسەر دارێک قایم بکرێ و بانگی بکەن و بزانن دێتە لای کامیان.

دوور دووگردەکەیان لە دارێک قایم کرد، سەید سەلمان لەخۆی بایی بوو، رووی لە دووگردەکە و دارەکە کرد و قیڕاندی و گاسی (بانگی) کرد، هەموو خەڵکەکەش کۆ بووبووەوە، فەرمووی: درەخت برا من رابیاوەر، یانی ئەی دار بۆ لای من وەرە، چەندی وت سوودی نەبوو، جا دەروێش عەولا دوو رکات نوێژی کرد و وتی: ئەی دار و دووگرد بە ئەمری خوا و قودرەتی خوا بۆ لای ئەو عەبدە گوناحکارە وەرن.

دار و دووگردەکە بەغار هاتن، سەید سەلمان قایل نەبوو ئەو جارەش دای

مـەزراندەوە، هەمسـا وتی و قیـڕانـدی و کەسکی لەسـەری فڕێدا و وتی: درەخت برا من رابیــاوەر، درەخت نەهات، سێ جــاری وت ســوودی نەبوو، جـا ســەید ســەلمان سەری قۆت کرد و پێی پێخواس کرد بۆ لای دارەکە و دووگردەکە چوو وتی: (گویند ئەولیا بانراکبر بناشد درەخت برا من رەفتە نەمی کردە من برای درەخت رەفتە کـردم): ئەولیـا دەعیـەیان نیـیـە، دار بۆ لای من نایێ مـن بۆ لای دار دەچم جـا بە غاردان بۆ لای دارەکـە چوو، جا بەمـەش خـەڵکەکەش گشت دەورەیان لە دەروێش عـەوڵادا و سـەید سـەلمان کـەسی لە دەورەی نەما، لە خـەفـەتان بە زگی دا و وەفـاتی کرد.

ئێسـتـاش قـەبرەکـەی ماوە و مـەشـوورە لەسـەر ڕێگەی گرد عـازەبان و چارداغە، بەڵام وا دیارە وجـاغکۆر بووە، لـەبەرئەوەی دەنگوباسـی کــەس و کــاری نیــیــە و شوێنەواری نییە.

بەڵام دەروێش عــەوڵا منداڵی زۆر بـوو پیــاوی زەریفــیــان لـێ هەڵکەوت، تـا لە ئەنجاما بنەماڵە زۆر بن هـەمـوو جۆرە کەسـیان لێ پەیدا دەبێ، بوونە خـاوەن گوند و مـوڵک، خـەڵک و ئـاغـاوات و کێـخـوای دێـیـان حـورمـەتیـان زۆر گـرتن ئێـسـتـا مـەرقـەدەکـانیـان خـەڵک بـۆ نیـاز و مـراز زیارەت دەکـرێن، لـە گـۆڕسـتـانی شـێخ شەروانە، ئەم دێهاتانەشیان کەوتووەتە ژێر دەستیان:

١- گوندی عەلیاوەی شێخ حەسەن.

٢- گوندی ماستاوە.

٣- نەختێ لە گوندی دەێمات.

٤- نەختێ لە گوندی عەزە

٥- نەختێ لە گوندی یەدی قوو

٦- نەختێ لە گوندی سەیدۆکە

٧- نەختێ لە گوندی ساقیە، ناوچەی گوێڕ.

ئەم چیرۆکە لە حاجی قادری ماستاوەییم بیست کە تەمەنی نێزیکەی ١٢٠ ساڵ دەبوو، لە دەوروبەری ١٩٤٢ز، کە من فەقێ بووم لە گوندی ماستاوە.

ئەم بنەماڵە سەر بە بنەماڵەی شێخ نوورەدین بریفکانی بووینە، پیاوی زەریفیان لێ هەڵکەوتووە لە بابەت دین و شێخایەتی.

ژن و پاشایەتی

دەڵێن: لە شارێک لە چەرخی کۆن ژنێک مێردی نەبوو کرابوو بە پاشا، ئەم خەڵکە وا لێ کرابوو کەوا کۆشی ئەم ژنە بپەرستن و هەموو حەفتەیەک زیارەتی بکەن، واتە: ئەشراف و پیاوی گەورە، جا لە ڕۆژی میعاد ئەم ژنە کۆشی خۆی هەر دەماری پاڵ دەکەوت و چاوی دەهاوێشتە سەر یەک وەکو خەوتوو، ئەم خەڵکەش یەک لە دوای یەک، قونی یەکتریان دەگرت و یەک یەک ئەهاتنە ژوورەکە و کۆشی ژنەیان ماچ دەکرد دەستیان پێدا دەهێنا و بە دەموچاوی خۆیان دادەهێنا بۆ تەبەڕوک و موبارەکی، کابرایەکی بێگانە ڕێگەی کەوتە شارەکە بەڵام زەلامێکی مستەحەق و چوارشانە بوو، دەعباکەشی زل بوو، ڕەنگ و ڕەزاکەشی گەلێ ڕێک و جوانتر بوو لە خەڵکەکەی ئەم وڵات، ئەویش دیتی ئەوا خەڵک پشتی یەکتریان گرتووە و بەسرە یەک یەک دەچنە ژوورێکەوە و بەلایەکی تردا دێنە دەرەوە، ئەویش وتی: داخوا دەبێ ئەمە چ بێ؟

لە پاشەوەی هەمووان ڕاوەستا و خەڵکەکە بەنۆبەت دەچوونە ژوورێ و بەلایەکی تردا دەهاتنە دەر، نۆبەت گەیشتە ئەو کە چووە ژوورێ و کەسیش لە دوای نەماوە و هۆدەش چۆڵە، دیتی ئەوا ژنێک مەیلەو کەوتیتە سەر پشت و چاوی لەسەر یەکە و ناو گەلێیوتەو دەڵێی بەفری کوێستانە، شتێکی وەکو کوارگ لەناو گەڵیتی و قەڵەشێکی باریکی تێدایە و خوناوی لەسەر کەوتووە، دەڵێی: هەر کەوە لەناو دۆڵی چیای بەفر لێکوتوو، سەد ماشاء الله.

کابرای بێگانەش کە چاوی پڕکەوو دەروێش کەوتە زیکر و فیکر، دەمێکە لە ماڵەوە هاتووە – هەم بێگانەیە و هەم بێگانە، بەمەزبوتی خۆی داکەند و نەیکردە نامەردی دەعباکەی گەیاندە قەڵەشەکە، دەتگۆت بەسەد کەس پاڵیان پێوەنا و خۆی تێدا نقوم کردو سەری لەبەردێ ئەلحەد دا، ژنە تیویش زۆری لە قەلب خۆش بوو چاوی هەڵنەبڕێ و دەنگێ نەکرد تاکو کابرا کوندەی بەتاڵ کرد و قەڵەشەکەی پڕ ئاو کرد، لەبەر گەورەیشی سفت و سۆی دامراند، ئەوجا ژنە سەری بڵند کرد و کابرای دیت زانی کەوا خەڵکی ئەم وڵاتە نییە ئەگەر نا ئەویش زیارەتی دەکرد و دەستی بەدەموچاوی دادەهێنا، وتی: کابرا بۆ چ وات کرد؟ من پاشامە و کەس وای لە من نەکردووە، تۆ بۆ چ وات کرد؟ کابراش وتی: قوربان من وەکو گەلەکەی

جەنابت نیمە و زیارەت لە وڵاتی ئێمە ئەوهایە، لەبەرئەوەی شتێک سەری زیارەت بکرێ و بنی زیارەت نەکرێ ئۆخەی نامرێ، زیارەتی بەڕاست ئەمەیە: سەر و بنیشت زیارەت بکرێ، جا بمبوورە- جاری تر ئەم ناماقوڵییە ناکەم، ژنەش پارەیەکی باشی دایێ بەخشیش، وتی بەڕاستی تۆ شەعبی بەڕاستی هی ئەمانە هەمووی درۆیە، هەموو حەفتە وەرە بەڵام ئەوها لە پاش هەموو کەس ڕاوەستە و وەرە بۆ زیارەت جا کابرا ماوەیەک وای کرد و هەر جارە پارەیەکی باشی وەردەگرت، تا لە ئەنجامدا ژنە تامی لێ هەڵگرت و کابرای کرد بەمێردی خۆی،... هتد.

باو مەلا بەکیری داڕیاند

کابرایەکی خۆشناو باوکی مرد - جا لێیان پرسی: باوکت کو مرد؟ کابرا وەڵامی دایەوە و وتی: باو مەلا بەکیری داڕیاند ما باو چ بەرا لێ بوو- ساغ و سەلیم لە ماری خۆی ئاگای لە چ نەبوو مەلا وەکی جندۆکە هاتە بن گێی باو و خوێندی: نوێژەک بکە، غوسر بکە، ئەوە بکە، ئەمە بکە هەتا مەلای باو گا، باو هەندێ خۆ برند و نەوی کرد لە نوێژان، هەندی قونی خۆ دەبەر ئاوی ناو تەڕی کرد، دەست بەخۆ شورین کرد کە دایەمی دەگا، تا باو بەکیری مەلای داڕیا، ئەگەر ئەمن پیاو بم مەلا لەسەری ناچێ، شەرتبێ کوی باو بەکیری خۆی داڕیاند ئەو های بە کیری خۆم دابڕێنم.

دووشێت لە شوێنێک نابێ

لە چەرخی (١٩٤٨)ز تاخمە فەقێیەک لە شەقڵاوەیان دەخوێند لەلای مامۆستا حاجی مەلا سادیق.

شێتێ کیش بەمزگەوت فێر بووبوو، بەزوری بەشەو: لە پاش نوێژی عیشا دەهاتە حوجرەی فەقێیەکان دەستی بە قسەی هەلەق و پەلەق دەکرد: وا دەبوو جنێویشی دەدا و دەستیشی دەوەشاند.

ناوی: سەلیمە شێت بوو، لە ئەسڵ دا خەڵکی گوندی: کۆڕێ- بووە، کاتیش زستانە، بەفر زۆرە، دنیا ساردە.

ڕۆژێک فەقێیەک پەیدا بوو – جوبە و مەندیلێکی نوێی لەبەر بوو، خاوێن و باوێن، ناوی: مەلا (ڕ)– بوو، خەرکی گوندی:...، لە پشت ڕەواندز، مەلا (ڕ) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە لە کۆی سنجاق، هاتویتەوە – دەچێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی: لەوێ ببێ بەمەلا، مەلا (ڕ) لە خوێندن و تێگەییشتوویی دەستی کورت بوو.

مەلا (ڕ) هات و مێوانی فەقێیەکان بوو لە شەقڵاوە سەرۆکی فەقێیەکانی دەناسی لە کۆنەوە، ماندی نەبی، چاکی، سەلامەتی، بەخێربێی، هێواریێ نان خورا، مەلا (ڕ) بەعەزمەت دانیشتووە، تازە ئیجازەی وەرگرتووە، زۆر ڕالەخۆیە، بە فەقێیەکانی وت: دەبێ تەشریفتان سوبیانێ لەگەڵ من بێن بۆ گەورەییم هەتا گوندەکەم، چەند ڕۆژێکیش لەوێ بن – تاکو خەڵکەکە وا بزانی: کە ئێوە فەقێی منن، بە کورتی دەبێ بێن،

هەروەکو وتمان: کات زستانە، بەفر زۆرە، سەیارە هەر هەتا دیانە دەچێ، لەوێش بە پێیان بەناو بەفر بۆ گوندی هەروەها وتییە فەقێیەکان: من پارە و مەسرەفیشم نییە دەبێ جەنابتان لەسەر حسێبی خۆتان بەگەڵم بکەون، هاوینێ کە ڕزق پێگەیشت مەسرەفەکەتان دەدەمەوە،

فەقێیەکانیش ئەگەر دەرێن: نایەین– عەیبە و کابرا تازە مەلایە، ئەگەر دەشرێن: دێین، لەلایەک زستانە، لەلایەک بەفر و ساردە، لەلایەک مەسرەف نییە، لەلایەک دەبێ ماوەیەکی زۆر بەپێ بەناو بەفردا برۆن، لەلایەک ماوەیەک دەرسیان دەڕوات، کەوتنە ناو بەحرێکی خەم، سۆبە دەسووتێ، زستانە، داری تەڕک لە حوجرەی فەقێ زۆرە، لە ناکاو دەنگی سەلیمە شێت هات.

سەرۆکی فەقێیەکانیش وتییە مەلا (ڕ): دەنگێ دێ، شێتەکی پیسە، ڕەنگ نییە یەکی بێگانە ببینێ، دەست ئەوەشێنێ، مەلا (ڕ) وتی: چارەم چییە؟ فەقێیەکە وتی: خۆت لەبن جێ بنێ و کە هات وا دەزانی ئەمە هەر فەقێی خۆمانە و خەوتییە، جا دەمێک دادەنیشی و دەڕوات، هەینێ جەنابت هەرستەوە، وتی: باشە، جا مەلا (ڕ) پاڵی داوە و نوێنیان پێدا دا و دایان پۆشی، سەلیمە شێت بە بۆرەبۆر هات و دانیشت و دەستی کرد بەقسەی هەلەق و بەلەق، سەرۆکی فەقێیەکانیش وتی: سەلیم ئیمرۆ نەختێک موساعەدە بکە، لەبەرئەوەی ئەمەی وا لەبن جێیە ئەوەش هەر شێتە با بەخەبەر نێت نەکو ببێتە شەڕ لە نێوانتان و زەبرێکت لێ بدات. جا

سـەلیم بێ هەست بوو، دامـا، لە ژێرەوەش دەسـتـیدا تـەڕکەکی دار لە ناکـاو وتی: هـا- دایکت بگێم ئێرە جێگەی دوو شێت نابێ، دەبێ هـەر یەکمـان لێرە بین و سـاغ بین، جـا وای وت و لە ناکـاو تاوی دا مـەلا (ڕ) و دایـە بەر تەڕکـان، لێـدە و لێـدە، سەلیمیـان گرت، بەڵام چ گرتیان؟ بە سێ کەس بەرزەفت نەکرا، تا بەرزەفتیان کرد ئۆخەی لە مـەلا (ڕ) دەرکرد، مەلا (ڕ) هـەستا و مشەوەش بوو، لەش و گیـانی کوترا بە تەڕکان، فـەقێ سەلیمیان دەرکردە دەرێ، بە هـەزار ناری عەلی مـەلا (ڕ) بەخۆی هاتەوە، جا فـەقێـیەکان دریان داوە بەڵام فایدەی چییـە پـاش ترێ خـەپشـەی برێ فـەقێیـەکان وتیـان: ئەم شـێتـە سەگە ئاشـقی ئێمـە بووە و بۆن دەکات بچینە هـەر شوێنەک دێتـە دوامان، جا بەیانی زوو مـەلا (ڕ) وتی: بەدوعا، فەقێیەکان وتیان: لە خـزمـەتت نـەبین؟ وتی ناواللـە- ئێـوە بێن و سـەلیـمـیش دێت ئەو جـارە لەوێ هـەر دەمکوژێ و حـەیاشم دەچـێ، بەدوعـا- وتیـان: با هـەتا جـادە لـەگـەڵت بێین، وتی: حـاجەت نییـە بەس سەلیمم لە یەقـەی بکەنەوە، مـەیەڵن بزانی من ڕۆییم، جـا ڕووی کردە فەقێیەکان و وتی: مـار کاول بۆ خۆتان بەدزی لێرە بڕۆن با ڕۆژێک یەکێکتان نەکوژێ، ئـەوانیش وتیـان: فـەرمـوو تۆ خـوا حـافیـز و چارەی مـەش ئاسـانە، ئابەم حالە مەلا (ڕ)یان لە یەقە بووەوە.

مام سەلیم (گ) و ئینزباتی خەڵک

لە سـاڵی (١٩٥٨)ز عێـراق لە پاشـایەتی بووە کۆمـاری لە سـەتا پێنج نەبێ ئەوی تر ناوی لە خـۆنا شـیـوعی، لە جـادە بەرەڵا بوون و دەسـتـیـان کـرد بەچەپڵـە و پڕدانە پیــاوی ئاین و خــانـەدان و شــتـی وا، هەمــووی نەفــام و نەزان و نـەخـوێندەوار، هەربابابوو دەمـانـچـۆکەکی لە خـۆ بەست جـەیشـێکی سـەربەخـۆ دامـەزران بەناوی (المقاومة الشعبیة) ڕاووڕووت دەستدرێژیش دەکرا بۆ مەسڵەحەتی چەند کەسانێکی تایبەتی و بەناوی تێکدانی موئامەرە.

واتە: سـەر بە دەوڵـەتی ڕۆهـەڵاتی بـوون (ڕووس) لە دژی دەوڵەتەکـانی ڕۆئـاوایی بوون (ئەمەریکا و ئینگلیز).

نەقـابە و شت دامـەزرا ئـەم ناوچەی هەولێـرە کـەوتە دەست رەحـمـانـە شـەل و مەحموود عـەدۆ، جا لە هەموو ناوچە هەر زەلامێک بوو دەمانچـۆکەکی لە خۆ بەست

و پارچە پەڕۆکەکی سووری لە قۆڕی بەست، گۆیا ئەمە ئینزباتی شەعبیە، جا لە گوندان و لە ڕێگان رادەوەستان بۆ تاقیقات و تەفتیشی ڕێ و بار نەبادا موئامەرە بکەن لە دەوڵەت بۆ ئینگلیز و ئەمەریکان.

بە ئاغا و کێخوای دێیەکانیان دەگۆت: ئیستیعمار و کلکی ئیستعمار و دەرەبەگ، بەم کەسانەی سەر بە ئاغا و کێخوا بانە پێیان دەگۆتن: چەلاوخۆر و گۆردە، بە مەلاو شێخەکانیان دەگۆت، کۆنەپەرست و رەجعی.

جا بەم ناوانە: چەپڵە لێدە و جنێ و بدە و تەعەدا بکە و ڕاووڕووت بکە،... هتد.

بەکورتی: ئەگەر کتێبێک لەم بابەتە بنووسرێ (٢٠٠) وەرەقەبێ هەر تەواو نابێ.

کابرایەک هەبوو لە ناوچەی کەندێناوە لە گوندی: گردی...، لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا ئەبوو پێیان دەگۆت: مام سەلیم، ماڵۆکەکی مناسبی هەبوو،

کەرێکی سپی حەساوی هەبوو لە سەفەر و شت لە جیاتی سەیارە و شت سواری کەرەکەی ئەبوو، کوڕێکی هەشت نۆ ساڵی هەبوو چیی تر نا، ژنێکی جوان و جاحێلی هەبوو خڕ و پڕ و قنجیلانە، تومەز ئەمە ژنی دواینەی بووە، مام سەلیمیش بە ساڵا چووی بوو.

ژنەتیو بە مام سەلیم بەرهەم نەدەبوو و تێری نەدەخوارد، خەڵکەکەش ناوی ئیشتیراکی و حوریەتیان گرتبووە زار، جا چ ڕۆژ وا نەبوو کەوا: دوو سێ ئینزباتی شەعبی لە مام سەلیم مێوان نەبن، گۆیا مەسولە لە حزبی (اتحاد الشعب) کە دەهاتن بەخێر هاتنێکی گەرموگوڕ، گورج مریشکەک دەکوژرایەوە، دەکرا چەلاوو پلاو، واش دەزانم ژنەتیوو ناوی عەیشێ بوو بەلام چ عەیشێ، بەناز و خڕ و پڕ و نازک، گۆیا مێردی لە گوندی مەسولە.

جا ئەم هەتیوو تالانە کە دەهاتن گورج پارچە پەڕۆیەکی سووریان لە قۆڵی خۆی دەکردەوە و لە قۆڵی مام سەلیم دەبەست، دەمانچۆکەکیان لە نێکی دەبەست لە پارچە قاقەزێک چەند ڕەقەمەکیان دەنووسی دەیاندا دەس مام سەلیم، گۆیا سەیارەیەک ڕفاندرایە لە شاری: مۆسکۆ بۆ ئەم ناوچانە هاتووە.

ئەمانەش تاقیبی ئەم سەیارەیە دەکەن تا نانەکە حازر دەبێ و ئێمە ئیسراحەت دەکەین کاک سلیم لەسەر ڕێگەکان ڕابوەستە و هەر سەیارەیەک هات ڕای بگرێ، بزانی ئایە تووشی ئەم سەیارە ڕفاندراوە ناکات، جا مام سەلیم گورج بڵند دەبوو

پەڕۆی سۆری لە قۆڵی گۆیا ئینزباتی شەعبە، دەمانچۆکەکی لە نێکی، دەمێک لەسەر ڕێگەی کۆزەپانکە و دەمێک لەسەر ڕێگەی خەزنە و دەمێ لەسەر ڕێگەی حەسەن بەگ و دەمێ لەسەر ڕێگەی مەلاکاغە ڕادەوەستا، هەر سەیارەیەک بهاتبایە دەستی بڵند دەکرد و هۆپ هۆپی دەکرد و ڕای دەگرت، قاقەزۆکەی دەر دەهێنا و ڕەقەمەکەی لەگەڵ ڕەقەمی سەیارەکە بەرامبەر دەکرد، لەسەر ئەم حاڵەش خوێندەواری نەبوو، هەر لە کێشتان تاکو کاتی عەسر ئەمە حاڵی بوو، بەخۆی و بەکوڕۆکە گچکەڵە و بەکەرە سپییە حەساوییەکەی، هەتیوو تاڵەکانیش لە ماڵێ لە عەیشێ بەر دەبوون نە جارێک و نەدوو و نەسێ تا شلوکول دەبوون بیلامانێ عەیشێ یان....، ئەمە ئیشتراکی و حوریەتە، شتو و چایە خواردنەوە و هەرا بوو، جا لە کاتی عەسر ئیشارەیان دەکرد مام سەلیم دەهاتەوە و قاقەزەکەیان لێ وەردەگرتەوە.

مام سەلیم دەیگۆت: چەند لۆری و پاس و قەمەرە هاتن دایکم گاون و ڕام گرتوینە، بەڵام ئیمرۆ سوتفەم نەکرد، کێوە دەچی هەر دەیدۆزینەوە منداڵ و تاڵەکانیش پێ دەکەنین و دەیانگۆت: بەڕاستی مام سەلیم موخلیسە ئێمە و حزب دە کەسی وامان هەبێ زوو سەردەکەوین جا سواری پایسکل دەبوون بەدوعا و دەڕۆیشتن.

جا پاشی یەک دوو ڕۆژی تر دوو سێ خۆڕی دەهاتن هەر بەم ناوە، بەکورتی یان هەموو ڕۆژ یان ڕۆژ نا ڕۆژێ مام سەلیم ئەمە حاڵی بوو، تا لە ئەنجامدا مریشک و شت خلاس بوو مام سەلیم بەرەو هەژاری ڕۆیشت هەندیشیان سواری عەیشێ بوون و ناژمێرێ و ناگۆترێ، بەڵام چی بکەین، چەرمی خاوە نەدەدڕێ و نەدەپسێ، ئیشەکەش لە ئەنجامدا تەقی و خەڵک تێ گەیشت سەیارەکەش نەدۆزراوە، مەسولی مام سەلیم بە چ دەرنەچوو، لە پەلوپۆ کەوت و ماڵی نەما تا لە ئەنجامدا لە دنیا باری کرد و بۆ قیامەت چوو جا نازانم لەوێش سەیارەکە دەدۆزێتەوە یان نا؟ نەشمزانی عەیشێ چی بەسەر هات، بەڵام ناو و دەنگەکی خۆش هەبوو لەو ناوچەدا، ئا ئەمەیە ئەنجامی کەراتی و نەزانی... هتد.

بەگێی بەدگۆیان مەکە

کابرایەک ویستی لە زێی بادینان بپەڕێتەوە، جاران پرد نەبووە، بڕ هەبووە، خەرک لە بڕ پەڕیتەوە.

بڕ ئەوەیە زێیەکە لەو راست پان و تەنک بێ، کابراش بە پاڵی دەپەڕیتەوە، دارێک دەداتە بەرخۆی، یاخۆ کلکی ولاغێکی دەگرێ، ئەگەرچی تیژ بێت، بەڵام دەپەڕێتەوە.

جا کابراش شارەزا نەبوو، هاتە سەر زێ، وای زانی کە ئەو راستە بڕە، ئەس قەزا کابرایەکیش لەو کات لەوێ بوو، لە دەو زێیەکە، کابرای تر لێی پرسی: برا ئێرە بڕە؟ وتی: بەرێ.

وتی: ئەگەر بردمی؟

ئەویش وتی: ئەگەر بڕ نەبوو تۆی برد دوو تفم لێ بکە، خۆ من درۆت لەگەڵ ناکەم.

جا کابرا ملی بە زێیەکەوە نا، زێ تیژە، هاڕەی دێ، قووڵ، بەردی لووس، کابرا کە چووە ناوی و زانی کەوتە هیلاکەت.

کابرای ناو زێ هاواری کرد وتی: کوڕە تۆ بە منت وت: بڕە ئێستا ئەوا بردمی.

کابرای تریش وتی: مەرجی مە دوو تف بووە جا دوو تفی خۆت بکە و خواحافیزت بێ، حەز دەکەی لە دوات دێمە بەغدا لەوێ مەحکەمەی خۆمان دەکەین.

جا زێیەکە کابرای رفاند و خنکاندی، کابرای تریش پێی پێ دەکەنی.

بۆ زانین: پەسند نییە یەکەو جار بەگوێی خەڵک بکەی، لەبەرئەوەی بەدکار زۆرە.

سەر لەبن بەڕی لەش دەکا شەو لە دەرێ

هەر لەسەر ئەم بابەتە:

ڕەشمالێک لە بەهار بوو کابانی ماڵ دەستی لەگەڵ شوانەکە تێکەڵ کردبوو، مێردەکەشی مل حیز و چاو شۆڕبوو جا شەوان ژنەتیوو سەری هەر لەبن جێگە بوو، بەڵام دەرپێی لەپێ دەکردەوە و لەشی لەبن چیغ دەبردە دەرێ شوانەکەش

دەهات و لە پشتڕا یەکێکی لێ دەدا سەریشی هەر لەگەڵ مێردەکەی لە بن جێگەبوو.

ئەس قەزا کابرایەکیش شەوێک میوان دەبێ و لە دەرێ دەخەوێ دیتی کە شەو ڕاکشا شوانە هات و خرەخرِی لە چیغەکەوە هێنا و ژنە لەشی فرێ دا دەرێ و شوانە یەکێکی لێ دا.

جا لە دوای شوانە کابراش خۆی فیدا کرد و خرەخرِی لە چیغەکەوە هێنا و ژنە دووبارە قونی فرێدا دەرێ و کابرای میوانیش یەکێکی لێ دا جا سوبیانێ کە لەسەر نان کۆبوونەوە ژنە وتییە مێردەکەی: مەیلەکت بۆ بڵێم بزانم بۆم هەردەینی؟ کابراش وتی: دەبرێ ژنە وتی: ئەوە چییە، سەر لەبن بەرێ قون دەکا شەو لە دەرێ.

کابرا وتی: ئەوە کیسەرە، ژنە پێکەنی و گەشکەکی پێ گرت و وتی: ئەی خۆرە چەرەت لێ کەوی کو نازانی؟ کیسەری چی؟ شوانە وتی: من دەزانم ژنەتیوو وتی: ووس بە تۆ دەزانی، بەلام دەنگ مەکەو پێی مەڵێ.

کابرای میوان وتی: منیش دەزانم، ژنە وتی تۆ نازانی، وتی: بەرێ وەڵا دەزانم سەر لەبن بەرێ قون دوو جار دەکا شەو لە دەرێ، ژنە دەتگۆ هەستی کرد و چاوی پان کردەوە، بەلام کابرای خاوەن ماڵ مێردی ژنە وازی لە میوانەکە نەهێنا و وتی: مێوان من نەم زانی و وتم: کیسەرە، بەلام دەبێ تۆ هەر پێم بڵێی کابرای مێوان وتی ئەگەر خانم ئیزنی لێ بێ پێت دەرێم، خانمیش بەتەواوی بۆی ڕوون نەبووەوە کەوا کابرا دەزانێ جا وتی کابرا نازانی دەپێی برێ ئەگەر دەزانی.

کابراش ڕووی لە مێردە کرد و وتی: ئەوە ژنێکی جوانە و لەناو ڕەشماڵ لەگەڵ مێردی دەخەوێ و شەویش لەشی لەبن چیغی دەباتە دەرێ و شوانەکەی دێتو سواری دەبێ،

کابرا خۆی توورە کرد و وتی: ژنەکە دەرێ دوو جار دەکا شەو لە دەرێ قسەکەی تۆ مانای یەک جارە،

کابراش وتی: جاری واهەیە مێوانیان دێ لەدوای شوانەکە ئەویش جارەکی سواری دەبێ، ئەوە دەکات دوو جار.

ژنەتیو چاوی حیز کردەوە و وتی: کابرای مێوان تۆ مێوانی و هەقی خۆت

وەرگرتییە و چی شت بەسەر مەیل و مەیلانێ ئێمەدا هەیە؟

کابرای مێردەش وتی: بۆ چ ئەگەر بی گۆتابایە، چوار جار دەکات شەو لە دەرێ، لەگەڵ قسەکەی من یەکی دەگرتەوە، نابینی کیسەریش چوار لاقی هەیە جا بووە پێکەنین و بەزم و گەشکە گرتن لە مێردەکەی، جا کە میوان ڕۆیی ژنە هەگبەی بۆ داگرت لە پەنیر و لە خورما پێشی وت: توخوا مێوان کە لەوسەر هاتیەوە ئەگەر نێیەوە مێوانمان؟

مێردەش وتی: ئەرێ وەڵڵا مێوان وەرەوە قسەت زۆر خۆشە، بەڵام مێوانەکە بەهەر جۆرێ بێ مێردەکەی تێ گەیاند و ئەوجا ڕۆیی جا نازانم مێردەکە لە پاشان چی کرد؟.

سەگەکەی قوشتەپە

سەگەک لە گوندی قوشتەپە فێر بوو کەوا دەنگی دەهۆل لە کوێ بهاتبایە غاری دەدا و دەچووە ئەوێ، چونکە دەیزانی کەوا خەڵک لەوێ کۆ دەبێتەوە و خواردن هەیە جا ئەویش بە غار دەچوو بۆ چیلکە نان و هێسک تومەز خەڵکەکە هەست بەم شتە دەکەن لەبارەی ئەم سەگە چونکە سەگەکە نەقۆڵا بوو دەناسرا هەندێ دەڵێن: سەگێکی نەقۆڵای ڕەش و سپی بووە جا بڕیاریان دا کەوا فێرێک لەم سەگە بکەن و شوێنەکان یەکتریان ئاگەدار کرد ڕۆژێک زوو لە گوندی مێرغوزار دەس کرا بە لێدانی دەهول سەگەکە بەغار هات بۆ شت خواردن گەیشتە نیوەی ڕێگە لە گوندی پڵینگەش دەس کرا بە لێدانی دەهۆڵ سەگەکە بای داوە بۆ ئەوێ، چونکە لە گوندی مێرغوزار دەهۆڵەکە ڕاگیرا لە ناکاو دەهۆڵ لێدانەکەی گوندی پلێنگەش ڕاگیرا بەڵام لە گوندی قوشتەپە دەست کرا بە لێدانی دەهۆڵ سەگەکە بای داوە بەغار بۆ قوشتەپە تاکو گەیشتە بن گوندی لەوێ دەهۆڵەکە دەنگی بڕا و لە گوندی مێرغوزار دەس کرا بە کوتانی دەهۆڵ سەگەکە بای داوە بەغار بۆ ئەوێ تا گەیشتە بنی گوندی دەهۆڵەکە ڕاگیرا و لە گوندی پڵینگ دەس کراوە بە کوتانی دەهۆڵ سەگەکە بای داوە ئەوێ بەغار بەکورتی لەم گوند لێ دەدرا و سەگەکە غاری دەدا بۆ چلکە نان و هێسک تا نێزیک دەبوو لەوێ لێدانەکە ڕادەگیرا و لە شوێنی تر دەس دەکرا بە لێدانی دەهۆڵ سەگەکە بای دەداوە ئەوێ... هتد.

تا لەئەنجاما نەگەیشتە چ هێسک و نان لەم غارە غارەشی پسا کە ماندوو بوو لەسەر گردۆکەیەک ڕاوەستا و دەستی کرد بە قورە قوڕ تا پساو حەیاتی لێ بڕا و تۆپی جا بووە پەند هەر کەسێ بۆ ئەمەلی شتێک ببایە دەسک دەسک و ئەوبەر ئەوبەری بکردایە پێیان ئەوت سەگەکەی قوشتەپەیە.

بەردێک لە عاسمان بکەوێ بەسەری فەقیر دەکەوێ

دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی نەکارا و نەزان و زۆردار و خوێنمژ بووە، هەر ناوی دەوڵەت بووە، لە کاتی عوسمانی ئەم جسرانە لە شاران: لە بەغدا و مووسڵ، قایەغیان لێک دەبەستەوە، لەوبەر و لەوبەری زێ قایم دەکرا، جا خەڵک بەسەریدا دەپەڕینەوە، جا کە بەسەریدا دەڕۆیشتن دەلەریەوە. واش دەبوو ئەم جسرە دەپسا و ئاوەکە دەیرفاند و دەیبرد، جا لەم کاتەدا هەر کەسێ لەسەری بایە ئەویش بە ئاودا دەچوو.

جارێک جسر ئاو بردی، مەشوور بوو جسری بەغدا پسا و ئاو بردی، حەمە ساڵح خەجێ هەبوو لە گوندی گردعازەبان لە دەشتی هەولێر، لە دیوەخان گوتییە خەرکەکە: خزمینە یەکو مەجیدی حازر بکەن جسر پسایە، ئەو حەمە ساڵحە پیاوێکی عاقڵ بووە.

خەرکەکەش وتیان: دە بڕۆ ئێرە لە کێ، بەغدا لە کێ؟ جسر پسایە ئێمە حەقمان چییە؟

جا هەندەی پێ نەچوو زەفتییە و جەندرمە بە گوندان وەربوون!

بە ئەمری حکوومەت: فەلاحی جۆتە هێستر یەک مەجیدیە، فەلاحی جۆتە گێدرێژ نیو مەجیدی، جسر پسایە لە بەغدا، حکوومەت دەیەوێ و جسری پێ دروست دەکاتەوە.

گۆتیان وەڵڵا دەق قسەی حەمەساڵح خەجێ هاتە جێ، جا باوکم شەڕ لە بادینان تۆز لە بەردەرگەی ئێمەیە.

گریان بۆ ئەم گەلە

دەڵێن لە شارێک لە چەرخی کۆن پاشایەکی لێ بووە منداڵباز بووە ڕۆژێک چاوی بە منداڵێک دەکەوێ و تەماعی دەچیتێ چەندی حەول دا دایک و باوکی منداڵەکە منداڵەکەیان پێ نەدا، پاشا زۆر عاجز بوو وەزیران لێیان پرسی پاشا بۆچ وا دڵگزی؟ وتی: لە مەرەقی ئەم منداڵە وتیان فلانەکەس پیاوێکی حەکاک و عەیارە ئەتوانی دایک و باوکی منداڵەکە ئیخفال بکا پاشا ناردیە دوایی و ئیشەکەی عەرز کرد و وتی: ئەگەر بێ ئەم ئیشەم بۆ بکەی قەد لە چاکەت دەرناچم.

کابرا وتی: بەسەرچاو جا کابرا بەهەرجۆرێ بێ دایک و باوکی منداڵەکەی ئیخفال کرد و منداڵەکەی برد بۆ پاشا و بووە لووسکەی پاشا، پاشاش لەم پاداشە کابرای کردە قازی و ناردیە سەر شارێک، منداڵەکە تا مووی لێ هات هەر لووسکەی پاشا بوو جا ڕۆژێک وتیە پاشا: پاشا منیش ئەوا مووم لێ هاتوو کەلکی گانگانۆکەم نەماوە جا وەزیفەیەکم بدێ و ڕەوانەم بکە پاشا ئیشەکەی بە ڕاست زانی و کابرای ئیزن دا و لەسەر شارێک کردیە حاکم، ئەس قەزا ئەم شارەبوو کە کابراکەی لێ کرابوو بە قازی کە حاکم هات و خەڵک چوونە سەردانی یەک لەوان قازی بوو حاکمەکە قازییەکەی ناسییەوە کە خەڵکەکە خەریکی ڕۆین بوون قازیش لەوانە بوو حاکم وتی: مام قازی تۆ دانیشە جارێ ئیزن نییە قازی دانیشت و جا کە پێی گوت: ئێی قازی تۆ من ناناسی؟ قازیش وتی: ناوەڵڵا حاکم وتی من: ئەم منداڵە بووم کە تۆ دایکم و باوکمت ئیخفال کرد و منیشت برد بۆ شایەدی نابەحەق کردمتە لووسکەی پاشا ئەوجا قازی تەماشای کرد و ناسییەوە دەستی کرد بە گریانێکی زۆر بەجۆش حاکم وتی: مام قازی بۆچ دەگرییێ ئەوا ئەم وڵاتە لەسەر من مەسولە وەتۆش قازی با بەهەردووکمان یارمەتی یەکتر بدەین قازی وتی: من بۆ هەندێ ناگریێم بگرە بۆ ئەوە دەگریێم کەوا پاشا قونگێ و جەنابت قوندەر و منیش گەواد خوایە مەسیری ئەم خەڵکە لە دەست ئەم سێیە بێت دەبێ چۆن بێت.

بۆ زانین: دنیا کۆنە و بنی دوورە لە زۆر چەرخ و لە زۆر شوێن و لە زۆر ناوچە وا ڕێک کەوتووە کە مەسیری خەڵک وای بەسەر هاتووە دوور بێ لە ئێمەی خۆشەویست و لە ناوچەکەمان.

بەنی ئادەم لە عومرا چوار پلەی هەیە

ئەنیس مەنسوور – کابرایەکی نووسەرە و لە پەڕاوەکەی خۆی: (حول العالم في (٢٠٠) يوم)، لاپەڕە (١٢٠) تاکو (١٢٢) دەڵێ: چاپی نۆیەم: تأملات هندية، ئەفسانە دەڵێت پاش ئەمە کە خوا ئەم عالەمەی دروست کرد دانیشت بۆ ئیسراحەت، وە بیری لە ژیانی ئەم دروستکراوانە کرد و ئاخۆ تەمەنی ژیانیان چەند دابنێم – جا لە کۆتاییی بیر کردنەوەکەی بڕیاری دا کەوا تەمەنی هەر گیانەوەرێک (٣٠) ساڵ دابنێ، یەکە یەکە ئەم گیانلەبەرانەی بانگ کرد، لە یەکەم جار کەری بانگ کرد و وتی: عومری تۆم (٣٠) ساڵ داناوە چی دەڵێی؟ کەرەکەش وەڵامی دایەوە وتی: خوایە من چیم کردووە ئەم عومرە درێژەت بۆ من داناوە – ئەم (٣٠) ساڵە هەر بارکێش و ئیشکەر بم، تکایە بۆم کورت بکەیەوە، جا خوا لە (٣٠) ساڵە کردیە (١٨) ساڵ، واتا (١٢) ساڵی کورت کردەوە.

لە پاشان سەگی بانگ کرد و وتی: عومری تۆم (٣٠) ساڵ داناوە چی دەڵێیت؟ ئەویش وتی: خوایە من تاقەتم لە کوێ بوو (٣٠) ساڵ بحەپم و خەڵک تێم هەڵدەن، تکایە بۆم کورت بکەیەوە، خواش عومرەکەی کردە (١٢) ساڵ واتا (١٨) ساڵی لێ کورت کردەوە، لەپاش ئەو مەیمونی بانگ کردو وتی، تەمەنتم (٣٠) ساڵ دانایت چی ئەڵێیت؟

مەیمونیش وتی خوایە ئەم (٣٠) ساڵە من هەر دەبێت پاز دەم لەم دار بۆ ئەم دار بەگەڕێو هەرێو راوچی بۆ کەورم بکەونە دوام، تکایە بۆم کورت بکەیەوە، جا خوا عومری کردە (١٠) ساڵ واتا (٢٠) ساڵی لێ کورت کردەوە. جا ئادەمیزادی بانگ کرد و وتی: تەمەنم دانایێ بە (٣٠) ساڵ چی دەڵێیت؟ ئادەمیزاد گریاو وتی: خوایە من بەم (٣٠) ساڵە چیم بۆ دەکرێت؟ خانووەکەم بۆ تەواو نابێ، وە دارچاندنم بۆ تەواو نابێت، بەم (٣٠) ساڵە نازانم ئەنجامی ژنەکەم و منداڵەکانم چی ئەبن لە پاش من، تکایە بۆم زیاد بکەیت تاکو بتوانم خۆم بژیەنم منداڵەکانم و ژنەکەم چارەسەر بکەم، وە لە نێوانیان دابنیشم، جا خوا وتی: ئەمە (٣٠) ساڵی ترم دایی کە دەکات (٦٠) ساڵ هەمسا ئادەمێزاد پێی رازی نەبوو، وتی: کەمە بۆم پتر بکە تاکو بتوانم نەختێک لەگەڵ منداڵەکانم بژیم جا خوا وتی: ئادەمیزاد عومرێکی زۆرم دایی بەڵام تۆ تەماعکاری و تێر ناخۆیی ئەوا (٢٠) ساڵی تریشم پێ داییت، کە

هەمووەکەی دەکاتە (٨٠) ساڵ.

(٣٠) ساڵی سەرەتای هینی خۆتە.

(١٢) ساڵی عومری کەریشم پێ دای.

(١٨) ساڵی عومری سەگیشم پێ دای.

(٢٠) ساڵی عومری مەیمونم پێ دای.

هەمووەکەی دەکات (٨٠) ساڵ،

جا ئادەمیزاد ئەم (٣٠) ساڵەی خۆی بەخۆشی و بێ خەمی رادەبوێری زۆر بە قەناعەت و لەزەت، کە گەیشتە ئەم (١٢) ساڵەکەی عومری کەرە جا خەریکی ئیشکردن و بار هەڵگرتن و ماندووبوون دەبێ بە شەو و بە رۆژ بۆ ماڵ و منداڵی، ئەمە بووە (٤٢) ساڵ تەمەنی، لە (١٨) ساڵەکەی عومری سەگیش ئەم ئادەمیزادە خەریکی هەلپەرین و گەمە و بەزم دەبێت لەگەڵ ماڵ و منداڵی، جارێ شتی دەشارێتەوە، جاری پاز دەدا لەم شوێن بۆ ئەم شوێن، تیکەڵاوی لەگەڵ خەڵکا کەم دەبێ بەس پاسەوان و چاودێری ماڵ و منداڵێتی،... هتد.

ئەمە بووە (٦٠) ساڵ عومرەکەی.

لە (٢٠) ساڵەکەی عومری مەیمونیش چۆن مەیمون ئاشقی پاز دانە لەم دار بۆ ئەم دار، بەڵام ئەو لە باتیی ئەمە دەس ئەکاتە دار وەکازێک. وەیا گۆچانێک خۆی پێوە دەگرێ، جا یەختیار دەبێت پەشیمان دەبێتەوە لە کردەوەکانی، بەکورتی کە یەختیار بوو گەیشتە تەمەنی (٦٠) ساڵە بەدواوە داڵغەی دەکەوێتە سەر دار عەسا و گۆچان و شت، پێی دەروات جا پێویست دەکا ئادەمیزاد بیر لە ژیانی حازری بکاتەوە کەوا ئیستا لە کام تەمەنێک دایە لەم تەمەنانە، ئەوا تەمەنی بووە (٨٠) ساڵ. بۆ زانین: لەناو هندستان زۆر جۆرە عاقیدە و دین هەیە، ئەمەش یەکێکە لە: عاقیدەکان، بەڵام نووسینەکەی بۆ عەنتیکەییە کەوا ئادەمێزاد لەم چەرخانە وتراو تەقریبەن دەشوبهێتە ئەم جۆرە شتانە.

ئامۆژگاری

ئەمن دەڵێم: منداڵ کە پەیدا بوو تاکو دەبێتە (٤) ساڵ چ شعورێکی وای نییە کە شایانی باس بێ.

لە چوار ساڵە تاکو (١٠) ساڵە حەزی لە گەمان و غارەغار و ئەم شتانەیە وە هەر وەکو حەز لەم شتانە دەکات، خواردنی شەکەرات و شیرینی.

لە(١٠) ساڵ تاکو (٢٠) ساڵە چاو دەگێڕێ لە کچ و کاڵ ئەگەر کوڕ بێ ئەگەر کچ بێ بەبێ هەمـــوو لێکدانـەوەیەک و پەسندی و ناپەسندی کـــە ئەمـــەش دەوری موراهەقەیە.

لە(٢٠) ساڵیدا تاکو (٣٠) ساڵی حەزی لە ژیانێکی جوان و باشە و لەگەڵ ماڵدانان واتە: ژن و ماڵ ئەگەر کچە حەزی لە مێرد و ماڵە شوێنی باش و هاوسەری باش.

لە (٣٠) ساڵ تاکو (٤٥) ساڵەش حەزی لە بڵندبوونە لە ڕوتبەی دنیا و گەیشتن بە ئامانجی ئەم خەیاڵاتانەی ناو دڵی.

لەگەڵ ماڵێک بۆ ئیدارە و ڕابواردنی بە خۆشی و حەزیشی لە پیاوەتی و خەڵک ناسین دەکات.

واتە چاوی لە بەرەو پێشیە بە هەمە جیهەت.

لە (٤٥) تاکو (٦٠) ساڵی هەست بەبێ ئومێدی دەکات وردە وردە شعورێک و عەقلێی باش پەیدا دەکات، چاکە و خراپە بەتەواوی دەزانێ چییە خۆی لە زۆرشت لا دەدا و دوور دەکەوێتەوە لێی لە (٦٠) تاکو (٧٠)ساڵە هەست بە تەمامی نوقسان و کەموکوڕی دەکات جا زۆربەی خەیاڵی گەڕانەوەیە بۆ چەرخی پێشوو دەشزانی ناش گەڕێتەوە دواوە.

بەڵام بەتایبەتی ماڵی خۆش دەوێ و تەماعکار دەبێ بەشێوەیەکی چاک، لە (٧٠) ساڵە بە دواوە لە ناحیەی ماڵ و منداڵ هەر حەپەحەپی بۆ دەمێنێتەوە و کەس بەگێی ناکات و گێی ناداتێ، جا هەر خەم و مەرەقە و خەفەتە و چی تر نا، ئای، ئۆی، ئۆف لاقم و قاچم، هەناووم، ئوحو، ئوحو تا ئەنجامی بارکردنە لە دنیا بۆ قیامەت.

جـا ئەگـەر خـوا بیـداتێ ئەوا لە (٤٠) سـاڵیـدا بەدواوە ڕۆژ بەڕۆژ سـاڵ بەسـاڵ بەرەو چاکی دەڕوا بۆ لای خـواناسـین تا لە ئەنجـامـدا دەچێتـە بـەهەشت، وە ئەگـەر خـواش نەیـدایێ ئەوا بەرەو گوناھ و درۆودەلـەسـە و ڕێگەدانانی خـراپ دەڕوا تا لە ئەنجامدا دەچێتە جەهەنەم.

بۆ مەلا لە ژنی خۆی دەترسێ

ڕۆژێک لە شـاری هـەولێـر لەلای توجـاڕێکی گـەورە لە مـحـەللی ئەو توجـاڕە دوو سێ کرمانج، دوو مەلا، دوو ئاغا، شێخێک و خەلیفەیەک، دوو سێ پیاوی شاری نقە نقە دانیـشتبـوون. هـەڵیـان دایێ و وتیان: مـەلا لە ژنی خۆی دەترسێ و لە مـاڵێ ناتوانی فزە بکا. ئەمـە بۆ، خەریکی گاڵتەکردن بوون بە مەلایەتی، بە هـەنجـەتی ئەم قسـەیە، مـەلایەکیـان هـاتە جـەواب و وتی: بەرێ مـەلا لە ژنی خـۆی دەترسێ، هـەر مـەلاش وا نییـە ئاغاش وایە، مەبەست لەم قسـەیە ئەمە بـوو: کە ئاغاش بکا بە شـەریکی خۆی تاکو دیفاعی بۆ بکا (مەلا زۆر ئاقڵ بوو).

جـا مەلا دەسـتی پێ کرد و وتی: مـەلا پیـاوی ئاینە و نابێ چاو لە خـەڵک بگێڕی، جگە لـە ژنەکـەی خـۆی نەبێ چیی تری نیـیـە و مـەعـتـەلە. ئاغـاش باوکی گـوندە و خـەڵکە، ژنی خـەڵک وەکو ئەولاد و کچی ئـەون، کفرە دەسـدرێژی بکا بۆ نامـووسـی خـەڵک، جـا هـەر ژنـەکـەی خـۆی بـە دەسـتـەوەیە. کـە مـەلا ئەمـەی وت ئاغـا گـورج تەسدیقی کرد و وتی: قسەی مەلا ڕاستە.

جا مـەلا وتی: ئاغا و مـەلا ژنی خۆیان نەبێ مـەعتەلن، مـەجبوورن دەبـێ خاتریان بگرن و گێیان بدەنێ، بەڵام شێخ مەعتەل نابێ، هـەر کات لە ژنەکەی تووڕە ببێ ڕوو لە خەلیفە بکا و بڵێ: گا... بدێ، بۆی حازرە، کرمانج مەجبووری ژن نییە ژن زۆر مەمنوون نەبـێ، کەرێ شـین حازرە. شـارستانیش مەجبـوور نینە، چونکە بەمنداری زۆریان قەرد کردووە، بە گـەورەیی مەعتەل نابن، جا کـە وای وت: جگە لە ئاغا نەبێ ئەوانی تر کپ بوون و سـەریان داخست، ببـڕای ببڕای لە پێش ئەم مەلایە جارێکی تر ئەم باسەیان نەکردەوە.

له منیان دەدا و ئەتۆیان دەگا

کابرایەکی دەوڵەمەند مەڕوماڵاتەکی زۆری هەبوو، لە دێیەکی نێزیک شار، بەڵام کابرا تا بڵێی ڕەزیل و چروک بوو، روحی لەلای قڕانێک بوو، ڕۆژێک ژنەکەی وتی: پیاوە من مەگیرانی دەکەم بە جەرگوناو، حەیوانێک بکوژەوە تاکو منیش جەرگوناوەکەی بخۆم، گۆشتەکەش بفرۆشە، کابرا وتی: وس قەحپە باسی حەیوان نەکەی روحم لەلای حەیوانێکە، بەیانی دەچمە شار جەرگوناوێکت بۆ دەکڕم، قوزەرقورتی بکە.

بەیانی سواری کەرێک بوو رووی کردە شار، لە ترسی هەقی خانە کەرەکەی نەبردە خانە لە پەنا دیوارێک بەستییەوە، بە کزی لەلای دانیشت و هەندێ نانی لەلا بوو بە وشکی دەستی کرد بە خواردنی، کابرایەکی جاحێری ملهوڕ بەلای تێپەڕی و سەرنجی دا و زگی پێ سووتا، وتی: کابرا بۆ چ لەم پەنا دیوارە کەوتی و نانی وشک دەخۆی؟

وتی: لە فەقیری، وتی: هەستە بچینە ماڵی ئێمە، کابرای بردەوە ماڵێ خواردنی خۆشی دایێ، خزمەتی کرد، ئیزنی نەدا، ژنێکی جوانیشی دیت لە ماڵەکە. نیوەڕۆ شیوێکی خۆشیان دروست کرد، کابراش تێری خوارد تامەزرۆی شکاند، کابرا سەرنجی دا قەبرێک لەوێ بوو، پاش نان خواردن ژنە و پیاوە دەستیان دایە یەکو بەرچیغ و ساوار کوتانی کەوتنە گیان قەبرەکە تێروپڕیان کوتاوە، لە پاشان لەگەڵ ژنە چوونە ژوورێک و بیلامانێ سواری بوو، کابرا گێی لە دەنگی مرچوهۆڕی ماچان بوو، زانی کەوا ئیشەکە دەکەن.

لە پاشان بە پێکەنین هاتنەوە لای کابرا و دانیشتن، کابراش ئەم وەزعەی لەلا سەیر بوو، پرسی و وتی: من ئیشەکانی ئێوەم لەلا زۆر سەیرە، حەزم لێیە تێم بگەین ئەگەر عەیب نەبێ، ئەوانیش وتیان ناوەڵڵا عەیب نییە، کابرا وتی من خورامی خاوەنی ئەم قەبرە بووم، ئەم نازدارەش ژنی بوو، تا بڕێی کابرا دەورەمەند بوو، بەڵام تا بڕێی ڕەزیل و قرچۆک بوو، لەبەر ڕەزیلی و داڵغەی ماڵ، باوەڕ مەکە دوو جار ئەم خاتوونەی زیارەت کردبێ، ئەس قەزا ڕۆژێک دە قڕانی بزر کرد لە خەفەتان سەکتەی گرت و دەمودەست مرد.

منیش خاتوونم مارە کرد و شەو و رۆژ چوار پێنج جاری زیارەت دەکەم، بەڵام لە پاش خواردن و بەر لە زیارەت بە مەترەقان لە گۆڕی کابرا دەدەین کەوا زۆری کۆشش کرد و نەیخوارد و نەیکرد بە گۆڕی سەگدا چوو و مرد. ئەوجا خارە مەسیری پیاوی رەزیل ئەمەیە، ژنەکەی دەگێن و لێشی دەدەن و ماریشی دەخۆن، لە قیامەتیش ڕووڕەشە.

کابرا گورج دوعاخوازی کرد و سواری کەرەکە بوو، گەڕاوە ماڵێ، هەڵستا هەشت نۆ دە حەیوانی سەربڕی و دابەشی کرد، ژنە پێی وت: کورە ئەتوو شێت بووی بۆچ وا دەکەی؟ مەڕەکەت خەسار کرد و کۆتا کرد، کابرا وتی: قەحپە وس بە ئەوی ئەمن دیتم یاخوا کەس نەیبینی، ژنە وتی: توخوا پیاوەکە چیت دیتییە؟ وتی: دیتم لە منیان دەدا و سواری تۆش دەبوون.

جا بەدرێژی چیرۆکەکەی گێڕاوە بۆی، جا لەمەوپاش کابرا قسووری نەکرد لە خواردن و کردن و سەرفکردن.

برا بۆ کەرتە نانێ خۆت ماوێ هەموو گەرداوێک

دەرێن کابرایەک دوو گوجیلە سەگی بەخێو کرد بە ئومێدی پاسی ماڵی، ئەم دوو گوجیلەیەش لە دایکێک بوون، یەکیان بۆر و یەکیان سپی، گوجیلە رسکان، هەریەکە هەندی جاشە کەرێکی لێ هات، ئەمەی سپییەکە بەڕۆژ هێمن و لەسەرەخۆ بوو حەپەی لە دەمەوە نەدەهات، بەڵام کە دەبووە شەو تەیر نەیدەتوانی بەم ناوە تێ بپەڕێ لەبەر سەگە سپی، مەڕوماڵاتی ماڵی کابرا ئاسوودە بوو لە دز و گورگ و کەمتیار و شت. تاکو بەیانی روون دەبوو ئەمە حاڵی بوو، بەڵام سەگە بۆر بە شەوان خۆی دەبوارد و کە دەبووە رۆژ هەر شتێک بەم ناوەدا تێپەڕیبووایە تاوی دەدایێ و زیانبەخشی دەکرد، جا ئادەمیزاد بایە، کاروان بایە، کەر و جاشک بایە، تا مریشک و عەلەشیش، خاوەنەکە زۆر خۆشی دەویست و کەیفی پێ دەهات، هەر دەیگۆت: ماڵی باوکم سەگە بۆر نایەڵی روحلەبەر بێتە ژۆر.

بەم هۆیەوە و بەم نەزانینە هەر جەم کەرتە نانێکی زیاد دەدا بە سەگە بۆر لەبەر چاوی سەگە سپی سەگە سپیش سەری بادەدا و بەڵام چی لەگەڵ نەزان و نەفام. جاروباریش ئامۆژگاریی سەگە بۆری دەکرد و دەیگۆت برا بۆ کەرتێ نان خۆت

ماویّ هەموو گەرداوێک شەو قەڵاتی مێردانە ڕۆژ خەرمانی خۆڕییانە.

سەگە بۆر گێی نەدایێ و لەسەر ڕەوشتی خۆی ڕەفتاری کرد و وەڵامی دەدایەوە و دەیوت حەسوودیت بە من دێت. پیاو ئەمەیە لە بەرچاوی ئاغای بڕەوی و بحەپی. شەو ئاغا خەوتووە و ئاگای لە حەپە نییە.

تا لە ئەنجاما کاروانێک هات و چەند زەلامێکی لەگەڵا بوو یەک لەم زەلامانە زۆر زەبەلاح بوو چوارشانە دەنگوباسی ئەم سەگە بۆرەش ڕۆییبوو کەوا بە ڕۆژ کەس ناوێری بەم ناوەدا تێپەڕ ببی. کابرای زەبەلاح بەردێکی پڕ بە لەپی لەدەست گرت و مەترەقێی لەسەر شانی بەوێدا تێپەڕ بوون، سەگە بۆر تاوی دانێ و شاراوی بۆیان برد خاوەنەکەشی کەیفی پێ هات و چاوی لێ بوو پاسی نەکرد.

کابرای زەبەلاح ناوی خوای لێ هاورد و بەردەکەی ڕاوەشاندە سەگە بۆر پیاوێکی بە تاقەتیش بوو دای لە دوڕ دەمی، ددان بە دەمی سەگە بۆری نەهێشت دەمی پڕ خوێن بوو ددانی هوورد و هەڕا بوو قووڕاندی و بایداوە.

خاوەنەکەی ڕقی هەڵسا و تاوی دا کاروانەکە نەشیزانی کە ئەمیش بە دەردی سەگەی دەچی دەستی کرد بە جنێودان کاروانیش گوێیان نەدایێ تاکو کابرا گەیشت بە لایانەوە بە جنێودان و هەڕەشە بەدەست بەتاڵی.

کابرای زەبەلاح نەیکردە نامەردی مەترەقەکەی ڕاوەشاندێ و دای لە لمووزی خاوەن سەگە بۆر نە دەمی ما و نە دگان نە لووتی ما و نە زوبان.

کەوتە سەر زەوی ڕاشکاو لایەکی عەردی گرت ئیمرۆ نەمردووە و هەزار ساڵە مردووە تا خەڵک هات و خەریکی کابرا بوون کاروانیش بۆ خۆیان نەجاتیان بوو. سەگەبۆر کەوتە سەر گوفەک و دەستی کرد بە نووسکاندن. سەگە سپیش بۆ لای چوو وتی: برا نەموت بە کەرتێ نان خۆت مەدە بە هیلاک، خەمم ئەمە نییە تۆ وات لێ هات موستەحەقی. بەڵام خەمم ئەمەیە ئاغاشمان بەگۆڕی تۆدا چوو دگانیشت نەما هێسکی تازیە و کفتەی حەفتیانەی پێ بخۆی.

جا برا گیان لە زۆر چەرخ زۆرمان سەگە بۆر دیت و خۆیان و خاوەنەکەیان بەتۆپاندن دا بۆ تیکێ نان و کەمێ پوول، بەداخەوە.

دەرمانی هەموو دەردان سیک

ژنێکی ئۆینبـاز و تەڵەکـەباز هـەبـوو، تاقـە کـچـێکی هـەبوو، حـەزی لێ بوو بیـدا بە زەبەلاحـێک چەند کـەس داخـوازییـان دەکرد، نـەیدەدا، جـاحـێـرێکی ملـهـوڕ هەبوو، لێـهاتوو، پیـرێژن تەماعـی تێ کرد کـچـەی بداتێ، کـوڕە پیـرە دایکێکی فـەقیـرۆکـەی هـەبوو.

ڕۆژێک ژنە حیلەبازەکە خۆی یەقەی دایکی کوڕەی گرت کەوا کچی خـۆم دەدەمە کوڕت، دایکە پیرەش بە کوڕەی وت، کوڕە گێلەپیاو بوو، زۆر هـوورد و باریک نەبوو، گـوتیە دایکی: ژن بۆ چ بینم؟ وتی: ڕۆڵە من بێ تاقەتم خـزمەتی من دەکـات و نان و شـیـو دەکـات و خـزمـەتی تۆش دەکا و کۆروکـانیـمـان بۆ دەکات، شـەو لەگـەڵیشت دەخەوێ، هـەر هێندە دەگوترێ لەم مەقامـە، کوڕەش وتی: دە باشـە، ژنە داخـواز کـرا و، پاش ماوەیەک جلک کـرا و گوازراوە، کچـەتیو دەتگۆت پەلیکە، لە خـزمـەت و شت قـسووری نەبوو، شـەو لەگەڵ کـوڕە دەنووست، کـوڕە تومـەز گێلەپیـاوە فیکر ناکـات، پشتی لە ژنە دەکرد و دەکەوتە خەو، پاش هـەشت نۆ ڕۆژ دایکە فێڵبازەکە سەری لە ماڵی زاوا و کـچی دا، بەدزی گۆتییە کچـە: چۆن پیاوێکە و چۆن مەترەقێکی هـەیە؟ وتـی: دایەگیان لە پیـاوەتی بێ قسـوورە، مـەترەقـیشـی دوو هـەندی هـی باوکم بـوو کە بە منالّی دیتـبووم، بەڵام خـەوتووە و خـەیاڵی ئەم ئیشـە ناکـات، چەندی پێی دەڵێم و پێی پێشان دەدەم دەڵێی لەگەڵە ویشم نییە.

دایکە وتـی: من دەڕۆم، تۆ خـۆت نەخـۆش بێـخـە، ئەم دەرمـانـانەشت بدەمـێ لە دەمـوچاوت بدە، تاکو زەرد هـەڵبگەڕێی، دایکە ڕۆیی، کچـەتیـو خـۆی نەخـۆش کرد، دەرمانـی لە دەموچاوی دا، زەرد هـەڵگەڕا، پاشـی حـەفتـەک، کوڕە خـەبەری خـەسووی دا کـەوا کچـە زۆر نەخۆشـە، دایکە هـات و کچـەی دیت، دەمێک قـیژاندی بە مـسـتـان وەرگـەڕا خۆی: دایکت کۆرەبی بۆچ وات لێ هـاتووە و زەرد هـەڵگەڕاوی؟

گۆتیە کـوڕە: عیلاجێکی لێ بکە، کـوڕە وتی: دەیبەمە دوکتـۆر، چەندی بڵێی پارەم هـەیە و لێی سـەرف دەکەم، لەوەتی نەخۆشـە کەس نییە ئیشمان بۆ بکا؟

مـەرقـەدەکیش لەم ناوە هـەبوو، گومـەتۆکەکی لەسـەر، قـەبرێک و سندووقێک و دوو سێ گـەزە سـەوزی لەسـەر بوو، پێـیـان دەگۆت: باوەخـارە، خـەسـوو وتی: کـوڕم من

بڕواییم بەخوا هەیە، دوختۆر و مختۆر درۆودەلەسەیە، شەوێ پاشی ماڵ خەوتنان هەروە مەرقەدی باوەخارە، سەر بە دەرکی گومەزەکەدا بگرەو بڵێ: باوەخارە خانمە خاسەکەم فرە نەخۆشە و دەرمانی چ هەست، ئەگەر دەنگی نەکرد، جارێ تریش بەقایمتر وا بڵێ، ئەگەر دەنگی نەکرد بیکە بە سێ جار، لەبەرئەوەی ئەم باوەخارە، شوێن مرازە و حاسڵکەرە. ئەگەر هەر دەنگی نەکرد، ئەوا خانمە خاسەکەت دەمرێ، ئەگەر وەڵامیشی دایەوە، بەگێی نەکەی تۆ دەمری، بەڵام نەکەی بچیە ژوورەوە، بەس سەرت ببەیە ژوور ئەگینا ئاور دەگری، ژنە فێڵبازەکە پاش عیشا چووە ناو گومەتەکە و خۆی لە پەنا سندووقەکە نا و لەژێر پەڕۆکە سەوزەکە، کابرا بەترسەوە، ماڵ خەوتنان بە پانەوزە هاتە لای گومەتەکە، چونکە خەسووەکە زۆری ترساندبوو، سەری بەژوورێ داگرت وتی: باوەخارە خانمە خاسەکەم فرە نەخۆشە و دەرمانی چ هەست؟ دەنگی نەبوو، ئەو جارەش کوڕە دووپاتی کردەوە بە قاییمتر، دەنگی نەبوو، جاری سێیەم وای وت و هاڕاندی، ژنە فێڵبازەکە بە دەنگەکی نازک وتی: ئۆغلم سیک، ئۆغلم سیک، سیک دەرمانی هەمەدەر دانست. کوڕە لەلایێ غاری دا بۆ ماڵێ، لەلایێ ژنە فێڵبازەکەش بۆ ماڵی خۆی، بەو شەوە کوڕە هاتەوە لای خەسووی، وتی: وەرە باوەخارە وەڵامی دامەوە، بەڵام من تێ نەگەیشتم. ژنە لەگەڵی هاتە ماڵێ، پیرە دایکیش لە پرخەی خەو بوو، جا کوڕە بە وردی بۆی گێڕاوە. ژنەتیو وتی: هەستە تاکو تۆ نەمردی دەرپات داکەنە و بکەوە گیانی، منیش چاوم لێتانە کوڕم سیک، بەمانا: مەترەقی زەلامە، جا خانمە خاسەکە دایکەند و هەری ماری کوڕەش دایکەند و دایهێشت هەر جارێکی لێی دەدا و دەیگۆت: ئەمە لەسەر فەرمەوودەکەی تۆیە باوەخارە نە من، نە خانمە خاسەکەم مەمرێنە. کچە بۆ بەیانی ئەرەمی (ئەلەمی) لێ نەما و لە جاران گەش و جوانتر بوو. کوڕە هەتا مرد هەر دەیگۆت: بەخوا شەخسی پاکە باوەخارە دەرمانی گشت نەخۆشی ها لەلای ئەوە، دوختۆر درۆیە. ئا ژنە فێڵبازەکە بەم فێڵە کوڕەی بە کچە فێر کرد، جا دەیگۆتە کوڕە: کوڕم نەمگۆت دوختۆر و مختۆر درۆودەلەسەیە، هەر مشایەخ لە دەردان و لە دەرمانان دەزانن. پیاوی خوان.

فەقێ خدر و قەندە شەکر

نەختێ لە پاش گرانی گچکە فەقێ خدر بووە مەلای گوندی گرمە، ناوچەی قەزەر، ژنێک تالوق کرا بە /٢/ قەندە شەکر، جا کابرایەک دوو قەندە شەکرەکەی دا و ژنەیان دایێ عیدەی هەرات فەقێ خدر لێی مارە کرد بە یەک قەندە شەکر، قەندی شەکر ئەوسا بەیەک لیرە بوو، کابرا قەندە شەکرەکەی نەدا فەقێ، ماوەیەکی پێچوو فەقێ دەیفەرموو بینە و کابراش دەیگۆت: جارێ نیتم، تا ئیشەکە درێژەی کێشا.

ئاغا تێگەیی و مەجریس بەستـرا و ناردیان کابرا هات و داوای قەندە شەکرەکەیان لێ کرد و زۆریان جنێو پێ دا، کابراش وەڕس بوو لە خۆی رووی کردە فەقێ و وتی: من ئەم ژنەم بەدوو قەندە شەکر کڕییە.

قەندە شەکرەکی تۆ قەردارم هی مارەیی، بەخوا نیتم بتدەمێ، بەڵام ئیزنە تۆش لە باتیی قەندە شەکرەک چەندی سوار دەبی سواربە، من دوو مانگ سواری بوومە تۆش مانگەکی سواری بە.

دە برۆ لە باتیی قەندە شەکری سواری خۆت بە، ئەوجا یەقەم بەردە، جا فەقێ تووڕە بوو، لەلایەکیش بووە پرقوهۆڕی پێکەنین. ئاغاش گەلێ پێکەنی، ئیشەکە بووە فشە، هەقی فەقێ سووتا و ئاغا وتی با عائیدی من بێ قەندە شەکرەکە.

هەیرۆ و قەتۆ رۆ، برا رۆ، پشتم شکا برا رۆ قەتۆ رۆ

مەلا سلێمان هەبوو لە گوندی ماستاوەی ناوچەی هەولێر، لە گەڕەکی شێخ عەبدولەجید یارم فەلاحێک بوو، تەمەنی لە دەوری ٦٠ ساڵیدا بوو، لە دەوروبەری ١٩٣٦ز لە ژیانا بوو، پیاوێکی زۆر ئاقڵ و قسەزان و رووخۆش بوو، بەڵام ئاخ دەستکورتی هێزی تێدا بریبوو، ئەوسا خەڵک زۆر دەستکورت بوو، پارە کەم بوو، ئەشیا هەرزان بوو.

جا زۆربەی ئەو ناوچەیە پایزان سەفەری ناوکوڕ و زێباریان دەکرد، کەوا نەختێ مێوژ و شت بینن بۆ فرۆشتن، یاخۆ دەچوونە لای خالس و مەندەلی بۆ قەسپ و خورما بێنن بفرۆشن، مەلا سلێمان لەگەڵ کابرایەکی ناو محۆ، سواری کەر بوون،

بە هەردووکیان سێ کەریان برد بۆ لای زێبار و هەترووش بۆ مێوژ هێنان، خەڵکی وڵاتی ناوکورِ و بادینان کەم میوانیان رادەگرت ئەو کات.

مەلا سلێمان لە بادینان دەچێتە گوندێکی گەورە کە پێیان دەگۆت: گوندی (چ) مەشوور بوو، ئەو ناوچەیە بە دیوەخان دەرێن: (کۆچک). رۆژ سەعاتێکی ماوە، ناگەنە چ گوندی تر، دەبێ شەو لە گوندی چرە مێوان بن، دەچنە کۆچک دەریان دەکەن.

بە کورتی زۆربەی گوندەکە دەگەرِێن کەس دایان ناکەن، دنیاش پایزە شەو ساردە مەلا سلێمان دەرێ محۆ با بچینە ناو قەبرستان، ئەوشۆ لەوێ پاڵدەکەوین و کەرەکانیش دەبەستینەوە، نانی رەقمان پێیە دەیخۆین، کە چوونە ناو قەبرستان، سێ چار منداڵ لەوێ وازییان دەکرد. مەلا سلێمان دیتی قەبرێک نوێیە و تازە شرایتەوە، وتیە منداڵەکان ئەم قەبرە هی کێیە؟ وتیان قەبری قیتۆیە. وتی: چەند رۆژە مردییە؟ وتیان: ئەمرۆ شەش رۆژە.

وتی: ماڵی لە کێیە؟ وتیان ها ها ئەم قەنتەرە (دەرگە) گەورێ هی ماری قیتۆیە، وتی: چەند کورِی هەیە؟ وتیان سێ کورِی زەلامی هەیە، ژنیشی هەیە، ئەمەش ناوی کورِەکانیتی: (خالت، مەحمید، ئینس، ژنەکەشی ناوی جوان بوو).

مەلا سلێمان وتی: محۆ لێخورِە لۆ مارێ قەتۆ، محۆ وتی دامان ناکەن، وتی دامان دەکەن، کەریان لێخورِی تا گەیینە بەردەرگەی ماری قەتۆ، مەلا سلێمان دەستەسرِی بە چاوی گرت و دایە برارِۆ.

هەیرِۆ برا رِۆ، قەتۆ رۆ، پشتت شکاندم برارِۆ، بابی خالت و مەحمید و ئینس رۆ، لە من و لە دایکی منداڵان جوانێ قەوما. ژن و مندار بەپیلی وەهاتن دەستیان لە ملی کرد، لە هەمــوو بووە گریان و برارِۆ و بابەرِۆ تا دەمــێکی خۆش، جا کەرەکانیان وەرگرت و دایان مەزراند، مریشک کوژراوە، پڵاو لێنرا، چایە ئامادە کرا، قامکە جغارە دانرا، بووە شادی و خۆشی، کەر پێیشیان جۆ کرا.

شەو زرینگاوە، وتیان مام باوک قەتۆ تۆی ناس دەکرد؟ ئەویش وتی: کورِم مەرێن باوک برێن برا، چونکە لە برا چاکتر بوو بۆ من، لە هەولێر قۆناخی نک من بوو، هەموو ساڵ کە دەهات شتی بۆ دەهێنام، بەڵام ئەو ساڵ وتی: دەبێ تۆ بێی و سەردانمان بکەی و خالت و مەحمید و ئینس ببینی، سێ کەر بینە، لە کونجی و

نۆک و ماش و چەڵتووک بارکە بۆ بچووکی خۆت، چونکە دەبێ بچووکیش تۆ ناس بکەن. دایکی بچووکانیش ناس بکەی.

منداڵیش سەرنجیان دا هەمووان دەناسی، باوکیشیان ساڵی یەک دوو جار دەچووە هەولێر، بەڵام نەیاندەزانی باوکیان لە خانە دەکەوێ، وایان دەزانی قۆناخی هەیە. مەلا سلێمانیش لە بەرەخۆی دەیگۆت من خاوەن کۆچکم، قۆناخم هەیە، ماڵم لە گەڕەکی جاجماوەیە. ناوم سلێمان چەلەبییە. وڵاتی ناوکوڕیش تا دەوڵەمەندبن جلوبەرگیان شڕترە. چونکە وڵاتێکی زۆر وشک و قرچۆک و نەخۆرن.

جا جوان بڕوایان کرد و لایان وابوو ئەمەش لەبەر جلشڕی زۆر دەوڵەمەندە، جا دوو شەو لەوێ مایەوە، زۆر قسەزانیش بوو، زمانی تورکی و عەرەبیشی دەزانی، جار جار بە تورکی قسەی دەکرد لە حەکایەت و سەربردە و جاروبار بە عەرەبی، بڕیاری دا دەبێ لەگەڵ داکتان بێنە هەولێر لباس و نوانی ئەو زستانە بۆ خۆتان بێن، من دەوڵەمەندم، کە هاتنە هەولێر بپرسن گەڕەکی جاجماوە ماڵی سلێمان چەلەبی هەموو کەس دەزانێ.

جا بۆ ڕۆژی سێیەم یەک باریان چەڵتووک داگرت نێزیکەی دە وەزنە، ٥ قەسناغ، بارێک کونجی نێزیکەی ٨ وەزنە، بارێک نۆک و ماش. بە کورتی ئەمەی هێنای بای ٢٠ دیناری ئەوسا دەبوو، ئەوان دایان دەگرت و ئەویش لەسەرەخۆی دەیگۆت: بەخوا وەسیەتی قەتۆی برامە ئەگەرنا پڕی مارێمانە، من چ لەوانە بکەم، جا بەرەو سۆران گەڕانەوە بە کەیفخۆشی، هاتنەوە ماستاوە، دایکت دەگێم قەتۆ بە گۆڕی سەگدا بچی، گوندی (چ) مێوان داناکەن، ئەوهاتان لێ دەکەم. جا منداڵی قەتۆ و دایکیان هاتنە هەولێر بۆ کووتار و پاداش، چەندی دەیانگۆت گەڕەکی جاجماوە، سلێمان چەلەبی، لە ئەنجاما منداڵە هەولێری زڕتیان لێ دەکێشان و دایانە بەر بەرد و هەریان بڕین، گەڕەکی جاجماوەی دەوێ خاڵم. سلێمان چەلەبی دەوێ.

تا گەڕانەوە بە هەناسەی سارد، چەڵتووک و کونجی و ماش و نۆکیشیان چوو، مەسرەفەکەش هەر لەوێ دانێ.

یا شێخ بۆ چ پفێ لە هینی خۆت ناکەی رەقبێ

لە دەوروبەری ١٩٣٦ز– شـێـخـێک هەبوو لـە شـاری (ق) داوای شـێـخـاتی دەکـرد، تەریقی ئەدا و مرید و دەروێشی زۆر بوو، خـەڵک بۆیان هەربەسـتـبوو کەوا: خـاوەن کەشف و کەرامەتە.

مەلا شێخ سدیق هەبوو.

خەڵک دەیانگۆت: عاقیدەی وەهابییە و زەندیقە، زۆری لێ رازی نەبوون.

ئەم شێخەی کە باسـمان کرد عومری لە ٨٠ ساڵ تێپەڕ بووبوو، خاوەن تەکیە و قۆناغ بوو، لـە دەوری پیری ژنێکی هێنابوو ناسک و نازەنین و خـاوێن و باوێن، هەر غـــەز و بەز بوو، چەند کـــارەکـــەر و ژنـە دەروێشـی لە بـەردەست بوو، خـــواردن و کردنێکی خۆش، هەموو لەشی کردبووە: زێڕ و زەبەر و یاقوت و گەوهەر و لو ولو و، نەتدەزانی نە زێڕەکان بە شـەوقـترن و جوانـترن نە جـەنابی شـێـخ ژن، عومری لە بەینی سی و چل بوو، جـەنابی شـێح چی لەکن نەمـابوو، چونکە تا تاقـەتی هەبوو هەر لە کار بوو، ئەم ژنەش پاش تاقەت هێنابووی، ژنە حرمەی دەهات، چاوی سۆر بووبوو، بۆ یەکێک کۆس کەوتبوو، بەداخەوە چی بەدەست نەدەکەوت، نە لەشێخ، نە لە جومعانە، چونکە خەڵک لایان وابوو ئەگەر بە چاوی خراپ تەماشای شێخ ژن بکەن چاویان کـوێرە دەبـێ، جـا شـــێخ ژن بە جـــارێ ئاوی لێ رژا بوو، جـــەنابی شـێـخیش تا برێی دەوڵەمـەند و خـاوەن سـەروەت و سـامـان بوو، هەمـووشـی مـاڵی خەڵک بوو کۆی کردبووەوە، بە زەکات و ئیحانە و هەدیە و کەشف و کەرامەتی.

جـارێ جـەنابی شـێخ میوانێکی زۆری هاتبوو، لە هەمـەجۆرە مـێـوان، ئەس قـەزا یەک لەم مـێوانانـە مـەلا شـێـخ سدیق بوو، کـە باسـمـان کرد، لە نـاکاو مـوریدێکی دەرسـدراو بـە ژوورێ کەوت و رووی لە شـێخ کرد و گـوتی: قـوربان کـەندووی ئارد بەتاڵە چ ئارد نەماوە کە بکرێ بەنان بۆ ئەم مێوانە زەریفانە، شێخ نەختێک سەری شـۆڕ کرد و دامـا، لە پاشان سـەری بڵند کرد و فـەرمـووی: بچۆ پف، ئەوا پفێکم لە کـەندوو کـرد و بچـۆ برێ با تێی دابێ، دەروێش غـاری دا و چووەوە مـارێ، پاش نەختێک هاتەوە بـە پێکەنین و دەستی شـێـخی ماچ کرد و وتی: قـوربان کەندووەکە بە پفەکە نیوەی بووە ئارد، جا بووە گریان و لشمەلشم زۆر کەس لە موریدان هاتن و دەسـتی شێـخیـان ماچ کرد، واتە: ئەمـە کـەرامەت و کـەشـفێکی گەورە بوو، مـەلا

شێخ سدیق ئازایانە هەرستاوە سەر چۆک و رووی لە مەجریسەکە کرد و وتی: کورە ئەوە درۆیە بڕوا مەکەن، شێخ لە کەندووەکە بەتاڵترە، جا رووی لە شێخ کرد و وتی: ئەگەر راست دەکەی پفێک لە هینی خۆت بکە با قیت بێ و حەفتەی جارێک دری (دڵی) شێخ ژن رازی بکە، چونکە وا بۆ گانێک کۆرە دەبێ.

بەڵام بە خوا پفی تۆ و رەشەبای کۆیێ وەکو یەکن، بەم درۆودەلەسەیە دنیاکەت بردە سەر، شێخیش فەرمووی مەلا سدیق عەفوە عەفو؟! ئەم قسەیە بۆ جەنابی مەلای کۆیێ گەڕاوە زۆری هەوەس پێ هات و ئافەرینی لە شێخ سدیق کرد.

کەندوو: وەکو سەلاجە بەرز بوو ئاردی لەناو دەکرا بۆ ئەوەی بۆگەنی و کرمی نەبێ.

حەسەنێک کەندێک کەرێک

حەسەن ناوێک هەبووە، رۆژێ بە رێگەدا دەڕۆیی، تووشی تاخمە کەرێک بوو، ئەس قەزا دڵی چووە کەرێک، تەشریفی کەرەکەی لادا کەندێک و بیلامانێ سواری بوو، جا لە پاشان زۆر پەشیمان بووەوە، وتی: دەبێ خوایە کەس منی نەدیتبێ لەم ئیشەدا، دوایی حەیام دەچێ، جا گەڕاوە تووشی شوانێک هات و وتی: هۆ شوان، وتی: بەڵێ، وتی: چیت نەزانیوە؟ شوانە وتی: چی کوو؟ وتی: حەسەن کەندێک، کەرێک، وتی: ناوەڵڵا، لەوێ رەت بوو و تووشی جووتیارێک هات و پرسی: مام جووتیار چیت نەزانیوە؟ وتی: چۆن؟ وتی: حەسەن کەندێک کەرێک.

جووتیارەکە عاقڵ بوو تێگەیی و زانی کە حەسەن شتێکی کردووە، وتی: بەڵێ تازە کاروانێک بێرەدا رەت بوون دەیانگۆت: حەسەن لەم کەندانە کەرێکی گا، جا حەسەن لێوی خۆی گەست و وتی: بەخوا ئیشەکەم ئاشکرا بووە، ئەم وڵاتە کەڵکی منی پێوە نەما. جا رۆیی و ببڕا- ببڕا رووی لەم وڵاتە نەکردەوە.

سەیداتییەکەی منیش زۆر ئەسڵی نییە

لە دەوروبەری ١٩٤٣ز- حاجی سەید کاکل هەبوو لە گوندی سماق شیرین لە دەشتی کۆیێ، پیاوێکی زەریف و خانەدان و ماقووڵ بوو، یەک دوو گوند لەم ناوە هەمووی خزم و برا و برازای خۆی بوون، ئەو گەورەی هەمووان بوو، دەوڵەمەندیش

بوو، دیانەتێکی جوانی بەکار دێنا. وتی: هاوینێک پیاوێکمان لێ بەدیار کەوت: سواری ماینەکی چاک، شان و عەبا، بەسەر و ریش، سەوزێکی زۆری لەسەر بەستبوو، هەروەها لە پشتیشی بەستبوو.

بەپیلی وەچووین، جەرەومان گرت و دابەزی، بە عەزەمەت و عیزەت، مافووری بۆ ڕاخرا و بالیف لە پاڵ، دەستمان ماچ کرد. چایە دەم کرا، چەند کوڕ و کوڕەزام وەستان لە بەردەست، جا مام سەید بە فیزێکەوە وتی: جەنابت سەید کاکلە؟ وتم: بەرێ. قاقەزێکی دەرهێنا و دایە مستم. منیش خوێندەوار نەبووم، هەروەها خوێندەوار لە گوندەکەمان نەبوو لەم کاتەدا. منیش تەماشای قاقەزەکەم کرد و وتم: قوربان ئێمە خوێندەواریمان نییە هەر بەخۆت بیخوێنەوە.

جا دەستی پێ کرد:

بسم الله الرحمن الرحیم بۆ هەموو ساداتی صحیح النسبیش وەک: بنەماڵەی شێخ مارفی هەڵەجە و حاج سەید کاکلی سماق شیرین و گۆمەتاڵ، هەڵگری نووسراو جەنابی حاجی شێخ سەید ئەحمەد بەرزنجی یەکێکە لە ئامۆزایانی ئێمە، تووشی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بووە، سەرەڕای ئەم هەموو شتە کتێبخانە و ماڵیشی بەقودرەتی خوا ئاگری تێ بەربوو، جا دەست بەتاڵ مایتەوە.

تکا لە هەموو ساداتی صحیح النسب ئەمەیە کەوا یارمەتییەکی چاکی بدەن بە بۆنەی زەکاتی شەرعی، یارمەتیدانی ئەم زاتە یارمەتیدانی منە.

ئیمزا

حەفید کاک ئەحمەدی سلێمانی

شێخ مەحموود شێخ سەعید مەلیکی کوردستان.

حاجی سەید کاکل وتی: کە وام بیست فیکر و هۆشم نەما لە خۆشییان، ئەمە یەکەم جارە زاتی وەکو شێخ مەحموود کاغەز بۆ من بنێری و پێشم بڵێ سەیدی صحیح النسب، جا بە مەزبوتی فەرمانم دا کاوڕێک کوژراوە، ناردم هەموو قەوم و خزمی خۆم خڕ کردەوە لە گۆمەتاڵ و سماق شیرینی گچکە. ئامۆزای شێخ مەحموود مێوانمە. قاقەزی شێخ مەحموودم بۆ هاتووە، بەلای کەمی نیازم بوو

بەخۆم و بەخزمان لە ٢٠ عەلبە گەنم کەمتر کۆ نەکەینەوە بۆ ئەم زاتە و ئەگەرچی ئەمەندەشم هەر لەلا کەم بوو.

نان خورا، سەماوار لە گۆڕە، شەو ڕاشکا، نێزیکەی ٣٠ زەلام راوەستاون لە خزمەت حاجی شێخ سەید ئەحمەدی ئامۆزای شێخ مەحموود، ناوە ناوە کاغەزەکەی پێ دەخوێنمەوە لە خۆشییان.

گۆیا قاقەز بۆ من هاتووە، سوبیانێ وتم قوربان قاقەزەکە بدە من تاکو هەری بگرم بۆ تەبەڕوک و ئەگەر ڕێشم کەوتە خزمەت شێخ مەحموود نیشانی بدەم، خزمیشم تێ گەیاندن هەریەکە ئەمەندە دەغرە ئامادە بکا، بەسەرچاو، جەنابی شێخ فەرمووی: ئەم قاقەزە نادرێتە جەنابت و لەلات بێ، چونکە قاقەزی شێخ نادرێتە کەس، لەم قسەیە فیکرم شێلوو بوو، بەڵام نەیسا.

جا شەپێکم لە چۆکی خۆم دا و وتم: ئاخ، خوا مەلاکان بگرێ. شێخ وتی: بۆچی؟ وتم: دەرێن زەکات بەسەید ناچی. ئەگەرنا من زەکاتی خۆم و هەموو خزمەکانم دەدایێ، بەلای کەمی ٥٠ عەلبەی پتر دەکرد، تۆش ئیحتیاجیت بەکەسی تر نەدەبوو، ئەم پیاوەتییە و چاکەیەکم لە خزمەت شێخ مەحموود بۆ دەماوە.

کە وام گوت: شێخ کڕ بوو، داما، پاش ماوەیەک وتی: حاجی سەید کاکل سەرت نەختێ بۆ لای من بینە، سەرم بردە لای سەری، دەمی لە بن گێم نا و وتی: تۆ لە زەکات دانەکەت دڵگیر مەبە، بەهۆی سەیدایەتیم، لەبەرئەوەی سەیدایەتییەکەی من زۆر ئەسڵ نییە.

کە وای گۆت وەکو ئاوێکی ساردم پێدا بکەی وام لێ هات، وتم: های لە خۆم بێ عەقرێ (ئەقڵێ) کە بەم کابرایە و بەم قاقەزۆکە خەڵەتام. جا رووم لە شێخ کرد و وتم: یارەبی الحمد لله کەوا سەیدایەتییەکەت ئەسڵ نییە، بە دەنگەکی بەرز سێ چوار جار وام گۆت.

بە کورتی پشتم تێ کرد، لە ئەنجاما دوو قەسناغ دەغرم دایێ، لە هەوەڵ پێ رازی نەبوو، بەڵام کە زانی من تێی گەیشتم وەری گرت.

جا خوا نەیهێشت کە من تووشی ئەم زەرەرە ببم، کاوڕەکەم و چایە و نانەکەم چوو قیرسی، با هەر لەوەندە بگەڕێتەوە، جا سەیدمان پشتی پێدا و منداڵ و سەگی کەوتنە دوای رۆیی.

ئانی مرتک وشی سوی بالحمار

عەرەبێک هەبوو لەم دەشتی قەراجە، ناوچەی مەخمور لەلای گوندی: مشار و محێجلە. کەرێکی هەبوو- ماکەر، بە زۆری وا دەبوو سواری کەرەکەی دەبوو، لەبەرئەوەی ژنەکەی دەتگۆت: عەرەنەهوتە، هەرچۆنێ بێت کەرەکەی لەلای پاک و خاوێن و جوانتر بوو. کەرەکەی ئاووس بوو، هاتە سەر زایین، کابرای عەرەب لەبەر ئەمە زۆری تەسەروفی کردبوو لای وابوو ئەم کەرە کە وا دەزێ بەنی ئادەم دێن و بەنی ئادەمەکەش بەو دەچێ، جا زۆری لەلا عەیب و شەرم بوو- حەیای دەچوو، جا کابرا هات و لە رۆخ کەرەکەی رەشە ولاغێکی کوشتەوە، بۆ خێر چەند کەسانێکی بانگ کرد و دانیشتن، نزا بکەن و برێن، ئامین، جا کابرای عەرەب بەرەورووی لەشی کەرەکە راوەستا و دەستی برند دەکرد دەیگۆت: یا ئەڵلا، یا سوڵتان عەبدوڵلا، یا قەوس= غەوس، یا پێقەمبەر= پێغەمبەر- خوا بدا جحاش نەینی عیسان. ئەوانیش هەر دەیانگۆت: ئامین، کەرەکەش قەوەتی دەکردێ خەریکی زان بوو، یەکێک وتی: بۆ تۆ ئەم نزایە دەکەی بۆ ئەم خێرەت کرد؟ ئەم رەشە ولاغەت کردە خێر؟ کابراش وتی: باوکم، یا ئەبوی، ئەمن هەند واکردیە لەم کەرە دەترسێم بێنی عیسان حەیای من دەچی لەناو عەرەب، لەناو عەشیرەت. ژنەکەش دەهاتێ دەچوو دەیگۆت، خەلۆ ئانی ماگلت، یاشینێ تی واتە کابرا ناوی شنێ تی بوو، ئانی مرتک و شی سوی بالحمار. لیل و نهار تنیج الحمار و تخلی مورتک، ئە الله ها الحمار یولد ئادەمی و لا یولد جحاش، یا وێل، یا سوڵتان عەوبدوڵلا. کابراش هەر نزایی دەکرد و دەیگۆتە ژنەکەی، امش یا حورمە لولا خلصت ها المره توبه بعمری ما انیج الحمار غیرک یا حورمە، یا هەدلە. واتە ژنەکە ناوی هەدلە بووە.

کابرایەکی خادم و موئەزین

لە چەرخی (٢٠)م کابرایەک هەبوو لە شارێک، بانگدەر و خادم بوو لە مزگەوتێک، کابرایەک خەریکی مار پەیداکردن بوو لە: خوێندنەوەی مەولود، لە نوشتە، لە دوعا، لە قەریب و لە فەرج، لە سلات و ئیسقا، لە خوێندنی سەر مردوو، ئەم کابرایەش نەزان و نادان و جاهیل بوو، مەلای مزگەوتەکەش بەزۆری هەر مەلا چاکی لێ بووە، بەڵام لەلای خەڵکەکە هەر ئەم کابرایەک مەلایە و مەلای مزگەوت فەقێش تەواو نییە،

لە ڕاست ئەم کابرایە، مەلا کانیش لە دڵەوە لێی دڵگیر بوون، جا چ جێ نەما کابرا پارەی تێ نەکات، خاوەنی خانوو بەرەو ژن و منداڵ، واسیتە و کەسی زۆر بوو لە دائیرەی میری و ئیشی بە چاکی بۆ دەکرا، جا کابرا بووە گورگێ هار، هەوڵێکی بۆوی و هەوڵێکی بۆوی، چاوی سۆر بوو، کلکی ڕەپ بوو، دەوڵەمەندی کۆرەی کرد، ئارەزووی کەوتە سەر ژنان، زۆرجار ژن و ژار بۆ شەرع و شت دەچوونە مزگەوت بۆ لای مەلای مزگەوت، کابرا ڕای دەکێشان و دەیبردنە حوجرەی خۆی گۆیا من مەلای مزگەوتم، جا لەوێ پری دەدانێ و پەلاماری دەدان، خەجیجە ناوێک خۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە، بەڵام وتی: منیش زۆرم جون دایێ، جا بە هۆیانەوە سومعەی مەلای مزگەوتەکەش پیس بووبوو، تا ساغ دەبووەوە، ئەم کابرایە.... و مەلا نییە، ئەمەش دووری دەکێشا، تا وای لێ هات ژنێکی بێناموس هەبوو- کەوا گاندانی لەلا عادەت و پیاوەتی بوو، کچی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، مێردی کردبوو تەراق درابوو، ژنێکی زۆر جوان و نەرم و گەرم بوو، کابرا تەماعی لێ کرد و لێی ڕەق کرد، ئەویش پێی خۆش بوو، بەڵام ژنەکە ناوی بە سووکی دەرکردبوو، جا کابرا پرسی مەلای مزگەوتی کرد: کەوا ژنێک هەیە و برای خۆی ئاشقی دەبێ لە جوانی بەڵام نەختێک ناوی باش نییە، بەتەمامە بیهێنم، بەکورتی بەدزی ژنەی مارە کرد و بردیە شەهرول عەسەل، هەر لە ڕێ ژنە حەزی لە شوفێرەکە کرد بەقەستی وتیان سەیارەکە مەعتەلە و مەلا پاڵی بدە، جا مەلا هاتە خوار و خەریکی پاڵدان بوو، لە ناکاو سەیارە دەرپەڕی و ڕۆیی، مەلا چەندی وت: هۆپ، هۆپ، چولەدوور ڕاوەستا، کابرا بەهانکە هانک کەوتە شوێنی تا گەیشت دیتی خاتوون وا لەسەر پشتی، شوفێر لێی خوڕیتە ناوکی، کوڕە نەکەی، بێ فایدەیە، بە کورتی چەند ڕۆژی پێ چوو کابرا هاتەوە بە ژنەوە، بوە هەرا و بەزم و ڕەزم، خەڵک دەوریان دا و کابرا داماو مەلای مزگەوتی بانگ کرد و سەرو سەربردەی بۆ گێڕاوە، جار جاریش دەیگۆت: ئەو ژنە حیزە و هەزار کەس پتر وای لێ کردووە، من نامەوێ و قیرسیا لە زەرەرەکەم، تا لە ئەنجامدا کابرا تەراقی داو لێی بووە هەرا، مەلای مزگەوتیش هەلێ بۆ ڕێک کەوت و لەمێژ بوو لێی داغدار بوو، جا لە شارەکە نەقل کرا بۆ شوێنێکی تر، ماڵەکەی هەر لە شارەکە مایەوە، لە ئەنجامدا کابرا غارێک بۆ شوێنەکەی خۆی و غارێک بۆ شارەکە بۆ لای ژن و منداڵەکانی پێشووی، ژنە جوانەکەی هینی دەرەکەشی شکاتی لێ کرد و داوای مارەیی لێ دەکرد، جگە لەم

نەختەی خواردبووی، جا لە مەحکەمە لەلای قازی کابرایەکە دەیگوت: بیلامانێ یەک جارم وا لێ کردووە، ژنەش دەیگۆت درۆ دەکات، (٨) جاری وا لێ کردوومە، کابرایەکە محامی گرت و کەوا چی نەداتێ، ژنەش زگێ هەبوو، کابرایەکە دەیگۆت لە من نییە و ژنەش دەیگۆت لە تۆیە، کابرایەکە دەیگۆت: هەزار کەس وایان لە تۆ کردووە بۆ چ هی منە و لە منە، جا وەزیعەت گەیشتە ئەم ڕادەیە: کابرایەکە دەیگۆت: سێ ڕۆژ لەلای من بوو بەم سێ ڕۆژە پتر لە (١٠) کەس لە دیارە من وایان لێ کرد و ژنەش دەیگۆت: چ قەیدییە تۆش وات لێ کردم، بە کورتی شەڕە چەقەیە لەسەر نەفەقە و مارەیی و منداڵەکەی ناو زگێ، ئا ئەمە ئەنجامی مەغروری و لە خۆباییبوون، ئا ئەمەیە ئەنجامی لێک نەدانەوە و کەم عەقری، ئا ئەمەیە کوردەواری دەڵێن: کرمانج تێر بوو یان ژن هەردەگرێ وەیاخۆ پیاو دەکوژێ، لە ئەنجاما ئەم ئیشە قۆڕە بووە هۆی ئەمە کە کابرا فنش کرا لە وەزیفە.

فێڵ لە خوا ناکرێ

لە مابەینی ساڵانی (١٨٣٠)ز تاکو (١٨٤٠)ز دوو حاجی هەبوون لەم دەشتی هەولێرە هەردووکیان حاجی مەلا بوون، ئیدعای دینیان دەکرد جگە لەمە کەوا یەکێکیان خەلیفەش بوو لە تەریقەتی………، لە ماڵ و ناو ماڵ و دەغرودان و مەڕومارات یەکجار تێر بوون، یارم خزمایەتییەکیشیان لەگەڵ یەکتر هەبوو، هەر یەکەیان لە گوندێک ئیمام و خەیتب بوون، نێوانی گوندەکانیشیان لە دەوری دوو سەعاتە ڕێ بوو بە پیادەیی، گوندێکیان سەر بە ناوچەی قوشتەپە بوو ئەوی تر سەر بە ناوچەی کەندێناوە بوو= دیبەگە، دەعوای دیانەتیان و وەسواسیان زۆر بەتێن بوو، کەم کەسیان لەلا موسڵمان بوو، لەسەر ئەو دەورەمەندییەش زەکات و سەرفترە و خێر و خێرات هەر بۆ وان بوو لە گوندەکانیان، گومان نەبوو کە پێیان ناچێ، جا نازانم کە وەریان دەگرت بە حەراری بوو خواردنەکەی یان بە حەرامی، ڕەنگە هەر بە حەراری خواردبیان، هەروەکو کوێخا حەوێزی شاخە پیسکە کە پیاوێکی زۆر ئاقر بوو دەیگۆت: حەرام ئەمەیە کە چەنگ نەکەوی و حەرار ئەمەیە چەنگ بکەوێ، جا ئەم دوو حاجییە لەسەر ئەم هەموو مار و دەورەتە زۆر دەسکورتیش بوون لە زانستی ئاین و لە عیلم و مەعریفەت، یەکێک لەم دووانە زۆرجار دەیگۆت: بەخت باشترە لە تەخت، واتە: بەختت باش بی چاکترە لەمە کە

پاشـا بی و لەسـەر تەخت دابنیشی و بێ بەخت بی، جا ئەم دوو کەسە حەیوانێکی زۆریان هەبوو، لەگەر دەغرودان، گۆیا زەکاتیان لە حەیوانەکەی خۆیان دەردەکرد و لە دەغرودانەکە، بەڵام چۆنیان دەردەکرد کە زەکات واجبەکی ئیسلامییە؟ ئەمەیان چەندی زەکات هەبایە دەیدا ئەوەکەی تر ئەوەکەی تریش دەیدا بە ئەمەکەی تر، واتە وەکـو دوو گـوێدرێژ کـە یەکتـر بخـورێن، ئەس قـەزا زسـتـانێک مـردن کـەوتە ناو حەیوانەکەیان- هەریەکەیان نێزیکەی (٧٠ تا ٨٠) سەر حەیوانیان مردار بوو، جا خـەڵک لە گـوندان دەچـوونە لایان بۆ سـەرخـۆشی و دڵ دانەوەیـان، مـەلایەکـیش لە گوندی: گرد عازەبان بە خۆی و تاخمە فەقێیەک چووە لای یەکێک لەم دوو حاجییە، ئەس قەزا حاجییەکەی تریش لەم کاتە لەوێ بوو، شیو کرا و خەڵک کۆبوونەوە، جا لە مـەجریسـی مەلای گرد عازەبان پێی وتن: من بۆ سـەرەخۆشی نەهـاتومە، وتیـان چۆن؟ وتی: ئەم حەیوان مردنەی ئێوە حەقی سەگاتییەکەی زەکات گۆڕینەوەتان بوو لەگەڵ یەکتر، ئەمـە خوا تۆڵەی لێ کردنەوە، ئومێدە لە قیامەت بۆتـان وەبەر بێخـی، جا ئەوەکەی تریش تا گەڕاوە مـاڵێ دەردە حـەیوان مێـوانی بوو، جا هەردووکیـان سەریان شـۆڕ کرد و چاویان لەبەر نا، ئەمەش سەبەب بوو لە ئەنجاما هەردووکیان بوونە دەسکورتی مار و عیلم،... هتد.

فێر لە خوا ناکرێ.

بۆ زانین: پێـویسـتـە ئەم جـۆرە شـتـە بنووسـرێ تاکـو ببێ بە دەرس و عیبرەت بۆ لەیاد نەچوون.

کۆلکە مەلا خەون دەبینێ

کۆلکە مـەلایەکی زۆر ڕالەخۆ، بەعـەزەمەت، بەشـان و عـەبا، بە کەوا و سـەڵتـە، لەگەڵ ئاغـانیـش تێکەڵاو بووبـوو، خـوشـکی دابووە ئاغـا بە ژن و مـێـردایەتی، لە دەشـتـی هەولێـر، جـا بەم هۆیە زۆر شـانازیی دەکرد و جـووتیـار و شـوانیش لێـیـان لادەدا، لەبـەرئەوەی تا شـۆڕشی (١٤)ی تەمـووزی (١٩٥٨)ز ئاغـا دەوریان زۆر بوو لەناو خـەڵک دا، تەمەنی ئەم مـەلایۆکە لە (٥٠) ساڵ تێپـەڕ بووبوو لە کـاتی ئەم شۆڕشـە، جا بەر لە شـۆڕش ئەم مـەلایە خـەونێک دەبینێ و لە خـەودا مـەلا فـەندی هەولێر کە باش عالمی جیهانە ئیسلامی بووە لە چەرخی خۆی، وەپشتاوپشت خـانەدانی عیلم

بوونە و هی دین، دەمێکە وەفاتی کردووە، شوێنەواری لەم چەرخانە مامۆستا ڕەشاد موفتییە، کە قازی بوو لە هەولێر، پیاوێکی عاقل و عالیم و چازان، مامۆستا مەلا ئەبو بەکری کۆیش کە عالیمێکی زۆر بەرز بووە، باسی عیلم و زانین و زانستی قەت تەواو نابێ، ئەم کۆلکە مەلایە بەعەزەمەتەی ڕا لەخۆیە خەونێک دەبینێ و لە خەودا کە مەلا فەندی مەرحوم قاقەزێک و قەلەمێکی دەداتە دەست، دەشگونجێ کەوا ئەم خەونە هەڵبەست بێ ئەگەر نا بۆ چ لە حزووری قازی ڕەشاد دەیگێڕاوە، ئەمەش بۆ کەیف پێ هاتنی مامۆستا ڕەشاد بوو، بەکورتی خۆی و دینی، لە حزووری ڕەشاد ئەفەندی ئەم خەونەی گێڕاوە، مامۆستا ئەبوبەکری کۆیش لەوێ حازر بوو، دەسبەچی وتی: من تەعبیرەکەی دەزانم، وتیان: چییە؟ وتی: ئەفەندی مەرحوم پیاوێکی گەورە بوو، دەگونجی کەوا خاوەن کەرامەت بێ، زانیتی کەوا جەناب تۆ مەویوسی لە عیلم و زانست و زانین، لێرەش بەدواوە دنیا کەوتە کاری قەڵەم و خەت و زانین، جا هەروەکو جەنابت عیلمت نییە، ئەوها خەت و قەرەمیشت نییە، ئەفەندیش زانیتی کەوا تازە فێربوونت هی عیلم مەحاڵە، جا وتی: با عاپولێ نەچی و فێری خەت و نووسین بێ دەشقەم لە کاتێک سەڵتەنەت و سوڵتەی ئاغان نامینێ تۆ دەتوانێ بەم خەتە ئانۆکەیەک پەیدا بکەی، مەلا کڕ بوو و داما و هەستی نەکرد، مەجریسەکەش زۆر پێکەنین، ڕاست بوو لە پاش ساڵی (١٩٥٨) سوڵتە نەما، مامۆستا خزمێکی دیتەوە نانۆکەیەکیان دایێ، (معاش) بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەویش بڕا.

چاکی کن گوندی شێخانان

گوندی شێخانان لە نێزیک شاری (پردێ)یە گوندێکی ٦٠ ماڵی دەبێ، لە دەشتی هەولێر، قەبرستانۆکەیەکی کەوتوویتە ڕۆئاوای، گردۆڵکەیەکی لەکنە، چاکێک لەسەر گردۆڵکەکەیە.

پێی دەرێن (شێخ نەسیب)، هەندێ دەڵێن شێخ نەسیف، هەندێ دەڵێن شێخ نەسیم، بەڵام مەشوورترین (شێخ نەسیف)ە، ڕاستترینیشی (شێخ نصیب)ە.

هەر کەسێ بچێتە سەر چاکەکە، ٣ فاتیحا و ٣ قل هو الله بۆ ئەم چاکە بخوێنی، جا مرازێک لە دڵی خۆی بگری و درێژ ببێ و خۆی غلۆل بکاتەوە.

تاکـو خـوار گـردەکـە خـۆی دەڕوات، لەوێشــەوە بۆ هەوراز و بۆ گـرخـواردن بە غلۆلەیی چاکەکە دەیهێنی و دەیبات ئـەگەر مـرازەکەی قبـوولّ ببێ، ئـەگەرنا لەبن گردەکە رادەوەستێ و جوولە ناکات.

ئێمـە لە دەوروبەری ١٩٤٠ز دە فەقێ بووین، ڕێمـان کەوتە ئەوێ، نیازمـان گرت و خۆمان غلۆل کردەوە، تەنیا من بەگڕ کەوتم.

ئەوانی تر رەق راوەسـتـان، لە پاشان نیازەکانمان بە یەکتر گۆت: هـی هـەمـوومان بوونە مـەلا بوو، واتە ببـینە مـەلا، لەم دەیانە بەس من بـوومـە مـەلا و خـوێندنم تەواو کـرد و ئیـجـازەم وەرگـرت، ئەوانی تر چشـتـاقـیـان نەبـوونە مـەلای تـەواو، هـەریەک هـەندێکی خوێند.

هاوڕێیەتی با و درۆ

جارێک – با – دەگاتە– درۆ– دەبنە برادەر. جا کە لێک دادەبڕێن درۆ دەرێتە با من لە کێت بدۆزمـەوە ئەگەر ئیـشـێکم هـەبـوو؟ با دەرێ ئەگەر بزرت کـردم لە دەربەندی گۆمەسـپـانێ بمدۆزەوە، جـا خواکردە شـەو و ڕۆژ ئەم دەربەندە هـەر بای دێت. باش دەرێتە درۆ من ئەگەر ئیشێکم بوو لە کێت بدۆزمەوە؟ درۆ دەرێ: سوبیـانان لەسـەر مەجریسی قاوە لە دیوەخانان، بمدۆزەوە. واتە ئەم شوێنانە جێگەی درۆیە، چونکە هەمەجۆرە خەڵکی لێ دادەنیشی.

ئای ڕەزیلی

کـابرایـەکی ڕەزیل خـەرکی گـوندی: کۆیەقـران، دەشـتی هـەولێر، چل لیـرەی دەبێ. هـەر دری نـایێ خــەرجی بکـا. چەندی ژن و منداڵـەکـانی حــەولی لەگــەڵ دەدەن: رووتوقـوتین بەرگێکمـان بۆ بکـرە. خـەرکیش دەیانگۆتە کـابرا: تۆ رووتوقـوتی برۆ کورتـەکێک بۆ خـۆت بکـرە، عەیبـە، ئەوا زسـتـانە. کابرا لیـرەکی لە چل لیرەکـان هـەر گرت و بەرە و هـەولێر هـات بۆ لیباس کرین بۆ خـۆی و مار منداری. کـە هـاتە بازاڕ و لیرەکـەی دەرهێنا، چاوی کەوت دەسـتی کرد بەگریان. وتیان کـوڕە بۆچ دەگریی؟ وتی: لـە خــەفــەتی ئەو لیــرەیە لـە ڕەفــیــقــەکــانی دابڕاوە و زەرد هـەر گـەراوە، لە خـەفـەتان. تومـەز پێـشــتـر بـۆربووبوو لەناو پـەرۆک و لەبەر دووکـەری خـانوو، کـە

هێنایانە شار لە دەست وەردرا و زەرد بووەوە. جا کابرا بەرە و مار گەڕایەوە بە غار، لیرەکەی هێنایەوە تا هاتەوە کەندی قەتەوەی مەیلەو ئاو هاتبوو کابراش خەریکی پەڕینەوە بوو، لە پاشڕا شەپۆڵ هات و لێی دا و بردی و نقومی کرد، بە خۆی و بە لیرەکەوە لەناو چوون. جا ئێستاش ئەم قسەیە بە پەند دەگەڕێتەوە.

والیی مووسڵ و توجارەکانی مووسڵ

لە چەرخی عوسمانییەکان بەتایبەتی لەم دواینیە لە دەوروبەری سوڵتان ڕەشاد، حکوومەتی تورک شڵەقابوو، هەر کەس بۆ خۆی بوو، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، بەکورتی بووبووە، بگێ- بگێ. والی یەک لە شاری مووسڵ بوو، پڕۆژەیەکی لە بەردەست بوو، کەتبووە ناوێ، بۆشی درەنەچووو، پارەیەکی زۆری کەتبووە سەر شانی، تێش ئاڵا بوو، چەندی دەی کرد بۆی دەرنەدەچوو، زۆری تەل غوراف دەکرد بۆ ئەستەمبۆڵ بۆ پارە و پوول نەگەیشتە چ ئەنجام، ناچار بوو بە خۆی بەلەقە لەق رووی کردە ئەستەمبۆڵ، لەلای چەند قەلعە و ماردین تووشی کۆنە مەئمووڕێکی برادەری بوو، لێی پرسی: ها بۆ کوێ: وتی بۆ ئەستەمبۆڵ. وتی: بۆچی؟ ئەویش چیرۆکەکەی بەسەروبەری گێڕایەوە. ئەویش وتی: مردووت مرێ بۆ کوێ سەرت هەڵگرتووە، حکوومەتی چی، سوڵتانی چی، دەوڵەتی چی، کێ ئاگای لە کییە، پارەی چی؟ تەلغورافی چی؟ بگەڕێوە بۆ خۆت فێرێک دابمەزرێنە و پارەکە تەحسیل بکە و هەقی خەرک بدەوە بۆ خۆشت نەختێ بخۆ. جا والیش قسەکەی چووە دڵی و گەڕاوە. وەستا و عەمەلە و خاوەن قۆنتەراتەکان خەنی خۆشییان بوو، والی پارەی بۆ هێناون، والیش خۆی لەوان نەگەیاند، مەجریسێکی تەشکیل کرد، پشیلەیەکی جینجری ئامادە کرد: کورتانۆکەیەکی رێکوپێکی بۆ دروست کرد، زەنگڵۆکەی تێ خست و قەوچو قەراسەی بۆ قایم کرد. هێنایانە مەجریسەکە و رایان گرت. دانیشتوان سەریان سوڕما لەم بەزم ڕەزمە. لستەکی کرد و ناوی توجارەکانی مووسڵی تێدا تۆمار کرد. گاسی کردن و لە دەرێ ئامادە بوون، جا یەکە، یەکەی گاس دەکردە ژوورێ و لێی دەپرسین، ئەمە چییە؟ واتە ئەم پشیلەیەی قەراسە و کورتان کراوە. باش توجارێ هاتە ژوورێ و لێی پرسی: ئەمە چییە؟ توجار نەختێکی لێ هوردبووەوە وتی: گەورەم: ئەمە پشیلەی کورتان و قەڕاسەکراوە. والی وتی: تۆ لەکنە خۆت واباش توجاری عاقری، ئەم درۆیە زلەت بۆ کرد، دیارە تۆ لە هیچ

نازانی، دانێ (٥٠٠) لیره. برۆ دەرێ، پارەکەی دا و چووە دەرێ. توجارەکان لێیان پرسی: چ هەیە و چییە؟ ئەویش وتی لە راهی خوا بەس نەرێن، پشیلەیە ئەو جا چی دەرێن برێن. یەکی تر بانگ کرا و چووە ژوورێ، والی وتی: ئەمە چییە؟ ئەویش بەبێ گیروگرفت وتی: قوربان ئەمە هەسپە، والی پێکەنی و وتی: نەختێکت زانی بەڵام هێشتان مایتی، دانێ (٣٠٠) لیره و برۆ دەرێ.

ئەویش هاتە دەرێ و لێیان پرسی: چ هەیە و چ نییە؟ وتی بەس مەرێن هەسپە جا چی دەرێن برێن. یەکی تر بانگ کرا و لێی پرسی: ئەمە چییە؟ وا پشیلە کورتان و قەراسەکراو، ئەویش وتی: گەورەم ئەمە پڵنگە و بۆ والی بە دیاری هاتووە. والی وتی: نەختێکت نێزیک کرد، بەڵام هێشتان مایتی. بدە (٢٠٠) لیره و بچۆ دەرەوە. کە هاتە دەرێ لێیان پرسی، چ باسە چ هەرایە؟ وتی: هەرچی هەیە و هەرچی نییە بەس مەرێن پڵنگە جا چی دەرێن کەیفی خۆتانە. بانگی توجارەکی تر کرا ئەس قەزا جوولەکە بوو، چووە ژوورێ. والی لیی پرسی: جووە ئەمە چییە؟ جوولەکە دەست لە باخەڵی ناو چەنگەکی لیره لەسەر مێزی والی روو کرد و وتی: فەرموو قوربان.

والی وتی: من داوای پارەم نەکردووە، داوام لێ کردووی، ئەمە چییە؟ وەڵامم بدەوە. وتی قوربان ئەمە غەزەبی خوایە بۆ ئێمە هاتووە تاکو پارە بدەین جا بڵێم چییە، هەرچی ئێمە بڵێین وا نییە لەلای جەنابت، دیارە ئەمە غەزەبی خوایە. مەجریسەکە زۆر پێکەنین، والیش بەم فێرە پارەیەکی زۆری خر کردەوە، هەقی خەرکیشی لێ دا و کیسەی خۆشی پڕ کرد و کەسیش لێی نەپێچایەوە. پشیلەش کورتان و زەنگۆلۆکە و قەراسەی لێک راوە و بەرەڵا کرا، هەر پشیلەی جاران بوو.

جا خەرکی عێراقیش لە پاش ساڵی ١٩٥٨ زۆر غەزەبی خوای ئەوهایان دیت، زۆر کیسە و بەرک پڕکران... هتد. بەدرۆودەلەسە و فرۆفێر و بوختان.

کاروانچی و سەگی گوندی

لە چەرخی کۆن خەرک (خەڵک) زۆر دەسکورت بوون، پارە و پوول کەم لەناو خەرک جا کرمانجەتی دەچوون کاروانیان دەکرد یان بۆ وڵاتی زیبار بۆ مێوژ هێنان کە بیفرۆشتنەوە، وەیاخۆ بۆ وڵاتی: خالس و مەندەلی بۆ قەسپ و خورما هێنان، ئەم

کاروانەش لە ٢٠ شەو تاکو ١٥ شەو کەمتری پێ نەدەچوو، جاری واش هەبوو بۆ خۆشناوەتی ئەچوون بۆ: مێوژ و گیز هێنان، ئەم ئیشە تاکو ساڵی ١٩٤٠ هەر لە باوبوو، جاریواش هەبوو بۆ ناو عەرەب بۆ: خێ هێنان. جا دە دوازدە کەس دەبوونە کاروانێک هەریەک دووسی وڵاغی بار دەکرد، لەم سەرە دەغریان دەبرد و لەم سەریش یان: خێ یان: قەسپ، یان مێوژ و گیز،... هتد، دەیانهێنا، نان و ئەسبابی خۆیان هەر دەگرت و دەکەوتنە ڕێگە، بەشەوان لە ڕۆخ ئاوەدانی دەیانیێخست، تاخمەیەک لە خەرکی گوندی: ماجیداوە، لە کەندیناوە دەچن بۆ کاروان، هەموو شەو کە دێخن کابرایەکیان دوور دەکەوتەوە و لەناو ڕەفیقەکانی نەدەخەوت، دەیگوت: بێزم نایی لە ناوتان بخەوم.

شەوێک لە نێزیک گوندێک دێخن، کابراش دوور دەکەویتەوە و دەخەوی. یەکیک لە کاروانەکە شەو هەردەستی، مانگەشەو دەبی، سێ چوار نوردییەنانی ڕەق کە پێیتیان دەبا و لە دەوروپشتی کابرایەکەی دوورکەوتووە نانەکە هورد دەکات و هەندێکش لەسەر لەش و گیان و سینگ و دەموچاوی، سەگی گوندەکەش مانگەشەوە، بۆنی نان دەکەن و لە دەوری کابرا کۆ دەبنەوە، لە هەموو لای دەس دەکەن بەنانەرەق خواردن و مروهۆڕکردن و یارم حەپەوڕەوی نێک، لە ناکاو کابرا بەخەبەر دێت و دەبینێ وەکو کەلاک سەگەل دەورەیان داوە، شمەکەکانیشیان پچڕیوە، کابرا هەردەستی دەکەوێتە دوای سەگەل، ها لێرە و ها لەوێ، دەیان داتە بەرخڕکان (بەرد) و هەریان دەبڕی، لە گوندەکەش دەبینن ئەوا یەکێک ڕاو سەگەلەکە دەنێ و ها لێرە و ها لەوی کۆ دەبنەوە و دەرێن مارم ویران یەکێک لەم کاروان چییانە شێت بووە، جا دەورەی ئەدەن و پەلبەستی دەکەن و دەس دەکەن بە: فاتیحە خوێندن و ئایەتەلکورسی و قل هو الله خوێندن، کابرا یەکجاری هار دەبی، نازانی چی بری، تاکو ڕەفیقەکانی بە خەبەر دێن و دەبینن ئەم هەرایەیە، جا دەچن بە هەزار ناری عەلی نەجاتی دەدەن، جا ببڕا ببڕا جاری تر نەوێرا لە ڕەفیقەکانی بەشەو جیا ببێتەوە، ئەم بەزم و هەرایە گەلێ درێژە، بەڵام ئێرە هەر هەندە هەر دەگری، ئەم چیرۆکەیەش حاجی محەمەد لە هەولێر گێڕایەوە کەوا یەکە لە خەرکی گوندی ماجیداوە ناوبراو، ئەم حاجی محەمەدە هەمووانی دەناس لە کاروان کەرەکان، وە خوش پیاوێکی ڕاستگۆیە.

عەولا حەمشینی و زاوەکەی و دایکی

عەولا حەمشین هەبوو لە دەشتی هەولێر، پیاوێکی یارانە و ئاقر بوو، بەیتارێکی زۆر چاکیش بوو، وا دەزانم لە دەورووبەری ١٩٥٠ وەفاتی کرد. پیرەدایکەکی هەبوو، عەولا زۆری خاتر دەگرت، مارەکە لە دەست پیرە دایکەکە بوو، خوشکێکی هەبوو ئەم عەولایە، درابووە کابرایەکی ناو عەزاو، عادەتەن خەسووش زاوایان زۆر خۆش دەوێ، دابەستەیەکیان هەبوو، زۆرجار عەولا دەیگۆتە دایکی: دابەستییەکە بکوژێنەوە و بیخۆین، دایکەش هەر دەیگۆت جارێ زووە. لە ناکاو عەزاوی زاوایان مێوان بوو، ناردیانە شوێن عەولا کە بێتەوە و مێوانمان هاتووە، عەولا کە چووەوە بینی مندار لە حەوشە غارەغارییانە، عەلەشیشیۆکە و مریشکەکی قەڵەویان گرت و سەریان بڕی، عەولاش وتی: دەبێ مدیر ناحییە مێوان بێ، قائیمقام مێوان بێ، ڕەسووڵ ئاغا، کە پیاوێکی گەورەیە و ئاغایە مێوان بێ؟ ئەو هەرایە چییە، کە دێت و دیتی، عەزاوی زاوایەتی، بۆ هێوارێ مریشک و عەلەشیش خورا، بەیانی دایکی سیکاردی تیژ کرد و وتی: عەولا دابەستییەکە سەر بڕە، عەزاوی مێوانە، دابەستی کوژراوە. کرا بە چەلاو پلاو، گۆشت سێبەرلای کردووە لەسەر شیو، دایکی یەک دوو جار مەقرییە ڕۆنی دەهێنێ و بەلای زاوای دادەکرد و دەیگۆت، نەکو شیوەکە وشک بێ، عەزاویش دەیگۆت: نایەوێ و چەورە، پیرێژنیش دەیگۆت، ئاخر من دڵم داناکەوێ، عەولا حەمشین لەسەر شیوەکە هەرسا و غاریدا و هیزەی ڕۆنی هێنا وتییە عەزاوی زاوای، سەگباب بکەوە سەر پشت و دەمت بەش کەوە. دەرکی هیزەی لە دەمی عەزاو ناو پاڵی بە ڕۆنەکەوە نا، هەی نەکەی کوڕە مەکە، بەری سوودی نەبوو، عەولا وتی: دایکم دڵی داناکەوێ تاکو ئەم هیزە ڕۆنە نەکرێتە قورگی ئەم زاوایە سەگبابە تاکو... بە هێز بێت بۆ خوشکەکەم، ئەو جا دایکم دڵی دادەکەوێ، جا بووە پێکەنین و ئەو قسەیە بە پەند و عەنتیکەیی تا ئێستاش هەر دەگێڕدرێتەوە.

پاشا و ڕاوکردن و شوان

له چەرخی کۆن دنیا پاشا پاشایانێ بوو: هەر وڵاتیکی کەم پاشایەکی لێ بووە و نەڕاندیتی و وتویەتی هەر ئەمن، هەروەکـو لەم چەرخـانەی دووایيش وای لێ هاتووە، لە زۆر وڵات سەت هەزار نفوس نابێ و پاشا و وەزیر و شتی ماوە، جا ئەم پاشایەی وتمان کاملە پیاو بوو زۆری حەز لە ڕاوشکاربوو، کاتێک بووە بەهار. چەلاوخۆرەکانیش لەبەر گوێیان داخوێند: کە بەهارە و کاتی ڕاووشکارە، بۆ کنێر و خاوەوکیابەندە،... هتد زۆر وڵاتیش نیوەی بەهار هەر بەزستان حسێبە وجێگەی متمانەکردن نییە، هەر کات گۆڕی دەبێ بەزستان و سەختی بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا، نەییسسە چەلاوخۆر هەندییان لە مەجریسی پاشا باسی ڕاو و خۆش ڕاوی کرد، و باسی قەلەویی نێچیر و باڵندە کرد. پاشا فیکری گۆڕا و بڕیاری ڕاویان دا بەڵام پاشا ناردی شوانێک هات و لێی پرسی: کاکەی شوان ئێوەی شوان چاک لە ساڵ و کات و خۆشی و ناخۆشی دەزانن، ئێمەش فیکری ڕاووشکارمان، کاتیش بەهارە، ئاخۆ مەترسی هەیە لە سارد و سەختی؟ یاخۆ هەر کاتی خۆشییە، تاکو بچینە ڕاوەکە، ئێمە بڕوامان بەزانینی جووتیار شوانان زۆرە شوانەکە وتی: قوربان ئیمە لە ساڵ و کات و خۆشی و ناخۆشی دەزانین بەهۆی حەیوانات و ئاژەڵەوە، چونکە ئەوان بەستەزمانن و خوا فیری ئەم شتانەی کردوینە جا من لەناو حەیوانەکەم بزنێکی قەشر– هەیە واتە قەش کە بەم جۆرە بزنە دەرێن نیوچەوانی سپییە، ئەم بزنە بۆ من ئەسبابی زامن ساڵە، بابچم بیهێنم و سەرنجی بدەم تاکو بزانم کاتەکە چۆنە؟ بۆ زانین: ئوستورلاب ئالەتێکە زاناکان چۆنیەتی کات و ئاسمان و شتی پێ دەزان، زەردە، لە مەعدەن دروست کراوە، مەلاکان چاک دەزانن چییە و چۆنە، ئەمەش لە کاتی عەباسییەکان لەم ناوچانە پەیدابوو، لە جێی خۆی زاناکانی یۆنانی لە کۆنەوە دروستیان کردووە، ئەم ئالەتە هەمووی نووسراوە و نیشانە کراوە، کتێبی: ئوستورلاب مەشورە مەلایەکان چاک دەیخوێنن. شوانەکە چوو بزنە قەشی هێنا و لەناو مەجریس پاشا کلکی هەڵداوە و بەرزی کردەوە و تەماشای بن کلکی بزنە قەشی کرد و هەستێکی ڕاگرت، جا لە پاشان بزنی بەردا و ڕووی کردە پاشا و مەجریسەکە و وتی: قوربان مەترسی نەماوە وفەرموون بۆ ڕاو، سەفەرتان خێر و پیرۆزە و سەلامەتن، کلکی بزنی قەش باشی هێنا جا بووە

خەنی خۆشی، چەلاوخۆر بەکار کەوتن، تەدارەک ڕێک خرا. تیروکەوان و کەمەند ئامادە کران، شیر و خەنجەر و چەقۆ تیژکران، ولاغ زین و لغاو و ڕیش کران، تەپلی ڕاو لێ درا و پاشا سواربوو، وەزیر لە دواوە عەسکەر لە دەرەوە، چەلاوخۆر و خۆریش ددانیان تیژ کرد، بۆ خواردن تاژیوو توولە دەستیان کرد بەسەما گەرمکردن، بەنووسکە نووسکە حەرەکە کرا بۆ ڕاو، ماوەی ڕۆژێک دوورکەوتنەوە، خێوەت هەڵدرا، بەهار خۆی گۆڕی بەزستان. بووە: باران و زریان و کڕیوە و ساردی و سەختی کەس ئاگای لە کەس نەما، شیو و خواردەمەنی لەو گۆڕەمانەوە، تاژیوو توولە دەستیان کرد بە: لوورەلوور قۆڕەقوڕ، ولاغ دەستیان کرد بە حێلە حێل و کەوتن و هەلاتن، زەلام لێیان شێوا و پەشۆکا، بەکورتی بوو ڕۆژەڕەش، دەستیان بەچ لای رانەگەیی، وەزیران وتیان پاشا: قوربان فەوتاین و چارەمان چییە؟

پاشا وتی: تا ئیمە ئەوەندە کەر و نەفام بین ئەمە حاڵمانە، ئێستا بۆ ئێمە شاییە، شێوەن ماوە لە دواوە، تاکو تەکبیرکەری ئێمە شوان و ئوستورلاب و ئێمە کلک و بنکلکی بزن بێت ئەم کاتەمان خۆشییە؟

ئی من دەدایێ مناسبی

لە دەوروبەری ١٩٤١ز ماستاوە گوندێکە لە دەشتی هەولێر هی ماری (ماڵی) شێخ جامی بووە، دوو گەڕەک بووە:

١- گەڕەکی شێخ سدیق

٢- گەڕەکی شێخ قادر

گەڕەکی شێخ سدیق مەلایەکی هەبوو، هەر ئەوەتە کەمێکی خوێندبوو، پێیان دەگۆت: مەلا محەمەدی بن جوو، زۆرجاریش پێی دەگۆترا، مەلا هیتلەر، چونکە لە فتوا و شت نەدەگەڕایەوە. ئەوسا لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بووە.

گەڕەکی شێخ قادر مەلایەکی چاک و زیرەکی هەبوو: مامۆستا مەلا عەبدولکەریم شۆڕە زەرتکەیی، مەلا کەریمی حاجی مستەفا جدوح، هەردەم خاوەن فەقێ و مەدرەسە بووە، لە ١٥ تا ١٦ فەقێ کەمتر لەم مەدرەسە نەبووە. ماستاوەش بە هەردوو گەڕەک ئەوسا ١٥٠ ماڵ دەبوو، بۆ فەقێیان هەردوو گەڕەک جیاوازی

نەبووە، بەڵام بۆ مەلا هەریەکو گەڕەکیان، مامۆستا مەلا شێخ جەلال مەلای گوندی ترپەسپیان لە دەشتی هەولێر، پیاوی وا عالم و بەتایبەت شەرعزان کەم هەبووە، زۆر بەدین بووە، زۆریش حەزی لە سوحبەت دەکرد، حاجی مامۆستا مەلا عەبدولقادری مەلای گوندی سورێژە لە دەشتی هەولێر، مەلایەکی چاک بووە، مامۆستا حاجی مەلا خەلیلی موخلیس مەلای گوندی دووسەرەی فەتاح لە دەشتی هەولێر ئەویش مەلایەکی زۆرچاک بووە، ئەم مەلایانە هەموویان بە خاوەن مەدرەسە و فەقێ بووینە، گوندی دوغان نێزیکەی ٤٠ ماڵ دەبوو لە نێزیک گوندی گردعازەبان، مەلایەکی لێ بووە ناوی مەلا وەسمان زەلامێکی موستەهەق و زەبەلاح، هەندەی چەترە فیلێک.

لە کاتی خۆی جووتیار و سەپان بووە لە تیرەی (ئۆرمزیار)، بەڵام حەپس کرایە و لە حەپسخانە فێری قورعانێکی شەت و پەت بووبوو، کە بەربوو لە حەپسخانە تۆبەی لەسەر دەستی شێخ محەمەد تاهیری هەتروشی کرد و، بووە مەلا لە گوندی دۆغان، بەر لە مەلایەتی مەشوور بوو...، ئەم گوندانە لە یەکتر نێزیک بوون، مامۆستا مەلا شێخ جەلال و مامۆستا مەلا قادر و مامۆستا مەلا خەلیل و یەک دوو موستەعیدیشیان لەگەڵ بوو.

شەو بوونە میوانی مەلا وەسمان، جا مەلا وەسمان ئەم پیاوانەی میوان بێ دەبێ چ خزمەت بکا؟

بۆ بەیانیش مەلا وەسمانیان لەگەڵ خۆ هێنا و هاتنە ماستاوە بوونە مێوانی شێخ عەبدولمەجید کە ئەوسا لە شوێنی شێخ سدیق لە گەڕەکەکەی خۆی برا گەورە بوو، مەلا هیتلەریش لەوێ بەگەڵ کەوت.

بۆ بەیانیی تر گواستیانەوە تەکیەی شێخ قادر بوونە مێوان، جا سوحبەت دامەزرا لە نێوان مەلایان بەتایبەتی مەلا محەمەد بن جوو و مەلا وەسمان، ئەو دووانە گەرم بوون، مەلا بن جوو گۆتیە مەلا وەسمان: کەری بێ مەعریفەتی گوێ لەق خۆ تۆ مەلا نی، بەتۆ دەرێن کەر مەلا، یانی کەری مەلایان، کیرم لە تۆ مەلاترە.

مەلا وەسمانیش وتی: باشە من مەلا نیمە بەڵام تۆ چی؟ مەلا شێخ جەلالی، مەلای کونەفلوسەی، مەلای چەغەمیرەی، مەلا ساڵحی کۆزەپانکەی؟ واتە ئەوانە مەلای چاکی ئەو چەرخە بووینە.

مەلا بن جووش وتی: من مەلایەکی مناسبم، مەلا وەسمان وتی راوەستێ من حیکایەتێکی مناسبتان بۆ بکەم:

کابرای برباس لە شاری کۆیێ لەلای کابرایەکی دۆستی میوان بوو، کۆیەش عەشایرینە و ژنیان خۆی لە مێوان داناپۆشی، هێواریێ ژنی کابرا لەبەر سەماوەر دانیشت چای تێ دەکرد بۆ مێوانەکە و باوکی منداڵان و سێ کوڕیشی هەبوو، ژنەکەش خڕ بوو، قنجیلانە، کابرای برباس لە دۆستەکەی خۆی پرسی: ئەو سێ دەکوڕانەت ئی دەکونە؟ واتە هەرسێ کوڕەکانت چۆنن؟

کابراش وتی: ئەوەیان ئی دەچاکە، ئەوەیان ئی دەخراپە، ئەوەشیان مناسبە.

کابرای برباس وتی: چاک دیارە، خراپیش ئیشی دیارە، بەڵام مناسب هەر چ نییە، ئیمن دەدایێ مناسبی.

کابرای کۆیی وتی کوڕە ئەوە چ ناماقووڵییەکت کرد؟

ژنەش تومەز پێی خۆش بوو وتی: پیاوە تۆ تێی نەگەیشتووی، پیاوەکە قسەی خراپی نەکرد.

جا کابرا دووپاتی کردەوە، بە کورتی مێوان و خانەخوێ بووە شەڕیان و لێکدانیان، ژنە بووە بەرەوانیکەر.

جا مەلا وەسمان وای وت: مەلا محەمەد لێی بڵند بوو، مەلا محەمەد و مەلا وەسمان هەردووکیان شینە زەلامن، لێکتر بڵند بوون.

وەرگەڕانە سەروگێلاکی یەکتر بە پێڵاو و بە مستان، لێکدە، شێخ قادریش هەر دەیگۆت: وۆش، وۆش، وۆش، مەلاکانی تر و خەڵکەکەش مردن لە پێکەنینان، ئەوانیش هەردووک لێکدان و داک گان و باب گان، تا شل بوون، کەس لێکی نەکردنەوە.

جا سەربەخۆ لێک بوونەوە، هەریەک لە سەرێکی مەجریس بە کڕی و مۆنی دانیشتن، لە پاشان مامۆستا مەلا شێخ جەلال پێکی هێنانەوە و چاک بوونەوە.

ئا جاران دنیا ئەوها بێ بوغز و غەرەز بووە، بەداخەوە بۆ ئەم چەرخانە.

تا من بەگێی کەر بکەم حاڵم هەر وا دەبێ

لە دەوروبەری ١٩٣٩ کابرایەک بەدڵودا و سواری کەرێک دەبی- دەچی بۆ سەردانی مامۆستایەکی خۆی لە گۆندیک بۆ گوندێکی تر لەم دەشتی هەولێرە. وا دیارە نێوانی گوندە نەختێک دووربووە، کابرایەکە فەقی بووە، واتە خوێندەواری دینی، کاتیش مانگی ڕەمەزان بووە، دنیاش پایز بوو، جا بڵێین کوڕە فەقێ سواری کەربوو چوە مێوانی مامۆستای بۆ سەردان دوو شەو مایەوە لەوێ، ئەم دەشتەش لەبن گوندی ڕێگاکان لەیەک دەکەن، جا کەسێک شارەزا نەبێ کە لە گوندە هاتە دەر ڕێگە دەرناکات، جا کوڕە فەقێ لە کاتی هاتن بۆ گوندەکە ڕێگەکەی نیشان نەکردبوو، شەو پاشیوی خوارد. بەیانی نەداوە، کوڕە فەقێ سواری کەرەکەی خۆی بوو، دوعاخوازی کرد، ناوی خوای هێنا بەرەو مار گەڕاوە بەفێنکی، کە هات لە گوندی دەربچی، دنیاش مانگەشەوە، عەردوبان سپی دەکری، کەسیش نییە لێی بپرسی: کامە ڕێگەی فلان گوندە، کوڕە فەقی لێی شێوا، مەجبوربووە وەکو ئەسحابە: بەری کەرەکە بەرداو بەکام ڕێدا ڕۆیی ئەویش قایل بێت، کەرەکە ملی ریگەیەکی گرت و ڕۆیی، تا بەیانی ڕێگە بووە باریکە ڕێی، نەخێر ڕی نەما و بووە کەندوولەند، تاو هەڵات، کوڕە فەقی شێوا، بە ئازایی کەرەکەی گیراوە بە عەینی شوێن بەرەو گوندەکەی لێی هاتبوو، نوێژی بەیانیشی نەکرد و بڵێ: ئەم فەقێیە خەرێکی کەرگانە خوانەخواستە، کوڕە فەقی بەداران وەرگەڕا سەروگێلاکی کەرەکە بەلێدان، گۆیا خەتای کەرەکەیە وای بەسەرهات، لە پاشان بیری کردەوە و وتی: ئەمە خەتای خومەوەی کەرەکە نییە، دوو سێ تفی لە خۆی کرد و وتی: (کابرایەک بەگێی کەر بکا ئەمە مەسیریەتی) منیش بەگوێی کەرم کرد و بۆیە وام لی هات، موستەحەقم بێ، جا گەڕاوە گوندەکە و ڕێگەکەی خۆی دۆزییەوە و بەرەو مار بووە، بەڵام تووشی ئەم شتانەبوو:

١- ماندووبوون ٢- ڕێ دووری ٣- گەرم ٤- قەهەر و غەزەب ٥- (؟)... هتد

فەقێ احمدو کەیخان

فەقێ ئەحمەد هەبوو لە وڵاتی پشتدەر. پیاوێکی زۆر ئازا بوو، ئەس قەزا دەوڵەتی تورک کەوتە شەڕ لەگەڵ فەرەنگ، یارمەتی لە کوردستان برد وەکو جاش پۆلیس بەناوی غەزا. مەلا و شێخەکانیش دەمێکە ئازانە بگرێن و هاوار بکەن بۆ دینی ئیسلام و غەزا دەمێک بۆ غەزای شوعەیبە و دەمێک بۆ غەزای قارسو بایەزید و دەمێک بۆ فەلەستین و دەمێک و دەمێک، کەچی بە خۆشییان ناچن. ئاشکرایە کە بەکرێ گیراون. ئەگەر نا غەزا لە وڵات بۆ لەسەر من واجبە؟ من دەس بەسەرجا لەشکری کورد چوو، سوارێ: فەرنگ مەیدانالکی دەکرد و هەرچی دەچوو دەیفەوتاند، ئەم فەقێ ئەحمەدە تووڕە بوو، سواری ئەسپ بوو بۆی دەرچوو، لهێنو مهێنی سوارەی فەرەنگی خستە عەرد و کەمەند کێنی کرد و سواری ملی بوو بۆ کوشتن، سوارە وتی: نەکەی من کچم/ من بۆ تۆمە، جا کچەی هێنا ناوی کەیخان بوو کردییە ژنی خۆی. ئەگەرچی کچە دەزگیرانی خۆی هەبوو بەڵام چارە نەما فەرەنگ شکا و فەقێ ئەحمەد هاتەوە و کەیفانی هێنا. دەتگوت ڕۆژە، (٧) کوڕی لێ بوو، جارێک فەقی ئەحمەد لە ماڵ نەبوو عێل بیربابس و خۆشناو لە تالانی پشدەریان دا و بردیان و کوشتاری پیسیان لێ کردن. کەیخان سوار بوو بە تەنیا تالانەکەی گێڕایەوە و دوو هەندی وانی کوشتار لێ کردن. جا کە هاتووە دانەبەزی وتیە خەڵکەکە من بەدوعا. چونکە فەقێ ئەحمەد منی دیل کرد و چاوی شۆڕ کردم، ئەوا من حەقم بۆ کردەوە جا کەیخان ڕۆیی، فەقێ ئەحمەد هاتەوە بەو مەسەلەی زانی سوار بوو پارەیەکی زۆری برد لەگەڵ خۆی بەدوای کەیخان دا چوو، لەبەرئەوەی بەبێ ئەو ئۆقرەی نەبوو، پاش ماوەیەک لە ڕێ تووشی یەکتر بوون و کەیخان وتی: بگەڕێوە من حەقم بۆ پڕ کردیەوە. نەگەڕاوە. قونە شەڕێکیشیان بوو، کەیخان گەیشتە شاری خۆی و فەقێ ئەحمەد گەیشتە ئەوێ مێوانی پیرێژنێک بوو بە پارە لەلای حەوایەوە، شەوێک پیرێژن وشتە وشتی بوو، فەقێ ئەحمەد وتی داپیرە چییە؟ وتی ئەمشۆ کچی وەزیر بۆ کوڕێ ئامۆزای دەگوازرێتەوە منیش بانگ کراوم. فەقێ ئەحمەد وتی: کچە کێیە و کوڕە کێیە؟ وتی کچە کەیخانەو کوڕەش فلانە. ئەمە چەند ساڵە عوسمانی بەدیلیان گرتبوو تازە هاتووەتەوە. فەقێ ئەحمەد پارەیەکی زۆری دا داپیرە بۆ بردنی لەگەڵ خۆی، بەرگی ژنانی لەبەر کردو چون بۆ

مـەجریس. ژن و پیاو تێکەڵاو، زاوا لە دێ بوو، بە عـەزشـتی ناپەسندی کرد لەگەڵ بووک، بووک عاجز بوو وتی: ئاخ فەقێ ئەحمد لە کێی؟

فـەقـێ ئەحـمـەد دووبارە پارەی دایە پیرێژن وتی خـەبەری بدێ: فـەقـێ ئەحـمـەد لێرەیە و چ دەرێ حـازرە، ژنە کە بڕوای کرد و فـەقـێ ئەحمەدی حەشـاردا تاکو زاوا کڕ بـوو، خـەڵک ڕۆی، سـواری دوو ولاغ بوون و بەرەو پشـتـدەر گـەڕانەوە، تـا مـردن بەیەکەوە ڕایان بوارد.

شێخ رەزا و کابرای سنە

کـابرایـەک نوێژی دەکـرد و هـەر دەیگۆت: نیــەتم وایـە، نیــەتم وایە چـەندی دەکـرد نوێژەکەی بۆ نەدەهات. شـێخ ڕەزای تاڵەبانی قۆڵی گرت و وتی: تۆ کێندەری؟ وتی: خـەرکی شـاری سنەم، واتە سنە. شـێخ ڕەزا وتی: باوکم بۆ چ خۆت خـەرەت دەکەی سنەیی ئیـشـیـان هـەر دانە و کردن نییـە جـا بـرێ نیـەتم وایە دەدەم. مـەری دەکـەم. نوێژەکەت بۆ دێ.

مەلا سەعیدی پاشتەپە و مام باوەکری شەقڵاوە

مـەلا سـەعیدی باشـتـەپـەیی- مـەلایەکی چاک و قسـەزان و عـەنتیکە بووە. لە وڵاتی عـەجـەم و عـێـراق خـوێندوویەتی، پێـاوێکی تەرخـان بووە. لە تـەمـەنی ٧٥ سـاڵیـدا وەفاتی کرد لە دەوروبەری رووخانی مەلەکی لە عێراق. جـارێک دەچێتەوە شـەقڵاوە ئاغا و مـیر و بەگلەر هـەموو کـەس دەیناسن و خۆشیـان دەوێ میوانی میرانی قادر بەگ دەبێ لە دیوان. پیـاوێکی قسـەزانیش لە شـەقـڵاوە هەبووە: مـام باوەکر، مـیر دەینـاردە شـوێنی بۆ قسـەی خـۆش و عـەنتیکە. مـیـر دەنێرێ باوەکـر دێتـە دیوان. لەگەڵ مـەلا سـەعید لێکیـان ڕاست دێن. باوەکر دەرێ سـاڵی ١٩٣١ز دەشتی دزەیی نەهات بوو. ئەم خـەرکە بەمار و حـەیوان و شت ڕوویان کردە خـۆشناوەتی. ڕێگەی دەربازبـوونیــان بە دەربـەندی گـۆمــەســپــان بوو، ئەزیش پیــاوی مــیــری بـووم لە گۆمـەسـپـان. بە سـتۆڕە مـلاومل هـاتبـوو ئەم دزەییـە نـەیانتـوانی دەربازبن زۆریان تکا لە مـن کـرد بچم دەربازیان بکەم. منیش لە ڕای خـوای بۆ خـاتری سـەر بڵندی مـیـر چوم و هینـی خـۆم بۆکـردنە پرد و خـەرکـەکە بـەسـەردا دەرباز بوون و قـوتار

بوون. بوه پێکەنین میر ڕووی له مەلا سەعید کرد و وتی مەلا سەعید چۆن لەم قسه دەگەی؟ مەلا سەعید وتی: میران ڕاسته و ڕاست دەرێ. من لەگەڵ ئەم عێلەدا بووم، سواری هێستەرەکی بۆز بووبووم نەختێ چەموش بوو. کە چووە سەر پردەکەی مام باوەکر پردەکە شلکەی کرد و دەلەرزییەوە، هێستەری بۆزڕەویە و غەزری منیش هاتمە خوارێ و هێستەره بۆزم لە تەراشێک بەستەوە. دیقەتم دا پردەکە دیتم بنی بۆشە و جسرەکە له سەر کونێک دامەزراوە. بۆیە شلکە دەکات، هەرستام سەنگەکم له لابوو پوختە کوتامە کوناکەکەی بن پردەکە. توندوتۆر بوو، جسرەکە شلکەی نەما. جا بە ئاسودەیی بەسەرا تێپەربووم. خەرکەکەش ئیستراحەتیان کرد و ترسی شلکەی پردەکەیان نەما. کەوای وت بووە پێکەنین و باوەکر بە کرِی هەرستا و ڕۆیی. میر فەرمووی: باوەکر ما ئەڕۆیی؟

وتی: میران وەڵڵا مەلا وا دایکی گام و قسەی بریم ئێرە کەلکی منی پێوە نەما.

مەلا عوسمانی دیانەو سۆرۆی هەرکی

دیانە گوندێکە نێزیکە ٥٠٠ ماڵ پترە، مەخفەری شورتەی لێیە لە نێزیک رەواندز سێ جۆر قەومی تێدا بوو ١- ئیسلام ٢- جوو ٣- دیان. مەلا عوسمان لەوێ مەلا بوو پیاوێکی قسەزان و نەترس و عالیم بوو. جوولەکە لە ساڵی ١٩٤٩ز رۆیین. لە دیانە مایەوە: ئیسلام و دیان. بووە شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، موعەسکەری سەرۆک عەشیرەتەکان زۆربەیان لەوێ بوون لە برادۆست. هەرکی، سورچی... هتد. ئەوانەی لایەنگیری حکوومەت. رۆژێک مەجریس گیرابوو لە هەمەجۆر پیاوی بوو، سۆرۆی هەرکی خۆی بە پێاوێکی گەورە دەزانی. جا ڕووی کردە مەجریسەکە و کەوتە دوای مەسەلۆکە بە دوای مەلا و شێخ و سەید و ئاغا کە ئەمانە جوی بەردەستی ژنەکانی خۆیانن. جا چەند سەر بردەی گێڕایەوە.. مەلا عوسمان لەوێ حاز بوو حاجی محەمەدی شێخ ڕەشیدی لۆلانیش کە پیاوێکی ئاقر و چالاکە رووی کردە مەلا عوسمان و وتی: مەلا عوسمان بۆ چ دەنگ ناکەی؟ سۆرۆ کەسمانی نەهێشت. مەلا عوسمان وتی: من چ برێم سۆرۆ الحمد الله لە خۆی بویتەوە، مەلا ژنایەتی کردییە ئاغە ژنایەتی کردییە، شێخ ژنایەتی کردییە، جا لەم بابەتە ئەو لە هەموو کەس چاکتر ئەم وەزیفەتە دەزانی بەڵام بالێی بپرسین بزانین

کیهانیانی لەلا خۆشتر و باشتر و بەکەڵکتر و بەزەبرتر بووە. جا کەوای گۆتو بووە پێکەنین و بەزم. سۆرۆ کپ بوو، تووڕە بوو، ئیتر هەرستا و ڕۆیی.

حاجی شێخ محەمەدی شێخ ڕەشید خۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە.

عەلۆکە و وەلۆکە

کابرایەکی عەنتیکە و ملهوڕ و زەبەلاح دەچێتە ناو قەبرستان لە شار لەبەرئەوەی جاران ژن ڕوویان داپۆشرابوو مەگەر لەناو قەبرستان نەبێ. جا خەڵک بەئاوات بوون کە ڕوی ژنان ببینن. جا ڕۆژان ڕۆژانی تایبەتی ژنان دەچوونە ناو قەبرستان جاحیل و ملهوڕانیش گوایە دەچنە سەر قەبر لەناو قەبرستان سووڕیان دەخواردەوە بۆ چاو لەوەڕاندن. قەبرستانی شارانیش دەورەی شورەیە و ناویشی جێ جێ غەرە و چیوەرمەیە ملهوڕێک دیتی ژنێکی خڕوخۆڵ، تام خۆش، خوێنشیرین، کاملە ژن لەسەر دوو قەبر دانیشتووە کڕ و بێدەنگ، قەبرەکانیش لەناو چیورمەن و دەرگەی هەیە. کابرا وتی: خوشکە زۆر بەجوان و کپی تەشریفت دانیشتووە بە ماتەمی ئەو دوو قەبرە جوانە چی تۆنە؟ وتی هەردووکیان کوڕم بووینە: عەلۆکە و وەلۆکە. کابرش وتی زۆرت خۆش دەویستن؟ وتی ئەرێ وەڵڵا (بەزمانی تورکی). بەو مەرقەدە پیرۆزە هەندم خۆش دەویستن قەد دڵم نەشکاندووینە چاوی داکیان کۆرە بی. کابراش وتی: ئەدی لە قیامەتیش خۆشت دەوێن؟ وتی ئەرێ وەڵڵا لە قیامەتیش خۆشم دەوێن. کابرا وتی: لە قیامەتیش دڵیان ناشکێنی؟ وتی من شەرتم کردووە قەت دریان نەشکێنم. کابراش سەیرێکی کرد و کەس لەو ناوە نییە ڕووی کردە ژنە و وتی: توخوا لۆ خاتری عەلۆکە و وەلۆکە ئەگەر گانێکم نەدەێی. خانم داما و لە پاشان سەری بڵند کرد و هەناسەیەکی هەرکێشا و وتی: قورعان حەقی چی بەبەم باش چی لە دنیا دڵی عەلۆکە و وەلۆکەم نەشکاندووە لە قەبریش دڵیان ناشکێنم. زووبە کرمانج قاپیەکە داخە وەرە. کابراش قاپی چیورمەکەی داخست و شەلواری فرێدا و خانمیش ئامادەبوو لێی گیر کرد. خانم وتی زۆر پاڵ مەدە نەکو عەزیەت بکێشم و دەنگ بێ عەلۆکە و وەلۆکە دڵگیر دەبن لەبەر عەزیەتم، کابرا تامی لێ هەڵگرت و هەستاوە. خانم وتی کورد بوەستە ئەوە لەبەر خاتری عەلۆکەی بوو ئەدی لەبەر خاتری وەلۆکە؟ جا کابرا دووپاتی کردەوە

خەریک بوو بڕوا خانم وتی مەڕۆ نوقر ببە دەمت شرین کە هەموو حەفتە وەرە ئێرە بۆ خاتری عەلۆکە و وەلۆکەی بێ بەشت ناکەم و خێریان بۆ دەکەم.

یەک من و دوو من

کاروانێک بەلای گوندێک تێ دەپەڕین، دیتیان لەسەر قەبرستانی گوندەکە کە لە تەک ڕێگە بوو، قەرەبارغی بوو، وا دیاربوو یەکێک مردووە.

مەیت دانرابوو، یەختیاران دەوریان دابوو بە عاجزی.

جاحێل خەریکی گۆڕهەرکەندن بوون، ژنان و منداڵان خەریکی شین و ماتەم و لە خۆدان بوون.

سەرنجیان دا و دیتیان ژنێکی خۆینشیرین، نەرم و نۆل، گۆشتن، خنجیلانە.

زۆر لە جوشە و شین دەکا و هەڵدەپەڕی، خەڵک لە دووڕرا دڵی بۆی دەچوو.

کاروانەکەش نەختی وەستان و پرسیان: ئەمە چییە؟ وتیان. یەک من – سۆفی باوە کرد حەمری عەقی بەجێ هێناوە. پرسیان: ئەم ئافرەتەتان کە زۆر بەجۆشە چیی رەعمەتی دەبێ؟

وتیان: ئەمە ژنیەتی و دوو منداڵی بچکۆلانەی سەرکەوبنکەی لە پاش بەجێ ماوە.

پرسیان: کێیان هەیە ئەم منداڵانە؟ وتیان کەسیان نەماوە جگە لە هەندێ کەجەروگوجەر نەبێ لە کاروانەکە جاحێڵی کی قایمە پیاوی تیابوو، مەستەهەق و چارشانە. وتیە کاروانەکە: ئێوە خواحافیز و من لە قۆناغ پێتان دەگەم، ئیمشەو ئەمن دەمێنمەوە و لەلای خاتوون...

ئەوانیش وتیان: کوڕەنەکەی، ئەمە چون دەبی؟ چەندی وتیان، کابراش هەر وتی: خواحافیز ئاگاو لە وولاخەکانی من بێ بەخواشەقاوتان لەگەڵ ناوێم یان خۆم بە کوشت ئەدەم یان ئەم شۆ سواری ئەم ژنە دەبم. ئەوانە بە دوعا و کابراش گەڕاوە دەسە سری بەچاوی ناو بە کۆلدەستی کرد بە گریان لە هەموو کەس بەجوشی تر بوو هەردەی گۆت براڕۆ – یەک من ڕۆ، لە دڵم بوو بەعەزرەتبوم نەمدیتی، بۆ زانین: ئەم ماڵە لە دێیەکی دوور ماڵیان هاتبوە ئەم دێیەی حازری، واتە چارپێنج ساڵ دەبوو، خەڵک باش بەبنەو ڕەتی ئەم ماڵەیان نەدەزانی لە

ڕەچەڵەکەوە. جاتاکو کابرا تەقەت کراو خەلک گەڕانەوە، کاروان چی دەم لەدەم لە جۆش تربوو. کەخەلک گەڕانەوە ئەویش گەڕاوەو لەگەڵ ژن و منال بۆماڵ چووە، وەکو برێی: خانەخێیە.

برسیان: کاکەتۆچی ئەم پیاوەی؟ وتی: من برایمە، سەروسەربردەی من دوورە. ئەمە ٢٠/ساڵە من بزر و دەربەدەرم، تازە هاتمەوە ئەویش بەمراز نەگەییم کۆرەبم یەک منی کاکەم نەدیت.ژن و منالیش لەم ووتە یە گەیشتن بەڵام تازیەیە و دەنگیان نەکرد کەچی ڕێزیشیان گرت.

کابراش وەکو خۆماڵی وەرە و برۆی دەکرد و جاروبار منداڵەکانی ڕەحمەتیی ماچ دەکرد و دەگریا و. جاروباریش بۆ کەموکوڕی پارەی دەدا بۆ هوردوشت و کەرستەی تازیە.

لێیان پرسی: کاکە تۆ دەڵی خزمی ڕەحمەتیم ناوت بەخیر؟ وتی: ناوم دوومنە.

سوفی باوەکری باوکمان دووکوڕی بوو: یەک من. دوو من. یەک برای گچکەمە.

دایکمان مرد، من و کاکەم یەک من سوار و پیاوبووین تەمەنی ئەو سێزدە چواردە ساڵ و هی من یازدە و دوازدە ساڵ.

لە پاشان لەبەر هۆیەکی تایبەتی من شوێنبزر بووم و کەوتمە وڵاتان. تاکو ئەمساڵ بیرم کردەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوە تاکو چوومەوە دێیەکەی خۆمان وتیان دەمێکە باریان کردووە، بۆ ئەم دێیەیان دەس نیشان کردم، چاوم کۆرەبێ کە هاتم بەسەر ئەم ماتەمییەدا هاتم خۆزیا من بمردابامایە و ئەو حاڵەم نەدی بایە.

هەر لە دێییە کۆنەکەش زانیم باوکم دەمێکە وەفاتی کردووە.

جا ئەم دەنگە بڵاوبووە. کابرا بووە خزمی ڕەحمەتی. فاتیحە دەخوێندرا و سەرخۆشی لەو دەکرا، هێواری نان خورا و خەڵک بەڵاوەیان کرد و براژن جوابی نارد بێتەوە ماڵێ بۆ خەوتن، من و منداڵەکان سەبووریمان نایی.

چووە ماڵێ و دانیشتن، شەوڕاشکا و دووبەدوو دەستیان بە وردە قسە کرد و چاویان برییە یەکتر، عەیبی نییە و پاشا و پاشا ژن تازیە و شت نازانن.

ئەم ئاوی لێ دەهات ئەویش خۆی ڕەق کردبوو.

ژنە پرسی، کاکە بێ قەیدی بێ لەسەر چی تۆ – تۆرابووی و دەربەدەربووی؟ ئەویش وتی: هۆیەکەی ناگۆتری، چاوم کۆرەبی ئەویش خەتای کاکەم بوو. ژنە

ئیسراری کرد و دەبێ بڵێی، لەبەرئەوەی بوویە بە مەحرەم.

وتی: جارێک مەلەوانیمان دەکرد لە خڕەکەبەر ماڵان. کاکەم وتی: وەرە دوو من بادەعباکەی خۆمان بپێوین بزانین هینی کامەمان زلترە. هەردووکمان دەعباکەی خۆمان ڕەق کرد و کاکە بە پووشکەیەک پێوانەی کرد و لە پاشان قەسەلەکەی پێــوانە کـــردەوە. هینەکـــەی من چوار پەنجــە لە هینەکـــەی ئەو درێژتر بوو، ئەستوورییەکەشی پێوا هینەکەی ئەو زۆر باریکتر بوو لە هینەکەی من، تابەم حاڵ چوار پێنج جار پێوانە کرد و هەر وابوو. جا کەوتە گیان و لێدان و کوتان و جوێنی دا، چۆن دەبێ هینەکەی تۆ زلتر و ئەستوور و قەویتر بێ لە هینەکەی من. قەت قایل نابم یان ئەو سەرە بەو قالبەوە نابێ یان دەتکوژم. منیش هەڵاتم و کەوتە دوام بۆی نەگـیــرام. من تازە هەڵدەهاتم و لە ترســان هەر ئەو غــار و ڕۆینە بوو بۆی دەرچووم. وام زانی کاکەشم لەلای باوکم و دێیەکە وتبووی: ئاو بردی و خنکاندی.

جا ئەم هۆیەش لە هەموو شوێن، ناگۆتری بەڵام براژن دەسەڵاتی تۆم نەبوو دڵم نەشکاندی لەبەرئەوەی لێت قەومابوو لە شوێن کاکەمی بۆیە بە ڕاستی و وردی بۆم گـێـڕایەوە. ئەگـەر نا لەلای خـەڵک هـەر وتبـووم: خــۆم ڕۆییم و دەربەدەربووم لە نەفامیی خۆم. یاخۆ چاوم کوێرەبی بریا هەر نەهاتبامایەوە منیش لە مەملەکەتان بمردامایە.

ژنەتیـوو وتـی: برا بۆچ وا دەڕێی مـار مـار خــۆت، منداڵ منداڵی خـۆت، یاخـوا بەخێر بێیەوە. منیش وا دەزانم ڕەحمەتی نەمردووە.

جـا ژنەتیـوو دامـا و بیـری لە دەعبـاکـەی ئەو کـردەوە و خـەیاڵی لە قـەڵەشـە ناسکەکـەی خـۆی کـرد. تاکـو وتـی: کـاکـە ئەو جـا بۆتـان سـاغ نەبووەوە گـەورە و بچووکییەکە؟ کابرا وتـی: بە خوا لەلای من هەمیەتی نەبوو بەڵام لەلای کاکە دڵگر بوو چاوم کوێرەبی. ژنەش وتی: من دەمێکە لەگەڵ کاکەتم، دەزانم دەعبـاکەی ئەو چۆنە، دادەی تۆش هی خۆتم نیشان بدە بزانم چۆنە. کابراش بەڕەقی و حازرکرا و نیشـانی دا و ژنە پێوای درێژی و ئەستووری. لە پاشـان وتی بەخـوا هـی کـاکەتم نەپێوابوو بەڵام لە قالبم دابوو لە زلی نە ختێکی ئەما نەدەگەییشتە بن قەڵشەکە، دادەی بزانم هینەکەی تۆ چۆن دەگونجی، جا بیلامانێ بۆی ڕاکێشا و کابرا پێای داخست ژنە تیوی خۆی کڕ کرد.

کابرا وتی: بۆ شەرعەی ناکەی براژنی قنجیلانەی ڕەشپۆش.

ژنە وتی: چ بڵێم عاسمان و ڕێسمانە یەک من چوو دوومن خۆش.

واتە جیاوازییان زۆرە، ئەتۆ خۆش.

جا تاکو (٧) ڕۆژەی تازیە کۆتابوو بە ڕۆژ فاتیحا و گریان و سەرخۆشی بوو، بە شەویش تێبڕ و تێ کوتان و خەنین و گاڵتە بوو.

تاکو لە ئەنجاما کابرا هەنجەتی ئەمە کەوا بچێ کەلوپەلی خۆی بێنێتەوە. بۆی دەرچوو، کاروان کەرانی رەفیقەکانیش بارەکانیان بۆ ساغا کردەوە و لە ماڵا بە یەکتر گەیینەوە. ژنەش هەر سەیری ڕێگەوبانی دەکرد دوومن نەهاتەوە. تازیەکەی لێ بووە دووە تازیە. کابراش گرەوەکەی لە ڕفیقەکانی بردەوە.

هەندێ دەڵێن کابرا پیرە دایکێکی هەبوو ئەویشی هێنا و بوونەوە یەک ماڵ جا کە دەچوو لای دەی وت: وەرەپێش خڕوپڕی بۆن خۆش یەک من چوو دوومن خۆش.

باب و باپیر لەسەر تۆ جزیان کردم

یەک لە منداڵە ئاینییەکی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری مووسڵ هەوەیسی هەردەستێ و دەچێتە مەلهە. کە دەچێ بۆ کارت برین دەبینی مەحسوبەکی باوکی پیرۆزی ئەوا خەریکە ئەویش تکت دەبڕێ بۆ مەلهە. یەکتریش دەناسن ئەو دووانە. منداڵە ئاینەکە زۆر ڕۆزەرد دەبێ کە ئەو کابرایەی دیت و تا ئێستاکە ئەوانی بە قوتب دادەنا، کابرا واز لە تکت دێنێ و، پڕ دەداتە دەستی پیاوە ئاینداره‌کە ماچی دەکات. ئەویش دەرێ: فلان خوا بتگری من بۆرژابووم باپیرم تێی ڕاخوریم و وتی: هەستە برۆ فلان خەریکە بە هیلاک بچێ و کافر بێ. منیش بەغار هاتم و چاک بوو نەچوویە ژووری و زووفریات کەوتم. کابراش ما بگرێ و دەست ماچ بکات و ئامان و تۆبە جارێکی تر ئەو گوانە ناخۆم. بە قوربانی باپیرت بم کە ئاگای لە سەگەکی وەکو منە، تۆبە سەت تۆبە، ئەو جا قوربان چ بکەم؟ وتی: خێر بکە و گیر مەبە لە مووسڵ نەمێنی. کابرا دەستی بردە باخەڵی و ٨٠ دیناری هێنایە دەر و دایە دەست.... وتی: بە قوربانت بم من نازانم خێر بکەم و تۆ لە جیاتی من بیکە بەخێر، ئەویش پارەکەی وەرگرت و ١٠ دیناری دایەوە دەست و وتی: بۆ مەسرەفی ڕێگە، کابرا و کوڕە لێک دابڕان و کابرا بۆ شارەکەی خۆی گەرایەوە بەم شەوە. کوڕە

ئایندارِیش پێچی دایەوە هاتەوە مەلها و لێی دانیشت و پارەی کابرای قولف کرد. کابراش هاتەوە ئەم ئیشەی کردە کەرامەت و بووە دەنگ تاوەکو یەک دوو کەسی تر کە لەوێ کورِە ئایندارِیان دیت و وتیان کورە درۆیە، خۆشی هاتبوو بۆ مەلها بەلاّم فێری لە تۆ کرد و دایکی گای و رووتی کردی. بەلاّم چی دەرێی لەگەلّ کەر و جاشک، ئا ئەمە ئەو لادی بازان و نەوەی پیران، بەداخەوە. ئەو رووداوەش زۆر راستە و گومانی نییە.

تێبینی: مەرج نییە هەموو ئەولادی ئەم زاتە زەریفانە وابن، بەلاّم ئیتر چەم بێ چەقەلّیش نابێ.

مەلای زانا تێ ناکەوێ

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی خەیلانی زادە کە مەلایەکی زۆر چاک بوو، تا بلّێی پیاوێکی ماقوولّ و بەعیزەتی نەفس و عاقر بوو، لە چەرخی ١٩٤٩ز لە رەواندز لە خزمەتم دەخوێند کتابی (رسالە الحساب) کە رەقترین کتابە کە مەلا زانیویانە ئیشی پێ بکەن کەچی ئەو لەبەر تەقریری دەکرد.

دوو قسەی غەریبی لەناو فەقێیان بۆمان گێراوە، یەک لە قسەکانی ئەمە بوو، فەرمووی: حەبەس بووس- هەبووە لە بەغدا جەریدەنووس بووە، لە جەریدە بلاّوی کردەوە کەوا شتێکی زۆر سەیرم لە مەلایەک دیت لە شارێک، تا ئێستا مەلای وا عاقلّم نەدیوە، منیش قەت وا تێ نەکەوتوومە، لە دەوروبەری ١٩٤٠ز، ئەفەندی فەرمووی: وام زەن برد کە ئەم رووداوە لە شاری سلێمانی بووە، حەبەس بووس دەلّێ بۆ دەنگوباس لە شاران دەگەرام، چوومە شارێک، رۆژی جومعە چوومە مزگەوت دیتم مەلا هاتە مزگەوت لە میحرابی مزگەوت جوبەی لەبەر کردەوە و چوو دەستنوێژ بشوات، قاقەزێک لە بەرکی جوبەکە دیار بوو، خەلّک تاقە تاقە هاتبوونە مزگەوت، بەغار چووم قاقەزەکەم هێنا و دیتم، خوتبەنامە بوو نووسرابووەوە.

منیش هەرم گرت، چاوەنوارِ بووم بزانم مەلا چی دەکات؟ دەستنوێژی شووشت، هاتەوە جوبەی لەبەر کرد، دوو رکات نوێژی کرد، خەرک هاتنە مزگەوت تاکو شەتا، منیش لە بەردەم مەلا دانیشتم، جلوبەرگی من بە بێگانە دەچوو، مامۆستا بەسەر مینبەر کەوت دەستی پێ کرد: الحمد لله ثم الحمد لله، والصلواة والسلام على رسول

الله، اوصيكم عباد الله.

به دەستيش ناو بەرگی جوبەكە دەگەڕا بۆ خوتبەنامەكە، كە يەقينی حاسڵ كرد خوتبەنامە نەمايە، لەرزی هێنا خۆی بەدرۆ، لەسەر مينبەر خۆی بەعەرد دادا، گوايا سەكتەی قەلبی گرت، بووە پەكو پەكو ئەی هاوار، حەيف بۆ مامۆستا، منيش دەمزانی درۆ دەكات و لە ترسی خوتبەنامەيە.

به چوار دەست مەلايان هەرگرت و رفانديیان، خوتبەكە بوو بە فشە و بڵاوبوون خەڵک دەستە دەستە دەچوونە عيادەی، بەڵام چابوو نەمرد، لە ماڵێ بووە شين و گريان. منيش وتم داخت لە گيانم ئەو جارەيان بەدرۆ خۆت نەجات دا، جارێ تر چی دەكەی؟ ئەو حەفتەيەش بۆ خاتری مەلا ئەو شارەم جێ نەهێشت، جومعەی تر هەم سا جوبەی بەدارەوە كرد چوو بۆ دەستنوێژ، من خوتبەنامەكەم دزی، مەلا هاتەوە و جوبەی لەبەر كرد و دوو ركات نوێژی كرد و مزگەوت شەتا و بەسەر مينبەر كەوت، تومەز ئەوجارە مەلا دوو خوتبەنامەی نووسيوەتەوە، يەكی خستووەتە گيرفانی كە من هێنام، ئەوی تر لەبەر مەنديلی سەری راكردووە، جا دەستی پێ كرد: الحمد لله ثم الحمد لله، دەستی لەناو بەرگی گێرا و چی نەديت، جا دەستی تری بڵند كرد لەبەر مێزەرەكەی خوتبەنامەكەی تری دەرهێنا و دەستی پێ كرد.

منيش لە بەردەمی دانيشتووم دەيگۆت: الحمد لله ثم الحمد لله، والصلوة والسلام على رسول الله، اوصيكم عباد الله.

لەگەڵ وتنی هەريەكيان بە دەستەكەی تری، ئيشارەی بۆ من دەكرد و وەكو برێ: ئەوەت بەمێ، ئەوەت بەمێ.

واتە دەستەكەی بۆ من درێژ دەكرد و پەنجەكانی دەچووقاند و دەستی كوتمە دەكرد و بۆ منی درێژ دەكرد، لەبەرئەوەی گومانی نەبوو من وام لێ كردووە، چاوم بڕيبووە چاوی، هەردوو جار لە بەردەمی دانيشتبووم، جلوبەرگيشم بێگانە بوو، مەلاش زيرەک و تێگەيشتوو بوو.

جا منيش سەرم شۆڕ كرد و چاوم بڵند نەكرد و دانم بەمەدا هێنا: مەلا زۆر فێڵباز و دنياديدەيە و زۆر لە من زيرەكترە.

چەند كەسانێک لە فێڵی مەلا تێگەيشتن و پاش جمعە ويستيان لێ بكۆڵنەوە مەلا تێگەيی و بۆی شەرح كردن و فێڵەكەی بۆ دياری كردن.

حەبس بووس دەرێ: ئەگەر من خۆم بە تێگەیشتوو دەزانی و بەفێڵباز، بەڵام لەم سەفەرەدا تێ گەیشتم کە لە من فێڵبازتر هەیە، جا لەمەودوا قەت لەخۆم بایی نەدەبووم.

کتێبی مەلا قادری گۆمەسپانی زۆر ڕاستە

مەلا قادری گۆمەسپانی کە لە تەمەنی ٥٥ ساڵێدایە. کاتێک مەلا بووە لە گوندی گۆمەسپانی کەریم بەگ – بناری کۆیە. لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ باری کرد و هاتە هەولێر و بووە دووکاندار، پیاوێکی لەبیبو رووخۆشە، کاتێک کتێبێکی لە دووکاندا نابوو، کتێبی دەگرتەوە بە ٥٠ فلس (بۆ سوحبەت و خۆشی) زۆر مەتحی کتێبەکەشی دەکرد. رۆژێک من چوومە دووکانەکە بۆ باسی ئەم کتێبە، چەند کەسانێکی تریش لەوێ بوون، منیش وتم دەبۆم بگرەوە، ئەویش وتی: دەنیازێک لە دڵت بگرە و منیش تەماشەی کتێبەکە دەکەم. وتم باشە بەڵام من نیازەکە دەنووسم، لەناو دەستم دەنێم، نەکو دوایی برێی وانییەو وایە، واتە نیازەکەت گۆڕیوە. وتی باشە. منیش لە پارچە قاقەزێکم نووسی: مەلا قادر پیاوێکی زۆر خراپە و بێ وەعدە. کاغەزەکەم لە ناودەستی چەپم ناو دەستم قوچاندەوە. دوورم ڕاگرت، ئەویش سەرنجی کتێبەکەی دا و لێکی دایەوە و حسێبی کرد. لە پاشان وتی: کتێبەکە دەرێ: ئەم نیازەی تۆ گرتووەتە نیازێکی زۆر ڕاستە و لەسەری مەیە خوارێ. جا لە پاشان دەستم کردەوە و نووسراوەکەم بە خەرکەکەی ئەوێ نیشان دا، وتمان بە ڕاستی کتێبەکەت راستگۆیە و کتێبێکی چاکە. بووە پێکەنین و بەزم، مەلا قادریش کتێبەکەی دوور تێ هەڵدا و وتی: دایکی خێوت بگێم شەرت بێ چیی تر سەرنجت نەدەم. جا ببڕا هەی ببڕا جارێکی تر باسی کتێب گرتنەوەی نەکرد. ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٥ بوو.

تێبینی: ئەمەش بۆ پێکەنینە لەبەرئەوەی مامۆستا مەلا قادر لەم شتانە بەدوور بوو.

ئەمن لۆ خوام کردییە و بۆ بەهەشت خواش کەیفی خۆیتی

لە چەرخی رابردوو کابرایەکی کورد لەم دەشتی هەولێر لەلای پیاوێکی دەوڵەمەندی عەرەب سـایەقی تەرکتۆر بوو، کـابرای عەرەب لەبەر دەورە تومار و مـەڕ و سـەیارە و پارە هـەردەم حـەولـە حـەولی بوو، ئاگـای لـە ژن و منداڵی نەبوو ژنێکـی نـاو: تەرفـەی دەبێ ژنە نەخـتێ تەڕایی تێدا هـەبووە. کوڕە کـوردەش جـاحێـر و قـیتـوقـۆز بووە، بیلامـانێ بە تەرفـە فـێر بوو. عـەزیەتی دۆخـینکردنەوەشی نەوسـیتووە. ڕاکێـشـو پیاکش. خـواردنەکی خۆش، پارەکی زۆر، ژنە روحی لەلای کـوڕە بوو. وا ڕێک کەوت ژنە جـەبری لە کوڕ کـرد و کـورە هـەری گـرت. شـکات کـرا و حکوومـەتی مـەخـمـور هـەمووی کۆکردنەوە. عـەرەب ڕووی لە کورد کرد و وتی: یاوەل کوڕی من ئەتو بگێ. تەرفـە، هـەربجێ هـەربجێ، ئەگەر ئەمن دەنـگ کردیە نەعلەت لە بابی من. ئەمـن حـەز دەکـەی بەو ئـیـشـە بەڵام لۆچ دەبەی ئـەو ژن– منداڵەکـان بـێ داک – مـەڕەکـان بێ کـابان– مـاڵەکە بێ ژن. ئەگەر مـێوانێک دێ لە کونی من ئـەمن دەبی شـەرمـەسـار کەس نییە نانێک بدا لەو مێوان. کوڕێ من تەرفە ژنێ تو هـەم ماڵی من.

ژنەش دەیـوت: کلب، عـوده، عـوده، ئەمـن نابێـی لە کـونـی تو ئەگـەر هـەمـوو دنیابدەی لە بۆ من، ئەمن دەوێ ئەو کوڕ. حاکم ڕووی لە کوڕە کرد و وتی: بۆچ وات کـرد؟ وتی: قـوربان ئـەوانە کـە دادەنیـشـتن دەیانگۆت: بحـەشت هـەر لـە بۆ عـەرەبە ئەبەد کـەڕاد مـای یروح للجنە. مـەگەر کەڕادبێنێ ژن لە عـەرەب – هـەینێ دەچێ لە بەحـەشت ئەویش لەبەر خـاتری ئەو ژنە عـەرەب. نەک لەبـەر خـاتری خـۆی. مـنیش فیکرم کرد و وتم: من مادام عەرەب نیم ناچم بحێشت کەوا بێ با خۆم بە حێشت لە کیسـی خـۆم نەدەم. لە دەس بەتاری چاکتـرە. جـا من لۆ خـوا و لۆ بحـێشـتم وا کردووە– خواش کەیفی خۆیتی.

بەکورتی ژنە بووە ژنی کوردە – عەرەبیش بەدڵ شکاوی و چاوی بە ئاو بۆ ماڵێ گەڕایەوە. ئەوجا دنیا سەیرە و زۆر شتی سەیری لێ ڕوو دەدا و ڕوودەوە.

مەلا عەوڵلای شێخ شێراونی و حەملەداری

لە ساڵی ١٩٦٨ مەلا عەبدوڵلا حەملەداربوو نێزیکەی ٣٠٠ نەفەری هەبوو، حەملەدارەکانی تر حەسودییان پێ برد لە شاری: تایف – لە سعوودیا مەلا عەولایان خەڵەتان و بەستییانەوە لە موتەویفێک– زابت حکوومەت: محەمەد ئەحمەد فودە، موتەویفی مەککەش الحمدالله لەویجدان و دین ئیمان – بەس مەبەسیان ڕاووڕووتە و چیی تر نا. جا فودەی موتەویف. ٢٠٠ دیناری بە زوڵم لە مەلا عەولا ساند، خەرک دەرەۆزەیان بۆ کرد. لە عارەفە لەبەر مشەوەش چوار نەفەری مەلا عەولا دابڕان و بەپا مانەوە، بزربوون لە خەڵکەکە، هەروەکو وتمان ئەم ساڵەش مەلا عەولا لەبەرغەدری، فودە خیوە تووشتی نەبوو. ئەم چار نەفەرە بە پا هاتنەوە مینا و موزدەلیفە، لەوێش بۆ مەککە، یەکو کۆرەبارێکیان لە پشت بوو. چوار نەفەری حەملەدارێکی تریش خەرکی وڵاتی هەولێر بزر بووبوون بەبێ پارە و شت و شمەک ئەم چار و ئەو چوار لە مینا تاکو مەککە بوونە ڕەفیق. چوار نەفەرەکەی تر زۆر بە گازاندە بوون لە حەملەداری خۆیان، جنێویان دەدایێ. دوایی لە چوار نەفەرەکەی مەلا عەولایان پرسی، مەلا عەولا چتۆ حەملەدارە؟ مەلایەک لەم چوار نەفەرە وەڵامی داوە وتی: لە چ بابەت؟ وتیان لە بابەت سەیارە و خێوەت و مەسرەف. ئەویش وتی: باسی مەلا عەولا ناکرێ نەفەری مەلا عەولا سەیارەی پای خۆیەتی، کێوە بچی دەچێ بە ئارەزووی خۆی. خیوەتی مەلا عەولا عاسمانە لە هەر شوێنی دانێی بخەوی خیوەتی مەلا عەولایە، ئەوانیش تێ نەگەیشتن وتیان: ئا حەملەدار ئاوا دەبێ. کیری بەقونی هەموو حەملەدارەکانی تر. بەڕاستی هەر مەلا عەولا پیاوە، چەندمان گۆت با لەگەڵ مەلا عەولا بچین هەندێ سەگباب لێ نەگەڕان. جا کە گەینە مەکە مەلایەکەش شەربەتی بۆ کڕین، خزمەتی کردن، ئەوانیش وتیان هەقەکەی ئێمە چەندە دوایی بیدەینەوە، ئەویش وتی: باوکم هەقی چی – هەموو لەسەر حسێبی مەلا عەولایە زانیتی ئێمە سەرف دەکەین، ئەوانیش دەستیان کرد بە ماشاالله لەو حەملەدارە چاکە. بەداخەوە ئێمە دۆڕاندمان لەگەڵ مەلا عەولای نەهاتین. ئا بەم هێرییە چوون ئەم نەفەرانە. مەبەستی مەلاش ئەمە بوو: سەیارەی چی دەبێ بەپای خۆت بڕۆی، خیوەتی چی مەگەر لەژێر ئاسمان بخەوی، پارە خەرج دەکەین لەبەرئەوەی لە قافلە دابڕاینە و تووشی مەسرەف هاتینە. ئەمەش لە نێوچەوانی مەلا عەولایە.

خەرک هەر دەگێ داکی تۆ

ناوە لڵا ئەمن بیگێم داکی تۆ چاکتر لە خەرک

لە سالْی ١٩٦٣ حکوومەتی عێراق کردیە نەفیر عام بۆ سەر کوردان، عەشائیری عەرەبی هان دا و چەکی دانێ، سەر بۆ من مار (مالْ) بۆ ئێوە. جابووە تاران و کوشتن و گرتن و هەرا، نەدەگۆترێ و نەدەدیترێ شتی ئەوها. لەم کەندیناوەیە – دەشتی هەولێر. عەرەبەک و کوردێک سالْەهای سالْ دۆستی یەکتر بوون دەست و دەمی یەکیان دەلێستەوە. پارەی کوردەکە لای عەرەبەکە بوو بە قازانج کاری پێ دەکرد. عەرەب بە پارەی کوردە زۆر تێر بوو. عەرەب ژنێکی ناوی: فضولە هەبوو. زۆرجار دەیگۆتە کوردەکە: ئەمن قەت دەرناچی لە چاکەی تۆ مەگەر فزولْە بدەم لەبۆ تۆ. کوردەکەش دەیگۆت "استغفر الله" ئەمن و تۆ براینە. جا کەوتمان لە ١٩٦٣ بوە هەیها و تاران و کوشتنوبرین بەتایبەتی لە قەراج و کەندێناوە و شەمامک. عەرەبی چەمبەر دوو سێ پیکەمی هێنا و دوو سێ چەکدار. هاتە لای کوردەکەی برادەری. کوردە چاوی بەعەرەبی برادەری کەوت لە خۆشییان خەریک بوو بفرێ. لەم رۆژە رەشە لەم هەیهاوە، عەرەبی فریا کەوت. لەمە خۆشتر چ دەبێ. وایزنی کە عارەب هاتیە مارەکەی باربکا بیباتە لای خۆی و حیفزی بکات و بیپارێزێ. کوردەش جێی راێخست و خەریکی چایە بوو، بە منداری خۆی وت: حەیوان بکوژنەوە، بۆ ئەم مێوانە عەزیزانە. عەرەبەکە وتیە کوردە: یا فلان ئەتو مەکە چ ئیش لا چای ولا عێش. دەزانی ئەمن هاتیە لەبۆ چ؟ ئەویش بەزەردە خەنێکەوە وتی: فەرموو، عەرەب وتی: ئەمن هاتیە بۆ هەندێ: دەبەی مالْی تۆ هەمووی خەرک دەگێ داکی تۆ. ناوەلْلا ئەمن بگێی داکی تۆ چاکترە لە خەرک. کونابی عەیبە، ئەمن و تۆ برا. ئەتو بە پارەی من بوویبە مار. ئەتۆ دەتگۆ: مەگر بدەم لەبۆ تۆ فضولە ئەگەر نا پڕ ناکەم چاکەی تۆ. عەرەب گۆتی: وس، یاسەباب قوصەی نەکەی موتلەقەن. وەلْلا هەنوکە دەگێی داکی تۆ ئەمن دەبەی ئەو مار هەموو، یەک قسەی بکەی دەتکوژم ئەتو، ئاگر تێبەر بوو. ئاوی لە ماری وەرکرد. تالانی کرد. لە ساری ١٩٦٤ وەزع گۆڕا بەبارێکی تر. کابرای کوردە یەکو (٧) تۆرەی خۆی کردەوە، بەلام چی لە هەردوو لا تێک چوو.

مەلا محەمەدی عەلیاوەیی (٩)

خدری ئەحمەد پاشای دەرێ: ئەوها لە پۆلیس دەکەم

بەر لە ساری ١٩٥٨ دەور دەوری ئاغەوات بوو، خدری پاشا زۆر دەوڵەمەند بوو خاوەن سامان بوو. ماڵی لە گوندی سۆربەش- بوو مەشوور بوو بە سۆربەشی خدری پاشا. لە دەوری ١٩٥٠ خەرک دەستکورت بوو. چەن کەسانێک چووبوون لەناو عەرەب خێیان کڕی بوو. بۆ فرۆشتنەوە نێزیکەی ١٥ بارە خێ دەبوو. زەلامەکانیش ٣ کەس بوون خێ و تووتنیش هەوەرخت قاچاخ بوو. حوکمەت موسادەرەی دەکرد و خاوەنەکەشی سزا دەدا. ئەس قەزا لە نێزیک گوندی سۆربەش دوو پۆلیس تووشی ئەو سێ کەس بوون. خێیەکەیان گرت و ڕایان پێچان. ڕۆئاوا گەیشتنە گوندی سۆربەش.

پۆلیسەکان بڕیاریان دا ئەوشۆ لێر دەبن. بەیانی ڕایان دەپێچن بۆ هەولێر. خدری پاشا چاوی پێ کەوت. دەستی کرد بە جنێودان بە کاروانچییەکان کەوا قاچاغ دەکەن و دژی حکوومەت. یا الله بارەکەیان لەبن قەنتەرە بێخن. چاودێرییان بکەن تاکو بەیانی نەکو هەرێن. کە شەو داهات کابرایەکان نەیانزانی خێیەکانی بەتار کرد و بەقەدەر خێیەکان گەنمی لە جەواڵەکان کرد. بەیانی بار کرا و کاروان بەڕێ کەوت و پۆلیس لە دوایان. خدری پاشا بەدزی بە کابرایەکانی وت: ئەگەر لە هەولێر خێیەکەتان بووە دەغر دەغرەکە بۆ من بفرۆشن. پارەکە بێنەوە. مەسرەفی خۆشتان لێ بکەن. وەرنەوە ئێرە، سەگبابینە.

پۆلیس ڕایا پێچان بە ئومێدی بەخشیش و عامفەرم. کە چوونە هەولێر، لێیان پرسین سەگبابینە بۆچ قاچاغی دەکەن. ئەوانیش وتیان: سەح بکەن ئەوجا وا برێن. کەسەرنجیان دا دیتیان هەمووی گەنمە و خێ نییە. جا حکوومەت کەوتە گیانی پۆلیس بە لێدان و تێ هەڵدان.

حەپسیان کردن و فنشیشیان کردن. ئەوانیش هاتنەوە لای خدری پاشا پارەی گەنمەکەیان داوە. خدریش لە گوندی خێیەکی دابەش کرد بەسەر مارەکانی حەقی بۆ خرکردنەوە. وتی ئەوا خواحافیز و بەخێرچن، ئەوها دایکی پۆلیستان بۆ دەگێم. ئەوانیش بە دڵی خۆشی گەڕانەوە و بە دوعاکردن بۆ خدری پاشا.

گوندی قونیان و حاجی محەممەدی شێخ ڕەشیدی لۆلان

حاجی محەمەد حکوومەت نەفی کرد و هاتە شاری هەولێر. گوندی قونیانی کڕی بە ٣٠ هەزار دینار لە ساڵی ١٩٧٩. خەریکی ئاوەدانکردنی گوندەکە بوو. حاجی محەمەد پیاوێکی لە بیبو عاقر و چاو بڵندبوو. لە مەجریسێک ئەم باسە هاتە ناو کە گوندەکەی کڕیوە. حاجی محەمەد وتی: کریم بەڵام ناوەکەی ناخۆشە ئەویش باسی نییە. مەلایەکیش وتی: بەس داروباری لێ مەچینە ناوە ناخۆشەکەی زەرەی نییە. حاجی محەمەدیش وتی چۆن: بۆچ داری لێ بچینم خراپە؟ مەلایەکە وتی: خەرک دارێک ببڕن لە چەمەکە دەرێن. ئەم دارەم لە قونیان بڕی. جا خەرک زۆرە هەریەک و دارێک لە قونیان ببڕن گوندەکەت کۆر دەبێتەوە. خەڵکی گوندەکە خۆیان ناگرن لەبەر ئەم هەموو داربڕینە لە قونیان. جا بووە پێکەنێنکی وا مەجریسەکە کەس خۆی پێ نەگیرا. حاجی محەمەدیش لەسەرەخۆ فەرمووی: تفو لەم ناوە.

سۆفی حوسێن و دەروێش عەلی

لە چەرخی ئینگلیز و فەیسەڵ عێراق قاتوقوتی بوو پارە زۆر کەم بوو. خەڵک دەسکورت بوو، ئەوەی حاڵی زۆر باش بایە ساڵێ دوو جار دەهاتە شار بۆ پێویستی. گوندی سەرگەڕان لە کەندێناوە تیرەی مامەسێنی لێ دادەنیشت. سیان و مامەسێنیش نەختێ سەرگەرم و تووڕە تەبیعەتن. دوو پیاو بۆ پێویست: دەروێش عەلی و سوفێ حوسێن سواری کەرۆکەیان بوون: لە سەرگەڕان هاتن بۆ شاری هەولێر. بە ساڵا چوون واتە لە دەوروبەری ٥٠ ساڵیدا بوون سەر و سمێڵ و ریش و مویان زۆر هاتبوو گڤ بوو. گەیشتنە هەولێر کەرۆکەیان لە ماڵی جولەکە بەستەوە کە ئەوسا خەڵک هەر لە ماڵە جوولەکە مێوان دەبوو. خەرکی هەولێر حەز لە پارە و شت بوون بە پێش هەر دووکانێک برۆیی بای پێشیان لێ دەگرتی و دەیانگۆت: فەرموو دووکانی خۆتە، تاوەکو بە تەڵەیان وەدەکردی.

دەروێش عەلی بەبەردەمی حەلاقێک ڕابوورد، حەلاق فەرمووی لێ کرد، ئەویش وای زانی پیاوەتییە، چووە ژوورێ و سەروریش و سمێڵیان جوان کرد و خاوێن و باوێن. دەروێش عەلی هەرستا و خۆی داوەشاند و ئیزهاری مەمنونی کرد. حەللاق وتی: پارە بدە. ئەویش وتی: تۆ بەخۆت وتت فەرموو، من پارەم نییە، یەک لەوی و

یەک لەوی بووە شەڕیان تێروپڕیان لێکدا بە هەزار حاڵ لێکیان کردنەوە. دەروێش عەلی کڵاوەکەی بەجێ ما و ڕۆیی، گەیشتەوە سۆفی حوسێنی ئاوەڵی. حوسێن وتی: عەلی خاوێن و باوێنی، سەروریش چاکراو، پێی وت: دەروێش عەلی لە کوێ سەروریشت چاکرد؟ وتی: برام حەللاقی پیاوی خێرکەر لێرە زۆرە، وەرە، بردیە نێزیک دووکانە و دەس نیشانی بۆ کرد. وتی: ئاخیریش خۆت بتەکێنە و برێ خوا خێرتان بنووسێ و مەمنوون. کڵاوەکەی منیش لەوێ بە جێماوە بۆم بینەوە. ئەویش چووە لای حەللاقی حەللاق فەرمووی لێ کرد. سەر و ریشی چاکرد. کە هەرستا دوعاخوازیی کرد و خۆی تەکاند و ئیزهاری مەمنوونی کرد، کڵاوەکەی عەلیش لە باخەڵینا. حەللاق وتی چی دەکەی؟ وتی: ئەڕۆم، ئەدی پارە، پارەی چی تۆ خێرکەری و خۆت وتت فەرموو، دیسان بووە شەڕیان تێروپڕیان لێکدا و جامخانەی حەلاقیش هوردوو هەڕابوو. پۆلیس گەیشتی و حەللاقیان دابەرشەق و شولاق: سەگباب تازە شەڕێکت کرد. ئەواکردت بە دوو، دیارە تۆ شێتی، یا اللە بۆ شێتخانە، بەهەزار حار و دەست ماچکردن لەدەس شورتە نەجاتی بوو. ئەوانیش سەر و ریشیان چاکرد و پارەیان نەدا و تێریشیان لە حەللاق دا و جامخانەشیان هورد کرد و کڵاویشیان هێنایەوە. هەر لەبەرخۆیان بۆڵەیان بوو: دایکت دەگێم بەخۆی دەرێ فەرمووی دوایش دەعوای پارە دەکات، ئەوهات لێ دەکەین، یان مەرێ فەرموو. کە وات گۆت داوای پارە مەکە.

قوربان من نازانم چی بڵێم؟ بڵێم جاشک ئەم کابرایانە

دەکەونە گیانم، بڵێم گۆلک تۆ دەکەویە گیانم

لە بەینی ١٩٦٠و ١٩٧٠ شەڕ لە نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراق توند بوو، بەڵام زۆر لە کورد بەپارە چەکداری میری بوون و ڕاوە کوردیان دەکرد. جا هەر چینێک سەرۆکێکی هەبوو کە لە ئاغەوات و بەگ و میر و شێخ پێک هاتبوون، خەڵکێکی زۆریان لە دوا بوو، بەگیانی کورد زۆر تێنوو بوو، موعەسکەرێک لە نێزیک پردێ بوو- ئاڵتوون کۆپری، مەقەڕی سەرۆکێکی لێ بوو، جا میری بەم چەکدارە کوردانەی دەگۆت: فرسان، بەڵام ناوی ڕاستییان بیلامانی: جاش- بوو، ئەمانە بە وتەی: وشەی جاش زۆر تووڕە دەبوون. ئەس قەزا کابرایەکی بە

ساڵاچووی بەسـواری کەر بۆ پردێ دەچوو، کەرەکـەش مـاکەر بوو، جـاشکەکی لە دوابوو، ڕێگەی بەتەک ئەم ئۆردووگایە تێپەڕ دەبوو. کـابرا بەسـواری کەر ئەڕۆیی، گەیشتـە ڕاست ئۆردووگایەکە جاشکەکەی لە دواوە دامـاڵا و بـەجێ مـا، کـابراش گـاسی جـاشکەکەی کرد و وتی: کرۆش – کرۆش، واتە جـاشکە وەرە دوامـەکەوە، پیـاوی سەرۆک جاشـەکە کە گێیان لە وشـەی: کرۆش بوو وایان زانی ئەم کـابرایە پەلار و تـانج لەوان دەدا، سێ چوارێک غـاریـان دا گـیـانی و دایانـە بەر شـەق و شـولاق، کـابراش وتی بـۆچ لێم دەدەن؟ وتیـان سـەگبـاب تۆ دەڵێی، کـرۆش، ئەمـە دەگەڵ مەتە. باوکم بەخـوا وا نییە بەڵـێ سوودی نەبوو. ئامری مـعسکەر کە چاوی لەم حـاڵە بوو ناردی هـەمـووی هـێنان و کـۆی کردنـەوە و لێی پرسین، چەکـدارەکـان وتیان: جنێوی بە ئێمـەدا بۆیە لێمـاندا. ئامر وتی: کابرا چیت وتووە؟ وتی: قوربان بانگی ئەم گـۆلکەم کـردووە– دەسـتی بۆ چاشکەکـەی درێژ کـرد، ئامـر وتی ئەمـە چییە؟ وتـی قوربان گۆلکە، ئامر وتی سـەگباب ئەمـە کەی گۆلکە، کوڕە لێدەن ئەم سـەگبـابە شـێتە. وتی: قـوربان ئەی من چ بڵـێم: بڵـێم: جـاشکە ئەمـانە لێم دەدەن و دەکەونە گیانم. بڵێم گۆلکە تۆ لێم دەدەی، ئەدی بڵێم چی؟ جـا کە ئامرەکەیانی تێ گەیاند زۆر پێکەنی و ئیزنی دا و ڕەوانی کرد. ئەوەندی وت: هـەر وشـەکەی پێشـانت ڕاستە. هەر ڕاست بڵـێ.

لەسەر هەقێ لێیان دام

بە دوو سێ زەلام لە ئاقـار (چۆلی) لە زەلامـێک دەدەن. زەلامـەکـە لە ناکـاو هـەڵات و ڕای کرد و لـە بەردەستیان قـوتار بوو. هـەندێ کۆرکـەر (جلشـۆر) لەدەم ئاو کـۆریان دانـابـوو، ڕووت و عـوریان بوون. کـابرا غـاری دا لای کـۆرکـەرکـان و دەخـاڵـەتی پێکردن، زەلامـەکـانیش کـە زانیـیـان کـە چووە ناو ژنان و وازیـان لێ هێنـا و ڕۆیین، ژنەکـان وتیـان کـابرا بـۆ خـۆت دانیـشـە و چـاوت بچـوقـێنـە ئێـمـە رووتـین، تاکـو دوژمنـەکـان دەڕۆن و ئەوجـا تۆش بـڕۆ، کـابر وتـی مـەمنـوون، دانیـشـت ژنـانـیش بەڕووتی خـەریکی کـۆر بوون. ژنێکیـان وتی: کـابرا ئەو پیـاوانە بـۆ چ لە تۆیان دا؟ وتـی: لەسـەر قسـەی هـەق. وتی وا نییـە. کەس لەسـەر هـەق لێی نادرێ. وتـی خـوشکم وایە و پتریش خـەرک هـەر لەسـەر هـەق لێی دەدرێ. هـەنوکە لێرەش هـەق بڕێم تۆ لێم دەدەی. ژنە وتـی: دەبـڕۆ وا نیـیـە، وتـی بـەرێ وایە. ژنە وتـی دەهـەق بـرێ بزانم چۆن

لێت دەدەم. کابراش مەترەقی هەڵستا بوو بەرانبەر بە قەلیشی خاتوون، دەستی دایە مەترەقی خۆی دەستەکیشی درێژ کرد بۆ قەلیشی خاتوون وتی: خوا ئەمە و ئەوەی بۆ یەکتر دروست کردووە، ژنە وتی: بە قوربانم بی قسە نەما ئەو قسەیە دەکەی بە شۆڕکان وەرگەڕا کابرا، کابراش وتی: خوشکە نەمگۆ هەق برێم تۆ لێم دەدەی. تۆبە چیی تر هەق نارێم. تا ماوم.

ئەگەر من ئەوێ نەبینم دەبێ کۆرەی دنیا و قیامەت بم

لە چەرخی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادە لە کۆیە، مەدرەسەی ئەو هەردەم نێزیکەی ٤٠ فەقێی تێدابوو لە سوختە و موستەعید و موتەعەللەق. سوختەکی جاحێر، لە راتبە بە هێنانەوە دڵی چووە کچێکی قنجیلانەی کۆیی، کچەش ئاگای لە فەقێ نەبوو، بەس کە فەقێ دەهاتە ڕاتبە ئەم کچە نان و شیوی بۆ دەهێنا.

ژنە کۆیی لە بەهاران و پایزان لە حەفتەی ڕۆژێک ئەچنە بەهار و ناو باخان بۆ چاوکردنەوە و کەیف و خۆشی، چایە و شت دەبەن، تاخم تاخم کۆ دەبنەوە، بە ئاسوودەیی و سەربەرزی و خۆ تەنیاکردن. کورە فەقێ بیری کردەوە کەوا خۆی بکات بە حافز (کۆرە)، بەناو کۆمەڵی ژنە کۆیی دابچی و بچێتە کن کۆمەڵی ئەم ماڵەی کچە جوانەکەی لێیە. سەری خۆی وەکو حافز پێچا و دەستی دا عەسایەک. بە کوتە کوت کەوتە ناو کۆمەڵی ژنان، ژنان کردیانە قیژە، ئای ئەم جاحێرە حافزە ماڵم کاوڵ، کورە حافز لە چ دەگەڕێی؟ وتی بەقوربانتان بم رێم هەڵە کردییە، کۆمەڵ بە کۆمەڵ پیا چوو تاگەیشتە کن کۆمەڵی کچە جوانە، لەوێ خۆی بەعەرد دادا و وتی: ئای وەختە لە ماندوویەتی بمرم و لە تێنوویەتی بخنکێم و لە برسان دڵم دەلەرزێ. ئەوانیش وتیان دە دانیشە تاکو ماندووت دەحەسێتەوە و ئاو بخۆ، نان بخۆ، چا بخۆ، لە پاشان رێگەشت نیشان دەدەین. ئای حەیف بۆ ئەم جاحێرە چاوی سپی و ساغ و ناشبینی. کچەش فەقێی ناسییەوە، لەبەرئەوەی هەموو رۆژ لە ماڵا ڕاتبەی بۆ بردووە، لێی چووە پێش وتی: تۆ فەقێکە نیت کە دەهاتی ڕاتبەت دەساند، وتی قوربان بەرێ وەڵڵا شەو هەڵستام خواکرد چاوم فڕی نەدیت. کچە وتیە دایک و خوشکە و ژنەکانی تر: من تاقی دەکەمەوە لام وایە درۆ دەکات ئەمە حافز نییە. بۆی چووە پێش وتی: فەقێ ئەم روومەتە جوانە و گەردەنە زەردەم

نابینی؟ وتی قورِم بەسەری هەر دەنگت لە گێم دێ و چیی تر نا. کچە سینگ و مەمکی بۆ هەڵماری وتی: ئەم سینگە جوانە و مەمکە فنجانەم نابینی؟ وتی قورِم بەسەری هەردەنگت دەبیستم و بەس. کچە نەیکردە نامەردی کۆشی بۆ هەڵماری دەعباکەی نیشان دا، وتی: ئەمەش نابینی؟ وتی: ئەمە دەڵێی غونچەیە و تازە پشکووتییە و خوناوی لەدەم وەرییە فەقێ هاتە جواب وتی: ئەگەر ئەمن ئەوە نەبینم دەبێ من کوێرەی دنیا و قیامەت بم. جا بووە زیقە و قیژە، ئەمە درۆ دەکا و حافز نییەو هاتووە ژنان ببینی دایانە بەر لنگە بابوج و نەعل و شەپیلاغ. کورِە باریکەی کرد و بۆی دەرچوو، شریتەیان لە دوا کرد، بەرِێ تۆزیان نەشکاند و قوتاربوو. ئیش گەورە بوو، ماڵی مامۆستا تێگەیین. دایکی مەلاژنی تێ گەیاند کەوا فەقێیەکەی راتبەی ماڵی فلان دێنێتەوە. حاڵ و حەکایەت لەمەیە. فەقێ هەستی کرد، خۆی ئامادە کرد بۆ رِۆیین، مامۆستا فەرمووی کێ راتبەی ماری فلان دێنێتەوە؟ دەی لەسەر فەقێ ساغ بۆوە، فەقێش ئیعترافی کرد و وتی: قوربان چم لێ دەکەی رازیم، مامۆستا فەرمووی، دانیشە، تا سبەی ئەم کاتە، شەو بەخۆی و مەلاژن چوونە ماڵی کابرا. باسی خێر و خێراتیان زۆر کرد، لە پاشان رووی کردە دایک و باوکی کچە، کە بیدەنە فەقێ، ئەمە عەیب و عوزری ئەم کچەی دیوە. دوایی کۆییش بوختانکەریان هەن، پەندو بۆ هەڵدەبەستن، وەعدیان دا، بۆ بەیانی کچەیان لە فەقێ مارە کرد، ئا بەم فێڵە بەنیاز گەیی موبارەکی بێ.

گاوانی پەرپیتانم بیستووە بەڵام مەلای پەرپیتانم نەبیستووە

مامۆستا مەلا عەبدورِەحمانی هەمزە کۆری ئیمام و خەتیبی مزگەوتی مەحموود دێرەی لە هەولێر، کە مەلایەکی چاک و زیرەک و عاقر و زۆر پیاو. لە دەوروبەری ١٩٧٥ مانگی رِەمەزان بوو لە مزگەوت وەعزی دەدا، حەدیسێکی بوخاری مانا دەکات و روونی دەکاتەوە، کابرایەکی زەبەلاحی رِا لە خۆ- مەیلەو ئاغا- بۆدیەکی چاکی هەبووە، دەرێتە مامۆستا: من ئەم حەدیسەم نەبیستووە واتا وا نییە. مامۆستاش دەفەرمووێ: دە وەرە پێش بزانم چ دەڵێی جەناب؟ کابراش دەچێتە پێش هەر مونکیر دەبێ لەسەر برِوا بە حەدیسەکە. مامۆستا دەرێ: جەنابت لەلای مەلایان دانیشتوویت؟ کابراش دەرێ: بەڵێ، ئێمە هەردەم مەلای چاکمان هەبووە و من لەلای دانیشتوومە، مامۆستا دەرێ: خەرکی کێندەرێی جەناب؟ کابرا دەرێ:

خەرکی گوندی پەرپیتانم– لە ناوچەی بەرانەتی و عەشیرەتی گەردی، مەلایەکی زۆر چاکمان هەیە، ئەس قەزا لەم کاتەشدا ئەم دێیە کۆڵکە مەلایەکی زەبەلاحی لێ بووە. مامۆستاش دەرێ: برام گاوانی پەرپیتانم بیستووە، بەڵام قەت مەلای پەرپیتانم نەبیستووە. کابراش دەرێ مامۆستا گاوانی پەرپیتان چۆن بووە؟ مامۆستا دەرێ: مەشور بوو گاوانی پەرپیتان کەرەگەلی حەوت گوندی لە گارانا بووە کەچی زێدە لە هەمووان هەر کەری گوندەکەی خۆی دەگا. کابرا بە توورەیی هەردەستی و دەڕوات، ئەم گازاندەیە لە مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمان دەکات لە دیوەخانی ئاغەکانی گەردی. ئەوانیش کابرا سەرکۆنە دەکەن و دەڵێن،: مار کاول تۆبە بکە کافر بووی– بڕوات بە حەدیس نەکردووە، مامۆستا حەق بووە، یاخوا دەستی خۆش بێ لەم قسەیە.

بەداخەوە پاش راپەرین مامۆستا عەبدوڕەحمان بە دەستی تیرۆرستان لە هەولێر شەهید کرا. (د. عەبدوڵڵا)

موفتی زەهاوی

ئەم زاتە عالیمێکی زۆر بەرز بووە، لە چەرخی١٣ی کۆچی وڵاتەکەیان دەشڵەژێ و نالەبار دەبێ. روو دەکاتە شاری بەغدا کوردەواری بەجێ دێڵێ. خۆی بە تەنیا و بێ ماڵ و منداڵ و بێ پارە و خەرجی بەرەو بەغدا دەکەوێتە رێ. بەڵام زەلامێکی بەهەیکەل و بەتێن دەبێ، تەمەنی لە نێوان سی ساڵ و چل ساڵی دەبێ. لە رێگە دەگاتە جەڵەبوانێک کەوا جەڵەبەکەی لێ دەخورێ و چیایەکی لە پێش دەبێ. ئەم جەرەبوانە بەرانێکی زۆر قەڵەوی دەبێ. ناتوانی بە کێوەکە هەڵبگەرێ. شوانەکە لە دیار بەرانە دادەمێنی ئەگەر بەجێی دێڵێ دری نایە، ئەگەر نا ناتوانی بەرانەکە سەربخات لە کێوەکە، مفتی دەرێتە شوانەکە بۆچ داماوی؟ ئەویش باسەکەی بۆ دەکات، موفتی دەرێ: ئەگەر من بۆت سەربخەم چەندم پێ دەدەی؟ دەرێ: (٢) مەجیدی، دەرێ باشە. وەک پەهلەوان بەرانەکەی داوێتە سەر شانی و سەری دێخی و (٢) مەجیدییەکەی لێ وەردەگرێ. موفتی ئەمەی لە هەموو شت لا خۆشتر دەبێ لەبەرئەوەی بێ خەرجییە و دەچێتە شاری بەغدا. دێتە بەغدا، کورتانێکی حەمباڵی بە مەجیدییەک دەکرێ و ئەوی تریش بۆ خەرجی. دەس دەکات بە

حەمبالّی بەلام چ حەمبالّی؟ حەمبالّی وا بەهێز لەم کاتەدا وەکو ئەو پەیدا نابێ. ڕۆژێ بە ڕۆژێ بە خۆی و کورتانی پشتی حەمبالّی دەکات. دەبێتە خاوەن پارە، مزگەوتێک لە شوێنەکەی نیزیک دەبێ. پڕ دەبێ لە فەقێ، ئەویش هاموشۆی مزگەوتەکە دەکات جاروبار لەناو فەقێیەکان دادەنیشی. هەر ئیشێکیان دەبێ ئەو بۆیان چارەسەر دەکات. فەقێیەکان زۆریان خۆش دەوێ و دەس دەکەن بە مەتح و سەنای ئەو حەمبالّە. زۆریش ڕێزی دەگرن. جوولەکەیەک خانووی لە ڕۆخ مزگەوتەکە دەبێ، موفتی دەرێ، جوولەکە دروست نییە خانووت بەرزتر بێ لە مزگەت، جوولەکەش دەرێ: کەینێ تۆ بوویە موفتی بەغدا خانووەکەم برووخێنە. موفتی ئەمەی لەدلا دەبێ. ئەس قەزا وا ڕوو دەدات عالمێکی شیعە دێتە بەغدا و داوای موجادەلە دەکات لەگەلّ عالمەکانی سوننی، پاشای ئەو کات لە بەغدا سەر بە عوسمانی دەبێ. مەلاکانی سوننی کۆ دەکاتەوە هەر چەندی دەکەن دەرهەقی شیعە نایەن. بەم هۆیەوە پاشا عاجز دەبێ و مەلاکان زۆر دلّتەنگ دەبن. فەقێیەکانی مزگەوتی موفتی هاموشۆیان دەکات دەرێنە مامۆستاکەیان: ئەم حەمبالّە زۆر عالمە، دەتوانی شیعەکە ڕلزام بدات. مەلایەکەش لە مەتحی فەقێیەکان قسەکەی لە دلّ دەچەقێ، دەرێتە موفتی: تۆ دەتوانی بچیتە مەیدانی ئەم عالمە شیعەیە کەوا کەسمان دەرهەقی نەهاتینە؟ ئەویش دەرێ: ئەمە شتێکی بەسیتە وا دەزانم هەموو شیعەی جیهان کۆ ببنەوە من بە چییان نازانم. پاشا ئاگەدار دەکرێ، دەنێرنە دوای موفتی، ئەویش بەخۆی و بە کورتانی حەمبالّی دەچێتە مەجریس. لەگەلّ شیعە دەکەوێتە موجادەلە. هەر پرسیارێکی شیعە لێی دەکات موفتی بە هەموو عیلمەکان وەلامی دەداتەوە. لە پاشا کە شیعە پرسیاری کۆتا دەبێ و موفتی سێ پرسیاری لێ دەکات شیعەکە پەکی دەکەوێ و بڕیار دەدا کەوا تۆ: یەکەم مەلای لە هەموو ولاتی ئیسلامدا. موفتی دەرێتە شیعە یەک شت ماوە: ئێمە پرسیار و وەلاممان تەواو بوو. جەنابت مولزەم بووی بەلام دەبێ لە مەجریسی پاشا زۆرانبازییەکیش بکەین تاوەکو بزانین لە هێز و تاقەت بای شیعەیە، یان هی سوننەیە؟ عالمی شیعە هەندی فیلەکە و دەرێی دابەستییە، زۆری پێ خۆش دەبێ، لە دلّی خۆی دەرێ، بگرە بە زۆرانێ تۆلّەی خۆم بکەمەوە. لەم مەیدانە دەکەونە زۆرانبازی. توومەز شیعە فشە و هەر قەلّەوە و بەس. موفتی پالّەوانی کوردستان شیعە بلّند دەکات و لەسەرڕا جۆنیانی لە عەردی دەکوتێ. گۆیا بیلامانێ

دەنگەکیش لە ژێرەوەی لێ دێ. جا بە سەرشۆڕی دەڕواو هەڵدێ. پاشا موفتی خەلات دەکات و دەیکاتە موفتی بەغدا و ناوچەکانی سەر بە بەغدا، لە حەمبالی بووە موفتی و باش عالم، یەکەم حوکمی ئەمری دا خانووەی جوولەکەیان تێکدا. ئا عیلم ئەو هایە ئەگەر کەسێ بەڕاستی عالم بێ، جا موفتی زەهاوی ماڵ و حاڵی کۆ کردەوە. پشتاو پشت بووە گەورە لە ناو عالەمی ئیسلامی. دەنگوباسی ئێستاش هەر لە گۆڕێیە.

ئەزی نزانم تەچ بڵێی؟

کابرایەکی هەرکی، دەس بەتفەنگ لە ڕێگەی بەنی پیرمەم (صلاح الدین) دەگاتە جوولەکەیەکی ڕیش درێژ.

کابرای هەرکی تفەنگی لە شانی هێنا خوارێ و باقە نەجمەی هەڵپچڕی و فیشەکی هاژوا بەر تفەنگی و دە جووەکەی ڕاخوڕی و وتی: سەباب تە جی بووی؟

جوولەکەش ترسا و لەرزی، وتی لەبێ جهوومە.

هەرکییەکە پێی وت: سەباب تە بسورمان بە ئەگەرنا تە دەکوژم، جووەش پاڕاوە وتی قوربان بسورمان دەبم مەمکوژە چ دەبێژی تاکو وا بڵێم.

کابرا وتی: بە خودێ ئەزیش نزانم تە چ بێژی

بەلام هەرە لالی مەلا حەمیدی زوڕگیزی بێژە سۆرۆی ناردیمە نک تە چ بێژم بۆ بوسرمانەتی؟ ئەو دزانی تە چ بێژی.

جوولەکەکە وتی: بەسەر چاوم هەنووکە دەچم.

جا بەم فێڵە خۆی قوتار کرد.

زوڕگیز – گوندێکی بچووکە لە دۆڵی: کۆڕێیە، لەسەر ڕێگەی شەقلاوە، مەلا حەمید لەوێ مەلا بووە.

ئەتو ئەو گانەی نادەیە کسۆکی خۆت

دەڵێن کابرایەکی خەرکی کێوان ژنێکی دەبێ ناوی: فاتێلکێ – بووە.

کابرا لە ژنەکەی توورە بوو – دەری کرد و چووە ماری باوکی، ماوەیەکی زۆر ئەوها بووە، کابراش ناوی: باوەکر– دەبێ، میر لە دوای نارد و کابرا هاتە

دیوەخـانە، میـر فـەرمـووی: باوەکـر فـاتیلکێ ببـەوە، باوەکـر وتی: میـران قسـەی جـەنابت بەسـەر چاوم بەڵام فـاتیلکێ سـوودی بۆ من نیـیـە و نایبـەمـەوە، مـیـر فـەرمـووی: چما سـوودی نییـە: نانت لەبـۆ دەکات، شـیـوت لەبۆ دەکات، ئاوت لە بۆ دێنێ.

باوەکر وتی: میران گوو دەخۆم چاترە لەو نان و شیوەی فاتیلکێ لە بۆم دەکات.

میر فـەرمووی: ئاخـیر شتی تریشت دەداتێ: گـانت دەداتێ. باوەکـر وتی: میـران لە کونی ئەو گـانە دەبەم فـاتیلکێ ئەمـداتێ وڵڵاهـی ئەو گـانەی فـاتیـلکێ دەداتە من ئەتو ئەو گانەی نادەیە کسۆکی خۆت.

کەری ڕەش دەگێم زۆر چاکترە لە فاتیلکێ، نە خۆی دەبزێوی، نە درم دەشکێنی.

هـەزار هـەندی فاتیلکێ لەزەتی لێ دەبینم.

بە کـورتی لەبەر خـاتری مـیـر وەعـدی دا ئەو جـارەش دەیبـەمـەوە بـەران مـیـران کەفیل بە لە گاندانێ قوونان نەبزێوی، باشە، باشە.

برادەر چاکترە لە برا

دەڵێن: دوو لاو هـەبووینە زۆر برادەر و یەکتـریـان خـۆش ویسـتـووە، هـەریـەکـەیان لە ناوچەیەک، یەکێک لەم دوو برادەرانە چوارشـانە و بە جەم بووە، ئەوی تریان جـوڕە زەلام و زەعـیف و بەدەن چرووک بووە و بێ داروبار، ئەمـەی بێ داروبارەکە وا رێک کەوت ژنی هێنـا، بەڵام ژنەتیو زۆر لەگەڵی نـاڕێک و لالووت و بە فیز بوو، بەتـایبەتی لە کاتی دروستبوون لەگەڵ یەکتر لە شـەوان لەبن جێ و بالینگان. برادەرەکەی ژنی هێنـاوە زۆر باسـی برادەرەکـەی دەکـرد لە هـەمــەجـۆر و مـەتح و سـەنا و بەجـەم و چوارشـانەیـی، کەوا ڕوحیـان لە یەکتـر چاو نەبووە. ئەس قەزا لە ناکاو برادەرەکەی پەیدا بوو، هـاتە سـەردانی، زۆریان خـزمـەت کرد، ژنەتیـو کە چاوی پـێ کـەوت دڵی پەڕییە سـەری، پاش یەک دوو شـەو بەندی دڵی خۆیان لەلای یەکتر کردەوە، برادەرە خانەخێیەکە زۆر ناڕەزاییی پێشـان دا لە بابەت ژنەکەی، جا لەبەر ئەمـە کەوا وەکو بەڕوح وابوون برادەرە خانەخێیـەکە تەکلیفی لە برادەرە مێوانەکە کرد کەوا ئەمشۆ لە جیـاتی ئەو بـچێـتـە لای ژنەکـەی دەشـقـەم نەخـتـێکی بـۆ باش دەکـات و تەمێ خواردی دەبێ. ئەمـەکەی تریش هـەر دەیگۆت: ژنی سـەگ وجـودی چییە کـەوا خـراپ

بێ، ژنەتیـویش گـوێی لەم گلە و گـازانـدەیە بوو، لە دڵی خـۆی دەیگۆت: دەبێ ئەم ئیـشـە ببێ بە ڕاسـت و ئەوشـۆ ئەم مـێـوانە بێـتـە لام. لەبەرئـەوەی وای بۆ دیار بوو کەوا لەش و گیانی بتـەوە ئەمەش مـانای بتەوی دەعباکەیەتی. نەیسە زۆر تەکلیفی لێ کرد و وتی: ئێـمـە جیـاوازیمان نییە، ئاخـیری مێـوانەکە سـەلماندی. بەڵام وتی: بچـۆ پرس بە خـێـزانەکەت بکە دەشـقـەم ڕازی نـەبێ. ئەویش پرسـی پێ کرد و پاش لشمەلشمەکی زۆر وتی: بۆ خاتری تۆ چارەم نییە، قەیدی ناکات.

بە کورتی: شەوێ بۆی چووە ژووری، دەرپێی داکەند، ژنەتیـو چاوی بە دەعباکەی کـەوت شـێت بوو لە خـۆشـیـیـان. چونکە ئەم و ئەو بە وێنەی دارووچکە و کـاریتـە بوون، بەگوێرەی ئەنگوستێک و بستێک بوون.

کابراش لە پشت دەرگە خۆی ڕاگرت و گوێی دا گفتوگۆیان.

بە کورتی خستییە سـەر پشت و خێواندیێ، لەگەڵ پاڵ پێـوەنان لە بنەوە بایەکی لێ بەربوو نێزیک بوو دەعباکەی بپچڕێ.

ژنە وتی: ئۆخەی، کابراش لە پشت دەرگە وتی:

داکـێم بە قـوربـانت بێ ئەوهـات دەترێنێ، لات وایـە ئەویش ئەمـنم ئەوها داکـێت ئەگێ، وەخت بوو کوونت بپچڕێ.

بەکـوردی و بەکـورتی تـا سـوبیـانـێ بەیەکـەوە بـوون، زۆری بۆ عـاقـر کـرد، جـا لەمەودوا کە کابرا بە دڵی نەبایە دەیوت: چاک نەبی دەنێرم برادەرکەم بێتن، ئەویش دەیگوت: ئەگەر غیرەتت هەبێ دەینێـرییە دوای، ناوە ناوە کابراش سـەردانی دەکرد و ئەمانەش دەچوون، ئیـتر دنیا هـەمـوو شتی لێ ڕووداوە جا نەختێ یا کەمتر ئەمە مەبەس نییە.

لاکیشی نۆغەران

نۆغـەران – گـوندێکە لە نێوان گوندی: قـەڵاتە سـۆران و گـونـدی کـەور، لە ناوچەی: شـەمـامک، سـەر بە ناحـیـەی: گـوێڕ، لیـوای: هـەولێر، نۆغـەران – گـوندێکی (١٠٠) مـاڵی پتـرە، گـوندی: حـاجی ئەمین ئاغـای دزەییـیـە – لە تیـرەی ئاغـاواتی مـاری فارساغە.

جـغـارەخـۆر ئـەمـەیە: کـەوا جـغـارە بخـوا و ئەسـبـابی جـغـارەی هـەمـوو هـەبێ لە:

کیسە و تووتن و پەلک و ئاگر.

لاکیش (لامێژ) ئەمەیە: جغارە بخوات و بەڵام پێویستی جغارە هەرچی هەبێ ئەوانەی بێت، لەسەر کیسە و جغارەی خەڵک بێ، بخوازی کیسە لە یەکێک، پەلک لە یەکێک، ئاگر لە یەکێک، جا جغارەکە تێ بکا و بیخوات و هەڵی بمژی، شەرمی بەخۆی نەبێ لە خواستن، لە زەمانی کۆن پارە زۆر کەم بوو، جا بەم هۆیە واریداتیش هەرچی وا نەبوو، جا زۆربەی خەرک موحتاج بوون.

ئەم گوندی نۆغەرانیش نێزیکەی هەشتا، نەوەد کەس تێدا لاکیش بوون، شەرم و چاوەڕوویان نەبوو، هەر بخوازە و داوا بکە، جا هی واش هەبوو لاکیش بوو لە رەزیلی دڵی نەدەهات ماری خۆی بخوات، جا شیعریان بۆ لاکیشی نۆغەران دانابوو:

لاکیش پیرن وەک خەرتەلێ
سەرکە سیلیان وەک مەنجەلێ
ڕەبی لاکیش چاوتان دەرێ
قەت تێر ناخۆن لە دوکەرێ (دوکەڵ)

ئەم لاکیشانە ڕۆژێ پەرت دەبوون لەسەر رێگەیان، ڕێگەیان لە کاروانچییان دەگرت و جغارەیان لێ دەساندن.

بەتایبەتی دەهاتنە سەر ڕێگەی هەولێر و گوێڕ کە نێزیک سەعاتە ڕێیەک لە نۆغەران دوورە. جارەک چەند کەسانێک لەسەر ئەم ڕێگەیە مانەوە تاکو پاشی مەغریب، دنیاش کۆتاییی بەهار بوو.

پاش مەغریب گورە گەنم ئەستێرەک پەیدا بوو، وەکو ئاگری جغارە دەدرەوشایەوە، وایان زانی ئەمە زەلامە و جغارەی بەدەمەوەیە، کەوتنە دوای: مامە قومێکمان لە جغارەکە بدێ نەخێر نەی گەیشتنێ، جا دایانە بەر بەرد و کەستەکان، دەستیان کرد بە وتەی: مامە دایکت بگێم، گورە ئەستێرەش: کرمێکە بەشەوان وەکو ئاگر دیارە و دەدرەوشێتەوە.

یەکێکم لە لاکیشی نۆغەران دیت لە دیبەگەی دەخوێند، موستەعید بوو، سوختەیەک لاچکە پاکەتەکی پێ نیشان دا کەوتە دوای و وتی: کورە مەلۆ چاوەکەم یەک جغارەم بدێ لەم پاکەتە، دنیا گەرمایە و هاوینە، سوختەکەی ناوی مەلۆ بوو

وتی: لێره لەبەر خەرک ناتوانم بتدەمێ، جا موستەعیدەکە کەوتە دوای سوختەکە ماوەی چارەکە سەعاتێک کە لە گوندی چوونە دەرێ و سوختەکە پاکەتەکەی فڕێدا و هەرات، موستەعیدەکە پاکەتەکەی هەرگرتەوە دیتی کەوا بەتارە و چی تێدا نییە، جا بەداخەوە بە عاجزی هاتەوە حوجرەی فەقێیان، واتە نیو سەعاتە ڕێ بە چوون و هاتن ماندی بوو لە دوای پاکەتی بەتار. ئەمەش لە دەوروبەری ١٩٣٧ز بوو، ئا – ئادەمیزادی پێویست و قەلاش ئەم جۆرە شتانە دەخوازی و شەرمیشی پێ نییە.

ئەم لاکیشیەشی هی چەرخی کۆنە مایتەوە ئەگەر نا ئەم چەرخە خەڵک تێرە الحمدلله، بڕوا ناکەم لاکیش مابی.

تاخمەی خۆڕییان

مەلا برایم – هەبوو لە چەرخی مەلەکی مەلای گوندی: (س) بوو، گوندی (س) نێزیکەی (٨٠) ماڵ دەبوو، لە وڵاتی، بەڕانەتی، دەشتی هەولێر.

عەزیز قادر لە دێ ئاغە بوو، وەختەکی زۆر تەنگ و بێ پارە و خەرجی بوو، عەلبەی گەنم بە (٤٠٠) فلس بوو، جۆ بە (٢٠٠) فلس، حەیوان بە (١٥٠) فلس مەلا برایم پیاوێکی مەرد و عاقر و چاک بوو بەڵام ئاخ زۆر دەسکورت بوو، دەرپێی دڕابوو، کەچە کراشێکی لە پێ بوو، کەوای هەر شۆڕ و دڕا بوو، پینەکی گەورە هەتا سەر قوندانی گرتبوو، سەلتەیەکی دڕای لەبەر بوو، هەردوو هەنیشکی لێ هاتبووە دەرێ، عەزیز قادر کووی برێی وا مەرد و پیاو و چاوبڵند بوو، بەڵام بەداخەوە هەر ناوی هەبوو، لە مەلا فەقیر و هەژارتر بوو.

ڕۆژێک ئەفەندیلەکی دەم ڕووت پەیدابوو لەگەڵ جاندارێکی شڕوور، یەک و سواری پیرە بارگینەک بووبوون و قالتاغێکی شڕوور هەینێ پیاوی حکوومەت بە سواری دەگەڕان، بۆ خەرجەی چوار بیستان و شت هاتبوون.

بەهەرحاڵ دوو پاکەتە جغارەیان قەرز کرد و یەکێک بۆ جاندارەکە و یەکێک بۆ ئەفەندیلە.

ماڵۆ (١٠) فلوسیان بێشە کرد کە شیوێکی بۆ ئەفەندی لێنێن.

عەزیز ئاغا جغارەکێش بوو بەڵام نە تووتن، نە پەلک، نە کیسەی نەبوو.

مەلا برایم جغارەکێش بوو، بەڵام لاگۆلە تووتنەکی هەبوو لە کیسەی کرد و دوو

پەلکی جغارەی پێ بوو.

هاتە دیوەخان، دیتی عەزیز ئاغا دانیشتووە و ئاهو هەناسەی بۆ جغارەک دەسووتێ.

ئەفەندیلە پاڵ کەوتووە و پاکەتی لە پێشە، شورتەش پاکەتی لە باخەڵیتی، مامۆستا بەو شڕووڕییە دانیشت و بەدزی پەلکەکی دەرهێنا و تێی کرد و پێی کرد و قومی لێ دا.

نەوێرا پەلکەکەی تر دیار بخات لە ترسی عەزیز ئاغا نەکو لێی ببا.

عەزیزاغە وتی: مەلا بەخێر بێی، ئەفەندیلە لە باتیی بەخێرهاتنی مەلا دەستی کرد بە پێکەنین و گاڵتە بە مەلاکردن، بە ئەنواعی گاڵتە، لەبەرئەوەی تا بڵێی مەلا شڕووڕ بوو.

مەلا برایم لە خۆی وەڕس بوو، رووی کردە ئەفەندیلە و وتی: جەناب جەنابت موتەسەریفی؟ وتی نەخێر.

وتی: قایمەقامی؟ وتی نەخێر، وتی: ئەدی چی؟

وتی مۆزەفێکی بچووکم.

مەلا برایم وتی: منیش مەلا ئەفەندی نیم، شێخ موستەفاش نیم، منیش مەلایەکی بچووکم، بچووک یانی خۆڕیلە.

کەواتە: من مەلایۆکەکی خۆڕیلەمە، تووش ئەفەندیلەکی خۆڕیلەی، جا وتی: جاندارەکەش تۆ مدیر شورتەی؟

وتی نەخێر، وتی: قومیسەری؟ وتی نەخێر، وتی کەواتە تۆش جاندارێکی خۆڕیلەی، وتی: ئەرێ وەڵڵا مامۆستا، مەلا برایم وتی: کەواتە ئێمە هەرسێکمان براینە: من مەلایەکی خۆری و ئەمەش ئەفەندییەکی خۆڕی و ئەتۆش جاندارەکی خۆڕی، براش شەریکن، کەواتە بێن پاکەتەکان دابنین با بەیەکەوە بیخۆین، ئەوا شیویشتان بۆ دەکرێ ئەویشتان لەگەر دەخۆم.

جا پاکەتەکانیان دانا و مەلا برایم یەکێکی داگیرساند، واتە جغارەیەک کەوتنە قسە و پێکەنین و برادەرایەتی و یەکتر خۆشویستن، لات وابێ سەت ساڵە ئەمانە ئاگردانێکن، لەبەرئەوەی بوونە یەک جۆر. عەزیز ئاغا بە ئیشارە گوتیە مەلا برایم جغارەکم بدێ.

مەلا برایم وتی: عەزیز ئاغا ئیشارەی پێ ناوێ تۆش کاکلاغەی گەردی نی، برایم بایزی دزەیی نی، میرانی قادر بێگی شەقلاوە نی، ئەگەر دەرێی منیش ئاغەیەکی خۆڕیلەمە لەبەرئەوی ئێمە تاخمەی خۆڕییانین، ئەوا لەگەڵ مە دەبییە شەریک ئەگەر نا بەخوا قومی لێ نادەی، عەزیزاغە لە داخی جغارە وتی: باوکم منیش ئاغۆکەکی خۆڕیلەمە، جا بووە پێکەنین و جغارەیان دایێ، هەموویان بوونە یەک تاخمە.

تا لە ئەنجاما شیوەکەشیان بەیەکەوە خوارد و ئەفەندیلە زۆر بووە دۆستی مەلا برایم، زۆر ئیحترام و ڕێزی لێنا، مامۆستا – مامۆستا کەری نێری نەدەکێشا، یەکتریان خۆش ویست، تا لە یەکتر دابڕان.

ئا پیاوی عاقر ئەوها لەگەڵ بێ عەقران دەتوانی ڕابوێری بە خۆشی.

فەقێ و کارەکەر

لە دەوروبەری ١٩٢٣ز لە گوندێکی لە دەوزێی بادینان ناوچەی شەمامک، سەر بە گوێر، مەدرەسەی لێ بوو، مامۆستا مەلا حوسێن لەوێ مەلا بوو، پیاوێکی باش و بە دین، عەزیزی مەلا – لە دێ ئاغا بوو، لە تیرەی ماری بایز، لە ئاغاواتی دزەییە، ئاغایەکی مەرد و ڕەشید و چاو قایم و سەخی.

فەقێیەک دەچێتە ماری ئاغا بۆ راتبە، واتە بۆ نان هێنان، کارەکەرێکی ماری ئاغا لە بن قەنتەرە (دەرگایەکی گەورەیە) نان بۆ فەقێیەکە دێنی و لە دووڕا وەکو سەگ بۆی تێ هەردەدا.

فەقێیەکەش دەسی ناداتە نانەکە و دەرێتە کارەکەرەکە: توخوا ڕاوە دوو قسان بکەین، ئەو نانەت بۆ چ بۆ من تێ هەڵدا؟ کارەکەرەکەش دەرێ: تۆ دەرۆزەکەری و هیچی، منیش بێزم نایێ نان بدەمە دەستت، فەقێیەکەش دەرێ: چما چیت لە من زیاترە تاکو من هیچ بم تۆش ماقوڵ بی؟ کارەکەرەکەش دەرێ: زۆرم زیاترە. فەقێیەکەش دەرێ: دەباحیساب بکەین: دەمم بە دەمت، سینگم بە سینگت، ناوکم بە ناوکت، دەعباکەم بە هینەکەت، گونیشم زیاتر.

کە وا دەرێ، کارەکەر دەقیرێنێ و هاوار دەکات، واتە فەقێ پری دایمێ، فەقێ هاتەوە، کارەکەر کردیە هەرا، ئاغاژن تێ گەیی، مەلاژنی تێ گەیاند، مامۆستا

تێگەیی، ئاغا تێگەیی، مەجریس تەشکیل کرا، فەقێ بانگ کرا.

ئاغا وتی: کوڕم نان و مەسرەفتان دەدەم و دەستیش بۆ ناموسم درێژ دەکەن، کارەکەر کچی منە، فەقێش ئازایانە و نەترسانە وتی: ئاغە بنێرە کارەکەر بێتە ئێرە ئەوجا من ڕاستییەکەی دەگێڕمەوە.

ناردیان کارەکەر هات و فەقێش لەسەری هەتا بن مەسەلەکەی گێڕاوە.

کارەکەر ئینکاری کرد و ئاغاش شیشەکی سۆر کردەوە بەعەستەم گەیاندییە کارەکەر. کارەکەر لە تاوان تڕێکی گەورەی لێ بەربوو نێزیک بوو لوولەی تفەنگەکەی بپچڕێ.

فەقێ نەیکردە نامەردی وتی: هەیبەوەی، جا بووە پێکەنین و کارەکەریش ئیعترافی بە حەقیقەتەکە کرد پاش ئەمە وتیان: برێ بەسەری ئاغا ڕاست دەرێم.

لەبەرئەوەی کرمانجەتی سەری ئاغا و میر قەت بەدرۆ ناخۆن؟ بەڵام...

جا ئاغە فەقێیەکەی خەرات کرد و دەستێ لیباس و پێڵاو و لیرەکیشی دایێ.

وتی: کارەکەرەکەشت لێ مارە دەکەم، کارەکەر وتی: منیش مێردی پێ دەکەم، فەقێش وتی: بەعانەیەک نامەوێ، ئەم....، جا هەر مابوو دەم نادەم بتڕی لەبەرئەوەی تازە فێرە تڕ بوو، حەیاشم دەچێ، خوێندنیشم دەچێ.

بە کورتی نەیویست، لە ئەنجاما فەقێ لەوێ ڕۆیی.

لەبەرئەوەی قسەی ئاغای شکاند. جا ئەم قسەیە بووە پەند و هەر دەگەڕێتەوە: ئەم شتەم بەم شتە، گونیشم زیاد.

بیست گەزی پتر لە من دزیوە

ژنێکی ئۆینباز کچی خۆی بەشوو دا، جا شەوان دەچوو لە کولانکە تەماشای دەکرد کەوا زاوا چۆن وا لە کچەکەی دەکات، زاوا هەموو جار بالیفێکی بچکۆڵانەی لەبن قوونی کچە دادەنا کە سواری دەبوو، دایکەش ئەمەی لەلا سەیر و عەنتیکە بوو، شتی وای نەدیتبوو. چار پێنج شەو ئەم موراقەبەی دەکرد و ئەم شتە سەیرەی دەدیت تا ڕۆژێک لە کچەکەی پرسی، کچم ئەم بالیفۆکە چییە زاوا لەو کاتەی وای لێ دەکا و وای دادەنێ لەم شوێنە؟ ئەویش وتی: دایە گیان لە یەکەم شەو ئەمەم لێ پرسی و وتی: بۆیە وا دەکەم تا هەمووی بچێتێ، ئەگەر نا نەختۆکەیەک هەر

دەمینێتەوە وەتەجرەبەشمان کرد وابوو، واتە قسەکەی. دایکەش شەپێکی لە ڕانی دا و مستێکیشی لە سینگی دا و وتی: هەی هەزار نەعلەت لە گۆڕی بابە سەگەکەت بێ کە ئەم حاڵەی لەگەڵ من نەکرد. تا بە گۆڕی سەگدا چوو بیست گەزی پتر لە من دزیوە.

کەرکووکی دەوڵەمەندن

جووت قاوە هەبوو لە کەرکووک، لەبن قەڵاتەکە بوو، هەر کات پیاوی ئەشراف و ماقووڵ و جوامێرە پیاوی لێ دادەنیشت لە خەرکی کەرکووک. کابرایەکی گوندی، جەبەل بۆر، کە لە ڕۆهەڵاتی کەرکووک بە سەعاتە ڕێیەک. بارەکی برەسۆرە (قزلجە) هێنابوو بۆ فرۆشتن. کابرایەکی کەرکووکی شان بە عەبا، جوامێر لە جووت قاوە دانیشتبوو چاوی بەکابرا و برە سۆرە کەوت، بانگی کرد و وتی: ئا کوردە بێ- بێ، واتە وەرە. کابرا هات و کەرکووکییەکە لێی پرسی: ئەم بارە قزلجەیە دەیدەی بە چەند؟ کابراش وتی: وەچوار عانە. کەرکووکییەکە وتی: تا بارێکی ئاوا دێنی دەیفرۆشی چەنێکت پێ دەچێ؟ کابراش وتی: ڕۆژی لە جەڵەوەکە دەیهێنم. ڕۆژی دەیهێنمە شار و دەیفرۆشم. ڕۆژێکیش ئیسراحەت دەکەم. کەرکووکییەکە وتی: واتە بە سێ ڕۆژ دەسکەوتت چوار عانەیە. کابراش وتی بەرێ. کەرکووکییەکە وتی: ئیدارەش بە چوار عانە دەکەی؟ کابرا وتی: ئەی چۆن نایکەم. کەرکووکییەکە وتی: ئای قوڕ بەقینگت کوردە. من دوو کوڕم هەیە هەریەکە لە مانگی ٢٠ ڕوپیە مەعاش دەسەنن، خۆشم مانگێ ١٠ ڕوپیە تەقاویتی دەسێنم، بە خوا ڕۆژی بای ٥ ڕوپیەش لە خاسە قینگ نەدەم ئیدارە ناکەم. کابراش وتی: ئەفەندی من بەرخەشم ڕۆژی بە نانێک تەپڵی شا لێ دەدەم (بەرخەش ناوە من لە ساڵی ١٩٥١ کوڕی ئەم بەرخەشەم دیبوو ناوی: حەمە بوو) چوار عانە گەلێ زۆرە بۆم خوا نەیبڕێ.

زۆر موبارەک و بەخێرە

دەڵێن: پاشایەک هەموو ڕۆژێ لە کاتی پاش عەسران لەسەر کۆشک و باڵەخانە لەگەڵ خاتوونی خۆی بە دووربین تەماشای دەو بەحر و قەراغی بەحریان دەکرد، ڕۆژێک دیتیان: کابرایەک خۆی ڕووتوقووت کردوویتەوە لە دەوبەحر، دەعباکەی

خۆی رەق کردووە خەریکە لە خۆی بنێ. پێشی ناکرێ. ئەوا زۆر ماندوو هیلاکە لەم حاڵەدا. ئەم ئیشە لەلای پاشا و پاشاژن زۆر سەیر هات. دەسبەجێ فەرمانیان دا کەوا ئەم کابرایە بێنن. کابرایان هێنا، پاشا دیتی کەوا ڕەنگەکی پیاوانە و جوامێرانەی هەیە جا یەکجار سەری تیا سوڕما. پاشا وتی: کابرا تۆ لەم تەمەنەدا و لەم ڕەنگەدا ئەم ئیشە چی بوو کە خەریکی بووی ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە. کابرا وتی: پاشام خۆشبێ ڕاستە، بەڵام ناوێرم ڕاستییەکەی بڵێم. پاشا وتی: ئیزنە و بیرێ. کابرا وتی ئەی شاهم من زۆر فەقیر و هەژارم. خاوەن ماڵ و منداڵێکی زۆرم، مەترەقەکەشم زۆر گەورە و نەقۆڵایە، هەر کەسێ بیبینی عاشقی دەبێ لەگەڵ هەندێش زۆر پیرۆزە و سەر بەرزقە بەقوونی هەر کەسێ کەوتبێ رزقی واسیعە و ئیشی باڵایە منیش لە خەت و قەڵەم و خوێندن هاوتام زۆر کەمە، کەچی خاوەنی پوولێک نیمە و پاشا نەیکردیمە بە هیچ کەچی هی ئەوتۆی کردووە بە: کاربەدەست و مووچەخۆر بە گونی منیشیان تێ نابێ، بەڵام دەعباکەی منیان پێداچووە، جا منیش خەریکم کە بزانم بگاتە هی خۆم خۆشم دەشقەم خوا ڕزقێکی بۆ منداڵەکان دەنێرێ. پاشا وتی: قسەکەت ڕاستە؟ وتی قوربان ئەگەر ڕاست نەبوو لەسەرم بدە. بەیانی دێمە مەجریسی جەنابت چەن کار بەدەستانی ماقوڵی جەنابت هەڵدەبژێرم و پێیان دەڵێم، چەند جارم وا لێ کردی. هەمووشی بەشایەد و ئیسپات. بە مەرجێک چشتاقیش دەنگ ناکەن و چاویان شۆڕ دەکەن. لەبەرئەوەی ئادەمیزادی قووندەر سەری شۆڕە و چاوی حیزە. جا لەگەڵ پاشا وەعدەی گرت و سبەینێ چووە مەجریسی پاشا و یەکەیەکە چەند کەسانێک ناوی هێنان و دەسنیشانی کردن کەوا: چەند جارم گای بەشایەدی فڵان و فڵان، ئەوانیش چاویان شۆڕ کرد. چەند کەسی ئیسپات کرد، پاشا بڕوای کرد و وتی: بەسە چیی تری ناوێ قسەکەت ڕاستە. جا فەرمانی دا، کابرا خەڵات کرا و کرا بە مووچەخۆرێکی میری و پیاوێکی مەجریسی شا.

ئینجا بەکورتی و بەکوردی لە زۆر چەرخ و زەمانە چاو شۆڕان لە پێشن و ڕاستگۆیان و دڵپاکان لە پاشن، بەداخەوە.

زوو بە خەڵک مەخەڵەتێ

دەڵێن لە کاتی دەوڵەتی عوسمانی موتەسەریفێک هاتە کەرکووک نەختێ حەزی لە دین دەکرد. شێخ باقی هەبووە لە کەرکووک پیاوێکی باش و دڵپاک و ساویلکە بووە، خاوەن تەکییە و مورید و دەروێش بووە. ئەو موتەسەریفە زۆر مەیلی دابووە ئەم شێخ باقییە. تا وای لێ هات. هەڵستان و دانیشتن و ئیشوکاری بەبێ ئەم زاتە نەدەکرد. جا بەم هۆیەوە تووشی هەڵەی زۆر گەورە دەبوو، خەڵک کەوتنە تەنگاوی ئەمەشیان زۆربەی لە شێخ باقی دەزانی، بەڵام نەک لە بەر خراپی بگرە لەبەر نەزانی و ساویلکەیی.

پیاوی گەورە کۆبوونەوە بڕیاریان دا کەوا: شێخ ڕەزای تاڵەبانی تەرخان بکرێ بۆ پیلانێک دەشقەم ئەم موتەسەریفە و ئەم شێخ باقییە لە یەکتر جیا دەبنەوە. خەڵکەکە تووشی سزا نەبن. بۆییش شێخ ڕەزا تەرخان کرا لەبەرئەوەی پیاوێکی عاقڵ و عالیم و چازان و ماقول و نەترس بوو. شێخ ڕەزاش نێوانی لەگەڵ ئەم شێخ باقییە زۆر ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی تاکە شیعرەکی بۆ دانابوو، لەسەر ئەمەش بە پیاوێکی گەلۆر و کەرەپیاوی دانابوو. ئەمەش تاکە شیعرەکەیە:

گەر بەسەد دەریا بشۆیەوە شێخ باقی
پڕی گووسەگە هێشتان هەردوو لاقی

بەڵام شێخ ڕەزا چار و ناچار و خۆی هاوێشتە ناو ئەم گەرداوە و بەڵێنی ئەو پیلانەی بە خەڵکەکە دا جێ چی کرد. لە ناکاو ڕۆژێ چووە زیارەتی شێخ باقی، شێخ باقی کە زانی شێخ ڕەزا هاتە لای زۆر سەربەرز و خۆشحاڵ بوو لەبەرئەوەی ئەم لەم پیاوانە نییە شێخ ڕەزا بێتە زیارەتی. جا زۆری حورمەت و ڕێز لێنا. لەناو قسان شێخ ڕەزا باسی موتەسەریفی هێنا ناو قسان و وتی: بیستوومە بەبێ جەنابت هەڵناستێ و دانانیشێ و ئیشوکار ناکات. شێخ باقی وتی: بەڵێ شێخە فەندی چ خزمەتێکت هەیە بۆت جێبەجێ بکەم. واتە بە تۆبزی لەبەرئەوەی ناتوانی موخالەفەم بکا.

شێخ ڕەزا وتی: نەخێر چ ئیشم پێی نییە هەر وام وت، بەڵام من ئەم موتەسەریفە بە خاین دادەنێم لەبارەی جەنابت: شێخ باقی وتی: استغفرالله- ئەم

موتەسەریفە لەگەڵ من خیانەت ناکات.

شێخ وتی: بەڵێ کردوویەتی و دەشکات، شێخ باقی وتی: چۆن خیانەتەکەی کردوویەتی چییە؟

شێخ ڕەزا وتی: هەر موتەسەریفێک بۆ ویلایەتێک بچێ زاتی شاهانە لە ئەستەمبۆڵ دەینێرێ، شێخ باقی وتی: وایە. شێخ ڕەزا وتی: کە ناردی دووگردەکەی پێغەمبەری خەلات دەکات (بەرماڵی نوێژ) لەگەڵ قورئانێکی ئاو زێڕ دەسخەتی حەزرەتی یوسف. ئەو دوو شتەی بە تۆ نیشاندایە بۆ زیارەتکردنیان؟ شێخ باقی وتی: ناوەڵڵا، شێخ ڕەزا وتی: من دەڵێم: خائینە، تۆ دەڵێی نا. شێخ باقی وتی: ئەگەر وابێ ڕاستە خائینە. شێخ ڕەزا وتی: گومانی نییە کە وایە. شێخ باقی دڵی کەوتە خەتەرە، بەیانی چووە لای موتەسەریف، بەلام لەگەڵ موتەسەریف گرژ بوو، لەبەرئەوەی لای وابوو کە موتەسەریف مەجبووری ئەوە. موتەسەریف وتی: شێخە فەندی گرژ دیاری چ موشکیلەت هەیە دەفعی بکەم. شێخ باقی وتی: چۆن گرژ نابم تۆ خائینی لەگەڵە من، موتەسەریف وتی خیانەتەکەم چییە؟ وتی: زاتی شاهانە دووگردی (بەرماڵ) پێغەمبەری خەلات کردی لەگەڵ قورئانی ئاوزێڕ دەسخەتی یوسف، تۆ بەمنت نیشان نەدایە زیارەتیان بکەم، موتەسەریف وتی: ئەم جارەش بڵێوە، ئەویش دووپاتی کردەوە. موتەسەریف وتی قورئان لە کوێ؟ حەزرەتی یوسف لە کوێ؟ جاران کاربەدەستانی میر ڕدێنیان هەبوو. جا موتەسەریف ریشەکەی هەوراز کردەوە و دوو سێ تفی لێ کرد وتییە خۆی: هەی کەرە لە شار کەست لە خۆت کەرتر نەدیتەوە ئەم کەرە نەبێ. جا شێخی پشت پێداو وازی لێ هێنا. سزایەکەی خەڵکیش کەمتر بوو.

قازی خەمخۆرە

دەڵێن: ژنێک مێردی بەکابرایەک کرد بە مەرجێ کەوا لە ماوەی شەو و ڕۆژیک (٥) جاری وا لێ بکا. کابرا تاکو لەسەر شنگ و تاقەت بوو لەسەر ئەم مەرجە ڕۆیی. لە پاشان کورتی کرد و نەیتوانی لە (٣) جار پتر بکا لە شەو و ڕۆژێک ژنەکە لەلای قازی شکاتی لێ کرد و داوای تەراقی لێ کرد، قازی کابرای بانگ کرد و لە ژنەی پرسی: بۆچ داوای تەراق دەکەی؟ وتی: قوربان مەرجەکەمان ئەوها بوو لە کاتی

خۆی، ئیستاش مەرجەکەی پێ ناگاتە جێ.

قازی رووی لە کابرا کرد و لێی پرسی: وایە، کابراش وتی: بەرێ قوربان قسە قسەی ئەوە و منیش ئێستا ئەوەندە ناتوانم، تاکو تاقەتم هەبوو مەرجەکەم بەجێ هێنا.

قازی گوتیە ژنە: ئەگەر (٥) جارەکەت بۆ جێبەجێ بکاتەوە کابرات دەوێ، گوتی بەرێ قوربان، قازی وتی: سولْح بابێکە لە شەرع من سولْحتان پێ دەکەم و تەراقی مەدە.

گوتیە ژنەش تۆ هەر لەسەر (٥) جارەی خۆت بە، من خەمم بۆ نابڕێ: سێ جار عاییدی مێردەکەت و دوو جارەکەی تریش عاییدی من بێ. جا لەسەر ئەمە قەراریان بەست.

ئاغای بە شەفەقەت

لە دەوروبەری ١٩٢١ز– لە ناوچەی: عەزاز؟، دەشتی عەزیا. ئاغایەک هەبوو خاوەنی گوندێک، چەند فەلاح و مسکێنی هەبوو، ئاغاش لەو کات حەقی عەردکێلان لە (٢٠) تەغار (٤) تەغاری دەبرد، واتە (١/٥) لە حاسیلات. لە کاتی هەڵگرتنی خەرمان.

بەلام ئەم ئاغایە چی دەکرد:

١– لە (٢٠) عەلبە (٤) عەلبەی دەبرد ئەمە حەقول عەرز بوو.

٢– لە (٢٠) یەک عەلبەی دەبرد شەقرچیانە.

٣– لە (٢٠) عەلبە یەک عەلبەی دەبرد قاوەچییانە.

٤– لە (٢٠) عەلبە یەک عەلبەی دەبرد نۆبەتدارانە.

٥– لە (٢٠) عەلبە یەک عەلبەی دەبرد هەقی موختارانە.

٦– لە (٢٠) عەلبە یەک عەلبەی دەبرد هەقی خزمەتی پۆلیسی حکومەت کە دەهاتنە دیوەخان و مەسرەفی پۆلیسەکان و ولاغەکانی دەکرد.

کەواتە بەهەمووی لە (٢٠) عەلبە (٩) عەلبەی دەبرد.

٧– لە (٢٠) عەلبە یەک عەلبەی دەبرد هەقی سۆتەنی بۆ ئاگری زستان و قاوەلێنان.

بە کورتی نیوەی دەبرد، واتە لە (٢٠) (١٠)ی دەبرد، لە پاش ئەم هەموو هەق و حیسابەش عەیارەکەی فڕێ دەدا سەر کۆمەڵی فەلاحەکە و دەیوت: ئەمەی هەقی خۆم بوو من بردم ئەوجا تۆش خۆت و پیاوەتیت ئەگەر موساعەدەیەکی فەرهادی کوڕم دەکەی.

ژنی مەکرباز

لە ساڵی ١٩٤٨ز مەلا مستەفای موئەزینی شەقڵاوە گێڕایەوە کە ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری ٧٣ ساڵ ئەبوو، پیاوێکی زۆر بەزەوق و دەنگخۆش و یارانە و پیاو بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیش عروسی بەدیلیان گرتبوو (٧) ساڵ لەوێ دیل بووە شتی عەنتیکەی لەناو عروسی دەگێڕاوە.

وتی: ژنێک لەم ناوە کێـوە- لە گوندێک بە مێرد دەبێ و حەز لە پیاوێکی تر دەکات، ڕۆژێک دۆستەکە وتی: ئەگەر تۆ درۆ ناکەی و حەزێم لێ دەکەی لە پێش چاوی مێردەکەت یەکێکم بدێ، ئەگەر نا درۆ دەکەی و من پێت بڕوا ناکەم و چیی تر عەزت لێ ناکەم. ژنەتیویش وتی بە چاوان ئەمە زۆر سەهلە، سوبیانێ لە کاتی کێشتەنگاو هەروە ناو باخچەی ئێمە و خۆت و خۆم لەو تووترک و زییەکان بشارەوە لە نێزیک دارگوێزەکە، کابراش سوبیانێ چوو خۆی لەوێ حەشاردا، کاتی فەریکە گوێزیش بوو، ژنەتیو مێردەکەی خەڵەتاند و هاتنە ناو باخچەکە، گوتیە مێردەکەی من حەزم لە فەریکە گوێزە و مەگیرانی پێ دەکەم، ئەوا بە دارگوێزەکە هەڵدەگەڕێم و دەچمە سەری و فەریکە گوێز لێ دەکەمەوە. کابراش وتی: عورمێ ئەتۆ ناتوانی وەسەرکەوی، نەوەک پەلەکت تێ ڕاچی وەیاخۆ بەربیەوە بمری. مارەکەم لێ تێک دەچی، من شارەزامە و ئیشی منە دەچمە سەری و بۆت لێ دەکەمەوە، نەخێر ژنە قاییل نەبوو تاکو بەدارەکە هەڵگەڕا و سەرکەوت، تەبعەن خەڵک بە دار هەڵبگەڕێ تاکو بەسەر دەکەوی خوارێ نابینێ، کە هاتە خواریش تاکو دەگاتە عەردی هەر خوارێ نابینی، لەبەرئەوەی لە کاتی پێ هەرگەڕان و هاتنە خوارێ سەری لە هەورازە و قاچی لە خوارە.

ژنەکە چووە سەردار گوێزەکە و تەماشای خوارێی کرد وتی: پیاوەکە، پیاوەکە ئەوە کێیە دەت گێ و سوارت بووە، کورە قەت عەیب ناکەی گان دەدەی.

کابرا قیژاندی و وتی: کووفره وەرە خوارێ و سەرت دەسووڕێ.

هەنووکە دەکەوی و هەپڕوون بە هەپڕوون دەچی، ژنە هاتە خوارێ و وتییە کابرا: خۆ قسەی تۆ بوو سەرم دەسووڕا، چەندیشم قسەی ناشیرین پێ گوتی هەی سەرم لە قوڕی نێن، ئەم دارگوێزەی ئێمە چەند بڵندە. چما پیاو سەریان ناسووڕێ؟ کابرا وتی: نەخێر، ژنە وتی بەرێ وەڵڵا پیاویش سەریان دەسووڕێ، جا کابرا سەرکەوت و ژنەتیویش ئیشارەی لۆ دۆستەی کرد و هات، کابرا گەیشتە سەر دارێ و کابراش گەیشتە سەر ژنەتیو، کابرا لەسەرڕا قیراندی و وتی: کووفرە ئەوە کێیە سوارت بووە و ئەتگێ؟ ژنەش لەسەرەخۆ دەیگوت: نەمگۆت پیاویش سەریان دەسووڕێ، ئەدی منیش وام بە تۆ نەگۆت.؟ یان دەتەوێ بەو قسانە تۆرەی خۆت بکەیەوە.

کابرا هاتە خوارێ، تەبعەن: سەری لە هەورازە و لاقی لە خوارە، ژنەی نابینی، تاکو بەم پێچ و پلوجە و لق و سەر لقان هاتە خوارێ کابرا لە خۆی بووەوە و خۆی حەشار داوە. کابرا کە هاتەوە خوارێ دیتی ژنەتیو بە تەنیایە جا ما سوێندان بخوات کەوا یەکێک سوارت بووبوو، ئەویش پێ دەکەنی و دەیگۆت، ئەدی منیش وانەبوو وام دەگۆت، دارگیزەکەی ئێمە هەند بڵندە، کابراش هەر سەری با دەدا و دەیوت: لاحول ولاقوە الا بالله، هەر سوور بوو لەسەر قسەکەی خۆی، تا ژنە لە ئەنجاما وتی: بسم الله، کوڕە کابرا تۆ دیارە تێکچووی، بابچینە مارا شێخی دوحایەکێ بکە، بەوی قورحانی ئەتو وابی من چیی تر بەخۆم و بەمنداران ناوێرین لەگەرت بین، چیی تر من ژنا تو نابم.

جا ما کابرا تکا لە ژنە بکا و بێدەنگ بێ، جاروباریش دەیگوت: کوڕە وەڵڵا یەکێک لەسەر (ق...) بوو، ژنە دەیگۆت: بسم الله دیارە جندۆکەکان هاتنەوە، ئەمن بە دوعا.

کابرا هەمسا یەقەگیری ژنە دەبوو کە بێدەنگی لێ بکا، تا لە ئەنجامدا کابرا بیوری هێنا و دارگوێزی لەبنڕا بڕی وتی: داکێ ماخۆت دەگێم ئەتو جندۆکەت لەسەرە، هەر جارێ چاوم بەتۆ بکەوێ ئیشەکەم دێتەوە بیری. ناوەڵڵا ئەتو نەمینێی مەسرەحەتە.

مامۆستا مەلا موستەفا دەیگوت: ژنەکە ناوی هەمینکی، بوو، پیاوەکەش ناوی، باوەکر بوو.

ئەمن زمانی تورکی نازانم

تورکەکان زۆر ڕقیان لە کوردەکان دەبووەوە لەبەرئەوەی کەم کات هەبوو لە چەرخی دەوڵەتی عوسمانییەکان کەوا کوردەکان بەرهەرستیان نەکەن لەبەر غەدر و زولم و تەعدا.

جارێک قایمەقامێک بۆ ئیشوکاری میری دەچێتە دێهات، شەو دادەنیشن لەسەر سەکۆی دیوەخانێک. ئەس قەزا لەو کات نێرەکەرێک دەزەڕی، دەنگی زۆر ساغ و قایم دەبێ، قایمەقامە فەندیش و کوردێکی کراش خوار لە کۆتاییی دیوەخان دانیشتووە، دەرێت گاسی ئەم کوردە کەن.

بە تورکی پێی دەرێت: (تۆغلم بو یەشەک نەدید) کوڕم ئەو کەرە چ دەرێ؟ واتە تۆ کوردی و کەرەکەش کوردە ئێوە لە زبانی یەکتر دەزانن، تەرجومانەکەش بەکابرا دەرێت: قایمەقامە فەندی دەفەرمووێ: ئەم کەرە چ دەرێت تۆ تێ دەگەیت و ئێمەش تێ بگەینە لەم زەڕەزەڕەی، کوردەکەش تەمەنایەک دەکا و دەرێ: ئەفەندی ئەمن تورکی نازانم و ئەو کەرەش بە تورکی دەزەڕی، وا دەزانم بەخێر هاتنی جەنابت دەکات، لەبەرئەوەی دەعباکەی ڕەق کردووە و لەبن زگی دەدا سەرەکەشی لەلای جەنابتە، جا تەرجومانەکە بۆی تەرجومە کرد.

بەگە فەندی تووڕە بوو، زەبتیەی لێ گاردا، کە زەبتیە لە جیاتی جاندار و پۆلیس بوو، گەلێکیان لە کابرای هەژار دا، قایمەقام مڕ داما تا خەوت قسەی نەکرد، بەیانی هەر بە تووڕەیی ڕۆیی.

بۆ زانین: هەندێک دەرێن مدیر ناحیەکی عەرەب بووە، وا دەزانم مانیع نییە با چەند جۆرە کەس بن، چونکە قسە هەر قسەیە و تەکرار دەکرێتەوە.

مامۆستا چوویە سەقزێ؟

مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی مەشوور بوو، خاوەنی کتێبی (وضع و استعارە) لە چەرخی ١٨٢٦ز لە ژیانا بووە، لە چەرخی میر محەمەد ڕواندزی – پاشای گەورە، مەلا ئەبوبەکر زۆر مەلای چاک بووە، سەر بە میر محەمەد بووە، لە گوندی سارتکە– مەلا بووە، سارتکە گوندێکە لە دۆڵی هەرۆتی، لە نێزیک گوندی بناوی،

ساڵێ جارێک دەچێتە لای پاشا لە ڕەواندز، پاشا دەستە لیباسی بۆ خۆی و بۆ ماڵ و منداڵی دەکرد، خەرجییەکیشی دەدایێ، جا ئەم مەلا چاکە فەقێیەکی لە خزمەت خۆی دەبرد، سواری هێسترێک دەبوو، بە نۆبەت نۆبەتەک مامۆستا سوار دەبوو فەقێ بە پێیان، نۆبەتێک فەقێیەکە سوار دەبوو مامۆستا بە پێیان. نۆبەتێکیش هێسترەکە بە تاڵی و ئەوانیش هەر دووک بە پێیان، جا مامۆستا بە پێش دەکەوت و قاعیدەش وابوو قەت ئاوڕی نەدەدایەوە. جا لە نۆبەتی هێسترەکەش فەقێیەکە سوار دەبوو، مامۆستا قسەی لەگەڵ فەقێیەکە دەکرد، دەیفەرموو: حەمەد دەنگت لە برندی دێت هەتیم لەکنم سواری هێسترەکە بووی، ئەویش دەیگۆت، مامۆستا استغفرالله لە نۆبەتی ئەو بەستەزمانە چۆن سوار دەبم، مامۆستاش ئاوڕی نەدەدایەوە. جارێکی تر دەچێتە لای پاشا لەناو دەس قەتارەیەک، یەک هەنجیر دەبات بە دیاری بۆ پاشا، لەوێ دەس قەتارەکە دێنێتە کن پاشا و پاشاش هەری دەپچڕێ دەبینێ یەک هەنجیری تێدایە، پاشا دەڵێت: مامۆستا ئەمە چۆن دەخورێ؟ مەبەسی ئەمە دەبێ کەوا یەک هەنجیرە و بەشی کێ دەکات، مامۆستاش لێی وەردەگری و لە دەمی دەنێ و دەفەرمووێ: پاشا ئەوهای بخۆ، جا دەبێتە پێکەنین.

جارێکی تر یەک سەعات ڕێ دەگەڕێتەوە لای پاشا، پاشا دەڵێ: مامۆستا خێر بوو گەڕایەوە؟ دەڵێت پاشا لیباست بۆ هەمووان کردووە، دۆخینی مەلاژنێت لە یاد کردووە، جا دەبێتە پێکەنین و دۆخینەکەی دەدەنێ.

جارێکی تر دەچێتە لای پاشا و دەفەرمووێ: پاشا کتێبخانەیەک هەیە لە شاری سەقز دەفرۆشن بە ١٠٠ قڕانە. پارەکەم بدێ و دەچمە سەقزێ کتێبخانەکە دەکڕم و خێری پاشای تیابێ. پاشاش ١٠٠ قڕانەکەی دەداتێ و ئەس قەزاش مەلاژن دەمرێ. مامۆستا ١٠٠ قڕانەکە بە ژنێک دەدا، ساڵی داهاتوو دەچێتەوە لای پاشا، پاشا دەڵێت: مەلا چوویە سەقزێ؟ واتە چووی کتێبخانەکە بکڕی بە ١٠٠ قڕانەکەی دامە جەنابت. مامۆستاش دەفەرمووێ: نا وەڵڵا پاشا بە ١٠٠ قڕانەکە چوومە سەر (ق...)، واتە ژنم پێ هێنا. جا دەبێتە پێکەنین و پاشا خەڵاتەکی باشتری دەکات لە ساڵان.

بەرگی دووەم







پیاوی جاحێڵ دۆستی هەبێ مەغرووره

لە دەوروبەری ١٩٥٥ حاجی مەلا ساڵحی گەرۆتەیی لە گوندی (س)ی خۆشناوەتی مەلا و مودەریس بوو، مەدرەسەی هەبوو، هەندێ فەقێی لاتۆر و گەلۆری لە مەدرەسە بوو، ئەوسا سەعید بەگی پشت گەلی لە دێ ئاغا بوو، گوندی کێشکە سەر بەقەزای کۆیێیە، پیاوی چاکی تێدابوو، موستەعیدێک هەبوو دەمێک بوو لەلای حاجی مەلا ساڵح ئیش و کاری ماڵێی بۆ جێبەجێ دەکرد. بەم جۆرە فەقێیەیان دەگۆت یەختەی مەلا، واتە وەکو مەڕی خەساو بەبێدەنگی ئیشوکاری ماری مەلا دەکات، بەم هۆیەوە مەلا ئەم جۆرە فەقێیەی لە فەقێیەکانی تر خۆشتر دەویست. جا ئەم جۆرە فەقێیە لەناو فەقێیەکان سەربەستترە، گوندی کێشکە– حوجرە و هەیوانیان لە پشت مزگەوت بۆ فەقێیەکان ئامادە کرد. مزگەوتی گەورەی هەبوو، لە ژووری مزگەوتەکە ئاگردانێکی گەورە هەبوو، ئەوسا سۆبە و شت نەبوو، دار لە ناو ئاگردانەکە لەسەریەک دادەنرا و تەڕ و وشک بۆ سووتاندن لە کاتی سەرما و سۆر، لە ڕاست ئەم ئاگردانە کونەکی زل و گەورە هەبوو، لە بانی مزگەوتەکە بۆ چوونە دەرەوەی دووکەڵ، ئەم کونە گەورەیە لە ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتی دیوارۆکەیەک کرابوو، سەری ئەم دیوارۆکەیە گەییبوو بە یەکتر، بەم هەیئەتەیان دەگۆت: هەرەبان. بەڵام زەلام بەبێ گرێ بەم کونەیە دەچوو. فەقێیەکەی بڵێن یەختەی مەلا دەستی بە مۆزە مۆز کرد لە ژن و ژاری گوندەکە. ژنەکانی گوندیش تەڕوبڕ و جوانکیلەنە، لەبەرئەوەی وڵاتەکەیان گەرما نییە و فێنکە. مل بە بەربەنە و مۆری و مەرجان و زیون دەس بە بازن، یەقە بە سنجاق و دوگمە و قۆتاسن، سەر بەتاسن، ڕوو بە پرپرە و گێل گێلەنە، چارۆک بە گورینگن، دەس بە بازن و قامک بە ئەنگوستیلە. بەتایبەتی بۆ لاوی بیانی. موستەعیدەکەی یەختەی مەلا فوشاندی و وتی: من لەم حوجرە نابم، دەچمە مزگەوت، مامۆستاش شانی بۆ قۆر کرد لە شەرمەزاری ئیشکردن، جا لەگەڵ سوختەیەکی خۆی ناوی فەتاح بوو. چووە مزگەوت، مەبەستیش ئەمە بوو، لەوێ مەجالی دەبێ بۆ مۆزە مۆزی داوی ژنان، بەردەرکی مزگەوتیش ڕێبازی ژنان بوو، یەختەکەی مەلاش دەنگەکی خۆشی هەبوو، کیتابی سیوتی دەخوێند، کە هەمووی بە شیعرە، قال محمد هو ابن مالك – احمد ربي الله خیر مالک. جا ئەی لەراندەوە، ژنەکان زۆربەیان ئاویان فڕێ دەدا، مامۆستای یەختە ڕێکەوت لەگەڵ کچێک کە ناوی: عەیشێ بوو، فەتاحۆکی سوختەش پێناو

بوو، ئەگەر زۆر کەس دەیگۆت، عەیشێ بێ خەبەر بوو لەم ئیشە، فەقێیەکانی تر لەو ئیشە گەیشتن، فەقێ فەتاحیان خەڵەتان کەوا هەموو کردەوەکانی بۆ ڕوون کردنەوە. شەوێ فەقێ فەتاح وتی: ئیمشۆ بڕیارە مامۆستای یەختە بچێتە ژوانی عەیشێ، لە گۆڕی دارە خڕیلە، کە شوێنێکە فەقێیەکانیش هەندێ کەسیان لە گوند ئاگەدار کرد. زەلامێک ناوی حوسێن خدر، بەرگی ژنانی لەبەر کرد و چووە شوێنەکە. خدر ناوێکیش دەستی دا تفەنگ و لە دوور خۆی حەشار دا. موستەعیدی یەختەی مەلا خۆی گورج کرد، چووە ژوانی عەیشێ، لە دوورڕا چاوی بە ژنەکەوتو خۆی پێدادا، تفەنگچییەکەش دایە بەر تفەنگان، ئەس قەزا کەمێک لاقی بریندار بوو، لێرەش دەرگەی مزگەوتیان لێ کلیل دا. ڕووی لە هەر لایەک فەقێ دەهاتەوە بۆ گوندی دەبووە چەقە لوولانێ سەگ و تەقەی تفەنگ. پێش بەیانی هاتووە بە ناو توترک و دڕک و دار، هەموو قاچ و قولی زامدار بوو، دەرپێ و شەرواڵی پچڕا، دەرگە داخراوە، لە کونی هەورەبانی مزگەوت خۆی شۆڕ کردەوە کەوتە قۆرتە ئاگردان. لەوێش قاچوقولی نەختێ سووتا، هی پڵە ئاگری هێواریێ کە مابوو بۆ بەیانی. سوبیانێ ئیشەکە ئاشکرا بوو، مەلا ساڵح هاتە ناو فەقێیان هەمووی خڕکردنەوە. یەختەکە خۆی وتی: مامۆستا من بووم، بەڵام بە قورئانی بە خۆم لێم خوێندووە دەستنوێژم لێ نەشکا، مامۆستا وتی: تۆ بۆ دەستنوێژ شکاندن چووبووی، بەڵام کە بۆت ڕێک نەکەوت ئەمە شتێکی ترە، جا مامۆستا هەموو فەقێیەکانی دەرکرد، یەختەکەی خۆشی دەرکرد، بەم ئیشە کە ڕووی دا مەلا ساڵح شکا و گوندەکەش سووکایەتییەکیان هاتە سەر و پەشیمان بوونەوە لە خزمەتکردنی فەقێ و مەلا، فەقێیەکانیش ئەم ناوە دوولکەیان کەوتە دوا، تا لە ئەنجامدا مەلا ساڵحیش هەر ڕۆیی لەوێ. بەداخەوە بۆ ئەم جۆرە کردەوانە.

پیاوی کەر خەڵەتاندنی ئاسانە

دوو کەس لە شاری کەرکووک بە یەکەوە خانووەکیان گرتبوو لە ساڵی ١٩٥٩، هەرکەس ژن و ماری خۆی لەگەڵ بوو، یەکێک لەم دووانە زۆر ڕا لەخۆ بوو، بیلامانێ تا بڕێی درۆزن و نالەبار بوو، ژنەکەشی لە خۆی رووحزلتر بوو، نێوانی ئەم ژن و پیاوە مووی پێوە نەدەچوو، کابرا دەیگۆتە ژنەکەی بەسەری تۆ فلان، وایە ژنەش دەیگۆت: پیاوەکە بەسەری تۆ وایە.

جا لەبەر رێکی و روحزلی و کەرایەتی وردە وردە تیتاریان بە برادەرەکەی تر و مار و مندارەکەی دەکرد، زۆر لە موزایەقە دابوون، ئەگەرچی چ نەبایە بە حریت و هۆڕی پێکەنینی زل تەنگەتاویان دەکردن. ئەوانیش شەرمیان بەخۆ بوو وەکو وان بکەن، ناچار خەریکی دۆزینەوەی فێڵێک بوون، دەشقەم نەجاتیان بێت، ئەمیش فێڵەکەیە:

تەشتەکی گەورەیان هەبوو، دوو رۆژ لەسەر یەک، یان رۆژێک نا رۆژێک لەگەڵ خۆرهەرات تەشتەکە لە ژووریّ پڕ ئاو دەکرا و گوڕ لە حەوشەکە روو دەکرا، بەڵام لەو کاتەی ژنی کابرای تر ئاگەدار بایە، جا ئەمە پیشەیان بوو، ئێوارەیەک بەماڵ و مندارەوە چوونە ماڵی پیاوە درۆزنەکە و دانیشتن، قسە بە قسە هات، کابراکەی تر وتی: ئێمە لە حەمامی حەوشە خۆمان ناشۆین، بەس لەناو تەشت نەبیّ لە ماڵەوە، سوبینانیش ئاوەکە زوو دەرێژین، لەبەرئەوەی ئەدەب دەکەین لە هەمان حەمام خۆمان بشۆین، کە دوو ماڵین.

ئەوانیش لە حەفتەی یا جارێک، یان هیچ ئەمە رۆژ نەبوو دوو نەبوو، ژنەکە فیکری کردەوە، پیاوی من بیّ وەجە، جا لێی هاتە هەنجەت لە جیاتی سوێند بەسەر خواردن بووە شەڕە جنێو، ژنە دەیگۆت: زگ گەورە، گوو گەورە، بیّ کەڵکی، هەر لە ماریّ خۆت بە عەردی دادایە، پیاو هەر فلانە، یانی جیرانەکەی تر، ئازایە بە غیرەتە، جا هەموو رۆژ پێکەنینی بووە شەڕە چەقە، سوێند بەسەر خواردن بووە گوو گەورە، لە ١٥ شەو جارێک ئەویش بە نقەنق، عەمرت نەمینیّ، بیّ عەمەلی، بیّ کارەی، هەر فلان پیاوە، بە کورتی ژنە نێزیک بوو حەز لە کابرای تر بکا، لە خۆشییان بەڵام ئەو لەسەر نەبوو ئەگەر نا ئامادە بوو، جا هەر شیوی دەکرد بۆ وی دەنارد، ئا ئەمەیە ئەنجامی ژنان و ئەنجامی کەرایەتی پیاو، خۆ هی ئەوی تریش درۆ بوو، بەڵام لەلای ئەوان بووە راست.

گورپه عابد شود

لە کتێبی فارسی دەریّ: پشیلە مشکی چنگ نەدەکەوت و لێی دەترسان، پشیلە زۆری برسی بوو، ئەم فێڵەی دۆزییەوە بۆ راوی مشکان:

١- سەروپشتی بە دەرمان سپی کرد.

٢- پارچە پەڕۆکەکی ڕاخست گوایا دووگردە و (بەرماڵ) نوێژ دەکات.

٣- تەزبیحێکی ١٠٠ قلی لە دەست گرت و گوایا تەسبیحات دەکات.

مشکان سەریان لە کونان دەرهێنا پشیلەیان دیت کە جۆرێ ترە، جا بە یەکتریان دەگۆت و سەریان لە کونان دەردەهێنا و تەماشای پشیلەیان دەکرد و چاوی لەسەریەکە و ریش سپییە و تەزبیحی لە دەستەو دووگردی ڕاخستییە، بەرەو قیبلە، نەخێر ترسیان لێ شکا و لە دەوری جلیتانێیان دەکرد.

ڕۆژێک مشکێک لێی نێزیک کەوت و لێی پرسی (ترا چیست) تۆ چی؟ وتی: من گوریم، عابد شووم، توبە کردم، موش نمی خرم.

من پشیلەمە، بوویمە عابد، تۆبەم کردووە، مشکان ناخۆم.

مشکەکە چووەوە ناو کون، خەبەری هەموو مشکەکانی دا و وتی: ارموشهارا بشنون: گربە عابد شود، توبە کردە، موش نمی خرد.

سروریش، اوراسفید، یودە درخوفو خدارا.

ئەی مشکینە گێو لێ بێ پشیلە بوویتە عابید، تۆبەی کردووە، مشکان ناخوات، سەروریشی سپی بووە لە ترسی خوا.

جا مشکان ترسیان شکا و بڕوایان کرد و دەوریان لە پشیلە دا و لەسەر پشت و دەست و پێ و کلکی جیلیتانیان دەکرد بەبێ ترس.

تا لە ناکاو پشیلە پڕی دانێ و بەهەر چوار پەل و بەدەمی پێنج مشکی بەجارێک گرت و قولفی کردن. ئەوانی تر هەڵاتن و چوونەوە کونی، پیرە دایک لێی پرسین:

شما چیست بدر کردند در حقی گربەدار: ها چیتان دیوە لەبارەی پشیلە وا هەراتن، وتیان: ار مادر مارا راست کە گربە عابد شود ولکن پێنج پنج میگرد.

سفیدن ریشهار ادرا درو غست.

ئەی دایکی ئێمە ڕاستە پشیلە بوویتە عابد، بەڵام پێنج پێنج بەیەکەوە دەگرێ، سپیی سەر و ریشی درۆیە.

پیرە دایک وتی: ار فرزندر مارا من گفتم کە فعلی زا لما نرا.

هرچی بکنند درۆ غست ئەگر زاڵم بوو بە قنترا بروا مکن.

وارز باز مکی کە بقهر راورا.

ئەی بچووکەکانی من، من پێم وتن ئیشی زاڵمان هەرچی بکەن درۆیە، ئەگەر زاڵم بووە پرد بەسەر پشتیدا مەڕۆ دەرباز نابی.

***

بۆ زانین:

لەم چەرخانەدا زۆر کەسمان دیت بەهیچ شێوە شتی چەنگ نەکەوت، بەڵام لە پەنای دینەوە گەیشتە مەبەستی خۆی و بووە قاروون ئەگەرچی هێشتا رازی نییە، جا قۆر شکاندن لەبن ردێن و پەنای تەزبیح و.......... و............ لەم چەرخانە زۆر بووە. سەرنج بدە دەزانی کەوایە ئەم قسەم راستە.

سەرکە بەران

گەورەیەکی روحزل و کەم ژیر وتیە نۆکەرێکی خۆی:

بچۆ سەرکە بەرانێکم بۆ بکوڵێنە و بیهێنە تا بیخۆم، بەڵام تۆ لە پێش من چی لێ نەخۆی، ئەگەر نا سەرکی تۆ دەبڕم لە جیاتی ئەو دەیخۆم.

نۆکەریش وتی: بە چاوان.

سەرکە بەرانێکی کوڵاند زۆر جوان.... لە پاشان پیستەکەی سەری و زمانەکە و هەردوو گوێچکەکەی خوارد.. جا ئەوی تری خستە سەر سینی و بۆی هێنا... گەورەکەی کە سەرنجی دایێ چی وای نەماوە، کە بیخوا.. بانگی نۆکەرەکەی کرد وتی: سەگباب کوا چیت پێوە نەهێشتییە..

ئێستا وەڵامم بە راستی نەدەیەوە سەرت پەل دەدەم.

نۆکەرەکەش وتی:

فەرموو پرسیار بکە تاکو وەڵامت بدەمەوە...

گەورە: کوا چەرمی سەری؟

نۆکەر: گەورەم کەچەڵە و پیستی سەری نییە.

گەورە: کوا گوێچکەکانی؟

نۆکەر: گەورەم کەڕەیە و گوێی نییە و نەبوو.

گەورە: کوا زمانی؟

نۆکەر: گەورەم لار بووە و زمانی نەبووە.

ئینجا گەورەکە قەناعەتی هات و بێدەنگ بوو.

رەحمان وەرە دەرێ شێخی قون دڕی

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٤ز تاخمە فەقێیەک دەچنە ناو رەوەندایەتی بۆ جومعانە، ئەم رەوەندایەتییەش بۆ ماڵ زۆر قڕسن. روو دەکەنە رەشماڵێکی گەورە و لایەکی رەشماڵەکە دیوەخان دەبێ، یەک لە فەقێیەکان سەرۆکیان دەبێ، دەپرسێ ئەم مارە هی کێیە؟

دەڵێن: ماڵی رەحمانە، رەحمانیش لەکن مارێ لە دوور دیاربوو، تا فەقێیەکان گەیشتنە ئەوێ رەحمانی خاوەن ماڵ و دیوەخان بزر بوو، تومەز نەکو شتەک بداتە فەقێیەکان– خۆی لەبن نوێن و شت نابوو لە ژووری ماری، تاکو فەقێیەکان گیر نەبن و بڕۆن.

فەقێ گەیشتنە بن رەشمار و لای دیوەخان، سەلامیان کرد و کەسی تێدا نییە، ژنان لە دیوی مارێ سەلامیان وەرگرتەوە، دیوەخان چۆل و بێ رایەخ و شت، فەقێ لێی دانیشتن لەسەر عەردی، ژنان وتیان: باوکم فەقێ کەس لە مارێ نییە، واتە لە پیاوان.

فەقێیەکەی سەرۆک وتی: ئێمە فەقێ نین و بوختانمان پێدا مەکەن، ژنان وتیان ئەدی ئێوە چنە؟

وتیان ئێمە شێخین، خەرکیش قەدری شێخان باش دەگرن؟

ژنان وتیان: ئێوە لەبەرەی چ شێخێکن؟ فەقێیەکە وتی: لەبەرەی شێخ ئادەمین.

ژنان وتیان: بەخوا شێخن گەلێ زانیوە، بەلام ناوبانگی شێخ ئادەمن نەبیستووە.

فەقێ وتی: دەنا شێخ ئادەم گەورەی هەموو کەسێکە و ئەسڵی هەموو شێخ و مشایەخ دەچنەوە سەر ئەو، مەبەستی فەقێ باب ئادەم بوو، ئینجا دەسبەجێ رایەخ هات و مافوور راخرا، فەقێیەکە وتی: دایکی رەحمان، دایکی رەحمانیش هۆیێکی لەخۆ زانی کەوا ئەم فەقێیە دیارە شێخە ئەگەرنا چۆن دەزانی ئەمە ماری رەحمانە و دایکی رەحمان ماوە. وتی بەرێ یا شێخ فەرموو.

وتی: دایکی ڕەحمـان بە فکرت دێ کـە باوکی مـەرحـومی ڕەحمـان لە حـەیات و ژیان بوو.... پیاوێکی پیاو بوو، هەموو جار دەیگۆت: ڕەحمان من بمرم و چاوم بزر بێ تۆ خۆت لە مێوانان دەشارییەوە.

دایکەش فکری کـرد و زانی وایە، لەبەرئەوەی زۆربەی باوکـان وا دەرێنە کوڕانی خۆیان، دایکە زانی کـەوا ئەم شێخە شێخێکی زەریفە و کەرامـەتدارە.. فیکری کرد ئەگەر چاک بـەڕێ نەکرێ لەوانەیە تووشـی زەرەر ببن جا بە دەنگەکی بـەرز گاسی کرد و وتی: کوڕە ڕەحمان هەستە وەرە دەرێ شێخـی قون دڕی، واتە زانی کەوا تۆ لە مارێی و خۆت شاردیتەوە.

ڕەحمـان هەسـتا و هات دەسـتی فـەقـێی مـاچ کرد و عوزری هێناوە کەوا شـەو لەبەر حەیوان نەخەوتییـە، بۆیە ئێستا خەوی لێ کەوتبوو ئاگای لە جەنابتان نەبوو، جا فەقێیەکەی سەرۆک بووە شێخ و ئەوانی تریش مورید و دەروێش.

جـا سـەمـاوەر دانرا بوو بە تێکە فرکـە و خـواردن پارەیەکی باشـیـان کۆکردەوە دایان بە شـێخ زۆر بە مـەمنوونی، شـێخ بەبێ مـوبـالاتی پارەکەی وەرگـرت و وتی: ئێمـە دەرۆزەکەر نینە، بەڵام ئەگەر وەرنـەگرم دەترسێم لەلای خـوا گوناحبـار ببم کە ئێوە ئەم خێرەتان بە نسیب نەبووە.

ژن بە ژنێ جاحێر و یەختیار

لە چەرخی پێشـوو کابرایەکی دەوڵەمەند و یەخـتیار هەبوو، تەمەنی نێزیکی کردبوو لە (٨٠) سـاڵیـدا، کـچـێکی نایاب و جـوانی هەبـوو، جـاحـێلێکیش خـوشکێکی خنجـیلانەی هەبوو، جـاحێلەکـە حـەزی لە کچی دەوڵـمـەندەکە کـرد و داوای کرد، دەوڵەمەندەکەش وتی: من کچی خۆم بەژن دەدەم بۆ خۆم، خوشکی خۆتم بدێ کچی خۆمت دەدەمێ، خـوشکی جاحێلەکە و ئەم پیرە کالیـارە این کجا و انکجـا خوشکە غـەزری شـووی پـێ نەکرد، جـا براکـەی لـە دەورەی خـوشکە سـوورا و بۆی شـیـرین کرد و وتی: خـوشکم یەختیارە یەختیارە، خـاوەن مارە، مەترەقی هێشتـان بەکارە، بۆ خاتر برای خۆت بچۆرە پارە، ساڵێ تر ئەمرۆ لە گۆڕە، چاو لە جاحێلێک بنۆڕە.
خـوشکە وەڵامی داوە و وتـی: براکـەی خـۆسـەویشت، عومـری تێـپـەڕە لە چوار جـار بیست، مـاڵی ئەو بەمن چی کە مـن پیـام نەچی، زۆر پیـانەچین خـۆش و ناخـۆش بۆ

خاتری براکەی خۆی مارە کرد لە کابرا، جا کچی کابرا بۆ جاحێلەکە گوازراوە، کەوتە ژێر تەقر و شەقر و زرم و زۆپان، خوشکی جاحێلەکەش بۆ یەختیاری گوازراوە، بەڵام چی؟ بە خەونیش کالیاری کابرا نەبزفت، قەڵزۆکەی خاتوونیش دەمی دوورا و بێ مـراد دانیشت و چاوەڕوانی مردنی کابرای دەکرد تاکو سەرلەنوێ بووکانێ بووکانێیەکی تری بۆ بوترێ. ئەس قەزا بانگی ئەجەل بانگی کرد، کابرا مرد و نێژتیان، جا دەستەی ژنان لەگەڵ پیاوان ئەوسا دەچوونە سەر قەبران و سەر و سەردولکەیان بۆ مردووەکە دەگوت، ئەو سا عادەت وابوو، ژنەتیوەیش هەندێ پێخۆش بوو کەوا کابرا مرد و ئەو تۆقە لەعنەتییەی لە مل بووەوە، لە خۆشییان خۆی هەڵدا، بەڵام چ خۆی هەڵدا، تا قون گرتی ترێکی گەورەی کرد و خەڵکەکە زۆربەی تێگەیی و ئەوەی تریشی تێگەیاندرا. جا ژنە خۆی هێنا و برد و دەستی کرد بەم سەردوولکانە:

هەتا مابووی مراندمت کە مردیشی تڕاندمت

دەبڕۆ بچۆ گو بەگۆڕت لە چیم ببێ چاوەنۆڕت

موهەندیس و گوندی هەمزە کۆر

لە دەوروبەری ١٩٤٠ز شەمەندەفەر "قەتار" ڕێگەی بۆ خۆش دەکرا لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر، جا گوندی هەمزەکۆر کرا بە محەتەی قەتار. موهەندیسێکی ئەم خوارەش لەوی سەرپەرشتی ئیشەکەی دەکرد، عەمەلەکان و کرێکارەکانیش زۆربەیان خەرکی ئەم ناوە بوون، موهەندیس دەمێکی زۆرە لە ماڕێ دوورکەوتوویتەوە، جاحێرە، حەزی لە چشتەکەیە. لە زۆر وڵاتیش تاکو لە خوارووی عێراقیش، بابڵێین لە سەروش خەڵک بۆ ئەم ئیشەیە پەکی ناکەوێ بە مەرجێ: کار بەدەست بێ، یان پارەدار بێ، یان زەبر بەدەست بێت. موهەندیسەکە بە دزی گۆتیە یەکێک لە کرێکارەکان بە دزی لەم ناوچەیە خەرک حەزی لەم ئیشە بێ تەکبیری چییە؟ قەت بزانە ژنێکم لەم گوندە بۆ پەیدا بکە دڵم رازی بکا، منیش بۆ تۆ و بۆ ژنە پارە بێ حسێب بێت، چونکە من لە زۆر شوێن وام بۆ کراوە. کابراش مەفتوق بوو. وە ئەم ئیشەش لەم ناوچانەدا لەم چەرخانە کفرە، وەڵامی دایەوە وتی: ئەفەندی لەم وڵاتە پێویست بە هەندێ ناکات، لەبەرئەوەی عادەتە: پیاوی برسی

مەجبور نابێت و کەرێک دەگرێ و ئیحتیاجی خۆی پێ دەفع دەکات، خەیاڵی عەیبە و شتیش قەت مەکە، باسی پارەش مەکە، جا ئەفەندی کەوتە دوای جاشکێک و ها لێرە ها لەوێ تاکو گرتی بە یارمەتی هەندێ منداڵ و کرێکارەکان زیارەتی کرد..!؟

عەولا بۆن دزی ماستاوە

مام عەولا هەبوو، خەڵکی گوندی ماستاوە لە دەشتی هەولێر، لە تەمەنی (٧٠)ساڵیدا بوو پیاوێکی لێوەشاوە و جوان بوو، مەشور بوو بە عەولا بۆن دز.

وتی سوبیانەک دەچوومە کەندێناوە سواری ولاغ بووبووم، خەریکی قەنە تێکردن بووم، ئەو داری ولاغەکەم پێ لێ دەخوڕی لەبن لاقم نا تاکو نەکەوی، خەریک بووم قەنە تێ بکەم، لە کەرخی گوندی: بەرزەوار تاخمەی ژنوژار و کچوکار خەریکی دار و پووشکە و پنچک بوون دەیانکرد، کەوتبوونە ئەمبەر و ئەوبەری رێگایەکە، منیش بە ناوەندیاندا تێپەڕیم سەریان بڵند کردو چاویان بەمن کەوت کەوا: خەریکم قەنە تێ دەکەم و دارەکەشم لەبن لاقم ناوە تاکو نەکەوێ، دەستیان کرد بە هۆیە هۆی ئەم وتی: هۆ، ئەو وتی: هۆ، منیش راوەستام و وتم: ئەم هۆیە هۆیەو لە چییە؟

وتیان: خارە قەتمان نەدیوە و نەبیستووە زەلام داری لەبن لاقی بێ، منیش وتم: دایکم خوشکم کچم ئێوە دوازدە مانگ دارتان لەبن لاقییە ئێمە قەت جارێک نەمان وت: هۆ، من لە عومری خۆم ئەوە جارێک دارم لەبن لاقییە و ئێوە کردتانە هۆیە هۆی، کە وام وت ژنەکان تێکدی رامان و وتیان: ئەیرۆ بابانم قەت نەمانزانی ئەو یەختیارە ئەوەندە زۆرزانە.

حەزرەتی سولێمان و پۆپیتە

لە کتێبی ئیعانە و کتێبی بەدایع الزهور دەڵێ:

پۆپیتە سلێمانە: جارێک وتیە حەزرەتی سولێمان: بەیانی بۆ نیوەڕۆ بەخۆت و بە لەشکرت لەسەر فلان بەحر دەعوەتی من بن، ئەویش وتی: باشە بەیانی حەزرەتی سولێمان بەخۆی و بەلەشکر و سوپاوە، بەرەو دەو بەحرەکە چوون.

چاوەنواڕی دەعوەتەکەی پۆپیتە سرێمانە بوو، لە کاتی جەم پۆپیتە سرێمانە هات و کلۆیەکی بەدەمەوە بوو کلۆیەکەی فڕێ دا ناو بەحر و وتی: فەرموون،

حەزرەتی سولێمان فەرمووی: کوا دەعوەتەکە؟

ئەویش وتی: یا سولێمان ئەدی ئەمن کلۆم نەهاوێشتە ناو بەحر، جا بووە مەرەگە و گۆشت و گۆشتاو، ئەمەی گۆشتی وەبەر کەوت باشە ئەمەی گۆشتی وەبەر نەکەوت با مەرەگە بخوات، واتە: کلۆیەکە گۆشتە و ئاوی بەحرەکەش بووە مەرەگە، جا حەزرەتی سولێمان دەستی کرد بە پێکەنین و نانی خۆیان ئامادە کرد و خواردیان.

فەقیر و لا اله الا الله

لە کتێبی المستطرف، ج٢ دەڵێت:

جارێ کابرایەکی هەژار چووە لای دەوڵەمەندێک، داوای شتێکی لێ کرد، کابرای دەوڵەمەندیش کەوایەکی دایێ، بەڵام کەوایەکە لەبەر کەونی و رزیاتی وەجی چی نەبوو بەکار نەدەهات، کابرای هەژاریش لە پشت کەواکەی نووسی: لا اله الا الله.

کابرای دەوڵەمەند وتی: بۆ چ تەواوت نەکرد، کابرای هەژار وتی: تەواوی چۆن؟- تەواوی ئەوها: لا اله الا الله محمد رسول الله.

واتە: (محمد رسول الله) یەکەت نەنووسی لەگەڵ (لا اله الا الله) یەکە، کابرای هەژاریش وتی: قوربان کەوایەکە هەند کۆنە و پێشی محمد رسول الله هاتوویتە جیهان، واتە وجودی کەوایەکە بەر لە (محمد رسول الله) یە جا دەوڵەمەندەکە سەری شۆڕ کرد و مەجریسەکەش زۆر پێکەنین و هەژارەکەش کەوایەکەی نەبرد چونکە لەبەر کەونی بەعەمەل هیچ نەدەهات.

مزگەوتی بریفکان رایەخی نییە

لە سەرەتای چەرخی (٢٠)ز مەشوور بوو کەوا مزگەوتی شێخ نوورەدین بریفکانی رایەخی کەمە، ئەم بنەماڵە شێخەش لە دەشتی هەولێر مرید و مەحسوبیان زۆرە، جا یەک لە خەلیفەکانی بنەماڵەی شێخ نوورەدین ئەم دیعایەی بەگەرمی بڵاو کردەوە، دەروێشێکی وەگەرەخۆی خست و لە گوندان گەڕا، بڕیاریان دا کەوا خوری پەیدا بکەن و بیڕێسن و بیکەنە بەڕە بۆ مزگەوتی شێخ نوورەدین.

دەروێشەکە کەوا حاجیش بوو بەئەمری خەلیفەکە لە گوندان گەڕا لەلای

مەحسوب و مرید و دەروێشان هەر ماڵ و خوری یا دوو خوری یا پتر، لە پاشان دیسان بۆ هەقی رستن گریان خواردەوە هەر دەروێش و نەختێ پارە، وە لەلایەکی تریشەوە خوریەکە درا ژنان بۆ رستن بەخێر و بەبێ هەق و مزە، رسترا کرا بە مافوور و بەڕە و لاکێش، لە ناکاو بووە هەرا کەوا ئەم هەموو ماندووبوونە بەلاش چوو، پارە و خوری و مافوور و شتەکە خورا حاجی دەروێش دەیگۆت: من هەمووم تەسلیمی خەلیفە کرد، خەلیفەش دەیگۆت: حاجی دەروێش خواردی، نەیسە لە کەلەنی پەنجە بەربووەوە و خورا تومەز دەروێش و خەلیفە لەبنرا یەک بوون بۆیە نێوانیان ناخۆش نەبوو، جا خەڵک هەر چاوەنوارِ بوو کەوا شێخ نوورەدین کۆرەیان بکا کەچی هەر ساغیشن؟ بەداخەوە بۆ ئەم جۆرە خیانەتانە و هەموو خیانەتێک.

مانگگیران

جاران لەناو کوردەواری کە مانگ دەگیرا خەڵک لەلایێ دەستیان دەکرد بە: سڵاوەت لێدان، لەلایێ بەتفەنگ هاوێشتن، لەلایێ بە تەنەکە لێدان، دەیانگۆت: بەم حاڵە گرتنەکەی چاک دەبێ، جا ساڵێک مانگ گیرا خەڵکی گوندی: سۆربەشی پووکە سەری، کە گوندێکە لە دەشتی هەولێر دەستیان کرد بەم شتانە، دەبایە بۆ ئەم ئیشە کەس لە ماڵێ نەمینێ، نەژن، نە منداڵ، نە گەورە، نە گچکە.

کابرایەکی بەساڵاچوو لە ماڵێ نەهاتە دەرێ و خۆی لەم ئیشە نەگەیاند، چوونە دوای و بانگیان کرد وتی: نایەم، وتیان بۆچ؟ وتی: مانگ دەگیرێ ناگیرێ ملی بشکێ موستەحەقی بێت خەتای خۆیتی، یەکێک بەشەوێک ئەمسەر و ئەوسەری دنیا بکا وا عەجوول بێ ئاخر یەکێک هەر دەبێ رێگەی لێ بگرێ و وای لێ بکا، با لۆخۆی دابکەسێ و ئەوەندە گەڕۆک نەبێ، کەس رێی لێ ناگرێ.

مام چوکل

بەر لە شەڕی یەکەمی جیهاندا، مەلا ئازاد هەبوو لە هەولێر لە مزگەوتی؟، ئەم مەلایە لە ساڵی ١٨٩٠ز لە ژیاندا بووە، پێیان دەگوت: مەلا ئازادی.........؟ زۆربەی شەرع و کاری وڵات دەچووە لای ئەو، مەلایەکیش هەبوو لە قوشتەپە مەلای

ئاغاواتەکان بوو کە ئەوسا زۆربەیان لەوێ بوون، پێیان دەگۆت مەلا نەوزاد، جا ناوچەی قوشتەپە دێهاتەکان مەلا و شتیان نەبوو بۆ سەر چاکردنەوەی رەمەزان، ئەم مەلا نەوزادە سەری چاک دەکردنەوە بەڵام چۆن؟

دەچووە سەر گردی قوشتەپە بەدەست ئیشارەی دەکرد و فیتەکی درێژی دەکێشا جا مەشوور بوو کەوا: مەلا نەوزاد سەری ئەم دێهاتانە بە فیتە چاک دەکردەوە و خەڵکەکەش سەرفترەیان دەدایێ واتە ئەمەی نەدەکرد: دامە تۆ، دامەوە تۆ، هەر وەکو لە سەرچاکردنەوەی رەمەزانان مەلاکان بە گەنم وا دەکەن.

حاجی رەحمانی حەوێزیش هەبوو لە گوندی: کلیسە، ناوچەی هەولێر، مەلایۆکەکی خراپوچکەی هەبوو هەروەتە خوێندەوار بوو، جا کابرایەکیش هەبوو ناوی چوکل بوو، سێ کوڕی هەبوو لە تیرەی پووکە سەری بوو، پێیان وت: مام چوکل تۆ سێ کوڕت هەیە یەکێیان بۆ خوا لەبەر خوێندن دابنێ، چوکل وتی: نایکەم، وتیان بۆ چ؟ وتی: ئەوا خوێندی خۆ نابێتە مەلای کۆیە شەرع و شەرعکاری وڵات لەسەر دەستی ئەو ببڕێتەوە، نابێتە مەلا نەوزادیش کە سەری خەڵک بە فیتە چاک بکاتەوە؟

من ناوچەیەکم لە دەست بوو نەمکرد

تۆ شەرق و غەربت لە بەردەست بوو بۆ چ نەتکرد

سەیدی زەمبیل هەبووە پیاوێکی زەریف و مەشوور بووە، رۆژێ لە مەجریسێکی خۆی وتی: ڕۆژی قیامەت خوا هەر پرسیارێکم لێ بکا وەڵامێکم بۆ ئامادە کردووە، تەنیا وەڵامی یەک پرسیارم پێ نادرێتەوە، زۆر لەبەری عاجزم و شەرمەزارم، وتیان: قوربان چییە؟

فەرمووی: ئەگەر خوا لێم بپرسی و بڵێ: سەیدی زەمبیل ماڵ و شەرەف و حورمەتێکی زۆرم پێ دای بەڵام تۆ قسوورێکی گەورەت کرد، قسوورەکەش ئەمەیە: لە ناوچە و مەملەکەتی خۆت زۆرت تەرغیبی خەڵک نەدا بۆ ئەمە کەوا خوێندنی دینی بخوێنن، بۆ چ وات نەکرد خۆ پێت دەکرا لە ناوچەکەی خۆت.

من لە وەڵامی ئەم پرسیارە مەعتەلم و سزام دەدا و موستەحەقیشم بۆ ئەم سزایە، کابرایەک لێی ڕاست بووەوە و وتی: قوربان وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەموو

شت ئاسانتره، فەرمووی دادەی چۆن؟

وتی: تۆش پێی بڵێ: من ناوچەیەکم لەدەست بوو نەمکرد کەچی جەنابت شەرق و غەربت لە بەردەستدا بوو لەژێر ئیرادەتدا بوو کەچی نەشت کرد، سەید داما و وەڵامەکەی زۆر لەلا پەسند بوو، فەرمووی راستە.

تاپۆی مام سەید

لە دەوروبەری (١٩٦٦)ز پیاوێکی را لەخۆ پێیان دەگوت: مام سەید، (جا نازانم سەید بوو یان نا؟ لەبەرئەوەی سەیدی رەسەن کاری خەراپ ناکەن) لە تەمەنی (٧٠) ساڵی دەبوو، عەرد و بانی پیاوێکی گەورەی دەکێڵا بە دە یەک.

ساڵێک دەغڵ و دان زۆر باش بوو مام سەید فکری کرد کەوا مام شێخ ئیخفال بکا و کەم شتەکی بداتێ لە جیاتی تاپۆ، لەبەرئەوەی لای وابوو مام شێخ هەژار و نەزان و یەختیارە لە چ نازانی، جا عەردەکەی مام شێخی چاندبوو نێزیکەی دە دوازدە عەڵبە دەغری پێوە کردبوو، لە سینگی زەلام بوو، بەڵام مام سەید بەر لەوە کەوا دەغرەکە بدووریتەوە هەرستا: دوو عەربە و دوو قەسناغی پێوا و بۆ مام شێخی برد واتە: تاپۆیە.

چووە خزمەت شێخ و دەستی ماچ کرد و وتی: قوربان تاپۆیەکەم هێناوە بەس دوو عەربە بوو، بەڵام من بۆ نان و مەسرەفی موریدان دوو قەسناغیشم پتر هێنا، شێخ فەرمووی ماڵت ئاوا بێ، بەڵام مام سەید نەزان بوو ئەم دەغرەی بردبووی لە جیاتی تاپۆ دەغری پارەکە بوو، ئەسپێی لێ دابوو، کرم خواردبووی، جا پاش چەند رۆژێک وا تەسادفی کرد لە مەجریسی شێخ چەند پیاو دانیشتبوون، پیاوی زەریف لە کاروباریان دەزانی، باسی دەغر کرا گۆیا دەغری ئەمساڵ باش و قەرەوە.

شێخ فەرمووی من تاپۆم بۆ هاتووە، دە هەڕوون چەنگەک بین، چەنگەکیان هێنا و مەجریسەکە دیتیان کەوا کرم و ئەسپێی لێ داوە، لاوازە.

گۆتیانە شێخ قوربان ئەمە دەغری پارە و هی ئەو ساڵ نییە، شێخ واقی وڕما لەبەرئەوەی کابرا دەرێن پیاوێکی زەریفە و سەیدە، چۆن ئەم حیلەیە دەکات لە شێخ.

شێخ فەرمووی سواری سەیارە بن بچن تەماشای عەردەکە بکەن ئەمەی لە دەست مام سەید دایە و چاندیتی و ئەوە تاپۆی ئەوە.

کە چوون و دیتیان دەغر هار و شێت بووە، لە سینگی زەلامە نە دوورایتەوە هاتن خەبەری شێخیان دا، شێخ ناردیە دوای مام سەید و باسی تاپۆیەکەی لەگەڵ کرد، سەید وتی: قوربان عەرزم کردی: تاپۆکە دوو عەربە بوو، من دوو قەسناغیشم زیاد هێنا بۆ مەسرەفی مێوان، شێخ وتی: دەغرەکەت دووریتەوە؟ وتی: بەرێ، وتی چەندی کرد وتی (٢٠) عەڵبە، تاپۆکەی دوو عەڵبە بوو، شێخ پێکەنی و وتی دەغرەکەت نەدووریتەوە تۆ سەهووی، بەبێ من مەیدوورەوە، مام سەید زەرد هەڵگەڕا و چاوی لەبەر نا، جا لە کاتی دەڕاسە پیاوی شێخی چووە سەرێ نێزیکەی (١٠) عەڵبەی پێ بڕا.

مام سەید لە شەرمەزاری دوو عەربەکەشی داوا نەکردەوە، جا شێخ بە حکوومەت ئەرزەکەی لێ ساندەوە، ئا ئەمەیە خیانەت.

حاجی بلەی شێخ ڕەزایی و پەری

کابرایەکی شێخ ڕەزایی هەبوو لە شاری هەولێر دادەنیشت، لە دەوروبەری (١٩٤٥)ز لە ژیانا بوو، کابرایەکی بە هەیکەل چوارشانە و بەسەروسیما، شان و عەبا تۆپێ سەوز لە پشتی و تۆپێ لە سەری، کابرا بارگینێکی شێی هەبوو سوار دەبوو لە دێهات و هۆبە و ڕەشماڵ دەگەڕا، کتێبی دەگرتەوە و نوشتەی دەکرد، ناوی: حاجی بلە بوو مەعلوم حەجیشی نەکردبوو. جارێک لە هەولێر لە حەساری شێخی چۆلی کە ماڵی لەناو بوو ژنێک جوان و جاحێر، قنجیلانە، مێردێکی هەبوو ژنە زۆر حەزی لە منداڵ بوو، لەبەرئەوە دەترسا مێردەکەی ژنی بەسەر بێنی لەبەر منداڵ نەبوونی.

دەخالەتی بە حاجی بلە کرد کەوا دوعایەکی بۆ بکا دەشقەم خوا منداڵەکی دەداتێ، حاجی بلەش دڵی چووە ژنە و چەند نوشتەی بۆ کرد، لە پاشان وتی: شەرتەکی تر مایە دەبێ بیکەی ژنە وتی: بەسەرچاو، وتی: ئەمشۆ بەنێک لە قاچی خۆت بخە و سەری لە دەرێ بێت، واتە لە دەرەوەی ژوورەکەی خەوتن، شەوێ پەرییەک دێت و بەنەکە رادەکێشێ و تۆش بەخەبەر دێی، تەشریفت وەرە حەوشە پەرییەکە دێتە لات و نەختێک گەمەت لەگەڵ دەکات بیلامانێ وەکو برێی سوارت دەبێ، بەلام واش نییە، پەرییەکەش هەر لە من دەچێ ئەمنیش نیمە.

نەیسە ژنە بڕوا دەکات و قەناعەت دەکات، هێواریێ زوو دەرپێی دادەکەنی و بەنێک لە پەنجەی دێخی و سەری لە دەرێ، تومەز کابرای مێردی هەستی بەم ئیشە کرد وتییە ژنە ئەم بەن و گەندە چییە؟ ئەدی بۆ چ دەرپێت فڕێ داوە؟ ژنەش وتی چ نییە. نەخێر کابرا لێی توند کرد تا ژنە بەسەروبەر ئیشەکەی بۆ گێڕاوە، کابرا وتی بڕواشت کرد؟ وتی: ئەرێ وەڵا.

کابرا وتی قەیدی نییە هەرستا بەنەکەی لە پەنجەی خۆی گرێ دا و مەترەقەکی لە کنە خۆی دانا، شەو راکشا بەنەکە راتەکاندراو کابراش دەستی دا مەترەق و چووە دەرێ دیتی، زەبەلاحێک خۆی تەنیا کردووە و مەترەقی رەق کردووە و راوەستاوە، کابراش بەبێ سێ و دوو کابرای دا بەر مەترەقان و لێ بدە، هاوار کورە تۆ کێی؟ وتی من حاجی بلەم، نەخێر تۆ پەری، حاجی بلە نی.

لێ بدە و بکوتە، تاکو یەخستی، هەر مەترەقەکی لێ دەدا و دەیگۆت، "بسم الله"، واتە پەرییە، حاجی بلە لەوێ کەوت و دەستی کرد بەناڵە ناڵ، توند بەستییەوە تاکو سوبیانێ منداڵە هوورتکە و ژنی لێ خڕ بوونەوە، دایانە بەر تف و لنگە پێلاو.

کابرا روحمی پێ کرد و خەبەری حکوومەتی لێ نەدا، جا رووی کردە ژنەکەی و وتی: وەڵلا...... لێ بەئاگا نەهاتبامایە ئەم سەگە، پەری چی، شتی چی؟ جارێ تر شتی وا نەکەی ئەمە فڕوفێڵ و درۆودەلەسەیە... هتد.

ژنە رەوەند

ژنێکی ئەم رەوەندایەتییە کە ناوی (بەسێ) دەبێ گۆتیە ژنە رەوەندێکی تر کە ناوی (حەیش) بوو: ئەیرۆ حەیش بابان کۆر دەرێن خۆت بە گاندایە و مێردت کردووە.

حەیش وتی: ئەرێ وەڵلا.

بەسێ گۆتی: بابان کۆر ئەمن گەرمیان و کوێستانی خۆشم کرد و بکە و مەکەی مێردیشم نەهێنا سەر خۆم و گاڕانێکیشم کوڕ و کچ پەیدا کرد، ئەمەش پەخوایە و بە حەپدان نییە.

حەیش وتی: بەسێ بە مام سۆفی پەڕ بەسەر، پەشێخی بەردانکێ پەشێخی نەبی ماویلی، ئەزیش مێردم کردووە هەر لە بۆ هەنجەتانە و تاکو تێی بزرکەم.

ئەگەر نا مێرد و دەلینگانم لەکن وەک یەکن.

تەماع خەڵکی کۆرە دەکات

لە دەوروبەری ۱۹۳۰ز گوندێکی ۱۰۰ ماڵی بەجۆگە و رووبار، گوندی چەلەبییەکی هەولێری بووە، ئەو گوندە شینایی و شتی لێ کراوە، برنجی لێ دەچێنرا، عادەتی برنج چاندنیش ئەو هایە: قورە برنج دەکەن ئەو خاکەی دەکەنە برنج، ئاوی بەردەدەنێ تاکو ئەخێورێتەوە.

جا وڵاغی بە جەرەب (جەلەب) و تاخمە بەناودا دێنن و دەبەن، چەند رۆژ تاکو عەردەکەی گرێی لێ دەبرێ، ئەوجا دەکرێ بەگۆل گۆل و کەردوو، برنجی پێوە دەکرێ. ئەو وڵاغەی قورە برنجی پێ دەکەن دەبێ ڕەشەوڵاغ بێت.

واتە: چێڵ و مانگا و گا و سەنگۆ و مێنگین و شت. ئەو وڵاغانە لە گوندەکەی خۆی و گوندی دەوراوپشت دێنن بە پارە بە ڕۆژانە بۆ هەر وڵاغێک.

خاوەنەکەشی دێت ئەویش ئەگەر ئیش بکا و وەجبەیەک بهاژوا ئەویش هەقی هەیە، ئەگەرنا لە دیاری ڕادەوەستێ تاکو هێواری دەیانباتەوە، جا چەند رۆژی خایاند حەقی دیارە. چەلەبی ئەگەرچی سەرکار و جۆوان و باش جۆوانی هەبووە، کاتبی هەبووە، بەڵام بۆ ئەمەی کەوا فروفێڵ نەکرێ و پارە بە فیرۆ نەچێ و کەسیش مەغدوور نەبێ مەلای گوندی کردە کاتب و چێرنووس (چێڵ). رۆژێ بچێ سبیانان هەرکەس چێری هەبێ بۆی قەید بکا، ڕۆژ بە ڕۆژ تاکو کۆتایی، هەینێ پارەکەشی کردی چەند لە چەلەبی وەرگرێ بە گوێرەی قایمە و تەسلیمی بکا

جا چەلەبی لەبەر ساغلەمی و پیاوی خوا مەلای تەرخان کرد و قەرەم (قەڵەم) و دەفتەری دایێ و لیستە بگرێ، رۆژێ لە جیاتی ماندووبوونی حەقی چێرەکی بۆ حسێب بکرێ، کە ئەوسا چێر رۆژانە لە قورە برنج نیو روپیە بوو= (۹) عانە.

مامۆستا گۆیە هەندێ فەقێی هەبوو، بەڵام ئەم ماوە دەستی لە تەدریس و تەقدیس هەڵگرت و بووە چێرنووس. ئەم قورە برنجە ١٤ رۆژی خایاند.

سۆفی کەریمێک هەبوو خەڵکی گوندێکی نێزیک گوندەکەی قورە برنجەکە بوو (۹) رەشە وڵاغی هەبوو، پیاوێکی بەدین و یەختیار و موسڵمان. چواردە رۆژ ئەم نۆ رەشە وڵاغەی لە ئیشدا بوون. دەیکرد ١٢٦ ڕەشەوڵاغ، پارەکەشی لەسەر نیو روپیە دەیکرد ٦٣ روپیە، ئەم پارەیەش لەو کات گەلێ زۆربوو.

عەلبەی گەنم بە ٥ روپیە بوو، عەلبەی جۆ بە ٢ روپیە بوو، هەموو شت هەرزان بوو، حەیوانەکی باش بە ٢ روپیە بوو، پارە زۆر کەم بوو. چواردە رۆژ خەلاس مامۆستا چووە هەولێر و لای چەلەبی، بەگوێرەی ولاّغ و رۆژ و لیستە پارەی هێنا.

رۆژێ خۆشی بە ولاّغێک دانرابوو کەواتە بووبووە چواردە ولاّغ، خەڵکەکە کۆبوونەوە، ناوبەناو بانگ کرا فلان ئەوەندە رۆژە، هەر رۆژەی ئەوەندە ولاّغە، پارەکەی هەمووی ئەوەندە، تەسلیمی دەکرا و ئیشارە دەدرا، برا سۆفی کەریم بانگ نەکرا، خەڵک خلاس، بەس ماوە سۆفی کەریم، چووە پێش لە مامۆستا، وتی قوربان ئەدی ئەمن؟

مامۆستا وتی لە لیست ناوت نییە، چما تۆ ولاّغدار بووی؟

٢٠ کەس پتر شایەدییان دا کەوا ولاّغدارە و هەر رۆژ ٩ ولاّغی هەبووە و چواردە رۆژ دەکات ١٢٦ ولاّغ و ٦٣ روپیە، خوێنی زەلامێکە ئەم پارەیە ئەوسا. مامۆستا سەری بادا و وتی: نەمدیت لەوێ، خەرکیش وا وەدەڵێن، برێم چی، دەبێ چەلەبی سەهووی کردبێ؟

دەچمەوە لای خەم مەخۆ هەقت ناسوتی ئەگەر ولاّغداربی، نەیسە ئەورۆ بە سبەی، ئەو مانگ بەو مانگ، هەقەکەی سۆفی کەریم سووتا، خەرکەکە دڵگیر بوون وتیان: برۆ لای چەلەبی، وتی: ناچم با مامۆستا حەقم بخوا قەیدی ناکات.

دەبێ ئەمەش بزانین کەوا دوو لیستە هەیە:

١- لە خزمەت مامۆستا بە پارە و بە ولاّغ و بەرۆژ.

٢- لەلای چەلەبی لە دەفتەری خۆی.

سۆفی کەریم سەری لە مامۆستا نەبڕی، گوندەکەی لەوێ نێزیک بوو، ناوەناوە دەهاتە خزمەتی، یان ماست، یان هێلکە، یان مریشکی بەدیاری بۆ مامۆستای دەهێنا و نانی نیوەڕۆی لە خزمەت دەخوارد و دەچووەوە، باسی پارە و رەشەولاّغ و قورە برنج لە گۆڕێ نەما.

سۆفی کەریم مەتحی مامۆستای دەکرد و دەیگۆت: ئەوساڵ هەتا شەرتم لەگەر خوای خۆم کردووە: زەکاتی دەغرەکەم هەمووی بدەم بە جەنابت، مەلایەکی باش، بەدین، ساغلەمی، خاوەن مەدرەسە و فەقێ، مەلاکەی ئێمە نا ئومێدی ناکەم و عەلبە جۆیەک و عەلبە گەنمێکی دەدەمێ، سۆفی کەریم فەلاحێکی باش بوو خاوەن

جوتی هێستر بوو.

مامۆستا له خۆشییان ڕۆژی دەژمارد بۆ سەر جۆخینی بۆ زەکاتی سۆفی کەریم، ئەویش هەمسا مەتحی سۆفی کەریمی دەکرد، کەوا: بەدینه و موسڵمانه و زەکاتدەره.

هاوین هات ڕۆژێک سۆفی کەریم هاته خزمەت مامۆستا کەوا (٥) عەلبه گەنم زەکاتی بۆ دانای ١٠ وڵاغ و دوو سێ زەلام و ده جەواڵ پەیداکە، لەگەڵ من بێن دەغرەکه بێن ئەوا له جۆخینانم. مامۆستا له خۆشییا دەمی نەگەیشتەوه یەک، غاری دا لای کوێخای چەلەبی (١٠) هێستر و (١٠) جەواڵ و دوو زەلام و کوڕێکی پارچەڵەی خۆی وەگەڕدا.

چوونه گوندەکه، نەختێ ئیسراحەتیان کرد، چایان خواردەوه، سۆفی کەریم چەند زەلامێکی خزمی و کوڕانی خۆی و ژن و منداڵی، دەست به مەترەق له ناکاو هجومیان کرده سەر زەلامەکانی مامۆستا، هەریەکه و چوار پێنج مەترەقیان خوارد.

هەستن بڕۆنەوه به هەنده سوێند و قورعان و تەراق، ئەوا دەس به تفەنگ ئامادەین لەسەربان هەر کەسێک روو لێره بکا بۆ هێستر و جەواڵ گوللەی به هەناوی دەکەوێ تاوەکو (٦٣) روپیه لێره دانەنێن، زەلامەکان و منداڵی مەلا بەغار و بەگریان هاتنەوه، کێخوا و مەلا ئاگەدار کران، گوند تێگەیی، هەموو وتیان سۆفی کەریم هەقە، قاسیدێک ناردرا بۆ لای چەلەبی، لەبەرئەوەی گوندەکه له هەولێر زۆر دوور نەبوو، چەلەبی ناردی مەلا هات، سۆفی کەریم هات، شایەد دووسێ کەس هاتن، لیستە دانرا، چەند کەس لەوێ بوون ناوی سۆفی کەریم دیتراوه، کەوا پارەی بۆ تەسلیم مەلا کرابوو.

جا چەلەبی (٦٣) روپیەی دا سۆفی کەریم و وتی: مەلا حەقی تۆی سندان کردووه، مامۆستای مەزن سپی بوو، ڕەنگی هێناو برد، چەلەبی زۆری سیاسەت کرد. بڕیاری دا تاکو یەک هەفتەی تر له گوندەکەم نەمینێی، ئا مەلا پارەم هەموو به دوو لیسته دا پێت.

ناوبەناو بڕوام به تۆ کرد، ڕۆژێ به چێڵێکم دانای هەقت وەرگرت. بۆ سومعەم پیس دەکەی، پارەی خەرک دەخۆی، تا بڵێن چەلەبی خواردی.

مەلا سەری شۆڕ کرد و چاوی لەبەرنا، لە باتیی (٦٣) روپیەکەی چەلەبی، چەند بزن و مەڕێکی هەبوو سەرکار بردی.

سۆفی کەریمیش جەواڵ و ولاّغەکانی ناردەوە، مامۆستاش تەشریفی باری کرد و لە ولاّت تەقی، بڕوا ناکەم تا مردن بە سەفەریش بە ئاقاری ئەو گوندەدا چووبێتەوە، تەماع ئەنجامی سەرشۆڕییە.

قازانجی تەریقەت زۆرە

مەلا هەمزەک هەبووە تەریقەتی وەرگرت لە خزمەت حاجی شێخ محەمەدی هەولێر، کە پیاوێکی مەلاچاک و عاقڵ و داهییە، تەریقەتی...

مەلا هەمزە دەستی کرد بە پەرتاو و قسەی سەیر و عەنتیکە و فیتە و چەپڵە.

سۆفی دەیانگۆت: پێگەیشت، خەڵکیش دەیانگۆت: شێت بووە.

زۆر کەسیش دەیانوت: بە قەستی وادەکات.

لە چەرخی ١٩٥٠ز فێری ئەم عەمەلە بوو، کە لە مزگەوتی شێخ محەمەد نوێژی جەماعەت دادەبەسترا، حاجی مەلا خدر ئیمام بوو. چ جار لە ٨٠ کەسی کەمتر لەپشت نەبوو.

مەلا هەمزە دەچووە مزگەوت لە نێزیک ئیمام رادەوەستا، ئیمام دەستی پێ دەکرد: (بسم الله الرحمن الرحيم)، تا دەگەیشتە (ولا الضالين)، مەلا هەمزە بە قایم دەیگۆت: هینم بە هینی هەمووتان، ئەوانیش بە عادەتی خۆیان دەیانگوت: ئامین.

بووە پێکەنین و نوێژەکە تێکچوو، بووە قرپ و هۆڕ و بەزم. نایب زابتەکی عەرەب لە نوێژەکەدا بوو، کە پرسی و تێیانگەیاند و لە ماناکەی گەیشت. جا وتی:" ئاني ما عرفت هذا سب وشتم، كلهم گالو أمين، ئاني هم گلت ئامين". جا پێیان وت: انت لێش وافقت مع هدۆلە صوفيين، خۆ انت مو صوفی.

وتی: "ماي خالف ئاني هم وافقت مع الجماعة خل طيزي مثل طيزهم، مادام كلهم وافقوا اني هم مثلهم."

جا لە پاشان شێخ کە زانی مەنعی کرد و ماوەیەک نەهاتە مزگەوت لە پاشان دەستی کردەوە بە هاموشۆی مزگەوت، بەڵام ئەو عەمەلەی تەرک کرد.

جا دۆستایەتیم لەگەڵی هەبوو رۆژێ پێموت: ئەوی برێ ئیستفادەم لە تەریقەت

وەرگرتووە هەمووی درۆیە، بەس هی تۆ ئیستفادەیە.

ئەویش پێ دەکەنی و دەیگۆت: هەر جارێک بوو هەر جارێک.

هذه ارثكم جدا وأبا

لە دەوروبەری ١٩٤٥ز کوڕێکی قنجیلانە هەبوو، ڕەنگە کوڕە!؟؟ دەیانگۆت: مەشوور بوو، دەســتی ناپاکی هەیە لە پشــتــەوە ڕا، بیــلامــانێ ئەم نـاوە دوولکەیە لە دوو دایکیشی هەبوو، بەڵام ئەگەر وابێ جیاوازی لە نێوان ئیشەکەیان هەبووە، کە هی خۆی لە پشتەوەڕا بێ، هی دایکی لە پێشەوەڕا بووە.

فەقێیەک هەبوو گۆیا بە کوڕەکە فێر بووە، جا خەڵکی بەدگۆیان کوڕەیان هاندا و بەدوای فەقێیەکە هەتکێکی پێ بکات، بەشقەم زەرەر لە نیوەی دەگەڕێتەوە هەر بە قازانج حیسابە، هەر نەبێ تۆرەی خۆی، یا هی دایکی پیرۆزی دەکاتەوە. ئەمەش بەدگۆیان لێ نەگەڕان ئەگەرنا ئیشی بەخۆشی هەردوو لا تۆڵەی ناوێ.

فەقێیەکەش بەم هەستەی زانی و لە وڵات تەقی چووە شارێکی دوور بۆ خوێندن، کوڕە جوانەکە چەقۆیەکی لە باخەڵ نا و جوتی کراش و بەرگەکی خاوێن و باوێنی پۆشی و شـارە خـۆت بگرە هاتم تـۆڵەی خـۆم یـا هی دایکم دەکـەمـەوە، چەقـۆیەکی تیژم لایە، هاتە شارەکە و بەناوی خوێندن لە مزگەوت دامەزرا، کەوا فەقێیەکەی لێ دەخوێنێ، شەوێک ئەس قەزا لەگەڵ فەقێیەکە تێک گیران چونکە کاتەکەی بە هەل زانی.

فەقێیەکی ڕەشید هەبوو گەیشتێ و کوڕە فەقێی داپەرۆسی بە لێدان و لە ژووری مـزگـەوتی کـرد و دەرگـەی لەســەر کلیل دا، جـا کـوڕە فـەقێ لە ژووری مـزگـەوت، فەقێیەکەش لە دەرێ لە پەنجەرە بەراو رووی یەکتر بوون، دەرگەش داخراوە.

کـوڕە فـەقێ دەیگۆت: هـەر دەتکوژم، بەڵام خـوات بە قـوربانـی فـڵان بکات منی حەپس کرد و تۆی قوتار کرد.

فەقێیەکەش لە دەلاقە و پەنجەرە دەیگۆتە کوڕە فەقێ: بەو قورعانە، بەو قورعانە، سێ جار دایکتم لە حەوشەی مزگەوت وا لێ کردووە، هی تۆشم پێ ناژمێردرێ.

جا فەقێیە ڕەشیدەکە کەوتە نێوانیان بە کوڕە فەقێی گوت: کوڕم پێم بڵێ: ئەم جەنگەی تۆ لەگەڵ ئەم فەقێیە لەسەر قینگی خۆتە، یاخۆ لەسەر کوسی دایکتە،

ئێوه باسی دوو شت دەکەن، من سەرم لێ شێواوه، فەقێ و خەرکیش چەپەرەیان داوه، لە ٢٠ کەس پتر لەوێ ڕاوەستاون، کوڕه فەقێ وتی: ئەم جەنگە هی خۆمە، هی دایکیشم هێشتان ماوه.

جا فەقێیە ڕەشیدەکەش وتی: کوڕم جەنگی تۆ کۆتاییی پێ هات دەڵێ: بێ ژماره وام لێ کردی، چشت پێ نەکرا.

تەشریفت بچۆرەوه ئەوجاره دایکت بنێره با ئەویش تەشریفی بێت تاکو بە مەعلومی بزانین هی ئەو چەند جاره، ئەو فەقێیە دەڕێ: سێ جارم لە حەوشەی مزگەوت وا لێ کردووه، ئەی لە غەیری حەوشە؟

وه بزانین مودەعی عەلەییش ئەو دەڵێت: چەند جاره.

کوڕم وا دەزانم واز لەم جەنگە بێنی باشە، خوا بەدگۆیانت بگرێ کە تۆیان تووشی ئەم هەرایه کرد. وادەزانم لە بۆ ڕدێنی هاتی سمێڵیشت لەسەر دادەنێی.

ئەو دەرده بڵاو بوویتەوه لەناو عائیلەکەتان بن هاتنی زەحمەته.

شێخ ڕەزا دەڕێ:

عەلی بەگ دەگەڕێ و بوویتە دێره بەبا

هذا ارثکم جدا وأبا

جا تۆ وا دەزانم برا و خوشکی بچووکترت هەیە، بۆ خۆت بگەڕێوه بگە ئەوان ئاگات لە پێش و پاشیان بێ، ئەوان تووشی ئەو دەرده نەیێن.

هی خۆت و دایکت نوری پاک حەبیب سەڵەوات، بنی هات و تێپەڕی.

جا بووه پێکەنین و بەزم، کوڕه بەڕەڵا کراو بە سەرشۆڕی گەڕاوه.

چەندی برسی بی لە تۆ برسیتر هەیە

گوندی قیرژه، گوندێکە لە نزیک کێوی سەفین، وڵاتی هەولێر، خۆشناوەتی نێزیکەی ٥٠ ماڵێک دەبێ، هەروا گوندی (بیرێژی) لە نێزیکەوەیە، ئەویش هەندە دەبی.

جارێک کابرایەکی زەبەلاح، خەرکی یەک لەم دوو گوندە دەبێ، دێتە هەولێر ئەس قەزا پاره و شتی پێ نابێ، ئوتێل و شت ڕای ناگرن، لە مزگەوتانیش هەروا، ئەدی برسی بی چی بکات، شەویش داهات، بڕوا ناگاتە چ گوندێک، جا بەناو کۆڵاناندا

چوو دەستی بەم قسانە کرد لەبەر خۆیەوە!

ماشائەڵڵا خوایە ئەمەی (مەترەقی) گەورە بێ لە هەموو شت بێ بەختە، کەس دای ناکات و نانی ناداتێ، باوکیشم هەر دەیگۆت: من لەبەر ئەم شتە بەدبەخت بووم.

داییزەکیش گێی لێ بوو، تێگەیشت، بێ مێردە، تێروپڕە، مەغروورە، لەمێژە بێ مێردە، حەزی لێیە، تاقە کوڕێکی هەیە، جحێڵۆکەیە، جا لەگەڵ قسەی کابرا ئاوی لە دەم و دامێنی فڕێ دا، گاسی (بانگی) کابرای کرد و وتی: کرمانج، کرمانج، وەرە باوکم، ئێمە خێرکەرین، لە ماڵمان بخۆ، بنوو، خزمەت، عێزەت دەکەین، سوبیانێ بەخێرچی.

کابرا بایداوە ماری داییزە، ماندوو نەبوونی لێ کرد و بەخێرهاتنی لێ کرد، پێی وت: هەمان قسەکەت دۆغرییە، چشتەکەت گەورەیە، ئەوشۆ بتبینم.

کابراش وتی: سەیرم کەو خۆت ڕاگرە، هێوارێ کوڕۆکە هاتەوە.

پرسی: نەنە بو ئادەمی کم دە: دایە ئەو پیاوە کێیە؟

دایکە وتی: ئۆغڵم بو ئادەمی قادرداشی بەباس: ئەو پیاوە برادەر و خزمی باوکتە، خەرکی گوندی قرێژ بیرێژە.

کوڕە زۆری حورمەت گرت، ئەس قەزا ئەو هێوارە شیوی سرقیان (زلق) هەبوو.

جا پاش تێر خواردن چرا کوژاوە، کوڕە کەوتە پرخەی خەوێ.

داییزە خشی بۆ لای کابرا و چشتەکەی بەیاد هێنایەوە، نەختێ لە کوڕە دوور کەوتن، داییزە پاڵکەوت لەسەر پشت، کۆشی هەڵداوە، بالیفەکەی لەبن سەری دانا، کابرا مەترەقی ڕەق کرد و نەختێکی لە جەمەدانییەکەی پچڕی و تێی ئاڵاند و ئەستووری کرد.

بەهەرحاڵ بوو تێی پەستا، داییزە زانی کەوا زۆر ئەستوورە، بەڵام بەداخەوە پاش داکەوتنی ئارەزووی مەترەقەکەی شل بووەوە.

پەڕۆکە داماڵاو لە جۆگەی داییزە بەجێما، داییزە کفت بوو کەوتە خەو، کابرا دەیزانی چی کردووە بەیانی زوو هەستا و دەرگای کردەوەو ڕۆیی، داییزە کێشتان هەڵسا و دەبینێ ناو قەڵشی پڕی پەڕۆکە.

جا قیژاندی و وتی: وای شێرە، ئای هاوارە، کوڕەکە ڕاپەڕی و...

وتی: ها نەنە بو نەیۆخ: دایە ئەمە چییە؟

داییزە دەستی درێژ کرد بۆ قەڵەشی وتی: ئۆغلم باخ باخ بو ناد: کورم بنۆڕە ئەمە چییە؟ کوڕە چاوی پێکەوت و ڕای کردە دەرێ.

کەوتە دوای تاقیبی کابرا، هاتە سەر ڕێگە و هەر پیادەیەک، هەر کاروانێک دەهات و لێی دەپرسی: خاڵە نەدیتت کابرایەک خەڵکی گوندی قرێژ بیرێژە. سەگباب، مەگباب، کڵاشی پێی تۆزی نۆ مێگەلە مەڕ دەکات، هیوارێ لە ماڵمان مێوان بوو...

وتی مانم قارداش باوکتم، خزمەت عێزەت بکە، شیوی زڵق بدێ، نان بدێ لە ڕۆخ نەنەم بخەوە، سەگباب شەو هەستایە چشتەکەی نەنەمی پڕ کردووە لە پەڕۆک و مەڕۆک.

بە شێخەڵڵا ئەگەر بیبینم دەبێ دوو تف بکەم لە چارەی.

مردنی پێشاندەی بەتایێ مەمنوونە

لە کتێبی: گوڵستانی فارسی دەڵێن: پاشایەک بە تاخمەوە لەناو پاپۆڕ بوون لەناو بەحر بۆ کەیف و ڕاووشکار.

منداڵێکی پارچەڵەی پاشا لە ترسی بەحر دەستی بە گریان کرد، چەندیان کرد کڕ نەبووەوە بە هەموو شت بەکارهێنانی لەگەڵی.

تاکو وەزیرێک وتی: پاشا من کڕی بکەمەوە چیم دەدەیێ؟ پاشا گوتی هەرچی بڵێی.

جا هەستا دەست و پای منداڵەکەی بەست و شۆڕی کردەوە ناو ئاو، کە دەگریا نوقمی دەکرد، دەری دەهێنا وسکوت دەبوو، جا کە دەهات بگریێ نقومی دەکرد، تاکو وای لێهات: نوقەی نەکرد لە ترسی خنکان.

پاشا خەراتی (خەلاتی) کرد، پاشا و خەڵکەکەش ئیسراحەتیان کرد.

بۆیێ فارس دەڵێت:

"قدر عافیت کس داند بمصیبت گرفتار اید"

قەدری عافیەت ئەو کەسە دەزانی کە تووشی موسیبەت ببێ.

کوردەواریش وتوویانە، مردنی پێ نیشاندەی بەتایێ مەمنوونە.

بەردەقانی لە بەن دروست دەکرێ، ناوەندەکەی وەک تەون پانە و شوێنی ئەوەی لێ دەبێت کە بەردەکی هەندێ هێلکە قەتێیەکی لەناو بنێی، یان گەورەتر.

مەیلەو قوولاتییەکیشی هەیە، کە بەمە دەرێن سەرکی بەردەقانی، هەردوولای سەرکەکەشی چەند داوە بەنێکە دەیهۆننەوە، بەوەش دەرێن لاچک.

هەردوو لاچک وەکو یەکن لە کورت و درێژی. لایەکی لاچکەکە قورفەی لێ دەکەن لە پەنجەی ناوەندی دەستی ڕاستی دەکەن، واتە پەنجەکەی تێ هەڵدەکێشن و پەنجەکە دەقوچێننەوە، تاوەکو ئەم لاچکە لە کاتی بەکارهێنانی لە دەست نەبێتەوە.

لایەکەی تری لاچکەکە کە مەیلەو گورینگۆکەکی لێ دەکەن درێژوکانی، بەو گورینگۆکەیە دەڵێن: سەر شەق، ئەم گورینگۆڵەیەش یان نەختێ مووە، یاخۆ مەرەزە، جا ئەو لاچکە ئەگەر سەرشەقی مەرەزبێ یا موو بێ لەگەڵ بەکارهێنانی شەقەیەکی لێوە دێت، کە ئەوەش لەلای منداڵان یان لای ئەو کەسانەی کە بەکاری دێنن. جێگەی شانازییە.

جا ئەو بەردەقانییە بەردێکی لەناو دەنێن و دووسێ جار بای دەدەن، جا بە توندی لاچکەی سەرشەقی پێوەیە بەری دەدەن، بەردەکەی لەناو سەرکەکەی دایە بە توندی دەڕوات، واتە چوار پێنج هەندی پلە دەست دەڕوات، جا لە کاتی کۆن شەڕی پێکرایە دوور بە دووری، ئەو بەردە بە هەر شتێک بکەوێ دەئانگێی.

وەهەم لە کاتی پێشوو پاسەوان کێشکەی (چۆلەکە) پێ لە برنج پاس دەکرد لە شیناوی، یان لە بەهاران لە کاتی فەریکە جۆ.

بە کورتی بەردەقانی شتێکی باش بووە لە کاتی خۆی بەم دواییە منداڵ بەکاریان دەهێنا لە نیشانانێ و شەڕ پێکردن.

جا منداڵێکی گەورە هەبوو کە بەردەقانی دەهاوێشت لاچکەکەی شەقەی لێوە دەهات، منداڵێکی تری تاقانە یەخەی گرت، توخوا بۆچی بەردەقانییەکەی تۆ شەقەی دێت و هی من هەر چرتەی دێت؟

ئەویش وتی: ئیشی سەر شەقیتی، هی من سەرشەقەکەی مووی بەری ژنانە، مووی بەری ژنانیش بۆ شەقە لێ وەهاتن ولاشی سەرشەقی مەرەزیش نییە.

منداڵەکە قسەکەی چووە ناو مێشکی، چووەوە یەخەی دایکی گرت و داوای مووی بەری لێ کرد بۆ سەرشەق. چەندی دایکی وتی: کوڕم درۆیە، نابێ، ناکرێ، بەرێ لای منداڵەکە سوودی نەبوو، چونکە قسەکەی چووبووە مێشکی، ناچار کوڕە تاقانە بوو دایکە دڵی نەشکاند، دەرپێی فڕێ دا و کۆشی هەرکرد و لەسەر بالیفێک دانیشت، کوڕە لەبەر قەڵەش و بەری دایکی دانیشت، خەنی خۆشی خوا خەنی کرد، دایکەش بۆی کەوتە سەرپشت، دەستی گەیاندە بەری دایکی و چەند موویێکی گرت و ڕای تەکاند و ڕای کێشا، جاران خەرک زۆر بە ئیهتمام نەبوو، ژنان بەریان یان بە هەرکێشانیان دەکرد هەرسێ چار مانگ جارێک، یان بە دمکانەیان دەکرد.

جا کوڕە مووەکەی ڕاتەکاند و دایکی لە تاوان قوونی برند کرد و لە ئێشان تڕێکی گەورە و زلی کرد، نزیک بوو خانەکانی لووس بن.

دایکە لە ئێشان ئاوی لە چاوی هات کوڕەش قاقا لە خۆشییان پێ کەنی و وتی: دایکم بە قوربانت بێ هێشتا تێم نەخستییە و شەقەی دێ.

واتە هێشتا مووەکەم لە بەردەقانییەکە نەیێخستییە و نەکردوویتە سەرشەق شەقەی دێ، ئەگەر بێتوو تێی بخەم دەبێ چۆن بێت؟

جا قامکە موویێکی دەر کێشا بە چەند جاران، بردییەوە لای کوڕەکە و حەکایەتەکەی بۆ کرد، کوڕەش بۆ سەبووری دڵی نەختێک بەکابرای خۆی داهێنا و بۆی کردە سەرشەق، جا کوڕە پێی دەهاوێشت و هەر چرتەی دەهات، چونکە کوڕە منداڵ بوو هێزی زۆر نەبوو کە بە توندی بایدا، بەڵام کوڕە گەورەکە بە توندی بای دەدا و لە دەستە وی شەقەی دەهات، کوڕە وتییە ئەوی تر، بۆ لە دەستی تۆ شەقەی دێ و لە دەستی من چرتەی دێ، کوڕە گەورەکەش وتی: من مووی بەری داکتم بە هینی خۆم داهێنا و تۆ وات نەکردووە، لە کاتی خۆی ئەمەش مەرجە بۆ شەقە لێوە هاتن.

دنیا سەیرە هەموو شتێکی لێ ڕوودداوە؟

اليدري يدري والما يدي چف العدس

دەڵێن: ژنە عەرەبێک لەو دەوزێیە نیسک دەشواتەوە، بیلا مانێ ژنی برا عەرەبەکانیش کراسێکی شۆڕ لەبەر دەکەن و دەرپێ لەبەر ناکەن، ژنە لەو دەو زێیە، خۆی هەر کردییە و هەرمارییە، نیسک بژار دەکات و دەشواتەوە، کوردەواریش لە

کاروانی تووتن دەگەڕێنەوە.

دەمێکە لە ماریێ دوورکەوتینەوە، چاویان بە ژنە عەرەب دەکەوێ: خۆی هەرمارییە قوترە و کزیلکەی ئەدرەوشێتەوە.

یەکێک لە کاروانەکە خۆی پێ نەگیراو خۆی حازر کرد و لەپشت ڕا ژنەش غافرە و داهاتیتەوە، کاتێکی زانی کار لە کار ترازا.

ژنە ناچار بوو لە عروبیدا و قیژاندی و کردیە هەیها و، یاوێل، یاوێل، یابا یابا، یایوما.

عەرەب بە ژن و پیاوەوە لە گوندەکە کە نێزیک بوو کراسیان بەددان وەرگرت و بەغار هاتن، تاکو گەیینە ژنە و کابراو کاروانەکە، ئەوانیش خۆیان ئامادە کرد، جاران کاروانی تووتن بێ تفەنگ نەبوون.

عەرەب قیژاندیان و وتیانە ژنەکە: یاوێلی شنهی، ها شنهی؟ ژنەش هەر دەیقیژاند و لە عروبی دەدا، کابرای کاروانچی دەستی دا گوڵمە نیسکەک وتی: برسیم بوو داوای گوڵمە نیسکەکم لێ کرد، ئەویش کردیە ئەو هەرایە، ئەوانیش لۆمەی ژنەیان کرد و بە سەریدا رۆیشتن، وتیان "عیب علیك چف العدس شنهي انت صحيت علیه، خلیه یأكل".

ژنەش ماقووڵ بوو شەرمی بە خۆی بوو شتەکە بگێڕێتەوە، هەر ئەوەندەی وت: "الیدري یدري والما یدري چف العدس".

یانی ئەمەی دەزانی دەزانی چییە، ئەمەی نازانی دەڵێ لەسەر گوڵمە نیسکەکە ئەو قیژ و هۆڕ و هەرایە.

عەقڵی جەنابی مەلای کۆیێ

جارێک دوو ژن دێنە خزمەتی بۆ شەرعکردن، یەکێکیان جاحێڵ و یەکێک بەساڵاچوو، شەرعەکە دەبێتە هی پیرەکە، جاحێڵەکە دەڵێ: مەلا بەلای تۆدا خواری کردەوە، جەنابی مەلاش کە تێ دەگات دەفەرمووێ: ڕۆڵە ئەگەر خوارم بکردایەوە بەلای تۆمدا خوار دەکردەوە، جاحێڵی، ئەمە پیرە.

جا ژنەکە کپ دەبێ و دەڕوات.

***

دەروێشـێک دێتـە لای و دەسـتی مـاچ دەکـات، ئەویش دەفەرمـووێ: دەروێش مـاڵت لە کوێیە؟

دەروێش دەرێ: قوربان ماری حەقیقیم دەپرسی یا ماری مەجازی؟

جـەنابی مـەلاش دەفـەرمووێ: گومـانم نییـە مـاری حەقیـقـەتت جـەهـەننەمـە، بەڵام مەبەستم ماری مەجازییەتە.

جا دەروێش کپ دەبێ و دەڕوات.

یاسینی حازربەدەست

شیعە چەند تیرەنە و موقابیلی سوننی، واتە خۆیان بە خزمی ئیمامی حوسێن و ئیمامی عەلی دادەنێن، لە زۆر شت دەستووری ئاینی شیعەکان جیایە لەگەڵ دەستووری مەزهەبی سوننییەکان.

قـەبریان هـەریەک و کـونەکی تێـدایە لـە سـەرینگانی، جـا لـەم کـونـایانە دۆعـا دەخوێـنن و بخوور دەسووتێنن، گوایا کونایەکە دەچێتە سـەر گۆڕ و ئەلحەدەکەی و تەرمەکەی، بچۆ نەجەف و کەربەلا قەبرەکان و کونایییەکان دەبینی.

سـوننی خـوێندەواری ئاینی ناو دەبا بە مـەلا، شـیـعـە ناوی خـوێندەوارەکـانی خـۆیان دەبەن بە ئـاخـوند، ئیش و کـاری ئـاخـوندەکـانیش لـە دەست گـەورە ئاخوندەکانە مووچەی ئاخوندەکانیش لەسەر شیعەکانە.

ئەم ئاخوندانە بەتایبەتی لە وڵاتی ئێران –عەجەم– کە وڵاتێکی سارد و سەختە بە زستان، ئوسلوبەکیان هەیە، ئەمەش ئوسلوبەکەیە:

هەر ئاخوند و هەمبـانەیەکی هەیە، گوایا کە ئاخوندەکە یاسین دەخوێنێ پاش خوێندنی یاسینەکە پفێک لە هەمبانەکە دەکات. تا لە ئەنجامدا هەمبانەکە پڕی با دەبێ، ئەم بایەش پفەکانی دوایی یاسینەکانە، جا بەم هەمبانەیە و پفەکەی ناوی دەرێن: یاسینی حازر بەدەست.

لە کاتی سەرما یاخۆ بۆ سەهلی و ئاسانی، ئەگەر یەکێک بێتە لای ئاخوندێک بۆ یاسـینی مـردووەکەی، یـاخـود ڕۆژانی تـایبـەتی هەیە هەر ئاخـوندە بە هەمـبـانەوە لەسـەر قـەبرسـتـان ڕادەوەسـتێ بۆ ئەوەی یـەکـێک بێت و داوای یاسین بکات بۆ مردووەکەی.

جا دەرکی هەمبانەکە لە کونایەکەی قەبرەکە دەنێن و نەختێک بەنەکەی دەرکی هەمبانەکە شل دەکەنەوە، نەختێ لە بایەکە دەچێتە ناو کونایەکە، جا دەزانن یاسینێک چەندە و بای دووان چەندە، جا لە پاشان پارەیان لێ وەردەگرن گوایا یاسینی بۆ قەبرەکە ناردووە "بایەکەی ناو هەمبانەکە".

جا بە بای ناو ئەم هەمبانەیە دەرێن: یاسینی حازر بەدەست.

گوایا خێری بۆ مردووەکە دەچێت، ئا ئەمەیە یاسینی حازر بەدەست.

ئەمەیە فرۆفێڵی ئاخوندەکان لە مسکینەکان.

خووی شیری هەتا پیری

خاوەن گوندێک هەبوو لە کوردستانی باکور لە دوویان مەشوور کردبوو گوایا نێربازی دەکات و لە دوو منداڵان دەگەڕێ، گەڕانەکەش زۆر بە نەزانی و ناڵەباری بووە، لەگەڵ ئەمەش خاوەن ژن و منداڵە، بە ساڵاچوو بوو.

جارێک کابرایەک لە تیرەکەی خۆی، بەسەر و سیما، چووە لای لە مەجریس پێی گۆت: فڵان تۆ برا گەورەی ئەو تیرەی ئێمەی، خەرک ناوت دێنێ لەسەر نێربازی، ئێمەش شەرممان بەخۆیە پێ دەشکێین، واز لەو عەمەلە پیسە بێنە، ئەمن چوار کوڕم هەیە، هەر چوارت دەدەمێ، دووانیان وەلێ بکە و دووانیان باوێ خۆت، بەسە چیی تر حەیای عەشیرەتەکەمان مەبە، ئەویش سەری خۆی شۆڕ کرد و وتی هەمووانی وا نییە خەرک بوختانچییە. جارێکی تر بەهۆی ئەرازی خاوەن گوندەکان زۆربەیان لە گوندێک کۆبووبوونەوە لەگەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی میریش، خاوەن گوندەکان ڕەنگە بۆ هەتک دوو سێ منداڵی جاحێڵی خۆیان تێگەیاند و دەرسیان دا، منداڵە جاحێڵەکان چوونە بەردەمی ڕاوەستان، وتیان: خارە فڵان تۆ ناوت برا گەورەیە، زۆر عەیبە لە دوو منداڵان بگەڕێی، چونکە هەموو برا گەورەک و خاوەن دێی پێ دەشکێ.

ئەویش بەبێ شەرم و چاوقایمی، بە دەنگێکی بەرز وتی: کوڕم من بە پارەی خۆم سواری منداران دەبم، دەبا مندارە برا گەورەیەک و مندارەکی خاوەن دێ پەنجەم لە چاوی بنێ و برێ: کا خارە منت وا لێ کردووە و پارەت نەدایە.

جا بزانن پارەی کامتان قەردارم هەتا بیدەمێ، بەنی ئادەمە بەرکە من لە بیرم

کردووە، ئەمن غەدر لە کەس ناکەم و لە دوو شتی بەلاش ناگەڕێم.

بە پارەی خۆم وا دەکەم با خەرک نەمداتێ.

کوڕم من خێرم پێ ناچێ، دەوڵەمەندم. وا دەزانم ئەم ناوە لە دوای زۆر کەس هەبووە، بەزۆریش بوختان و کەیف پێ نەهاتن بووە.

پیاوی ئاقڵ مەعتەل نابێ

لە دەوروبەری ١٩٤٧ز دوو فەقێی موستەعید لە جومعانەی تووتن دەگەڕان لە دۆری ئالانە و هەرۆتی، چوونە گوندی "شەڕکان" لە دۆڵی ئالانە، گوندێکی ٢٠ ماڵی دەبوو، دوو برا لەو گوندە هەبوو: ١- لاوە، ٢- سوارە، یەکیان ژنی هەبوو ئەوی تریان بێ ژن بوو، پیرە دایکەکیان هەبوو، خانوویان دەکرد، وەستایەکیان هێنابوو بۆ خانووکردن لە دەشتی هەریر، گوندی خرواتان، ناوی وەستا عەولا بوو، خانوو دەکرا، وەستا عەولا وەستایە، دەورەی خانوو قەرەباڵغە لە خەرکی تر و لە ئیشکەر و قوڕکێش و بەردکێش. فەقێیەکانیش ماندوو بووینە، بۆ هێواری زەحمەتە بگەنە گوندێکی تر، جا بڕیاریان دا، ئەوشۆ لێرە دەمێنن، بەڵام لە کێ مێوان بین؟ مزگەوت ماری خوایە و خوا کەس و خزمی نییە، پایزە، ناو چیایە، ساردە، سەرمایان دەبێ، هێواریش بێ خواردن دەمینێن.

چونکە خوا کەریم و کەریم تڕێنیشە، گوندەکەش بچووکە و مەلایان نییە بچن لای مەلا مێوان بن، بچنە ماڵێک یان ڕایان گرن یان شتێکی وایان نییە بیخۆن، کاتی تەموینە و شەکر و چایەش زۆر زەحمەتە: کیلۆی شەکر بە ١٢٥٠ فلسە، حۆقەی دەرمان چایە بە ٥ دینارە.

بەڵام ئەو ماڵەی خانوو دەکەن لەبەر وەستا و عەمەلە شیوەکەیان باشە و بێ شەکر و چایەش نینە، بەڵام چۆن وا بکەن کە ڕابگیرێن و ڕێزیان لێ بنێن؟

وا چاکە لە پێشڕا ناو و شوێنی وەستا بزانن و ناو و کەس و کاری خاوەن خانووەکەش بزانن، دەشقەم خوا دەکات بەم فێرە ڕێزێکیان دەگیرێ.

جا هەمووی فێربوون و ڕەوانیان کرد، بەهۆی پرسین لە خەرک، جا وردە وردە بەرەو خانووەکە چوون.

چوونە ناو کاولەکە و وەستا لەلایەک دەرێ: قوڕ لەلایەک دەرێ: بەرد، لەلایەک

هانی، لەلایەک بگرە لەلایەک زووبە، ژن و پیاو تێکەڵاوە، فەقێییەکان یەکیان گەورەتر بوو لە یەکیان، گەورەکە وتیە گچکەکە: مەلا عەبدولەجید ئەو دیوارە چۆن کراوە؟ بە قایم وای گوت، وەستا و عەمەلە گێیان لێ بوو، ئەویش وتی: قسووری نییە.

گەورەکە وتی: تۆ لە دەشتی قەراج، لە دەشتی هەولێر، لە وڵاتی کەرکووک لە وەستای شار و دەشت ئەو جۆرە دەستگایە و دیوارەت دیوە؟

وتی: ناوەڵڵا، جا گەورەکە وتی: مەلا عەبدولەجید من بیستوومە کەوا لە دەشتی هەریر وەستایەکی یەکجار چاک و مومتاز هەیە: وەستا عەوڵا، خەرکی گوندی خرواتان، لە هەموو وڵاتێک ناو و دەنگی لە گۆڕێیە، ئەو دەستکردە زۆر بە هی وی دەچێت، ئەگەرچی ئێمە نەشمان دیتییە، بەڵام چاکی دەستگایە، پێمان دەرێ وایە. ئەو قسانەی بە قایم کرد، لە کاتی ئەم قسانەش وەستا عەوڵا هەروەستەی کرد و گێی دایێ، خەرکەکەش تێگەیین.

جا وەستا عەوڵا بە گورجی لەسەر دیوار هاتە خوارێ و پڕی دا دەستی فەقێیەکان و موسافەحەیان کرد و وتی: ئەز وەستا عەوڵای خرواتانم، بەڕاستی چاکتان زانی، منیش زانیمە ناوبانگم لە هەموو وڵاتان لە گۆڕێیە. ئێوە خەرکی کێندەرێنە، وتیان هی دەشتی هەولێر، جا وەستا عەوڵا وتی: کاکە پایدۆس ئەورۆ زووشە، بەڵام ئەوانە مێوانی منن، بەیانی تۆرەتان بۆ دەکەمەوە.

جا چوونە سەر کانی و دەست و دەمیان شووشت و دەستنوێژیان شووشت، هێوارێ پراو گۆشت و مریشک و چا کراشەی دەکرد، تا دوو بەشی شەوێ چوو وەستا عەوڵا هەر باس و سەربردەی خۆی دەگێڕاوە، دیوەخانم بۆ فلان ئاغا کرد، خانووم بۆ فلان کرد، وەستای کۆیە سەریان سوڕما، فەقێیەکانیش وتیان: وا دەکەین لە دەشتی هەولێر و کەرکوکیش بێنە دوات بۆ خانووکردن و دیوەخانکردن، وەستا عەوڵا بەشە گۆشتی خۆشی دایە فەقێیەکان. تا سوبیانێ بە خۆشی و گەرمی و تێری ڕایان بوارد. سوبیانێش لەلایەک چایە، لەلایەک ژاژی و پەنیر، لەلایەک هێلکە، ئەستوورکی گەرم.

جا کێشتان بەخۆشی و تێروپڕی لێکتر دابڕان و دوعاخوازی و موسافەحەیان کرد، وەستا عەوڵا وتی: لە گەڕانەوە دەبێ شەوێک بێنە گوندی خرواتان لە خزمەت

دابم، باشـە و بە دوعا، تا مـردنیش یەکتریان نەدیتـەوە، ئا ئەمـەیە پیاوی ئاقڵ کە بتوانی لە تەنگانە جێگەی خۆی بکاتەوە.

شایەری کوردی عەلی بەردەشانی

بەردەشـان– ناوی گوندێکە وا دەزانم لە وڵاتی مەرگە و پشـدەرە، عەلی خـەرکی وێ بووە لە کـاتی خـۆی، جـا بۆیە بەو گوندە هەڵدراوە، جـا لەوێ دانیشـتـووە، یاخـۆ لە شوێنێکی تردا دانیشتووە ئەمە شتێکی ترە.

عـەلی شایەرێکی کوردەواری بووە، زۆر بەناوبانگ بووە، تا ئەم دواییـەش مقـامی عەلی لە دورنە و شـایی دەگۆترا لەناو کوردەواری، بەڵام نازانم بۆ چ بەتایبەتی هـەر لە دەشتی هـەولێر لە باو بوو.

لە کـاتی عـەلی پیـرێژنێک دەبێ زۆر شـایەر و تەڵەکەباز دەبـێ، ڕۆژێک پیـرێژن لە دیوانی مـیـر دەبێ، عـەلیش بۆ دیوان دەچێت. جـا مـیـر دەرێتـە پیـرێژن: ئەگـەر تۆ سـەلامەت لـەبیـر عـەلی بـردەوە من خـەراتت دەکـەم. جـا کە عـەلی پـێ لە دیوان دەنێ پیرێژن دەرێ:

ئـەتـۆی عـــــەلـی بـەردەشـــــانـی
دوو کــــونم هـەی لـەنـاو لـنگـانـی
بـە یـەکـــــــێـکـت دەدەمـێ ئـاو
بـــەوی تـریـشـــــــــــا دانــی

عەلیش دەرێ:

پـیـــــــــــرێـژنـی یـێـک نـێـکـە
هـەردوو کـــونت دەکـــەمـــە یێکە
ئەوجـا مـیـران سـەلام و عـەلێکە

جا دەبێتە پێکەنین و پیرێژن کپ دەبێ و عەلی سەردەکەوێ.

***

جنۆکـە شـایەریان هەبـووە ناوی: قـوڕەشـین بووە، دۆسـتـێکی جوانی هـەبووە لە کـچـە جنۆکـە، شـــەوێک جنۆکـە ژن دێنن. جـا بـەم بۆنەیەوە دێنە مـاری عـــەلی

بەردەشانی دەیبەن، ئەویش نازانێ چنە و کێنە و بۆ کوێی دەبەن.

هەر دەڕێن وەرە دوامان میر بانگت دەکات، تا دەگەنە شایی و هەراو بەزمەکە، بەڵام عەلی هەر نازانێ جنۆکەنە.

دەڕێن: عەلی تۆمان هێناوە بۆ مقام گۆتن لەگەڵ شایەری ئێمە: قورەشین، جا قورەشین لەناو شایی و کچێکی لە دەستە. عەلیش لە شایی و کچێکی لە دەستە، بەڵام ئەمەی لە دەستی عەلییە دۆستەکەی قورەشینە، جا بەرامبەری یەکتر لە شایی عەلی و قورەشین دەست دەکەن بە بەندان بە نۆبەت، قورەشین دەست پێ دەکات و دەڵێت:

لەگەڵ تۆمە عەلییە شۆڕە
ئەورۆ سەیرەو راوە پۆڕە
در لە جیرانان مەگۆڕە
ئەوەم بۆ بەوی بگۆڕە
جا نۆبەتە و بەندان بێژە
ئەوەی لە زارت مەی بێژە

یانی تەماعی لەمەی کە لە دەستت دایە مەکە، چونکە دۆستی منە، ئەو بدە بەمن و منیش ئەوەی دەستی خۆم دەدەمە تۆ، بسمیلا مەرێ چونکە جندۆکە، کەبسمیلا -ت گۆت هەردێن و براو دەکەن.

جا عەلی بەردەشانی دەستی پێ کرد و وتی:

ژێر هەر دێن بە تەنتەنە
تۆق و تەرەسم و بەربەنە
قەفی سمێرم پێوە نا
قەفی سمێر و کەزینە
بریا ولاشباین بەو هاوینە
ولاش باینە بەوێ شەوێ
مێوژ و دۆشا و هەنجیر لەوێ
من نەخۆشم ماچم دەوێ

نـەخـــۆش نیـــمـــە دەردەدارم

شـــــــــەو و رۆژت لۆ دەنـارم

جا لە کۆتایی مقامەکە عەلی دەرێ: بسمیلا-مان تەواوە.

جنۆکەکان شاییەکە بەردەدەن و بەلاوەی لێ دەکەن و هەردێن. عەلیش لەو گۆڕە دەمینێتەوە، جا بزانە چەند دوور دەبێ، پاش ماوەیەک ئەوجا دێتەوە، حەکایەتەکە دەگێڕێتەوە. بەلام لێرە دەرێن عەلی فەوتا و شوێن بزر بوو.

***

بۆ زانین: کوردەواری شـایەری نەخوێندەوار و شـاعیری خوێندەواری چاکیـان هەبووە، بەلام بەداخەوە لەبەر بێ ڕێزی خۆیان قەدری زانایانیان نەزانیوە، شوێن و شـوێنەوار بزرن، ئێـرەش جـێی ئەوە نیـیـە ئەگـەرنا من زۆر لە مـقـامی عـەلی بەردەشانی دەزانم.

بابە شلۆن عێش

کابرایەک هەبوو کوێخای گوندێک بوو لە دەشتی هەولێر، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، بەلام مـەشـوور بووە بە هەندێ کـە پیـاوێکی چاوتەنگ بـووە بەنانی خـۆی، ڕۆژێک دەڵێتە ماڵەوە حەزم لە ترش و کفتەیەکی پڕ گۆشتە بۆم لێ بنێن، ئەوانیش ترش و کفتەیەکی زۆر نایابی بۆ لێ دەنێن، کوێخا دەڵێ: کە داوام کرد بۆم بنێرنە دیوەخان مام کوێخا تاکو پاش مەغریب داوای نەکرد، نەبادا مێوانێک بەسەر دابێت و ببێ بە شەریکی لە خواردن. پاش مەغریب دەڵێتە قاوەچی بچۆ نانەکەی من بێنە قاوەچیش دەچێ نیو تەشتێک ترش و کفتە و گۆشت دێنێ، لەگەڵ نوردییە نانێک، شیوەکە دادەنێ و ئەس قـەزا لەم کاتە سێ عەرەب دادەبەزن و مـێوان دەبن مـام کوێخـاش دەڵێتە عەرەبەکان: یابە الکوە الله بالخیر، ئەوانیش دەڵێن هەلە هەلە بالکوێخا.

مـام کـوێخـا دەڵێتـە قـاوەچی بچـۆ بزانە چی هەیە لە مـاڵ بۆ ئەم عـەرەبانـە بێنە بخۆن. خۆشی لە پێش دیوەخـان پیاسـە دەکات تاکو عارەب دابمەزرێن ئەو خۆی شیوەکەی خۆی بخوات، قاوەچی دەچێتەوە ماڵ و داوای خواردن دەکات بۆ مێوان، ژنانیش دەڵێن: تازە تـەشتـە شـیـوێکت برد و چی تر نەمـاوە، عـەرەب دەبینن تەشتـە شیوێک دانرایە و کوێخا لە پێش دیوەخان پیاسە دەکات، تەماشای یەکتر دەکەن و

هەر خـۆیان دەڵێنـە خـۆیـان: یابە تفـضـل تفـضـل، دەکـەونە سـەر ترش و گـۆشت و کفتە، تا قاوەچی دێتەوە ئەوان دەس دەکەن بە خواردن و دەس لێسینەوە.

مـام کـوێخـا کاتێکی زانی عـەرەب خـڕ و هۆڕیانە و چرپـەیان دێت لە خـواردن، چاوی دەچێتـە تۆقی سـەری و دێتـە سـەر سـەری عـەرەبەکان و دەڵێت: یابە شلۆن عێش؟ عـەرەب دەڵێن یا کوێخـا مـاکو مـثل هـەل عێش- خـۆش عێش- مـام کوێخـا لەلایێ لێـوی لە قـاوەچی دەکرۆژێ و لەلایێ تەمـاشـای عـەرەبەکـان دەکـات، نەخـێر ئینفـیـجاری کرد و هـجـومی کردە سـەر عەرەبـەکان و سـەرکی هـەرسـێکانی گرت و پێکی دادان وتی: کلب ابن کلب خـۆش عـێش- کـەوتە گـیـانـیـان بە لێدان بە لنگە چکمـە و پێـڵاو، عـەرەب ویقـانـدیـان و هـەڵاتن و ڕایان کـرد، جـا تاکـو نیـوەی شـەو لە دەورەی گوندی ویقەیان دەهات و دەیانوت: یاوێل یابە ئانی هێنە وانت وێن...

تاکو بەیانی یەکتریان گرتەوە، بەیانی هاتن و سواری وڵاغەکەیان بوون و هەڵاتن، تا ڕۆین هەر دەیانوت: ئاخ- ئاخ یا کوێخا موستەفا عودە، عودە، عودە بهالکوێخا.

عافەرم لۆ خوا کوشتی عەوڵا غەزایی

عەوڵا غـەزایی هـەبووە لە گوندی عەرەبکەند لـە دەشتی هـەولێر دادەنیـشت، پیاوێکی ئازا و ڕەشـیـد بووە، بـە تایبـەتی قـاندڕی عـەرەبان بووە، زۆری سـزا داینە و تاڵانی کردووینە و لێی کوشتینە.

ئەس قەزا عـەوڵا غەزایی دەمرێ، دەبێتە قەرەباڵغی، عەرەبـێکیش بۆ هـەولێر دێت بەسواری ماین چاوی بەم قەرەباڵغییە دەکەوێ و لادەدا، دەپرسـێ هـای شنهی؟

دەڵێن: مات عەوڵا غەزایی.

عـەرەب مـاوەیەک دادەمینـێ و لەناکاو لـە قریوە دەدات دەڵێت: عافـەرم لە بۆ خـوا کوشتی عەوڵا غەزایی، وا دەڵێ و ڕادەپەڕێ و دەکەونە دوایی بەڵام نایگەنێ.

ئەبا یەزیدی بوستانی

ئەبا یەزیدی بوسـتـانی جارێک بیـر لە جەهەنەم دەکاتەوە، دەڵـێ: شـەرت بێ من بچم بیکوژێنمـەوە تاکـو کـەس نـەچیـتێ، کـەشکـۆڵی پڕ لە ئـاو دەکـات، خـوا حـەزرەتی جوبرائیلی دەنێـرێتە پێش بۆ مـەنعکردنی لـەسـەر شکلی عەرەبێکی ڕەش و چڵکن،

دێته پێش و دەڵێ کێوه دەچی؟

دەڵێت: دەچم جەهەنەم دەکوژێنمەوە.

ئەویش دەڵێت: نایەڵم، بە کورتی دەبێتە جەنگیان، تاکو لە ئەنجاما توورە دەبێ و ئاوەکەی دەرێژێ و دەڵێ: وەڵڵا نایکوژێنمەوە بۆ خاتری کەوا عەرەبێکی پیسی وەکو تۆی بچیتێ، دە برۆ بۆ جەهەنەم.

لەشکری جوولەکە بۆ سەر ئیسلام

لە چەرخی عوسمانییەکان سێ ئیسلام ژنە جوولەکەیەکیان ڕاکێشاو بردیان بۆ لێبردن، جوولەکە لەشکریان کرد و ٣٣ کەس چوونە سەر ڕێگەی ئیسلامەکان، ئەوسا دەوری تفەنگی مەکنەزی بوو، یەک فیشەکی ئەخوارد، دەبایە هەمسا دابگیرێتەوە. کەوتنە بەرامبەری یەکتر ٣ ئیسلام و ٣٣ جوولەکەی چەکدار کردیانە تەقە لە یەکتر، لە ئەنجاما جوولەکەکان ٣٠ کوژراو و ٣ کەسیان بە هەڵاتن قوتار بوون.

جا کە هاتنەوە جوولەکە دەوریان دا و باسی شەڕەکەیان دەگێڕاوە بەم جۆرە:

ئیسلامی حیز و دز سێ
لەشکری ئێمەش سیوسێ
کەوتینە بەرامبەر بۆ شەڕ
سەگان دەکرد وەڕەوەڕ
گوللەی وان دەهات بەسستە سستە
یەک لەمە دەنوستە
ئاخیر لەوان هەر ما سێ
ئەوجا هەراتین شێرانە
غارمان دا هەتا گەیشتینەوە ئێرانە
ئەو قوندەر هەر لۆ وان باشە
هەر لە دووڕا لەمەی کرد حاشا

تا ئێستا من چاوم له دهستی سهگان بوو، با سهگیش نهختێ چاویان له دهستی من بێ

له پاش ڕووخانی مهلهکی له عێراق بۆ کۆماری، میری دهورهیهکی کردهوه بۆ مهلاکانی مزگهوت، ههرچی ناجیح بوو کرا به مامۆستای قوتابخانهی سهرهتایی.

ئاغاکان و شێخهکان و دهروێشهکان و فهلاح و حاجییهکان... بهیت و بالۆرێیان پێدا ههڵ دهگوتن و له دژیان قسهیان دهکرد، گوایا بۆ دین جهرگیان پهڵاس بووه، ئهمانه دینیان بهجێهێشت بۆ مامۆستای قوتابخانه، جا له مهجریسێکی گهوره کهوا چهند مامۆستای لهمانهی لێ بوو.

وتیان: ئهمه بۆ چ ئهم دینه پاکه و بهجێهێشت و بوونه موعهلیم، خۆتان کافر کرد؟

یهکیش لهم مامۆستایانه دهسبهجێ وتی: گێ بدهنێ حهکایهتهک و بۆ دهکهم.

شوانێک شوانی مهڕێکی زۆر بوو، بهڵام ئهم شوانه زۆر خۆراک بوو، ههر جهم دوو نانیان دهدایێ، شوانهکه پێی تێری نهدهخوارد، بهڵام چوار پێنج سهگی ههبوو بۆ پاسی حهیوان، نانی سهگهکانیشی وهردهگرت و نهختێکی لهپاش وان دهخوارد، ئهگهر ڕۆژێک سهگێک نهخۆش بایه یا دیار نهبایه جهمی ئهو سهگهیان به شوانهکه نهدهدا، ئهو ڕۆژه شوانهکه کهمتری دهخوارد، کاتێک شوان شوانی بهجێهێشت و بووه قهساب و گۆشتفرۆش، ههرکات بۆ خاتری ڕیخهڵۆک و هێسک دهوراو پشتی ئهم قهسابهی کهونه شوان پڕی سهگ بوو، جارێ لێیان پرسی: ها فلان چۆن بوو شوانیت بهجێهێشت بۆ قهسابی؟

له وهڵامدا وتی: تا ئێستاکه شوان بووم چاوم له دهستی سهگان بوو که نهختێ له جهمهکهی ئهوان بخۆم، ئێستا ویستم پاداشتی ئهم سهگانه بدهمهوه بوومه قهساب و سهگان چاویان له دهستی منه، یارمهتییان بدهم.

جا باوکم ئێوه چ دهڵێن بۆ بوونی ئێمه به مامۆستا... تا ئێستا ئێمه چاومان له دهستی فهلاح و جوتیار و هتد... بوو ئێستا پاره وهردهگرین و ئهوان چاویان له دهستی ئێمهیه... جا مهجریسهکه کپ بوون و سکوتیان کرد.

اهل السوق اهل النار

مەلايەكى تر مەلايەتى بەجێهێشت و بووە دووكاندار، يەقەى مەلايەكى موعەليمى گرت، ڕۆژێک وتى: دينت بۆ معاش بەجێهێشت.

وتى: ئەمە زەرەرە بۆ قيامەت.

وتى: بەڵێ..

موعەليمەكەش وتى: كتێبەكان دەڵێن: پێغەمبەر (د.خ) فەرموويەتى "اهل السوق اهل النار" واتە ئەهلى بازاڕ جەهەنەمينە، چونكە فێڵ و خيانەت زۆر دەكەن و لەگەڵ غەش لە فەقير و هەژاران...

بەڵام نەيفەرمووە: المعلم اهل النار: مامۆستا جەهەنەمينە... كەواتە تۆ مەلايەتيت بەجێهێشت بۆ دووكاندارى بازاڕ، من بەجێم هێشت بۆ فێركردنى زانيارى منداڵە كوردەكان... كامەيان گوناحترن..

مەلا كپ و بێ دەنگ بوو.

مەزەبى شافيعيت بۆ چ بەجێهێشت

مەلايەک مەزەبى شافعى بوو، وتيان ئەگەر ببى بە حەنەفى مەزەب- ئيمامەت بكەى بۆ توركمان كە حەنەفى مەزەبن لە فلان مزگەوت معاشت دەدەنێ.

مەلا مەزەبى شافعى بەجێهێشت بووە حەنەفى، معاشەكەشى ١٠ دينار بوو.

ئەم مەلايە وتييە يەكێ لە مەلا موعەليمەكان: دينت بەجێهێشت بۆ معاش خۆت بێ دين كرد..

مەلايەكەى موعەليم وەڵامى دايەوە وتى: قوربان من هەر شافعيمە بەس بوويمە موعەليم، واتە لە ئيمامەتى بۆ موعەليم معاشم ٥٠ دينارە، بەڵام تۆ چ خراپەت لە شافعى نەديبوو بۆ ١٠ دينار بەجێتهێشت و بوويە حەنەفى ئەگەر بۆيان بكردايە ٢٠ دينار دەچوويە سەر مەزەبى ساسۆنە جوو... جا هى كامەمان خراپترە.

ڕۆژى قيامەت ئيمامى شافعى داواچيتە لە مەحكەمە..

ئەمەش لە مەجريسێكى گەورە بوو.

مەلايەكە تووڕە بوو هيچ قسەى بۆ نەكرا و هەڵسا و ڕۆيى.

مەسیف سەلاحەدین و بیور بزرکردن

مەسیف سەلاحەدین پێی وتراوە: بەنی پیرمام.

پیرمام ناوی ئادەمیزادێک بووە لە پیاوە ئاینییەکان، گۆڕی لەسەر ئەم چیایەیە، چەند قەبرێکیشی لە دەوراوپشتە، واتە ئەم پیرمامە شەخسە و چاکە، خەڵک زیارەتی دەکەن. تاکو دەوروبەری ١٩٣٦ز ئەم سەرچیایە هەر چۆڵوهۆڵ بوو، دار و دارستان بوو، ئەم مەرقەدەی لێ بوو، کووپەیەکی ئاوی لەکن بوو، جاروبار خێرۆمەند پڕ ئاویان دەکرد بۆ ڕێبواری تێنوو.

بانەمان- گوندێکە لە تەک ئەم چیایەیە، بەلای باشووری چیاکەوە. لە کاتی خۆی خەڵکی ئەم ناوچە بۆ داروبار و سوتەنی دەچوونە سەر چیایەکە داروباریان دەهێنا، بەتایبەتی گوندی بانەمان و گوندی گەریاوە. کابرایەکی بانەمانی پێش بەیانی ولاخی ئامادە دەکات کە بچێ دوو بارەدار لە چیاکە بێنی، دار بڕینیش بە بیور و تەورداس دەکرێ، ئەم ناو چیایە ڕەنەی ترێ و شتیان هەیە، ئەم ترێیە دەکەنە مێوژ، دەکەنە دۆشاو، دۆشاوکردن مەلاکێکی سەر زل و باسک درێژی پێویستە کە خۆشناو پێی دەڵێن: ئەسکۆی دۆشاو، کابرا شەوی ماوە، تاریکە خەریکە بچێ بۆ دارهێنان، چاوی بە خەوە. لە جیاتی بیور، دەس دەکاتە ئەو ئەسکۆی دۆشاوە لەبەر تەنکێشی ولاخێکی ڕا دەکات، تا دەچێتە سەری چیاکە و کن گۆڕی پیرمام، جا ئەسکۆکە دەردێنێ لە تەنکێشی ولاخەکە، گۆیا بیورەکە ڕادەوەشێنێتە دارێک بۆ بڕینی، ئەسکو دەشکێ و کلکی لە دەست کابرا دەمێنێ و سەری دەڕوات. لە کابرای وایە بیورەکەی شکاو سەری پەڕی، کابرا مەعتەل ما. لەلایێ خەمی داربڕین لەلایەکی ترەوە خەمی بیورەکەی.

جا ڕووی لە قەبری پیرمام کرد و وتی: پیرمام بیورەکە بدۆزمەوە دوو کۆتکە مێوژت بۆ دەکەمە خێر.

وای گوت و دەستی کرد بە گەڕان لەم ناوەدا بۆ سەرکە بیورەکە، سەرکی ئەسکۆی کەوتە دەست و هەڵی گرت و سەرنجی دا کەوا قووڵە و گەورەیە، وای زانی کەوا ئەمە کۆتکە، جا وتی: پیرمام چەند خۆشباوەڕی هێشتان بیورم نەدۆزیتەوە، تۆ جارێ کۆتکم لە دەست دەنێی بۆ دوو روبە مێوژەکەت. دەرێم وەڵلاهی تا نەیدۆزمەوە خێرەکە ناکەم.

ڕێوییــەکی لەڕ تووشــی شــێرێک بوو، شــێر وتــی: ها ڕێوی بۆ چی وا لە ڕی، وتی پاشــا لە برســان، شــێر وتی: وەرە ببــە پیــاوی من بــۆ خــۆت لە بەرمــاوەی من تێــر دەخۆی، جا بووە پیاوی شێرەکە، ڕێوی وتی پاشا ئەرکی سەرشانی من چی بێ لەبارەی جــەنابت، شــێر وتی ڕێوی تۆ هەر ئەوەندە بڵێ: میــرم چاوت ســۆر بووە و کلکت ڕەپ بووە، کە دەستم کرد بە ڕۆین لە پێشم سەما بکە و وا بڵێ.

جا جەم بە جەم نێچیریان پەیدا دەکرد تا وای لێ هات ڕێوی وەکو دابەستی لێ هات (قەڵەو بوو).

لەخۆی مەغروور و بایی بوو، وایزانی کە ئەمە هەر بۆ وی لە گۆڕێیە، نەشیزانی ئەو خۆشییە لەبەر پاشایە.

جا ڕێوی لێیدا ڕۆیی و شێری بەجێ‌هێشت، چووە چەمێک. ئەس قەزا چاوی بەڕێوییــەکی لەڕ کــەوت و وتی: هــا ڕێوی بۆ چ وەها لــەڕی، وتی: لە برســـان، وتی: وەرە ببە پیــاوی من، لە بەرماوەی من تێــر بخــۆ و قــەڵەو دەبی، من پــاشــامــە، ڕێوی وتی ئەرکی سەرشــانی من چی بێ؟ وتی بەس ئەوەندە لەپێش من ســەما بکە و بڵێ: میرم کلکت ڕەپ بووە و چاوت سۆر بووە.

جــا هــەردوو ڕێوی روویان کــردە هۆبە رەشــمـــاڵێک و مــەڕومــاڵات، ڕێوی قــەڵەو بەپێشکەوت و ڕێوی لەڕیش ســەمای دەکرد و دەیگوت: میرم چاوت ســۆر بووە و کلکت ڕەپ بووە، خــەڵکەکــەش هاتنە تەمــاشــا و وتیــان: ها ڕێوی لە چ دەگــەڕێی؟ وتی: چی؟ پاشــامــە و ڕێوی نیــمــە بێنن حــەیوانێکی قــەڵەو ئەگــەرنا بە هیــلاکتــان دەدەم.

ئەوانیش وتیان: لاچۆ ڕێوی لاچۆ، جا دۆیهای سەگانیان لێ کرد و سەگ تێیان ئالاو ڕێوییــە لەڕەکــە زوو کــەوتە خنکە خنک و ددانی چیــڕ دەکــردەوە و دەیگوت: گەواد وەکی هەر ڕێوی بووی بۆچی منت بە هیلاک دا. ئەو خنکاندرا و ئەوی تر تا نەجــاتی بوو هەمــوو بەزەکــەی و قــەڵەوییــەکەی لە قــوون هاتەوە، لە چەند شــوێنێ زامدار بوو، جا تفی لەخۆی دەکرد و دەیوت: ســەگی سەگباب تۆ ڕێوی بووی کەی پاشا بووی؟ کفر بوو ماوەیەک بوویە پیاوی شێر، دەبرۆ و مــتۆبە– خــەڵک بەهۆی خەڵکی نابێ مەغروور بێ و لەخۆی بایی بێ، ئەگەرنا ڕۆژێک وەکو ڕێوی لێ دێت!

چما قسە لەگەرە من ناکەی؟

کابرایەک دەیوت کە مەلا دەرس بە فەقێیان دەرێ و کتێب لە بەردەمی خۆی پان دەکەنەوە، جا ئەس قەزا کتێبێکی ئەگەر دیتەوە، ئەگەر دزی.

خەڵکی گوندەکەی خڕ کردەوە و وتی وەرن شتێکی سەیرم دۆزیتەوە. جا کۆبوونەوە و کتێبەکەیان لە بەردەمی خۆیان پان کردەوە و وتیان: دەی، واتە قسە بکە، کتێبەکەش دەنگی نەکرد، جا لێی تووڕەبوون و وتیان: دایەت دەگێم چما لەگەر (لەگەڵ) مەلا قسە دەکەی و لەگەر ئێمە قسە ناکەی، یەکیان وتی: مەلا مەندیلی لەسەرە و کەوا و سەڵتەی لەبەرە، ئێمەش سادەیینە.

جا چوو بە هەزار حار و قەرد و قون مەندیلێکی کڕی و کەوا و سەڵتەیەکی لەبەر کرد و مەندیلی لەسەرنا، جا کتێبی پان کردەوە و وتی: ئەوجا قسەمان لەگەڵ بکە، ئێمەش وەکو مەلامان لێ هات.

کتێب هەر قسەی نەکرد، گۆتیان: دیارە مەلات پێ لەمە پیاوترە بۆیە قسە لەگەر ئەو دەکەی و لەگەرە مە ناکەی. جا دایاننا و کردیانە نیشانە بە تفەنگان و بە بەردان لێدە و لێدە تاکو پەڕ پەڕیان کرد و لەناویان برد.

ئا ئەمە عەقر (ئەقڵ) و هۆشی هەندێ مرۆڤی بەرایی بووە.

مەلای شەمامەر و کێخوا فەتحی

گوندی شەمامەر لە ناوچەی هەولێر، عەرەب پێی دەرێن: تل البعرور، دوو بەشی گوندەکە عەرەبە و بەشێکی کوردە، کێخوایەتی گوندەکە هەردەم لە دەست عەرەبەکانە، جا کابرایەک لەوێ کێخوا بوو، مەلا خدر هەبوو کورد بوو لەوێ مەلا بوو، چونکە مەلای عارەب دەتوانم برێم (بڵێم) هەر نییە و یاخۆ لە ٥٪ ئەویش لە شارەکان. جا کێخوایەکەی عەرەب مرد و کوڕەکەی لە شوێن دانیشت کە ناوی فەتحی بوو، گۆتیە مەلا خدر: مەلا ئەتو لەکاتی بابێ من مەلا، ئێستا ئەمن دانیشتم لەجێی بابم ئەتو هەم مەلا، لە کونی من، باشە. مەلاش وتی باشە.

جا عەسرێک لە سێبەری مەگعەد فەتحی قاوەی لێ دەنا و گۆتییە مەلا خدر: مەلا هەندە بێنە بەعرور، واتە قشپل، هەتا لێ دەنێی گەهوە، مەلاش وتی: چم پێ نییە قشپلەکەی تێ کەم.

فەتحی وتی: امش- امش حطو بزبونک، واتە لە کەوات بکە.

مەلا وتی: ناکرێ، پیسە و بێ نوێژە، فەتحی تووڕە بوو، وتی: سەگباب خوندییە دوو حەرف لێ دەدەی دەعییەی فیرعۆن. انی أگول امشی جیب. بە کورتی مەلا ناچار بوو قشپلەکەی لە کەوای کرد و هێنای.

جارێکی تر جاشکەک چووە سەر جۆخین، بەمەلا و بە فەتحی جاشکیان گرت و لە عەردیان دا. مەلا گرتبووی، کێخواش بە مستان لێی دەدا، جاشک دەتڕی.

کێخواش دەیگۆت: بعێرەک مولا: واتە بەکێرت مەلا.

ئا مەلا خدر تا مرد بەم حاڵەی ئیدارە کرد.

شەڕی مێرد و ژنی کەندێناوە

کابرایەکی ئەم کەندێناوەیە لەگەڵ ژنەکەی بەشەڕ هات و ژنەکەی خەریکی زیزبوون بوو، منداڵەکانی بەسەر مێردیدا بەجێهێشت. کابراش کەوتە دوایی و گاسی (بانگی) دەکرد هۆ خاسێ بگەڕێوە. بەعەقی (حەقی) قورعان (قورئان) نەگەڕێیەوە دەچمە دیبەگە کەرێک دەکڕم و گەلێکی سوار دەبم لە باتی تۆ، بێ مەسرەف و جلوبەرگە، جا خاسێ لە ترسان گەڕاوە.

بەس دوو قسانم لەگەڵ بکە

کابرایەکی ناو چیا لە مێژبوو بەهۆی کاروان لە ماڕێ (لە ماڵ) دوور کەوتبووەوە، کەری ئەم ناو چیایەش هەمووی هەر نێرەکەرە.

کابرا ژنێکی دەبێ ناو: فاتۆک، جا لە شوێنێک دەگاتە گاڕانێک و پاڕێز داوێ ماکەرێکی بۆ ڕێک دەکەوێ و سواری دەبێ و لە کاتی ئیشەکە دەڵێ: وەڵڵاهی بەس دوو قسەت لەگەڵ بکردابامایە تامت لە فاتۆکی ژن خۆشتر بوو.

کابرای هەرتەل و بێوەژن

کابرایەکی خەڵکی گوندی هەرتەل لە خۆشناوەتی بێوەژنێک دێنی و بێوەژنەکە شەش مێردی کردبوو جا شەوێ چووە لای و سوبیانێ لە کانی خۆی شووشت، لێیان پرسی چۆن بوو؟

وتی بەخوا لەگەر تێنان لنگەکراشێکم دا بن و نیوەی چووە ناوێ هێشتان ئاگای نەدا، ئەم قسەیە گەیشتەوە ژنە.

ژنە تەنگاوی کرد و وتی: مادام وات وتووە دەبێ تەراقم بدەی، جا کردییە هەرا و خۆی پێ بە تەراقدان دا.

مەلای کەور و بێستان و فەقێ

لە ساڵی ١٩٤٣ز تاخمە فەقێیەک لەم دەشتی هەولێرە لەلای مەلایەک دەخوێنن، مامۆستا لە نەفس ولئەمرو بەعزێ مادە مەلایەکی مناسب بوو، کەچی لە مەتح و سەنای خۆی هەر بەخۆی نێزیک عەللامەی تەفتازانی بوو، جا نەک لە عیلم و زانین، بگرە لەلای خۆی لە هەموو شتێک هاوتای نەبوو، بەڵام کێ ئەم مەتحەی دەکرد؟ هەر بەخۆی بۆ خۆی.

لە کۆتاییی زستان لەکن گوندی، لە پەنای غەرابەیەک، لە نەوراییەک بیستانێکی گەورە و زۆری کرد، دەیگۆتە فەقێیەکان: ئەم بێستانە هەر بۆمن نییە و بۆ ئێوەشە، تومەز مەبەستی وا بوو کەوا بێستانەکە بە فەقێیەکان بژار و تەربیشی بکات، جا دەست کرا بە بژار و تەربیشی بێستانەکە بەدەست و بازووی فەقێیەکان.

بێستانی گوندی دەستیان کرد بەپێکەیین، فەقێیەکان قلە قلە گندۆرە و تەرۆزییان لە گوندی چەنگ دەکەوت.

مامۆستاش هەموو رۆژێ لەلای فەقێیەکان دەیگۆت: بەداخەوە بێستانەکەی ئێمە هەرپرووکا و وشک بوو، بەری چی، گندۆرەی چی، تەرۆزی چی؟

فەقێیەکان ئەگەرچی بێ ئەدەبیشە، بەڵام مامۆستایان لەلا زۆر درۆزن بوو، چونکە لەجیاتی تووتن و جغارەش سەبری بەدرۆ دەهێنا.

جارێک پاش نیوەرۆ، مەلا لە ماڵێ خافرە و گەرمایە، دوو فەقێ خۆیان گەیاندە بێستانەکە و دیتیان. لکوبەرە، هەر گندۆرەیەک لە کیلۆ پترە، جا دەرپێیان لە پێ کردەوە و دەلینگەکانیان بەست و پڕیان کرد لە گندۆرە و تەرۆزی، چونکە کەوایان لەبەر بوو، ئەدەب و شتیان بەدیار نەکەوت، هێنایانەوە، تێ بەربە و بخۆ، چەند گندۆرەیەکی گەورە و باش ماوە بۆ سوبیانێ، مامۆستا هات بۆ دەرێ و چاوی بە گندۆرەکان کەوت و شێت بوو، وتی: ئەم گندۆرە چاکانە هی بێستانی کێیە؟ ئێمە

بێ تالح بووین بێستانەکەی من هەرپڕووکا.

دەستی گەیاندە گندۆرەیەکی گەورە و سپی کرد و کونی کرد و داینا تاکو فێنک ببێ، لە خۆشی گندۆرە زەردەخەنەی و هاتێ. یەکێک لە فەقێیەکان وتی: مامۆستا نازانی ئەم گندۆرە چاکانە هی بێستانی کێیە؟ وتی: ناوەڵڵا، وتی: قەسەم بەخوا هی بێستانی تۆیە، کە دەتگۆت هەرپڕووکایە، بە ئێمەت بژار کرد و ئێستاش دەستت کردووە بەم دیعایانە تاکو نەماندەیێ، ئێمەش دوێنێ چووین دوو دەرپێمان پڕ هێنا ئەمە هی دوێنێیە مایتەوە.

کە وای گۆت: مامۆستا لە عەژمەتان چاوی زەق بووەوە و دەمی ڕەق بوو گندۆرەکەی نەخوارد، لەبەرئەوەی ڕەزیلی یەک بوو لە سیفاتی چاکەی ئەو مامۆستایە، هەرستا ڕۆیی و ئەو ڕۆژی دەرسیشی نەگۆتەوە، جا دەستی کرد بە دیعایە کەوا: فەقێ بێستانەکەی منیان بەردایە و کاولیان کردووە، ئا ئەمە سیفاتی میراتگری پێغەمبەرە بەداخەوە.

خۆم سەیدم و باوکم سەید نییە

مەلا سەید عەبدوڵڵای توتمەیی کە مەلایەکی چاک و پیاوێکی چاک بوو، گێڕایەوە و وتی: لە مزگەوت لەناو فەقێیان دانیشتوویمە، زاتێک بەدیارکەوت، شان و عەبای، سەری تۆپێ سەوز، پشتی تۆپێ سەوز، هاتە ژووری و سەلامی کرد و موسافەحەمان لەگەڵی کرد، پیاوێکی بە سەروسیما، وتم: جەنابت سەیدی؟ وتی: لە ڕووتان بێ ئەدەبی نەبێ بەرێ قوربان.

وتمان باوکیشت سەیدە، وتی: لە ڕووتان بێ ئەدەبی نەبێ قوربان ناوەڵڵا. وتمان ئەدی دایکت، وتی: بەخوا قوربان ئەویش سەید نییە.

جا خۆمان تووڕە کرد و وتمان: سەگی سەگباب کە دایک و باوکت سەید نەبێ تۆ ئەم سەیدایەتییە لە ق... دایکت دەرهێناوە، هەستە لێرە نەمێنی، سەگباب جا هەرستا و ڕۆیی.

***

سەید حەمەدەمینێک هەبوو لەم دەشتی هەولێرە، پیاوێکی بە سەروسیما، دەیگۆت من سەیدم، بەڵام خوا قەبووڵ ناکات شایەدیم بۆ عەلی برام پێ نادرێ، کە سەیدە.

مەلا قادری گەروشینکی و مەلا سەید خدر

لە دەوروبەری شەڕی یەکەمی جیهان مامۆستا مەلا سەید خدر هەبوو لە گوندی: کەسنەزان و باقرتە، مەلا بوو لەم دەشتی هەولێرە، پیاوێکی بەدین و مەلایەکی باش، خاوەنی فەقێ و مەدرەسە، بەڵام زۆر توند تەبیعات بوو، عەسەبی.

فەقێیەکیش هەبوو زۆر قابیل، لەسەر ئیجازە، پێیان دەگوت: مەلا قادری گەروشینکی، مەلا قادر مەشوور بوو، ۱۰۰ تەرکیب لەسەر جوملەی: (ضرب زیدچ) کرد بوو، زۆر زیرەک و قابیل، مەشوور بوو لە فوقاهای سەلاسە، کەوا سێ فەقێی مەشوور بووینە:

۱- مەلا عەبدوڵڵا بورهانی، ۲- مەلا قادر گەروشینکی، ۳- مەلا قادری دووسەرەیی، مامی مەلا خەلیلی سنجاوی. (شاعیر)

بۆ زانین: گەروشینک- گوندێکە.

جا ئەم مەلا قادرە لە مەدرەسەی مەلا سەید خدر مێوان دەبێ، دەکەوێتە موباحەسە و موجادەلە لەگەڵ مەلا سەید خدر، مەلا سەید خدر پێی ناوەستێ، جا مەلا قادر دەرێتە مەلا سەید خدر تۆ جاهیلی و چ نازانی.

بۆ خۆت دانیشە و مەڵێ مەلامە، مەلا سەید خدریش تووڕە دەبێ و دەڵێ: مادام من جاهیلم ئەدی ئەم هەموو فەقێیەم لە لەشی داکی تۆ دەرهێناوە؟ واتە بۆچ لەلامن؟ مەلا قادر تووڕە دەبێ و دەڕوات، دەچێتە گوندی قازیخانە کە ئەو کات مامۆستا مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی لەوێ مەلا دەبێ، مەلایەکی چاک و خاوەن مەدرەسەیەکی چاکە، مەلا قادر ئەم گازاندەیە لەلای مامۆستا مەلا ساڵح دەکات کە مەلا سەید خدر وای پێ گۆتییە، مامۆستا مەلا ساڵحیش پێ دەکەنی و دەرێتە مەلا قادر: تووڕە مەبە مەلا سەید خدر مەتحی کردی، تۆ مەمنوون نابی کەوا لەشی دایکت ببێتە جامع الازهر- ئەمەندە فەقێیەی لێ دەربچێ. جا مەلا قادر لەوێش تووڕە دەبێ و دەڕوات.

بۆ زانین: جامع الازهر- لە میسرە زۆر لەمێژە مەنبەعی زانین و عیلمە، هەر کات لە ٤٠٠٠٠ خوێندکار کەمتری تێدا نییە.

مەلا سەرم چاک بکەوە

لە گوندێکی ناوچەی هەولێر، بەر لە گرانی، گوندی ماری فارساغە بوو، حاجی ڕەحمانی حەوێز لەوێ کێخوا بوو لەگەڵ خزمەکانی خۆی، لە عەشیرەتی پووکەسەری، حاجی ڕەحمان پیاوێکی زەریف بوو. مەلایەکی هەبوو لەوکاتدا لە گوندەکە ئیمام بوو، ڕەمەزان بوو، مەلا جۆرکە گەنمێکی دانا بۆ سەرچاککردنەوە. واتە: مەلا گەنمەکەی بەقەرد دەدایە یەکێک و کابراش دەیداتەوە مەلا و دەڕێ لە باتیی سەرفترەی خۆم هی ئەوساڵە کە خوا لەسەری واجب کردیمە. کابرایەکیش هاتە لای مەلا و وتی: سەرم چاک بکەوە، بەڵام چم نییە بتدەمێ، چونکە ساڵەکە وابوو نان شیرین بوو.

مەلاش وتی: گەنم، وتی نیتم، وتی: جۆ، وتی نیتم، مەلا وتی: سەرت چاک ناکەمەوە، چەندی خەڵکەکە و حاجی ڕەحمان وتیان، بەرێ مەلا سەری چاک نەکردەوە.

جا کابرا هەرستا و دەستی دا گەنمەکەی مەلا و چووە بەردەرگەی دیوەخان و وتی: بەخۆم سەری خۆم چاک دەکەمەوە.

جا وتی: (مەلا هینم بە هینت وە هینت بە هینم) لە باتیی سەرفترەی ئەوسار کە خوا لە سەری واجب کردیمە، (هینم بە هینت وە هینت بە هینم) لە باتیی سەری خێزانم،... هتد.

کە وای وت و لێ بووەوە هەڵات، کوڕە نەڕۆیی، بەرێ بێ فایدە بوو، مەلا تووڕە بوو، خەرکەکەش وتیان: بەڕاستی کابرا هەقی بوو. چەندمان تکا لێ کردی سەرت چاک بکردبایەوە هاوینێ دەیدایێ.

قازی گوندی سەدوم

خوا لە قورعان باسی قەومی (لوط) دەکات و گوندەکەی ژێراوژوور کرد و بە هیلاکی دان، گوندەکە ناوی: سەدوم- بوو.

ئەم گوندە قازییەکی زۆر ناهەق و زاڵمی هەبوو.

عەرەب دەڕێن: (اجود من قاضي سدوم)، واتە: زاڵمترە و غەدار ترە، فلانە کەس لە قازی سەدوم، سەدوم گوندێک بووە لە نێزیک کوفەی ئێستاکەیە.

ئەم گوندە زێیەکی لەکن بووە، ئەم زێیە حکوومەت پردێکی لەسەر کردووە، جا هەرکەس بەسەر ئەم پردەدا بپەڕیبایەوە جانداری ئەو کات هەقی پەڕینەوەیان لێ دەساند.

کابرایەکی هەژار ژنێکی سواری کەرێک کردبوو بەسەر پردەکەدا پەڕییەوە یەقەیان گرت بینە پارە، ئەویش نەیبوو.

جا هەرستان:

١- کلکی کەرەکەیان بڕی بە هەتک.

٢- هەندەیان لە ژنەکەی دا، ژنەکەشی حەملی هەبوو، بەری هاوێشت.

٣- زۆریشیان لە کابرا دا.

کابرا چووە لای قازی شکاتی کرد، قازی تەحقیقی کرد کە ئیشەکە وایە، جا قازی فەرمانی دا لەم تۆڵەیە:

١- سواری ژنەکە بن تاکو حەملی پەیدا دەبێ.

٢- ئیش بە کەرەکە بکەن تاکو کلکی دێتەوە. جا وایان کرد.

کابرا ڕۆیی و دۆعای کرد و لە خوا پاڕایەوە، کاتێک ئاوڕی داوە دیتی گوندەکە خوا وێرانی کردووە. زۆربەی تەفسیرەکان ئەم حیکایەتە دەڵێن.

چاوم هەر لێتە

جوولەکەیەک چەند ساڵ بوو موسڵمان بووبوو، بەڵام کە بەلای کڵێسادا تێ دەپەڕی هەناسەیەکی هەردەکێشاو دەیگۆت: کڵێسا وا تێمەگە من موسڵمان بوویمە و تۆم لە فیکر کردووە، تیلە چاوێکم هەر لێتە و موحەبەتت لەدڵم قەت دەرناچی، جا لە بحەشتێ چاوێکت لێمان بێ. مەبەستی ئەمەیە جوولەکە کەم وایە ساغ ببنەوە بە تەواوی ببنە موسڵمان.

مەلا و جوولەکە

لە چەرخی پێشوو، لەم دەشتی هەولێرە مەلایەکی باش دەبێ. جوولەکەیەکیش ئەس قەزا ئەم مەلایەی خۆش دەوێ، وا دەزانم جوولەکە لە گوندەکەی کە مەلای لێیە

تێکەولێکەیەکی زۆری دەبێ: نیـوەکـار و شـوانکارە و قـەرد و سـەلەم، جـا ئەم مـەلایەش خـاتری لە گـوندەکـە زۆر بووە، خـەرک بەگـوێی دەکـرد، جـا مـەبـەسـی جوولەکەکە ئەمە بـووە تاکو هەقی لە گوندەکە نەخورێ، جا هـەموو ساڵێ جـوولەکە یەک تۆپە جانگی دەدایـە مەلا، لەگەڵ وردە موسـاعەدەیەکی تریش، جـارانیش لباس لەبەرکـردن بۆ ژن و پیـاو هـەر جـانگ بووە، پیاو کـردووتیـانە کـراس و دەرپێ، ژنیش هەروەها بەڵام لە خمیان داوە.

جا جوولەکە مرد، خەڵکی گوندی بە ئاغاوە چوونە تازییەی جوولەکە، وتیانە مەلا فـەرموو جـەنابیـشت با بچین، مـەلا وتی: نایەم- جـوو تۆپی گوو بـەگۆڕی بێ، سـاڵێ تۆپە جـانگەکی دەدامێ، ئەویش با نـەبێ، جا خـەڵکەکـە چوونە تازییـە و قسـەکـەیان بۆ کوڕی جوولەکە گێڕاوە.

کوڕەکـەش ئەمەی لە دڵ گران بوو، بەڵام لـە دڵی خۆی گرت، ئەس قـەزا مەلا هـاتە شار و کوڕە جوو لەسـەر دووکـان چاوی بە مەلا کەوت، بانگی کـرد و ئیکرامی گرت و چای بۆ کرِی و وتی: مـامۆسـتـا بـاوکم وەسـیـەتی کردووە، وتی: کـوڕم من سـالانە تۆپە جانگەکم دەدا فلان مەلا، تۆش دەبێ هەموو ساڵێ بیدەیێ، شتی تریشی بدێ، لە شـەکر و چایە و حـەسیرە خورمـا، مامـۆستـا دوو سێ شـەپی لە ڕانی خـۆی دا و دەسـتی کـرد بە پەکـو پەکـو، وتی: مـەرحـومی باوکت لە چ ڕۆژ وەفـاتی کـرد؟ ئەدی وەسیەتەکەی هـەر ئەوەندە بوو- چیی تری نەفەرموو؟

ئا ئەمەیە تەماعکار، ناوی پیاوانی ئاینی دەزڕێنی.

سەلەم: ئەوەیە یەکێک کالایەک دەکرِێ و پارەی نییە جا یاخـۆ پارە وەردەگرێ بە قـەرد تا کـاتی درۆینە، یاخـۆ هـەر حـاسـیـلاتێک، کـە دێتـە بەرهـەم، ئینجـا لە جیـاتی قەردەکە کالاکە دەداتەوە خاوەن قەردەکە.

ئەوهات لێ دەکەم

مـەلا محـەمـەدی بن جـوو کە لە چەرخـی ١٩٧٠ز- تـەمـەنی لە دەوروبـەری ٧٠ سـاڵیدا بوو، لە ژیاندا بوو، پیاوێکی خوێندەوار و تاکو دەوروبـەری کتابی (جمع الجوامع)ی خـوێندبوو، تێگەیشتـوو بووە لە کاتی خۆی. پیـاوێکی سوحبـەتچی و عەنتیکەیە، لە بابەت دین و ئاین زۆر کـەمتـەرخـەمـە، مـەلایەتی زۆر کـردووە لە دێهـاتەکـانی دەو

ڕووبار، نێـزیک شـاری هەولێـر، لە کـاتی خـۆی ئاغـاکـان ناویان دەبرد بـە: مـەلا هیتلەر.

ئەمـەش بزانـین کـە گـوندی دەو ڕووبار لە کـاتی پێـشـوو زۆر ناسـاز و ناخـۆش بووینە لـەبەر ئاوی ناسـاز و خـاکی گـران و پێـشکە و خـڵـتـان و شت. خـەڵکی ئەم گوندانە زگ گەورەو بێهێز و بێ دەسەڵات بووینە، بەتایبەتی لە کژی هاوین.

مامـۆستـا مەلا قـادری سوورێژەیی کە مـەلایەکی چاک بوو، زۆر تێگەیشتـوو بوو، لە دەوروبەری ١٩٦٥ز– وەفاتی کرد لە تەمەنی ٧٠ سـاڵیدا، لە کاتی خـۆی ئەم مەلا مـحەمـەدەی بن جوو لەگەڵ مامـۆستـا مـەلا قادر مـوستـەعید دەبن و تازە جاحێڵ و لێـهاتـوو دەبن لە ناوچەی خـۆشناوەتـی دەخـوێنن بە یەکەوە. جا بە سـەفـەر دێنەوە ماڵێ لە ناوچەی دزەییـاتی، پاش ماوەیەک دەس دەدەنە یەک و بوخـچە کە ئەسـبابی خـۆیان لەنـاو دەنێن لەجیـاتی جـانتـا و باولی ئێسـتـاکە، بەیەکەوە لـە مـاڵێ بەرەو شـاری هـەولێر، لەوێشـا بەرەو خۆشناوەتی، دنیاش هـاوینە. سوبـیانـێ زوو لە ماڵەوە دەکەونە ڕێگە بە جـووتە. لەپاش خۆرهەڵاتن دەگەنە گوندێکی (نزیک هـەولێر). ڕێگە بە ڕۆخ گوندیدا تێپەڕ دەبێ. دەبینن لە حەوشـەیەک ژنێکی جوان و خنجیلانە لەبەر سـێبـەر خەوتووە. لەسـەر گـازەڵەی پشت ڕاکشـاوە. دڵ بۆی دەفـڕی، چونکە لەبارەو ناسکە و خنجـیلانەیە و جـحـێڵـە. گوندەکەش نـا سـازە. مـەلا بن جـوو دەرێتـە مـەلا قـادری، برام بوخـچـەکەی من بگرە و بڕۆ بەخـوا من ئەم ژنە هـەر دەگـرۆفم. چەندی مـەلا قـادر ڕەجـای لێ دەکـات، بـەرێ سـوودی نابێ. مــەلا قـادر هـەردوو بوخــچـە هـەردەگـری و دەس دەکـات بە ڕۆین. مــەلا بن جـوو رادەوەسـتـی تاکـو مــەلا قـادر تەواوێک دوور دەکەویتەوە. جا مـەلا بن جوو دامێنی تاوی لێ دەسـەنی دەچێتە لای زەلامـێکی چوارشـانە و نەپڕژاو نـاشـیـرین، ژنە دەحـەپەسێ، ژنەتـیـو دەقـیـژێنی و هاوار دەکـات. دەبێتـە گاڵە و هـەرا خەڵک کۆدەبنەوە. مـەلا بن جـوو بۆی ڕا دەکا و تریسکـە دەبەسـتێ و خـەڵکی گـوندی... دەکەونـە دوای بە نەچـی سـەگـبـاب، نەڕۆی قەحـپەباب، بەرێ، مەلا بن جوو جـاحێڵە و ئاوی سـازی خواردووە و ترسـی لەدوایە. ئەوانیش خەرکی ئاو ناسازن. تۆزی ناشکێنی. ها لێرە، ها لەوێ، مەلا بن جوویان لەدەست چوو، لە ناکاو دەگەنە مەلا قادر ئەویش وەکو مەلا بن جوو کەوا و سـەڵتەی لەبەرە، بەڵام لاواز و زەعیـفە، توند دەیگرن، دەرێن: تۆ ڕەفیـقی ئەم فـەقێیـەی، هـەو نیمـە بەرێ سـوودی نـابێ تـا شل و کوت دەبێ لێی دەدەن، تاکو بـە چەند سـوێند و

قورعان قوتار دەبێ، کە من ڕەفیقی ئەو نیمە، بەڵام جوانیان پەستەوە.

لە کاتێک لەبن هەولێر مەلا بن جوو ڕادەوەستی تاکو مەلا قادر دەیگاتێ، زۆر جوێنی پێ دەدا، مەلا بن جووش پێ دەکەنی و دەرێ: ئەوهات لێ دەکەم. تۆش بۆ خۆت ڕات کردبایە.

ئەم ڕووداوەش لە دەوروبەری ١٩٢١ز بووە بە قسەی هەردووکیان کە دەیانگێڕاوە و مەلا بن جوو پێ دەکەنی.

لە ساڵی ١٩٤٢ز مەلا بن جوو مەلای گوندی ماستاوە بوو خۆی ئەمەی بۆمان گێڕاوە.

جبل الجهل (واتە: کێوی نەزانی)

مەلا شێخ بەکر هەبوو لە گوندی چیوەی ژێری مەلا بوو، پیاوێکی جوان، بەدین و ئاقڵ، کوڕێکی هەبوو مەلا ئەحمەد. نەختەکی خوێندبوو، مەلا شێخ بەکر ژنی بۆ هێنا و چووە گوندی کونەفلوسە بووە مەلا، لەوێ زۆر دەستکورت و هەژار بوو.

ڕۆژێک دەستی دا کتێبی (فرائض) کتێبی میرات. دیتی نووسراوە: (وابن الابن کالابن في الميراث عند عدمه). واتە: کوڕی کوڕ لە میرات گرتن وەکو کوڕە ئەگەر کوڕ نەبێت، واتە کابرایەک بمرێ و کوڕی نەبێ، بەڵام کوڕی کوڕی مابێ، جا نەوەکەی لە جیاتیی کوڕەکە میراتی باپیری دەبات، مەلا ئەحمەد وا تێگەیی کەوا باب هەبێ یا نەبێ نەوە وەکو ئەوە لە میراتی باپیر.

جا سەری بادا و وتی: هەی دایکت بگێم بابە منی لە میراتی باپیرم بێبەش کردووە، بە هەق بێ منیش وەکو باوکم هاوبەشم لە میراتی باپیرم، دەستیدا کتێب و لە کونەفلوسە هاتە گوندی چیوە، لای باوکی، باوکی وتی: ها ئەحمەد خێرە هاتووی؟ وتی: بەرێ بابە بۆ میراتی باپیرم هاتووم تۆ دایکی منت گاوە لە میراتی باپیرم بێبەشت کردووم، منیش وەکو تۆ میرات دەگرم هەر یەک و نیوەمان.

ئەویش وتی: کوڕم مادام من هەبم تۆ میرات لە باپیرت ناگری، لەبەرئەوەی من لەپێشترم، وتی: ئەو درۆودەلەسانەی پێ ناوێ کتێب دەرێ: (وابن الابن کالابن). واتە کوڕی کوڕ وەکو کوڕە لە میرات. چەندی مەلا شێخ وتی وا نییە و تۆ تێی نەگەیشتووی، بەرێ سوودی نەبوو، مەلا ئەحمەد وتی: لێت دەستێنم و چاوت

دەردینم، جا بووە مرِوهۆرِ و شەرِەجوێن و خەڵک کۆبوونەوە، مەلا شێخ بەکر وتی: هەی جبل الجهل- میراتی چی دەفنبە، ئەم ئیشە بڵاو بووەوە.

ئەمیری ئاقڵ

لە چەرخی کۆن کابرایەک دەچی بۆ حەج، وا مەشوورە کە دز و جەردە و گیرفانبرِ لە مەککە زۆرە. کابراش تەواوەکی پارە پێ دەبێ. خەیاڵ دەکات کەوا من لەژێر ئیحرامم و رووتم و ئەم پارەیەم لەلابێ دەی دزن لێم.

کابرایەکی یەختیاری رِدێن تەپشوولانیش دووکاندار دەبێ و دووکانەکەی لە نێزیک قۆناغی حاجییەکان دەبێ، شکل و سیمایەکی جوان و نوورانی، دائیم تەزبێحی لە دەست و دەمی دەجووڵێ و وێرد و ئەوراد دەخوێنی.

کابراش یانی حاجی هاموشۆی دەکات و لەلای دادەنیشی جاروبار شتی لێ دەکرِی، حاجی ئەم باسەی بۆ دەکات، ئەویش دەڵێ فیکرەکەت زۆر رِاستە، پارەکە بێنە لەلای منی دابنێ، تا کاتی پێویستی، ئەویش پارەکەی گشت لە دەست دەکات و کەمێک دەهێڵێتەوە، ئیحرام خەلاس، خەڵک خەریکی بەرەو ماڵ بوونەوەیە، دەچێتە لای و داوای پارەکە دەکات کەوا نەختێ دیاری و شتی پێ بکرِێ و بەرەو ماڵ بچێتەوە، دووکاندار دەڵێ: "استغفرالله ورب البيت ما اعطيتني قروشاً واحداً"، چەند حاجی دەڵێ ئەویش هەر دەڵێ:" صلو على النبي، لا تستهزء بنا". نەیسە هیچ چارەی نامێنی.

کابرا رِۆژێک دەچێتە لای ئەمیری مەککە و دەگریێ و باسەکەی بە درێژی بۆ دەکات، ئەویش دەرێ: حاجی ئێرە مەککەیە، لە کاتی خۆی ئەمەی سەحابە و پیاو چاک بوون رِۆیین و ئێرەیان بەجێهێشت مانەوە ئەولادی ئەبو جەهل و موونافقەکان، بەسەرو رِیشیان برِوا مەکەن هەمووی قۆڵبرِ و جەردەنە، مەگەر چۆنها نەبێت، من دەنگی لەگەڵ بکەم سوێند و قورعانی دەخوا و قەرداریشت دەکاتەوە. بەڵام سوبیانێ سەعات ئەوەندە تۆ بچۆ لەلای دانیشە و منیش بەخۆم و بە یاوەر و شورتە بەوێدا دێم، ئەوە تەگبیر و رامان بێت، سەلام دەکەم و خۆم دەزانم چ دەڵێم، تۆش ئەوها و ئەوها بڵێ، جا ئومێدم وایە بەم تەگبیرە ئەم زاڵمە پارەکەت بداتەوە، ئەگەرنا خواردی و قوزەرقورتی کرد، تەگبیرەکەش دێت و هەست لێ رِاگرە.

بۆ بەیانی حاجی چووە لای دووکاندار و سەلامی کرد و لەلای دانیشت، ئەویش هەر ئەوەتە دەری نەکرد، بۆ کاتی تایبەتی ئەمیر و دارودەستەکەی بە عەزەمەت و ناز بەوێ داهاتن، ئەمیر چاوی بەکابرا کەوت و دابەزی و غاری دایێ و ئەولا و ئەمەلای ماچ کرد. چاک و چۆنییەکی زۆر گەرم، کەینێ هاتی، لە کوێ مێوانی، بۆ چ لە من مێوان نەبووی، قایل نابم دەبێ لەم جەزایە یەک مانگ لەلام بی و من خزمەتت دەکەم.

ئێستاش چ ئەمرت هەیە بەس بڵێ تاکو ئەمەی خزمەتی کردبی خەڵاتی بکەم و ئەمەی غەدری لێ کردبی سەری بە شیر پەل دەم.

کابراش وتی: جەنابت فەرموو من دوایی دێمە لات و چاکە و خراپەت حاڵی دەکەم، پیاوی تر هەبوون نەیانهێشت مێوانی تۆ بم، بەڵام هەر بە تەمابووم لە رۆیین سەرێکت لێ بدەم، جا ئەمیر رۆیی و کابراش دانیشت، بەڵام دووکاندار گۆڕاو هاتە بارێکی تر، لە پاشا پڕی دایێ و دەستی ماچ کرد و وتی من کردم تۆ نەیکەی.

نەمزانی ئەمیر خزمتە و لەژێر ئیتاعەی تۆیە، ئەمە پارەکەت و ئەوەندەش زیاد، بەس دەنگ مەکە، کابراش بەس پارەکەی خۆی وەرگرت و رۆیی، خەبەری ئەمیری داوە کەوا ئیشەکە پێکهات ئەلحەمدولیلا لە سایەی سەری جەنابت، جا لە پاشان ئەمیر کابرای دووکانداری سزا دا.

ئاشەوان و باراش هێر

لە دەوروبەری ۱۹۲۰ز لە پێشوودا ئاشی ئاگر و کارەبا نەبوو بۆ هاڕینی ئارد. ئاشی ئاو هەبوو، ئەم ئاشە بنکۆر کرابوو، دوو شوێنی گەورە و زل، سەرەکەشی بە کەڕپووچ کرابوونە قوتکە، واش هەبوو بە داروبار و کاریتە سەری گیرابوو.

جا شوێنێک باراشیان لێ دێخست و شوێنێکیش ولاغیان لێ دەبەستەوە، بە پێبلقە و قاڵدرمە دەچوونە خوارێ بۆ ناو ئاشەکە.

باراش لەوێ دەماوە نزیکەی ١٥ شەو ئەوجا نەوبەتی دەهات، ئاشەوانیش ماڵ و ژنی هەر لە ئاشی بوو، دوو داری مستەهەق و زلیش لەبەر ئاش پێیان دەگۆت: مرخە، ئەمە بۆ کاتی بەرداش هێنانە خوارێ بوو، بەردەکەیان پێ ڕا دەگرتن.

چەند باراش هێرێک لە ئاشێک دەمێنێنەوە لەلای عەزەو قونیان و قەتەوی. (گوندن ئەمانە لە نێزیک هەولێر).

چراڕەشکەش هەبوو هەر ئەوەتە کزەی دەهات، شەوێک باراش هێرەکان دەخەون، جگە لە یەکیان نەبێ پاڵکەوتبوو، بەڵام بەخەبەر بوو، ئاشەوان دەچێتە لای ژنەکەی یەکی پیا دەنێ و ژنە دەخەوێتەوە و ئاشەوانیش خەوی لێ دەکەوێ، شەو درێژە، زستانە. کابرای باراش هێر بە ئاگا دەبێ نزرەی دەبزوێ و قیرسی دەکات و دەچێ بۆ لای ژنە ئاشەوان. دەرپێی دادەکەنی و یەکی پیا دێنی، ژنە ئاشەوان چاو بە خەوە، تاریکە هیچ فیکر ناکات لە نەناسی بەس دەزانی کە مەترەقەکی زلە و بەس، زۆری لەلا خۆش دەبێ، کابرا دێتەوە سەر شوێن خۆیی و پاڵ دەکەوێ لە ترسانیش خەوی لێ ناکەوێ، ئاشەوان هەم سا بەخەبەر دێت تاو دەداتەوە ژنەکەی و خەریکی دەبێ، ژنەتیو دەڵێ، کورە چی دەکەی، دەرێ نوێی دەکەمەوە، دەرێ تازە نوێت کردەوە، بەڵام زۆر خۆشتر بوو لە جاری پێشوو. قەت نابێ. دەرێ بەرێ وەڵڵا، نەخێر باراش هێر وایان لە تۆ کردووە، ڕاوەستێ. چووە ناو باراش هێرەکان دەستی لەسەر دڵی دانان دیتی دڵی یەکێکیان وەکو کوتک لێ دەدا، وتی بەرێ ئەمەیە، لنگەکراشەکی لەسەر دانا بە نیشان هاتەوە لەگەڵ ژنە یەکو دەستیان دا مرخەیەک، تا چوونەوە لای کابرا کابراش لنگەکراشەکەی لەسەر پشتی باراش هێرەکی تر دانا یەختیار بوو، جا ئاشەوان و ژنی گەیشتنە لایی و دایانگرت ساوار کوتانە لێدە و لێدە. کابرا بەخەبەر هات و هەی هاوار هەموویان بەخەبەر هاتن کورە چ بوو، ئاشەوان وتی: خۆی دەزانی، مستەهەقە، ئیشێکی گەورەی کردییە، چوویتە سەر جێی ژنەکەم، کورە وا نییە ئەمە یەختیارە و خاوەن ژن و منداڕە، بەرێ سوودی نەبوو، بە کورتی تێریان لێ دا.

جا کە باراش لێ کراو گەڕانەوە کابرا لە ڕێگە پێ دەکەنی وتیان چییە؟ وتی وەڵڵا من وام کرد و مام خدر لێی درا، حاڵ و حەکایەت ئەوها بوو، مام خدر گەلێ تووڕە بوو، شاراوی بردە کابرا، بەڵام ئیشەکە بووە فشە و لە قیسی چوو.

مرخە: دەبێ بزانین (مرخە) دوو داری ئەستوور و زل و قایم لە دار بەڕوو، جاران لە ئاشی ئاو دەبایە مرخە هەبێ، کە بەردە ئاشەکەیان دەهێنا خوارێ بەم دوو مرخەیە یارمەتییان دەدا و لە بنیان ڕا دەکرد بۆ هێنانە خوار، جا بەم دوو مرخەیە ئاشەوان و ژنە ئاشەوان لە مام خدریان دا.

ئای لەم درۆیە

* مـەلایەک مـەولـوودی دەخـوێندەوە وتـی: خـشـتـێـک لە دیوار دەرپەڕی بەسـەر دڵـی کـەوت حـەیاتـی لـە بـەربڕی. کـابرایەک وتـی: ئای لەو درۆیە خـشت کـوو لە دیوار دەر دەپەڕی؟ مـەلاش وتـی: ئەمە لە تۆ عـەجـایبتـر نییـە کـە سـەرکت چۆن لە قـەلبی داکت دەرپەڕییە.

ئەم قەلبە وا گچکە و ئەم سەری وا زل. کابرا سکوتی کرد.

حاجی ساختەچی

کـابرایەک– دوو کـوڕی هـەبوو، پیـاوێکی بـاش بوو، سـاڵێک چووە حـەج، کە هـاتـەوە دەم بە دەم خراپتر دەبوو، بووە ساختـەچی و حیلەباز، کوڕی گەورەشی نـاردە حەج ئەویش ڕێگەی باوکی گرت، کوڕی بچـووکی حـەجی نەکردبوو، بەڵام ڕاست و بـاش بوو، کـابرایەکی تر ڕۆژێک هەندێ پـارەی بە ئەمـانەت لەلای مـام حـاجی دانا و کوڕەکانیشی ئاگەدار بوون. پاش چەند مانگێک کابرا هاتەوە لای حاجی و داوای ئەمانەتەکەی کردەوە، حاجی ئینکاری کرد و سوێندی خـوارد. کابراش وتی: باوکم کـوڕی گـەورەت لە دیار بـوو، کـوڕی گـەورە کـە ئـەویش حـاجی بوو نکۆڵی لە شـایەدییـەکە کرد و وتی خـاڵم درۆ و بـوختـانمان پێدا دەکـات، پارەی لەلای باوکم دانەناوە.

کـابراش وتی کوڕی بچـووکت لێرە بوو ئـەمیشیـان بانگ کرد و شـایەدییەکەی دا کە باوکم لەیادی نەماوە و ئەم کابرایە ڕاست دەکات.

پارەکەی لێ سـانـدەوە، مـام حـاجی زۆر تووڕە بوو لە مـەجریسـەکە وتی: قـەیدی ناکـات کورم وەڵڵا دایکەکـەت دەگێم قـەردی بیـست و شـەشـم کرد بێ سـاڵێکی تر ئەتووش دەنێرمە حـەجێ، بەڵام شـایەدیم لەسەربدە قـەیدی ناکات، ژوانی من و توو ساڵێکی تر بێ، جا بووە پێکەنین لە مەجریسەکە.

ئەم ڕووداوە ڕاست و دروست وا بوو.

دەستمان بە رووسپیاتی لەیەکتر بەربوو

کابرایەکی شارستان مێگەلە حەیوانێکی دایە کابرایەکی جاف و سمایل عوزێری، بە شوانکارە و دۆخۆر، عادەتی دۆخۆر وایە کابرا بەخێوی دەکات و سەرەکە بۆ خاوەنەکەی، واریداتەکەش بە نیوەییان، بەهارێ شارستان بەکەیفخۆشی چوو سەر لە شوانکارەی بدات، کاتی ماست و پەنیر و کاوڕ و فرۆیە، کە چوو لە ڕەشماڵ مێوان بوو، بەخێرهاتنیان بە گەرمەوە کرد، تا بەیانی، بەیانی شارستان هەواڵی حەیوانەکەی لە شوانکارە پرسی، شوانکارەش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە و وتی: چاک بوو هاتی ئەگــینا من تەمـــام وا بوو بێم، باسی گــشت حەیوانەکەت بۆ بکەم گیانەکەم، بیست و بیست و بیست، منیش نەمیدا نم این هەمە چیست، مەڕی کەویسار سەرە شوقولە کشتم دا بە گوللە، بزنی گۆردۆی پۆش ئەمنو تۆ خۆش. بزنی گۆردی کار سەری خستە قەڵیشەوە و بوو بە مار.

بزنە مسە هەر لێی مەپرسە، چواریشم کردە خێری کێرم و گەرمە و گۆڕی دایکت، بزنی بەلەش سەری ئێمەش نا هەش، لە چنچکێ گۆشت کردمانی بێ بەش، هەرسێ بەران و هەردوو نێری پێشڕەوی مێگەل خوا لە کیس ئێمەی دا و بوونە زیافەتی سەگەل، لەم گشت حەیوانە هەرمایە چوشتری بەلەمس ئەویش کوڕەکەم زەنگۆڵی خستوویتە ملی بەخوا دەنگ بکەی ئەکوتە قسیگتەوە، کەرانباو گاوە منیش نایوێرمێ، دایکی دوێنێ دەنگی کرد نێزیک بوو کوسی هەڵدڕێ باوکم تۆ نەکەی بۆلای بچی وەخوا چ بخاتە قینگتەوە و چ ئاو بخواتەوە، هەتیوە سەرکێشە. کابرای شارستان زۆر عاجز و پەست بوو، قاپە ماستەک لە بەردەمیان بوو لە رقان دەستی دا قاپە ماستەکە و بەسەر و ڕیشی شوانکارەکەی دا کرد و وتی: گۆڕ لە گۆڕ باب کوڕی بزنێکت نەهێشتییە ببەم لە ماڵ منداڵەکان بیخۆن.

کابرای شوانکارە کە وای دیت دەستی بە سەروڕیشی داهێناو وتی: خوایە هەزار جار ئەلحەمدوللا شوکر بۆ تۆ کە بە ڕووسپیاتی دەستمان لەیەکتر بەربوو، خوایە گەلێ ماڵت ئاوا.

شۆڕی لاکەچە

شــۆڕی لاکــەچە لە دەشـــتـی قــەراج، زۆر تـاڵ و ســـوور و ئـاوی ڕۆنە، بـەڵام بەراز ناتوانی بیخواتەوە، هەرکەس بیخواتەوە دەمودەست دەیبزڕکێنی.

کابرایـەکی خەڵکی پردێ، دەچێتە دەشـتـی قەراج بۆ پەنیـر کڕین، جـاران مەڕدار دەچوونە قەراج بەهاران بۆ حەیوان لەوەڕاندن.

دەشتی قەراج چۆڵوهۆڵ بوو، کابرای پردەیی بە بارە پەنیرەوە دەگاتە سەر ئاوی شۆڕی لاکەچە، لەکن گوندی دۆمە و خەربانی و لاکەچەیە.

کەرەکەی تێنوو دەبێ، ئاو دەخـواتەوە، کـابـراش نەختـێ دەخـواتەوە، هەندەی پێ ناچێ کەرەکە و کـابرا دەس دەکەن بە فیـڕکاندن، کـار لە کـار دەترازێ، تا دەگەنە هۆبە ڕەشمـاڵێک هیلاک دەبن.

جـا کـابرا دەست دەکـات بە گێڕانەوە و دەڵێ: گـەیشـتم لە لاکەچـە، دیتم ئاوێکی سـاف و ڕێک و جوان، کـەرەڕەش خـواردییـەوە، منیش خـواردمەوە. نەخـێر هـەندەی پێ نـەچوو، کـــەرەڕەش تورکـــاندی مـنیش تـورکـــاندم، تورکـــاندنـی من نـەوعـی هـی کەرەڕەش نەبـوو، تۆزی دەکرد لە پشـتم، بە قـوزەلقـورتمان بێ، خـوا قـەراج وێران کات، گـوو خۆشترە لە ئاوی لاکەچە، تۆبەی بهێمـە نۆبە، جارێ تر نایێم لە قەراج، جـارجـار سـاقێکی دەهاویشت، خـۆی وێک دەهێناو دەیگۆت: ئای بـەبە قـینگم دڕا، دایکت گـام لاکەچـە، جـا ئـەم خـەڵکە مـرد لە پێکەنـینان، لە دوورەوە بۆن گـووی لێ دەهات. دەیگۆت: مـن بچم لەکن دورسن بڵـێم چی، بە عـومـەرمـەندان دورسن دەرم دەکات.

باوکم مەلا دایکی گا

گـوندێک دەبێ لە وڵاتـی جـاف و سـمـایل عـوزێری، دوورە شـار و دوورە ڕێ، لە ناو هـەرەتو پەرەتو شـاخـوداخ، لە عـومـری خـۆی مـەلا و مـزگـەوتیـان نەبووە و بەریان بە دیندا نەبوو، بەس کەسابەت و مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و دەغڵ و دان.

خوا وای کـرد قسـەی خەڵک تەئسـیری لێ کـردن. مزگـەوتۆکەکیان قـوت کردەوە، مـەلایەکـیــان بەهـەر جـۆرێ بوو هـێنایان، کـە مـەلا بـانگی دا دەبووە چەقــەلوولانی

سەگەل و کەرەگەل، لەبەرئەوەی شتی وایان گێ لێ نەبووبوو، جا دەگەڵ بانگدانی مەلا، لەلایێ سەگ دەیانکردە چەقەلوولان، لەلایێ زەڕەی نێرەکەر، ئەم ناوەش بە سەگ دەڵێن: تووتک.

دوو برا هەبوون لە گوندەکە:

١- ناوی لالۆ ئاوڕەحمان بوو.

٢- برا گچکە ناوی خوشە بوو.

خوا فیکری خوشەی گۆڕی هەر پێنج فەرزە دەهاتە جەماعەت و نوێژی لە دوای مەلا دەکرد. پاش ماوەیەک خوشە نەخۆش کەوت و مرد.

لالۆ ئاوڕەحمان دەستی کرد بە برا ڕۆ، کەسم نەما، پشتم شکا، خوشە ڕۆ. هەر کەس دەهات بۆی دەگێڕاوە و دەیگۆت: کورە باوکم خوشەی برام بەرای لێ نەبوو، مەلا دایکی گا و کوشتی، هەی بکەمە کوسی دایکت مەلا، لێیان دەپرسی: ئای- ئای- لالۆ ئاوڕەحمان قسەی خاس بکە.

ئەویش دەیگۆت باوکم: مەلا هەندی کووڕ کردەوە و چەماندبووی وەک عاجووڕ، هەندی بۆنی عەرد پێ کرد وەکو تووتک هەتا دایکی گا و کوشتی، جا کەسانێک وەکو عاجووڕ هەر بچەمێ و وەکو تووتک هەر عەرد بۆن بکات، ئاخیر و ئۆخر دەمرێ باوکم، واتە: رکوع دەبا و دەچەمێ، سەجدە دەبا و سەر لە عەرد دەنێ، برا ڕۆ خوشە ڕۆ چەندم وت بەخەسرەتی ئەم شاشک وەگووە مەکە، خۆت بۆ ئەم شاشک وەگووە مەکە بە عاجووڕ وەک تووتک عەرد بۆن مەکە، دایکت دەدا وەگانەوە، مەلا دایکی گای هەی بکەم (...) دایکت مەلا، تۆبە من جارێ تر ئاوڕیش نەدەمەوە وەلای ئەم مزگەوتە.

جا مەلا دەرپەڕی و هەلات و مزگەوتەکەش ڕووخاندرا، هاتنەوە سەر حاڵی بەرایی.

بۆ زانین:

تووتک- بە سەگ دەڵێن.

عاجوڕ- بە دارێکی شلک دەڵێن کە بۆ چەمان لەبار بێ.

شاشک- بە مەندیلی سپی دەڵێن.

عەرەب شوانکارە

شوانکارە ئەمەیە حەیوانی خەڵک بەخێو دەکات بە نیوەیی ئەم حەیوانەش شوانی دەوێ، بەرخەوانی دەوێ، سەگی دەوێ بۆ پاس. جا شوانکارەیەک سەگەکەی تۆپی بوو، زۆر مەعتەل بووبوو، دەگەڕا بۆ سەگەکی باش بە پارەیەکی زۆریش بایە دەیکڕی. عەرەبێک وتی: یا برای من ئەتو دەگەڕێی لە چ؟ وتی: بۆ سەگەکی باش. وتی: ئەتو ئەو سەگە لەبۆ چی؟ وتی بۆ پاسی حەیوان. وتی: یا برای حەق بدە لەبۆ من، ئەمن دێی لە کونی توو، چاتر لە سەگ پاس دەکەی لەبۆ توو. سەگ جار جار دەرێ حەپ حەپ، جار جاریش دەنوێ و هەم نارێ حەپ، ئەمن بەشەو هەم بە رۆژ دەرێی لەبۆ توو: حەپ حەپ.

فڕین لەسەر منارەی چۆلی لە شاری هەولێر

من لە باوکم بیستم کە دێوانە کەریم هەبووە خەڵکی گوندی عەرەبکەندی، لەسەر منارەی چۆڵی فڕییە و لەوبەری بەستێ کەوتووە، لەوێ غەرێکیان بۆ کردووە، بوویتە زیارەتگا.

مامۆستا مەلا شەریفی مەنتک، مەشوورە بە صائم زادە و مەلایەکی چاکە و پیاوێکی بەدینە، لە چەرخی ۱۹۸۰ز، عومری لە دەوری ۹۰ ساڵی دەبێ، بۆی گێڕامەوە وتی: نەختێک پێش گرانی واتە لە دەوروبەری ۱۹۱۰ز، وتی: فەقێ بووم، ئەم مەسەلەی فڕینەم زانیبوو بە قاسیدی گەڕام لە دوای ئەم دێوانە کەریمە، تاکو رۆژێک زەلامێکی شڕوولەم دیت، دووردرێژ، لە دڵی خۆم وتم: دەبی هەو نەبێ؟ لێی تێپەڕ بووم و دوایی گەڕامەوە لێم پرسی: خاڵە ناوت چییە؟ وتی: دەروێش کەریم، وتم: تۆ دەروێش کەریمی عەرەبکەندی؟ وتی: وام پێ دەڵێن. وتم توخوا ئەم مەسەلەی فڕینە لە تۆ دەگێڕنەوە چۆن بوو؟ وتی: گێ مەدێ، وتم: من مونکیر نیمە، توخوا پێم بڵێ، وتی: شێخی چۆلی- شێخ محەمەد لە تۆغیانە، تەریقەتی نەقشبەندییە، منیش تەریقەتم قادرییە و سەر بەماڵی شێخ نورەدین بریفکانیم، چوومە مزگەوتی شێخی چۆلی دەسنوێژ بشۆم، کابرایەکی زەبەلاح لێی پرسیم: تۆ دەروێشی یان سۆفی، واتە قادری یا نەخشی، وتم: دەروێشم، وتی: دەروێشی کێی؟ وتم: هی محەمەد عەلی بریفکانی، وتی: ئەمانە شێخ نینە، شێخی نەخشی شێخن،

وەکو زاتی شێخ عوسمانی تەوێرە، وەرە خۆت بکە نەخشی، وتم لێم گەڕێ باوکم ئێمە فەقیرین هەرچی بۆ خوا بێ هەر هەوە، نەییسە لێم نەگەڕا، تا کەوتە موجادەلە وتی: با بچینە سەر منارەی چۆلی خۆمان هەڵدەین و بفڕین، منیش تووڕە بووم و وتم یا ئەڵڵا. تاکو هەردووکمان چووینە سەر منارەی چۆلی، زەلام لە خوارەوە وەکو فڕووج (جووجکە) دیارە لەبەر بڵندی، تا ئێمە ئەوەمان کرد شار هەمووی هاتە ئەو ناوە بۆ تەماشاکردن، لە خوار و لە قەلآت ژن و زەلام و منالٚ، کە چووینە سەر منارە کابرا وتی: یا ئەڵڵا خۆت هەڵدە، وتم: تۆ یەقەی منت گرتییە و تۆ خۆت باوێ، ئەویش دەمێک خۆی مات کرد و تەماشای خوارەوەی کرد و نەوێرا، وتی: من ناوێرم، منیش رووم لە قیبلە کرد و استعدادم کرد و وتم: ئەڵڵا بە دەنگەکی بەرز، دیتم تەیرەکی سپی گەورە پەیدا بوو هەردوو باڵی بە سینگم وەنا وتی: دەستێ خۆ پاوێژە، منیش ئاگام لە چی نەماو هەستم بە چی نەکرد و شەقاوم هاوێشت، کاتێک دیتم لەوبەری بەستێ قیت و قیت راوەستام و تەیرەکەش بزر بوو، بەلآم تاسام، دیتم خەڵک عام لە عام روویان دا من و سەلآواتیان لێدا و هاتن بۆ لام بەغار، لە عەردییان دام و بزگوڕیان وەبەر نەهێشتم، بردیان بۆ تەبەڕوک.

لە ئەنجامدا دەستە شمەکەکی نوێیان بۆ هێنام و کردیانە بەرم. کابراش زۆریان تف و لەعنەت لێ کرد.

ئا مەسەلەی فڕینی ئەمە بوو فەقێ.

فاتیحە و شێخەڵڵا

شێخەڵڵا، شوێنی دانیشتنی لە هەولێر بووە، پیاوێکی باش بووە، لە کۆتایی ١٧٨٥ز لە ژیاندا بووە. خەڵکی هەولێر دەبایە لە شەو و رۆژ جارێک بەرەو شێخەڵڵا دەست پان بکەنەوە و فاتیحە بخوێنن بۆ شێخەڵڵا. بەژن و بەپیاو.

هەر ئەم مامۆستا مەلا شەریفەی وترا فەرمووی: من لە مەلافەندی هەولێرم پرسی هی خوێندنی فاتیحە بۆ شێخەڵڵا. ئەفەندی فەرمووی: من تاریخی ئەم شێخەڵڵایە نازانم. ناشزانم چ بووە و لە کێ هاتووە، کەی هاتووە؟

بەلآم لە کاتی ژیانی والییەکی تورکمان لە موسڵ دێت بۆ هەولێر، خەڵک بەپیلییەوە دەچن، پیاو لە هەولێر نامێنی کە نەچێتە پیلی (پێشوازی)، والی دەڵێ

کەس هەیە بەپیلم وەنەهاتبێ؟ دەڵێن بەڵێ، پیاوێک هەیە ناوی شێخەڵڵایە، ئەو نەهاتییە، دەڵێ بۆچی؟ دەڵێن: خۆ لە کەس ناگەینێ و کەسی پێ چ نییە، والی دەڵێ وا دەچمە لای، شتێک لە در (دڵ) دەگرم ئەگەر زانی و کردی باشە ئەگەرنا مزگەوتەکەی بەسەردا تەپق دەکەم و لەناوی دەبەم، والی یەکسەر هات بۆ لای شێخەڵڵا، لە دڵی خۆی دەگرێ: ئەگەر شێخەڵڵا شیری (ئاسک) مامزی دامێ باشە ئەگەرنا لەناوی دەبەم، دێتە حوجرەی شێخ، شێخ لەبەری هەرناستێ و بەخێری دێنی، ئەمس قەزا لەو کات مامزێک تەنگا و دەکرێ جا یان لە شار یاخۆ لە دەشت ڕاوکەران. یەکسەر دێتە حوجرەی شێخەڵڵا، ئەو مامزەش پڕ گوانی شیر دەبێ، واتە خاوەن فەرخە دەبێ. شێخەڵڵا دەڵێتە دەروێشێک ئەم مامزەی بدۆشە، شیرەکەی بدە والی، والی حەزی لە شیری مامزە، با نەمانکوژی، مامزەکە دەدۆشی و شیرەکە دەدەنە والی و والیش دەیخوا، جا دەستی ماچ دەکا و دەڵێ: بەڕاستی ئەتۆ شێخی.

بخوازە تاکو بتدەمێ مزگەوتت بۆ چاک دەکەم، مەعاشت دەدەمێ، شێخەڵڵا دەڵێ: من ئیشم بەتۆ نییە و تۆش یەقەمان بەردە، چی تۆمان ناوێ، جا شێخەڵڵا مەشوور بوو، لە هەینێوە هەولێری بوونە خاوەن عاقیدە و فاتیحەی بۆ دەخوێنن.

مەلا ئەحمەدی کۆر- هەرە بزانە

مەلا ئەحمەدەکی کۆرە هەبوو خەرکی گوندی سێگردکان و ئۆمەر گومەت بوو. لە وراتی (وڵاتی) کۆیێ.

لە چەرخی شێخ محەمەد عەلی خانی بریفکانی، ئەم مەلا ئەحمەدە خەیاری (خەیاڵی) کەوتە سەر خوێندن. هەرستا (هەڵسا) چووە ئەترووش و بریفکان بۆ تەکیەی ماڵی شێخ کە لەوێ فێری خوێندن بێ. دەستی کرد بە قورعان خوێندن لەبەر، چەندی دەیکرد فێر نەدەبوو، ئەمەی دەیخوێند هەر ئەوسا لەیادی دەچووەوە. گەلێکی حەول دا چی بە چی نەکرد، شێخ دەری کرد و فەرمووی بڕۆ تۆ چ فێر نابی، مەلا ئەحمەد بە عاجزی هاتەوە، نەخێر هەر داڵغەی بوو بۆ خوێندن، دووبارە چۆوە هەترووشی، ماوەیەک مایەوە هەم سا شێخ دەری کرد و وتی: فێر نابی بڕۆ، هاتەوە پاش ماوەیەک هەم سا چووەوە، شێخ فەرمووی مەلا ئەحمەد هاتییەوە،

وتی: بەرێ قوربان. شێخ بە توورەیی قۆری "قۆڵی" گرت و پاڵێکی پێوە نا فەرمووی: (دێ هەرە بزانە) مەلا ئەحمەد چاوی باطینی بووەوە، بەینی هەترووش و ئۆمەر گومەت چوار ڕۆژە ڕێیە بە پا، مەلا ئەحمەد بەچوار پێنج دەقیقە هاتەوە، هەر سی جزمی قورعانی هاتە بەر، بە مەعناوە، هەرچی لێیان دەپرسی ئانیدەن مەعنای دەکرد بەڕاستی.

بەسەر زێیدا دەڕۆیی قاچی تەڕ نەدەبوو، لە مزگەوتی گەورەی کۆیە حوجرەیەکیان دایێ و لێی دادەنیشت و خواپەرستی دەکرد، فەقێیان لە (ابن الحجر) و لە کتێبی تر ئیشکالیان دەبوو، بۆ مەلا ئەحمەدیان دەخوێندەوە، ئەویش جوان و ڕێک مانای دەکرد، خەڵەتیش بایە لە کتێبەکە ئەوا وای مانا دەکرد غەڵەتەکەی دیار دەدا، ئەمەش لە چەرخی مامۆستا عەبدوڵلا جەلیزادە بوو، باوکی مەلای کۆیە، کەواتە لە دەوروبەری ١٨٧٣ز. لە ژیان بووە.

مەلا محەمەدی جەلیزادە مەشوور بە جەنابی مەلای گەورە، بەحری عیلم و شەرع ئەو لە خوێندندا بووە، وەکو سوختە، داڵغەی لەم مەلا ئەحمەدە دا بوو، لە کاتی نان و شیو خواردن دەچووە لای ئەمی دەخوارد.

مەلا ئەحمەد دەیگۆت: فەقێ محەمەد یەقەی من بەردە، ئەویش وازی لێ نەدەهینا، تاکو جارێک وتی: محەمەد هەر واز نایینی، دەمت بگرەوە، دەمی گرتەوە و خیزێکی لە دەمی کرد، جا فەقێ محەمەد بووە جەنابی مەلا و بەحری زانین و موجتەهید.

ئەمە قسەی جەنابی مەلا هی خۆیەتی کە ئەم ڕووداوەی گێڕاوە.

ڕۆژێک فەقێیەکان لێی دەپرسن دەڵێن: مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەتۆ وەلی، ئەویش دەڵێ نەخێر باوکە من چ نیمە، دەڵێن قەت وەلیت دیوە، دەڵێ بەرێ، لە گوندێکی ئەوبەری زێ لەلای مەدرەسەیەک بووم، جارێ فەقێ مێوانیان زۆر هات، مەلاش گاسی (بانگی) سوختەکی کرد و چارۆگەیەکی دایێ و شتێکی لە قاقەزنووسی لەناو دەستی فەقێیەکەی نا، وتی دەستت توند بقوچێنەوە و بچۆ، ئەم دێیەی ئەوبەری زێ، ئەو چارۆگەیە پڕ نان بێنە بۆ مێوان، ئەویش دەستێکی قوچاندەوە و چووە گوندەکە، لە دیوەخان وتی: مامۆستا منی بۆ نان ناردووە میوانمان هەیە، ئەوانیش وتیان: زێ هاتووە، بڕ نەماوە چۆن پەڕییەوە، وتی: بە هیمەتی خوا،

نانەکەیان بۆ لە چارۆک کرد و لە ملی قایم کرد، تا هاتە ئەمبەرە کەمێکی ما لە زێیەکە قوتار ببی، شعووری بە ئاوی زێ نەکرد، خەیاڵی کرد کەوا دەست بکاتەوە، دەستی کردەوە و دیتی لە قاقەزەکە نووسراوە: "بسم الله الرحمن الرحيم"، فەقێ ئەمەی لەلا سووک بوو، نەخێر شەپۆڵ لێی داو فەقێ و نانی نقوم کرد، مەلا لێرە لەناو فەقێیان هەڵستاو وتی: یا ئەڵڵا، لەوێ فەقێ گێی لە یا ئەڵڵای مامۆستای بوو، بەچارۆگەوە قوتار بوو، هاتەوە وتی: مامۆستا دەستم کردەوە لەناو زێ، قسەکەی تۆم شکاند، لەبەر دەنگی یائەڵڵای تۆ نەبایە فەوتابووم، ئەوجا لێرە مەعلوم بوو یائەڵڵای مامۆستا، مەلا ئەحمەد وتی: باوکم ئەو مەلایە وەلی بوو، من چیمە، خوا بۆ خاتری ئەوانە لێمان خۆش بێ. ئامین.

خانم بۆ چ وا بە جۆش دەگریێ

کابرایەک هەبووە ژنەکەی زۆر قرسە بۆ حووت بوون، هەموو جار بە تۆبزی (زۆری) پاڵ دەکەوت، جارێک کابرا زۆر حەزی لێ دەبێ، چەندی داوا لە ژنەتیو دەکا نایداتێ، کابرا هەند توورە بوو وتیە ژنە: بە تەراقم نەمدەیێ هەنووکە لەپێش چاوی تۆ سواری ئەم کەرەی خۆمان بەبم، ژنەش دەرێ وەڵڵا دەمت پێ ناکەوێ، سواری دەبی نابی کەیفی خۆتە.

کابرا دەرپێی داکەند و فەرشەی (پنە) لەبن پێی دانا و پاڵی بەکەرەکەوە نا، هەند بەجۆش پاڵی پێوەنا کەری ماخۆمرد دەستی بەترکردن کرد، ژنەتیو دەستی بەگریان کرد زۆر بەجۆش دەتگۆت حەوت برای کوژراوە، کابراکە لێ بووەوە وتیە ژنە: خانمە بۆ چ وا بەجۆش دەگریێی؟

وتی: ئەمە حەوت ساڵە ژنی تۆمە و سووارم دەبی جارێک ترێکی وات پێ نەکردوومە، دیارە هەموو جار هەر نیوەت بردیتە من، دەوجا غەدر لەمە گەورەتر دەبێ؟ گریانێک بۆ من نەبێ بۆ کێیە؟

وتی: ئافرەت مەگریێ لێرە بەدواوە شەرتبێ وات سوارتبم تر گیر نەبێ. بەڵام بەمەرجێ تۆش بزێو نەکەی و ڕاست و ماست و یەکسەر داوام کرد و بمدەیێ، گوتم کانی؛ برێ هانی.

جا ژنە وتی: دە فەرموو، کابرا بە دزی ژنە ئەنگوستی خۆی بە چەوری کرد و

لەبنرا بەهێواشی پشتی ژنەی چەور کرد، کە پاڵی پێوەنا ژنەتیو دەتگۆت شەعادە دەقەڵێشی دەستی کرد بە شیرەشیر.

ئەوجا ژنە دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: کەر چ حەدیتی وەکو من شیرەی لێ دەینی، لێخورە کەسوکارم بە قوربانت بێ.

ئیمام و مەئموومی وا دەبێ

مەلا عیسای هەرتەلی لە چەرخی ١٨٨٢ز لە ژیاندا بووە، پیاوێکی زۆر مەلا و سادە بووە ئیمام بوو لە گوندی هەرتەلی قەزای رانیە. قامەتی نوێژ دەکرێ و مەلا عیسا بەپێش دەکەوێ و دەڵێ: "استووا واتصلوا" – راست راوەستن.

مەلا دەس دەکا بە فاتیحە خوێندن کەچی مەئموومەکان دەبنە دوو کوت لایەکیان معامەلەی تووتنی دەکەن و لایەکەی تریان هی دار و گوێز.

مامۆستا بە گورجی نوێژەکەی دەبڕی و ڕوو دەکاتە قەومەکە و دەڵێ ئەوجا نزانم داکی کامە لاتان بگێم. چما نوێژ و جەماعەت و مزگەوت ئاوا دەبێ؟!

ڕاست بەجێیان دێڵی و نوێژەکەیان بۆ ناکات.

فەقێ "ج"ی گوندی "س" و حەز لێ کردن

لە دەوری (١٩٤١ز) فەقێ "ج" هەبوو لە تەمەنی (٥٠)ساڵیدا بوو ئەوسا، خەرکی گوندی، "ت"، پیاوێکی تێگەیشتوو عاقر بوو، لەم تەمەنە دەهاتە لای فەقێیەکانی مامۆستا مەلا شێخ جەلال–کە عالمێکی زۆر بەرز و پیاوێکی سەخی و ماقووڵ بوو، لە جوملەی ساداتە ئەسڵییەکان بوو، جا مەلا "ج" دەستی کردبووەوە بە خوێندنی عیلم، کتێبی: مراح الارواح" ی دەخوێند، گێرایەوە وتی: بەر لە شەڕی عالەمی یەکەم (١٩١٤)م، من سوختە بووم لە گوندی: "ع"م دەخوێند، لە ناوچەی قوشتەپە و دەشتی هەولێر، هەروەکو گوندی "ت" کەوتبووە ئەو ناوچەیە، وتی: فەقێیەکی تازە پێگەییو و قیتوقۆز بووم، ماڵیشمان زۆر هەژار نەبووین، لەپەڕی گوندی "ع" حەزم لە کچەکی دەکرد ناو: بەسێ، قیت و قۆز، جوان و ڕێک، چارۆگەیەکی مەلەسی کتانی سپی بە گورینگی لە شانی بوو، زۆر لێهاتوو، دنیا ئاخیری پایزە، شەو ساردە، خەڵک لە ژوورەوە دەخەون، ماری بەسێیش حەوشۆکەکی بەژنە زەلامێک

بڵندیان هەبوو، بەسێ باوک و دایک و دوو برای هەبوو جاحێر، چاویان لە بەسێ بوو بەژنی بدەن بۆ یەکێکیان، بەسێیش بۆ من شێت بووبوو، منیش هەروا، ئەم کوردەواریەش هاوینان قەسەر دێن و لە حەوشە دەیکەنە قومەت بۆ بەر چاوکەی سووتەمەنی زستان، ماری بەسێ قومەتە قەسەرێکی زلیان لە حەوشە بوو، سەگێکی سپیشیان هەبوو زۆر دڕ بوو، سەعات و مەعاتیش لەو کاتەدا نەبوو، وەیاخۆ زۆر کەم بوو، خەڵک لە (٥٠) کەس یەکێک نەبوو کەوا سەعاتی هەبێ، بەس لە گوندان مەلا و ئاغا هەیان بوو، بە ڕۆژەوە چاوم بە بەسێ کەوت و بەڵێنی شەوانم لێ وەرگرت لە دەوری نیوەشەو لە تەک قۆمەتە قەسەرەکەی حەوشەیان، منیش دڵم خۆشە و دەستم کرد بە: ئەرێ بابە یانی دەورکردنەوە لە ئەز بەر، هەروەکو فەقێ و مەلا کتێبیان ئەز بەر دەکرد و بەشەوان دەوریان دەکردەوە، جا ناوە ناوە بە دەنگەکی زۆر بەرز دەیان وت ئارێ دەرێ بابە، ئەمەش بۆیێ بوو تاکو ئەگەر وشەیەکیان بۆ نەهاتبایە بە یادیان دەهاتەوە، واتە: داوای هیمداد لە ئیمامی عەلی دەکەن بۆ بەیاد هاتنەوە، چونکە ئیمامی عەلێ زۆر عالم بووە، پێغەمبەر " لەبارەی ئەو فەرمویتی:{انا مدینة العلم وعلي بابها} یانی من شاری عیلمم و عەلیش دەرگەیتی و لەلای ئەو بۆ خەڵک دەچێ، جا: ئارێ- یانی: یا، باب- یانی دەرگەی عیلم کە ئیمامی عەلیە، "ج" وتی: دەوربکەوە، بکەوە، بەمەزەندەی خۆم گەیشتە نیوە شەو فەقێ هەمووی خەوتن گوند خەوتن، بەس من مابوم، نۆبەت داری دیوەخان و گوندیش مابوون کە بەشەو لەناو گوند دەسووڕان نەوەکو یەکی بێگانە بێتە گوندەکە و دزی بکات، نۆبەت داریش تفەنگیان لە دەست بوو، تفەنگی: ماهوزەر، کەوا (١٤) فیشەکی دەخوارد، ئەم زەمانە نەماوە ئەم جۆرە چەکە، هی حکوومەتی عوسمانی بوو، جا سەبر سەبرە چووم بەلای ماری بەسێ و چوومە سەر دیواری حەوشەو تەماشای حەوشەم کرد هەستێکم ڕاگرت، وەعدەمان وابوو یەک دوو پلە بەردۆکە لە دەرگەی ماری بدەم و بەسێش لە ژووری نەخەوی کە هەستی بەردەکانی کرد، بێتە دەرێ و پەنای قۆمەتە قەسەرەکە، لەناکاو چاوم بە قەسەرەکە کەوت و دیتم شتێکی سپی لەناو قەسەرەکە دیارە و خەوتووە، زۆر ئەسەفم خوارد و وتم: بەسێش پێش من هاتوویتە دەرێ و من تاخیر بوویمە و ئەویش دری نەهاتیە بچێتەوە ژوور، نەکو من بێم و ئەو ئاگادار نەبێ، بۆیە خۆی لوول داوە و لەناو قەسەرەکە خەوی لێکەوتووە، تا من دێم و بە ئاگای دێنم،

بەداخەوە، جا بەسێ چارۆگە سپی بە گورینگ بوو، سەگەکەشیان هەر سپی بوو، تومەز بەسێ لە ژوورەوە خەوتووەو منی هەر لەیاد نییە، وە یاخۆ بۆی ڕێک نەکەوتووە، لەبەر باوک و برای و دایکی، منیش چاوم چوقاند لەسەر دیوارەکە ڕا خۆم بە سەگەکە داداو کە لەلام وابوو بەسێیە، تومەز سەگە خەوتووەو لەناکاو وار بووەوەو پڕی دامێ و ئەس قەزا دەرپێیەکی شعادەی نوێم لەبەر بوو، سەگە دڕاندی و شیتاری بردە عاسمان و نەختێ ڕانیشم زامدار بوو بەکەڵبی سەگەکە، ئازایانە هەڵستامەوە و سەگەکە هەلات و قۆڕاندی و منیش لەسەر دیوارەکە خۆم هەڵداو تەپەم هات و باوکی بەسێ و دایکە، بەئاگا هاتن و هاتنە دەرێ منیان دیت و دۆیهای سەگیان لێ کردم و هاواریان کرد: کوڕە نەچی دزە، هەها دزە، منیش بەرەو گوندی "ش" کە دەکەوێتە قیبلەی گوندەکە هەڕاتم و لەدوام بووە شریتەی سەگ و تەقەی تفەنگ، ئەس قەزا گوللەیەکم بەپا کەوت و پێڵاوەکەمی کون کرد و قاچمی زۆر زامدار کرد، منیش هەردوو برینم گەرمە و جاحێڵم و هەڕاتم، تا دنیا کڕ بووەوە، سەبر سەبرە هاتمەوە حوجرەی فەقێیان، لەوێ زانیم کەوا قاچم و پام زامدارە بەگوللە و بە سەگ، ئازانە بەستمەوە و نوێنەکانم لوول دا و بەجێم هێشت و بەو شەوە هاتمەوە ماری باوکم لە گوندی: "ت"، باوکم و دایکم چاویان بەمن کەوت و لە خۆیان داو گریان، وایان زانیوە کە بەشەو لێم درایە، چونکە زۆریش لەمێژ نەبوو هەر لە "ع" فەقێیەک فەقێیەکی کوشتبوو بە خەنجەر، جا منیش هوردوبارێک حەکایەتەکەم گێڕاوە بۆیان، ئەوانیش بەو شەوە "ف" تێگەیان کەوا ئاغای گوندی بوو، پیاوێکی ڕەشید و چاو بڵند بوو.

بۆ زانین:

گوندی "ع" و گوندی "س" هەردووکیان هەر ئاغەواتی دزەیی بوون لەیەک تیرە و ڕەگەز، خزمی یەکتر بوون بەڵام ئاغای گوندی: "ع" خۆی بە بچووکی ئاغای گوندی "ت" دادەنا، ئەمە بۆمن باش بوو، جا بەیانی لەکن ماری بەسێ کەرخی منیان هەرگرت و بۆ گوندی "ش" و لەوێش بۆ حوجرەی فەقێیان خوێن ڕژاوە، لەوێش بۆ گوندی، "ت"، پێش نیوەڕۆ تاخمەیەک زەلام خەرکی "ع" کە شوونەکەیان هەرگرتبوو شوونەکەیان هێنا(س) و چوونە دیوەخان و خەبەری ئاغایان دا، ئاغاش تێ کردنەوە و کاغەزێکی بۆ ئاغای نارد کە ئەوسا: "م" بەگ بوو، حاڵ و حکایەتەکەی

هەموو تێدا نووسی و بە نهێنی، بەکورتی ئیشەکە حەل بوو، لەیەقەی من بووەوە، منیش بەکۆلکە تەبیب بە دوو سێ مانگ ئەوجا چاک بوومەوە، ئەسبابەکانیشم باوکم هێنایەوە و لەوساڕا وازم لە خوێندن هێنا.

قوتب و رجال الغیب

لە دەوروبەری (١٩٥٠)ز لە شارێک لە کوردستانی عێراق ئاغایەکی تێگەیشتوو هێوارەیەک شیوی کردبوو لە دەعوەتەکە کە جگە لە ئاغاکان توجارێک و خوێندەوارێکی ئاینی عاقڵ و لەگەڵ دووکاندارێک.

لەمەش سەیرتر ناویشی لە خۆ نابوو سەید و ئەولادی پێغەمبەر بەڵام چی خاوەن هەمبانەی درۆ ئاو لە بەحرا ببڕابایە درۆ لەلای ئەو هێشتا نەدەبڕا لەمەش سەیرتر ئەمە بوو لەم هەموو وتراوانە هێشتان وشی لەدوو باوکی رەحمەتی نەدەکرد، جا هەر چواریان پاشی خواردن دانیشتن و مام سەید دەستی کرد بە وەعز و نەسیحەت و باسی ئەولیا و قوتب و (رجال الغیب)... هتد.

کەچی خوێندەوارەکەی دینیشی کە لەوێ دانیشتبوو مام سەید دەستی پێ کرد و وتی جارێ لە شارێکی گەورە کابرایەکی هەژار ماڵی دزرابوو بگرە چەندان ماڵ تاڵان کرابوون چینە دزێک بەشارەکە فێر بووبوون و خەڵکەکەیان تاڵان دەکرد میری چەندی کردی چارەی ئەم دزانەی نەکردوو نەی دۆزینەوە جا کابرای هەژار زۆر پەرێشان بوو بۆ ماڵەکەی، لەناکاو تووشی کابرایەکی خاوەن بەش بوو کابرا ڕووی تێ کرد و وتی کوڕم بۆ چ وا عاجز و مەلولێ؟ کابرای هەژاریش وتی: قوربان مادام بزانی کە عاجزم و دەشیزانی کە بۆ چ عاجزم و چارەش دەتوانی بکەی لەگەڵ ئەم قسانە ئەش گریا کابرا وتی: وەرە جا هەژارەکە بەگەری کەوتوو کابرا دەستی دا هێسکێک و چەند خەتێکی لەسەر نووسی و دایە مستی وتی: کوڕم لە شار بچۆ دەرەوە لەوێ دوو سەگی گەورەی بۆرە وەر کەوتوینە و چەند سەگێکی تریش لە بەردەستی ئەم دوو سەگە گەورەیە وەستاون وەکو خزمەتکار تۆ هێسکەکە بدە دەست یەکێ لەم دوو گەمبۆڵە و لێ گەرێ کابراش هێسکەکەی وەرگرت و بردی و دیتی کۆمەڵە سەگێگ وەستاون دوو گەمبۆری گەورەش وەرکەوتینە کابرا هێسکەکەی هاویشتە بەردەمی یەکێ لە گەمبۆرەکان گەمبۆرەکە

سەیری هێسکەکەی کرد و خوێندییەوە و مراندی و دەستبەجێ چوار سەگ لە بەردەمی ئامادەبوون گەمبۆرەکە نەختێکی مرەمرِ کرد لەگەڵیان و جا هەر چوار سەگەکان کابرایان دا دوای خۆ یوو کەوتنە دەشت و ناو قۆرتە کارێز و شت تا چوونە ناو لە غەمێک و پێیدا رۆین و لە ئەنجامدا بووە موغەیر و شوێنێکی پان و بەرین لەوێ هەرچەند ماری دزرا بوو کۆمەڵ کرابوون هەریەکە بە جیاواز کابرا ماڵی خۆی ناسیەوەو هینایەوە خەبەری پاشای داو هەرکەس چوون ماڵی خۆیان دۆزییەوە و هێنایانەوە، لە ئەنجامیشدا دزەکان بەند کران و سزا دران کابرای هەژار ئەمەی بووە مەرەق و داڵغە هاتەوە کن پیاوە باشەکەی کە ئەم ئیشەی بۆ کردبوو دەستی ماچ کردوو سوپاسی کرد و باسی ماڵەکەی بۆ کرد و حیکایەتی دوو گەمبۆرە گەورەکە و سەگەکانی تر جا وتی: قوربان دەبێ ئەم سرەم پێ بڵێی چەندی کابرا وتی: وازبێنە و دەس لە ئیشی خوا مەدە کابرا هەر وازی نەهێنا تا لە ئەنجامدا وتی: من پێت دەڵێم و بەڵام ئەم سرِە ئاشکرا مەکە وتی: بەڵێ قوربان، کابرا وتی: ئەم دوو گەمبۆرە گەورەیە قوتب بوون و ئیشوکاری جیهانیان لە دەستە سەگەکانی بەر دەستی ئەم دووانەش هەموو (رجال الغيب) و ئەولیانە کابراش سەری بادا و دەستی کرد بە گریان و تۆبەی کرد تا لە ئەنجامدا ئەویش بووە پیاو چاک جا با بڵێین: مام سەید ئەم قسەیەی گێراوە و توجارەکەش هەوەسی بە وەعزەکەی هات خوێندەوارەکەی دینی کە لەیەکێک بوو لە دەعوەتەکە پاڵی دابووەوە و هەڵستاوە دەستێکی لە شانی کاک سەیداو وتی: ماشائەڵڵا باوکی مەرحومت کەزاتێکی موشەکەل و بەرچاو بوو چ گومان نییە کەوا یەکێک بووە لەم قوتبانە مادام قوتب ئەوها بێ، بێگومان باوکی مەرحومت قوتب بووە جا گومانیشم نییە کە جەنابت یەکێکە لەم (رجال الغيب)انە بەڵام دەنگ ناکەیی و پێم نالێوو لێمان دەشاریەوە مام سەید گرژیەوە و قسەکەی لا خۆش هات بەڵام ئەوەکانی تر دەستیان کرد بە: قرتە قرتو پێکەنین هەر کرِ نەبوون واتە: کەوا باوکت لە گەمبۆرەکانە و جەنابیشت لە (رجال الغيب) بەکانی تا لە ئەنجامدا کاک سەید بیری کردەوە کەوا قسەیەکی زۆر قۆرِی کردووە و خۆیی و باوکی کرد بە سەگ داماو سەری شۆرِ کرد و چاوی لەبەر نا ئەمەش لە چی هۆشیار بووەوە؟ لە درێژەی پێکەنینی ئەوانی تر ئەگەرنا زوو هەستی پێ نەکرد و بەچاکەی زانی جا لەپاشان خوێندەوارەکەی ئاینی و وتی: پێویستە لە مەجریسێک کەخوێندەواری

دینی و یاخۆ هی تری تێدا بوو پیاوی جاهیل نابێ زۆر قسه بکات ئەگەرنا تووشی زەرەر دەبێت، چونکه قوتب و سەگاتی نەگۆتراوە (رجال الغیب) سەگاتی نەگۆتراوە.

مام حەسەنی ق.....

مام حەسەنی ق..... لەم دەشتی هەولێرە دیوەخانێکی هەبوو دەرگەیەکی گەورە لە چۆلی و دەرگەیەکی بچوک لەلای ماڵ و خێزانی جا کە مێوانی دەهات پاش ماند و نەبوون و بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕ لەناکاو مێرد منداڵێک دەهات و تیلمە قاقەزێکی دەدا دەستی و دەی گۆت: مامە ئەم قاقەزەت تازە بۆ هات تومەز منداڵەکە دەرس دراوە، مام حەسەنیش خوێندەوار نەبوو جا قاقەزەکەی تەمەشا دەکرد و دەمی دەجوڵاند و سەری هەردەتەکاند واتە: دەزانم بخوێنمەوەو تێ دەگەم واش نەبووە، جا ڕووی خۆی گرژ دەکرد و دەی گۆت: "لا حول ولاقوة الا بالله" ئەم کابرایە یەقەم بەرنادا جاڕووی دەکردە مێوانەکە و دەی گۆت: مدیری ناحیەی قوشتەپە لەدوای ناردووم و دەبێ بە پەلە بچم ئەمری حکوومەتە و چارە نییە مێوان تۆ بەخێر بێی و ماری خۆتە عەفووم بکە دەبێ بچمە لای مدیر ناحیەی قوشتەپە کەوا کاغەزی بەدوا دا ناردیمە جا تەشریفی لە دەرگەکەی لای مارێ دەچووەوە ژۆرێ و کلیلی دەداو خۆی لە ژۆرێ مات دەکرد مێوانیش دانیشە دەمێک دوو... هتد.

نە ئاگر هەیە و نە قاوە و نە چایە هەتا ئاویشی نییە باسی نان هەر مەکە جا مێوانەکە هەر ئەستاو دەڕۆیی ئەوجا پاش ڕۆینی مێوان مام حەسەن دەهاتە دیوەخان دەی گۆت: دایکت بگێم خانەقام داناوە جا مەشوور بوو کە مێوان بچووبایە لای مام حەسەن خەڵک پێیان دەگۆت چاوت لە جغارەی مام حەسەن نەبێ داوای ئاو مەکە ئاگر و قاوە و چایە بە خەیاڵت دانەیەت نەکەی لە خەونیش باسی نان بکەی ئاغا دەچێتە قوشتەپە بۆلای مدیر ناحیە خوێندەواریشی نییە و قاقەزی نەنوسراو دەخوێنێتەوە جا ئەم مام حەسەنە چشتۆ مێوان بوو لە جێیان واتە: مێوان چاکی خانەخێ خراپ ئەگەر چیی لە کاتی ئینگلیزەکان کە عێراقیان داگیر کرد کە بتان های لە نووسینی خۆی لەسەر عەشیرەت و تیرەکانی وڵاتی هەولێر زۆری مەدحی مام حەسەنەی کردبوو دەی وت: پیاوێکی زۆر عاقرمەند بوو لە هەموو ناوچەی هەولێر عاقرتر بوو.

لەم دەشتی هەولێرە لە پاش شەڕی یەكەمی جیهانی مەلایەكی شارستانی لە گوندێک مەلا دەبێ زۆر ڕا لە خۆ دەبێ و خۆ هەڵكێش دەبێ واش دەزانم كەوا لە زانستدا دەست كورت دەبێ، بەڵام ئەم ڕا لە خۆیاتییە دەست كورتایەتییە وا دەزانم كەوا وەكو ئیرسی لێهاتووە بۆ ئەم بنەماڵە، لەگەڵ ئەمەش كە ئەم مەلایە زوو زوو تورە دەبوو، چونكە بۆ خۆی كردبووە عادەت كە دەی گوت من یوخسە عەسەبیمە كوڕێكی بە دڵ و داوی هەبوو واش دەزانم تاقانە بوو كوڕەكەی، چونكە هەر بۆیە هەر لە منداڵییەوە بۆ هەر شوێنێک بچوویایە دەبایە ئەم كوڕەی لەگەڵ بایە جا بە دڵ و داو ئەم كوڕەی لەبەر خوێندن دانا، بەڵام هەر لەلای خۆی قورئانی خوێند دەستی كرد بە كتێبە هوردەڵەكان دوای بە: عیلم خوێندن جا لە كتێبی: عواميلی جورجانی تاكو گەیشتە كتێبی: جامی و دەستی پێ كرد ئەمەش بە ماوەیەكی كەم كوڕەكەی دەستی كرد بە كتێبی جامی عومری هێشتا چی وانەبوو جا لەبەر ئەمە كەوا مامۆستا بە خەونیش فەقێ و مەدرەسەی لە خزمەت خۆی نە دیبوو ویستی كەوا كوڕەكەی بنێریتە ناو فەقێیان جا ناردی بۆ ناو فەقێیان بۆ خوێندن كوڕە هاتە ناو فەقێیان فەقێ دیتیان: كەوا تەمەنی گچكەیەو مادەی خوێندنیشی لە عومرەكەی هەورازە بیلا مانێ چش فێر نەبووە بگرە هەر نازانی وشەكان بە چاكی بخوێنێتەوە چ جای مانای وشەكانی تر فەقێ وایان بە پەسند زانی كەوا بیگەڕێننەوە بۆ پاش دەشقەم فێری خوێندن دەبێ جا لە كتێبی: مەولانا جامی هێنایانەوە كتێبی سەعدولای گەورە كوڕە پاش ماوەیەک بەسەردان هاتەوە لای باوكی و باوكی لێی پرسی كوڕم لە كتێب جامی گەیشتیە كام شوێن؟ كوڕەش وتی: بابە من گەڕامەوە دواوە ئێستا كتێبی سەعدولای گەورە دەخوێنم باوكی وتی: بۆچی؟ كوڕە وتی، چونكە من چی وا فێر نەبووبووم تاقەتی خوێندنی جامیم نەبوو تەمەنەكەشم منداڵە ئەوجارە چووەوە ناو فەقێیان دیسان فەقێ گێڕایانەوە بۆ پاشەوە بۆ كتێبی ئیزهار ئەم جارەش كوڕە بەسەردان هاتەوە ماڵەوە باوكی لێی پرسی گەیشتیە كام شوێن لە كتێبی سەعدولای گەورە؟ دیسان كوڕە وتی: گەڕامەوە پاشەوە ئێستا من كتێبی ئیزهار دەخوێنم دیسان چووەوە ناو فەقێیان و فەقێ بۆ مەسلەحەتی فێر بوون گێڕایانەوە بۆ پاشەوە دەستی كرد بە كتێبی

ئونموزەج دیسـان هاتەوە مـاڵێ ئەم پرسـیـار و وەڵامـە کـرا دیسـان کـەچووەوە ناو فەقێیـان کورەیان گێڕاوە سـەر کتێبی: عـەواملی جورجانی کەوا سـەرەتای کتێبی خوێندنە دیسان کورە هاتەوە ماڵی ئەم پرسیار و وەڵامـە کرا هەمووی نەگەیشتە ماوەی یەک ساڵ جا ئەم جارە کورە تەدارەک و شتی حازر کرد بوخچە و پێویستی ئامادە کرد کە دیسان بـچێتـەوە ناو فەقێیان بۆ خوێندن بـاوکی فەرمووی: یوخسە کورم فلان ئـەوە چیی دەکەی؟ وتی بابە دەچمەوە ناو فەقێیان باوکە توند کورەکەی گرت و سوێندی خـوارد کـەنایەڵم بچیـەوە ناو فـەقێیان، چونکە تۆ جار بەجـار هـەر دەگـەڕێیـەوە بـۆ پاشـەوە ئەمـە کـتـێبی ئاخـیـرە وەچ کـتـێبی تر نـەماوە ئەم جـارە بگەڕێیـەوە سـەری گومـانم نییـە کـە ئەم جارە دەگەڕێیەوە لـەشی دایکت جا نایەڵم بچیـەوە ناو فەقێیـان چیی تر نابێ و ناکرێ بەرێ سوودی نەبوو وتی: کورم گومانم نییە دەتگێڕنەوە ئەم جارە بۆ ئەوێ کەچی تازەش لەشی دایکت جێگەی تۆ نابێتەوە مـەچوو مـەخـوێنە لەسـەر ئەمـەش عـەسـەبی گرتی جا تازە تێ پـەڕی ئا بەم دواینە کورە نەبووە چیی لە خوێندن بووە جانداری میری.

حەمە غەریبی قەپران و مەلا مەغدید

لە سـاڵی (١٩٤٦)ز تاخـمە فـەقێیەکی جوان و رێک لە گوندی قەپلانیـان دەخـوێند، یەک لە فەقێیەکان ناوی مەلا مغدید بوو، خەڵکی دۆڵی خەلەکان پشت چیای کۆیێ پیاوێکی قابیل و زیرەک،

ئەوسا مامۆستای قەپلان لە کەندێناوە مامـۆستا مەلا محەمەدی شێروانی بوو کە مـەلایەکی چاک و مـاقـوول بوو، کـابرایەکـیش لە گـوندی قـەپلان– لە تەمـەنی (٤٠) سـاڵیدا هەبوو، کورێکی گەنج و پیـاو ژنێکی هەبوو بەدوو کەوتبـوو، کورەکە ناوی: حەمە غەریب بووجا خۆی هەر کردبوو تفەنگەکی ئینگلیزی لەدەست بوو واتە: حەمە غـەریب خـۆی ئامـادە کـردبوو وا تاقیب بکـات ژنەکـەی و کابرا بـکوژی رۆژێک پاش مـەغریب حـەمە غـەریب بەخـۆی و بە گۆریە و بەلەک پێ چـوو تفەنگ و خـەریتە گورج بەژووری حوجرەی فـەقێیەکان کـەوت هـەروەکو زۆرجار دەهـاتە ناو فەقێیان پێش ژن بەدوو کـەوتن و پاش ژن بەدووکـەوتـن سـەلام و عـەلێک علیکم سـەلام حـەمـە غـەریب بەخـێر بێی خـوا عـەفووتان بکات، چا حـازر بوو دەس کـرا بە چا خـواردنـەوە مـەلا

مەغدید ڕووی کردە حەمە غەریب و پێی وت: حەمە غەریب زۆر چوست و پوستی دەرێی غەرەزێکت هەیە حەمە غەریبیش وتی: بەڕێ مامۆستا یەکێ لە فەقێیەکانی تر وتیە مەلا مەغدید: وازبێنە لە حەمە غەریب حەمە غەریب وتی: بۆچی؟

مامۆستا هەموو کەس ئیشی من دەزانێت مەلا مەغدیدیش وتی: ئیشی تۆ چییە حەمە غەریب تفەنگی لەسەر ڕانی و ڕووی کردە مەلا مەغدید و وتی: مامۆستا ژنەکەم بەدوو کەوتووە، جا نیازم وایە لەدوایان بگەڕێم تاکو دەیان کوژم، مەلا مەغدید وتی: بۆچی بەدووکەوت ژنەکەت حەمە غەریب وتی: مامۆستا باباشت بۆ باس بکەم مامۆستا تۆ ژنی من بی مامۆستا هەموو شەوێ دوو جارت بگێم، مامۆستا بەکەیفی من بی و منیش بە کەیفی تۆ بم مامۆستا هینم گچکە نەبێ، مامۆستا لە سوار بوونت قسوورم نەبێ، مامۆستا چ شمەکی جوانە بۆت بکەم مامۆستا لەسەرە من بچی یەکیتر باوێیە خۆت، مامۆستا سەدجار ژنی من بی و گوناحیش بێت مامۆستا دەت کوژم و دایکت وا لێ دەکەم، جا فەقێیەکان پێ دەکەنین و مەلا مەغدیدیش خۆی کڕ کردبوو یا ئەڵڵا یا ئەڵڵای بوو حەمە غەریب کڕ بێ، حەمە غەریبیش زۆر بەهەوەس و شەووق قسەکانی دەکرد، جا چایەکە خوراوە حەمە غەریب دۆعای خواست و ڕۆیی، ما فەقێیەکان بە مەلا مەغدید پێ بکەنن.

گوندی بێ فەلاح

خاوەن گوندێک هەبوو لەم دەشتی قەراجەی ناوچەی هەولێر لە دەوروبەری (١٨٨٤)ک لەبەر عەبوسی و نالەباری چ فەلاح و مسکێن و کرمانجی لەلا نەدەحەواوە جگە لە یەک مار نەبێ کە ئەویش لەبەر ئارچاغی لە چ گوند نەدەحەواوە،

واتە: مام کێخوا قالە تاقە مارێک بوو لە گوندەکە جارێک خۆشناوێک ترێی بردە گوندەکە بۆ فرۆشتن ئاغا بانگی کردوو پێی وت: خۆشناو بۆ ماری کێخوا سەر بەسەر پێ دەو بۆ گوندیش کەیفی خۆتە خۆشناوەکەش وتی: ئاغا لە کوونی گوندێت بەم ما تو چ گوندت هەیە؟

بەخۆت و بە گەوادێکی، ئەمانە نافرۆشم،

جارێکی تر کێخوا ئیشی بە پێمەڕە هەبوو ئەس قەزا پێمەڕەکەش دیار نەبوو جا

تەشریفی بەسەر خانوو کەوتو بانگەوازی کرد و وتی:

کێ ئەو پێمەڕەیەی لە لەشی ژنی ناوە بی هێنێتەوە تا دەنگی تێدا بوو هاڕاندی کرمانجەکەش هاتە دەرێ بانگی کرد و وتی: جەناب لەم گوندە بەس ماری من و ماری جەنابتی لێیە من لەبەر ئارچاغی لە چ گوندی تر ناحەوێمەوەو تۆش کەست لەلا ناحەوێتەوە، جا ئەم پێمەڕەیە یان لە لەشی ژنی منە و یان لە هی تۆیە، بە خوا لە ماری من نییە کەوا بێ بزانە لە مارەکەی خۆتە جا گەڕان پێمەڕەکەیان لە ماری مام کێخوا دۆزییەوە.

چاوم عەرد نابینی

لە دەوروبەری (١٩٣٥ز)ک تازە کابرایەک قەسرێکی کردبوو لە هەولێر لە دووری شار لەسەر شەقامی کۆیی سنجاق

سوبیانان و هێواران لە دەرکی قەسرەکە ڕادەوەستا و تەماشای ڕێگەوبانی دەکرد بە عەزەمەت، جارێ کابرایەکی ناو چیا گوریسی لێ دەکەوێ و دەگەڕێتەوە بەدوای گوریسەکە نای دۆزێتەوە، دەگاتە ڕاست قەسرەکە کابرا ڕوی تێ دەکا و دەڵێ: ئەفەندی چ گوریست نەدیتیە کەوا لێم کەوتوە لەم ڕێگەیە؟

ئەفەندیش ڕووی تێ دەکا و دەڵێ: گـۆڕ لە گـۆڕ باو من چاوم سەفین نابینی گوریس تۆ لەسەر عەردی چۆن دەبینم، کابرا بە پرەپر هەڵدێ و دەڕوا.

بۆ زانین: سەفین واتە چیای سەفین کەوا چیایەکی بەرز و بڵندە لە ڕۆهەڵاتی شاری هەولێر.

شەوینکردنی مەر و شوانە و کوچەکەر

بەهارە دنیا خۆشە خاوەن حەیوان و ئاژەڵ چووینە بەهارێ، لە ڕەشماڵن تاقە ڕەشماڵێک هەڵی دایە مێگەلە مەڕێکی گەورەی لەسەرە لەو دەشتی قەراجە کابانێکی خروپری لێیە خاوەن حەیوانەکە و ماڵەکەش پیاوێکی جوامێر و ڕەنگ پیاوانە، شوان و بەرخەوانی هەیە، شوانێکی ملهوڕ و جاحێل و گۆفی قیت و بەهەوەس و بەزەوق، تومەز شوانە پارووی چەورکردییە و دەستی لەگەڵ کابان

تێکەڵ کردیە، کابانیش قیتوقۆز و خڕوپڕە بە مێردەکەی تێر و بەرهەم نابێ، کابرا لەبەر خەیاڵی ماڵ و مەڕی شەو دەکەوتە پرخەی خەو، ژنەش لەگەڵ شوانە شەوان خۆیان دەگەیاندە یەک و سفت و سۆیان دادەمرکاند، کابرایەکی ئەم ناوچیایە کەرێکی پێ بوو شەوێک بووە میوانی ڕەشماڵەکە هێوارێ نان خورا و کۆنە جاجمێکیان دا کابرا لە دەرەوەی ڕەشماڵەکە لە تەنیشت چیغەکە پاڵ کەوت و کەرەکەشی بەستەوە، هێوارێ تێری نان نەخواردووە و بە کۆنە جاجمیش خەوتیە و بەهارە و شەو ساردە و سامارە و مانگەشەوە و ساردە کابرا لە سەرمان و لە برسان خەوی لێ نەکەوت و خۆی مات کرد و کەوتە خەیاڵان.

شەو ڕاکشاو شوانە لە ناو مەڕەکە بەلای ڕەشماڵەوە هات و لە نێزیک کابرای میوان لە دەرەوە خرەخرێکی لە چیغەکەوە هێناو لەناکاو چیغ بڵند بوو قونێکی سپی و بەفراوی و نەرم و گەرم هاتە دەرێ تاکو ناو قەدی شوانە دەرپێ فڕێ داو چووە ناو لاقی و خێواندیە ناو گەلانە بەفراوی کەلێ بووە هەڵستاو ڕۆیی و خەرمانی بەفرینیش چووەوە ژۆرێ، کابرای مێوان داڵغە گرتی و لەمێژە لە ماڵێ هاتییە و چشتی وا سپیشی نەدیوە، جاپاش ماوەیەک کەوتە لێکدانەوە لەگەڵ دڵ و نەفسی خۆی تا لە ئەنجامدا هەموو چشتی قەبووڵ کرد ئەگەر بەسەری هات، هەڵستا و خرەخری لە چیغەکەوە هێنا و لەو ڕاست کە شوانە وای کرد دیسان قونەسپییە بەفراوییەکە هاتەوە دەرێ و کابراش دەرپێی لێ فڕێ دا و خێواندیێ بەڵام چۆن خێواندنێک، چونکە لەمێژ بوو تینوو بوو لەلایەکی تریشەوە مەترەقەکەی دوو قەدی مەترەقی شوانەکە بوو.

ژنەتیو لەزەتێکی زۆری لێ کرد جا کەوتنە خەوێ سوبیانێ کە هەموو لا کۆبوونەوە لەسەر نان خواردن، خاوەن ماڵەکەشی دانیشتووە، ژنەتیو ڕووی لە شوانە کرد و وتی: هەتیم ئەوشۆ دووجار مەڕت شەوین کرد شوانەش وتی: ناوەڵڵا هەریەک جارم شەوین کرد.

ژنە وتی: ناوەڵڵا دووجارت شەوین کرد بەڵام جاری دوایی نەوعی جاری یەکەم نەبوو، بریا هەموو جارێ وەکو ئەم جاری دواییە بوایە، خاوەن ماڵیش لە چ نەدەگەیشت، تا لە ئەنجامدا نێوانی ژنەتیوو شوانە درێژەی دایێ لەسەر جارێک و دووجار، تا کابرای میوان لە خۆی هەڵداو وتی: بۆ چ هێندە لە سەر دەڕۆن ئەزیش

پووچە کەری خۆم جارێک شەوین کرد، جا کەوای وتو ژنەتیو چاوی لەبەر ناو شوانەش چاوی سوورکردەوە کابرای خانەخێش ملی پان کردەوە.

مەلا خدری گرد عازەبان و سۆفی مەعروفی عەلیاوە و دێوانە ڕەزا

لە دەوروبەری (١٩٠٧)ز واتە بەر لە حەربی عالەمی یەکەم بنەماری مام زایەر لە گوندی گرد عازەبان دەبن و پیاوی زەریف و بەدین دەبن سۆفی مەعروفێکیان هەبوو لەوکات گەورەی ماڵەکە دەبێ و پیاوێکی زەریف و بەدین.

خەڵکەکە و ئاغەواتەکان زۆر حورمەتی دەگرن. حاجی مەلا خدر کوڕی حەمەدی داوداغەش لەوێ بوو هەروا کەمێکی خوێندبوو بەڵام پیاوێکی زەریف و بەدین دەبێ. هەرکات خەریکی باخچە و ناعور و چەرت و فەلاحەت و ئاشی ئاو دەبێ ئەم مەلا خدرە چ شت بەبێ تەدبیر و ڕای سۆفی مەعروف ناکات تا وای لێ هات مەلا حسێن ئاشێکی دروست کرد لە نێزیک گردی دۆغان سۆفی مەعروفی کردە شەریک ئاشی مەلا خدر ئێستاش مەشورە و ئەسەری ماوە.

جا مەلا خدر دوو ژنی هەبوو یەک ئامینە زۆر خۆشەویست نەبوو لەلای دوو سوڵتانە زۆر خۆشەویست بوو لەلای جا مەلا خدر زۆرجار دەی وت سۆفی مەعروف پیاوێکی چاکە و من چ ئیش بەبێ ئەو ناکەم جگە لە دوو شت نەبێ،

١- برێ سوڵتانە تەڵاق بدە تەڵاقی نادەم.

٢- برێ کافربە کافر نابم.

ئەگەر نا هەموو شتی بەگێ دەکەم ئەس قەزا مەلا خدر لە ئاش دانانەکە زەرەری کرد جا کردیە هەراودەی گووت من و ئاشیان نەگوتبوو بەڵام سۆفی مەعروفی کراش سەگانی پێشم کەوت و سەری منی لە قوڕ ڕا کرد، ئەم مەلا خدرە برایەکی هەبوو هەر لە گوندی گرد عازەبان مەلا بوو مەلایەکی چاک بوو حاجی مەلا حەسەن، مەلا خدر هەرکات زۆر جۆرە ئیش و کەسابەتی دەکرد بەڵام خوا کردبوو هەر دەست کورتیش بوو تا وەفاتی کرد لە دەوروبەری (١٩٥١)ز هەر دەست کورت بوو ئەس قەزا کابرایەکی خەڵکی وڵاتی کەرکووک لەوکات ماڵی لە گوندی گرد عازەبان بوو کە گرد عازەبان لە دەشتی هەولێرە و ناوچەی قوشتەپەیە ئەم کابرای لای کەرکوک پێیان دەگوت دێوانە ڕەزا.

دێوانەی کاک عەولای عەلیاوە بوو لەبەرەی ماری شێخ جامی بوو پارەو شتی هەبوو واتە دێوانە ڕەزا.

مەلا خدر جارێک دە لیرەی لێ قەرز کردوو سەرفی کرد، جا مەلا حسێن کەوتە دوای دێوانە ڕەزا و دەی گـوت وەلی هەبی هەر دێوانە ڕەزایە پیـاوی چاک هەر دێوانە ڕەزایە خوا لە کێ ئەم بەرەکەتەی هێنایە ئەم گوندە سۆفی مەعروفیش دەی گوتە مەلا خدر خوا بکەم وەلیاتی دێوانە ڕەزا تا سەر بێ باشە.

بەڵام دەترسم لە وەلیاتی بکەوێ،

مامۆستا مەلا خدریش دەی گۆت سۆفی مەعروف وا مەڵێ ئەو پیاوە وەلییە و بەڕاستی هەر ئەوە دەروێش و دێوانەیە هی خەرکی تر هەمـوو درۆ و دەلەسـەیە، ساڵێک پێ چوو مەلا خدر پارەکەی دێوانە ڕەزای نەیداوە، بووە ساڵ نیوێک چەند جار داوای لێ کرد هەر نەی داوە بووە دە ساڵ هەر نەی داوە.

تا لە ئەنجامدا لەپاش چەقـو هوڕێکی زۆر بەشەڕ هاتن و دێوانە رەزا یەک دوو دار عەسای لە مەلا خدر داو ئەمیش لەوی دا، جا مەلا خدر بای داوەو دەی گووت: لە هەموو مەجریس و دیوەخانان ئەم دێوانە ڕەزایە موسوڵمان نییە شیعەیە کافر و بێ ئیمانە، عەزیزم خەڵک شێتە دەچێتە غەزای فارس و بایەزید و گاورستان.

هەر لە ماڵی خۆت بسوڕێوە غەزایە واتە دێوانە ڕەزا بکوژی غەزایە تا جارێک لە مەجریسی سۆفی مەعروف گوتیە مەلا خدر ئەمە بۆچ تاکو دێوانە ڕەزا داوای پارەکەی لێ نەکردییەوە ئەگەر وەلی هەبایە هەر دێوانە ڕەزا بوو ئێستا داوای پارەکەی لێ کردییەوە دێوانە ڕەزا بووە شیعە و کافر؟

جا بووە پێکەنین و بەزم تا لە ئەنجامدا سۆفی مەعروف پێکی هینانەوە و پارەکەی هەندەک دایێ و هەندەکیش گەردەنی ئازا کرد.

چاکۆکە سێ شتم دەوێ

شێخێک وەفاتی کردبوو گومەت و مەرقەد و سندوق و کەسک و عەزەمەتی بۆ ڕازا بووەوە کوڕێکی خۆی لەوێ مجێور بوو بۆ ئەمە کەوا زیارەت کەران بەخشیش و شتیان دەدا و کوڕە وەری دەگرت و قوڵغی دەکرد.

ژنێک چووە زیارەت و دەستی کرد بەدۆعا و وتی گومەتۆکە یەک کوڕم هەیە

مارێکی زۆری بدەێی و ژنێکی جوان و عومرێکی درێژ.

کورێکی شێخ کە مجێور بوو وتیە ژنەکە بەخوا چشتاقت ناداتێ، ژنە وتی: بۆ چ؟ وتی: ئەگەر پێی بکرابایا بۆ عومری درێژی دەیدا خۆی، چونکە خۆی لە هەرەتی عومری بوو مرد.

ئەگەر پێی بکرابایا مارێکی زۆری دەدا من کەوا کوری ئەوم کەچی وا لە برسان سەگە نازمە ئەگەر پێی بکرابایا بۆ ژنی جوان نەی داخۆی کەچی من دایکێکم هەیە دەرێی هرسە جا گومەتۆکە چی لە دەست نییە و هاواری خوا بکە.

بەخوا ئەمە کورە شێخی ڕاستییە.

دینی بووزی و مەحکەمەی خوا

ڕۆژنامەنوسێکی میسری نووسیتی لە نامیلکەکەی خۆی (حول العالم في ٢٠٠ يوم) لە لاپەڕەی ٣٨٣-٣٨٤ لە دیانەتی بووزی دەرێن خوا محاکەمەی ئادەمیزاد دەکات لە دە مەحکەمە:

١- ئادەمیزاد لەپاش مردنی گوناحەکانی تەماشای دەکەن و دەڵێن: ئەم کابرایە گوناحکارە جا عەزاب دەس پێ دەکا دەم و دەست.

٢- مەحکەمەی دایک و باوک کە بۆیان خراپ بێ خراپ بوون بۆ دایک و باوک گەورەترین جەریمەیە موستەحەقی عیقابێکی گەورەیە کەوتە بە ئاگر دەسوتێ بەئەبەدی وە لە سەری دەدەن بەبەردان.

٣- مەحکەمەی فروفێرکردن لە دەرمان وەئەمەی گاڵتە بە هەژاران بکات وەرِیابازی بۆ دەوڵەمەندان بکات. جا چاوەکانی دەردێن وەقاتیلیش هەر وایە وە ئەمەی حەیوانات لەبەڕیا بکوژی جا عەزابێکی گەورە و حەیواناتەکانیش دەیان خۆن.

٤- مەحکەمەی بەرتیل خۆران لە کاربەدەستانی میری جا لەسەرکیان دەدەن هەتا هەتایە.

٥- مەحکەمەی خاینان.

٦- مەحکەمەی ئەمانەی بەدوای خاینان بکەون جا لەشی پارچە پارچە دەکرێ دەست و پێشی.

٧- مەحکەمەی ئەم ڕاهیبانەی کە تەعەدا لە ژنان بکەن جاریخەڵۆک و ئەعزاکانی پارچە پارچە دەکرێ وە هەروەها ئەمەی لە فرۆشتنی گۆشت خیانەت و فرۆفێڵ بکات جا ئەم گۆشتەی لە دەم دەپەستن و مەعیدەی تێکولێک دەدەن هەتا هەتایە.

٨- مەحکەمەی ئەو کەسانەی وەتەنی خۆیان خۆش نەوێ جا عەرەبانەیان بەسەر سەری دەکەوێ.

٩- مەحکەمەی درۆزنان جا زمانیان پارچە پارچە دەکرێ و کەپوەکانیشی هەر وای لێ دەکرێ.

١٠- قازی حوکم دەکات کەوا مردوو گوناهبار نییە واتە نەک لەش و بەدەنەکەی بگرە روح و گیانی جا پیستی ئینسانێکی تری لەسەر پشتی دادەنێن و دەرێن: بچۆرەوە دنیا و بژی لە نوێکەوە بچۆ لە جەزیرەی هونچکونچ یان شوێنی تر.

حوشتری سوڵتان سەلیم

سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەگەڵ پاشای عەجەم کەوتە شەڕ. بلوکە عەسکەرێکی سوڵتان سەلیم کەوتە مەعسەرە بەدەست لەشکری عەجەم، ئەم بلۆکە عەسکەرە پەرێشان بوو بۆ ئاو و نان نەتوانرا ئیمدادیان بۆ بچێ لەبەر لەشکری عەجەم جاهێنایان حوشترێکی جەبەلیان هێنا و باریان کرد لە ئاو و نان بەرەو لای مەعەسکەرەکانی عوسمانی بەر هەڵدرا و بەتەمای خوا حوشتر ڕۆیی و چەندی عەجەمەکان تیرە بارانیان کرد ڕۆیی و قوتار بوو تا گەیشتە ناو عەسکەرەکانی عوسمانی.

ئاو و نانەکەیان بەتاڵ کردوو بەرەو لای ئۆردیگا بەریان هەڵدا هاتەوە بەسەلامەتی، جا تا ئێوارێ چەند کاروانێکی بەم جۆرە کرد عەسکەرەکان پێ لە هیلاکەت دەرچوون و حوشترەکەش سەلامەت بوو کە شەو داهات عەسکەرەکان هیمدادیان گەیشتێ و نەجاتیان بوو لەبەرئەوەی شەو قەراتی مێردانە لە ئەنجامدا سوڵتان سەلیم لەم شەڕەدا سەرکەوت کە گەڕانەوە ئەستەنبۆڵ لە چاکەی ئەم قوتار کردنەی ئەم بلۆکە عەسکەرە سوڵتان سەلیم فەرمانێکی نووسی و بەملی حوشترەکەی وەکرد و بەرەڵای کرد ئەمەش ناوەڕۆکی فەرمانەکە بوو: لەلایەن

سوڵتـان سـەلیم ئەم حوشـترە بلۆکە عـەسکەرێکی لە هیلاکەت نەجـات دا کەواتە لەم تۆڵەیە ئەم حـوشـترە بەرەڵایە سـەر فیـرازە هەرچی بیکات نابـێ کەس دەنگی لەگەڵ بکات وە نابێ کـەس بیگێڕتەوە لە هەر شـتێک و لـە هەر شوێنێک وە نـابێ کەسـیش دارێک یا بەردێکی لێ بدات. وەهەر کـەس لەم فـەرمـانە لابدات بـە سـزایەکی گـەورە دەگات لەلایەن دەوڵەتی عەلیەی عوسمـانی.

ئیـمزا سوڵتـان سـەلیـمی عوسـمـانی، جـا فـەرمـانەکەی بەملی وەکراو بەر هـەردرا. حـوشتـر کەوتە نـاو شـاری ئەسـتـەنبـوڵ لە دووکان و مـوغازە و شت لای نەدا ئـەمـەی خواردی و ئەمەی شکاندی... هتد.

ئەس قـەزا ڕووی کردە نـاو باغێک کەپڕی میـوەجـات و شت بوو. ئەم باغـەش هـی پیــرێژنێک بوو پیــرێژن خــەبەری زانی کــەوا حــوشــتــر ملی لە بـاغــەکـەی ئەونا دەسـەڵاتیـشی نەبوو نابێ لێی بدات و بی گێڕیتەوە نابـێ چی لێ بکات مـەگەر خـوا کرد بە خۆی لەناو باغەکە دەر بچێ،

پیرێژن چی کرد، بیـلامـانێ قـەلبـۆکەی جوان چەور کرد و تـراشی، دەسـتـیشـی چەور کـرد جـا لەپێش حـوشــتـرەکـە ڕاوەسـتـا و بـەدەسـتی لە کـوسـی دەدا، ئەم لێـدانـەش شـەقـەی لێـوە دەهات و دەنگی دەهـات مـەبەسـی پیــرێژنیش ئـەمـە بوو: دەشـقـەم لە شـەقـەشـەقی ئەم شـەپ لێ دانە حـوشـترەکە دەڕەویتـەوە و دەردەچێ و باغەکە عەدم ناکات جا خەڵک ڕوویان کردە پیرێژن و وتیان: پیرێژن ئەمە حوشـتری سوڵتان سـەلیمە لە شیـر و تیری عەجەمـان نەگەڕاوە لە چەپڵەی قەلبت دەگەڕێتەوە وازبێنە با لەسـەر ئەم حاڵەش قەلبت نەدڕێ.

جـا ئێسـتـا پەندە و دەڵێن: بوویتـە حـوشـتـری سـوڵتـان سـەلیـم هـەر مل دەنێ و ناگەڕێتەوە. وە هـەروەها پەندە و دەڵێن: لە شیر و تیر نەگەڕێتەوە لە چەپڵەی قەلبی دەگەڕێتەوە... هتد.

مەلا مەشور و کەرکڕین

دەرێن جارێک مەلای مەشور لە مەیدان کەرێکی کڕی، قەڕاسـەکەی ڕاکێشا و سـەبر ســەبرە بۆ خــانەی هـێناوە تـاکـە کـاتی چوونەوە مـاڵ، دوو کـابرای فـێـربـازیش تەمـاشـاین کـردوو زانیـان کـەوا مـەلا پیـاوێکی سـاویلکە و کـەمـزانە، ویسـتـیـان

کەرەکەی لێ بستێنن، جا یەکیان لە پاشڕا بە هێواشی سەرکەلەی کەرەکەی داکەند و لەسەری خۆی کرد و ئەوی تریش کەرەکەی برد و لە مەیدان فرۆشتی و پارەکەی وەرگرت، مەلاش سەبر سەبرە قەڕاسەکەی لە دەستە و گۆیا کەرەکە ڕادەکێشی، لە ناکاو کابرا خۆی گران کرد و نەچووە دوای، مەلا ئاوڕی داوە و دیتی: زەلامە و قەڕاسە و سەرکەلەی لەسەرە کابرا دەستی کرد بەگریان مەلا وتی ئەمە چییە و تۆ چی؟

کابرا وتی قوربان من پیاو بووم بەڵام زۆر لەگەڵ دایکم خراپ بووم و بێ ئەمریم دەکرد خوا منی کردە کەر، جا منیان فرۆشت چەندم ئەو دەست و ئەو دەست کرد، تا کەوتمە خزمەت جەنابت، خوا لەبەر شەرافەتی جەنابت کە پیاوێکی زەریفی منی کردەوە عیسان، مەلاش واقی وڕما و بەرەڵای کرد، ڕۆژی دواتر چۆوە مەیدان بۆ کەرکڕین، دیتی کەرەکەی دوێنی کڕی وا لە هەڕاجە، مەلا تەماشای کرد و جامباز بۆلایان هێنا کە بیکڕی، مەلا بەقایم وتیە کەرەکە وەڵڵا ئەوجارە نات کڕم دیارە دیسان بێ ئەمری دایکت کردوتەوە بۆیێ بویەوە بەکەر، جامبازەکانیش سەیریان کرد و پێکەنین، وا دەزانم هەر ئەوانیش فێریان لێ کردبوو.

مامۆستا توجارەتی زەڕنیق دەکات

لە دەوروبەری چەرخی ڕابردوو زەلامێک هەبوو لە گوندێکی دەشتی حەریر بوو، زۆر ڕا لە خۆ بوو، دەوڵەمەند بوو پارەی لە هەولێر بە قازانج ئیشی دەکرد، خانووبەرەی بەکرێ لە کار بوو، کابرا خەیاڵی کرد و وتی: ژنەکەم دەڵێ: ژنی ئەم گوندە هەمووی بیلامانێ بەریان بەمووە، لێیان دەپرسم: بۆ چ چارەی ئەم مووە ناکەن؟ دەڵێن: گیزان و شتی ناخێوێتێ و دەرمانیشمان نییە وەکو هی تۆ لووسی بکەین، جا کابرا خەیاڵی کرد: ئەگەر بچێ لە هەولێر– نوورە (زەڕنیق) بینی و لێرە ژنەکەی بفرۆشتەوە ژنان بۆ لووسکردنی بەریان ئەمە قازانجەکی زۆری هەیە، کابرا بە غار هاتە هەولێر، لە هاتن بۆ هەولێر بەس ئەگەر هەقی سەیارە بدات ئەگەر نا هەر لە تەکیە و خانەقایان چیتاو دەخوا بەبێ پارە، لە هەولێر نوورەیەکی زۆری کڕی، بەغار بردیەوە مارێ، لەناو پارچە قاقەز کردییە: جێ– جێ، جا خاتوونی ژنی لەسەر جۆگە و کانی ئیعلانی کرد کەوا: ئێمە دەرمانی مووی بەرمان هەیە و هەر جێیەک بە (٥٠) فلسە، بیلامانێ بەرێ خۆی بەژنەکان نیشاندا و وتی:

بنۆڕن ئەوها وەکو هی من ئەم دەرمانە دەیکاتە پیفۆک، سپی و خاوێن و لووس و پووس، ژنان تەماعیان لێ کرد و هەر بابا بوو بەغار هاتە ماری کابرا جێ دەرمانێکی برد و، ژنی کابراش دەیووت: هەر لە ئاوی بکە و تێی هەرسوو، بەخۆی سپی و خاوێن دەکات،

(ئەم دەرمانەش دەبێ ئەندازەی خۆی بزانرێ و ماوەی لێدانەکەش بزانرێ و شوێنەکەشی بزانرێ، ئەگەر نا دەی سوتینێ)

جا هەر ژن بوو بردی و دەرپێی فڕێ دا و لە ئاوی کرد و تێی هەرسویی، لە شوێن بەموو بێ موو، پاشی لێکردنەوە و شۆرین دیتیان زۆر شوێن دەزورێتەوە،

نەخێر کار لەکار ترازا،

شوێنەکەی سووتاند، کەوتنە عەزیەت و هاوار، بەقەلبی ژنی کابرا رابا و قەلبی ئێمەی سوتاند،

ژنی کابرایەک سووتانی لەشی لە ئەندازە بەدەر بوو، زۆر کەوتە ئازار، کابرا دەستی دا مەترەقەکی دەرگەی لە کابرا گرت و گاسی کرد: وەرە دەرێ– قەلبی ژنی منت سووتاند بەم دەرمانە شەرتبی ژنت....... کوڕە نەکەی، خەرک خڕبوونەوە، کابرا دەرگەی لەسەرە خۆی کلیل دا، کابرا هاڕاندی و گفی کرد و جنێوی پیس پیسیدا، خەڵکەکەش لە دڵەوە پێیان خۆش بوو لەبەرئەوەی ئەم دەردە لە ژنەکانی ئەوانیش بوو بەڵام لەسەرەوەش دفاعیان دەکرد و دەیان گۆت: عەیبە، ئەمە، حاجییە، تەریقدارە،

بەرێ کابرا ڕانەوەستا تا لە ئەنجامدا ڕێگەی گرت و وتی دەچم لەکن حکوومەت شکات دەکەم،

بەهەزار ناری عەلی کابرایان گێڕاوە، (٥) دیناریان لە کابرا ساند و دایانێ کەوا بچێ دەرمان بکڕێ و ژنەکەی پێ تیمار بکات،

جا لەپاشان لە مزگەوت کابرایان سەر کۆنە کرد و وتیان: بەقوربانت بم ئەتۆ حاجی و چیشت لە نوورە فرۆشتنە،

ژنی کرمانجەتی چسوانی نوورە چییە و چۆنی لێ بدات،؟

کابرا چاوی چزکرد و سەری شۆڕ کرد،

جابیستمان کەوا نوورەکەی هێنابووەوە هەولێر چوو بووە لای حەمام چیان بەزەرەر فرۆشتییەوە.

دزی بێستان

لە دەوروبەری (١٩٣٩ز) گوندی: چەغەمیرە لە کەندێناوە مەدرەسەیەکی گەورەی لێ بوو، مامۆستا مەلا ئەحمەدی بانەیی ناسراو بە: بە مەلای لەوێ مودەریس بوو، جا موستەعیدی چەغەمیرە- هەمووی لەسەر ئیجازە بوون، سوختەکانیان هەمووی وەکو موستەعیدان بوون: زەلام و زۆر خوێندن، کابرایەک لە تەمەنی (٥٠) ساڵی دابوو ناوی: مام ڕەسور بوو، بێستانەکی کردبوو لەلای خۆراوای گوندەکە بەلای جنوب، بەس لە گوندی بێستانەکەی ئەو باش بوو تەرۆزی و گندۆرەی زۆر بوو، کە پرۆکەکی کردبوو بۆ خۆی لەسەر بستێیەک دەینۆڕیە بێستانەکە، خۆی شەو و ڕۆژ لەوێ بوو، چاکەکیش لەم ناو هەیە مەشورە پێی دەڵێن: بالە، دەڵێن: هەر کەس شەوی بەناودا بڕوا بالە دێتە سەر ڕێگەی و ڕاوی دەنێ، جا کابرا یان شێت دەبێ، وە یاخۆ ماوەیەک نەخۆش دەبێ، جا بەشەوان کەس نەدەوێرا بەم ناودا بچێ مەگەر بەکاروان، وەیا بەجەماعەت، فەقێیەکانی چەغەمیرەش گەنم و پارە و شتیان نەبوو، یەک دووجار دەچوونە لای مام رەسور داوای گندۆرە و تەرۆزیان لێ دەکرد، ئەویش نەی دەدانێ لەبەرئەوەی دەی فرۆشت یان بە پارە، وەیان بە گەنم و جۆ، فەقێش چییان نەبوو، دوو سوختەی زەلام پرسیان بە موستەعیدێک کرد و وتیان: مامۆستا ئەگەر تۆ لایەن گیرمان بێ شەوێک دەچینە دزی بێستانی مام ڕەسور، موستەعیدەکەش زۆر یارانە و عاقر و چاوتێر بوو وتی: بچۆن بەڵام کەسی تر نەزانی، جا شەوێکی مانگە شەو دوو سوختە چوون بۆ دزی بێستانی مام ڕەسور، بەڵام چییان کرد؟: یەکێکیان کەند و کەند بۆ ناو بێستانەکە چوو، ئەوی تر دەرپێی لە پێ کردەوە و بەسەری خۆیدا دا و لەلای ڕۆئاوا بۆ لای مام ڕەسور هات، مام ڕەسوریش دانیشتبوو خەریکی جغارە خواردن بوو، ئاگای لە چ نەبوو، لە ناکاو فەقێیەکەی خۆی سپی کردبوو بە دەرپێیەکە وتی: ششش

واتە وشە وشی کرد، لە ناکاو مام ڕەسور سەری بڵند کرد و حەپەسا و دەستی کرد بەخوێندن: "بسم الله" " قل هو اللە"، ئایەتەل کورسی، واتە کردیە تێکەڵ و

پێکەڵ، دووایی دەستی کرد بەهاوار و ئیستمداد، وتی: کەزی شۆڕ هاوار، واتە شێخ عەبدولکەریم دارە خورما، چونکە کەزی شۆڕ ناوە بۆوی، یا غەوس، یا ئەڵڵا،... هتد.

بەڵێ چارە نەما و وتی: بە قورعان ئەوە بالەیە ئەی هاوار های- فەوتام و کەسم بەدەنگ ناگاتێ، وای گۆت و هەڵات، فەقێیەکەش کەستەکەکی بە دووا دا هاوێشت، مام ڕەسور بەر بووەوەو لە هۆشی خۆی چوو، ئەوانیش بەناو بێستان کەوتن و هەردووکیان دەرپێیەکانیان پڕ کرد لە گندۆرە و تەرۆزی، دەلینگەکانیان بەستبوو، هاتنەوە و لەبن جۆخینیان ناو ئەمەی خواردیان و ئەوەی تریان هەرگرت، هەردوو سوختە و موستەعیدەکە، بۆ بەیانی مار و منداری مام ڕەسور چوون بۆ بڕستان ڕنین، دەیبینن مام ڕەسور کەوتووە و بێ هۆشە، مام ڕەسوریان هێناوە و بێستانیان بەڕەڵا کرد، پیاوێکی زەریف لەبن قەرەچەخ بوو- سەید- ناوی: سەید خدر بوو، سەید خدری حەسەن برباسی، واتە لە گوندی حەسەن برباس بوو ماری،

ناردیان مام سەید خدر هات و دوگوردی بەسەردا داو دۆعای لێ خوێند مام ڕەسور بەهۆش هاتەوە، پاشی سێ ڕۆژان، جا فەقێیەکان چوونە لایو هەواڵیان پرسی، وەڵامی دایەوە و وتی: من دانیشتبووم، لە ناکاو بالەم لێ پەیدا بوو، سپی سپی، سەری لە عاسمان و پێی لە عەردی، دۆعام خوێند و فاتیحە و شت بەڵێ بالە نەگەڕاوە، دوو سێ بەردیشم تێگرت هەر سوودی نەبوو، تا هجومی کردەمە سەری، منیش نەم زانی نە شەوە نە ڕۆژە، جا مام ڕەسور چاک بووەوە و لبادێک و کاوڕەکی دا مام سەید خدر، بێستانیش بەر بوو، لەناو چوو، تا ماوەیەک هەر ئەم باسە لە گوڕێ بوو لە گوندی، باس هەر باسی بالە بوو، جا بەم دواینە یەک لە فەقێیەکان کەوا مام سەید خدر خۆشی دەویست و دەیناسی، چونکە برادەرێ کوڕی مام سەید بوو کە ئەویش دەی خوێند، دەی گۆتە مام سەید خدر: مام سەید من بووم بوومە بالە لە مام ڕەسور ئەم کاوڕەی وەرت گرت و ئەم لبادە لەنیو چەوانی من بوو منیش شەریکم و بەشم هەیە، مام سەیدیش پێ دەکەنی.

پێغەمبەرێ جوولەکە گەورەترە یاحەزرەتی غەوس

دەروێشـێک کـاکـی هیـران و نازەنین، لێـیـان پرسـی: دەروێش فـڵان پێـغـەمـبـەری جـوولەکان گەورەترە وە یاخۆ حەزرەتی غەوس؟ دەروێش وتی: توای هو..... توای هو حەزرەتی غەوس ولاشی ئەم کەسانەیە، واتە ئەو گەورەترە.

ئەو قلەشی باوێ بۆ دایکت

لە دەوروبەری (١٩٤٥)ز لە شـاری (ی) لە کوردستـانی باشوور چاخـانەیەک هەبوو، بە هـاوین و بەهـار پڕ دەبوو بەتـایبـەتی پاش عـەسـران، هەمـەجـۆرە پیـاو لەوێ دادەنیـشتن، ئەم شـارەش زۆر دەم بـەپێکەنین و تەڕ و یارانەنە، سـێ– چوار زەلام لەلایەکی چاخانەکە لەسـەر کورسی دانیشتبوون و قسـەی خـۆش و نەستـەقیـان دەکـرد، لە ناکـاو یەکـیـان وتی: وەرن باژنی حـیـز بژمـێرین لەم شـارەدا و لەم چەرخـەدا، ئەوانی تریش وتیـان: دە یائەڵڵا، کـابرای کـێ جـاری یەکـەم وای گـۆت دەستـی دا تەسبیح و وتی: ئێوە بڵێن و منیش قل ئاوا دەکەم لە تەسبیحەکە، جا دەستیـان پێ کرد تا سی و چوار ژنیـان ژمارد، وتیـان: خلاس، کابرایەکیان وتییە ئەمـەی کەوا تەسبێحـەکەی لە دەستـە و حیسـابی ڕاگرتووە، وتی: قلێکی تریش باوێ– بابیـتـە سی و پێنج، کابراش وتی: ئەم ژنە کـێیـە؟ وتی: دایکتـە، کابراش وتی: بەعیزەتی خوا درۆ دەکەی، ئەویش وتی:بەغەوس ڕاست دەکەم، کابراش هەر وتی درۆیە، کابراش وتی: وەرە بائیسپات بکەین درۆ و ڕاستییە، هەر بەخۆم چوار جارم گاوە، نیشان بەو نیشـانەش پێش لەشی هەندی عـانەیەکی کوتراوە، کوتران ئەمـەیە: بەجـاحـێلێ، یا منداڵێ بە دەرزی و شت دەی کـوتن جـا شـوێنەکـەی هەر دەمـینێ و مـەیلە و سـەوز هەڵدەگەڕێ، ئەم کوتانـە لەناو عـەرەب زۆر لە باوە لە چین ژنان، جـا هەردوو کابرا لێک عـاجز بوون، کورە چووەوە مـالێ و وتییـە دایکی: دایە نەزەری دایک و ئەولاد لەیەکتر حـەڵاڵە، دەبێ کـۆشت بۆم هەڵکەی، کوڕم عـەیبـە و شـورەییە، بەڵێ کوڕە سوێندی خوارد و کۆشی دایکی هەڵکرد و دیتی کـەوا بەینی ناوک و چشتـەکەی کوتراوە، وەکو ئەم کابرا وتی، جا یەخـەی دایکی گرت و وتی: دایە بەعزەتی خوا فلان کەس تۆی گاوە، کوڕم وانییە درۆیە، بەرێ کوڕە هەر سوور بوو لەسەر قسەکەی، جا بەیانی چووەوە لای کابرا و دەستی لەملێ کرد و لەگەڵێ

ئاشت بووەوە، وتی: فلانە کەس قسە قسەی تۆ بوو، چۆنت گۆت دایکم وا بوو، بەلام ئەگەر وانەبوایە شەرتم کرد بوو یان خۆم بەکوشت بدەم ویان تۆ بکوژم، جا کابراش دەستی لەمل کردوو وتی: دەنا لەبەر خاتری من خۆت لە دایکت زویر مەکە، چونکە دەزانم دەمێکە تۆبەی کردوە و وا ناکات.

ئەمە عادەتی بووکانە

بێوەژنێک پاش چەند مێرد مێردی کرد و بەبووک چوو و گوازراوە، جا تاخمە ژنێک لە ناسیاوەکانی چوونە سەردانی، ئەویش لاوونیو دانیشت و مەیلە و ڕووی لێ وەرگێران، ئەوانیش وتیان: بۆ چ وا ڕووت لێمان وەردەگێرێ؟ وتی: منیش پێم خۆش نییە وا بکەم بەلام چ بکەم ئەمە عادەتی بووکانە، جا ژنەکان دایانە قاقای پێکەنین و وتیان: خوشکم لەشت غارایە لەبەر دەعباکەی مێردەکانی پێشووت تازە تۆ عادەتی بووکان بەکار دێنێ.

خوا لەسەر ئەمەندە ئاردە پەکی کەوتبو

مامۆستایەک خوتبەی دەخوێندەوە، ئەمەش باسی خوتبەکەی بوو: پیرێژنێک ڕۆژێ لە مالێ حەزرەتی داود هەندە ئاردی برد کەبیکاتە نان، لە ڕێگە بالێی داو ئاردەکەی پرژاند و پەرتی کرد، پیرێژن گەڕاوە ئیشەکەی گێڕاوە، جا دووبارە نەختێکی تریان ئارد دایێ، هاتەوە لە ڕێگە گەیشتە حەزرەتی سولەیمان وتی: ها دایکە لە کوێ دییەوە و چ بووە؟ ئەویش سەر و سەربردەکەی بۆ گێڕاوە، سولەیمان وتی: بگەڕێوە و بلێ: دەبێ با یەکە گاس کەن کەوا بۆچ

وای لە من کرد، پیرێژن گەڕاوە و حەزرەتی داود بای گاس کرد و لێی پرسی: بۆ چ ئاردی ئەم پیرێژنەت ڕژاند؟ وتی: قوربان لە فلانە بەحر پاپۆرێک کوون بووبوو ئاوی دەچووە ناوی خەڵکەکەشی لە خوا پاڕانەوە بۆ چارەیان، نەوەک نقوم بن، جامنیش بەئەمری خوا ئەم ئاردەم برد و کونەکەم پێ بن پنچ کرد و لە خنکان ڕزگار بوون، کە لە خوتبەکە بوونەوە کابرایەکی زانا لە مەلاکەی پرسی: مامۆستا خوا بۆ بن پنچکردنی پاپۆڕەکە لەسەر ئەمەندە هاردە پەکی کەوتبوو خوا نەخواستە، ئەدی نالێ: (انما أمرهُ أذا اراد شیا ان یقول له کن فیکون)، مەلاکەش وتی: ڕاستە بەلام ئەمە بووە موعجیزە بۆ حەزرەتی داود و سولەیمان.

خوا بەچ دەناسرێ

ئەسمەعی لە عەرەبێکی پرسی: بەچی خوات ناسییە و دەزانی هەیە، لە وەڵام دا وتی: البعرة تدل على البعير: حوڵلەی حوشتر نیشانەی بوونی حوشترە

واثر الاقدام تدل على المسير: شوێنی پا نیشانەی ڕۆینە بۆ ئادەمیزاد

فسماء ذات ابراج: عاسمان خاوەنی چەندان بوورج

وارض ذات فجاج: عەرد خاوەنی چەندان ڕێگاوبان و چیا و چۆڵە

وبحور ذات امواج: بەحر و دەریا خاوەنی چەندان مەوجە

الا تدل على اللطيف الخبير: ئا ئەم هەرسێ شتانە نیشانە نییە بۆ هەبوونی خوایەکی بە لوتف و ئاگادار؟ بەرێ.

جووی فارساغەی دزەیی

لە دەوروبەری گرانی (١٩١٦) کۆچی ئەم دەشتی هەولێرە زۆربەی گوندەکان ئاغەواتی تێدا بوو، پیاوی گەورە و ماقوول، گوندی مێرخوزار- فارساغەی لێ بوو- حاجی فارساغە، کە پیاوێکی ماقوول و بەدیانەت و گەورە بووە، جا ئەم گوندانەش جوولەکەی زۆر تێدابووە، ئەم جوولەکانەش ئاغەواتەکان دەیان پاراستن ئەگەر نا موسوڵمانەکان غەدریان لێ دەکردن، جا جوولەکەیەک لە گوندی: میرخوزار- عەتاری و کوتاڵفرۆشی دەکرد، دەیان گۆت: جوولەکەی فارساغەیە، واتە ئەو ئاگەداری تی، تازە بەهارە ڕۆژێک جوولەکە سەری کەرەکەی ڕا دەکێشێ و بەرەو ماڵ دێتەوە لە کوتاڵفرۆشتن، گەوارەی بەهاریش مەشورە، جا لە ناکاو هەوری خڕ کردەوە و دەستی کرد بەسروک و باسک و تەق و هۆڕ دای ڕشاندە بارانی سەر بەکراوە، جا ڕێی ڕۆیشتنی نەما، شوانێکیش لەو ڕاست لەکن حەیوان بوو، قاپووتەکی زلێ پێ بوو، بەسەری خۆیدا دابوو لەبەر بارانەکە، جوولەکە لای دا بۆلای شوانەکە و چووە بن قاپووتەکەی تاکو باران لێ دەکاتەوە، شوانەکەش هەر خەرکی گوندی: مێرخوزار بوو، جا شوانە جێگەی جوولەکەی کردەوە لەبن قاپووتەکەی، ئەوان هەردوولا لەبن قاپووت بوون کردییە تەق و هۆڕی گەوارە و هەور، شوانە خۆی شوان بوو کەمزان بوو، لای وابوو جوولەکە لەم شتانە دەزانی

جا شـوانەکە پرسـی: جووە بەدینی ئێوە ئەم تەق و هۆڕە چییە؟ جوولەکەش وتی: دەڵێی گەڕی باسی ئەم شتانە پەسند نییە، لێکۆڵینەوەی باش نییە، نەخێر شوانە ئەسـراری لەسـەر قسـە کـرد، جـوولەکـەش، چونکە لەژێر قـاپووتەکـەی شـوانە، بەپێویستی زانی کە وەڵامی بداتەوە، جا جوولەکە وتی: محەمەد پێغەمبەرێ ئێوە لە ئاسمانە و فەرووەیەکی زلێ لەبەرە حەزرەتی مووسای ئێمەش لەوێیە و دارعەسای لە دەسـتـە، لە کـاتی بارانبـارین دەبێـتـە قـڕە لە نێـوانیـان: بـاو بەفـران ببـارێ محەمەدیش مەنع دەکات، جا بەشەڕ دێن، لە بەشەڕ هاتنەکەش محەمەد دەس هەڵناهـێنێ و مووسـا بەدارعـەسـایـەکەی لێی دەدا، جـا ئەم دەنگەی کە دێت ئـەمـە دەنگێ لێدانی دار عەسایە و تەقەی ئەوە، ئەم گۆڕە گۆڕەش بۆرە بۆری محەمەدە، جا جوولەکەکە وای گۆت و لێ بووەوە، بارانیش وەکو کوندەی سەر بەرە خوار دێتە خوارێ و هەور گۆڕەی دی، شوان قـاپووتی فڕێداو کلکی گۆپاری گرتە دەست و گۆتیـیە جوولەکـە: پێغـەمـبـەرمـان لە عـاسـمـان شـەڕیان بـێ و پێغـەمـبـەرێ تۆ لە پێغەمبەرێ من بدات و ئێمەش لێرە دابنیشین، چما محەمەد پێغەمبەر بێ کەسە، دایکەکـەت بگێم، جا وەرگـەڕا جوولەکە بـە گۆپاران، هاوار تۆبە کـوڕە درۆم کـرد، بەرێ سوودی نەبوو، جا کەتەقەی هەور دەهات و شوانەش هەتا مەترەق دەیگری لە جوولەکەی دەداو دەی گۆت: محـەمـەد پێغـەمبـەر بەقـوربانت بم مـەلێ بێکەسم، من تۆرەت دەکەمەوە یەک و سەت، جا هەتا گەوارە لێی کردەوە شوانە لە جوولەکەی دا بەگۆپاران و دەقوڕاوی وەردا، دەت گۆت: سـەگـە و شـێلدرانە، هەتـا نزەی لێ بڕا، کەری جـوولەکە هاتەوە مـاری و جـوولەکـە دیار نییـە، لەکاتی مـەغریب جـوولەکە بەشـەلە شـەل هاتەوە ماری و بەلاکە لاک، لەبـەر لێدان و لە قوڕا و وەردان چ حالێ نەمابوو، جا بەم حاڵەوە چووە دیوەخان و شکایەتی لەکن فارساغە کرد کەوا فڵان کەس شـوانـی فڵان کـەس واو وای لێ کردم و بێ خـێـری کردم و گیـان و لەشـمی شکاندوە بەڵێدانی گۆپاران، فارسـاغەش توڕە بوو ناردییە دوای شوانە و شوانەش هات، ئاغا وتی: سـەگی سـەگ باب نازانـی ئەمـە جـووی منە بۆچ وات لێ کردووە و لێت داوە؟ ئەویش وتی: بـەرێ ئاغا لـێم داوە بەڵام حـاڵ و حکایەت ئەوهایە، ئاغـەش لە جـوولەکەی پرسـی: قسـەکەی ڕاسـتە؟ وتی بەرێ بـەڵام من بەسوحبەتم وام گۆت جـابووە پێکەنین و گۆتیـانە جوولـەکە: موستـەحەقت بێ سـەگبـاب، لەم کاتە وەختـی ئەم قسـەیەیـە، شـوان چوزانی سـوحبـەت چییـە و بەڕاسـتی تێگەیشـتـیـە، جـا جوولەکەکە لێدانەکەی لە کیسە ماوە، شوانیش عامفەریمی وەرگرت.

جووی ئاغە ژنی بەحرکە

لە چەرخی کۆن دوو جوولەکە لە گوندی بەحرکە دەبن لە ناوچەی بەڕانی دەشتی هەولێر: جوولەکەیەک ناوی: حاپە بوو، جوولەکەیەکیش ناوی: یۆنە بوو، حاپە جووی ئاغە ژن بوو، ئاغە ژن ئاگەداری بوو– خۆشی دەویست، یۆنە جووی ئاغە بوو، ئاغە خۆشی دەویست، زەمانی کاکل ئاغای گەردی بوو، کە پیاوەکی گەورە و ڕەشید بوو، زۆر بەناوبانگ بوو، گەورەی عەشیرەتی گەردی بوو لە دەشتی هەولێر، مەلایەکیش لەبەحرکە مەلا بوو مامۆستا مەلا عوسمان، مەلایەکی چاک و خاوەن فەقێ و مەدرەسە، بەڵام ئەم دوو جووە: حاپە و یۆنە– زۆر ڕقیان لەیەکتر دەبووەوە، لەناو گوندیش هەردوو جوولەکە زۆر زبان ڕەپ بوون، بەئاغا و ئاغا ژنیان دەخوڕی، جارێک حاپە زمان درێژی کرد و مامۆستا لێی تووڕە بوو، گاری فەقێیەکانی لێداو حاپەیان گرتە بەر کوتەک و دار، هەندیان لێدا لە زمانیان خست، هاواری بردەوە لای ئاغا ژن کە مەلا و فەقێ وایان لێ کردوومە، ئاغا ژنیش لە دوای مامۆستای نارد و مامۆستا تەشریفی چووە لای ئاغا ژن، حاپەش لەوێیە، ئاغا ژن گۆتیە مامۆستا: جا مامۆستا بەقوربانت بم لەم گوندە ئەم جووە هی منە و ئاگەداریمە، ئێوەش ئەوهاتان لێ کرد و لێتان دا، دەبایە لۆ خاتری من ئەگەر گوەکیشی بخواردایە دەنگتان نەکردایە، مامۆستاش سەری بڵند کرد و تەماشای حاپە جووی کرد و وتی: کورە تۆ حاپەی، یا یۆنە جووی؟ وتی: مامۆستا من حاپەمە، مامۆستا سەری بادا و وتی: "لاحول ولا قوە الا بالله العلی العزیم"، ئاغا ژن بەسەری ئاغا من هەتا ئێستا هەر لەلام وابوو کە ئەم جووە: یۆنە جووە و جووی ئاغایە، نەم زانیوە کە ئەمە حاپەیە، چونکە من لێکیان ناکەمەوە، هەندە تێکەڵاویم لەگەریان نییە، جا کە فەقێیەکان گرتیان و وتیان: ئەمە جووی ئاغەیە، من لام وابوو: یۆنەیە جا وتم: لێی دەن ئەم سەگبابە زۆر زمان درێژە و قوچ ڕەوە، جا ئێمە بە یۆنەی تێگەیشتوینە بۆیێ وامان لێ کرد، ئەگەر بمان زانیبایە ئەمە: حاپەیە و جوولەکەی جەنابتە چۆن لێمان دەدا، من لەبەر خاتری جەنابت هەرچی بکردبایە ئێمە دەنگمان لەگەڵ نەدەکرد، حاپە کەوای زانی، گورج هەڵستا و دەستی مامۆستای ماچ کرد و وتی: مامۆستا مادام من بە یۆنە تێ گەیشتوینە دەستان خۆش، بریا بتان کوشتبایە، گەردەنت ئازا بێ، ئاغا ژن توخوا لەسەرە من چ دەنگ مەکە، ئەمەش

بۆیێ بوو هەر وەکو وتمان: یۆنە و حاپە نێوانیان زۆر ناخۆش بوو، جا مامۆستا و فەقێیەکان عەفو کران و حاپەش لێدانەکەی لە کیس چوو.

جوولەکە و کاک ئەحمەدی سلێمانی

لە زەمانی کاک ئەحمەدی سولەیمانی کە زاتێکی زۆر گەورە و زەریف بووە لە بابەت دین و زانست و هەموو شت، تاخمەیەک لە خەڵکی سولەیمانی جوولەکەیەکیان تەنگاو کرد و یەخەیان گرت: وەرە سەگباب موسڵمان بە، زۆریان سزا داو ئەویش وتی: بمبەنە خزمەت کاک ئەحمەد لەوێ موسڵمان دەبم، جا کە چوونە خزمەتی، فەرمووی: چییە؟ جوولەکە وتی: قوربان منیان گرتووە و سزایان داوم کەوا بمکەنە موسڵمان، منیش وتومە لە خزمەت ئەو قسە دەکەم، شێخ فەرمووی: باشە دەببە موسڵمان، وتی: قوربان نابمە موسڵمان، چونکە موسڵمانییەتی وەکو جەنابت بەمن ناکرێ، موسڵمانییەتی ئەم خەڵکەش کەوا دەیان بینین جوولەکایەتییەکەی خۆم گەلێ لە موسڵمانی ئەوان باشترە، جا کاک ئەحمەد زۆر پێکەنی و فەرمووی: ئیزنی بدەن ئەمە دەرسێکە بۆ ئێوە، جا ئیزنیان دا.

جوولەکە و کابرای قۆڕیتان

لە دەوری (١٩٢٠)ز لەپاش گرانییەکە ئاغای گوندی: قۆڕیتان عەولای حەوێزیان پێ دەگۆت، لە تیرەی ماڵی بایز بووە، پیاوێکی ئازا و ڕەشید بووە، خەڵکی زۆری لێ دەترسا، کابرایەکیش لەو گوند گرفتێکی تووش دێت ناوی: عەولاڕۆک دەبێ، ئەم کابرایە جوویەکی باب دۆستی دەبێ لە هەولێر ناوی: مخایلە جوو دەبێ، ئەم جوولەکەیە تێکەولێکەی لە دەشتی زۆر دەبێ، قەرد و سەلەم و شتی وا، جارانیش سەیارە و شت نەبوو، هەر کەر و کاروان هەبووە، عەولاڕۆک هەندە پارە خڕ دەکاتەوە کەوا تفەنگۆکەکی پێ بکڕێ دەشقەم گرفتەکەی پێ حەل دەکەم، بەڵام کاتی زستان دەبێ کاتی ماوەی نییە، بیر دەکاتەوە و دەڵێ: پارەکەم لێرە لەلا بێ بەخۆم دەیخۆم و یا خەڵک لێم قەرز دەکەن و دوایی نام دەنەوە، وا چاکە پارەکەم لە هەولێر لەلای مخایلە جوو دابنێم تاکاتی پێویستم، دەچێتە هەولێر و قسەکە بە مخایل دەڵێ و مخایلیش ڕێزی دەگری و دەڵێ: باوکت برای من بوو، نەک ئەم

پارەیە تۆ چەندت دەوی دەت دەمێ، پارەکـــە (١٩) لیـــرە دەبێ و لەلای دادەنێ، بەهاری دەچێتەوە لای بۆ پارەکە، مخایل حاشا دەکا و دەڵێ: برۆ سەگباب پارەی چی، ئەگەر نەڕۆی بە حەپس کردنت دەدەم، عەولارۆک زۆر دڵگز دەبێ و چارەی نامێنێ، خەریکی گریان دەبێ، ئەس قەزا تووشی کابرایەک دەبێ، یەختیار و پیاوانە، دووکاندار دەبێ، لێی دەپرسی: کورم بۆ چ دەگرێی؟ ئەویش سەر و سەربردەی خۆیی و گرفتەکەی مخایلە جووی باس دەکات، کابراش مخایلە جوو دەناسی، دەڵێ: کورم سەر لە من مەبرە، ئەم جووە کاتی مەڕ برینەوە دێتە دەشت بۆ قەرز و سەلەمی خوری، من ئەگەر شوێنت بزانم ئاگادارت دەکەم، جا لە ڕێگە تۆش کەیفی خۆتە لەگەلێ، بەلام لە شار پێی ناوەستین، کابرا سەری لێ نابرێ، تاکو دەبێتە سەپانی پیاوێک هەر لە گوندەکەی خۆی، دەسنیشانی پەرێز و شتەکی بۆ دەکات، چونکە لە درونەی جۆ کاتی مەڕ برینەوەیە، لەم بەیتەش عەولارۆک تفەنگەکی قوتە ما هوزەی پەیدا دەکات، ڕۆژێک زەلامێک دێتە سەر پەرێزەکە و دەڵێ: کێ عەولارۆکە؟ کابراش دەڵێ من هەوم، دەڵێ: فلان کەس سەلامی لێ دەکردی وتی: بێتە سەر ڕێگەی کلک مشک، شوێنێکی چوڵە و مەترسە، واتە لەم کات، عولارۆک وتی: حەقت چەندە، کابرا وتی یەک مەجیدییە، پارەکەی دایێ، ئازانە سواری بارگینەک بوو، دەستی دا قۆتە ما هوزەی، هاتە سەر ڕێگەی کلک مشک، چاوەنواڕی بوو، دیتی پێش نیوەڕۆ ئەوا مخایلە جوو سواری کەرێک بووە لەگەڵ کاروانێک بۆ دەشتی دەچی، کابرا چووە پێش و دایبەزاند و سواری بارگینەکەی کرد، بە تۆبزی، چەندی زەلامەکانی تر حەولیان دا فایدەی نەبوو، تفەنگێ سوار کرد و وتی: هەرچی بێتە پێش دەی کوژم، جا مخایلی سوار کرد و لاقی لەبن زگێ ولاغەکە بەستەوە، چاویشی بەستەوە، خۆشی سوار بوو، باژۆ بەغار، هەتا دۆری دلۆپە و دۆلێ خانێ گیری نەکرد، هەر بەغار، جونازانی کێوەی دەبات، لەوێهێنایە خوارێ و لێدە، دایکت دەگێم مخایل، تۆ برای باوکم بووی، پارەکەت بۆ خواردم و زەوتت کرد، ئامان دەخیل، بەرێ سوودی نەبوو، جار جاریش تفەنگەکەی بەسەر دادەهاوێشت، دەستی لە باخەڵ ڕا کرد و (٨٠) لیرەی پێ بوو لێی ساند، جا بەچاو بەستراوی و پەل بەستراوی لەوێی بەجێهێشت، عەولارۆک هێوار هاتەوە، جوولەکەش هاوار و شتی کرد، شوان و شت فریای کەوتن و بەریان دا، پاش یەک دوو ڕۆژ هاتەوە هەولێر، ماوەیەک لە ماڵی کەوت و

نەخۆش بوو، جا کە چاک بووەوە، دیاری و شتی بۆ عەولای حەویز هێنا، ئاغای قۆڕیتان شکاتی لەلای کرد، عەولاغەش عەولارۆکی بانگ کرد و بەدزی لێی پرسی، وتی: لە بەرچاوی جوو لێت دەدەم تۆش حاشا بکە، لەپاشان پارەکەی خۆت بگێڕەوە و ئەوی تریش بدە من، وتی: باشە، جا عەولاغە گاسی عەولارۆکی کرد و سەگباب و قەحپە باب، لێدە، ئاغا بۆ لێم دەدەی، پارەی مخایلت خواردووە، لێت داوە، مخایل جووی خۆمانە، پیاوی چاکە، دیاری هێناوە، ئاعە نەم بردیە و مخایل درۆ دەکات، منیش خۆشم دەوێ ئێمە باب دۆستین، ئاغا وتی: دەبرێ بەسەری تۆ من وام نەکردووە، عەولارۆک وتی: بەسەری ئاغا من وام نەکردوە، داخوا کێ بووە بەمن تێگەیشتیە، وەیا خۆ خەونی دیتیە، جا ئاغاش عەولارۆکی ئیزن داو جووەشی ئیقناع کرد، ڕەوانی کردەوە، عەولارۆک (١٩) لیرەکەی خۆی گێڕاوە و ئەوی تریشی دا عەولاغە، مخایلیش زۆری پێ نەچوو لە داخان تۆپی و حەیاتی لێ بڕا.

کیژم نۆبەرەت کوڕ دەبێ

کابرایەک بەدڵ و داو ژنێکی بۆ کوڕی هێنا، عادەت وایە: بوک تا ساڵێک زۆر بەشەرمە و زۆریش ئازا و ئیشکەرە لە ماڵەکەدا، جا مەشوورە کە دەڵێن: بووکی ساڵی ئیعتباری پێ نییە، کوردەواری دەڵێن: بووکی ساری بەرێ دەماری، واتە ئازایە تاکو ساڵێک، بووکە زۆر لەمێژ نەبوو هاتبوو ئەس قەزا لە قەرەباڵغی ماری تاقون گرتی شەقەی لێوە هێنا، هەر وەکو دەڵێن: شەڕ و تڕ بەدەس کەس نییە، جا بووکە زەرد هەڵگەڕا و ڕەنگێ تێکچوو، مردن بە کڕین بایە دەیکڕی، خەزورەکەش باوکی کوڕە، پیاوێکی عاقر بوو، دەستی بە ڕدێنێ داهێنا و وتی: ئەلحەمدوللا خوایە لێت بەزیاد بێ، دوو سێ جار ئەمەی دووپات کردەوە، بووکە ئاوڕی داوە و دیتی خەڵکەکە مات و کڕن، کەس پێ ناکەنی، خەزوریشی هەروا دەس بەڕیشی دادێنێ و دەڵێت: ئەلحەمدوللا،... هتد.

بووکە وتی: مامە بۆ چ وا دەکەی و وا دەڵێی؟ وتی: کچم نۆبەرەت کوڕ دەبێ، چونکە ئەگەر بووک هاتە ماڵێک نەتڕی و نەفسی ئەمە نەزۆک دەبێ، ئەگەر لە مەجریس فسی ئەوە نۆبەرەی کچ دەبێ، ئەگەر تڕی ئەوە نۆبەرەی کوڕ دەبێ، جا زۆر لەمێژە من بە ئاواتم کە تۆ تڕێکی وا بکەی، دڵم ترسا لە نەزۆکیت، چونکە تا

ئێستا نە فس بوو نە تڕ، بەڵام ئەلحەمدوللا کەوا ئەم شینە تڕەت کرد، ئەمەشی بۆ ئەمە ووت: کە بووکە بەسەر خۆی دانەشکێتەوە، جا بووکە گەش بووەوە و شەرمەکەی چوو، ڕووی لە مامی کرد و وتی: مامە، مامە... یەکی تریش بکەم، مامەکەش وتی: نەخێر با جاری ئەم کوڕە گەورە بکەین ئەوجا.

بۆ زانین: ئەم قسەیە بوو بەپەند: با جاری ئەمە گەورە بکەین.

مەلای گەریاوە خوتبە بەگونی ڕووت دەخوێنیتەوە

لە دەوروبەری (١٩٥٠)ز گوندی: گەریاوە لەپاڵ چیای پیرمام لە ناوچەی هەولێر، گوندێکی گەورەیە، پتر لە سەد ماڵێ تێدایە، کوێخا حەسەن لەوێ کێخوایە، ئەم گوندە کەر و کاروان دەکەن و کەم کەمەش فەلاحەتیان هەیە، نەختە نەختەش ڕەزیان لە چیاکە هەیە، جا بەم هۆیە نێرەکەری زۆرە، شوێنەکەشی دۆڵاییە کە نێرەکەرێک دەزەڕی هەمووی تێکرا دەزەڕن، دەنگ دەداتەوە و دەبێتە هەرا، خەڵکی بێگانە لەوێ زەحمەت خەوی لێ بکەوێ لەبەر زەڕ و هۆڕی کەران، نێرەکەری گەریاوە مەشورە، تا لە شوێنێک یەک دوو کەر بزەڕن خەڵک دەڵێن: بوویتە گەریاوە، مامۆستا مەلا شێخ عوسمان لەوێ مەلایە، مەلا شێخ عوسمان مەشورە پیاوێکی تێگەیشتووە، بەڵام نەختێ لە ئیشان کەمتەرخەمە و بێ موبالاتە، لەو کات عومری لە دەوری (٥٠) ساڵی دابووە، ڕۆژێکی هەینی دەرپێی دەشوا، بۆ کاتی جومعە داوای دەرپێ دەکات کە لەپێ بکات، مەلا ژن دەڵێ: دەرپێیەکە هێشتا تەڕە و کەلکی لە پێکردنی نییە، مەلاش دەڵێ قەیدی ناکات، کەوام لەبەرە و لە جومعە خوێندنەوە ئاگام لێ دەبێ و لە نوێژیشدا پشتم لە خەڵکە و دیار نییە، قەیدی ناکات بێ دەرپێ دەچمە خووتبە، جا دەچێتە خوتبە و بەس کەوای لەبەرە، مزگەوت قەرەباڵغە و مەلاش لە میحراب دەس دەکات بە خووتبە، دەستەکیشی بە کەواکەی وەیە تاکو ئەسبابی بەدیار نەکەوی، جامەلا دەس پێ دەکا و دەڵێ: "الحمدلله، ثم الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، اوصيكم عباد الله، تا دەگاتە وبعد ايها الناس"، لەوێ حەماسەت دەیگری و گەرم دەبێ و ئاگای لە کەوێ نامینێ و دەستی لێ بەر دەدا، شاقەی کەواکەشی لێک دەترازێ و پێشی مەلا بەرەڵا دەبێ و گون و هینەکەی دەکەونە تەکە تەک، لەگەڵ خۆهەژاندن و حەماسەت و خوتبەدا، خەڵکەکەش تەمەشای هینەکانی مەلا دەکەن و لاقی بێ دەرپێیە و هینەکەی تەکە

تەکی تی، دەس ئەکەنە پێکەنین و ترق و هۆڕ، مەلاش وا تێ دەگات کەوا: بە خووتبەکەی پێ دەکەنن، چونکە بێ دەرپێی خۆی لەیاد نەماوە و ئاگای لە هینەکانی نییە کەوا تەکە تەک دەکەن، جا لە خووتبەکە واز دێنێ و ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و دەڵێت: سەگبابینە، قەحپە بابینە، ئێوە کافرن، گەمان بەخووتبەی خوا و پێغەمبەر دەکەن، قەشمەری پێ دەکەن و پێ دەکەنن، تا لێی بەجواب دێن و دەرێن: مامۆستا ئێمە بە خوتبەکە پێ ناکەنین، سەرت خوار کەوە کەراژۆت لە گۆڕێیە و تەکە تەکی تی، جا مەلا کە تەماشا دەکا و دەیان بینێ و بە فکری دێتەوە، ڕا دەپەڕی بۆ ماری خووتبەکە نەکراو مەلاش لە شەرمان حەفتەیەک نەهاتە دەرێ گوایە نەخۆشە، ئەمەش بە درۆ، جا بەم دواییەنەش کە مەلایان دەدیت و دەیان گۆت: بەڕاستی مەلا شێخ عوسمان خەتیبی چاکە، مەلا تورە دەبوو جنێوی دەدا،... هتد.

قەزەند و ڕەشی برا ژن

سمایلە سۆر هەبوو خەرکی گوندی: بانی ماران بوو، لە دەشتی کۆیی، پیاوێکی عاقر و عەنتیکە و قسە خۆش بوو، لە ساڵی (١٩٤٧)ز گێڕایەوە وتی: قەسابیم دەکرد، جارێک چەند حەیوانێکم لە پێش بوو بۆ هەولێر دەچووم، ئەم ناوچەیەش قەزەندایەتی زۆر دێتێ، بەتایبەتی تیرەی "م"، زۆربەی قەزەندەکانم دەناسی، جا ناوەکەشی وتن، وتی: ڕێگەم بە هۆبەی قیتۆ تێپەڕ بوو، بەر دەمی ماری فلاندا چووم، ئەو ناویشی هێنان، ئەم مارە دوو برا بوون، یەکیان بە ژن و مار بوو، ئەوی تریان ژنی نە هێنابوو، پیرە دایکەکیان هەبوو، باوکیان نەمابوو، بێرەیان دەکرد، هەردوو برا لەبەر بێرە ڕاوەستا بوون و ژنە ئەیدۆشی و دایکە سەری حەیوانی دەگرت، نەختێ لەوان تێپەڕیم و لە ناکاو برایە بێ ژنەکە بانگێ کردمێ بە قایم و وتی: وۆ سمایل- وۆ، منیش ئاوڕم داوە و ڕاوەستام وتم: لۆ بانگم دەکەی؟ کابرا وتی: سمایل دەبە عەمرێت مرم نۆکەتە مەڕانم لۆ بەو بفرۆشە ژنکەکێ دێنم بە قوربانە سمایل خۆم کۆرە کرد و ئەو شۆ حەزم لە گان بوو چووم لە ڕەشی براژنم نا، جا بەقوربانت بم سمایل نۆکەتە مەڕانم لۆ بەرە بفرۆشە نەکو جاری تر دەبەشی براژنی بنێمەوە و عەزم بچێتە گانان، سمایل وتی: منیش وتم: هەنووکە هەردوو برا یەکتر دەکوژن، جا وتم: ئەوی براژنی حەویانا دۆشی، کابرا وتی:

هەرێ- هەرێ ئەوەی حەویانا دۆشی، دیتم نە کابرای مێردە دەنگێ کرد و نە براژن و نە دایکە، جا منیش بە توندی وتم: ماخرا نۆکەتە حەویان لە بۆ دەفرۆشی ئەوی بواری ڕاوەستە و هەر جاری عەزت چووە تەڕە گانان دەبەشی براژن نی، پایزی حەویان قیمەت پترا کەن و هەینێ بیان فرۆشە، کابرا وتی: دەباشە، باشە با لە بۆ هەینێ بێت.

سەعید سەلیم شایەری کوردی

لە چەرخی (١٩٤٥)ز قلە قلە مەکتەب و مەدرەسەی حکوومی لە دەشتی هەولێر پەیدا دەبوو، گوندی: دۆڵە بەکر گوندێکی قەرەباڵغە و مەکتەبی لێ دامەزرا، موعەلیمەکی بۆ تەرخان کرا، کەشخە چی، ڕا لە خۆ، لای وابوو: خۆی دانەری هەموو عیلم و عیرفانە، ئاغای گوندیش پشتیوانیان بوون، لەو چەرخیش زۆربەی مامۆستاکانی قوتابخانەی میری لە دێهاتەکان لە دەرچوانی پۆلێ شەشی سەرەتایی بوو، ئەفەندی زۆر بە کەشخە، خاوێن و باوێن، ڕا لە خۆ، هێواران دەچووە دیوەخانی ئاغا، بە حوورمەت و بەڕێز، لەو گوندیش کابرایەکی بەساڵاچووی هەبوو، شایەرەکی زۆر نایاب و چالاک بوو لە کوردەواری، چشی نەخوێندبوو، ناوی مام سەعید بوو، سەعید سەلیم مەشور بوو، باس باسی سەعید سەلیم بوو لە شایەری، ئەفەندیش وتی: درۆیە نەخوێندەوار شیعر نازانێ، قافیە بەندەکانی نارێکە و خەڵەت و پەڵەتە، جا لەگەڵ منداڵە ئاغەیەک ئەفەندی لەسەر ئەمە گرەوی کرد، هێوارەیەک ناردیان مام سەعید هاتە دیوەخان، پێ یان گۆت: حال و حیکایەت ئەو هایە، ئەویش وتی: ئەفەندی وایە؟ وتی: بەرێ، ئەگەر ئازای شیعرێک بلێ کەوا ئاخیرەکەی: ع-و،س-صات و-چات بێ،

ئەفەندیش سەر مەیلەو بۆز و سپی بوو، جا مام سەعید ڕووی کردە ئەفەندی و دەستی پێ کرد و وتی:

لەو ئەفەندی هات و مات
سەرت بۆزە و سپی پات
جاشکەک هات و ئەتو گات
عەین و سین و صات و چات

ئەفەندی سەری شۆڕ کرد و چاوی لەبەر ناو وتی: بەڕاستی شاعیری چاکی، ئیتر چیی تر مەرێ و بەسە، خەڵکەکەش دەستیان کردە پێکەنین و بەزم.

بۆ زانین: بەداخەوە ئیهتیمام بەم جۆرە کەسانە نەدران و شوێنەواریان گووم بوو.

تەها کتک و دەرۆزە

تەها کتک هەبوو یەختیار بوو، لە تیرەی خۆشناو، تەمەنی (٧٠) ساڵ پتر بوو، بەڵام زەلامێکی کشت و چوست بوو، جا قسەی ئەمەبوو کە دەگەیشتە یەکێک دەی گۆت: خێرە کێم پێ بکە، ئەگەر کابرا بیدابایێ باش بوو، ئەگەر نا جونەکی گەورەی پێ دەدا، جا ئەمەی مام تەهای بناسیبایە= تەها کتک، لە ترسی جونەکان خێری پێ دەکرد، جارێک کۆمەرە خەڵکەک لە دووکانی مەلا قادری گۆمەسپانی دانیشتبوون، لە هەولێر، مام تەها پەیدا بوو، ڕووی تێکردن و وتی: خێرێکم پێ بکەن، کەس دەنگی نەکرد و چیان نەدایێ، جا ڕووی تێکردن و وتی: برۆنێ- برۆنێ خۆیەک دەنگەکێ ناکا- دەرێ هەموو کەریان گایە، جا بووە پێکەنین و خێرەکەشیان پێ کرد و کەر گانەکەشیان زیاد.

تەها کتک و مەلای مزگەوت

هەر ئەو تەها کتکە جارێک دەچێتە مزگەوتێک لە هەولێر، کۆمەرە مەلایەک لە حوجرەی مەلای مزگەوتەکە دانیشتبوون، مام تەها پەیدا بوو، دەرکەی لێ گرتن و وتی: ئەرێ خێرەکێم پێ بکەن، مەلاکانیش سەریان شۆڕ کرد و هەستیان نەکرد، جا تەها ڕووی تێکردن و وتی: برۆنێ- برۆنێ دەرێ لە قوونی هەمووانم بردیە، خۆ یەک دەنگەکی ناکا، جا تەها ڕۆیی مەلاکان زۆر حاجز بوون، چونکە خەڵکی تریشیان لەلا بوو، تا لە ئەنجامدا یەک لە مەلاکان وتی: یاخوا دەستی خۆش بێ، ئێمە بە هەموومان درمان نەهات (١٠) فلوسی بدەینێ، ئەوەمان موستەحەقە.

مەلا خدر بگەڕێوە

لە ساڵی (١٩٦٦)ز لە سەر فەرمانی میری کۆبونەوەیەکی مەلایەکانی عێراق لە بەغدا بەسترا، چوون و هاتنیان و خواردنیان و ڕابواردنیان لەسەر کیسەی میری بوو، جا سەیارەیەک پڕبوو لە هەولێر لەم مەلایانەی کە مووچە خۆری میری بوون، یەک لەوانە مەلا خدر، ناوێک بوو، مەیلەو فەقیرحاڵ بوو، یارم شێتێک ئەویش مووچە خۆر بوو، لەسەر مزگەوتێکی بچووک، لەگەڵیان سواری سەیارە بوو، نێرینێکی گەورە پڕاوپڕی مەلای سەر سپی، کە سورا بوون، بیریان کردەوە و وتیان: ئەم هەموو مەلایە دەچین بۆ کۆبونەوە لە بەغدا، هەندێ مەلای خراپمان لەگەڵ دایە، لەوێ حەیامان پێوە دەچن، جا سەیارە دەستی کرد بەڕۆین، ئەم قسەیەش گەڕا لەناو مەلاکان، تابڕیاریاندا کەوا هەندێک لەم خراپانە بینەخوارێ و نەیان بەن، لە ناکاو وتیان شوفێر: کورە ڕاوەستێ، شوفێر ڕای گرت و پیلێ چەند مەلایەکیان لەوانە گرت و هێنایانە خوارێ، یەک لەوانە ئەو مەلا خدرە بوو، هێشتان سەیارەکە دەستی نەکردبووەوە بە ڕۆیین، مەلا خدر کە هاتە خوارێ تا دەنگێ تێدابوو هاواری کرد و وتی: هەی گە... لۆ جێگەی هیچ و تووڕەهات دەمان بەن و بۆ پارە خەرچکردن و گۆشت مریشک سندان کردن فڕێمان دەدەنە خوارێ و نامان بەن، جا سەیارەکە ڕۆیی و مەلا کانیش سەریان شۆڕ کردوو بێ دەنگ بوون، تا لەناوە خۆیان یەک دوانەکیان وتیان: یاخوا دەستت خۆش بێ وەڵڵا حەقتە.

مام میکایل و مەلا کەریمی خۆران

گوندی: خۆران، لە ناوچەی هەولێر، لەپاڵ چیای سەفینە و بەلای قیبلەوە کەوتووە، گوندێکی زۆرە، کەوتوویتە دۆڵێک، سبیانان خۆری درەنگ لێ دیار دەدا و هێواران زوو بزر دەبێ، لە دەوروبەری (١٩٣١ز) سالح بەگ لەوێ میرە و پیاوێکی گەورە و ماقوول بووە، لە تیرەی میر وسویی، مەلا کەریم لەوێ مەلا بووە، مام میکایلەک لەوێ هەبووە، کتوکۆر بووە، مەشوور بووە بە: میکایلە کۆر، ژنێکی ناو: حەپسەی هەبووە، سەعات و شت ئەم ساکەم بووە، بەس مەلا و ئاغا خاوەن سەعات بووینە لە گوندی، ڕەمەزانە، کاتی زستانە، ڕۆژ زوو لە خۆران ئاوا دەبێ بەڵام هەر ڕۆژە، جا خەڵک چاوەنواڕی مەلا کەریم بوون بۆ بانگ دان، مام میکایل سپیلێ پڕ لە

تووتن دەکرد و بە ئاگری دەکرد، جارجار دەی گۆت: حەبێ- مەلا کەریم بانگێ نەدا، حەبێش دەی گۆت: نەخێر ڕاوەستێ، تا لە ئەنجامدا مام میکایل وەڕس دەبوو، دەستی دەکرد بە قوم لێدان لە سپیلەکە، پاش ماوەیەک مەلا کەریم دەی گۆت: ئەڵڵا و ئەکبەر، واتە بانگێ دەدا، مام میکایلیش تا دەنگێ تێدا بوو دەی گۆت: دەک ئەڵڵا و ئەکبەر لە بنی گێت بدات، ئەتو هەر برێ: ئەڵڵا و ئەکبەر، ئەمن ئەتۆم گا و سپیلێ خۆم کێشا.

واتە: مام میکایل وای دیار داوە کەوا زەبرێکی گەورەی لە مەلادا کەوا پێش بانگدانی ئەو سپیلێ کێشایە، وای زانیوە زەرەر لە مەلا کەوتووە، جا عەقریەتی ئەم چەرخە ئەوها ساویلکە و نەزانی بووە.

قوربان ویزدانت قەبووڵ دەکا دەس بەتاڵ دانیشم

جاران خەرک کەم وابوو بزانێ سەیارە لێ بخوڕێ، واتە: شوفێری زۆر کەم بوو، زۆربەی خەڵک ئەگەر سەیارەی هەبایە شوفێری ڕا دەگرت وەکو ڕەنجبەر، بە پارە و مانگانە، لەبەر ئەم دوو شتە:

١- خەڵک کەم دەیان زانی سەیارە لێ بخوڕن

٢- سەیارە هاژوان شتێکی کەمی بوو بۆ ئەم کەسەی نەختێ بەتەرزەوە بایە، جا هەر بۆیێ زۆربەی شوفێرچیان دیان و ئەرمەنی بوو، وەیاخۆ تورکمانێکی بێ کەس بوو، لە ناوچەکانی کوردەواری، یەک لە دەوڵەمەندان - پیاوێکی گەورەو ڕا لە خۆ، سەیارەیەکی هەبوو، هەم ئەگەر ئیشی خۆی هەبایە پێی دەکرد، هەم ئەگەر بە سەفەر بچووبایە خۆی یا ماڵ و منداڵێ سوار دەبوون، ئەگەرنا کرێ و شتی پێ دەکرد، جەنابێ دەوڵەمەندەکە کۆمەڵە منداڵێکی قشت و جوان و لووس و پووسڕ هەبوو، خڕوحۆڕ و تێروپڕ، لە نێر و لە مێ، شوفێر چیەکی زەبەلاحی هەبوو، ئارەق خۆری کەم دین و موستەحەق،- شوفێر چی جاروبار بەچکەکانی کابرای سواری سەیارە دەکرد ولە شاری دوور دێخستنەوە، ناو هەلەت و پەلەت، بەکورتی وردە وردە بەچکە منداڵەکانی فێری قووندان کردن، جا بۆ شوفێرچی بووە بەهار، قوونێکی تەڕ و تەسک و تریسک و سپی و خاوێن، وا دەزانم بۆ تەبەڕوک و بەرەکەت شوفێر پێیان فێر بوو، قووندانیش هەر هەندە بووە خدو، جا دەس دەکات بە: خوران تا نەیگێن سفت و سۆی داناکەوێ، منداڵەکان خۆیان یەخەی

شوفێرچییەکە یان دەگرت، نەخێر ئیش گەورە بوو، زۆر لە خەڵک دەیان دیت کەوا شوفێر ماچیان دەکات و لە سەر کۆشی خۆیان دادەنێ، ئیتریشیان دەدیت بەڵام نەدەوێران کابرای گەورە ئاگەدار بکەن، هەر چاوەنواڕی ئەمەیان دەکرد کەوا: بابەگەورە بە کەرامەت ئەم شتە بزانێ، ئاخیری ئیشەکە تەقی و کابرا تێگەیاندرا، جا کابرای شوفێر چی دەرکرد و یەکی دی ڕاگرت، کابرای شوفێری کەوتە خەفەت و غەمباری، چونکە ئەم هەموو قوونە سپییەی بێ پارەی لە قیس چوو، تا لە ئەنجامدا وتی: بەبێ هەق- بەس بە نان و زگ شوفێری دەکەم بەرێ هەر دەرکرا، بەڵام ئیشەکە بەردێکی لەسەر دانراو تەپس کرا، بەڵام چ تەپس کرا: لە پاش ترێ خەپشەی برێ، خووی شیری هەتا پیری، کار لەکار ترازا منداڵەکان فێری قوون خوران و قووندان بوون، بووە ئیرسی یان، جا ناوە ناوە کابرای کۆنە شوفێری دەهاتەوە لای دەوڵەمەندەکە و دەستی ماچ دەکرد و دادەنیشت و هەناسەی هەر دێنا، بەداخەوە ئەو هەوارە بەڵام ئەو بوارەی نییە، بەڵام وای چاند کە ئەو منداڵانەی فێر کرد تا مردن ئەم ئیشە تەرک نەکەن، تا جارێک لە مەجریس شوفێر دەستی کابرای ماچ کرد و دانیشت، ئەویش ڕووی تێ کرد و فەرمووی: فلان هەنوکەش هەر منداڵان دەگێی؟ کابراش دەس بەچی وەڵامی دایەوە و وتی: قوربان تۆ ویژدانت قەبووڵ دەکات من دەس بەتاڵ دانیشم، واتە هەر وا دەکەم.

دوو برادەری مەلای وەفادار بۆ یەکتر

لە چەرخی (٢٠)ز دوو مەلا هەبوون،

١- زۆر کورتەباڵا بوو،

٢- زەلامێکی زۆر موستەحەق و چوارشانە بوو

لە پلەی زانیاریشدا هەردووکیان مام ناوەندی بوون، ئەم دوو مەلایە خزمی یەکتریش نەبوون، بەڵام هەر کات بۆ یەکتریان هەوڵ دەدا و مەتحی یەکتریان دەکرد، لە ئیش و کاری یەکتر غەمخۆر بوون، بەتایبەتی ئەمەی گەورە بۆ ئەمەی کورتە باڵا، جا ڕۆژێک لە مەجریسێکی مەلایان کە ئەم دووانەش لەوێ بوون- کابرا باسی لەسەر ئەم یەکییەتیەیان و یارمەتی یەکتریەیان، ئەمەش مەعلومە بۆ خواش نەبوو، وە تەماعیشیان لە نێوان دا نەبوو، جا کە ئەم باسە هاتە گۆڕێ و

هەردووکیان وتیان: ئێمە دۆستێکی کۆنین و ئێوە حەسودیمان پێ دەبەن بۆیە باسمان دەکەن، خوێندەوارێکیش لەو مەجریس حازر بوو، کە ئەویش هاوتای ئەم دوانە بوو لە عومر و لە ساڵا، هەلێ دایێ و وتی: بابە ئەم دوو مامۆستایە کە وانە لەگەڵ یەکتر ئەمە لە وەفایەتیان، هەردووکیان خاوەن وەفانە و چاکەی یەکتر پڕ دەکەنەوە هی زەمانی کۆن و فەقێ یاتیان، وتیان: رەحمەت لە بابت ئەرێ وەڵڵا، واتە: هەردوو مەلاکە وایان وت، مەجریسەکەش وتیان: وەفا و چاکە پڕکردنەوەکەیان هی چی- دەبێ شتێکیان لە کاتی خۆی لە نێوان بێ، کابراش وتی: بەرێ، ئەمەی کورتە باڵا لە کاتی خۆی سەری کەری بۆ ئەمەی تر گرتووە، ئەمەی تریش پشتی بۆ ئەمەی کورتە باڵا دانایەتەوەو چویتە سەر پشتی بۆ ئیشەکە لەگەڵ گێدرێژ، چونکە پێ هەڵ نەدەگەیشت، جا ئەم وەفا و چاکەیەیە بۆ یەکتر دەدەنەوە و پڕ دەکەنەوە، جا بووە پێکەنین و بەزم، ئەوانیش دەمیان بووە تەڵەی تەقی.

سوێند خواردن بە قورعان لەسەر کەرگان

لە چەرخی (١٩٤٢)ز ئەم دەشتی هەولێرە زۆر لەباو بوو لە: مەلا و فەقێ و مەدرەسە، کەم گوند هەبوو فەقێ و مەدرەسەی تێدا نەبێ، جا خوێندنەکە جوان و بە شەوق دەکرا، خەڵکەکەش خزمەتێکی جوانیان دەکردن، خاوەن دێیەکانیش زۆر سەرپەرشتی و چاوەنواییان دەکردن، جگە لە خوێندنی ئاینی نەبێ لە ناو مەلا و فەقێ یان چی تر لە گۆڕێ نەبوو، وە لە دڵی کەس نەبوو، دووسەرەی: فەتاحاغە، واتە گوندی: دووسەرە، لە ناوچەی قوشتەپە، مەلایەکی باشی لێ بوو، مامۆستا مەلا خەلیلی سنجاوی، تاخمە فەقێیەکی جوانیشی لێ بوو، جا فەقێ ئەم مەدرەسانە بە سیاحەت و سەیران جارجار سەردانی یەکتریان دەکرد و دەبووە شایی و بەزم و گۆرانی و چەپڵە رێزان، جارێک فەقێی چەند مەدرەسەی تر بەسەردان هاتنە لای فەقێیەکانی دووسەرە، بەهەموان نێزیکەی (٥٠) فەقێ دەبوون، شەوە، چا لێندرایە، گۆتن دەگۆترێ، ئاغا و مەلا لەوێنە، هەندی لە جوامێری گوندەکەش لەوێ بوون، لە ناکاو فەقێیەکی موستەعید هەڵستا و وتی: من بەزمێک دەکەم و کەس دڵگیر نەبێ، هەموو وتیان: سەرچاوان، فەقێ بالیفەکی

له ناوەندی مەجریس دانا و قورئانێکی لەسەر بالیفەکە دانا، جا وتی: هەرکەس لەم مەجریسە دەست بدات لەم قورئانە کەوا کەری نەگاوە، خەڵکەکە هەمووی داماو خەیالێ کرد لەم باسە، دەگونجێ کەوا زۆر کەس لەم مەجریسە وای کردبێ، جا ئەگەر سوێند دەخوا ئیمانی دەڕوا، ئەگەر سوێند ناخوا دەبێتە قەشمەرجاڕ و لۆمەکار، تامردن هەر پێی دەڵێن کەرگێ، کەوتنە بارێکی خەم، هەمووو سکوت بوون، موستەعیدێکی قوتیلە هەبوو، ڕوح زل، ڕا لە خۆ، ناوی: خدر بوو، هەڵستا و چووە لای قورئانەکە وتی: من دەسی پێدا دەدەم پێشی هەمووان کەوا ئیلاقەی کەرم نەکردووە، فەقێ یەکەی کەوا قورئانەکەی دانابوو، توند قۆری مەلا خدری گرت و وتی: برام تۆ پێی ناوی سوێند بخۆی، دەزانم کەرت نەگاوە، چونکە لە پیاوەتیت نەبوو بگرە لەبەر کورتە بالآیت بەپاشی کەر هەر نەگەیشتی، وڵاتەکەشمان ناو چیا و چۆلێ نییە کەوا بەرد و بڵندایی هەبی کەوا بچیە سەری بۆ پێ ڕاگەیشتن بە باشی کەر، جا بووە پێکەنین و بەزم و هەرا، سوند و موند تێک چوو لەبەر پێکەنین، بەڵام موستەعیدەکەی ناو خدر تووڕە بوو– گڤ هەرگەڕا وتی: ئەمن بەپاشی کەر هەر ناگەم، واتە: زۆری پێ ناخۆش بوو کە وتیان: پێڕا ناگەی، جا ئەم قسەیە بووە پەند و گەڕاوە، ئێستاشی لەگەڵا بێ.

ئاقڵی قازی هەولێر ڕشاد موفتی

قازی شاری هەولێر: ڕەشادە فەندی، کەوا لە بنەماڵەی مەلا فەندییە، پشتاوپشت خانەدان و ماقووڵ و خاوەن عیلم و ماڵ بووینە، لە کاتی منداڵێ کابرایەکیان خورام و خزمەتکار بوو، خزمەتی ئەوانی کردووە، کابرا یەختیار بوو، تەمەنی گەیشتە دەوری (٧٠) ساڵە، بەڵام هاموشۆی قازی هەر دەکرد، حەقی وەفا و گەورە و گچکەیی، ڕەشادە فەندی بووە قازی، مەلایەکی چاک پیاوێکی عاقر، کابرای کۆنە خورام ئیشێکی خزمی کەوتە لای قازی، لای ئاو خواردنەوە بوو، چونکە: لەلایەک کۆنە پیاوی ئەوان بووە، لەلایەک بەمنداڵی خزمەتی قازی کردووە.

جا پەلی خزمەکەی گرت و بردیە لای قازی لە مەحکەمە بۆ ئەمە کەوا ئیشەکەی بۆ بکات، چووە ژووری چەند پیاوی گەورەش لەو کات لەلای قازی دانیشتبوون سەلام عەلێک، عەلەیکە سەلام، قازی لەبەرێ بڵند بوو، دەستی یەکتریان ماچ کرد،

کابرا بە حوورمەت لە نێزیک قازی دانیشت، جغارەی دایێ ناردی چاو قاوەی بۆ هات، کۆنە پیاوەتی و یەختیارە، پاش ماوەیەک کابرا وتی: ئێی ڕەشاد، واتە هەر لەسەر حیسابی منداڵێ ڕاهاتبوو، قازیش وتی: بەرێ، کابرا وتی: ئەمە کوڕی خزمی منە، هی نایتم کە ئەم ئیشەی بۆ بکەی، ئیشەکەش لەوانە بوو قانوون ڕێگەی نەدەدا بۆ کردن، ئەگەر بکرابایە قازی مەسئول دەبوو، قازیش وتی: مام فلان ئیشەکە ناکرێ و قانوون ڕێگە نادات ئەگەرنا بەچاوان، کابرا لای وابوو کەوا قازی سوحبەت دەکات و دەڵێ ناکرێ، دەمێکی تری پێ چوو کابرا هەم سا وتی: ئێی ڕەشاد ئیشەکەی بۆ بکە، قازیش وتی: بەخوا ناکرێ هەر وەکو وتم ئەگەر نا بەچاوان، کابرا داما و وتی: هەنوکە برێ نایکەم، قازی وتی: بەرێ، کابرا وتی: نایکەی، وتی: نا، وتی: هەر نایکەی، قازی وتی نەخێر، جا کابرا لەم مەجریسە و لەم مەحکەمەیە لە دیار ئەم پیاوە گەورانە ڕوی لە قازی کرد و وتی: هەی بێ وەفا ئەمەندۆکە ئیشەم هەبوو ئەویش نایکەی، ئاخر دیارە چ وەفات نییە، بە منداری چەندم هەر خزمەت کردی، دیارە چ وەفات نییە و نەماوە، قازیش لە دڵا زۆر نارەحەت بوو، بەتایبەتی لەبەر ئەم پیاوە گەورانە، بەڵام لەبەر ئاقڵی نەشێواو زانی کابرا ئەو پەڕی کەرایەتی رووی کردە کابراو وتی: ئینکار ناکرێ کە خزمەتی منت کردووە، هەقیشت بەسەر منەوە هەیە، تۆ وەرە حیساب بکەین، چەندت بۆمن کردووە دوو سێ ئەوەندەت خزمەت دەکەم، ئێستا بە سەیارە هەرت دەگرم هەتا بەغدا و دەتهێنمەوە، تۆ ئەوپەڕی کەمنت هەر گرتبی هەشت نۆ شەقاو بوبێ، جا بووە پێکەنین و کابراش سەری شۆڕ کرد و هەرستا و ڕۆیی، تا ڕۆیی هەر دەی گۆت: باشە باشە، قەیدی ناکات ڕەشاد، جا قازی بە ئاقڵی خۆی دڵی خەڵکەکەشی ڕاکێشا و ئیشەکەشی بەبێ قانونی نەکرد و کابراشی بەرێ کرد.

قۆندەرەی بەغدام دەوێ

مەلایەکی بەژن و باڵا کورت، زۆر ڕا لە خۆ بوو، دەچێتە هەولێر لەبەر دووکانێکی خەفاف داوای قۆندەرە دەکات، کابراش چەند جووت قۆندەرەی بۆ دینی و نایەوێ، بە کورتی کابرای زۆر حەزیەت دەدا، تا لە ئاخیری کابرا دەڵێ: فەقێ تۆ چ جۆرە قوندەرەیەکت دەوێ؟ کابراش دەڵێ: من قوندەرەی بەغدام دەوێ، کابرا شیرێکی لێ

دەکێشی و هاوار دەکات و دەڵێت: بەژنت دەڵێی کێرمە و داوای قۆندەرەی بەغدا دەکەی، بڕۆ بڕۆ، کابراش لەبەر ڕوح زلێ گیف دەبێتەوە و کابراش زۆر لەوێ کەڵەگەت ترە لەسەر ڕا دوو سێ چەپەڵۆکی لەسەر دەدا و منداڵ دەکەونە دوایی و شیری لێ دەکێشن و لە قەیسەریش دەنگ دەداتەوە، دەڵێن: هەها بەژنی دەڵێ کێرمە و قۆندەرەی بەغدای دەوێ، بە پرە پڕ مەلا هەڵات و قوتار بوو، تا ئەم دواینەش کە ناوی قۆندەرەی بەغدا دەهات مەلا تورە دەبوو گڤ دەبووەوە.

گەلێ هۆبە شاکرم زاوای حەمە ڕەشم سەت لیرە لە کەمەرمە

بەهاران خەڵک دەچوونە ئەو دەشتی قەراجە بۆ حەیوان لە وەڕاندن، لە چەرخی کۆن، ئەم دەشتەی قەراجەش چۆل و بیابان بوو، هەمووی دەبووە گیا و گۆر و کلۆک و حاجیلە و بەیبون و کنێر و لاولاوە،... هتد.

جا بەشەوان کە عاسمان سامار بایەو مانگە شەو بایە شەوی مانگ لە کلۆک و حاجیلەی بدابایە، وا دەهاتە بەرچاو کەوا: ئەم دەشتە هەمووی ئاو و بەحرە، لە پێش گرانییەکە واتە: لە دەوروبەرێ (١٩١١ز) شاکر ناوێک هەبووە لە گوندی: دوکەرە ناوچەی قوشتەپە، پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، بەلام زۆر پڕ ئەقڵ نەبووە، بەسەفەر دەچێتە قەراج بۆ سەردانی خزمان، هۆبە ڕەشماڕێکیش لە نێزیک گوندی: لاسۆر، هەریان داوە، مام شاکر کاتی پاش عیشا دەگاتە نێزیک ئەم هۆبە ڕەشمارە، مانگە شەوە، عاسمان سافە، ئەم ناوەش پڕە لە: گیای: حاجیلە و بەیبون، شەوقی مانگێ لێ دەدا و لە بەرچاوی مام شاکر دەبێتە بەحر، مام شاکر ناوێری بچێتە پێش و هاوار دەکا و گاسی خەڵکەکە دەکات بۆ فریاکەوتن لەم ئاو و بەحرە، جا بەدەنگی قایم گاس دەکا و دەلێ: گەلێ هۆ، لاسۆر، وەرن بم پەڕێنن لەم بەحرە، من شاکرم زاوای حەمە ڕەشم، سەت لیرە لە کەمەرمە، ماشائەڵڵا لەم بەحرە، جا هاوار دەکا و سەگ دەکەنە حەپین و خەڵک دەچنە شوێن و گاسی دەکەن و دەرێن: کورە کابرا بۆ چ هەندە کەری بەحری چی و شتی چی، حەمری خۆت و سەت لیرەت نەمینێ، ترسنۆک بەکورتی دەچن دەیهێنن و زۆری قەشمەری پێ دەکەن.

کوێخا حەوێزی شاخە پیسکە

کێخوا حەوێزی گوندی شاخە پیسکە، لە وڵاتی کۆیی، تا دەوروبەرێ (١٩٣١ز) لە ژیاندا بووە، پیاوێکی زۆر عاقڵ مەند بووە، زۆر زانا و دانا بووە، لە تیرەی کورد بووە، واتە: کوردی وڵاتی کۆیی کە تیرەیەکن لە کوردەواری، دەی گۆت: حەلال و حەرام لەم چەرخانە دیارە، حەرار ئەمەیە کە دەس بکەوێ حەرام ئەوەیە کە دەس نەکەوێ، واتە: کەس لە حەرام لانادات، هەر ئەم کوێخا حەوێزە لە نووسینی (١٩٣٤)ز کە حکوومەت میللەتی دەنووسی و دەفتەر نفوسی دەدایێ زۆربەی خەرک خۆیان نەدەنووسی لە ترسی ئەمە: دەیان گۆت با حکوومەت ناومان نەزانی ئەگەر نا دەمان کاتە عەسکەری ئیجباری، جا ناو نووسی چوونە گوندی: شاخە پیسکە بۆ خەڵک نووسین، مام کێخوا مەگەر یەختیار و منداڵ نەبی ئەگەر نا زۆربەی گوندەکەی کردە ناوی ژنان، واتە: ژنی زۆر نووسی، مەئمورەکانیش وتیان مام کێخوا گوندەکەی تۆ وا دیارە هەمووی ژنە و چ پیاوی تێدا نییە ئەمە چۆن دەبێ، ئەویش وتی: باوکم ئەمە خەتای ئێمە نییە و خەتای مەلائیکەتەکانە کەوا خەرکیان بە ئەمری خوا دروست کرد، هاتنە گوندەکەی ئێمە بۆ ئاسانی هەرچی دروستیان کرد و تۆپی قوڕیان لەناو گەرانی هەرسوی و پەنجەیەکیان پیا هێنا و کردیانە قەڵەش، تا لە ئەنجامدا هەمووی بووە ژن و کچ، چونکە ژن دروست کردنیان لەلا ئاسان تر بوو، جا بووە پێکەنین.

کتێبی خەر تۆپی

کۆلکە مەلایەکی ڕا لە خۆیەی، جارێک بەر لە (١٩٥٨)ز لە گوندەکەی کە ئەو لێ مەلا بوو تازیەیەکی گەورە هەبوو، هی ئاغەواتەکان، مەلاو پیاوی گەورە زۆر لەوێ بوون، کۆلکە مەلاش لە سەری مەجریس دانیشتبوو بە عەزەمەت و شان و عەبا، مامۆستا مەلا ئەبوبەکری کۆیش لەوێ بوو، جا کۆلکە مەلایە ڕا لە خۆ کە حەکایەتی وەزعی گێڕاوە بەبێ سەر و پاو بێ سوود، وتی: لە کتێب وا دەفەرمووی، مامۆستا مەلا ئەبوبەکر فەرمووی لە: چ کتێب وا دەڵێت؟ مەلاکەش وتی: لە کتێبی خەرتۆپی، مامۆستا فەرمووی: ئەم کتێبەت هەیە؟ وتی: بەرێ، مامۆستا فەرمووی: ناوەکەی کتێبەکە بریوە، هەر وتی: خەرتۆپی، مامۆستا زانی کەوا لە ئەنجامدا

حاشا له قسەکەی خۆی دەکات، فەرمووی مەلا فلان بە خەتی خۆت ناوەکەم بۆ بنووسە دەشقەم منیش ئەو کتێبەم مەرەقەو پەیدای دەکەم، جا کۆلکە مەلا بەخەت و قەرەمی خۆی ناوەکەی نووسی و دایە دەست مامۆستا ئەبوبەکر، نووسی: خرتۆپی، جا مامۆستا فەرمووی: ئەگەر عەزیەت نییە هەر و لە کتێب خانەی خۆت ئەم کتێبە بێنە و منیش بیبینم، خەر وشەیەکی فارسیە، بەمانا: کەر، تۆپی- وشەیەکی کوردی یە بەمانا: مرد، جا مەلا چوو هێنایوو دیتیان کە نوسراوە: خەرپوتی، واتە: خەرپووت ناوی شارێکە لە عەجەم و ناوچەی کوردەواری، ڕوویان تێکرد و وتیان: مەلا: خەرتۆپی- مانای: کەرتۆپی، خەرپوتی- مانای شاری: خەرپوت، مەلا لە زگ بوو ئینکاری وتنی: خەرتۆپی- بکات، گورج قاقەز و دەسنووسەکەی خۆیان نیشان دا، جا بووە پێکەنین و بەزم و تازیە لەم کات ڕەویەوە، مەلاش بێ دەنگ بوو، گەلێکیش گەڕان لە کتێبەکە حەکایەتەکەیان نەدۆزییەوە، جا یەک لە ئاغەکان کە پیاوێکی یەختیار و گەورە بوو، ڕووی لە مەلا کرد و وتی: ئەم عەبایە فرێ بدەو جاری تر لەسەری مەجریس دامەنیشە و ئەگەر مەلا لێرە بوون قسەش مەکە، مەلاکە زۆر دڵگیر بوو.

جنۆکەی تێدایە

کابرایەکی ئەم ناو چیایە سەعاتێکی لە ڕێگە دیتەوە، جارانیش سەعات زۆر کەم بوو. دیتی سەعات چرکە چرک دەکات، وای زانی کە ئەمە جندوکەی تێدایە و قسە دەکات، دووردای ناو لە دیاری ڕاوەستا و کەر و بارەکەی بەرەلا کرد و زەینی و ئاگای لەسەر نەما، جا کەوتە بەحری خەیار و خەم: ئەگەر دەڕوا و بەجێی دێلی و پشتی تی دەکات دەترسی لە پاش ڕادەستی لێ بووەشێنی و شێتی بکات، ئەگەر دەیداتە بەر بەردان و تێکی دەدا ئەمەش مانای ئەمەیە کەوا: لەگەڵ جندۆکە شەڕی کردییە و جندۆکەکی کوشتووە، جا لە پاشە ڕۆژ دەترسێ کەوا جندۆکە خۆی و مار و منداڵی بە هیلاک بدەن، چونکە کەس لە هەقی خۆی خۆشی نابێ، کابرا هەر لە دیار سەعاتەکە وەستا، کەر و بارەکەش شارەزابوون چوونەوە ماری، کەر و بار هاتەوە و فلان دیار نییە، جا چەند کەسانێک بە دووای داچوون و بەگاسەگاسی دیتیانەوە، کە چوونە لای و دیتیان ئەوا ڕاوەستاوە و دەنگ ناکات، کوڕە چییە،

ئەویش وتی دەنگتان هێ واشکەن ئەمە جندوکەیە بادەستان لی نەوەشێنی، بە کورتی ماوەیەک لە دیاری بوون چارەیان نەکرد و دەی گوت: پشتی تێکەین دەستمان لی دەوەشێنێ، ئەوانیش ترسیان لی نیشت، تا لە ئەنجامدا یەکی زانایان لی رێک کەوت و دەستی دایە سەعاتەکە و وتی: ئەمە سەعاتە و جندوکە نییە، هەری گرت و هەرگێر و وەرگێری کرد، بەهەزار حار ترسیان لێی شکا بەڵام کابرای بەرایی نەخۆش کەوت ماوەیەک لە ترسان.

سەیدایەتی مەلا شێخ خدری قۆڕیتانی

مامۆستا مەلا شێخ خدری قۆڕیتانی کە پیاوێکی زۆر مەلایە و پیاوێکی گەورەیە، زۆر حەزی لە شێخاتییە و شێخاتی پێی خۆشە، دەشرێ: ئێمە سەیدین، زۆر شانازی بەسەیدایەتی دەکات، زۆر کەسیش بەم سەیدایەتییەی ئەوان بڕوا ناکات. جارێک لە چەژنی قوربان بوو مەجریس بوو، کابرایەک هات و دەستی مامۆستا شێخ خدری ماچ کرد و وتی: قوربان من دەرێم ئێوە سەیدن، زۆر کەسیش بڕوا ناکات، من زۆرجار لەسەر ئەم قسەیە دەبێتە دەمە تەقێم لەگەر خەرک لەسەر ئەم ئیشە، جا ئێوە سەیدن؟ شێخ فەرمووی: بەرێ ئێمە سەیدین و ئەولادی پێغەمبەرین، خەرک درۆ دەکەن و تۆ ڕاست دەکەی. لەم کات مامۆستا مەلا ابوبەکری کۆیی لەوێ بوو کەوا مەلایەکی زۆر زۆر چاک بوو، نەترس و بێ شەرم لە هەق، ئەم مەلا ئەبوبەکرە لە کاتی خۆی لەلای باوکی مەلا شێخ خدری خوێندبوو، لەگەڵ مەلا شێخ خدر هاوسنف و هاوعومەر بوون، ڕووی لە شێخ خدر کرد و وتی: یاشێخ باوکت: مەلا سەلیم چۆن پیاوێک بوو، خوانەخواستە درۆزن نەبوو، مەلا شێخ خدر وتی: بەرێ ڕاست گۆ بوو، جا مەلا ئەبوبەکر وتی: بەحەقی قورعان من لە خزمەتی باوکتم دەخوێند ئەوها لە مەجریسی کابرایەک هات و دەستی ماچ کرد و وتی: قوربان ئێوە سەیدن، من زۆرجار لەسەر ئەو قسەیە دەمە تەقی دەکەم لەگەڵ خەڵک، مامۆستا شێخ سەلیمی باوکت دەستی گەیاندە یەقەی خۆی و رای تەکاندو و وتی: حاشا ئەستەغفیرەڵڵا ئێمە مەلاینە و مەلا زادەینە، ئێمە سەید نیینە، خوا قەبول ناکات. جا کابرا رۆیی وتی: بەرێ قوربان جارێ تر منیش دەرێم سەید نیینە. جا یا شێخ بۆچ باوکت وای فەرمووی و تۆش وا دەرێی؟ مامۆستا شێخ خدر پێ کەنی و بەسەرەخۆی نەهێنا و وتی: مەلا ئەبوبەکر قسەی تۆ عەفوە– عەفوە... هتد.

ماری ئەڵڵایە بەری بەرەڵڵایە

جاران دەروێش و شێخ ڕەزایی لە گوندان و هۆبە ڕەشماران دەگەڕان لە کاتی بەهاران ڕۆن و کەرەیان خڕ دەکردەوە. واتە دەرۆزەیان دەکرد. جا کودیلە و شتیان پێ بوو ئەم ڕۆن و کەرەیان تێ دەکرد. دووان دەگەڕێن و دوو کودیلە ڕۆنیان خڕ کرد بۆوە. نیوەرۆیەک لە کابرایەکی بەتەرزەوە مێوان دەبن. کودیلەکان لەبەر سێبەر دادەنێن. کابراش بە مەزبوتی دەیداتە ژنەکە بۆ ئەوەی بی کەنە ناسەکەنان. ژنەکە بە ئازایی دەس دەکات بە ناسکەنان کردن بە کەرەی دەروێشەکان. تەشتێک ناسکەنانی چاک دەکات. هەر یەکە مستە کەرەیەکی لەسەر دەبێ. کابراش چوار کەسی جیرانیشی دەعوەت دەکات. نیوەڕۆ بە خۆی و بە دەروێش و بە جیرانەکان دەکەونە سەر کەرە و ناسکەنان، شەکری پێداکردووە. شتی واخۆش کەم دەبێ، تاکو هەنگریان دێشی دەخۆن، کابرا جار جار دەرێتە دەروێشەکان بخۆن ماری ئەڵڵا یە و بەری بەرەڵڵایە بۆ هەموو کەس تەبەرایە. بەدزی بنی کودیلەکان کون دەکات و پڕیان ئاو دەکات.

پاش نان خواردن و ئیسراحات کابرا دەچێتە دەرێ و گاسی دەروێشەکان دەکات و دەرێ: دەروێشینە کودیلەکانتان بنی کونە و ڕۆنەکەی هەمو تاوایتەوە و ڕژاوە. کەدێن تەماشا دەکەن بن کودیلەکان تەڕە و عەردەکە تەڕەشوعییە و کودیلەکانیش بەتار و حەتارن. دەس دەکەن بە پەکو پەکو، لی دەدەن دەرۆن، جاکابرا و جیرانەکانیش دەس دەکەن بە پێکەنین. لە پاشان دەچن پرسیار لە مەلا دەکەن بۆ حەرامی و حەراری، مەلاش دەرێ، غەدرتان کردووە منتان گاس (بانگ) نەکردووە، لەم ناسکەنانە بێبەشتان کردووم.

لە حاجی حسەنم قەرز کردووە

مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەش، مەلای چەغەمیرە، مەلا ئەحمەدی بانەی کە عالمێکی زۆر بەرز بوو، لە کاتی خۆی هاوتای کەم بوو، دەی گێرایەوە: لەم عەجەمستانە کابرایەک هەبووە زۆر دەوڵمەند و بە پارە بووە، پارەکەشی لە بن کێلی قەبرێک شارد بووەوە، ناوی نابوو: حاجی حەسەن، کە پارەی پێ بویستایە لە حاجی حەسەنی قەرد دەکرد، جا دەستی دەکرد بە سوێند و قورعان کەوا: قەردم کردووە

له حاجی حەسەن. جارێک دەچێ له ناو هەمبانەکەی له بن کێلەکە خەریک دەبێ دوو لیرە دەربێنی کابرایەکیش لەم ناوە خۆی حەشار دەدا. کابرای ڕەزیل دەڕێتە هەمبانەکە: حاجی حەسەن دوو لیرەم بە قەرز بدەرێ، هەر بە خۆی دەرێ تۆ هەق نەدەری، نادەیەوە وە یاخۆ تاخیری دەکەی نات دەمێ. ئەویش سوێند دەخوا زوت بۆ دینمەوە، نەیسە دوو لیرە دەردێنێ و جێگەیەکە دادەپۆشێتەوە. له دوایی ئەو کابرایتر هەمووی دەبا و حەلی دەکات. کاتێک کابرای ڕەزیل کە دوو لیرەکە دەباتەوە دەبینی جێگەی چۆڵ و هۆڵە بە تارە، چی نەماوە دەست دەکات بە هاوار هاوار، خەرک کۆ دەبنەوە دەرێن چی بووە؟ ئەویش حەکایەتە دەگێرێتەوە. ئەوانیش دەرێن: ئەدی نەت دەگوت: قەرد دەکەم له حاجی حەسەن؟ ئەویش دەی گۆت: هەمووی هەر درۆ بوو. حاجی حەسەن ناوی هەمبانە لیرەکە بوو، جا ئەوانیش پێیانوت: ئەمجارەش هەر درۆیە مستەهەقت بێ. بەکورتی: مارەکە چوو، خۆشی هەندە نەژیا له داخان بە گۆڕی سەگ دا چوو، ئەمەیە ئەنجامی پیاوی ڕەزیل.

پیاوماقووڵی هەولێر

ئەعیانی هەولێر مەشوور بوو، هەموو کەس دەبایە سوبیانان و نێوەڕۆ و هێواران لەم قۆناغانە نان بخۆن و بخەوون بەشەوان. واتە: خەرکی دەرەوەکی شار. ئەو ئەدەب و نامووس و شەرەفەی له هەولێر هەبوو له کەم شوێن هەبووە، دین و دینداری له هەولێر مەشهور بووە.

پیاو ماقووڵی تێدابووە، وەکو یاقوب ئاغا، خدری وەیسی ئاغا، عەلی وەیسی ئاغا، ڕەشید ئاغا، عومەر ئاغا، سەید عەوڵا ئاغا، عوزێر ئاغا، مەجید ئاغا، عەلی پاشای دۆغرەمەچی، ئیبراهیمی قانی، حاجی مەحموود دەباغ، حاجی ساڵحی برای هەموو کەسی دەیان گۆت وەلی بووە، شێخ مەزهەر، شێخ ڕەئووف، شێخ محەمەد ڕەشکە، شێخ ئەبو بەکر قوتب بووە، شێخی چۆلی، شێخ محەمەد وەلیی بووە، شێخلّلا، شێخ عەبدوڵلا وەلیی بووە. مەلا برایمی دۆغرەمەچی وەلیی بووە، زۆر له ئەم ساڵی ئەمانە له هەمەجۆر تەبەقە، شەو سەعاتەکی دەما ئەم هەموو مزگەوتانە پڕ دەبوو له تووجار و هەمە جۆرەکەی، بۆ نوێژ و جەماعەت، بە هەر چوار کەژی ساڵ، سولح و مەسرەتی و کوژانەوەی عەداوەت لەم قۆناغانە و لەم تەکیانە و لەم خانەقایانە دەکرا، خەرک زۆر پێویستی بە حکوومەت نەبوو بۆ ئەم

جۆرە شتانە. ئوتێل و موسافیر خانە هەر قۆناغە و تەکیە و خانەقا بووە هەموو قۆناغێک ڕەمەزانان مەلایەکی تایبەتی هەبووە بۆ جەماعەت و تەراویح، خۆباسی مەلا فەندی لە ماقووڵی و عیلم و گەورەیی هەر تەواو نابێت، مەلا گچکە، مامۆستا مەلا ئەبو بەکری هەولێری. حاجی مەحموود دەباغ سێ مانگ قسەی لەگەڵ کوڕی خۆی: ئەحمەد نەکردووە لەسەر بێ ئەدەبییەکی بچووک.

برسی و کەبابخانە

کابرایەکی هەژار برسی، ڕێی کەوتە شارێک ئاگری برسییەتی هێزی لێ سەند، ناچار خۆی کوتا کەباب خانەیەک، تا دڵی ویستی خواردی، لە پاشان هاتە بەردەم وەستای کەبابخانەکە وتی: ئەرێ وەستا پرسیارێکت لێ بکەم؟ وەستا وتی: فەرموو، وتی: ئەگەر کابرایەک هاتە کەبابخانەکەت و تێری خوارد و بەڵام هیچ پارەی پێ نەبوو جەنابت چی لێ دەکەیت؟ وتی: دووسێ شەقی تێ هەڵ دەدەین و دەری دەکەین، کابر وتی: ئەوەندە ئاسان و کەم؟ وتی: ئەدی خۆ لەسەر چوار کەباب نای کوژین. جا کابرا ملی خۆی کەچ کرد و وتی: بەخوا دەنا من لەوانەم، دا فەرموو چی دەکەی بیکە، جا دووسێ شەقیان تێ هەڵدا و کابرا ڕۆیی. ئەس قەزا ڕۆژی داهاتوو هەمسا کابرا هاتەوە بەر دەرکی کەبابخانەکە و وەستا سەرنجی داو ناسییەوە وتی: لاچۆ باوکم گێچەڵ مان پێمەکە ئەگەر کەباب بەشەق خواردن بێ ئێمەش ئەنجاممان تووشی ئەم شەق خوارد نەدەبین، دەریان کرد و ڕۆیی. یانی، ئەگەر ئێمە کەبابەکەی خۆمان بەشەق لێدان بفرۆشین ئێمەش قەلاش دەبین و دەبێ لە ئەنجامدا بەشەق تێهەڵدان کەباب بخۆێن؟ واتە چیمان بۆ نامێنێ.

پیاوی ترسنۆک

جارێک پیاوێکی ترسنۆکی شار دەچێتە سەفەر، دەمانچەی لە خۆی دەبەست و خەنجەر لەبەر پشت دەبێ. پێی دەرێن: تۆ بۆ سەفەر دەچی ڕێگە بە ترسە تۆ ناترسێی؟ کابراش دەرێ: من ڕەشید بە نوێژی نێوەڕۆ لە قورە بۆق ناترسێم؟ جا لە ڕێگە جەردە دێنە پێش و تێی ڕادەخورن.

ئەویش ئەم ئەشیای پێی دەبێ هەموویان دەداتێ، تا لە ئەنجامدا ڕووتوقوتی

دەکــەنەوە بـەس کــراسی و دەرپێی لێ ناســەنن، ئەوی تر هـەمــووی دەبەن، جــا ئەگەرێتەوە مارێ، مـاڵ و منداڵ و دایک و باوک و جیران دەورەی لی دەدەن و دەڵێ دوو کەس هاتنە سـەر ڕێگە و تێیان ڕاخوڕیم، لە ترسـان چۆکم شکا، بەبێ کێشـە ئەشیاکانم پێدان. باوکی دەرێ: کوڕم تۆ وەڕوەڕ لە قوونت بوو، خەنجەر لـە پشتت بوو، بارەق دەستت هەڵبهێنابایە.

وتی بەبەم: دەستێکم وەڕەڕە بوو، دەستێکم خەنجـەر بوو، چما کەڵەباب بووم بە دوندووک شــەڕ بکەم، کـابراش مــەترەقــەکی درێژی بەدەســتــەوە بوو سێ هـەندی وەڕەڕەکەی من درێژ بوو کە لۆ چاوی هێنام و گۆڕ لە گۆڕبابەی گۆتی: هوو، گوم کرد بە خۆمدا و ئاگام لە چ نەما.

پاشا و ڕەشمار (ڕەشماڵ)

دەرێن پاشـایەک بەدار و دەسـتـەکەوە چووە ڕاو، نێـچـیـرێک هـەرسـتـا و پاشـا وتی: کـەس نێتـە دوای خۆم دەچمـە دوای. بە تاقە سـوارەکە و دووای نێچیر، سـەحـرایە، کاکی بە کاکییە. ماوەیەک چووە دوای، وڵاغەکە مـاندووبوو، تاژییـەکان هـەراسـان بوون، نێچیر ڕۆیی و گوم بوو، ڕۆژ درەنگ داهات، پاشا ڕۆژی لێ گۆڕا، نەی زانی چ لا، چ لایە، تـەوەکــەل عــەلی ئـەڵڵا رووی کــردە لایەک. ئـەگــەر زۆر ئـەگــەر کــەم ڕەشـمـارێکی لێ دیارکەوت، ڕوویدا ڕەشـمـاڵەکە، لەوێ مێـوان بوو، دایان بەزاند، ژنێک و پیـاوێک و یەک دوو مندار بـوون. دووبزنیــان هـەبوو دەیان دۆشـی، بەم دوو بزنە بەڕێوە دەچوون، دیتیان ئەم سوارە پیـاوێکی پیاوانە و بە قرەغـە. وڵاغی چاکۆ جلوبەرگێکی چاک، کابرا چی لە مـارێ نەبوو لایەقی ئەو مێـوانە. هـەرسـتـا بزێکی کوشتـەوە. بۆی سۆر کردەوە و لە پێشیـدانا مێوانەکەش بەس گورچیلەکەی خوارد، چەندی خـانە خـوێ وتی: مـن ئەم بزنـەم بۆ تۆ ســەربڕیووە. تێــرت نەخــواردووە، ئەویش، وەڵامی داوە وتی: من لە گۆشـتی حەیوان تەنیا گورچیلک دەخۆم، جا تێر بخۆم یا تێر نەخۆم، کابرای خـانەخێ هـەرسـتـا چوو بزنەکەی تریشی سـەربڕی و گـورچیلەکـەی بۆ سـوور کـردەوە و هێنایـە پێشی. مـێـوان وتی: ئـەمـە چییـە؟ وتی قوربان دەزانم تێرت نەخواردییە بە گورچیلەکەی پێشوو، جا بزنەکەی تریشم بۆ سـەربڕی بۆ خـاتری گورچیلەکەی تا جـەنابت تێر بخوات. ئەوێ شـەوی پاشا لە وێ بوو، بەیانـی وتی کـابـرا: من پاشـامـە لە فـڵان شـار، تـەشـریفت بێت بۆ لام، ئـیـشـم

پێته، وتی: باشه. پاشا ڕۆیی، پاش چەند ڕۆژێک ژنی کابرا تەنگاو بوو بزنەکانیان نەما، حاڵ تەنگ بوون. وتییە کابرا: دەبڕۆ بۆ لای پاشا، کابراش هات و گەیشتە شارەکە و پرسیاری کرد و چووە سەرا و پەردەی پاشا، چونکە پاشا تەعریفی ئەم زەلامەی بۆ دار دەستەک و یاوەری کردبوو، لە دووڕا ناسیان و قەدەغەیان نەکرد بۆ لای پاشا، کە چوو دیتی پاشا نوێژ دەکات لە نوێژەکەی بووەوە دەستی لەبەر خوا پان کردەوە. دۆعای لێ داوا کرد. وتی خوایە ڕزقم بدەی، لێم خۆش بی... هتد. جا پاشان بە خێرهاتنی کابرای کرد، حوورمەتی گرت، ئەمریدا کەوا (١٠٠٠) زێری بدەنێ. کابراش سەحراوی بوو، نەی زانی نەخوا چییە و نە نوێژ و نەشت. وتی پاشا، قوربان تۆ ڕزقی ئەم خەرکە دەدەی کەچی دەپاڕایەوە لە یەکێکی تر کەوا ڕزقت بدات. چما کەس هەیە لە جەنابت گەورەتر؟ پاشا جوانی تێگەیاند کەوا خوا هەیە و گەورەی هەموو شتێکە من داوای ڕزق لە ئەو دەکەم. کابرای سەحرایی سەری بادا و وتی: کەوا بێ من ئەم زێڕەی تۆ نابەم منیش داوا لە ئەو دەکەم کەوا زۆرم بداتێ. فێری نوێژ و دوعا و شت بوو، گەڕاوە، ژنەکەی وتی: ها چیت نەهێنا؟ وتی بەرێ وەڵڵا (١٠٠٠) زێری دامێ بەڵام نەم ویست، چونکە دۆزیمەوە کەوا ئەویش داوای ڕزق لە یەکێکی تر دەکات لە خۆی گەورەترە، منیش هی ئەوم نەویست و داوا لە گەورەکە دەکەم کە زۆرم بداتێ. ژنەکە دڵگیر بوو، بەڵام ناچار بوو دەنگی نەکرد. بەڵام کابرا ڕۆژی سێ جار دەستی بڵند دەکرد و لەبەر خوا دەپاڕایەوە و داوای ڕزقی لێ دەکرد. تاوای لێ هات و جارێ خەریک بوو، لە دەوکەندێک کۆلکەدارێک هەرقەنی بۆ ئاگر و پری موجەوهەرات و ئاڵتوون بوو، قیراندی و گوتییە ژنەکەی: وەرە گەورەکە رزقی داینێ. کوپەیان بەتار کرد و لە خرار و شتیان کرد. بەڵام پڕ جامێکی بۆ پاشا برد بەدیاری، کە گەیشتە لای پاشا. بە خێرهاتنی کردوو وتی: ئەمە چییە؟ وتی ئەمە دیارییە بۆم هێناوی، چونکە ئەو گەورەیەی تۆ داوات لێ دەکرد منیش داوای ڕزقم لێ کرد و کوپەیەکی لەمە دامێی. پاشا سەرنجی دا و دیتی کە شتی وای لە ناو خەزینەی ئەو نییە. جا ئەمری دا و ناردی مار و حاری کابرایان هێنایە شار و خانووی دایێ و کردییە هاوبەشی توجارێک، کابرا کەوتە خۆشی، چونکە پاشا پێی وت: ئەگەر نێیە شار و خەرک بزانن ئەمەت هەیە تارانت دەکەن و لە ناوت دەبەن. جا تا مرد خواردی، جا کوردەواری وتوویانە. ئەگەر خوا دای پاردەوە. ئەگەر خواش بردی هەر پاردەوە.

عەبدەلی سارەلوو و ژنە و ئیمامی عەلی

کابرایەکی – سارەلوو– سارەلوو کە تیرەیەکن لە شیعەکان ئیمامی عەلییان زۆر خۆش دەوێ، موحەبەتیان زۆرە بۆ ئیمام عەلی، ئەم کابرایەش ژنێکی نەرمونۆڵ و قنجیلانەی دەبێ. کابرای سارەلوو سمێر بابڕ دری (دڵی) دەچێتە ژنەکەی کابرا– ناشزانێ کە بە چ فێڕ پێی بسەلمێنی و سواری ببێ. عەبدەلی، ژنێکی ئۆینباز وحە کاکی لا بەکار دێخی بەپارەیەکی زۆر، ژنە ئۆینبازەکە هاموشۆی ژنە جوانەکە دەکات زۆر مەتحی عەبدەلی لەلا دەکات، یەک لە مەتحەکانی ئەمە دەبێ کەوا: ئەم عەبدەلییە سمێر بابڕە لە ڕەنگ و شکل و و قەد و قامەت و شێوە هەر لە ئیمامی عەلی دەکات، زۆرجار ئیمامی عەلی لەسەر شکری ئەم عەبدولییە دەبینرێت. ژنە جوانەش ئەمەی دەچێتە گوێ، یەک دووجار عەبدەلی خۆی نیشان دەدات، ژنەتیویش دامێنی ماچ دەکات بەنیازی ئیمامی عەلی.

ژنە ئۆینبازەکە کەزانی ژنە جوانەکە ئەمەی لە گوێ چەقی، جا بایداوە و دەستی کرد بەمە کەوا: هەر ژنێک چل شەو بەر دەرکی ماری خۆی گێسک لێ بدا و خاوێنی بکات و ئاوڕشێنی بکات. شەوی چل و یەکە گوریسێک وە یاخۆ خزینەیەک لە ئەنگوستی گەورەی پێی ڕاستەی ببەست و سەری گوریسەکەشی لە دەرکی حەوشە دابنێ، دەرپێی لە بەربکاتەوە، لەسەر دەم بخەوێ و قوونی قوچ بکاتەوە. ئیمامی عەلی لەسەر شکلی عەبدەلی بەسەری گوریسەکەدا کەرخ هەر دەگرێ و دێتە لای ئەو ژنە، جا چ ژن بێ یاخۆ پیاو بێ. بۆ تەبەروک سەری ک... بە دامێنی ئەم ژنە دا دێنی، خوا ئەو لادێک دەداتە ئەم ژنە، دەبێتە بە قلیکگیر وەکو ئیمامی عەلی، زۆر کەسی وای کردووە و سوودی لەم ئیشە وەرگرتووە، وە بەهێنی پیاوی دابهێنی دیسان ئەولادێکی لەم شێوەیە بە نەسیبی ئەم پیاوە دەبێ. ئەم عەبدەلییەی کە باسیشی دەکەین ئەولادی ئەم جۆرە ئیشە پیرۆزەیە. ژنەتیو ئەم کردەوە و ئیشەی دەچێتە دڵی، تازە بووکیشە چ منداڵی نییە. جا ژنە دەس دەکات بەمارین و ڕشاندنی بەر دەرگەی حەوش و ماڵ تا چل شەو، شەوی چل و یەکە گوریسی لە ئەنگوستی گەورەی پێی ڕاستەی دەبەست و سەرێکیشی لە دەرگەی حەوشە. خەریکی خۆهەڵماڵین دەبێ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ژنە ئۆینبازەکە دەرێتە عەبدەلی، حاڵ و حەکایەت لەمەیە، ئەم شەوەی دادێت دەرپێت

داکەنە و کابرات ڕەق بکە و بچۆ بەشوێن کوریسەکەدا برۆ، تا دەگەیە خەرمانی بەفرین و کوارگە عەتێرە، بە ئازایی تێی کوتە و تێی پەستە، جا کە لەم یەکەم جارە سەرکەوتین ڕێگە خۆش دەبێ و بۆ جارانی تریش ئاسانە. دەڵێت باشە، ئەمەش لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شەوی چل و یەکە مێردەکەی کە دەبینی ژنەکە خەریکی ئەم فاک و فیکەیە، ئەویش پرسیاری لی دەکات، نەسیبە، خۆش و ناخۆش چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

کابرا دەڵێ، ئافرەت من و تۆ یەکماڵین، دوو کوڕ باشترە لە یەکێک، ئەمجارە من وا دەکەم و با بە هیی منی دابخشێنێ، جا جارێکی تر بەهی تۆ، دەشقەم خوا دوو کوڕمان پێ دەدا و بەیەکجاری ئیقلیمی دنیا دەگرین و ئێمەش بۆ خۆمان دەکەوینە خۆشی و شادمانی، ژنەش دڵساف دەڵێت: باشە کابراش هەر لە دڵسافی پەتەکە لە پێی خۆی دێخی و قوونی ڕووت دەکات و خۆی ئامادە دەکات، ناش خەوی و هەستیار دەبێ، چرا دەکوژێنێتەوە و پاڵ دەکەون، عەبدەلی سمێر بابڕیش دەرپێی دادەکەنی و دەعەباکەی ڕەق دەکا و بەبی خەوف و ترس بە شوێن گوریسەکە دادێت. تا دەگاتە کابرا و قوونی قوچ کردووەتەوە، ژنەش خەوتووە، عەبدەلی سەری دەعباکەی دەنێتە کن کوناکەی کابرا و بەهێز و توانایی پاڵی پێوە دەنێ، بە نیازی ژنە، کابراش غای غەرەزە، ئێشی دەگاتە کوناکەیو و دەقیژێنی و ئەرێ ئای عەلی چت کرد ئەم کارە نەکارێتە، یا عەباس، کەوادەرێ و ڕاست دەبێتەوە و عەبدەلی دەزانی کەوا بە هەڵە چوو، بادەداتەوە هەردێ. کابرا قیت دەبێتەوە و چرا هەڵ دەکەن و ژنە بەئاگادێت و دەرێ: پیاوەکە ئەمەچی بوو؟ دەڵێ هاتە لاتەوە؟ کابراش دەڵی: لاچۆ ماکەر ئەگەر هاواری عەباسی نەمی کەردەم و عەباس فریام نەمی کەردایە، دەڵێ قینگی دەدڕاندم، وەهەسن و هوسێنی عەلی بۆ کوس هاتبووەش. جا بەیانی ئەمە بووە دەنگ و باس و هەرا، ئیتر کابرا و ژنە عەلییان لە بەرچاو ڕەش بوو، عەبدەلیش بەئامانج نەگەیشت، ژنە ئۆینبازەکەش داوەکەی خەڵەت دەرچوو.

ئەم دنیایە هەموو شتی تێدا ڕوودواە.

عوسمانییەکان بەتایبەتی لە سەرەتای سوڵتان عەبدولحەمید بیریان کردەوە: کورسییەکەمان لەوانەیە لەدەست بڕوات، چونکە قسوریان نەکرد لە غەدر و زوڵم و جاریە و موڵک و ئەموال، جا بیریان کرد وا چاکە جەیشەک پەیدا بکەین کە نەزانن دایک و باوکیان کێیە؟ جا هەێنی بەڕاستی دەمان پارێزن.

جا بڕیاریان دا منداڵی دیان و جوولەکە بدزن و بفڕێنن، وە بەچەند پارە بێ لێیان بکرن. وتیان ئەمە بۆ چییە، فەرمووی ئەم منداڵە گاورانە دەکەینە ئیسلام. جا دەستی کرد بە بەخێوکردنیان و ناویان نا: ئێوە کوڕی سوڵتانن. دایانان لەبەر خوێندن خزمەتو عێزەتێکی باش. ئەوانەش گەورەبوون فێری یەکترگان بوون، فێری قووندان بوون، فێری ترکردن بوون. چ ئەخلاقی خراپ بوو گرتیان، ئەوانە کوڕی سوڵتانن و کەس دەخلیان ناکات. تا دەرچوون لە دەورەکە کردنی بە جەیش و ناوی نان:" جەیش ئینکشاری" جا خوا هاوار خوا تۆبە چییان کرد، میللەتی تورکیان کەڵک بڕی و فێری قوندان و تڕنگان و قڕکردن کردن،" ڕەحەت ئۆڵسن، ساغ ئۆڵسن".

جا بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانێیان لە بن هێینا، لە ژێرەوە لێ هەبوو دایک و باوکی خۆی ناسی بووەوە و موساعەدەی دەکرد، داود پاشا کە موبشیری بەغدا بوو لە عێراق لەلایەک مزگەوتی حەیدەرخانەی لە بەغدا دروست کرد لەلایەک پارەی دا باوکی لە یەریڤان کڵێسای پێ دروست کرد. جا تا دنیا برایەوە میللەتی تورک ئەم ئەخلاقە پیسانەی تەرک نەکرد، سوڵتانیش چوو، ئینکیشاریش چوو، ئا ئەمە بوو ناپاکی عوسمانییەکان.

شێخی ق. ه ناوچەی بەڕانی

شێخ ئەحمەدێک پەیدا بوو لە دەوروبەری١٩٤٥ز هەتاکو نێزیک ١٩٧٣ز سواری وڵاغێک دەبوو، درۆی گەورە گەورەی دەکرد، داوای کەرامەت و کەشفی دەکرد، کیسە بەتاڵیش بوو، دەرۆزەشی دەکرد. خەرکیش زۆر هەبوو دەیان گوت جاسوسە. شێرەسوار هەیە چاکە، خەڵک دەرێن پیاوەکی باش بووە. شێخ ئەحمەدیش زەمی دەکرد و دەی گۆت بەکەرامەتم ئەو پیاوە چ نەبووە. جاروبار دەچوو پەنای ئاخوڕی دیوەخان و گۆپاری لەسەر ئاخۆڕ دادەنا بەرەو شێرەسوار دەستی دەکرد بە: تەق،

تەق، واتە شەڕە تفەنگ دەکەم لەگەڵ شێرەسواری مردو، جنێوی دەدا و دەی گۆت: ئەگەر پیاوی دەتۆش دەنگ بکە وەکومن. خەرکی نەفام ئەو شێخ ئەحمەدەیان لەلا گەورە بوو، بەیانیەک شێخ ئەحمەد خەوتووە، نێزیک بوو ڕۆژ هەرێ، شێخ نوێژی بچی سۆفی عەولایەک هەبوو چووە سەر شێخ ئەحمەد و پێی لە قوونی دەدا و دەی گۆت: هەستە یا شێخ هەستە رۆژهەرات، نوێژت چوو. هەی کێری شێرەسوارت لە قوونی بنێم بەو حارە شەڕی لەگەڵ دەکەی و نوێژی سوبیانێش ناکەی، کسۆک. جابووە پێکەنین و مەسەڵۆکە. شێخ هەرستا و رۆیی و نوێژەکەشی چوو.

مەلا سەعیدی پاشتەپە و پەسوە و قەرەنی پاشا

جا لە ئێران ئاغاژن و شت لە دیوەخانان قەدەغە نەبووینە جاران بەتایبەتی کە بەساڵچووبن. دایکی قەرەنی پاشا لە دیوەخان دەبێ. ئەمر دەکا بنێرن مەلا سەعید گەرمیانی بێت. مەلا سەعید دەچی. دایکی قەرەنی پاشا دەرێ تۆ مەلا سەعید گەرمیانی؟ دەرێ بەرێ. دایکی قەرەنی پاشا دەرێ ئاغاژنی گەریمانی(سوکن)، بەوەی جەنابت. مەلا سەعید دەنگ ناکات. قەرەنی پاشا دەرێ، مەلا سەعید بۆچ دەنگی ناکەی؟ دەرێ شەرم دەکەم لەبەر جەنابت و دایکت. دەرێ بەخوای دەبێ چی لە درتە بیڵێی. دایکیشی هەر وا دەرێ. مەجریس پڕە و گەرمە. مەلا سەعید دەرێ دایە ئاغاژن ئاغاژنی گەرمیان سوکن: دەرێ بەڵێ. حاجەت بە وتن ناکات. دایە ئاغاژنیش بە ساڵاچووە. دگان و شتی کەم ماوە. ئەویش دەرێ ڕاستە ئاغاژنی گەرمیان سوکن. جارێک شوانێک لە ڕقی ئاغاژنی گەرمیان کە سوکن ئەویشی بۆ قەبووڵ نەکرا، گەرمیانی بەجێ هێشت و هاتە کوێستان بووە شوان، جارێک کەری بردە سەر ڕووبارێک بۆ ئاودانە مەڕەکە، ژنانیش کۆریان لەسەر ڕووبارەکە دانا بوو. ئاغەژنێک و چەند کارەکەریشی لە خزمەتی. بیلا مانا ئاغەژن کەمێک بەساڵاچوو بوو. دگان و شتی زۆر تەواو نەبوو، هێواریش هەناری زۆر خواردبوو، زۆربەی هەنارەکان بە ساغی دنکەکانی قووت دا بوو. مەڕی شوانە لە سەرەوەی ڕووبارەکە ئاوەی شێلو کرد. ئاغاژنەکە کارەکەرێکی نارد بە شوانە بڵێ براوا و ئاوەکە شێل و نەکات. شوانە گوێی نەداێ کارەکەرە گەرایەوە و وتی ئاغەژن فەرمووی: شوانە وتی: من گەرمیانیم و لەبەر کێر گەورەیی دەرکراوم لە وڵات ئاغەژن ناناسم، بڕۆ پێی برێ وازم لێ نەینی دێم وای دەگ... دووکەرە شینکەی لە

قوونی دەردێنم. کارەکەر هاتەوە بۆی گێرایەوە. ئاغەژن هەوەسی هەستا و وتی بچۆ گاسی بکە بزانم چ نامـاقـووڵی کـردووە. کـارەکـەر هاتەوە لای شـوانـە و پێی وت. شـوانە چوو، وتی: وات وتووە، وتی بەرێ. وتی وەرە بزانە چۆن دووکەرە شینکەم لە قوونی دەردێنی وەڵڵاهی وەڵڵا درۆ بکەی بە کوشتت دەدەم. جا بیلا مانێ ئاغەژن ڕاکەوت، وتیە کارەکەر من کونا خۆم لێ دیار نییە و تۆ سەرنجی بدە بزانە دووکەرە شـینکەی لێ دەردێ ئەگەرنا بە کـوشـتنی دەدەم. جـا ڕابە ئەڵڵا و ئیـمـانە ئەڵڵا مەترەقی شوانە نێزیکی مەترەقی کەرێ بوو. ئاغەژن چی وای نەدی بوو، ڕای ماریە سـەری گـەیشـتـە ناوکی لە خـوارەوە دنکە هەنـاری سـاغ و سـووری هاتە خـوارێ. ئاغەژن وتیە کارەکەر: دووکەرە شینکە دیارە و دەیبینی؟ وتی ئاغەژن واز لە دووکەر شینکە بێنە بە خوای کە پڕوشکە ئاگر (واتە دەنکە هەناری سوور) سەر عەردی پڕ کردووە. جا کە وای گووت قەرەنی پاشا پێ کەنی وتییە دایکی لە خۆت نەگەڕای، نەمگۆت کەس باری مەلا سەعید گەرمیانی نابات. جا دایکی خەراتێکی باشی کرد.

ئەگەر ئەمن کافرۆشم ئەتۆ چی؟

مامۆستا مەلا صالحی کۆزەپانکەیی ئیمام و مودەریس لە شاری هەولێر لە تەکیەی شێخ نووری تاوەکو سالی١٩٧٥م لە ژیان بوو. لە تەمەنی٨٢ ساڵیدا وەفاتی کرد کە پیاوێکی زۆر مەلا چاک و زانا و قسەزان و داهی بوو. زۆر بێ شەرم، نەترس. جـارێک خـەریکی نوێژکـردن بوو، دەسـتـی پان کـردبووەوە و دۆعـای (اللهم هذة الدعـوة) دەی خـوێندن. مـەئمـوونەکـانیش لە پشـتـی دەسـیـان پان کـردبووەوە. کـابرایەکی زڕت و زەبەلاح تـادەنگی تێـدا بـوو قـامـەتی دەست پـێ کـرد، بەڵام چ قـامـەت. دەنگەکی ناخۆش، مزگەوتی پڕ کرد، مـامۆسـتـا پـەست بوو، ڕووی کردە خەڵکە وتی: جارێ نوێژ ناکەین و حەکایەتەکم بیستووە با بۆتان باس بکەم. وتیان: بەرێ قوربان. فەرمووی: جارێک مەلای مەشهور بارەکایەک لە کەریک بار دەکات، لە کـۆڵانان گـڕ دەخـوا بۆ فـرۆشتن، لە هەر شـوێنێک دەی گۆت: مـوشـتـەری بارە کایەک واتە کێ بارە کایەک دەکڕی من پێی بفرۆشم، کەوای دەگۆت کەری حەرام دەسـتـی دەکـرد بـە زەڕین، بەڵام چ زەڕین؟ دەنگی ئەم ناوەی پڕ دەکـرد و منداڵە هورتەکـە لێ کۆدەبوونەوە لەبەر دەنگی کەرەکە کەس گـوێ لە گـاسـە گـاسی مەلا نەدەبوو. تاکو بێزار بوو لە خۆی جا ڕووی کردە کەرەکە و بە قـایم وتی: ئەگەر تۆ

کافرۆشی من لە چ سەگبابی لەگەڵتم، ئەگەر من کافرۆشم تۆ ئەم زەرە زەرەت بۆ چییە و مێشکت بردم و ناشیەلێ کەس گوێ لە گاسەم بێ. هەی دایکی خێوت بگێم. بەڵام باوکم کابرای قامەت کەر، لەبەر نەرەی قامەتەکەی تۆ کەس گوێ لە دۆعاکەی من نەبوو، ئەگەر من مەلام و ئیمام ئەتۆ چی؟ جا بووە پێکەنین و بەزم، کابراش کپ بوو.

تەیر لەسەر یەک لاق دەوەستێ بۆچی؟

عادەتەن کە تەیروتار ڕادەوەستن لەسەر یەک لاق ڕادەوەستن و لاقەکەی تریان بەرز دەکەنەوە، جارێک تەیرێکیان دیت لەسەر دوو لاق وەستاوە، ئەوانیش پێیان سەیر بوو، لێی یان پرسی: ئەمە سەیرە کە تۆ لەسەر دوو لاق وەستاوی؟ وتی ئێمە تاخمەی تەیر و پەرەوور بروا و بیرمان ناسکە و زەعیفە، لامان وایە: عاسمان دەڕووخێ جا هەرتەیرێک دەوەستی لاقێکی بەرز دەکاتەوە و عاسمانەکەی پێ ڕادەگرێ و دەیداتە بەرێ. بەڵام شەوانی جومعە لەبەر لاقی ژنانی پیاوانی ئاینی کە بەرزە عاسمانەکە ئەوان ڕای دەگرن و ناکەوێ ئەو شەوە ئێمە لە ئیسرەحاتین. واتە لەلای پیاوانی ئاینی لەبەر پیت و بەرکەت پێویستە شەوانی جومعە ڕابێری نەکەن و بێلامانی بکەونە ناو لاقی ژنەکانیان جا ئەو شەوە لاقی پیرۆزیان هەر بەرزە و عاسمان بش ڕۆخێ لاقی ئەوانە ڕای دەگرێ و نایەلێ زیان بەخش بێ.

مێوانداری

عەرەبێک لەلای کوردێک مێوان دەبێ کوردە زۆر خزمەتی دەکا بە خواردنی خۆش و بە خزمەتێکی چاک و بە ئیکرام و گرتنکی پیاوانە. عەرەب دەری: وای جارێک ئەتو بهاتبای لەکن من دەبووی مێوان دەبی ئەمن بکردبایە لە تۆ خزمەتی چاک هەم دەکرد لە بۆ تۆ هەموو شت. ئەس قەزا کوردە جارێک ڕێگەی دەکەوێتە لای عەرەب و مێوانی دەبێ. عەرەب بەخێرهاتنی دەکات و لەسەر عەردی دای دەنێ و دەرێ: عەرد هەر چاکترە لە ڕایەخی تروهات. عەرد هی خوایە نێوەروان دادێ و چی نادانێ و دەگاتە هێواری. دوو گورسەی جۆی لە پێش دادەنێ و جامێک ئاوی گەرم. دەرێ دەبخۆ چ زۆرە ئەوە ئاوی بیر – "هم خبز الشعر". غوزەل غورت

دەکەی ناکەی بە چڕ. کوردە هەر چۆنێ بێت ڕادەبورێرێ شەوی خۆی دەگەیەنێتە عەرەبە ژن و هەرچۆنی بێت دڵی دادەمرکێنی و جا تاسوبینی عەرەب هەردەستی ژنەکەی نانی گەرم دەکات و خواردنەکی خۆش ئامادە دەکات. کوردە تێر دەخوات و عەرەب چاوی زەق دەبێتەوە. ژنە دەڵێ: "ئوکل ئوکل یاکراد حەگ اللیل علی عین" دەشلێتە مێردەکەی "انت اسکت یا گواد".

خادم و موئزینی بەڕاستی

لە دەوروبەری ١٩٥٠ حاجی مەلا سادیق لە شقلاوە باش مەلا بوو لەسەر مزگەوتی گەورە موئەزینی مزگەوت وەفاتی کرد. جا حکوومەت ئەوسا خادیم و موئەزینی بۆ تەرخان کرد و لە بەغدا ناردی هەموو فەرز بانگی دەدا و جەماعەتی نوێژ دادەبەسترا خادیمەکە پشتی بە دیوار و کۆڵەگەی مزگەوت دەدا و دا دەنیشت کڕ بێ دەنگ تاکو نوێژە جەماعەتەکە کۆتا دەبوو.

جا خادیمەکە ناوی خوای لێ دینا و دەستی دەکرد بە سوبحانەڵڵا و تەسبیحات تاکو کۆتاییی دەهات لێ یان دەپرسی: بۆچی نوێژ ناکەی؟ جەماعەت ناکەی؟ لە وەڵامدا دەی گۆت: انا موئەزن و خادم حکومە دزتنی للاذان والخدمە وما دزتنی للصلاە شوغلی هەلگەت ما اسوی زائد.

بیلامانی خادم و موئەزینەکە عەرەب بوو یانی من خادم و موئەزینم حکوومەت منی ناردووە بۆ بانگدان و خزمەتی مزگەوت، بۆ نوێژی نەناردوومە کەواتە زیادەیە نایکەم. جا ماوەیەک لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو تاکو بەمەزبەتەوە دەریان کرد و نەقل کرا.

کێ گۆتی خۆت کەرکە بخوێنە و موستەقبەلی خۆت بفەوتێنە

حکوومەتی عێراق بەر لە ساڵی ١٩٤٧ خەریجیدار موعەلیمیان تەعین دەکرد بە ٢٠ دینار، خەریجی حقوق بە٢٨ دینار. کەچی ئەو سایەک حەیوان بە ٢دینار بوو، ١٢ هێلکە بە ٥٠ فلس بوو جامی ماست بە ٥٠ فلس بوو، مریشکی چاک بە ٢٥٠ فلس بوو...هتد. لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە حەیوانێک بە ٤٠ دینار بوو، یەک هێلکە بە ٣٠ فلس بوو کیلۆی ماست بە ١٥٠ فلس تاوەکو ٢٥٠ فلس بوو، یەک مریشک بە ٢

دینـار بوو واته گـۆشــتی مـریشـکی به ٥٠٠ فلس تاوەوک ٦٠٠ فلس بوو کـیلۆی گۆشت به یەک دینار بوو.

خـەریجـیدار موعـەلـمین به ١٨ دینارتەعین دەکـرا و خـەرجی کولیـه به ٢٨ دینار. کرێکار رۆژنەی چووە ٣ دینـار. وەسـتا١٠ دیـنار... هتد. کەچی جـاران کرێکار به ١٠٠ فلس بوو وەسـتا به یەک دینار... هتـد. کەس کار بەدەست نـەبوو بنوارە ئەم لێکدانەوە. مووچەخۆر چۆن ئەو پەری دەست کورتی و هەژاری.

له سـاڵی١٩٧٥ مـامۆسـتایەکی جـامیـعەی سلێمـانی به خـۆی و بەخـاتوونی ژنی دێنه پیاسـه بـۆ شـاری هەولێر. شـرە سـەیارەیەکیـان هەبوو، ئـەس قـەزا له هەولێر سەیارەکه گرفتێکی بچووکی لێ پەیدا بوو.

بردیه لای فیتـەرێک کـه بۆی چاک بکات. فیتـەرەکه وتی: سـەعاتێک پیاسه بکەنو سـەیارەکـه لێـره جێ بێله. تاوەکـو دێنەوە حـازره. ئەوانیش نزیکەی ٤٠ دەقـیـقـه خـولیـان خـوارد و هاتنـەوە وەسـتـا وتـی ئیـشـی سـەیارەکـه کـۆتا بوو. فـەرمـوون. مـامۆسـتا وتی چی شـکابوو؟ وتی: نەختـێ پیس بوو خـاوێنم کـرد. مـامۆسـتا وتی هەقت چەندە؟ وەستا وتی ٢٠ دیناره. مـامۆستا وتی من ئوستادی جامیعەم دەرس دەڵێم یەک سـەعات به پێنج دینار. کەچی تۆ ٤٠ دەقیقەت ئیش کردووە و دەرێی ٢٠ دینار. وەسـتـا پێی گـوت بۆ بۆ خـۆت نەبووی بەسـەنعـەتکار؟ موسـتـەقبـەلی خـۆت فەوتاند مـامۆستا سـەری شۆڕ کرد و دەنگی نەکرد و وتی هەقی تۆیه پارەکه بگره. ئا ئەمـه ئەنجـامی نەزانیـینی کـار بەدەسـتـان و بێ لێکدانەوە هـەر بلوێر لێـدەن و مەتحی خۆیان بکەن و کەس نەوێری دەنگ بکات. مووچه خۆریش ئەمه حاڵی بێت.

خەڵک له ڕقی خەڵق قسەی خراپ دەکات بۆنی کوفری لێدێت

شیعـه زۆریان ڕق له ئیمامی عومەر و عوسـمان و ئەبوبەکر دەبێتەوە، گۆیا ئیمامی عـەلی یان زۆر خـۆش دەوی. جـا له شـوێنێک ڕەسـمی ئیـمامی عومـەریان گرتیـه و هەڵواسیه له دیوار بـه رووتی دەستێکی به گونی خۆی وەرگرتییه و دەسته کیش پاروەنانێکی لـه دەمناوە وەکو لەفـه. ڕەسـمی ئیـمامی عـەلی یان گرتووە له تەکی و دەستەکی بۆ ئیمامی عومەر درێژ کردووە، جا هـەر کەس بچێتـه ئەو شوێنه دەرێن، ئا ئەمـەیه کردەوەی عومەر. ئیـمامی عـەلیش دەسـتی بۆ درێژ کردووە و دەرێ: ئەم

ئیشـەی تۆ نـالەباری و عـەیبـە. عـومـەریش گـۆی نەداتێی. تاوەکـو جـارێک یەکی سـوننـی لەم شـوێنە دەبێ و چاوی پێ دەکـەوێ و دەرێ ئەمـە چیـیـە؟ ئەوانیش سـەربردەکـەی بۆ دەوردەکـەنەوە. سونـنییـەکـیش دەرێ نەخـێـر ئێـوەتێی نەگـەیی شتـوینە. ئیمامی عەلی دەستی بۆ درێژ کردووە و دەری: لەم پارەوەنانە پیرۆزەیەک قـەمپارم بدەیێ. برسـیمـە و چم نەخـواردووە چەند رۆژە. ئیمامی عومـەریش دەرێ: ئەو گونەت دەدەمێ، جا بۆیێ دەست پیرۆزی دایتە ئەم شوێنەی خۆی. کەوای وت و شیـعە هـەمـووی کپبـوون و ڕەسمەکانیان لێ کردەوە و وتیان: با یەکێتر قسـەی بێ نالەبارتر نەکات.

بەخوای ئەم هەراوهۆریایە هەر بۆ لێفە شڕەکەی من بوو

دەرێن: مـەلای مـەشـور لێفـەکی نوێ هـەبووە، لەگـەڵ مـەلاژن هێـوارە لـە مـاڵی دانی شتن و دوو بەدوو قسـەی خـۆشیـان دەکـرد. لە دەوروبەری مـاری مـەلا بـوو غـەرەبە غـەرب و قـیژە و چـەقە و گـارە و هـەرا. نەدەمـێک و نەدوو، مـەلاو مـەلاژن وەڕس بوو، مەلا وتی: دەچمە دەرێ و بزانم ئەم سەگبابانە چ هـەرایتیان؟

مـەلاژن وتی: پیـاوەکـە مـەچوو، فـەقـیـری، بەڕە لەلای فـەقـیـر دەدرێ. هەرچی هـەردەسـتی غـەدر لە فەقـیر دەکات و فەقیر دوژمنی هـەمـوو پیـاو خراپێکە، نـەخێر مەلا خۆی پێ نەگیرا و لیفەکەی لە خۆی لوول داو چووە دەرێ، ئەمەش بزانین: مەلا لە خـۆشـی لێفـەکە لە خـۆی دانە دەبڕی. کە چووە دەرێو چاویان بە مـەلا کـەوت و تاویان دایـێ و لێـفـەکـەیان لەبەر داڕنـی و ڕفـاندی یان و نەگـارە مـاو نـەهـەرا و نە چەقە. دنیـا بوە ئاشـی ئاوڵی بڕاو. مەلا وتی: سەیری ئەم سـەگباوکانە کە ئەم هـەرا و چەقـەیان هـەر بۆ لێفـەکـەی من بوو. بە کوڕە کـوڕ هـاتەوە مـارێ، مەلاژن وتی مـەلا کوا لێفەکە. مـەلا وتـی: حورمێ بەخوا ئەم هـەراوهـۆریایە هـەر بۆ لێفە شـڕەکەی من بوو، شـەرتبێ جارێتر لێفە نەکڕم.

شێخایەتی لە هەموو موڵک چامترە

مەلا حەمـەدەمینی هـەولێری مەلایەکی زۆرباش و پڕ عیلم بوو، لە دەوروبەری گرانی گـەورە لە سـاڵی ١٨٧٩ز چووە شـاری مـیـسـر، جـامع ئەزهـەر تـابلێی پڕ لە مـەلا و

فەقێ بوو. بە شێوەیەکی بێ تەنزیم دەخوێنرا. هەر مامۆستایەک لە قوڕنێچک دا دەنیشو تاخمەیەک فەقێ دەورەیان دەدا و دەرسیان لەلای دەخوێند. جا کامەی بالا و مەشور بایە ناوی دەردەکرد و خەرک خزمەتی دەکرد و حکوومەت چاوەنواڕی دەکرد. مەلا حەمەدەمین لەوێ (کتاب تەنویر العلوی) دا ناو تائیلیفی کرد لە شەرع، کتێبێکی جوان و ڕێکە و پڕ مەسەلەیە. گەلێک زۆریش نییە. بەقەدجلدە ئیعانەیەک دەبێ. قلەقلەی لێ چاپ کراوە.

مامۆستا چەندی لە جامعی ئەزهەر دانیشت و چاوەڕوانی کرد ئەس قەزا فەقێ یەک بۆ لای نەهات. کز و کپ، مات بوو، بێ خەرجی، بێ مەسرەف. ڕۆژێک کابرایەک چوو لایو وتی: مامۆستا وا دیارە تۆ کەست بێ ڕازی نابێ بە مەلایەتی، کەواتە هەستە خۆت بکە شێخ. بۆ سوودی دنیا سەردەکەوی. ئەویش دەس بەجێ قسەکەی چووە گوێ. وتی: کوا تەکیە و خانەقا. کابرا دەستی گرتوو بردیە لایەکەوە لە خانووێکی تەک شار و وتی: ئەوە- خانەقات، خۆت بکە شێخی نەقشی، چونکە شێخی قادری لێرە زۆرە و سود نابێ، بەڵام چ شێخی نەقشی تێدا نییە. جا مامۆستا کاولەکەی گسک داو خاوێنی کردەوە و ئالایەکی لەسەر هەڵدا شێخ هەی شێخ شێخی نەقشی ناوی گۆڕی بووە: شێخ حەمەدەمینی نەقشبەندی ئەربیلی. خەڵک دەورەی داو ماڵی بەسەردا باری، وا دیار بووە لە کۆڕی جاحیلی دابووە. ژنیان دایێ. خانوویان دایێ. مار و ژن، باران و تەزەری چی؟ ماری بەسەر باری جێ نەما ماری تێ بکا و پارەی لێ دانێ. بۆ تۆبە بۆ شەفاعەتی قیامەت، بۆ تا و لەرز و دەرد و بەرا. بۆ داوودەرمان هەموو لەش و گیانی شمەکی بەری بۆ دەرمان چارەسەری تامرد لەم خۆشیەدا بوو. مەرقەدی پیرۆزی ئێستاش لەوێیەو زیارەتگایە بۆ هەموو داوودەرمان. نەوەیەکی لە شوێنی دانیشتووە لەم چەرخە ١٩٥٥. شێخ نەجمەدین نەقشبەندی حەفید حەزرەتی حەمەدئەمین نەقشبەندی ئەربیلی- العراق. چیی تر ماڵداری نەکەن و چ وەرنەگرن حەوت پشتی تر بخۆن هەر زۆرە. ئائەمەیە وتراوە: شێخایەتی لە مولک و مار (ماڵ) چاکترە. خوا ئەویش عاف و بکات و ئێمەش لەگەڵدا، ئامین. وا دیارە بووە ئەم زاتە پیاوێکی زۆر چاک و بەدین و باش بووە ئاساری چاکەی زۆرە.

کەرامەتی پاشای ئەوها دەبێ

لە چەرخی مەلا یەحیای مزووری واتە لە سەدەی ١٢ی کۆچی، خەلیفەک هەبوو لە هەولێر، مەلا هیدایەتوڵڵا. مەلا یەحیا فەرمووی: مەلا هیدایەتوڵڵا وەرە خوێندنی مەلایەتی تەواو بخوێنە. هیدایەتوڵڵا بەس تەنیا نەختێ خوێندەوار بوو وەسوفی مەلا یەحیا بوو لە تەریقەتی نەقشی. وتی: بۆچ بخوێنم قوربان؟ فەرمووی زەمانێک دادێ لە هەولێر هەرکەس مەلا نەبێ و تەدریس نەکات دەری دەکەن و کپی دەکەن.

مەلا هیدایەتوڵڵا هەموو خوێندنی خوێند و ئیجازەی وەرگت. لە هەولێر لە خانەقای شێخ مەزەر کەمەشورە دانیشت. لە ساڵی ١٨٣٠ز محەمەد پاشای ڕەواندزی کەمەشورەبە: پاشای کۆرە ئەگەرچی کۆرەش نەبووە، گەورە بوو، بەڵام لەوکات نوسین: گەورە و کۆرە بەشێوەی فارسی دەنووسرا وەکو یەکتر: کورە جا بەمرورووی زەمانە لە قەڵەمدار بەزمانی دوژمنان: تورک و فارس و (؟) بەکۆرە. کە پاشا هەولێری گرت ئەمری دا هەرکەس لەسەر هەر مزگەوتێک بێت تەدریس نەکات وەدەری نێن ئەو تەمبەڵی و کەساسی و حیلەبازییە. جا چەند کەسانێک لەسەر مزگەوت و خانەفا و تەکییە لەبەر ئەمە کە جاهیل بوون وەدەرنران. چوون کە مەلا هیدایەتوڵڵاش وەدەرنێن. زانیان کە مەلایە و تەدریس دەکات لە جیاتی وەردەرنان خەڵات کرا. بەمە بۆمان بەدیارکەوت کەوا محەمەد پاشا پیاوی چاک بووە. مەلا یەحیاش کەرامەتدار بووە.

شێخو دەروێش ئەوهایە

لە دەوروبەری ١٩١٧ زاینی لە عێراق شت زەحمەت چەنگ دەکەوت ئەویش بەزۆر گران لە شەکر، چایە، کوتاڵ... هتد. کیلۆی شەکر چوو ١,٢٥٠ فلس کیلۆی چا چوە٤,٥٠٠ فلس گوندی بەرزەوار لە کەندیناوە مەدرەسی دینی بوو مامۆستای بەناوبانگ مەلا عەبدولکەریمی شۆرە زەرتکەیی لەوێ مەلا بوو. چەند فەقێ و موستەعیدی باش لە خزمەتی بوو. یەک لەوان: مەلا عوسمانی کلاوڕەش. یەختیارێک لە گوندی هەبووە، دەروێش عەولا، دەورێشی ماڵی شێخ نوورەدین بریفکانی بووە. هێوارەیەک دەنێرێ موستەعیدێک بە قورعانەوە بێتە لام. مەلا عوسمان بەخۆی و بە قورعانەوە دەچی، چەندیشی حەز لە چایە. دەمێکە نەی خواردووەتەوە، دەچی، دەروێش عەولا دەرێ: چا بۆ مەلا لێنێن، دەی مەلا یاسینێکم لەسەر بخوێنە من

دەمـرم. دەرێ تۆ سپ و سـاغـی مـردنی چی، دەرێ من ئـیـشـی خـۆم بەخـۆم دەزانم، چایە لێ دەنێن، مام دەروێش دەست نوێژ دەشوا. دوو ڕکات نوێژ دەکات مەلا یاسین دەخوێنی. مام دەروێش دەرێ مەلا ئایا ڕاستە لە سەرەمەرگ شێخ بەهانای دەروێش دێن؟ مـەلا دەرێ بەرێ ڕاسـتـە. دەرێ مـەلا ئێـوە نـابینن. من دەبینم ئەوا شـەیتـان حەولیەتی بێتە لام. شێخ نوورەدین بەخۆی و بەدار عـەسای پێشە بڕکەی لە شەیتان گرتووە نایەڵی بۆ لام بێت ئەوەتە دەرێ: "اشـهـد ان لا اله الا الله و اشـهـد ان محـمـد رسـول الله". من بەدۆعا ئێوە وەزعی خۆتان تێک مەدەن و مەلا چایەکە تێر بخۆوە. منداڵەکانم خۆتان مـشـەوەش مەکەن. مام دەروێش وەفـاتی کرد و مـەلاش چایەی خـواردەوە و مـاڵ و منداڵیش خـۆیان تێک نەدا، بۆ بەیانی تـەقـەتیـان کـرد، خـوا لێ خۆش بێ و لە ئێمەش. ئەمە ڕاستە و هیچ گومانی تێدا نییە.

کوڕە مەلا عەوڵلای شێخ شێراون دوێنێ کافر بوو ئەورۆ وەلیی خوایە

لە ساڵی ١٩٦٨ مەلا عەبدوڵلای شێخ شێروان حەملەداری حەج بوو، خەرک ئەو سا بە ٤٠ دینار بە هەموو مەسرەف دەچووە حەج. مەلا عومەر کە خەڵکی خۆشناوەتی بوو چوار پێنج کەسی لەگەڵ بوو بە ١٠ دینار کەمتر هەر گیرا بوو لەگەڵ نێرینێک (پاس) بوو. گۆیا بۆ ئیرشادی حەج سەرپەرشتی ئەو نێرینەی دەکرد کە ٤٠ کەسی تێدابوو. ئەوسا حەملەدار مەسوول بوو کەوا حەقی ئوتێلی بەغدا بدات، خانوو و ئاوی مەککە و مەدینە خیوەتی عەرەفە و مینا، لە ڕێگە هەر کەس حیسابی خۆی لە ئەستۆیی خۆیی بوو. جا خەرک لە ڕێ وا دەبوو گۆسکە ئاوێکیان دەکڕی بە ٢٠ فلس = ٤ قرۆش. یاخۆ شەوێک لە ڕێگە هۆ دەیان دەگرت بۆ خەوتن بە ١٠٠ فلس = ١ ڕیال. جا مەلا عومەر خەرکی ناو نێریەکەی هەر گەڕاندبووەوە دەی وت: مەلا عەولای شێخ شێروانی، کافرە، بێ دینە، لە ڕێگە ئاون بۆ ناکڕی، حەقی خەوتن ڕێگە نادات. بە قوربانی حەملەدارن بێت. جا بووبووە دەنگ لە ناو نەفەرەکان کە، مەلا عەولا کافرە، بێ دینە. کوشتنی غەزایە. نەفەرەکان موشاغەبەیەکی پیسیان لە ناو بوو زیکر و فکریان جنێودان بوو بە مەلا عەولا. هۆیەکەشی مەلا عومەر بوو، هەمـوش لە چەند قـرۆشـێک بوو ئەویش بە ناهەقی. تا وا ڕێک کـەوت شـەوێک نێرینەکەی مەلا عومەر درەنگ گەیشتە قۆناغ مەلا عومەر لە دابەزین دابڕا و هاتە لای مەلایەکیتر کە لە نێرینەکی تر بوو. هۆدەیەکیان گرتبوو نەفەر بە ڕیالێک مەلا

عومەر ماندییە، هاتە لای مەلایەکە و لەناو هۆدەکەی خۆی تەنیا کرد و پاڵی دایەوە. مەلاکەش شەوێ ١٥ ڕیالی لە مەلا عومەر دزی و مەلایەکی تری کردە شایەد بەیانی مـەلا عومـەر هەرسـتـا وتـی: حـەقی خـەوتن چەند تـا بدەم. مـەلایـەکـەش وتـی: مـەلا عومـەر، مەلا عەولا منی کردووەتە وەکیل بۆ جەنابت، تادەگەینە مەککە شەو و ڕۆژ چەندت خەرج کرد بنووسە. من پارەکەت دەدەمەوە. تۆ پیاوێکی شەرەفداری مەلا عەولا ئامادەیە بەڵام بۆ ئەم نەفەر و جرِ و جامشتانە ناتوانی وا بکات. مەلا عومەر، زۆر پێ کەنی کەیفخۆش بوو. جا هێـوارە بە هێـوارە مـەلا عـومـەر دەهاتە لای مەلایەکی تر، ئەویش لە پارەکەی خۆی پارەکەی دەداوە. مـەلا عومـەر چیی کرد؟ دەستی کرد بەم قسانە لەناو نێرینـەکە. پیاو هەبێ مەلا عەولایە، وەلی هەبێ مەلا عـەولایە. چاک هـەبێ هەر مـەلا عـەولایە، هـەمـوو حـەملەداری بەقـوربـان بێت. دوو سێیەکی ناو نێرینـەکە وتیان: مـامۆستا هەتا دوێنێ دەتگۆت: مەلا عەولا کافرە، بێدینە، بە قوربانی هەموو حەملەدارەکان بێت. کێرا ئەورۆ بووە وەلی و پیاوچاک، دوێنی کوشتنی غەزا بوو ئەورۆ کوشتنی قەتلە؟! مەلا عومەریش وتی: کورە من خەونم دیت، پیاوچاک لە خەوێی پێیان گۆتم: مەلا عەولا وەلییە، هەر کەسێ باسی بکات چاوی بەو دوو ئەنگوستە دەردێنم. جا تا دوێنی کافر بوو ئەورۆ ولی خوایە. قەبووڵ ناکەم کەس باسی مەلا عەولا بکات. جا تاگەینە مەککە چار پێنج ڕیالی مەلا عومەر ماوە لەلای مەیەکەیتر، لە چایخانە گاسی مەلا عومەری کرد و تێگەیاند کەوا هەر پارەی خۆتە دامـانەوە تۆ، هێشتا چوار پێنج ڕیاڵت مـایتـەوە. ها بت دەمەوە. ئەو مەلایەش شایەدە کە فلان شەو لە فلان شوێن لێمان دزی. مەلا عومەر چاوی زەق بووەوە وتی نامەوێتەوە قەشمەریم پێ دەکەن بە کورتی باقییەکەی وەرنەگرتەوە. (جا ئەمەیە دڵسافی بە دینی پیاوی چاک).

دوو ساری تر کوڕی جارانی

دەرێن کابرایەک هەبووە پێیان دەگۆت: کەر، ئەویش پێی ناخۆش بوو، ژنەکەشی لۆمـەی دەکـرد، ئەویش چووە لای ئاغـای گـوندی وتی: چی دەرێن دەیدەم ناوم بگۆڕن، وتیان باشە، مەولوودەکی گەورەی کرد، پاش نان و شت خواردن قراریان دا کە ناوی بگۆڕن ناویان نا جاشک، کابرا بە هەوەس هاتەوە مـارێ گـۆتیە ژنەکەی: قەحپە هەردەت گۆت زەحمەتە خۆ ناویان گۆڕیم، ژنە وتی: ناوی چییان لێنای. وتی: ناویان نام جـاشک: ژنە پێ کـەنی وتی: ئای خـۆرەچەرەت لێ دا،

گەشکەکیشی پێگرتوو وتی: هەر دوو ساری تره دەبیەوه کەری جاران. کابرا کە هورد بووەوه وایه، زۆر ئەسەفی خوارد.

ئاغاواتی و میر زۆر پێویست بوون له گوندان

له چەرخی کۆن هەر گوندێک سەرۆکێکی هەبوو، ناودەبرا بە: ئاغا، یان کێخوا، یان میـر، یا شـێخ. ئەو خـەرکە وەکو مـاسـتی مـەیی بوون لە ژێر ئەمـر و ئیـتـاعـەی ئەم سەرۆکە. هەر ئیشێکیان هەبایە لەلایەن حکوومەت، یان لە ناو عەشایر، ئەم سەرۆکە بۆی ڕێک دێخستن. هەر شەڕوشۆڕێکی بیان کرد بایە سەرۆک بۆی حەل دەکردن و بە حکوومەت نەدەگەیی. ئەوانیش لە ئیسراحەت بوون. حکوومەتیش لە ئیسراحەتت بوو. لەم گوندانەش کەس نەی دەتوانی غەدر لە کەس بکات با دەوڵەمەندیشبایە، خاوەن خزم و دەسەڵات بایە، لە ترسی سەرۆکەکە کەس غەدری لێ نەدەکرا.

نموونە:

١- گوندی: پەنجا عەلی، گوندی شێخ فایقی تاڵەبانی کابرایەکی دەوڵەمەند سێ چوار کوڕی هەبوو، یەک لە کوڕەکانی پری دا ژنێک و ماچی کرد. کابرای خاوەن ژن بێ کەس بوو، سەرۆک ٨٠ دیناری جەزا لێ ساند و لە گوندیش دەری کرد، ئەوسا ٨٠ دینار قیمەتی پتر بوو لە ١٠٠٠ دیناری ئەم چەرخە.

٢- حەسەنی شێتە لە گوندی عەوێنە- ناوچەی شەمامک- دزەیی. کابرایەکی دەوڵەمەند سەرفترەی مەلای ناقیس دایی. ساڵەکەش شیرین بوو، مەلا فەرمووی: سەرفترەکەت یەک ڕوپیە ناقیسە، کابرا خۆی لە مەلا توڕە کرد و وتی: دەبگرە مەلا لات وایە قەردت لەسەر مانە. ئاغا پێی زانی عەلبە گەنمێکی لە کابرا ساند بۆ مەلا و هیسترێکیشی بۆ خۆی، تا ئەم کابرایە مرد نەوێرا جارێکیتر ئەم گووە بخوات.

جا وا پێم ناژمێردرێی و کۆتا نابێت، بەڵام کە ئاغا باوی نەما، هەر مارێک چەند ئاغای لێ پەیدابوو.

چەرخی مەلەکی بۆگەن تێک چوو؟

دەوڵەتی کۆماری دەوڵەتی مەلەکی بە بۆگەن دادەنا و دای ناوە. جا ئەمەی قازانجی خۆی بێ لە قانوونی مەلەکی زۆر چاکە و لەسەر دەڕوا، ئەمەی زەری بوو لای برد.

له چەرخی مەلەکی حەیوانی چاک بە ٣ دینار بوو، ئێستا بە ٧٠ دینارە، چێر (مانگا) بە ١٠ دینار بوو، ئێستا بە ١٥٠ دینارە. ١٠ هێلکە بە درهەمێک بوو، ئێستاکە هێلکە بە ٣٠ فلسە. مریشک بە ٦٠ فلس بوو، ئێستا بە٢٠ دینارە، عەلەشیش بە ٥٠٠ فلس بوو، ئێستا بە ٧ دینارە. ڕۆژانەی عەمەلە ٥٠ فلس بوو، ئێستا ٣ دینارە. هەزار کەرپووچ بە ١٥٠٠ فلس بوو، ئێستا بە ٢٠ دینارە. جا هەر وا پێدا بڕۆ، لە کاتی مەلەکی خەریجی سنفی سێی متەوەسیتە بە ١٥ دیناری ئەسڵی دادەمەزارا، ئێستاش هەر بەهەندە. "دار المعلمین" بە ٢٠ دینار بوو، ئێستا بە ١٨ دادەمەزرێ. خەریجی کوللییە بە ٢٨ دینار بوو ئێستا هەر بەهندە.

جاوەرە تەماشای ئەم بەزمە بکە. تەقاعودی دابەش ٥٧٠ دەکرا، ئێستا مەرحەمەتە و بوویتە ٥٤٠. جا سەیری ئەم بەزمە بکە، تۆنی شیش بە ١١ دینار بوو، ئێستا بە ١٧٠ دینارە حەیفم ئەمەیە کە مەقاییس نەماوە و کەسیش شعوور ناخاتە بەرچاو. ئەوی دایکی کابانە گیرفانی پڕە، ئەمەی هەژار و بێکەسە لاواز و شڕە، ماشەئەڵڵا لەم میر کورە چەند بگۆیە و چەند نەبڕە، ئاخیری بزانە لە باڵ یەک چوو و هەموو دڕا.

وراغێک "ولاغێک" جۆ بخوا دەبێ جۆتیش بکا

حکوومەتی بەعسی بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن لە پاش تێکچوونی شۆڕش کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق – حوکمیزاتی دا بەکوردان، پایەتەخت شاری هەولێر. کە ئەو حوکمە زاتیەش بە دەرمان زۆر جوان بۆیاغی کرد. مەلای کوردەواری هەموو بوونە موچەخۆر، دەوڵەت پای لێنان. هەر ئەلفوبێی بزانیاە دەبوو مەلا و مەعاشخۆر. ئیجازەی علمییان دەدایی کە: خوێندنی تەواو کردووە. مەلای چاکە، هەموو شت دەزانی. جا بۆ هەموو مەسیرە و حەفلە دەبا مەلا پێشڕەو بن. ختاب بدەن. چی دەوڵەت بیەوێ وا بکەن و وا بڕێن.

لە ڕۆژی ١٢/٥/١٩٨٠ حەفلە و مسیرەیەکی گەورە بوو لە هەولێر، لە ساحەی مەلعەب– ئیدارەی مەحەللی. هجومات و جنێو لەسەر خومەینی بوو، کە گۆیا کافرە و مەجوسییە. وە هجوم لەسەر شۆڕشی کوردستان بوو. مەلاکان هەموو ئامادەبوون مەگەر چۆنایەک نەبێ، وەکو قەلی بەرەو ڕۆژ ڕاوەستابوون، گەرما، بێ ئاو، بێ کورسی دانیشتن. خەرک گاڵتەی پێیان دەکرد بە تەوسەوە دەیان وت:

ئەمـانە ئایەتە ئەڵڵا نە، تێکەڵاو لەگـەڵ ژن و منداری دەم ڕووت. لە هەر چوار لاوە قاپییان لەسەر داخرا بوو کەس نەی دەتوانی بڕوا. ئەمەی برۆیی بایە زرپوزۆپانی شورتە و عەسکەر و ئەمن و ئیستخبارات بووە چەند مەلایەک سەریان لەبەر سەری یەکـتـر نابـوو تفـیـان لە خـۆ دەکـرد و دەیان وت: ئێـمـە و ئـەو حـاڵەیـان نەوتووە. کابرایەکـیش گێی لە فـەرمـوودەکـەیان بوو وتی: مـامـۆسـتـاینە ئەسـەف مـەخـۆن و عەیبی تێدا نییە ولاغێک جۆ بخوا دەبێ جۆتیش بکا. کەوای وت مەلاکان سەریان نەوی کرد و کپ بوون.

پیرۆزتان بێت

تاخـمـەیەک کـەس بووبوونە مـەئمـوور یەکـو سـیـدارەیان لەسـەر نابوو بـرادەرێکی کـۆنیـان هەبوو، جـارێک چـوون سـەری لێ بدەن، بە سـیـدارە و سـەترە و پـانتـۆڕ دانیشـتن. دەس کـرا بەگفتوگۆ، مەئموورەکان وتیانە مەلایەکە: چۆنت ڕا لەم بەرگە و سیدارەیە؟ ئەویش وتی: ئەم سیدارەیە ئینگلیز هێنایە ئەم وڵاتە مـەلیکی ژن بوو، جـا هـەرسـتـا کـڵاوێکی لە شکلی قـ... مـەلیک دروست کـرد و لە سـەری ئێـوەی نـا. یانی بنـی خـۆمـان کـردە تاجی سـەری ئێوە. یاخـوا پیـرۆزتان بێ ئەم کڵاو تـاجـە. ئەوانیش کپ بوون.

هەر تۆ قازانجت کرد لە دنیا و قیامەت دلگیر مەبە

لە سـاری ١٩٥٨ حووکمـەی مەلەکی لە عێراق ڕووخـا بووە کۆمـاری، خەرک کـەوتنە هەڵ پەرین و چەپڵـە و جنێودان بە ئاغـا و بەو کەسـەی لەگەڵ ئاغـا بێ. حاجـی مەلا خـدر مـەلای گـەرەکی گوندی: لکان– بوو. نـاوچەی.... و دەشـتـی هەولێر. پیـاوێکی عـەنتـیکە و ڕوخـۆش و سـوحـبـەت چـی. خـەرکـی گـوندەکـەش لە ئاغـا تووڕە بوون. بەربـەرەکـانیـان دەکـرد. مـەلا خـدریش هامـوشـۆی ئاغـای دەکـرد. ئـەم خـەڵکە مـزگـەوتیـان تەرک کـرد و ڕقـەبەری مـەلا و ئاغـایان دەکرد، جنێویان دا: هەر کـەس زەکـات و سـەرفـتـرە بداتە مـەلا ئەگـەر ژنە هـی مـەلای تێ؛ ئەگـەر پیـاوە هینی مـەلای تێ هـەنـدەی پێنەچوو دەور گـۆڕا، ئـاغـا ڕەغـبـەتیـان پەیدا کـرد، خـەرک ترسـیـان پەیدابوو. جـا وردە وردە زەکات و سـەرفـترەیان بە دزی بـۆ مەلا خدر دەبرد، تـاوەکو لەلای ئاغا چاکـەیان برێ. بێوەژنێکی قوونەسـتوور بارە گەنمێکی بۆ مـەلا خدر برد

و لێی خست وتی: مەلا جنێوەکەشم پێ براوە بەڵام هەر هێنام. مەلا وتی: دڵگیر مەبە هەر تۆ قازانجت کرد لە دنیا و لە قیامەت. لە دنیا خۆت دەزانی ئیشەکە، لە قیامەتیش گوناحی زەکاتەکەت لەسەر لادەکەوێ. جا ژنە گەنمەکەی لێی خست و بەسەر شۆری گەراوە دەی گۆت" هەقتە مەلا. هەقتە مەلا.

برام چەندم گۆت بە گێت نەکردم مستەهەقت بێ

گوندێک لە نێزیک شاری هەولێر هەیە ناوی گوندی قوونیانە: دوبرا هاتن بۆ هەولێر ئەم گوندەش ئاو و هەوای زۆر ناسازە. خزمێکیان هەبوو لەم گوندە. یەک لە دوو براکە وتی: ئەمشۆ لێرە مێوان دەبین. ئەویتر زۆری حەول دا کە نەچن، گوندەکە ناسازە. نەخێر برایەکە گێی نەدایێ. لایان دا و بوونە مێوان، ئەس قەزا بەیانی برایەکە تاو لەرزی هاتێ تایەکی بەجۆش. لەرزەکی بە گور. بە هۆی نەخۆشی مانەوە لە وێ. خەرک دەورەیان دا. برا ساغەکە رووی لە برا نەخۆشەکە کرد و وتی: برام چەندم پێ گوتی ئەمشۆ لە قونیان مەبە. تاوات لە خۆت کرد. خەرکەکەش وتیان: قسەی قۆڕ مەکە، بە خۆشت نازانی چ دەرێی. ئەویش وتی: من لەگەڵ برای خۆمە ئێوە بۆ چ مشەوەش دەبن. ئای برام چەندم گۆت ئەوشۆ لە قونیان مەبە. دیسان خەرکەکە ویتان: کابرا قسەی قۆڕ مەکە نابی ئاگات لە بەردەمی خۆت بێ. ئەویش وتی: من لەگەڵ برای خۆمە کاکە ئێوە خۆتان مشەوەش مەکەن. نەیبڕیەوە هەتا بووە دەمەتەقێ و شەڕەجوونیان.

هەر مەلا سەعیدی باشتەپە

جارێک کورێکی خۆشەویستی دەمرێ، جاحێر، مەلا عوسمانی دۆرەزەش کە مەلایەکی باش بوو دەچێتە سەرەخۆشی. کە دادەبەزی و مەلا سەعید بە خێرهانی دەکا و، دەس دەکات بە پێکەنین.

مەلا عوسمانیش دەرێ: مردوت مرێ تۆ چۆن پیاوێکی؟ کەر بە کەراتی خۆی جاشکی بتۆپێ دەزۆرێ! کەچی تۆ پێ دەکەنی. ئەویش دەرێ: مەلا عوسمان گۆێ مەدێ جاشک خۆشەویست ترە لە کور. ئەدی ئێمە کێوە دەچین گشتمان دەمرین کوێ بۆ ئێمە بزۆری یائەڵلا با نان بخۆین.

زیرەکی شێخ ڕەزا

لە چەرخی شێخ عەلی تاڵەبانی – کە پیاوێکی زەریف و خاوەن تەریقەت بووە. هەردەم تەکیەی ئەم زاتە پڕ بووە لە خەڵک، شێخ ڕەزای تاڵەبانییش لە ژیاندا بوو. ڕۆژێک عەرەبێکی بە شان و عەبا و چەفیە و عەگاڵ دێتە تەکیە و دەستی شێخ ماچ دەکا و دادەنیشی بەکەشخە. خۆی کز و مەلوول دەکات، حوشترێکی سواری هەبووە و مردووە. دێتە خزمەت شێخ- عەرەبی و بپارێتەوە، هەروەکو کوردەواری دەرێن: وەک عەرەبت دەخیلم، یان وەک عەرەب دەخیلت بم، جا مام عەرەبە کز و مەلوولی هەر دەست دەست لەسەر دەست لە پێش شێخ ڕادەوەستێ دەری: یا حەزرەتی شێخ مات بعیری- واتە حوشترم مردووە و شتێکم بدێ- شێخ دەنگ ناکات، ئەو جارەش دەرێ. یا حەزرەتی شێخ مات بعیری، شێخ هەر دەنگ ناکات مەشغوول دەبێ لەگەڵ خەڵک، جاری سێیەم، زۆر بەتوندی دەرێ: یا حەزرەتی شێخ مات بعیری، شێخ ڕەزاش لەم دەم لەوێ حاز دەبێ، ڕوو دەکاتە عەرەب بوو دەرێ: شێخ عروبە مات بعێری، یانی مرد بەکێرم، خەڵکەکە دەست دەکات بە پێ کەنین و عەرەبیش ملی شۆڕ دەکات ملی ڕێ دەگری دەڕوات.

کچ بە شوودانی مەلای مەشوور

مەلا مەشوور کچێکی جاحێری هەبوو، هەرەتی بە شودانی بوو، زۆر کەس چاوی تێبڕی بوو بۆ خواستن، مەلا مەشوور چێرێکی هەبوو، نەزۆک و بەشیر، لەگەڵ مەلا ژن بڕیاریاندا بیفرۆشن، بردیە مەیدان و دایە دەستی جامباز، عەیبەکانیشی بۆ بەیان کرد. جامباز وتی: تۆ وس بەو دەنگ مەکە. چێری هەڕاج کرد، هەراش ئاووسە، لەسەر گوانە، جەمی یەک مەنجەل شیری هەیە، لە مێژە چاکرایە، بە پارەیەکی باش، مەلا بەخۆشی هاتووە ماڵی دیتی ماڵی قەرەباڵغە، مێوان هاتووینە، وتی مەلاژن ئەمە چییە؟ وتی داخوازی کچەکەمان هاتووە. وتی دەنگت نەکردووە، وتی نا، وتی تۆ دەنگ مەکە و من دەی فرۆشم، لە جامباز فێر بوویم، بە پارەیەکی چاکی دەدەین، جا پاش گفتوگو هاتە باسی کچەکە وتیان حەزمان لە خزمایەتییە. مەلا بە جواب هات و وتی: کچی من گەمان نییە. دەبێ پارەیەکی زۆر بدەن، چونکە کچەکەی من هەراشە و ئاووسە. لەسەر گوانە، دەمێکە چاکراوە و کەڵی خواردووە. ئەوانیش تەماشای یەکتریان کردوو و وتیان: دیارە کچەکە بێ بنە، ئێمە نامانەوێ.

ڕۆیشتن، خەڵک لە کچەکەی ڕەوینەوە، ئەم دەنگە بەڵاو بووەوە، وتیان مەلا ئەمە بۆ کچان عەیبە بۆچ وات وت. وتی چێرەکە بەو مەتحانە فرۆشان و قیمەتی باشی کرد، چما کچ و چێر وەکو یەکتر نین. هەردووک هەر مێیە و قەلبیان هەیە و مەمک و گوانیان هەیە. وەڵڵا پەشیمان نابمەوە دەقودەق وایە.

ئەگەر من ئەمانە بێژم ئەم قەوچە قەوچەی تۆم بۆ چییە؟

کابرایەکی بە سالاچووی لە دێیەک بوو، دەفە و دایەرە و دەروێش هاتنە ئەم دێیە، بەسەرۆکایەتی بابە غەلیفەیەک، زیکر دابەسترا، شیر لێ درا، زەرگ بەکار هات، ئاگر خورا، بەزم و هەرا، لە پاشان مەجریس بەسرا خەڵک دەستی کرد بە تۆبە و تەریق لەلای باوە غەلیفە. خاڵۆ خۆشە بە سالاچوو بوو. دەستی نا لە ناو دەستی غەلیفە، تۆبە لە خوا و جبرائیل و پیرانی تەریقە پشت بەشت تاهاتە سەرباوە غەلیفە. غەلیفە وێرد و ئەورادی بۆ خوشە دیار کرد گشت ڕۆژ لە بەیانی تا خەوتن. بەیانی ١٠٠ "لا اله الا الله"، ٢٠٠ "الصلاوات" ، ١٠٠ "أستغفرالله". نیوەڕۆ و عەسر هەروا، مەغریب قەیدی ناکات، عیشا تاخەوتن بە ئەو ویردانە گشتی، باشە، دەبرێ باشە، خاڵۆ خۆشە وتیە باوە غەلیفە: ئەگەر من هەر پێنج نوێژ بکەمو ئەمان گشت بێژم ئەدی باوە غەلیفە ئەو وەڕە وەڕەی تۆم بۆ چییە؟ بەخوا من ئەم تۆبەیەم بەم حاڵە گەرەک نییە. بم بەسەیە قەی ڕیشە نێریانییەکەت.

کاکیلەیەکی ترم ها لەم سەر ماوە

جاحێرێک لە شیوێک گەیشت بە پیرێژنێک، لێی پرسی: داپیرە چەند دگانت ماوە، وتی: دگانێکم ماوە، کوڕە وتی، داپیرە من شەرتم لەگەڵ خوا کردووە بگەمە هەر ئافرەتێک چەند دگانی مابێ دەبێ ئەوەندە جارەی وا لێ بکەم. داپیرەی پاڵخست و یەکی پێدا هێنا، داپیر خەیاڵی کۆنی بەیاد هاتەوە و ئارەزووی دانی هاتە جۆش، زۆر سوودی وەرگرت. لە پاڵ کەوتنەکە هەڵنەستاوە، کوڕە وایزانی کەوا تووشی زیان بووە بۆیە ناتوانی هەڵستی، لە دڵا موتەئەسیر بوو، لە ئیشەکە پەشیمان بووەوە. وتی داپیرە بۆچ هەڵناستیتەوە؟ وتی: ڕۆڵە مادام خۆت دایتە خوا گوناحبارت ناکەم کاکیلەیەکی ترم ها لەم سەرەوە ماوە. واتە جارێکی تریشم وا لێ بکە. کوڕە هۆشی هاتەوە دایە قاقای پێکەنین و وتی: داپیرە قەیناکە با من گوناحبار بم.

ئای حەمام قازانج و زەرەرت چەند زۆرە

جاحێلێک زۆری حەز لە ژن بوو، چ ماڵی نەبوو ژنی پێ بێنی. فیکری کرد وتی: من چارەیەک لەگەڵ حەمام نەکەم ژنم چەنگ ناکەوێ، دەکوژرێم قیرسی، حەمامی جارانیش بە مۆم و چرا بوو، مونتەزەم نەبوو، پەنا و پەسێوی زۆر بوو، کوڕ چووە حەمام، یەک کراسی لەبەر بوو شۆڕە، ئەویش لەگەڵ خۆی بردە ژوورەوە، خۆی لە حەمام بوارد، تا نیوەڕۆ، نۆبەتی پیاوان کۆتا بوو، بووە نۆبەتی ژنان، حەمامچی پیاو رۆیی و حەمامچی ژن هات، ژنان هوریان کردە حەمام خۆیان ڕووت کرد، دنیا بووە ساماری پاک، کەند و شیو و جۆگە و قۆرت و شەقە دۆڵ کەوتنە ئەم گۆڕە، لە ناکاو کوڕە بۆیان دەرکەوت بە خۆیی و بە مژانەی ڕەقی، بووە زاقوزریق و هەڵاتن، تا وەدەنگ هاتن سێ چوارەکی جۆماڵ کرد لە سپی سپی و نایاب. کراسەکەی لەبەر کردو بۆی دەرپەڕی، جاندار و خەڵک گرتیان، تەسلیمی حکوومەتیان کرد، ماوەیەک بەند بوو، لەپاشان لە مەحکەمە وتیان: بۆچ وات کرد؟ وتی: بێ ماڵ و حاڵم و حەزیشم لێ بوو، ئیختیاری کوشتنم کرد قیرسیم لێ کرد. ئەوانیش وتیان بابە ناهەق نییە، ماڵیان بۆ کۆکردەوە و ژنێکی پێ هێنا، جابووە تاریق (تاریخ)، دەیان وت: حەمامەکەی فرانە، واتە ناوی حەمامەکە وا برا پاش ئەم حادیسەیە. کابرایەکی تریش هەرستا بەو ئومێدە وای کرد، گرتیان بردیانە مەحکەمە و ئەمری کوشتنیان دا. وتیان: ئەگەر ئەمە ببێ بە شوێن لێرە بە دواوە هەرچی هەرستی وا دەکات، جا با بیکوژین بۆ عیبرەت، کابراش وتی: ئای دایکی خێوت بگێم حەمام قازانج و زەرەریشت چەند زۆرە، واتە بۆ هەندێک قازانج و بۆ هەندێک زەرەر و کوشتن، وە یاخۆ قازانجی شتەکەت هەیە و کوشتنی ڕۆحیشت هەیە.

وەڵڵا لێرە بەدواوە ئەوجا دایکم باوکم دەگێ

دەڵێن ژنێک و پیاوێک هەبووینە یەک کوڕیان هەبووە، زۆریان خۆش ویستووە و بەریان هەڵدایە، جا بەم هۆیەوە منداڵەکە زۆر شەیتان و هەرەپاس و نائەموار بووە. تەمەنی لە دەوروبەری دە دوازدەساڵی بووە. جارێکیان دایکە خەریکی ئەمە دەبێ کەوا مووی بەری هەڵبکێشێ، چونکە جاران ژنانی لادێ بەری خۆیان هەڵدەقەناند و دمکانەیان بەکار دەهێنا. منداڵەکەش بەسەر هاتەوە دیتی دایکی خەریکی ئیشێکە، دایکە پشتی لە منداڵە کرد و ویستی نەیبینی، منداڵەکەش وتی: دایە

توخـوا ئەوە چی دەکـەی؟ چەندی دایکە ویسـتی بیـشـاریتەوە بـەڵێ منداڵەکـە هەر وازی نەهێنا. دایکەش وتی: کورم خەریکم خۆم بکەمە پیاو. منداڵەکە وتی: ئەدی باوکم؟ دایکەش وتی: باوکت دەبیتە ژن، منداڵەکە وتی: جا دایە تۆ دەبیتە باوکم و باوکیشم دەبێتە تۆ؟ دایکەش وتی: بەڵێ. منداڵەکە غاری دا بۆ قاپی حەوش و تا دەنگی تێدا بوو هـاواری کرد و وتـی: وەڵڵا لێـرە بە دواوە ئەوا دایکم بـاوکم دەگێ. کورم وس بە. بەڵێ سـوودی نەبوو تا هەمـوو گوندەکەی تێگەیاند کە دایکم بوویتـە پیاو لێرە بەدواوە باوکم دەگێ.

تێبینی: مەلا عەلی گردەشانی مەلا بوو لە سەر مزگەوتی... ڕەش لە هەولێر. خادیم و موئەزینێکی هەبوو دەرویش حوسێن، دەرویش حوسێن خەریکی ئەمە بوو: یاسین و تەرقین و نوێژی مەیت و بانگ و کەبار و قامەت و قنوت فێر دەبوو، لێیان پرسی: دەرویش حوسێن خەریکی چی؟ وتی: خەریکم ئیشەکانی مەلایەتی فێر ببم و لە جیاتی مامۆستا ئیشەکان بکەم، مەلایەکیش ئەم حەکایەتەی گێڕایەوە. جا بووە پێکەنین کەوا دەرویش لێرە بەدواوە دەبێتە مەلا عەلی و مەلا عەلیش... هتد.

کاک قادری گردەشانی

کاکە قادر پیاوێکی لەبیب و عەنتیکە بوو. حەزی لە دەمە تەقێ و مەجریس دەکرد، زۆر هامـوشۆی ناو ئاغـەواتی دزەیی دەکرد لە دەشـتی هەولێر. جارێک لە دیوەخـان دەبێتە سوحبەت و دەمەتەقێ، کابرایەک هەبوو دەیتوانی موقابەلەی کاکە قادر بکات. گۆتیان کـابرا بۆچ قسـە ناکـەی لـە بەرانبـەر کـاکـە قـادر؟ کـابراش وتـی: نـاوێرم کـاکـە لە بنەماڵەیەکی گەورەیە دەترسم زەربەیەکم لێ بدات، وتیان بەچ دەزانی کاکە قادر گەورە و کەرامـەتدارە؟ وتی: جـارێک لە دەم گـۆمـێک ژنێک پشـتی لە من دابوو، ئاگـای لەمن نەبوو بەری خـۆی هـەردەکێـشـا، لەگەڵ هەڵکێشـان لەبەر ئێشـی قوونی بڵند دەکرد و دەیگۆت: یا کاک قادری گردەشانی. جا لە هەینێوە لێم مەعلوم بووە کاکە قادر خاوەن بەشەو خەرک داوای هیمدادی لێ دەکات. جا من ملم کەچە لە ڕاست ئەم جۆرە زاتە. جا بووە پێکەنین و بەزم، کاکە قادر زۆر پێکەنی، وتی دەک ڕووت ڕەش بێ...

درۆ لەلای درۆزن دەبێتە ڕاست

مامۆستـایەک هەبوو زۆر ڕا لەخۆ و خـۆهەرکێش، گۆیا لەلای مەلا فەنـدی هەولێری خـوێندووە، کـە مـەلا فـەندی ناوی دەر کـرد بوو لە مـەلا چاکی و زیرەکی لە هەمـە

جۆرە عیلمێک، مامۆستایەکە ئیجازەی لەلای مەلا فەندی وەرگرت و لە گوندێک دانیشت بە مەلایەتی، هەندێ قوتە فەقێی لەلا بوو بۆ خوێندن، مامۆستا شەو و رۆژ مەگەر بنووستایە ئەگەر نا هەر مەتح و سەنای خۆی بوو.

کردبووی بە بنیشتە شینکە کەوا موستەعید بووە لەلای مەلافەندی، تەها-هاشمی کە وەزیری عێراق بووە لەو کات نامەیەکی بۆ مەلا فەندی ناردووە، مەلا فەندیش بەزەحمەت نامەکەی زانیوە، نامەکەی داوەتە دەست ئەم موستەعیدە ئەویش بە (٥) دەقیقە نامەکەی زانیوە، مەلا فەندیش ئافەرینی لێ کردووە و وتیەتی: من بە سەعاتیک پتر زانیم کەچی تۆ بە (٥) دەقیقەت زانی، مەلافەندی بەموستەعیدەکەی وتووە:

وەڵامی نامەکە بۆ وەزیر بنووسەوە و منیش ئیمزای دەکەم، چونکە خەت و دەستگا و دانانی تۆ لە هەوراز منە.

موستەعیدەکەش نامەی نووسیتەوە و مەلا فەندیش ئیمزای کردووە، بەڵام موستەعیدەکە لە کۆتاییی نامەکە نووسیەتی:

مونیشئو الخط و کاتبە فلان.

کە نامە گەیشتوویتە دەست وەزیر سەری سووڕمایە لەم خەتە و دانانە و ئینشایە و ئیملایە. ئەو جارە بە تایبەتی نامەکی بۆ مەلا فەندی ناردووە باسی ئەم نامە نووسەی تێدا کردووە، وتوویتی: خۆزیا ئەم فەقێیەم بدیبایە و هەر ئیشەکی هەبایە بۆم پێک دەهێنا.

ئەمە بنیشتە شینکە بوو حەفتەی دووسێ جا باسی دەکرا.

قوتە فەقێیەکانیش گومانیان نەبوو کەوا ئەم قسانە هەمووی هەڵبەستە.

جا چییان کرد؟ بە خەتەکی خۆش بە ناوی وەزیر تەها هاشمی نامەکیان نووسی، زۆر مەتح و سەنای مامۆستایان تێدا کرد عیبارەتی سەیر و عەنتیکەیان تێدا نووسی، لەناو کۆنە زەرفەکیان نا و دووسێ پوولی پۆستەیان بە چرێش "شریط" لە زەرفەکە قایم کرد و بن پیاڵەیان بە مەرەکەب کرد و لێیان دا گۆیا: تەمغە و مۆری پۆستەیە، عینوانەکەشیان نووسی:

من بغداد- الی- اربیل - الناحیة - (؟) القریة؟.

لید العالم الفاضل الکامل المدقق والمحقق الامام والخطیب والمدرس فخامة الفلان بن الفلان (؟). امضا: طه الهاشمي وزیر العراق- بغداد.

نامەکـە درا دەست یەکێکی فێڵبـازی خـەڵکی گـوندی. ئەویش لە کـاتێک بردیە مـاری مـامـۆسـتـا کـە تەشـریفی لە مـار نەبوو لەو کات، مـامـۆسـتـا هاتەوە مـارێ و کاغەزی خـوێندەوە و بەغار هات بـۆ ناو قوتە فـەقێیەکـانی و کـردیە پێکەنین و وتی: ئەوا وەزیر کاغەزی بۆ ناردم، دە مەعنای بزانن، فەقێیەکانیش تەماشای نامەکەیان کرد و وتیـان: ئەوە گـیـای ئێـمـە نییـە و نایزانین، جـا مـامـۆسـتـا مـانای کـرد و بۆی شـەرحکردن و تێی گەیاندن.

جا فەقێیەکانیش زۆریان هاندا کە مـامۆستا بچی بۆ بەغدا و لای وەزیر دەشقەم دەتکاتە قازی بەغدا، وەیاخـۆ رەئیس عولەما، مامۆسـتـا وەعدەشـی دا کە بچێ بەڵام لە دڵی خۆی دەیزانی کە هەمووی درۆ و دەلەسـەیە، نەچوو.

بەڵام ئـەم داو و بەنـدە کـێ بـۆی دانـا و تـەرتیب کـــرد نەیـزانـی، ئـەم ڕووداوەش لە دەوروبەری ١٩٤٣ی کۆچی بوو. مـەلا فـەنـدی هەولێر پیـاوی وا عـالیم و مـاقـووڵ و خاوەن سەڵتەنەت دەگونجێ ٧٠٠ ساڵ هەیە پەیدا نەبووە، جـا موحتاجی ئەمەیە کە موسـتەعیدیەکی وەها کـاغەزی بۆ بنووسی و بخـوێنیتـەوە، ئەم مامـۆستایـە خۆشی بەقسـەکەی خۆی بڕوا ناکات بەڵام خووی شیری هەتا پیری.

ژن تەماعکارن

دەڵێن عـەرەب خـۆیان لەبن زیخ مـەلان نـابوو، دەعبـاکـانـیـان بەقیـتـی بەدیارەوە بوو لەســـەر ڕێگەی ژنان، لەســـەر گـــازەڵەی پشـــتێ. ژنـانیش لـۆ بنچک و پـاڵ دەچوون ڕێگەیان بەوێدا تێپەڕی. کە چاویان پێکەوت خـۆیان پـێ نەگیـرا و خـۆیـان بەسـەر دادا، ژنێ: خـۆی بەسـەر یەکـێ دادا و یەکی بەم دەسـتـە گـرت و یەکێکی تریش بە دەسـتـەکـەی تر، چاویشـی بریبـووە یەکی زل، دەیگۆت: ئەوێـهێش هـی منە و ئەوی داگیـری بکات سەری باوکی تێ، جا هـەردەم کالانـی لەسـەر یەکێ داهێناو هەژاندی تاکو بیـلامانێ پچڕا. جـا خـەمی داگرت و یـەکێ تر پێی وت: عـاجز مـەبە ئەنجـامی تەماعکاری پچڕانە.

عاقڵی کاک نووری هیرانی

کاک نووری هیرانی پیاوێکی ئاقر و دانا بووە بەڵام زۆر ناشیرن بـووە، ئاغایەکیش هـەبوو ئـەویش هـەر زۆر ناشـیـرین بووە، بـەڵام کـەس خـۆی نـابینی و هـەر خـــەرکی

دەبینێ، جا کاک نووری لە ئاغەیەکە مێوان دەبێ، ئاغاکە پێی دەڵێ: ماشائەڵڵا کاک نووری پیاوێکی ناشرینی بەڵام دەم و زارەکەت تێی هێناوەتەوە، واتە قسەزانی و عاقڵی، کاک نووریش دەڵێ: لە تۆش ناشیرنترم؟ ئاغا دەڵێ: ئەڵێ وەڵڵا. کاک نووری دەڵێ: مادام من لە تۆ ناشیرنتر بم، دەبێ......، جا بووە پێکەنین و ئاغا بێ دەنگ بوو.

دەستی بەکێری باوکی ڕانەگەیی

وتی: دایک و باوکێک و کوڕێکی ١٢ساڵی ویستیان لە زێ بپەڕنەوە لە ڕاست گوندی تەق تەق، ناوچەی کۆیە. خۆیان ڕووت کردەوە بۆ پەڕینەوە، کوڕەکە وتییە باوکی: من منداڵم و بێ هێزم ئەگەر ئاو ڕای ماڵیم چارەم چییە؟ باوکەش وتی: من و دایکت تاقەتدارین و ئاوەکە ناتوانی ڕامان بماڵی بەڵام ئەگەر تۆی ڕاماڵی زوو هینەکەی باوکت بگرە و خۆت پێ گیر بکە ئێمەش فریات دەکەوین. گەیشتنە ناوەندی زێیەکە و، نەخێر ئاو کوڕەکەی ڕاماڵی، لەو کات بووە مشەوەشی و دەستی بەهینەکەی باوکی ڕانەگەیشت. پڕی دایە هی دایکی ئەویش بێ سووچە و دەستی لێ گیر نەبوو، ئاو کوڕەی ڕفاند و خنکاندی، جا ئێستا بوویتە پەند و دەڵێن: دەستی بەکێری باوکی ڕانەگەیی و بە قو... دایکیشیەوە نەنووسا. لەم ناوە مەعتەل ماوە تا لە ئەنجامدا خنکا.

پێمەڕە لە ماڵی کێیە؟

کابرایەک هەبوو لە دەشتی هەولێر، خاوەنی دێیەک (گوندێک) بوو لە چەرخی ١٩٢١ز، واتە لەو دەوروبەرە، لەم چەرخەش تەرەکتۆرو دەڕاسە نەبووە، جا هەر گوندێک بە فەلاحەت خەڵک دەیان کێڵا، دەیەک یان پێنج یەک یا شەش یەک دەدرا بە خاوەن دێیەکە. جا بەو فەلاحانە دەوترا: فەلاح، بەقسمی ئیشکەر و ڕەنجبەریش دەوترا: ئاو خۆرەوە. لە هەندێ ناوچەش بە هەمووی دەگۆترا: مسکێن. جا خاوەن دێ لەم دێیە حاکمی موتلەق بوو، چی بویستایە کەس دەسەڵاتی نەبوو، لە جەزا لە سوغرە و بێگار، لە لێدان و تێهەڵدان... هتد. ئەگەر نا دەری دەکرد لە دێیەکە، وەیاخۆ....... لەگەڵ ئەمەش ئەم خاوەن دێیە ئەم خەڵکەی گوندەکەی خۆی ئەپاراست لە غەدری خەڵک کە لێیان بکات. یاخۆ بەخۆیی لە یەکتر بکەن، وە یاخۆ

لە سزاو جەریمەی حکوومەت. جا خاوەن مولّکی ئاقر و چاک هەردەم گوندەکەی قەرەبالغ بوو، کە ئەمەش بۆ وی مەنفەعەت بوو. بەڵام خاوەن گوندی نەزان و غەدرکەر هەر کات گوندەکەی چۆل بوو، ئەرزەکەی بەبێ کێلان دەماوە. کە ئەمەش بۆ وی زەرەر بوو. جا ئەم خاوەن گوندە لە پێشا وتمان لەبەر نەفامی و غەدرکردن گوندەکەی چۆلوهۆڵ بوو، تەنیا یەک فەلاحی لە لا بوو. ڕۆژێک خاوەن دێیەکە ئەس قەزا ئیشی بە پێمەرە دەبێ بۆ قور و قورکاری. پێی دەڵێن: پێمەرەکە- دیار نییە. ئەویش بە تووڕەیی دەڵێت: بچۆن لە سەربانی بە توندی گاس بکەن لە ئاوایی (گوندەکە) بزانن پێمەرەکە لە ژنی کام کەسە. لەو کاتیش فەلاحەکە لەلای دەبێ و دەڵێت: بەگم لەم دێیە هەر من و تۆینە بەخوا پێمەرەکە لە لەشی ژنی من نییە، جا بەوردی ماڵی خۆتان بگەڕێ، ئەس قەزا هەندەی پێناچی هەر لە ماڵی خۆی پێمەرەکە دەدۆزرێتەوە.

دیسان هەر ئەم خاوەن دێیە خۆشناوێک ترێ دێنێتە گوندەکەی بفرۆشی بە دەغڵ بدات بۆ نان و خوانی ماڵ و منداڵی. خاوەن دێیەکە پێی دەڵێت: خۆشناو چۆن دەفرۆشی؟ ئەویش دەڵێت: یەک و دوو، واتە یەکی ترێ و دوو دەغڵ. کە ئەوسا دەغڵ بێ ڕەواج بووە. ئەویش دەڵێت: قایل نابم وا بفرۆشی بۆ ماری ئاغا سەربەسەر و بۆ گوندیش کەیفی خۆتە. خۆشناویش دەڵێت: قورم بەسەر گوند هەر خۆت و یەک ماڵی ترە، جا تۆ نیوەی سەربەسەر ببەی ئەدی من چی بکەم؟ ڕاست بار دەکا و نای فرۆشی.

هەر ئەم خاوەن دێیە پیاوێکی لەگەڵدا دەبێ و دێتە شاری هەولێر ڕێگەی دەکەوێتە کۆڵانی سەفارچی و ئاسنگەر، جا ئەم کۆڵانەش لەبەر تەقوهۆڕ کوتوهۆڕ خەرک کە بەوێدا دەچوو گوێی کاس دەبوو. ئەویش ڕێگەی دەکەوێتە ئەو کۆڵانە، گوێی کاس دەبێت و دەڵێتە پیاوەکەی لەگەڵی دەبێ: بەو سەفارچی و ئاسنگرانە بڵێ تاکو من تێ دەپەڕم موساعەدەی ئەم تەقوهۆڕە بکەن. پیاوەکەش پێیان دەڵێ و ئەوانیش دەس دەکەن بە شیر کێشان، بە پرەپڕ هەڵاتن و دەرباز دەبن. خاوەن دێیەکە دەڵێت: ئەم قەومی هەولێرە زۆر بێ حەشر و نەشرن پیاوی گەورە ناناسن. خوا دەکا دەبن بە فەلاح و موسکینی من شەرتبێ داک و ژنیان بگێم و لەبن داران ڕایان بێخم و ئەم تۆڵەیان لێ بکەمەوە. کابراش دەڵێ: جەناب زوو بە هەڵێ و با دەرباز بین بەخوا ئەو هەولێرییانە حەیا و ناموسمان دەبەن. ئیتر هەڵدێن و دەرباز دەبن.

یاری و گەمان زۆر جۆری هەیە

لەم دەشتـی شارەزووره کابرایەکی گێلەکە هـەبوو ناوی خواکەرەم بـووە، شوان بوو لەکن حەیـوان، برایەکی گەورەتری لە خـۆی هەبوو ناوی عەبە بوو. رۆژێ خـواکەرەم ئەوە لـەکن مـــەڕ هاتـووەتەوە مـــاڵێ زۆر بەهـەوەس بوو، عـــەبەی بـرای لێی پـرسـی: خـواکـەرەم ئـیـمـرۆ هـەوەسـت پـتـرە لە رۆژان ئـەمـە چیـت کـردووە، وە یا چیت دیوە؟ خـواکەرەم وتی: کاکە وەقـەورەکەی شـێخ ئاوڕەحـمان ئـەمڕۆ لەم دەشـتـە وازیـیـەکی فره خـۆشـمـان کـرد. یێـژن: سـەگ وازی. عـەبە وتی: خـواکـەرەم سـەگ وازی چۆنە؟ خواکەرەم وتی: کاکە من بووم و خۆشیە بوو، حەمە وەیس بوو، کاکە وەیس بوو، بە هەمـوومـان منمـان دەگـا. جـا عەبە تفـێکی کـردە چارەی و چیـی تر نەی نـاردە لای حەیوانەکان.

مەلای چاکە

مەولوود نامـەی کوردی لە باسـی ئامینەی دایکی پێغەمبەر "د.خ" دەڵێت: یەکە یەکە پێـغـەمـبـەرەکـان هـاتنە لای ئامـینە و مژدەیان پێ دەدا و دەیان وت:" السـلام علیک یارسـول الله". ئامینە دەیگوت: ئەتو کێی؟ ئەویش دەیوت: من فـلان پێغەمبەرم. واتە پێغەمبەرەکە کە دەهاتە لای ئامینە سەلامی لە محەمەد پێغەمبەر دەکرد.

مەلایەک لـەم دەشتی هـەولێرە دیقەت لەم ڕستـەیە دەدات: "السلام علیک یارسول الله" وای بـۆ ڕوون بووەوە کـەوا پێـغـەمـبـەر مێـوانـە کە سـڵاو لـە ئامـینە دەکـات. ئامینەش ژنە و کافی علیک – بۆ ژنان دەبێ بەژێر بخـوێندرێتەوە، بۆ پیاوان لەسەر "الفتحـه" دەخوێندرێتەوە. مامۆستـا دەستی دا قەڵەم و حاشـیـەی لەسـەر نووسـی: " الظاهر بکسـر الکاف" واتە علیک. فـلان کـەس واتە خـاوەنی حـاشـیـەکـە سـەیریش ئەمـە بوو: دەچووە هـەر گـوندێک لەلای مـەلاکـەی ئەو گـوند دەی وت: خـوێندنەوەی عەلەیکە. خەلەتە و پێویستە عەلەیکی بخوێندرێتەوە.

جـا لە دوایـی بووە تەقـە و هـەرا و بەزم: هـەر فـەقێ بوو ئەی وت: "الظاهر بکسـر الکاف." فلان کەس، واتە خـاوەنی حاشییەکە، ئا بۆ ئەم جۆرەیە کە دەڵێن: بەهێڕی داکی پاشا چووە کە چوار نانی ڕیخی چێڵی خوارد لەلای وابوو تەڕەحەلوایە.

لە كاتی دەوڵەتی بەعسی عەرەبی، ساڵی ١٩٧٥، حكوومەتی بەعسی فەرمانی دا كە چەند مەلایەك مەعاش بدرێن لەلایەن میری لە ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر. لێژنەیەك پێك هات بۆ تاقیكردنەوەیان، بەڵام تاقیكردنەوەیەكی سووك. جا یەك لەم مەلایانە زۆر ڕای لە خۆی بوو. بە پێكەنین هاتەوە و لێیان پرسی چۆن بووی لەم ئیمتحانە؟

وتی: فشە بوو، وتمان تۆ چۆن بووی؟ وتی: ئافەرینیان لێ كردم و وتیان بڕۆ ناجیحی.

وتمان: چەند پرسیاریان لێ كردی؟ وتی یەك پرسیار، وتمان چی بوو؟ وتی: پرسیان (وارجلاه) تەركیب بكە. وتمان چۆنت كرد؟ وتی: واو حرف عطف، رجل: مضاف، وها: مضاف الیه.

ئێمەش وتمان: ئەوە قەشمەرییان پێ كردی كە چت نەزانیووە. مامۆستا تووڕە بوو، دەستی كرد بە جنێودان: چۆن نەم زانییە. لە پاشان مەعاشیان نەدایێ و لە ئیستمارەكەیان نووسیبوو (لا یصلح للوظائف الدینیة بتاتاً لانُه جاهل ابتر) بە ڕاستی لێژنەیەكی عاقر و چالاك بووینە، ئەوجا لە پاشان مەلا تێگەیی كەچی نەزانیووە. بژی مامۆستای بەتاڵ.

مزگەوت و قەبرستان بەسامن

لە دەوروبەری ١٩٤٨ لە شەقڵاوە تاخمە فەقێیەكی لێ بوو لەلای مامۆستا مەلا سادقیان دەخوێند. فەقێی باش و تێگەیشتوو، تاخمەكی تر هەبوون هەریەكە دوو پتك و نیویان خوێندبوو، خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ بوون، بەڵام چاو چنۆك و عەنتیكە بوون. حوجرەكیان لە مزگەوت ئاوەدان كردبووەوە، هەر خێراتێك هەبایە دەیانقۆستەوە، نەیان دەهێشت بۆ فەقێییەكانی خوێندەوار بێت. ڕۆژێك فەقێییەكان بیریان كردەوە كە ئەوانە فەقێ نینە و حاسیلاتی فەقێیانیش دەخۆن و فەقێییەكانیان مەعتەل كردووە لە مەسرەف و لە شەكر و چایە، با پیلانێكیان بۆ دامەزرێنین دەشقەم واز دێن لە مزگەوت و ئیشی فەقێیان. كاتیش زستانە، چۆكێك بەفر كەوتووە. تف هەڵاوێی دەمەیی، مزگەوتی شەقڵاوەش لەلایێ حەوزی

ئاوه. بەژنێک قـووڵـە، لە بەردەمی مـزگـەوت حـەوزێکی ترەو بەژنـێک قـۆڵـە. لەلایێ حەوزێکی غوسڵکردنە و ئاو لەم حەوزە دەچێتە ئەبدەسخانەکان و هارەی دێت وەک تەیارە. لەلایەکی تر تـاخمـە قـەبرێک هـی بەگزادە و میرەکانە هەمـوو چۆڵ و هۆڵن. لەلایێ حـوجـرەی فـەقێیـانن، هەندە فـەقـێی لێیـە زەلامـی ڕەشـیـد لە حـەوشـەی ئەم مـزگـەوتە بەشـەو سـەرسـام دەبێ. چەندەهـا جـار خـەڵک و فـەقێی تێدا شـێت بووە. فەقێییەکان چییان کرد:

١- بەرگی پۆلیسیان هێنا و فەقێیەک لەبەری کرد.

٢- فەقێیەکیان تەعیلم دا و مراندیان و لە ناو دارەبازەیان نا و جاجمەکیان بەسەر دا هەڵکێشا و لە مزگەوتێ دایان نا.

٣- چرایەکی قەندیلەیان داگیرساند و لەکن سەری مردووەکەیان دانا.

٤- فـەقێیەک تەمـسیـلی جوان دەزانی بەرگی ژنانیـان لەبەر کـرد و لەکن مردووەکە دانیشت و دەستی کرد بە سەردوولکە.

٥- فـەقـێیـەکـەی بەرگی پۆلیسی لەبەرە ناردیانە دوای سێ کـەس جـا پۆلیسـەکە چووە دوایان و پێی وتن، کەوا مـەیتـێک لە خـەسـتـەخـانـە مـردووە، شـۆڕایە و حازرە، دایکی لە گەرە، دوو سێ کەستان ئیمشـە و لەسەری بخوێنن و حەقێکی باشی لێ بستێنن. جا مەلا حەوێز و دووی تر بە قورئانەوە بە غار هاتن وتیانە پۆلیـسـەکە خـەبەری کـەسی تر مـەدە و ئێمـە هـاتین. بە غار هاتن شـەو نزیک نیوەشـەوە، فەقێی مـەدرەسە گۆیا خەوتوونە، ئەوانیش دەس نوێژیان شوشت و چوونە مزگەوت، دایکەش دەگریێ و سـەردوولکە دەڵێت، ئەمەی کرا بووە دایکی ناوی مـسـتـۆ سـورچی بوو، ئەمـەش سـەر دوولکەکـەیەتی کـوڕم ٢٠٠ دینارم بۆ دانابووی ژنت بـۆ بێنم، ئوهـو- ئوهـو-ئوهـو- کـوڕم دەتـگۆت: دایە ئەگـەر مـردم دووسێ پیـاوی زەریف لە سـەرم بخـوێنن، کـوڕم ئەوا دووسێ پیـاوی زەریف لە سـەرت دەخـوێنن، کوڕم دەتگۆت، خـێرەکی زۆرم بۆ بکە، کوڕم شـەرت بێ لەم ٢٠٠ دینارە عانەییـەکی نەخۆم هەمووت لۆ دەکەمە خـێر- ئوهـو- ئوهـو-ئوهـو-. ئەوانەش سـمـێرە خنـچکەیان دەهاتێ لە خـۆشـیـیـان، دەیانگۆتە پیـرێژن، دایە مـەگریـێ ئەمری خـوایە، کـوڕی تۆ شـەهیـدە، جـێگەی ناوەندی بەهەشـتـە، جـا لەبەر چرا ڕەشکە دەستیان کرد بە خوێندن و مەلا حەوێزیش حافز بوو لەبەری دەخوێند، دایکەش پاڵی بەکۆڵەگەیەک دا و گۆیا ماندووە، دەستی کرد بە پرخ و

هۆڕ، گۆیا خەوی لێ کەتووە. لە ناکاو مەیتەکە لە ناو دارە بازە جوولاوە، چاو ساغەکان دیتیان و دەستیان کرد بە یا ئەڵڵا- یا ئەڵڵا، مەلا حەوێز وتی: چییە؟ وتی: نازانم، بڵێم چی ئەنجامی خێر بێ. گاسیان کرد پلکێ، دایە، پیرێژن، بەرێ ئەو لە پرخەی خۆی نەکەوت، بە ئاگا نەهات، وتیان ماشائەڵڵا خەوی چەن گرانە. ئەم جارە مەیت جوولاوە و نالاندی- بەڵێ کار لە کار ترازا قورئانیان فرێ دا هەڵاتن و مەیتیان بەجێ هێشت. ئەمەی چاو ساغ بوو هەڵات و لە دەرگەی مزگەوت سووڕانەوە و هەڵاتن و جارجار دەم و دەم ڕەتیان دەبرد و دەکەوتن. مەلا حەوێزیش، چونکە حافیز (کۆرە) بوو لە هەڵاتن کەوتە ناو حەوزی ئاوێ دەستی بەشرپەشرپ کرد و نێزیک بوو بخنکێ. فەقێی مەدرەسە فریای کەوتن و کورە مەلا حەوێز ئەمە چییە؟ مەلا حەوێز نوتقی نییە، بردیانەوە مارێ، دارە مەیت فرێ درا، شەمەکەکان لە شوێن خۆی دانراوە. مستۆ بەرگی خۆی گۆڕی، چرا ڕەشکە دوور فرێ درا، کەس شکی نەدەکرد کەوا چ قەوماوە. بۆ بەیانی خەبەری حکوومەت درا، حکوومەت وتی ئێمە بێ خەبەرین. خەستەخانە وتی ئێمە چمان نەزانیوە، جا گومان نەما کەوا جنۆکە ئەم پیلانەیان دامەزراندووە. مەلا حەوێز سێ ڕۆژ بێ نوتق بوو، ئەوەکەی تر شێوا، جا کە چاک بوونەوە لێیان دەپرسین، ئەمە چی بوو؟ دەیان وت: جنۆکە بوون وایان لێ کردووین، لە مێژە دەمان زانی ئەم قەبرستانەی تەک مزگەوت دایکی ئەم مزگەوتەی گایە، جا ببڕا ببڕا جارێکی تر تاخمە فەقێیەکەی گوندی بەشەو نەدەهاتن بۆ خوێندن لەسەر مەیتان، بەرکو بەر لە نوێژی عیشا لە ترسان مزگەوتیان بەجێ دەهێشت. بووە دعایەش کەوا ئەم مزگەوتە جنۆکەی زۆرە، ئەم قەبرستانەش هۆی هەرە گەورەیە.

بە خوا دووری مەلا

حەمەد خدر- هەبووە لە گوندێکی ناوچەی کەندێناوە، دەشتی هەولێر. تا بڵێی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. لەگەڵ ئەمەش زۆر خێر چۆلەمەز بووە. واتە بەو ماڵە چاکەی لەگەڵ کەس نەدەکرد بە یارمەتی و دەسگرتن و قەردوفەرد.

مەلا وەسمانیش هەبوو مەلای گوندی سمایلاوە، هەر ئەوەتە خوێندەوار بوو بەبێ خەت و قەڵەم و عیلم و شەرع، بەڵام شینە زەلامێکی لێهاتوو، شان و عەبا و کەوا و سەڵتەی. مەپرسە.

ڕۆژێ ئەم باسە هاتە گۆڕێ هی خێر چۆلەمەزی حەمەد خدر. مەلا وەسمان وتی: تووشی پیاوان نەبووە ئەگەر نا موسڵمان نابێ ئەوەندە ڕەقەکار بێ، لەگەر قەوم و قیلەکە لە گرەویان کرد: ئەگەر مەلا وەسمان توانی پارەی لێ قەرز بکات ئەوەندە بدەنە مەلا وەسمان، ئەگەر نا مەلا دەعوەتەکی گەورە بۆ خەڵکەکە بکات. مەلا وەسمان چووە لای حەمەد خدر و هەمووی تێ گەیاند.

جا وتی: خەڵک دەڵێت، من هاتوویمە و لە گرەوم کردووە.

(٢٠٠) دینارم بەقەرز بدێ تا دووسێ ڕۆژی تر، کەفیلت دەدەمێ، با قسەکەم سەرکەوێ، حەمەد خدر وتی: بەخوا مەلا دووری من قسەی ئەم هەموو عالەمە بشکێنم و قسەی تۆ سەربخەم. هەستە خواحافیزت، بە کورتی مەلا دۆڕاندی، لە ئەنجاماش حەمەد خدر لە سەربان کەوتە خوارێ و مرد و لێی نەخوارد.

ئەمن عەینەگم لە فکر کردیە

دەڵێن: هێسترێک هەڵاتبوو لە دەست خاوەنەکەی، چووبووە ناو چەم و چەمەڵان و بیشەو دارستانێک.

قەڵەو بووبوو، چاوی سۆر بووبوو، فووشەی دەهات، ڕێوییەک و گورگێک چاویان بە هێسترەکە کەوت بۆی شێت بوون لە قەڵەوییان، تەماعییان تێ کرد کە بیخۆن، چوون خۆیان لەگەڵ کردە برادەر و دۆست.

ماوەیەک بەیەکەوە بوون، ڕۆژێک بەیەکەوە بوون و باسی رابواردنیان دەکرد، وتیان کێهامان تەمەنمان لەوی تر گچکەتر بێت ئەوانی تر بیخۆن، ڕێوی وتی: وەکی خەڵک چوونە ناو کەشتییەکەی حەزرەتی نووح ئەمن پارچەرە دەبووم. گورگیش وتی: کە ئادەم هاتە سەر عاردی دەعبابییەکان هەندێک هێرشیان بردە سەری ئەمن ئەوسا لە شیرەخۆرە کەوتبووم. هێسترەکە وتی: من بیرم زۆر باش نییە و شتم لە بیر نامێنی بەڵام کە بە وەلەد بووم دایکم بە خاڵمی گۆت: تەئریخی وەلادەتەکەی بۆ بنووسە، ئەویش بۆی لەبن پێم نووسی، جا کامەتان خوێندەوارن بیخوێننەوە، پاشی تێ کردن و لاقێکی بەرز کردەوە و هەڵی نووشتاند، ڕێوی سەگ بوو زانی کە فێڵێکی تێدایە، ڕووی لە گورگ کرد و وتی: من چاوم کەم بینا بووە لە پیری بەبێ عەینەگ شتم بۆ ناخوێندرێتەوە، بەداخەوە عەینەگەکەشم لە بیرکردووە لە ماڵێ و لەلام نییە، گورگ وتی: من چاوم تیژە و بەشەو دەبینم، من دەیخوێنمەوە،

جـا بـۆی چوو، لووشـکەکی لـە دوڕ دەوی دا و دەم و ددانـی تـێک شـکاند و خـوێـنی بەدەما هاتە خوارێ بە کەندێکدا ڕای کرد.

زۆری نەخایاند تۆپی و ڕێوی لاشـەکەی خوارد و هێستریش بۆ خۆی قوتار بوو، ڕێویش لە حیلەکەیدا سەرکەوت.

بۆ زانین: خـوا لێی خـۆشـبێ مامـۆسـتـا مەلا سـاڵحی کۆزە پانکەیی کـە زۆر مـەلا چاک بوو، ئەم مەسەلەیەی گەلێ جار دەگێڕاوە.

مەلا بەکر و مەلا عەبدوڵڵا فەقێ

جارێک مامۆستا مەلا بەکر فەقێیەکی دەبێ زۆر زیرەک و قابیل، مەلا عەبدوڵڵا بوو، حەز لـە کچی مـامۆسـتـا دەکات، شـەو دێتە سـەر جێی، بەیەکەوە دەخەون و بە ئـاگا نایەن تاکو مامـۆستا بۆ نوێژ بەیانی هەڵدەستی و دەبینی ئەوا مـەلا عەبدوڵڵا لەگەڵ کچی خەوتینە، ئەویش جێگەیان پێدا دەدا تاکو سـەرمـایان نەبێ، لەم حاڵەتە مـەلا عـەبدوڵڵا بە خەبەر دێت و شـەرمەزار دەبـێ و دەڕواتەوە حوجرە، مامـۆسـتـا لە نوێژ دێتەوە و دەڵێتە مـەلاژن، مەلاژن، کچـەکەمـان حەزی لە مێردە و نەفسـە و حەقـیتی، جا دەنێری مەلا عەبدوڵڵا دێت و لێی مارە دەکات و هەر ئەو ڕۆژە تەسلیمی دەکات.

مـەلا عەبدوڵڵا زۆر مـەلا بوو، شـەرحی کردیە لەسـەر کتێبی (وضـع اسـتـعارەی مـەلا بەکر) حکوومەتی ئەسـتـەنبۆل بردیە ئەستەنبـۆڵ و کردییە شێخی ئیسلام، قەبووڵی نەکـرد، مـانگی ٤٠ لیـرەی مـعـاش بۆ بڕابـووەوە قـەبووڵی نـەکـرد و وتی نـامـەوێ حەرامە، سوڵتان وتی: بۆ نەبوویە شێخ و ئیسلام و مەعاشەکەت قبووڵ نەکرد؟ وتی سوڵتان سـەعاتەکی ڕاوەستانی سـەر گوفەکی شێخ مـەموندی بەهـەموو ئەسـتـەنبۆڵ نادەم. نان و سەرفترەی جۆی شێخ مەموندی بەهـەموو خەزێنەی تۆ نادەم.

پێڕست